# ڕامان RAMAN

171

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ دەزگای ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی شازدە/ ئابی ٢٠١١



**خاوەن ئیمتیاز**

شەوکەت شێخ یەزدین

**سەرنووسەر**

ئازاد عەبدولواحید

**بەڕێوەبەری هونەری**

سەرکەوت وەلی

**مۆتیف و پۆرتریێت**

قەرەنی جەمیل

ناوونیشان/ هەولێر ـ ڕێگای کەرکووک ـ تەنیشت قبووڵ مەرکەزی

ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net

تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ 2228506 - 07504494662

(دەرەوە)/ 4494662 - 003248

تەلەفۆنی نۆرماڵ / 2230582

پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com

sarkautw@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک

نرخ/ ٧٥٠ دینار

## ناوەرۆکی ڕامان

**● سەروتار**


– گەڕانەوەیەک بۆ ڕۆژنامەنووسیی کوردی/ سەرنووسەر/ 3


**● دەق**


– ماکۆکێن/ دڵشاد عەبدوڵڵا/ 6
– تاقەت/ د. هیوا عەلی دەروێش/ 13
– دوو هەلبەستێن شیمۆکە/ حەسەن نووری/ 14
– ئەمڕۆم وەها بوو/ بەشدار سامی/ 15
– سەگەکانی ئەنییَر/ لە فرەنسییەوە:
د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 17
– ڕاستە خەون/ قادر عەلیخا/ 18
– ژنێک دەزووەکەی پچڕاند/ چنوور سەعیدی/ 21
– کەلاوە شارێک/ هاشم عەلی وەیسی/ 24
– دەنگێ کەوان ژی نەما/ بەهلوول زەلال/ 31
– سەرتەتەی بن مافەتە/ لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 33


**● هەڤپەیڤین**


– هەڤپەیڤینێک لەگەڵ نووسەر و چیرۆکنووس
(فەرۆخ نیعمەتپوور)/ ئا: غەمگین بۆڵی/ 36


**● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**


– فۆرمی بەتاڵ/ د. ئیدریس عەبدوڵڵا/ 46
– چەند وانەیەکی بەراوردی ئەدەبی/ د. عادل گەرمیانی/ 56
– ڕوانینێکی سایکۆلۆژیانە لە دیاردەی جیاوازی و پێچەوانەیی لە
شیعری کوردیدا/ ئیحسان سابیر سەعید/ 61
– دەلاقەیەک بەرەو جیهانی کورتە چیرۆک/ هادی حەبیبی/ 72


**● هزر و فەلسەفە**


– ڕەهەندە هەمەڕەنگییەکانی فەلسەفەی مێژوو/
د. حەمید عەزیز/ 78
– جیهان و شتەکان/ لە عەرەبییەوە: هاوار محەمەد/ 93


**● ئەزموون**


– حوزنی/ حوسێن شێربەگی/ 110


**● زمانناسی**


– چەمکەکانی بە ستانداردکردنی زمانی کوردی/
د. عەلی مەحموود جوکل/ 114


**● وتار**


– ڕاڤەی شیعری (لەناو پەرداخێکی شکاو)دا/
هاوژین صلێوە/ 125
– یاداشتی مەلا قادری کانی دەربەندی/
عەبدولڕەقیب یووسف/ 128
– وەڵامێک بۆ شێرکۆ هەژار/
کەریم دافیعی (ک.د. ئازاد)/ 130


**● مێژوو**


– پەرستنی خواوەندی دایک لە کوردستانی دێرین/
محەمەد سلێمان عەباس/ 133


**● هونەر**


– ئۆپەرێت وەک پێویستییەک بۆ پەروەردە/
سەعدوڵڵا محەمەد/ 139
– گەشتەکەی ئانا کارنینا لە مۆسکۆوە بۆ ڕیگا/
دانا ڕەئووف/ 142


**● خوێندنەوەی کتێب**


– کۆلارەباز و سورەیا تاهیری/ هاشم سەڕاج/ 152


**● نرخاندن**


– ڕامان خونچە گوڵێکی جوان و بۆن خۆشە لە باخچەی
ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا/
خەلیل یابە کەریم/ 158


**● نامە**


– لە نامەکانی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریمەوە/
ئا: تاهیر عوسمان/ 159


**● سووکە لەنگەر**


– وەرگێڕان/ دڵشاد خۆشناو/ 160

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# گەڕانەوەیەک بۆ ڕۆژنامەنووسیی کوردی

**سەرنووسەر**

* هەرگیز زۆربوونی داوودەزگای ڕۆژنامەنووسیی و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بە مانای بایەخدان و گرنگی پێدانی زۆر و زەمینەسازیی بۆ ئازادی بیروڕا دەربڕین و ڕەخساندنی دەرفەتی لەبار و گونجاو بۆ کاری ڕاگەیاندن ناگەیەنێت. هەر کاتێک داوودەزگای ڕۆژنامەنووسیی و ڕاگەیاندن زۆر بوون، بێ گومان لەو زۆربییەوە دیاردەی ناحەز و نەخوازراویش زۆر دەبن، تەنانەت گەندەڵکاری و کاروکردەوەی دزێویشی تێدەکەوێت، هەر لەناو ئەو زۆربییەشدا بۆر و کاری ئاست نزمیش دێنە ناوەوە، بۆیە لەو کەشوهەوایەدا ناتوانین بڵێین ئەوەی لەناو ئەو پیشەیەدا کار دەکات و خۆی دەدۆزێتەوە، یان لەو دنیایەدا دەگوزەرێ، سەرومڕ کاری پیشەییانەی ئاست بەرز و جوان و نیەتپاکانە و بێ خەوش و شاکارە، یان ئەوانەی دەنووسرێن و بڵاو دەکرێنەوە ڕاستیی ڕەهان، چونکە دواجار ئەوانەی بەو کار و پشەیەوە خەریکن، ئەوانیش مرۆڤن و وەک هەر مرۆڤێکی دیکەی ئەو دنیایە دەکەونە هەڵەوە و بە سەهوو دەچن و نووچ دەدەن و هەندێ جاریش هەڵدەخلیسکێن.. ئەوانیش وەک مرۆڤ تەماعی دنیایی دایاندەگرێت و ئیشی خواروخێچ و کرێتیان لێ دەوەشێتەوە.

* لەو دنیایەدا کەسێک نادۆزیتەوە نکوڵی لە ڕۆڵی گرنگی ڕاگەیاندن و ئەرک و پەیامی ڕۆژنامەنووسیی بکات، بەڵام دەپرسین: ئایا ئەو کار و ئەرک و پیشە و پەیامە پیرۆزە، کەسانی لاییدە و مشەخۆری زۆر خۆیان تێ فڕێ نەداوە؟ کە بەکردەوە و هەڵسوکەوتی نەشیاو و کاری نەکردە و قێزەون، باری سەرنجی شێواو و دیاردەی ناهەموار لەلای خوێنەران زەق دەکەنەوە، کە ئەمەش لەلای خۆیەوە بووەتە هۆی لەکەدارکردنی ناوبانگی ڕۆژنامەنووسان و بە خراپ بەسەر بزاڤی ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا شکاوەتەوە؟

* کە داوودەزگای ڕۆژنامەنووسیی و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن زۆر بوون، بمانەوێ و نەمانەوێ کارەکان بەرەو ڕووکەشی و ڕووکاربوون دەڕۆن، چونکە ئەو داوودەزگا و کەنالانە پێویستیان بە کادیری ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندنکاری جۆرەکی و خاوەن سەلیقە و توانایی و شارەزا و پیشەیی دەبێت، کاتێک ئەو داوودەزگا و کەنالانە دەکەونە کارکردنەوە، بۆیە یان دەبێ هەر زوو دەزگاو کەناڵەکانیان دابخەن و بپێچنەوە، یان ئەوەتە دەکەونە کارکردن بۆ چوونە بن کلێشەی کادیرە باشەکانی داوودەزگایەکانی دیکەوە و کەسانێک لەو شوێنانە دەچننەوە و بژار دەکەن ئیشوکارەکانیان بۆ ڕاپەڕێنن، کاتێک دەبینن کەسانی کارزان و بە سەلیقەیان لێ هەڵناکەوێ و بەدەستیان ناکەوێت، ئەوکاتە دوو ڕێگەیان لەبەردەمدایە، یان ئەوەتا دەکەونە پەلەقاژەی کنەکردن و فریودانی کادیرە باشەکانی ناو داوودەزگایەکانی دیکەوە کە بە ئیمتیازات و پارەی زۆر و چەور دەسخەرۆیان دەدەن و لە شوێنی ئیشەکەی خۆیان هەڵیاندەکەنن و ئیشەکانیان پێ بەجێ دەهێڵن، یان ناچار دەبن کارەکانیان بە کەسانی بێ نموود و بێ توانست و کەسایەتی لاواز و دوور لە هەلومەرجی پیشەییبوون لە کاری ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسیی لەخۆیان کۆ دەکەنەوە، کە هەر ئەوەش قوڕی کار و پیشەی ڕۆژنامەوانی خەست کردووەتەوە، چونکە ئەوە یەکێکە لەو هۆیە سەرەکییانەی ئەو بەناو ڕۆژنامەنووسانە وا لێدەکات بۆ سەلماندنی بوونی خۆیان و بەدەستهێنانی ناووناوبانگی خێرا تەپوتۆزێکی زۆر لەو قوڕە خەستە هەڵدەستێنن و ئەو بێ تواناییەی خۆیانی پێ دادەپۆشن، چونکە ئەوکەسە لاواز و بێ بەهرانە، «سەرنجڕاکێشان» دەکەنە ئامانجی سەرەکیی خۆیان و بێ بەهرەییەکەیان بە شتی دیکە پڕ دەکەنەوە، یان ئەوەتا بۆشاییەکە بە دژایەتیکردنی داوودەزگای دیکە پینە دەکەن،

یان دەکەونە مەرایی و ماستاو گرتنەوە، یان دەکەونە ناوزڕاندن و جنێو بەشینەوە بە کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و هونەرییەکان و لە پەنای ناوبانگی ئەوانەوە خۆیان نمایش و پێناسە دەکەن، کە لەمڕۆکەدا گەڕانی ئەو ئاشە ڕەواجێکی باشی هەیە، بەلانی کەمەوە دەسەڵاتی سیاسیی ئێمە بایەخ بەو جۆرە (ڕۆژنامەنووسانە!) دەدات و نازیان دەکێشێ و بۆ کەڵکی خۆی سوودی زۆریان لێ وەردەگرێ. خۆ ئەگەر ئەوەش نەبوو، ئەوە ئەو جۆرە ڕۆژنامەنووسانە کار و کاسبییەکەیان، هونەر و شارەزایی و بەهرەکەیان دەبێتە قسە چنینەوەی ناو ناوەندی ڕۆژنامەوانی و ئەدەبی و هونەری و ڕۆشنبیری بۆ بەرپرسی یەکەمی دەزگا و کەناڵەکان، یان هەر لە بنەڕەتەوە خاوەن و بەرپرسی یەکەمی ئەو دەزگای بەناو ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیریانە کە دەبینین خەڵکی لەو جۆرەیان لەلا کۆبووەتەوە، ئەوە بەشێکیان لە دژی داوودەزگایەکانی دیکە دەخاتە گەڕ، هەندێ جاریش زانیاریی چەوت و چەوێڵ و چەواشەکارانەیان دەدەنێ، تا بەناوی خوازراوەوە بەر ببنە وێزە و گیانی ئەوانەی مەبەستیانە لە مەقام و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیرییان کەم بکرێتەوە، بەم کارەشیان ڕەزامەندیی بەرپرسەکە بەدەست دەهێنن و دواتر پلەوپایە و ناوونیشانێک بۆ خۆیان دەپچڕن.

* ڕۆژنامەنووسی وامان هەیە حوکمی قەرەقۆش و فیرعەونێک دەکات و هەر بە کەڵەگایی ناوی لەخۆی ناوە «ڕۆژنامەنووس» و بە خورتی خۆی بەسەر کاروپیشەی ڕۆژنامەنووسیدا سەپاندووە، نا بگرە خۆشی زۆر پێ ڕۆژنامەنووسە و لەهیچی خۆڕایی ناوی خراوەتە سەر گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوڤۆکەکانەوە، هەندێ جاریش بەهۆی ئەوەوە بووەتە «ڕۆژنامەنووس» کە بەرپرسی دەزگایەکی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانییە و تووشی کوردەناموسی بووە کە ناکرێ پێی نەوترێ «ڕۆژنامەنووس». ئاخر چۆن دەبێ بەرپرسی دەزگایەکی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانی بێ و پێی نەوترێ «ڕۆژنامەنووس» ؟ یان بە پاساو و بیانووی «ڕاوێژکار»ی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانەوە هەندێک دەکرێنە ڕۆژنامەنووس و دەیانهێننە پێشەوە، یان وەک قارچک هەڵدەتۆقن و لەختوخۆڕایی پارەوپووڵیان بۆ هەڵدەرێژرێ و دەکرێنە (خاوەنی ئیمتیاز) و (سەرنووسەر) و ناویان دەچێتە ناو ناوانەوە. لەناو ئەو ناوانەشدا هەن بە درێژایی تەمەن و ژیانی خۆیان غەمی ڕۆژنامەنووسییان لەبەر نەبووە و قەت ڕۆژێک لە ڕۆژان، یان شەوێک لەشەوان، تەنانەت بە خەونیش بە دیار ڕۆژنامەیەک، گۆڤارێک، بڵاڤۆکێکدا نە شەونخوونی و نە ئەرک و ماندووبوونیان نەچەشتووە و لەگەڵ ئازار و ئەندێشە و بەربەست و گرفتە زۆرەکانی کاری ڕۆژنامەوانییان نەکێشاوە و نەدیوە، چونکە ئەوانە لە بنەڕەتەوە کاری ڕۆژنامەوانییان وەک کارو کاسبی و سەرچاوەی بژێوی تەماشا کردووە و لەو دەلاقەیەوە نەبێ کاریان بە ڕۆژنامەوانییەوە نەبووە، بۆیە ئەوەی لە ڕۆژنامەوانیدا پێی دەوترێ (پیشەی گەڕان بەدوای هیلاکیدا) لەلایان بووەتە پیشەی عەوداڵبوون و گەڕان بەدوای دەسکەوت و ناوبانگی ناڕەوای خێرا کە بە هەر نرخێک تەواو بێ و بەدەستبێت. لەوانەیە ئەو «ڕۆژنامەنووسان»ـە دووراو دوو وەک «نووسەر»ێکی نیوداشت نەک «ڕۆژنامەنووس» بیروڕای خۆیان سەبارەت بە دیاردەیەکی بواری سیاسی، کۆمەڵایەتی، هونەری، ڕۆشنبیری نووسیبێ، بەڵام خۆ بەوە نابنە ڕۆژنامەنووس، جگە لەوەی ئەوانە زیاتر سیفەتی نووسەرییان بەسەردا دەبڕێ، لەکاتێکدا لە هیچ گۆڤار و ڕۆژنامەیەکدا کار ناکەن و دەتوانن لە ماڵەوەش بێ ئەو وتارانە بنووسن.

* ئەمڕۆکە ئەوە بووەتە باو و نەریت، ئەگەر کەسێک لە دەزگایەکی ڕۆژنامەوانی، یان لە کەناڵێکی ڕاگەیەندندا کار بکات، کاتێک ئەو دەزگا و کەناڵانە لەبەر بێ بەهرەیی و بێ توانایی بێت، یان لەبەر ڕاکردن لە ئیشوکار و ئەرکەکانی سەرشان بێ، یان بەهۆی دوورکەوتنەوە لە ئیتیک و پرەنسیپەکانی کاری ڕۆژنامەوانی، یان بەهۆی پابەند نەبوون بە کاتەکانی دەوامکردنەوە، یان لەبەر گەندەڵی و دەست پان کردنەوە لەم بەرپرس و لەو بەرپرس بۆ سازدانی ڕیپۆرتاژێک کە بە دڵی بەرپرسەکە بێت و بۆ پۆشین و شاردنەوەی کەموکوڕییەکان و پاساوهێنانەوە بۆی ساز کرابێت، ئەگەر لەدوای چەندین جار ئاگادارکردنەوەی لەوەی دەست لەو کار و ڕەفتارە دزێوانە هەڵبگرێت، کە دەزگا و کەناڵەکەی خۆی دەبینێ ئەو هەر سوورە لەسەر کارەکانی کە دەبنە مایەی شەرمەزارکردن و ناوبانگ زڕاندنی ئەو داوودەزگا ڕۆژنامەوانییە، کە ئەو هەر نایەوێت خۆی چاک بکات، ئەگەر بە قەزاو قەدەر لە کارەکەی دوورخرایەوە، ئەوە لەسەد لاوە داکۆکی لێ دەکرێت، پینەوپەڕۆی بۆ چەند بەرپرس کردووە، هەموویان دێنە سەرخەت و خۆیان بۆی دەخەنە سەر چەقۆ، ئەم جارەیان لە شوێنی خۆی، یان لە شوێنێکی دیکە بە مووچە و دەسکەوتی گەورەترەوە جێگەی بۆ دەکرێتەوە، ئەویش بەم کارەی و لەو ئەمبەر و ئەوبەر کردنەیدا زیاتر چاوی کەسانی دیکە دەکاتەوە، تا ئەو ئاوەی ئەو ڕشتوویەتی کەسانی دیش پێی لێ بخەن، لە کاتێکدا دەبێ ئەو شوێنەی لێی لابراوە، پرسیاریان لێ بکرێت کە بۆچی لابراوە. لەو هەلومەرجە نوێیەدا ئەوانە مەرجەکانی خۆیان بەسەر ئەو داوودەزگا و کەناڵانەدا دەسەپێنن و ئەو کارەش دەبێتە نەریتێکی خراپی بواری ڕۆژنامەوانی. زۆربەی جارەکانیش بینیومە ئەوانەی لەناو ڕاگەیاندنەکاندا شێلە و بێلە و ئاژاوەگێڕی دەکەن، هەر ئەوانەبوون کە پێیان شەرم نییە ئەو ئەمبەر و ئەوبەرە بکەن. کاتێکیش دەکەونە گێرەشێوێنی، بە تایبەتی لەو کاتانەدا کە شوێنێکی بەرچاو و زیندوو بەدەستەوە دەگرن و جومگە گرنگ و هەستیارەکانی کارێکی ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندن دەدرێتە دەستیان، ئەوکاتە بە ئارەزووی خۆیان ویست و ئیرادەیان بەسەر ئەو دەزگا و کەناڵانەدا زاڵ دەکەن، هەندێ جاریش (بوغز و کینە)ی سیاسیی کەسانێک کە لەبەرانبەر حزبێکی سیاسیدا هەیانە، دەگوێزنەوە ناو سستەمی کاری ئەو دەزگا و کەناڵانەی کاری تێدا دەکەن.

* نووسەر و ڕۆژنامەنووسی تازەکارمان هەن کە نە خاوەنی ئەزموونێکی بە پیت و بەبژوێنی نووسین و ڕۆژنامەوانین، نە خاوەنی کەسایەتی بەهێز و تۆکمەن، نە ڕۆشنبیری و خۆراکێکی مەعریفی بایی ئەوەندەیان پێیە ئامادەیانی کردبێت بۆ کاری نووسین و ڕۆژنامەوانی، لەگەڵ ئەوەشەوە نە دروەستی ئەوەن خۆیان هیلاک و ماندوو بکەن، نە پیشەییانە ڕەفتار دەکەن، بۆیە ئەوانە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن بە خێراترین کات (ناوبانگ) بەدەست بهێنن و سەرنجڕابکێشن و زوو پێبگەن و بچنە پێشەوە،

بۆ ئەو مەبەستە پەنا بۆ زمانی زبر و ناوبانگ زڕاندن و هەڵگێڕانەوەی ڕاستییەکان دەبەن و شەڕ بە ئایین و بە ئەزموونی حوکمڕانیی کورد و کەسایەتییەکانی دەفرۆشن، تەنانەت وای لێهاتووە بۆ خۆ ناساندن دەچن بەناوی هونەرمەندی گەورە و بەناوبانگ دەکەونە دروستکردنی چاوپێکەوتن و هەڤپەیڤین لەگەڵیدا، هونەرمەندەکەش ئاگای لە مەحموودی بێ زەواد و هەمموو ئەو قسە و بیروڕایانە نییە کە بەناوی ئەوەوە بڵاوبوونەتەوە، یانیش هەندێ جار دەکەونە جوینەوە و گێڕەکردنەوەی ئەو تێز و بیروڕایانەی کەسانی لەخۆیان ڕۆشنبیرتر و بە ئەزموونترن کە پێشتر نووسیویانن، بۆیە ئەو چەمک و تێزانەی نووسین ئەوەندە دەڵێنەوە تا بێزەوەری دەکەن.

* ڕۆژنامەنووسی ئێمە گرفتەکەی ئەوەیە جاری وا هەیە لەبیری دەچێتەوە کە ئەو ڕۆژنامەنووسە، بۆیە جارێک خۆی لێ دەبێتە جێگرەوەی (ئۆپۆزسیۆن)، جارێکی دی دەبێتە (فەتوادەر) و واعیز، جارێکی دیکە دەبێتە کەسێکی (هاندەر- تحریضي) و هەر لەبن و بۆتکەوە پەیامی ڕۆژنامەوانی خۆی لەبیر دەچێتەوە، بۆیە مانشێت دادەنێ و دەنووسێ (لە کفری و کەلار خۆنیشاندان سازکرا، لە هەولێر و سلێمانی بەڕێوەیە)، ئەم مانشێتە لەلایەک هاندانی خەڵکی هەولێر و سلێمانییە و لەلایەکی دیکەوە ئەرک و کار و پەیامی ڕۆژنامەوانی نییە، لەلایەکی تریشەوە لە دەستدانی متمانەی خوێنەران و دۆڕاندنی بێ لایەنیی ڕۆژنامەکەیە. دەی باشە چۆن ئەو گومانە لەلای خوێنەران بڕەوێنینەوە کاتێ کەسێک، دەزگایەک، کەناڵێک، ڕۆژنامە و گۆڤارێک کە پارە و پووڵ و بودجە گەورەکەی لە حکومەت وەردەگرێ و بەم شێوەیەش ڕەفتار دەکات؟ تەنانەت ئەوانەی خۆیان بە ئەهلیش دادەنێن ناتوانن بەو شێوەیە مانشێت دابنێن. ئەدی ئەگەر ئەمە هاندان نەبێ ئەی چی ناوبنێین؟ لە کاتێکدا کە لەو چاخە خەنجاڵەدا ڕاگەیاندن کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر دروستکردنی (ڕای گشتی)دا هەیە، پێویستە ئەوانەی کاری تێدا دەکەن لە کاری سیاسی و دیبلۆماسیدا شارەزاییان هەبێ و بایی ئەوەندە هۆشیاریی یاساییان هەبێ نەهێڵن هەڵەی وا سیاسی و یاسایی و پیشەییان بەسەردا تێپەڕێ، هیچ نەبێ (یاساناس)ی بە ئەزموون لەلای خۆیان دابمەزرێنن.

* بە داخەوە ئەوانەی ڕۆڵێکی دووفاقانە دەگێڕن و بەڕێوە دەبەن، ئەوانە بە پارە و پووڵی حزبەکان گۆڤار و ڕۆژنامەی (سێبەر) دەردەکەن، پێش هەمموو شتێک بۆ ئەوەی بیسەلمێنن کەسانی بێ لایەنن، (بێ گومان بۆ ئەوانەی بسەلمێنن کە بێ سەوادن)، دەکەونە سەروپۆتەڵاک شکاندن و کوتانەوەی ڕەمزە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان، هەندێ جار کار دەگاتە شێواندنی ئەو حزبەی پارەکەی دەداتێ، ئنجا یان لە کار و پرۆژەکانیان دەدەن، یان گومان دەخەنە سەر نییەت و هەنگاوەکانیان تا نەیار و ناحەزەکانی ئەو ڕۆژنامە و گۆڤارانە متمانەیان پێ پەیدا بکەن، گوایە ئەوانیش کەسانی بێ لایەنن و ئەوە ئەوان نین کە پارە و پووڵ لەو حزبە، یان لە کەسە دیار و بەرچاوەکانی ئەو حزبە وەردەگرن؟ ئەوانە بە ڕاستی کەسانێکی گوناحن کە بە دەردی (وشتر مورغ) چوون، سەریان دەخەنە ناو لمەوە و وا دەزانن لاشەکەیان شاردراوەتەوە، نازانن دەستەکەیان زۆر لە ڕوو و ئاشکرایە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەو جۆرە میدیایانە کە بە کەسانی بێ نموود و بێ سەرمایەی کۆمەڵایەتی لەناو خەڵکیدا پڕ کراونەتەوە، هەرچی بیکەن و بیڵێن کەس گوێیان لێ ناگرێ و کارەکانیان بێ تەئسیر دەمێننەوە، کەواتە ئەوەی دەکرێ پارە بە هەدەردانە.

* لەمڕۆکەدا کاری ڕۆژنامەوانی بووەتە پرۆسەیەکی مافیاییانە و جۆرە چەتەییەک بەسەریدا زاڵ بووە بۆ دەست بەسەردا گرتن و هەڵلووشینی ڕەنجی خەڵکانی دیکە کە لەناو کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامە و ئینتەرنێت و فەیسبووک و تویتەر و شوێنەکانی دیکەدا بەرجەستەیە، کە ئەوانەی لای خۆمان دێن بەبێ سڵ کردنەوە و زۆر بێ پەروایانە و بێ باکانە و دوور لە ڕەوشتی زانستی و دەستپاکی و ئەمانەتداری خۆیان دەکەنە خاوەنی ئەو بیروڕا و بیرۆکانە و بیروبۆچوونی ڕۆژنامەنووسان و نووسەرانی دیکە دەکەنە هی خۆیان و پێمانی دەفرۆشنەوە. ئەمە مافیایانەیە، لەبەر ئەوەی شێوەی گرووپی وەرگرتووە، مەبەستیانە بەرژەوەندییەکانیان لەلای دەسەڵات بپارێزن، لە لایەکی تریشەوە بێ توانایی دەستی ناوەتە بینەقاقای ڕۆژنامەنووسیی کوردی و خەریکە ناشیرینی دەکات و گیانی داهێنانی تێدا دەکوژێ، لەبەر ئەوەی ئەمڕۆکە لەناو دەریای ئینتەرنێتدا بە ئارەزووی خۆیان وەردەگرن و لەوێوە زانیاری بەدەست دەهێنن و لە تەلەڤزیۆنەکاندا بە تەنگەی بینەرانی دادەدەنەوە.

* من بۆ خۆم چەندین جار بینیومە کەسانێک پێش ئەوەی بچنە ناو ستۆدیۆی تەلەڤزیۆنەکانەوە ئەوەیان کردووە، بە تایبەتی ئەوانەی زۆر عاشقی دەرکەوتنن لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆنەکان، ئەو کارەیان زۆر لەلا باوە. ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە ڕۆژنامەنووسە ڕاستەقینە و خەمخۆر و چالاکەکان لەو بەناو ڕۆژنامەنووسانە جودا بکرێنەوە؟ ڕۆژنامەنووسانی ڕاستەقینە چەند لە هەوڵی ئەوەدان (ئازادی) بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن، ئەوەندەش ئەرکی سەرشانیانە ناوبانگی پیشەکەیان بە پاکژی بهێڵنەوە و داکۆکی لە ئیتیکی کاری ڕۆژنامەوانی بکەن. ئەوەندەی ڕۆژنامەنووسان لە هەوڵی ئەوەدان زەمینەی گونجاو و کەشوهەوای ڕەخساو بۆ کاری ڕۆژنامەوانی و ڕاگەیاندن دابین بکەن، ئەوەندەش پێویستە ڕیزەکانی خۆیان لە کەسانی ناجۆر و مشەخۆرەکانی سەر سفرەی ڕۆژنامەوانیی پاک بکەنەوە، کە ئەمە بە داخەوە لەلای ئێمەدا بەدی ناکرێت، چونکە کاتێک ڕۆژنامەنووسێکی ناشی و ناکارە لە ئیتیکی کاری ڕۆژنامەوانی لادەدا، یان کە تووشی ڕیسوایی و هەڵەیەکی زەق و گەورە دەبێتەوە، یان کە ناپاکی لەگەڵ شەرەفی پیشەکەی خۆی دەکات، ئەوان نەک هەر نابێ داکۆکی لێ بکەن، بگرە دەبێ پێش هەر کەسێکی دی، ڕۆژنامەنووسان خۆیان لێی لەقاو بدەن و چاوپۆشی لێ نەکەن و زوو لێی بێنە دەنگ و بیکەنە دەرەوەی پیشەکەی خۆیانەوە. گوناهێکی گەورەیە ئەوانە بە شێوەیەک وێنا بکرێن کە لەسەرووی قسە لەسەر کردن و یاسا و دادگایی کردنەوەبن و ئەوەی ویستیان بیکەن و بیڵێن و کەس لێیان نەپێچێتەوە و هەمموو پرەنسیپێک تێک بدەن، وەک بڵێی کەسانێک بن لە ئاسمانەوە کەوتبێتنە خوارەوە.

# ماكۆكین

دڵشاد عەبدوڵڵا

هەندێک ساڵ هەن بەسەر پشتی ماسییەوەن
لەبەر لووسی و لەبەر خزی
بەنێو پەنجە و دەستی ڕۆژەکانییەوە
خۆت ناگریتەوە
هی واش هەن دەنووسێن بە قەدی تەمەنەوە
هەتا هەن هەڵدەکشێن
❊ ❊ ❊
دوورایی وشە دەگاتە کوێ؟ ئەی کەسی بێ کەسان
دوورایی خەیاڵ دەگاتە کوێ؟ پاسەوانی چۆڵەوانی
ئەی مامانی هێلانەکان!

(خەون خاکەڕایە، بە کۆنە قاقەزەوە نووسایە)
ئەی شاعیر، سوێند بەو هوزارانە بخۆ
کە بێجگە لە ئاواز
متمانەیان نییە بەهیچ
سوێند بەو قامیشانە بخۆ
جگە لە نەی هیچ شک نابەن
دەردی دڵی خۆیانی لا بڵێن
جادووگەر نی، بەسەر پاناوکی کەشتییەوە جادوو بکەی لە شەپۆل
جا شەپۆل متمانەی بە دەریایە
جگە لە دەریا چی؟!
پاسەوانی نووشتە و جادوو
پاسەوانی کوندەبەبوو
هەی پاسەوانی تەنیایی، ئەی شاعیر!
(ئاوی ڕوح نوونە
ئاوی ڕوح شینە
ئاوی غەمگینی سوور)
حەرفەکان چۆن بوونە ئاوی غەمگین؟
تەمەن ئەستێرەیە هەڵدێ و ئاوا دەبێ
کێ ئێشکی لی دەگرێ؟
❊ ❊ ❊
لە ڕۆخ گۆمە خەمگینەکان
جلەکانم فڕێ دەدەم
ئەوەندی ماوە
بە ڕووتی دەیبڕم ئەو گۆمە،
تەم نیشتۆتە سەری
متمانە ناکا بەو تەمەش
❊ ❊ ❊
ئەو ساڵانە بەو وێستگانە دەشوبهێن



که شەمەندەفەر تێیاندا دەوەستێ
بۆ سەرلەنوێ دەست پێکردنەوە
ئاسۆی سەفەرێکی تازە دەکەنەوە
* * *
هەستەکان تۆماری سەر فیلمن
هەندێکیان لێ دەدرێنەوە
هەندێکیان دەسڕێنەوە
(ساڵی ١٩٧٤... تاد)
تام هەر دەمێنێ لەزار؟
دەنگ سەرلەنوێ دەبیسترێتەوە؟
چاو ڕووناکی ڕژاوی خۆی هەڵدەگرێتەوە؟
هێزی بیستن هەر هێندەیە؟
دڵ تەنیا هەر ئەمەیە،
کوتە کوت لێی دەدا؟
* * *
هەموو جار کە دەمەوێ ساڵانی زوو بێنمەوە
دڵ دەنێرم
ئەو قاسیدە
هەموو جار
بە خەمێکی ئەبەدییەوە
دەگەڕێتەوە
لەناو قووڵایی غەریبی
نێچیرێکی بە دەستەوە
تووکی سەر قاچیشی تەڕە
بە گریانم
* * *
کێو بەسەر شانمەوە – مەملەکەت قورسە بە خوێن –
ڕووبار دەماری پچڕاوە
دێوێکی ڕەش
لک بە لکی درەختەکان هەڵدەپاچێ
(کە من ویستم ئەو ساڵە بنووسمەوە،
بەفر وشەی بۆ هانیم بە لوتکەوە
باران ڕستەی بۆ داڕشتم
سەرما خاڵبەندی دانا
قافیە قۆپاوە، نووسا بە پشتی شیعرەوە
کێش شکا لاسکی)
ڕبووره ئەی خوێنەر لە کەموکورتی
چێڵ لە بری ئەوەی بدۆشرێ
کوژرا
هەڵوێستێکی شێتانە لوولی دام لەگێژەلووکی
لەوپەڕی بێ کەسیدا
مەملەکەت خۆی نیشان دا
* * *
خەون بە کەرەستەی جەنگەوە دەپێورا
گوڵ بە شمشێر
باوەش بە قەڵغان
چاو بەسەنگەر
تاد... تاد
میلی سەعات بە دەوری جەنگدا دەسووڕا
هەر چرکەیەک و فیشەکێک
* * *
بەو بەهرە کاڵوکرچەوە دەگەمە کوێ؟
– هێشتا لە نووسینی شیعرێک نەبووبوومەوە
حەرفەکان باڵیان گرت بەرەو بەرزایی –
لە تارماییەک نزیک بوومەوە
گۆڕی خۆم بوو – وتم، ماوەمە بۆ بەزمی
ئەو بەزمە –
لەسەر کێلەکەی نووسیم:
هێشتا نەمردووم!
* * *
لە سندووقێکدا موڵکی جەنگاوەرێکی کۆنم دۆزییەوە
بوومە سوڵتانی
لە گێژاودا پەڕیمەوە
دڵم خەبەری دابوومێ
کێڵگەیەکی تازە دێتە پێشم
خۆمی تێدا دەنێژم
* * *
(باڵەکایەتی) گۆمێک بوو پڕ مراوی
لایەکی نغرۆ دەبوو
لە لافاوێکی دۆزەخی
وتیان، هی دۆستە!
کوا لافاو دۆستە؟
* * *
بەو هەموو سادەییەوە پایتەختی فەوزا بوو (چۆمان)
(لەو مەراسۆنەدا
ڕەنگی یەکترمان گرتبوو
ئێمە و بەردەکان
ئێمە و هەورەکان
ئێمە و میتاڵ و ژەنگەکان)
دەستێک داڵەکانی دووردەخستەوە
دەستێک گورگەکانی ڕاودەنا
دەستێک تەزرە و تۆفانی لادەدا
دەستی دایکم بوو
بەسەر سەرمەوە
* * *
بارانێکی زۆر باری
ڕێی هاملتۆن جمەی دەهات
لە پیادە و جێبی شەڕ و کەروبار
* * *
چەک لە هەموو جێ دەبینرا
لەناو پێخەفی خەوتن و لە خەویشدا
* * *
مزگەوت ئوتێلی پێنج ئەستێرە بوو
هەموو لەوێ دەنووستین
بە کێچ و ئەسپێوە!
* * *
خۆشووشتن و جل شۆرین زەحمەت بوو
ژیان کورت کرابووەوە

بەلاڕێدا شۆڕ دەبووەوە
بەرەو مردن
* * *
بە بەرزاییدا هەڵدەگەڕام و کەسم نەدەناسی
بە نشێو و دۆڵەکاندا دەچوومە خوار، کەسم نەدەناسی
سەلامم لە هەمووان دەکرد
لە وردە بەردی سەر ڕێش
* * *
شەقامێکی قیرتاو نەکراو بردمییە (قەڵادزێ)
غەریبی هات بە پیرمەوە
لە پەرگەی شار
چەند جمەلۆنێک هەڵدرابوون
لەو کاخە لە جێی فەردە و باڵەکان
پێخەفمان ڕاخست
بۆ چەند شەوێک..
* * *
کۆڵان دەمار بوون
خوێنیان دەبرد و دەهێنا
هەر دەرگا بوو دەکرایەوە
هەر جانتا بوو دادەنرا
بەیانییەکیان
بایەقووش هێلانەی تێک دا
قفڵ هەر تەنیا خۆی مایەوە بەبێ دەرگا
– کەسی بێ کەسان لەکوێ بووی؟ –
* * *
قۆڵم خستە قۆڵی تفەنگێکی قووتەوە
شتێکم پێ بڵێ ئەی چارەنووسی نادیار
شتێک بڵێ
بەو گۆپاڵە ترسناکە بەچی دەچم؟
ئێرە کوێیە و بۆ کوێ دەچم؟
* * *
بەفرێکی دوور دەناسم بەفرێکی دوور
ڕاناوەستم تا نەیگەمێ
ئەو بەفرە کەونارایە
چووزەڵە بە زەحمەت سەریان لە ژێری دەرهێنایە
خەون و خولیا ناقۆڵا نەبن ناگەنە سەرێ
زەمهەریری عەدەمە ئەوێ
باڵندەشی ڕەنگیان جودایە، خوێندن و فڕینیان
جا فەرقی چییە فڕین
بە خۆشنوودی یان خەمگینی
لێرە بێ یان لەوێ؟
* * *
هێلکەی ئاسمان دەبینم
هێلکەی بەفر
لە شیعرێکمدا دەترووکێ
دەبنە کوفر کولووەکانی
شێت دەبم بە نەشئە و نەغمەی
زەڕنەقووتە سپییەکانی
* * *

حەفت شەووڕۆژ تا گەیشتمە هەناسەی خۆم
حەفت شەووڕۆژ تا گەیشتمە موڕادی خۆم
کوا بەفر و کوا ترووکانی؟
کوا ئەفسوونی مانگ و ئەستێرەکانی؟
* * *
مامزێکی ڕاونراو بووم
لە هەر کەلێک و ڕاوچییەک
لەسەر هەر بەردە و جێ سمی تیرێک
لەهەر ئاوێکدا قەوزەی ڕەش نیشتبوو لەسەر بەردەکانی
خەریک بوو دەمردم
کە گەیشتمە جێ لە (سووسێ)
* * *
پاڵم بەهەر بەردێکەوە دا کردمە دۆستی خۆم
لەبن هەر دارێک دانیشتم بووە برام
ئێستا دۆڵی خۆشناوەتی
کە نامەم بۆ دەنووسێ، دوای ئەو هەموو ساڵە
دەڵێ، کوڕی خۆم دڵشاد!
میهرەبانە وشەی کوڕ و
ئەو دڵشادە!
* * *
باران دۆستی سەراسیمە و دڵ ئازادە
لەبن هەر گەڵاو کەپکە شاخێکدا
خۆم شاردبێتەوە
پڕی کردووە لە ئیلهامی تەڕی
وردە گوڵی گەزیزە
بۆ ئەو یادە
* * *
بە دەنگێکی ئۆپێراڵی شیعرم بۆ دەخوێنێتەوە، باران
بەدەنگێکی ئۆپێراڵی
ئەو دەنگەی لەکوێ هێناوە؟
ئەو هەموو شەرابەی لە کوێ هێناوە؟
بە درێژایی ئەو سەفەرە
هەر پێکەوە دەخۆینەوە
هەر پێکەوە مەست دەبین
* * *
بارانی مێخەکی ژێر سوخمە
بارانی نێرگسی لە (گوندە ژوور)
– هەر زەینەتە بۆنی بکەی –
بارانی مەخمەلی پەردەی داداوە بە ڕووی کێو
کە پەردە هەڵدراوە
خودا بەو ڕەنگە مەخمەلییە
هاتە خوارێ لە (قەسر و ماکۆسان)
باران کراسی سیمداری لەبەرە
پڕ بە دەنگم بانگی دەکەمێ: هۆدە!
پڕ حەسرەتم بۆ باوەشی ئەو بارانە سیمدارە
لێم بدا ڕێژنەی پڕ ئەفسوونی
بارانی شەبەیخوونی
* * *
هەر بارانە و چنگێک ئاقیق و گیابەند و ڕازیانەی

خستۆتە ناو ڕوحم
ئێستا کە لێیان دوور کەوتوومەوە
هەڵیان دەڕێژم
ڕوح لەگەڵیاندا دێتە دەرێ
* * *
لە کوخێکدا
بەردێک نووسابوو بە دەرکییەوە
دێوێک هات و لای دا
بەڵام کوا کلیل؟
دەرگا لە پشتەوە داخرابوو
– سیناریۆکە وا نووسرابوو –
دێوەکە هەڕاجی دەکردم
خۆی دەیفرۆشتم
هەر خۆشی دەیکڕیەوە
* * *
چیم چاند و چیم دروێنە کرد
پرسیار یەک نەبوو هەزار
ئەو ڕۆژانە هەناری پڕ ئاو بوون
لەچەند لاوە قڵیشا بوون
* * *
بەردێک دەیتوانی هەڕەشە بکا
بەردێک دەیتوانی دڵنیام بکا
جا بەرد کەمە؟
لە دەشتودەر بەرد بێ کەسن
لە بێ کەسیشە
هەڵدەچنرێن بە پشتی یەکتردا
تا دەبن بە دیوار
* * *
بەرد فرمێسکە لەوپەڕی دڵڕەقیدا
* * *
بەرد فێری کردم
چۆن ببم بە شاخ
کە بوومە ئەویش
تازە کەڵکی چی ترم دەمێنێ؟
* * *
بەرد پرسیاری کرد، بۆ شار چۆڵ کرا؟
کەس وەڵامی نەدایەوە
شۆڕش لە پەناوپەسیوان هەڵگیرسا
مەملەکەت باجی دا
* * *
لە سابلاخ – لەبەر خاتری حەرفی سین –
حەشامەتێم ئەڵقەی بەست ئاگر بەملەوە
جۆشی دەسەند ئەو ئاگرە
مەیدان پڕ بوو لە نائومێدی
شەوێکیان...
شەوی تر
شەوی تری بەدوادا هات
* * *
لە مەیخانە
پاش مەستبوون
لەگەڵ غەریبی خۆمدا
لێک نزیک بووینەوە
ئەو خوانەی دانرابوو
ئەو ئاوەی لە کوپە و گۆزەکرابوو
ژەهر بوو
بۆنی خزمایەتی دەهات لەو ژەهرە
لە قۆپچەی کراسی نیوقۆڵ
لە داوی سمێڵ
لە برژانگ
هەوا پڕ بوو لە بۆنی ئەو ژەهرە
بۆن کەوتە ناو پیاڵە
پەنجە ڕەش هەڵگەڕا
لیچێکی زەرد بە لێومدا هاتە خوارێ
* * *
خەریک بوو پەراسوو دەشکا
شەویلاک خوار دەبووەوە
دەستێک دەخزایە ناو قوڕگم
ئەو دەستە خیانەت دەکا؟
بە بۆنی خیانەت دەکەوتم
بە بۆنی خیانەت دەمرم
* * *
لە مەیدانی چوار چرا
بە بێ دەنگی چۆکم دادا
ئەوەی لێرە ڕوویان داوە
سەرلەنوێ دەبنەوە
لە شوێنی تر و
سەردەمی تردا
* * *
ئێمە ئەکتەری فیلمێکی سووتاوین
دەرهێنەری فیلم کێیە؟
* * *
خەون گوێزە بەر دەبێتەوە
لەناو پەلکی وەریو دەڕزێ
خەون ترێیە ڕێوی دەیخوا
خەون هەنجیرە لە چۆڵەوانیدا
خەون هیچە
هیچە
هیچ
* * *
لەناو چاودا دەکوژران خەونەکان
لە دەماردا دەپچڕان
گیا بوون لەناو خەزاندا
مەرگ بوون لە گیاندا
دەرزی بوون لە جەستەی شکاودا
پووچی بوون
پووچی
پووچی
* * *

سەرچاوەی ئاگر ئەفسانەیە
کێ هێناویە یەکەم جار؟ مەلی پەڕسۆر
یان خشۆک؟
دێو هێزی خەفەیە لە هەناوی ڕابردوودا
تەرازووی عەدالەتی بەدەستەوەیە
ئەو تەرازووە کە لاسەنگ بووە
ئاگری گرتووە
❊ ❊ ❊
دار کونکەرە دندوکی هێند داوە لە دار
ئەو دندوک و ئەو دارە ئاگریان هێناوە
پرۆمسیۆسیش ئەو ئاگرەی دزیوە
ئاگری ئەم دنیایە هی پرۆمسیۆسە
هی ئەو دنیایە هی کێیە؟
❊ ❊ ❊
قەقنەس هات و ئیلهامی خۆی دامێ
❊ ❊ ❊
ئەوەی دەمرێ، دەڵێن: ئاگری کوژاوەتەوە
ماڵی چۆڵ ئاگری تێدا ناکرێتەوە
(١٩٧٤ ئاگر بوو لە دەوریدا خڕ ببووینەوە
کە کوژاوە
هیچ شتێک نەما کۆمان بکاتەوە)
❊ ❊ ❊
لەسەری سەکرانەوە کرمی سوور دێنە خوار
هەریەکیان هێندەی گوجیلەیەکە
کرمی باڵدار
زاریان مەشخەڵە
کلکیان پشکۆ
❊ ❊ ❊
ماڵ لە بناغەوە دەهەژا
کاروانیان بەستبوو کرمەکان
بەهەموو شتێکدا هەڵدەگەڕان
دیواریان دەخوارد
دەرگایان دەخوارد
دۆشەک و بالیف و پەتۆ
ئەو دیارییە هی بەفر بوو یان هی خوای شەڕ؟
❊ ❊ ❊
لافاو ڕوو لە خوار
لە (زارگەلی) شێتێک هاوار دەکا: چەپڵە لێدەن!
چەپڵەی چی؟ هی گاڵتەجاڕی!!
دایکتان دەگێم چەپڵە لێدەن
دەگەڕێینەوە ماڵەکان
ماڵەکانمان لە کوێن؟
کوا ماڵی ئێمەی شێت؟
❊ ❊ ❊
لە پەنای دەمامکەکانەوە ئاوێک گێژەنە
پاشماوەکان بەسەریەوە
هی شۆڕش و
شڕ و شیتاڵ!
ئاو سەروبنی هەیە؟ ژێروژوور

چی ناو بنێم ئەو ئاوە
کە نازانم بۆ کوێم دەبا؟
❊ ❊ ❊
سیحرێک هەوا لادەدا لە ڕوو
دەردەکەوێ دووچاوی گریاوم
❊ ❊ ❊
بۆنی ژێرکەوتنی لە هەموو شتێکەوە دێ
لە گۆڕیش
بابم بە کەوان هەتا هەم
بۆ تیرەکان
❊ ❊ ❊
بۆنی باخچە دێ لە خەمگینی باڵندە
بۆنی شەو دێ لە ئەستێرە
بۆنی تێکشکان دێ
لە مەملەکەت
❊ ❊ ❊
خەون ناچێتە چاوی خۆر
خەون بەجێمان دێڵێ
لە ساکە گۆڕ
خەون پیاڵەیە دەشکێ
مانگ بۆ غەریبی دەگریێ
ئاسمان چی نەما بیبەخشێ
پارچە پەڕۆیەکی تۆخە
لە لەشی رووتمان دەپێچرێ
❊ ❊ ❊
ئەو مەیە ڕەنگی گۆڕاوە
ئەو بادەیە لە حەژمەتان هەڵبزرکاو
مەست نابین پێی
بەسەر لێوەوە دەمەیی
ئاڵ نەماوە
❊ ❊ ❊
ڕاستت دەوێ
مەگیرانی دەکەم
بەدنیای بەرین
منداڵی ناهێڵێ بچین
دەستی کردۆتە ئەستۆ
واز ناهێنێ
مەگەر لە گۆڕدا خۆی بە کێلی سەرینم بخافڵێنێ
(لەو کێوانە کە هاتمەوە منداڵی پێشم کەوتبوو
بۆ چۆڵەوانی)
❊ ❊ ❊
لەناو چرووەکاندا خۆم دەشاردەوە
ڕووی ئەوەم نەبوو بچمەوە
بڵێم لەکوێ بووم؟
❊ ❊ ❊
پێویست بە پەیژە نەبوو بۆ لای خۆر
شەو هێندە ئەنگوستە چاو بوو
نە پەیژەم لەیاد بوو نە خۆر
❊ ❊ ❊

سـەعاتی دەسـتم بادەدا
میل نەدەچووە سـەر میل
لەسـەر ژمارەیەک گیر نەدەبوو
چۆن بڵێم،
سـەعات چەند بوو ئەوەی ڕووی دا؟
* * *
سـاڵ نەگەیشـتەوە نەورۆز
هەفتە نەگەیشـتەوە هەینی
ئەو ڕێگایە
چەند درێژ بوو
بۆ گەڕانەوە
* * *
لە دوورەوە باڵیان لێک دەدا
تا بێچووەکان بیانناسـنەوە
قیژەیان ئاسـمانی دەهەژاند
بەو سـۆز و ناڵەوە دەیانخوێند
ئەو بازانە
بۆ بێچووەکان
* * *
شـەو بە پێی پەتی بەڕێوەیە
لە (هەورێ)وە بە پەیژەیەکی مۆر دەچوومە سـەرێ
کچێک لەوپەڕی شینیدا
مەیلەو مۆر
بەکەمەری باریکی
دەیبەسـتمەوە
(شـاگال) هەردووکمانی بە تابلۆیەکدا دەنارد
بۆ کوێ عاسـێیە
* * *
بەناو داری کرۆسـک و قەزوان
بەبن پەلکی گێوژ و تالیشـک
بە پێڵاوی چەرمی سـوور و کراسـێکی خەت خەتی پیازیی
لە ماڵی هەرمێیەکی کێوی
لەسـەرخۆ لە دەرگام دەدا:
نازدارەکە بیکەرەوە!
پەلکەکانیم ماچ دەکرد
دەنووشـتامەوە بۆ لقە نەشـمیلەکانی
لەو یالانە بە هەزاران ماچی کوژراوم ڕووا بوون
بۆتە ماڵم ئەو هەورێ -یە
* * *
وردە مەرجانی بێ کەسـیم کەوتبوو
بەراز لمووزیان لێ دەدا
مردنم لەوێیە
لەناو گۆڕێکی هەوریندا
سـەری بە پارچە سـاماڵێک داپۆشـراوە
چاو لە ڕێیە
* * *
لەسـەر پشـتی ڕووناکییەک دەهاتمە خوار
ماڵێک نەبوو داڵدەم بدا
لە ڕۆخی ڕووبار

بە عێدزی دەخەوتم
* * *
ئەو بەرزاییانە بێ کۆتان
ئەو نشـێو و نوالانە بێ هاوتان
دەڵێی ئەو سـەری دنیایە (ماکۆک)
هەتا چاو هێزی تێدایە هەر لاشـە کەوتوون
ئێسـک و پرووسـکی جەنگەکان
هی کۆن و نوێ
جەنگ کوا کۆنە و کوا نوێ؟
پوونگ و نەعناع
بۆنیان بزرکردووە
باڵندە دندووکیان دەگێڕن
لەناو جومگەی مردووەکان
ئاوێکی چەور لەو چاڵانە دەخۆنەوە
بەو ئاوە کوێر دەبن
هەورێک ئاسـمان ڕادەکێشێ بەدوای خۆیدا
بارانێک شـک نابا
بۆ گریان
سـێبەرێک شـک نابا بۆ پشـوودان
* * *
لە کۆنە بیرێکدا، دەنگێک دێ و بانگم دەکا
لەناو بەردەکاندا دەنگ دەداتەوە
ئەو دەنگانە نەعارەبین نە فارسـی نە تورکی
کوردین، کوردییەکی کۆن
لۆلۆیین گۆتین
میدیایین
بە ئاواز و سـەنگینی وشـەکانییەوە دەناسـرێن
بۆم شـی ناکرێتەوە مانا و مەغزایان
بە مەزەندە دەڵێم،
ئەو جەنگانە بۆ نەبڕانەوە؟
بۆ خۆم وای لێک دەدەمەوە
* * *
هەرچی کوپە شـەراب هەیە نێژراون
هەرچی ڕم و شیر و تیرە
هەرچی چەکە
لەبن بەرد و ژێردارەکان دانراون
ژنێک لەودیو خەیاڵەوە
مەمکی ڕووتی خسـتۆتە زاری چیاوە
شـیرێکی زەرد قەتماغەی بەسـتووە
بەسـەر لێوی لووتکەیەوە
بە مەزەندە دەڵێم، هی ژنێکە ناسـراوە
ئەو دوو قاسـیدەی ناردووە
تیرێک هاتووە پێکاونی
قابیل لێرە هابیلی کوشـتووە
قەلەڕەش سـەری ماکۆکینیان گرتووە
(ئەو هەموو ڕەنگە ڕەشـەیان لە کوێ هێناوە قەلەکان لە سـەری ماکۆکین)
* * *
سـەبایەک دێتە گوێم

سەرەتای بوونە
بەو ئاوازە دەزانم تاریک و ڕوونە
کوێ ماوە لەم گەردوونە،
جەنگ نەیگاتێ؟
لە سەبا دەپرسم
هەر دەنگدانەوەی خۆم دێتە گوێ
* * *
ئاگرێک دەکەمەوە بۆ تەنیاییم دەگریم
* * *
لە ماڵی دێوەکان نزیک دەبمەوە
کوولەکەی ڕوحی ماندووم دەشکێنم
لەپەنا کەڤرێکدا
خۆم لەگەڵ بێهوودەییدا ڕادێنم
* * *
جۆگەیەک بە پێچاوپێچی قەناعەتی
تێم دەگەیەنێ
ئێرە ناوەڕاستی دنیایە
(ئەو سەر و ئەمسەری دنیام لەدەست چوو
ناوەڕاست چی تێدایە ؟)
* * *
شەوێکیان نووستم و دوای حەفت ساڵ هاتمەوە
ئەو شوێنە
پڕببوو لە مار
* * *
(وەرتێ) پەرستگایە
خودا دەمێکە بەجێی هێشتووە
* * *
لەناو چاڵە بەفرەکان
سیمرخێک باڵ لێک دەدا
لاسکە ڕێواسێک سەر دەردێنێ
ئەو دیمەنە هێمایە
بۆ سەرلەنوێ دەست پێکردنەوە
بەو مانایەی ژیان کۆتایی نایە
لە (کاروخ)ەوە
تەماشام کرد
ڕوح بەو باڵە بچووکانەوە دەفڕێ
نازانم بۆ کوێ؟
* * *
قایە ئیمانم
قایی میتاڵە
ئیمان شل
ئەو دوو دژە لە کوێ گەیشتنە یەک؟
چۆن باوەڕیان بەیەک هێنا؟
* * *
ئاوی زوڵم هەڵکشاوە
ماسی منداڵی لەو ئاوە دەگەڕێ
ڕاوچییەکان لەسەر بەردی قەراخ دانیشتوون
هەر بۆ هەوەس و کات بەسەر بردن
قوڵلاب دەخەنە ئاوێ
ماسییەکان پێوە دەبن
* * *
نووحی من وەرتێیە
گەمێی من وەرتێیە
* * *
بە پانی باڵەکایەتی زریان هەڵدەکا و ناچەمێمەوە
بە درێژیی لکی دارێک
دەچەقێ لە دڵم
* * *
دەست بەرز دەکەمەوە
ئەو زریانە کپ بێتەوە
ئەو ئاوە بنیشێتەوە
کێ دەستی بەرزم دەبینێ؟
کێ گوێ دەگرێ لە پاڕانەوەم؟
* * *
لە خۆشناوەتی، ژنێک
چرای ژووری کوژاندمەوە
گلێنەی داگیرساند
* * *
پاییز کۆتایی وەرزەکان نییە
وەرزێکی جودایە
هی ڕژانی گەڵایە
هی گەیشتن بە خودایە
تێپەڕاندنی مەودایە
(کە هاتمەوە ئەو وەرزە پێشم کەوتبوو
قەناعەتی پێ هێنام،
بەو ژیانە قایل نەبم
کە مردن دەیبەخشێ بە زەلیلی)
* * *
مام هادی بە تی چاو تەماشای تەندوورەکەی دەکرد
وتی، دڵشاد!
ئەو ئاگرە ئەگەر لێرەش دامرکێتەوە
لە شوێنی تر دەکرێتەوە
* * *
لە پەرستگا دێمە دەرێ
زەوی گوڵی گرتووە ئەمما گوڵی جۆ
گوێدرێژێک تێی کەوتووە
بێ منەت دەیخوا!
* * *
فیلمەکە دەسووتێ
ئەو کاتەی
شۆڕشێک
دەچێ
بە ناخی زەویدا

# تاقەت

د. هیوا عەلی دەرویش
(فرەنسا)

ئەگەر هیممەتی باران نەبایە
ڕەنگە قەت چڵک و چەپەڵی ئەو عەرزە پیسە
نەشۆرابا و ڕێ بۆ ڕوانی
گیای پاک و سەوزەی تازە
پێک نەهاتبا.
ئەگەر غیرەتی هەتاو نەبایە
ڕەنگە قەت برش و شێی هێندێک قوژبن
ویشکایی هەڵنەهاتبا
گەرای هێندێک دەعبای ناجسن
قڕ نەبووبا.
ئەگەر بوونی هێندێکیش ئازیز نەبایە
ڕەنگە تاقەتی منیش
قەت بە ژینی غەریبی ئەم وڵاتە
نەشکابا.

**ڤێرسەی، ٢٠١١/٤/٢٤**

**سنوور**

غەریبی میللەتی من
زۆر گەورە و بەربڵاو بووە
وەک وڵاتانی وەپێشکەوتوو
سنووری خاک تێیدا ونە.
وەکو شیعر و گۆرانی
ئاسکی چۆتە نێو ڕوحی
لە مەرزی خەیاڵ پەڕیوەتەوە.
وەک دینێکی ئاسمانی
هێندە دوعای پێ کراوە
بەرەو خودای بێ مەکان
سنوورداشیان کردۆتەوە.

**لیل ٢٠١١/٤/٢٧**



# دوو هەلبەستێن شیمۆکە

حەسەن نووری
(دهۆک)



**شکەستن د تاریێ دا**

ئەز دیسا هەمبەر
وی لەشکرێ زۆر و زالمێ
چاڤێن تە یێن پلنگی
شکەستم و رەڤیم
دلەپەقوتا تاری و خریانا
عیشقا تە یا جادویی دا
ب هندیەکێ پەریشە و
بێ هەناسە و نەدلڤیم
و تویەکا ئەجنوکی
هەمبەر دۆزا خۆ یا نە دۆز
هەمبەر بیابانەکا
بێ ئاڤ و دار و کۆز
نە پەیڤێن شەڤێن مە لبیردێنی
نە ژی دەریا یێن دلی
یێن تەژی شلق و سۆز

**جاران مینا جاران**

گولەیێ رەسەنێ
برنویا پێشمەرگەیەکێ
ئاڤریێن من دتاریا هزرێن تەدا دبەهی..

جاران هەمی ئاریانێن
عشقا من
ژبو چاڤێن تەیێن
ژخەوا دا دبوونە دوو
مینا هەسپەکێ ڤال د شەهی...

وە لێ پشتی خیانەت
ل لایێ تە بوویە رووبار
بوویە لیسەر بوویە لەهی...

و ئەو مێرگا پاکا دیدەیێن من
هەمی وژدانا تەیا
خارو ڤیچ بێک جار بەهی...

ئەز پشت راست بووم
ئێدی ئەورێن دلسوزی و بەخششێ
ل هەرێما دلێ تە ناباریت...

و دوی جەلەبێ مەزنێ
ڤێلبازیێن تەدا

ئێک کارکا بیرئانینێن
من و تە نا کاریت...

# ئەمڕۆم وەها بوو

بەشدار سامی

**ئێمە سێ کەس بووین**

گوتم سەعات سێی شەوە
گوتم ژنێک و منداڵێک لە تەنیشتمەوە خەوتوون
گوتم بەم وەزعی بێ پارەییەوە زۆر ماندووم

ئەمشەو
ڕێک ئەوانەی سەرەوەم گوت
کە بە تەنیا بووم!

**فۆتۆیەکی ڕەش**

ژنێک کە سەردەمانێک
خۆشەویستم بوو
دواتر...
کە قۆچپەی سوخمەکانی کەوتنە دەست پیاوێکی تر
من
لە خوارەوە کۆتاییەکەی دەنووسمەوە
ژنێک کە سەردەمانێک
خۆشەویستم بوو
دواتر...
کە پێکەنینەکانی کەوتنە ژووری پیاوێکی تر
من
لە خوارەوە سێ شەوەکەی کۆتایی دەنووسمەوە
شەوی یەکەم...
پیاوەکەی گوتبووی
نێوان لاقی دەیان ژنم بینیوە
– لە ڕابردووی ئینسانەکاندا چیرۆکەکان زۆرن

شەوی دووەم
پیاوەکەی گوتبووی
وێنەی زۆرم لەگەڵ ژناندا گرتوون
– لە ڕابردووی ئینسانەکاندا چیرۆکەکان زۆرن

شەوی سێیەم



به پیاوەکەی گوتبوو
پیاوێک کە سەردەمانێک خۆشەویستم بوو
ئێوارەیەک
خواحافیزی کرد
دواتر...
نەمبینییەوە

پیاوەکەی...
گوللەیەکی لێدا و کوشتی

**تەنیا ژوورێک**

لە ژوورێکی سێ بە چواردا
هاوڕێی کتێب و
دەرگا و
پەنجەرە بووم
دواتر...
ژنێک و
منداڵێکم خستنە ژوورەوە
ئێستا قەرەباڵغ بووە

**دانپێدانان**

من شیعرم دەنووسی کە تۆ هاتی
من شیعرم دەنووسی کە تۆ خۆتت ڕووت کردەوە
من شیعرم دەنووسی کە تۆ ڕۆیشتی

**چیرۆکی پۆلیسەکان**

کەسێک لە وێستگەی پاسدا
بەردەبێتەوە
من، کە لەوێدام و تەماشا دەکەم
یەکێک
شەپقەیەکی لەسەرە...
لە کنی دادەنیشێت و
دەڵێت:
مردووە

من کە تەماشای هەرسێکیان دەکەم
١- تەرمێک
٢- کەسێک شەپقەیەکی لەسەرە
٣- پشیلەیەکیش کە لەجۆگەلەکەدا ئاو دەخواتەوە
کەسێکی تر لە ئاراد نییە

دواتر...
پۆلیس دێن
من کە لە وێدام و تەماشا دەکەم
پۆلیسێک
دەڵێت:
ئەم تەرمە لێرەدایە
کەوایە بکوژەکەش لێرە بووە

دواجار...
من کە لەوێدا تەماشام دەکرد
کەسێکش کە شەپقەیەکی لەسەر بوو
خراینە زیندانەوە

**وێنەی زەوی**

لە تەواوی شتەکان
هەڵاتم
لەسەر پارچەیەک بەرد دانیشتم و
یەکێک
لەگەڵمدا
جگەرانی پێدەکرد

کەوابوو
هەمیشە کەسێک هەیە!

# سەگەکانی ئەنییێر(١)

رایمۆند کنۆ
له فرەنسییەوە: د. موحسین ئەحمەد عومەر

سـەگان دەنێژین پشـیلان دەنێژین
ئەسـپان دەنێژین مـرۆیان دەنێژین
ئومێـدان دەنێژین ژیان دەنێژین


خۆشـەویسـتی دەنێژین – خۆشـەویسـتەکان
خۆشـەویسـتەکان دەنێژین – خۆشـەویسـتی
بە بێ دەنگی بێ دەنگی دەنێژین
ئاشـتی – ئاشـتی هـەرە قووڵترین
لـە بن چینێک لـە زیخی ڕەنگاوڕەنگ
لـەبن سـەدەف و گوڵی ڕەنگاوڕەنگ


گۆڕێک هـەیە بۆ هـەمووان
بە مـەرجی چاوەڕێ کردن
شـەوە ڕۆژە
بە مـەرجی چاوەڕێ کردن

سێن(٢) دەڕژێتە دەریا
دوورگەی وەسـتاو دانابەزێ
سێن دەگەڕێتەوە سـەرچاوە
بە مـەرجی چاوەڕێ کردن
دوورگە(٣) بە ڕووباردا سـەردەکەوێ بۆ هـاڤر
دوگراس(٤)
بە مـەرجی چاوەڕێ کردن

سـەگان دەنێژین پشـیلان دەنێژین
دوو جۆر کە یەکتریان خۆش ناوێ

**سەرچاوە و پەراوێز:**
**١- ئەنییێر: گەڕەکێکی شاری پاریسە.**
**٢- سێن: ئەو ڕووبارەی بەناو پاریسدا تێدەپەڕێ.**
**٣- دوورگەیەکی گچکەیە لە ناوەڕاستی پاریس بەناوی «دوورگەی سان لوی» لە ئەنجامی دوو لەتبوون و گەیشتنەوەیەکی ڕووباری سێن دروست بووە.**
**٤- شارێکە لە ڕۆژئاوای فرەنسا.**
**5- Anthologie de La Poesie Francaise. XXes. Gallimard, 2007**





# ڕاسته خەون

**قادر عەلیخا**
**(بۆکان)**

چەند جار نووستووە و بە خەبەر هاتووە، چەند کەڕەت خەونی دیوە، خەونی سەیروسەمەرە، خەونی هاشە و پاشە، ئەمانە هەموو سەریان لێ قورس کردووە. بە هیچ کلۆجێک بۆی نەدەچوونەوە سەر یەک، وەڕەزیان کردبوو. تاساندبوویان. وەک شێتی لێ هاتبوو. هی وایان هەبوو لە ئاوێنەی مێشکیدا بە تەواوی سڕدرابوونەوە، هەندێکیشیان لە گۆشە و قوژبنەکانی یادەوەریدا گیر دەبوون و وەک کۆترێک تێیدا هەڵدەکوڕمان. یان وەک مار خۆیان تێدا پەپۆکە دەدا.

خەونی وا بوو هەر پێی خۆش نەبوو بە خەبەر هاتووە، دەست بەجێ دەنووستەوە بەشکەم خەونێکی تری لەو شێوەیە ببینێتەوە. جاری واش هەبوو لە خۆشی ئەوەی خەونی دیوە و ڕاست نەبووە پاش بە خەبەر هاتن پڕ بە دڵ سوپاسی خودای دەکرد. شەوانە زۆر نەخۆی چاکە، خەونی هاشە و پاشە زۆر دەبینی.

(ئەمەی لە کەسێکی هاوڕێی بیستبوو) سەیرە ئەگەر ئەو ڕاستیش بکات خۆ من ئەمشەو هەر شێویشم نەکردووە. ئەی ئەگەر وا بێ ئەو هەموو خەونە ڕەنگاوڕەنگە چییە دیومن؟

هەرکە چاوەکانی لێک دەنێ تارمایی وەک سەدان جاڵجاڵۆکە پەلاماری مێشکی دەدەن، بە لەزن، یەکتر هەڵدەنگوێن و بەسەر یەکتریدا دەکەون، سەری لێ دەشێوێنن، کاسی دەکەن، کەمیانی بۆ دەچێتەوە سەر یەک، یان وەبیری نایەتەوە، یان ئەگەر وەبیریشیان بێتەوە، پڕشوبڵاون. لەتەکانی بۆ نادرێنەوە دەم یەک. وەک ئاوێنەیەک شکابێ و وردوخاش بووبێ، وەک وێنەیەکی دڕاو و بایەکی بە قەوەت لە دەستت بڕفێنێ، کۆکردنەوەیان و سەر یەک خستنەوەیان بۆی سەختن، دژوارن، تەنانەت ئەستەمن.

بەڵام خەونی ئەو کابرا پیرە لە هەموویان زیاتر خۆی بە ڕووبەڕووی مێشکییەوە نووساندووە، وەک زەروو گرتوویە و بەری نادا، لاناچێت، وەک فیلمی سی دی هەرکە تەواو دەبێ، بێ ئەوەی دەستی لێدا دێتەوە سەرەتا. سەرلەنوێ هەموو ڕووداوەکان بە بەرچاویدا تێدەپەڕن. ریشی، برۆی، سمێڵی، تووکی سەری، هەمووی وەکو چوڕی شیر سپی بوون. دەتکوت کولوویەکت لەسەر چاوی هەڵساویوە، تەنانەت برژۆڵەکانیشی سپی بوون. پاڵی دابوو بە دیوارەکەی حەوزە گەورەوە، بەرانبەر بە قەڵای سەردار. شتومەکەکانی لەسەر پارچەیەکی سپی ڕیز کردبوون.

وێنەی بزنەکەی ئیزەرتوو، موورووی فەرهادتاش، سڕ و ئێسقانی نێو ئەشکەوتەکەی سەهۆڵان، ئاوی نێو حەوزەکەی تەختی سولەیمان. دەستنووسێکی کۆنی ئاوێستا. جامانەکەی برایمۆک، زینی ئەسپەکەی مەم، گۆبەرۆکی زین و گوارەکانی ئەستێ. کەوانەکەی لاس و فرمێسکەکانی خەج، گەرووی حەسەن زیرەک و عەباکەی شێخ سەعیدی پیران، پووزەوانەکانی سمکۆ، ریشی شێخ ڕەزای دەرسیمی و برنووەکەی شانی مەلا مستەفای بارزانی.

ئەمانە و زۆر شتی دیکەشی لەبەردەم ئەم کابرا پیرەدا بۆ فرۆشتن دانرابوون.

– مامە گیان ئەم ئێسکوپرووسکانەت بۆ فرۆشتن داناوە؟ یانی ئەوانەش دەفرۆشرێن؟ پووڵیش دەکەن؟

– کوڕم، لێرە مشتەری و خوازیاریان نییە، بەڵام زۆر کەس هەن لە دەرەوە دەیانکڕن و پووڵی زۆر چاکیش دەدەن.

– جا ئەوانە ئەو بیانییانە بۆ چییانە؟ بە کەڵکی چییان دێ؟

– جا چۆن بە کەڵکی چییان دێن کوڕم؟ زۆر باش و بەڕێ و جێش کەڵکیان لێوەردەگرن، ئەوانە هەر شتێک بە کەڵکیان نەیە و سوودی لێوەرنەگرن هەرگیز پووڵی پێنادەن، ئەوانە زۆر لە من و لە تۆش زیرەکترن. پووڵی بەلاش بە کەس نادەن. ئەو ئێسقانانە ورد دەکەن و دەیکەنە بن داری ئالاکەیان...

– داری ئالا! جا ئەو سیر و ئێسقانە بە داری ئالا چی؟

– چۆن بە داری ئالا چی کوڕم؟ تۆ منداڵی، کاڵی، ئەوانە نازانی، زۆرت ماوە ئەوانە فێر بی، بۆ ئەوەی ئەوانە فێر بی دەبێ بخوێنی، هەوڵ بدەی، ماندوو بی، زۆر گرینگیشن بۆ داری ئالا! گەلێکیش پێویستن، هەر داری ئالایەک لەسەر ئەو ئێسک و پرووسکانە بچەقێت ئەوەندە بەرز دەبێتەوە، سەری دەگاتە حەوێقی ئاسمان، ئەوانە هەوێن و کووتن بۆ داری ئالا، هەر داری ئالایەک ئەو کووتانەی لە بندا نەبێ، ریشەکەی کرمۆڵە و بێ مایەیە.

– ئەی مامە ئەو بەردە بەکاری چی دێ؟

– ئەوە بەردی چیای بێستوونە، فەرهادی کۆکەن کاتێک ماندوو بووە لە سەری دانیشتووە و ماندوویەتی خۆی حەساندۆتەوە، هەر لەسەر ئەو بەردەش دەیان گۆرانی بە بالای شیریندا هەڵکوتووە. دەبیەن دەیخەنە نێو خەندەکی خانووەکانیانەوە، بۆ ئەوەی قیمەتی بەرێتە سەرێ و خوازیاری زۆر بێ.

بە دەم قسەکانی کابرای پیرەوە جار لەگەڵ جار پیش دەخواتەوە، لە پڕ یەک بە خۆی بەسەریدا دەگوڕێنێ:

– ئەی ئەگەر وایە ئەوانە بۆ هەراج فرۆش دەکەی، ڕەزیل، ئەوانە پێناسەی ئێمەن... بۆ یانی نازانی؟ نافامی؟ بۆ مەگەر خەرەفاوی؟

لە گوڕەی خۆی بە خەبەر دێتەوە، هەڵدەستێتە سەر قوون، هەموو گیانی نیشتۆتە سەر ئارەقە. هەست بە سەرمایەکی زۆر دەکا، موچڕک و تەزوو ئازای ئەندامی دادەگرێت، خۆی دەخزێنێتەوە بن لێفەکەی، باری خەوتنەکەی دەگۆڕێ و دەکەوێتە سەر شانی ڕاستی، چاوێک لە پەنجەرەی ژوورەکەی دەکات، وڵات تاریک و نووتەکە، دەڵێی بە جێگای شووشە لمەدت تێ گرتوون، شەبەق نادەن، ڕەشایی شەو بەستوویەتی، ئەستوورە، تیشک و تینی هەتاویش لەوانەیە نەتوانێ بیتوێنێتەوە، چۆن هەتاو دەتوانێ سەهۆڵی سەختی ئەو هەموو ڕەشاییە بکاتە ئاو؟ ناتوانێ، هەرگیز، ناتوانێ. ئای بۆ شەماڵێکی بەهێز و بە گوڕ، مەگەر شەماڵ، دەنا کاری تاو نییە.

خەوی لێ دەزڕێت، نێو جێوبانەکەی لێ تاڵ دەبێ. دەڵێی ماری تێدایە، هەڵدەستێتەوە سەر قوون. دیوەکەی ساردوسڕە، وەک زاخرخانەی لێ هاتووە. هالاوی دەمی دیارە، سۆبەکەی کوژاوەتەوە، گاز ڕۆییوە، لەبەر خۆیەوە ورتەیەکی لێوە دێ: وەی ی ی ی...

بەسەر ئەم جەهووناتە گازەدا خەریکن لە سەرما قڕمان دەکەن، نەوتەکەشمان بە هیوای گاز فرۆشتەوە،

ئەویشمان لە دەست دەرچوو، بێ نەوت و گاز لەسەرمان دەیبەستین، ئەی خوایە چیت بەسەر هێناین؟ ئەوەش هەقی خۆمانە. ئێمە مل دادەخەین و ئەوانیش سوارمان دەبن، دەستیان خۆش..

کاری دەرێی هەیە، تینووشیەتی، هەڵدەستێ، لە یەخچاڵەکە شەربەیەک ئاو دەخواتەوە، دەچێتە ئاودەستخانەکە، سەرما وەک هەنگ هرووژمی بۆ دێنێ، شێرەی ئاوەکە تاقی دەکاتەوە، بەستوویەتی، بۆتە پارچەیەک سەهۆڵ، تکەی نایە.

– ئەم سەرمایەش دەستمان لە یەخە ناکاتەوە. چاک سواری کۆڵمان بووە، وڵاتی کردۆتە سەهۆڵ، کۆڵان و شەقامی کردۆتە شەختە، تەوژمی سەرما و بارستایی شەو دەستیان داوەتە دەستی یەکتر و لاناچن.

دێتە دەرێ، چاوێک بە ئاسماندا دەگێڕێت، لە ئەستێرە دەگەڕێ، هەورێکی ڕەش و توخ لەنگەری گرتووە، سریوەیەک نایە، زریوەیەک دیار نییە.

– ئەوەشمان نەویست، نە ڕۆشناییەکی وا دەبەخشێت و نە گەرمایی دەدات.

خۆی لە ژوورە ساردوسڕەکەی ڕۆ دەکاتەوە، خۆی دەخزێنێتەوە ئامێزی جێوبانە سڕەکەی. وردە وردە هەست بە سەرما دەکات، تەزوویەکی سارد خۆی دەکا بە بن لێفەکەیدا، جێوبانەکەی وەک شووشەی سەهۆڵیان لێ دێ، سەرمایەکی توند دەشکێتە گیانی، وەک سەمێکی کوشندە بەنێو دەمار و ماسوولکەکانی لەشیدا دەگەڕێ. دەکەوێتە لێوەلەرێ. ددانی بە ددانی ناگا. ئاراوقارای لێ هەڵدەگیردرێت، تەکان لە خۆی دەدا هەستێ، ناتوانێ. دەست و لاقی یارمەتی نادەن، لەگەڵی نایەن، پشتی لە دۆشەکەکەی بۆ جوێ نابێتەوە، هەست دەکات هەموو گیانی وەک دار ڕەق بووە، چاو هەڵدێنێ، کابرا پیرەی نێو خەونەکەی چۆکی لەسەر سنگی داداوە، ڕیشە سپییەکەی هەتا سەر دەموچاوی شۆڕ بوونەتەوە. کابرایەکی دەمسووک و زمانشڕ، بە دەم قسەی سارد و جنێودانەوە، پڕ بەنێو دیوەکەی پێی پێدەکەنێ، قاقاکەی لەوانەیە میچی ژوورەکەی هەڵتەکێنێ، پێدەکەنێ و قسە دەکا. قسە دەکا و پێدەکەنێ. بە دەم قسە کردن و پێکەنینەوە لیک بە دەم و لچیدا دێتە خوارێ. دەرژێتە سەر دەموچاوی ئەم. لە پەستا دەیبەستن و دەبنە سەهۆڵ. هاڵاوی دەمی فریای تواندنەوەیان ناکەوێ، سەهۆڵ لێوەکانی بە یەکترەوە دەدروون، کونە لووتەکانی دەئاخنن، نووزە و مشەی لێ دەبڕن. کابرای پیرە بە خۆشحاڵییەوە پێدەکەنێ و قسە دەکا.

«هاتووم دەست خەتەکانی تۆشم دەوێ، ئەوانیش دەفرۆشم، قیمەتین، مشتەریم بۆیان هەیە، هەموو دەسخەتەکانتی دەوێ، تازە و کۆنە، بە قیمەتێکی باش.»

لە پشت سەری دەست دەداتە دەفتەرەکانی و دەیانداتە بن باغەڵی. ڕیشی کابرا دەبنە دوو پەنجەی بەهێز و وەک داڵ دەنیشنە سەر گەرووی. بە هەموو هێز و توانایانەوە قورقوراچکەی ڕێک دەکوشن. تارمایی بەسەر چاویدا دەکشێ. وردە وردە ڕوخساری کابرای پیرەی لەبەرچاو ڕەش هەڵدەگەڕێ. ددانەکانی وەک شفرەی بەراز درێژ دەبنەوە و لە سنگی ڕۆدەچن، ژان کسپە لە دڵی هەڵدەستێنێ. گیانی شل دەبێتەوە و چاو لە چاوی کابرا دەبڕێ. نێو چاوانی پڕن لە مرۆڤی جۆراوجۆر، هیچ کامێکیان ناناسێت، هەزاران دەست چەپڵەی بۆ لێ دەدەن، هانی دەدەن، هەربەکە و بە زمانێک، لە پڕ دەست دەکەن بە قاقاکێشان، هەموو پێدەکەنن، پێکەنینەکەیان وەک هەورە برووسکە دەنگ دەداتەوە.

هێور هێور ماسوولکەکانی لەشی خاو دەبنەوە، وڵات بەرەو ئارامی دەڕوات، هەست بە ئاسوودەیی دەکات، ژان و سەرما لە لەشی دەچنە دەرێ.

کابرای پیرە لەسەر سنگی لادەچێ، سووک دەبێ، پڕ بە سییەکانی دوو سێ هەناسەی قووڵ هەڵدەکێشێ، ئیتر هیچ شتێک نابیستێ، هیچ شتێک نابینێ، هەست بە ئازار ناکا، نێو ماڵەکەی، کابرای پیرە، حەشامەتەکەی نێوچاوی، دەستنووسە خۆشەویستەکانی، هەموویان وێکڕا بزر دەبن، بزر، بزر، بزر...

۲۰۰۸ ز



# ژنێک دەزووەکەی پچڕاند

**چنوور سەعیدی**
**(سنە)**

«- پێم سەیر نییە ئەگەر نەمناسی. ماوەیەکە لەو ڕۆژانە تێپەڕیوە، بەڵام لە یاد ناکەم کە تۆ منت خوڵقاند. پێت خۆش بوو هەموو شتە جوانەکانی ئەم جیهانە لە مندا کۆکەیتەوە و نێومت نا «نوونوو».

لەبیرت دێت لەبەرانبەرمەوە وەستایت و گوتت: ئێستا من نوونووم، یان تۆ؟

من گوتم: تۆ.

تۆ گوتت: نا پێکەوە، بەڵام من تارام و تۆ مایتەوە، ئەو نوونووە تارا کە خوڵقاندبووت نەک ئەو نوونووە کە خوڵقابوو».

من سەرم سوڕماوە وەکو فیلمێکی بڕگە بڕگە بیرەوەرییەکانی منداڵی، ئەوکاتە وا قەت لەبیرم نەمابوو، لەژێر خاک و خۆڵدا زیندوو دەکاتەوە و دەینێتە داوێنم. من تەنانەت نێوی چکۆلەی خۆشم لەبیر نەمابوو.

توند توند پێڵوو دەترووکێنێ و چاوم لێ هەڵناگرێ: «- چەند گۆڕاوی خانم!»

ڕاکشاوەتە سەر لوولەی دووکەڵکێشەکەوە و ڕێگای فڕینی دووکەڵەکانی بەستووە، هەندێکیان لەنێو قژەکانیدا خۆیان دەرباز دەکەن و هێور هێور.. نیگام دەکەوێتە شوێنی ئەو قژانە هەر لەسەر لوولەکەوە تا زەوین.

«- تۆ چنوورخانم.. نا بۆ من هێشتا نوونوویت، چاوەکانت نەگۆڕاون، تەنانەت ئەو پەڵە بێ هێز و بچووکەش وا جێگایەکی چکۆلەی لە سپێنەی چاوانت داگیر کردووە و کەس بە وردی نایبینێ- ئێستا ژنێکیت!»

کە دەڵێت نوونوو، دڵم دادەخورپێ و کچێکی چکۆلە دێتەوە بیرم: چاو هەنگوینی بە کراسێکی کورت تا بان ئەژنۆی

و بێ قـۆڵ بە ڕۆژان ئەوەندە لەنێـو حـەوش و کۆڵانەکـاندا یاری دەکرد تا باڵ و قاچە سپییەکانی ڕەنگیان دەگۆڕا و قژەکانی و پشتە ملی بۆنی هەتاو و عارەقیان دەدا.

ئەو کـچـە وا هەمـوو شـەوێک بەم خـولیـایەوە چاوی لێکدەنا ڕۆژێک بڕواتە بەر دەرگای ماڵی خـودا تا بزانێ مـاڵەکـانی چەند پلەی هەیە، چەندە کچ و کـچەکـانیـشی چەندە بووکەڵە؟!

«- لەبیرت دێ نوونوو چەند بێزار بوویت لە قژی شۆڕ، بەڵام شۆڕترین قژی بەرزە حەوایلەکانت بۆ دروست کردم؟ لەم ساڵانە لە هەر کوێ دادەبەزیم قژەکانم دەئاڵانە دەوری شتەکان و بە ئاستەم دەرباز دەبووم.»

قاقا پێ دەکەنێ هێشتا وەکو جاران دەڵێت پێکەنینی من گۆڕاوە، دڵەڕاوکێمە دەنگمان لە دووکەڵ کێشەکەوە نەگـاتە گـوێی منداڵەکـان و پیـاوێک دەزانم ئێـسـتـا دووکـەڵە یەخـسـیـر بووەکـان نیـشـتـوونەتە سـەر دەست و ڕوومەتی و ئەو ساویوبەتە هەموو مەلافەکان.

«- دوای ئەم هەمـوو سـاڵە، بۆ لەم زسـتـانە، لەسـەر بانی مـاڵی ئێـمـە، لەسـەر ڕێگای دووکـەڵەکـاندا دابەزیوی؟»

دەنگی دووری پیـاوێک لە لوولەکەوە دێتە سـەر لەنێو قـژەکانیـدا دەرباز دەبێ، وەکو هۆرەیەک کە با بیـهـێنێ:

«- توانیت بزانی چی قەوماوە چنوور؟»

من هێـواش لە ئامێـزی دەگـرم و دایدەبەزێنم وەکـو ئەو کاتە وا تازە دروستم کردبوو، وریا بووم نەکا ئێسکەکانی لێکەوە بێ.

«- کە لەبەر مـاڵی خودا دەهاتمەوە، بەهاریش خەریک بوو دەهات.»

دووکەڵەکان بەرەو ئاسمان هێرش دێنن، پیاوێک تەقە تەق زۆپاکە دروست دەکاتەوە، بێ گومـان ئێـسـتـا هەمـوو شـوێنێک هەمـوو شـتـێکی ڕەش کـردووە و لە دواییـدا دەڵێ: «زۆپاکەم بۆت دروست کردەوە!»

«- بڕوات دەکـرد ڕۆژێک بەرزە حـەوایلەیـەکی یاخی بێتەوە و بیەوێ...»

کچێک دێتەوە بیرم تا حەوتەیەک هەموو دەزووەکـانی مـاڵی خـۆیانی کـۆ کـردەوە و ویسـتـی بەرزترین بەرزە حەوایلەی جیـهان بنێرێ بۆ ئاسمان تاکو بگاتە بەرماڵی خودا و ئەم سکاڵایەی بۆ ببات کە هەمیـشـە بڕیار دەدات

بڕوات بۆ ماڵی ئەو کچە و قەت ناڕوات. من ئەمە دەڵێم و ئەو قـاقـا پێـدەکـەنێ. بێ گـومـان منداڵەکـان وادەزانن خەریکم لەگەڵ قالاوەکان، یان گورگە شەوێدا دەدوێم.

«- من خەریک بووم هەمـوو ڕۆژێک ماڵم گسک دەدا، چێشتم لێدەنا و شەوانە...»

ویستم ئەمەش بڵێم کە تۆ هاتی هەموو ژیانی من ڕەش بوو. هەموو قاڵییەکان، پەردەکان و..

«- بۆ ئەو دەزووەت پـچـــڕی؟ بۆ هەڵفـــڕیت؟ دوای ڕۆیشــتـنی تۆ ئـیــتـــر بەهیـچ بەرزە حـەوایلەیەک و هیـچ دەزوویەک بڕوام نەکـرد! هەسـتم دەکـرد دەگـەڕێیـتـەوە، دەمزانی بەرزە حەوایلەکان هەرگـیـز دایکی خۆیان لە یاد ناکەن. ئێستاش شەوانە بەسەرهاتی تۆ و بیرەوەرییەکانی تۆ بۆ منداڵەکـانم دەگـێڕمـەوە. ڕۆیشـتـنی بێ گـەڕانەوەی بەرزە حەوایلەیەکی بەخـتـەوەر کە هەمـیـشـە پێـدەکـەنێ و بزەیەکی هەتا هەتایی تەنیـشـتی لێـوەکانی تا لای گـوێی کشابوو.»

«- بەڵام باوان ئـەو دەزووە تا لای مـاڵی خـودا زۆر بێ گیان بوو.»

«- ئەوە درێژترین دەزوویەک بـوو کـــە تا ئەوکـــاتە دیبووم.»

منداڵێک دێتە حەوش و هاوار دەکا:

«- دایە وەرە خوارەوە بابە زۆپاکەی دروست کردۆتەوە، برسیمانە.»

لە بان مـاڵەوە سـەردەکـێشم، منداڵێک بە کـراسـێکی کـورت تا بان ئەژنۆی و... قـژەکـانی و پشـتـە ملی بۆنی عـارەق و هەتاوی لێ دێ، هەسـتی پێ دەکـەم. وادەزانێ نەمبیستووە، توندتر هاوار دەکات «برسیمانە!»

بچووکـتر لە هەمـیـشـە دەیبینم وەکو ئەوکـاتە وا منداڵ بووم و وامـدەزانی کە دێمە بان مـاڵ مرۆڤـەکـان بچـووک دەبنەوە و کاتێ کە دەڕۆمە خوار، گەورە.

ئەویش دەستەکانی، جلەکانی ڕەش کردووە، ئاخ

«- لەبیـرت دێت شەوانە بیـانووی بووکەڵەکـانی کچی خــودات لێـــدەگـــرتم؟ من بڕیـارم دابوو هەمـــوو ئەو بووکەڵانەت یەکە یەکە بۆ بژمێرم.»

بێ شک ئێستا دەستە ڕەشەکانی دەساوێتە قاڵییەکە و لە دواییدا دەڵێ: «زۆپاکەم بۆت دروست کردەوە!»

«- تۆش بڕیارت دابوو بڕۆیت و یەکێ لەو بووکـەڵانەم

بۆ بێنی، بەڵام کە ئاسمانت دی یاخی بوویت.»
«- ئێستا هاتوومەتەوە پێت بڵێم خودا ئەو بووکەڵە تەنیا بە دەستی خۆت دەسپێرێ و هیچ کەسی دی.»
دیسان دڵم دادەخورپێ ڕەسمە ڕەنگ بە ڕەنگەکانی کچە چاوهەنگوینییەکە یەکە یەکە لەژێر خاکەوە سەرهەڵدێن، منداڵەکانی خودا هێندە زۆر بوون کە هەموو ئاسمانیان داگیرکردبوو، ماشێن و بووکەڵەکانیان هەمووی جیهان.
کچەکە بڕوای دەکرد خودا لەنێو ئەم قەرەباڵغییە هێندە تەنیا بێ.
«- من ڕێگاکە دەزانم، دەزووەکەم بگرە پێکەوە هەڵدێین.»
پیاوێک هاوار دەکات:
«- ئەوە چی دەکەی لەو بان ماڵە و لەگەڵ کێ دەدوێی؟ وەرە هەموو شتێکم دروست کردۆتەوە، منداڵەکان برسیانە.»
داوێنەکەم دەخەمە نێو پانتۆڵەکەم دا نەکا گیر کات لە هەورەکان، دەڕۆین و سەرم گێژ دەخوات. پیاوێک تووڕە بە کراس و دەستی ڕەشەوە لە پەیژەوە دێتە سەربان تا بزانێ لەگەڵ کێیا دەدوێم و پێدەکەنم؟ خۆزگە مەلافە شۆردووەکانم دەق کردایە، ئەو دەڕوات و کچێکی چاو هەنگوینی توند دەزووەکەی چنگ لێداوە، خۆزگە ژێر چێشتەکەم دەکوژاندەوە، سییەکانم پڕ دەکەم لە هەوا، هەوای تازە، خۆزگە نانم بدایەتە منداڵەکان.

بێ گومان پێش لەوە بگەینە بەرماڵی خودا لەنێو کۆڵانەکاندا، نێوان ژنەکان، مرۆڤەکانی سەرزەوین قوو دادەکەوێ: نیوەڕۆیەکی ئاخری زستان ژنێک دەزووەکەی پچڕاند.



# کەلاوە شارێک

**هاشم عەلی وەیسی**
**(کرماشان – جوانرۆ)**

**«ئایا لە نهێنی جیهانی ڕاستەقینە ئاگادارن؟ هەر مرۆڤێک شتێکی لە خۆیدا هەڵگرتووە کە شایەنی گوێ لێگرتن و بەهاپێدان و فێربوونە» بە دەسکارییەوە: ئیمرسۆن**

نا، نا شتی وا نابێت! جارێکی دی ئەوەی جارانم بەسەرا نایەت دەبێ بیری لێ بکەمەوە باش باش بیری لێ بکەمەوە، خۆمی پێوە ناگلێنم هەرکە چوومە ژوورەوە سڵاوێک دەکەم و بە ویقارەوە دەڵێم بەخێربێن چاوودڵمان ڕۆشن، ئەوکات دەچم پاڵ بە پشتییەکەوە دەدەم و ئەلف تا لام بە زارما نایەت، دەبێ چۆن پاڵ کەوم؟! دەچمە لای ژووریّ و پاڵ دەدەمەوە و قیتوقۆز گوێ ڕادەگرم و هیچ ناڵێم. نابێ وابێ، دەبێ لای خواریّ دانیشم و چوار مەشقی و دەست لەسەر کەشکەی زەنگۆڵم چاو ببڕمە گوڵ و نەخشونیگاری قاڵییەکە، نابێ جۆرێک چاو لێ بکەم، هەڵس و دانیشتنم جۆرێک بێت بزانن لەگەڵ کەسێکی جیاوازدا بەرەوڕوون. ئەوەتا گەیشتم، دەی بزانم چی دەکەی، ئەم گومان و دوودڵییەی سەر خۆت بڕەوێنەوە.

هەر لە دەرکەم دا خوشکە گچکەکەم دەرکەی کردەوە و چوومە ژووریّ وتم ماڵتان کێی لێیە؟

– مامۆژن... مامۆژن گەلە

– هاااا !!! ئەی مام و ئەوان چی؟ ئەوان چۆن نەهاتن؟

– نازانم باسی چی دەکەی، منیش تازە لە قوتابخانە گەڕاومەتەوە، بچۆ ژووریّ خۆت بپرسە؟

چوومە ژووریّ و دەرکەم کردەوە و ڕووم لە مامۆژن کرد و بەخێرهاتنم لێ کرد کە چوو بووە ناو خۆی و گرژ و مۆن

نقەی لێ دەر نەدەهات. ئای لەو مامۆژنەم هەمیشە حەزم بە دیداری نەکردووە، ئاخۆ مرۆڤ دەبێ ئاوەها نەبێ و کەمێک بەخۆیا بچێتەوە و لە خۆیا ماوەیەکی درێژە یەکترمان نەبینیوە خۆشی و بشییەک، ئەحواڵ پرسییەک چاکی و چۆنییەک، مادام کە وای لێهات شەرتبێ منیش ئاوڕت لێ نەدەمەوە! هەڵسام بۆ ژوورەکەی ترمان بڕۆم، بە دەم هەڵسانەوە لا چاوێکی دەدا و تێمی دەڕوانی، دەباشە ئەو چاوە چاوەی لە چییە و بۆ شەڕمان پێ دەفرۆشێ؟ خۆ من بەخێرهاتنیشم کرد، ئیدی چی دەوێت! چوومە ژوورەکەی ترمان، دیم خوشکە گچکەکەمی لێیە و خەریکی خوێندنەوەیە، وتم:

– ئەرێ خوشکە، ئەم مامۆژنەمان بۆچی هاتووە؟ بۆ بە تەنیایە؟

– وەڵڵاهی منیش نازانم و لەوانەیە هەر بۆ بێ تاقەتی هاتبێت!

چوومە بەر ئاوێنەکەوە، دەستێکم بە خۆما هێنایەوە، کەمێ خۆم قیتوقۆز کرد و هاتمەدەر وەکو کەسێک هەبوونی ئەو هیچ گرنگییەکی بۆم نەبێ، تێم ڕوانی و چوومە ئاشپەزخانەکەوە دانیشتم کەمەکێک نان بخۆم و بۆ دوکان بەرێ کەوم، کەمێ لێی وردبوومەوە بینیم کە پەڕۆیەکی بەقەدەر دوو برگەی پەنجە تووتە بەسەرەوە بەستووە و بە توندی جەڕاندوویەتی و بەسەر قاڵییەکە ملی شۆڕ کردووەتەوە و بە پەنجەی دەستەکانی گوڵی قاڵییەکەی لێک دەدایەوە، شتێک خەیاڵی بردبوو. نەمدەزانی ئاخۆ گوڵی قاڵییەکە شتێکی لە بیرەوەری و یادگەیدا وەبیر دێننەوە، یان بۆ بێ ماڵ و حاڵیی خۆی و ئەو شتەی کە دووبارە هاوسەرەکەی وەک برای گچکەی ناو پێنج برا ئێستاش کە ئێستایە بێ ماڵ و حاڵە و کەلاوەیەکی نییە تێیدا دانیشێت، کوڕە خۆبەتی هەر ئەوەی دووەمییانە ئەو ژنە هەر لەبیر پووڵ و پارە و ماددییاتی ئەم دنیایەیە! خۆ نازانم لەوانەشە ناحەقی نەبێ دە باشە ئیدی کە وایە قۆڵتە و پۆلتەکەی بۆ بە من دەفرۆشێ، هەڵسام و چوومە دەرەوە، لام لێ نەکردەوە یەکسەر چووم بۆ دوکان و دەست بەکاربووم لە کەینوبەینی کارەکەما بووم کە زرەی تەلیفۆنەکەم هات کە هەڵم گرت.

دەنگێ بە خەمۆکی وتی هاوار خۆشی!

– منیش سڵاوم لێ کرد و وتم دەکرێت خۆتان بناسێنن؟

– کوڕە ناسرم ناسر

– ئەها ناسر گیان چۆنی چ خەوەر دەنگوباست چۆنە؟

– کوڕە هاوار گیان دەنگ و باسم لێگەڕێ، دایکم خۆ لەوێیە

– بەڵێ ئەم نیوەڕۆیە هاتووە، بۆ مەگەر شتێک ڕووی داوە؟

– لەگەڵ بابەما بەشەڕ هاتوون و منیش تا لە زانکۆ گەڕامەوە، بینیم کار لە کار ترازاوە و قاڵەکەیان حەساوی دەم داوە، دایکیشم هاتووە بۆ جوانڕۆ بۆ ماڵی ئێوە، کوڕە خۆزگە ئەمڕۆش نەچووبایەم بۆ زانکۆ، ئەوە بۆ تاقێک کە لە ماڵ نەبووم ئەو قەڵەیان هەڵساند، دەنا پێشتر دایکم دەکردە ژوورێک و نەمدەهێشت فرە لە سەری بڕۆن.

– دەی لەسەر چییانە؟

– ڕاستت بوێت نازانم بڵێم لەسەر چییانە، بەس ئەوەندەی لێ دەزانم کە هەردووکیان لەسەر قسەی بێ ئەنجام فرە دەڕۆن، تۆ ئەگەر پێت دەکرێت بڕۆ تەمێی بکە و قەناعەتی پێ بهێنە کە بێتەوە، با لەمە زیاتریش کاتت نەگرم.

خۆبەتی مادام وای لێهات دەبێ خۆم لێرە دەربخەم و تێیان بگەیەنم ئیدی بەزم بەزمی جاران نییە، ئیدی ئەمڕۆ دەبێ ئەوە یەکلایی بکەمەوە. ئادەی بزانم چی دەکەی ڕۆژ ڕۆژی نواندنە. نەمری کوڕ بۆ غیرەتت هەڵسام و دەرکەی دوکانەکەم داخست و یەکسەر بۆ ماڵەوە بە دەم ڕێوە بیرم دەکردەوە، کەچی بڵێم و چۆن بیڵێم کە بیسەلمێنم کابرایەکم و کەسایەتیم هەیە و خاوەن ڕام. چوومە بەر دەرکەی حەوشە و بە هێواشی دەرکەکەم کردەوە، لە لێواری پەردە کرکرەی دەلاقەکەمان نواڕیم، هەموو بە دەوری یەکا خڕبووبوونەوە و سەریان بەسەر قاڵییەکە شۆڕ کردبووەوە و کەس قسەی نەدەکرد کە چوومە ژوورەوە و بە هێمنی دەرکەی هاڵەکەم پێوەدا و بە نابەڵەدی وتم ئەک چەن سارده خۆ کرێوە دەبارێ! چاوەڕێم کرد کەسێ وەڵام بداتەوە! بەڵام هەرکەسە و لە دنیایەکا بوو کێ لای لە من دەکردەوە، چوومە کن باوکم و دانیشتم و چاوەڕێم دەکرد کەسێک قسەیە بکات و من لە دەمی بستێنم و خۆم ئاسایی دەست پێ بکەم، کە لام کردەوە دایکم ئاوڕێکی لێ دامەوە و وتی:

– ئەرێ کوڕم خۆ نانت خواردووە؟

– دایکە نانی کەی؟ ئێوارەیە ئێوارە! هەروا وتم بێم

سەرێکتان لێ بدەم و لەم زاقە زاق و چاوە چاوەی دوکانیش کەمێک بحەسێمەوە.

- دەی کوڕم جا حەسانەوە ماوە.

مامۆژنم کە بە دەستێکی توند یەکێک لە گوێچکەکانی دەگوشی، سەری بەرز کردەوە و چایەکەی دا بەولاوە و وتی کچێ حەلاو، تۆحم چا نابات دەستەکانت خۆش ئەو چایە لابەرە بیدە بە یەکێ تا سارد نەبووەتەوە.

دایکم دەرپەڕی و وتی:

- ئەرێ گەلە خۆ دنیا ئاخر نەبووە، جا چییە بەخواوەنی و تاقانەیی خوا خۆی قەسەم ژن نییە ئا لەم دەوروزەمانەیە لێدانی دەستی شووی نەچەشتبێت، باشە بیبرەوە و لەسەری مەڕۆ!

- جا عەمنا گیان چۆن لەسەری نەڕۆم ئەمە خۆ نە جارێکە نە دوو جارە ئەم پیاوەی من ئەوە بۆ چەند جار دەچێت سەری منی لەناو خەڵکی شۆڕ کردووە و ڕووی هاتوچۆی دەروماڵی بۆ نەهێشتوومەتەوە، جا بەم حاڵەوە گوزەران چۆن دەکرێت! دوایی هەر بەو دەستەی کە لەسەر گوێچکەکانی داینابوو، سەری بەرەو کاتژمێری هەڵواسراو بە دیوارەکەوە وەرچەرخاند و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا.

منیش ئەم دەرفەتەم قۆزتەوە و کەمێک خۆم قوت کردەوە و لەسەرخۆ وتم دەی مامۆژن جا خۆ ئاوەها نابێ، دەشێت ئەم قاڵەی ئێوە لەسەر شتێک بێت، بەرە بەرە دەمی ئەم قسەیە وەک کۆنەزامێکی سارێژنەبوو کە لە کاتی کولانەوەیدا، تەزوو بە لەش دابێنێت و بۆ ئەوەی نەتەوێ بکولێتەوە، بەهێوری دەستی بۆ بەریت، بە هێواشی وتی کوڕم جا چووزانم نەهاتی و کلۆڵی خۆمە هەر لە منداڵییەوە بەختم نەبووە! تۆ کە بەختت نەبوو خۆ شەڕە کوتەکان نییە بەختی خۆم وای هێناوە و هەر لە ڕۆژی ئەوەڵەوە خوا چارەمی وا نووسیوە کە قسەی ماڵان بم و گاڵتەوگەپ و پیاوماقووڵیم بەسەرا بکرێت. ئەم قسانەی سیما و ڕوخساریان تەواو گۆڕی و دەنگی قاپ و کەوچکی ئاشپەزخانەکە کە نزیک لە خواردنی ئێوارێ بوو مات و مەبهووتیان کرد و بۆ تاوێک بەو شێوەیە مایەوە و کڕوکپ هیچ بە زاریا نەهات، لە دواییشدا پڕ بە دڵ هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی ئاخ... خوا ئاخ، چی بکەم حەتمەن ناشوکرییەکم لەبەر قاپی دەرگاکەت کردووە، دەنا تاوانی کام ماڵوێرانە کە بە میرات بۆم جێماوە و من دەبێ جەزرەبەی بکێشم، ڕاستیتان بووێ ئەم نووزە و نزای ئەوە کەمێک کاری تێکردم و وای لێکردم کتوپڕ بە زارما بێت و بڵێم گرفت نییە خوا چارەی نەکات (ئینەڵڵاهە مەعەسسابرین). دایکم لەولاوە دەرپەڕی و وتی کوڕە بەخوا ئەم خێڵە هەر ئاوەهان بڵێ ئاخۆ سمە خوا بۆت نەسازێنێ تۆ ئەوە مانگێک نییە هێناوتەتەوە بێڵە با ئەم گلەی قنگت دامرکێتەوە ئەوجا دەست پێکەرەوە، باوکیشم لەولاوە بە تووڕەییەوە دەرپەڕی و وتی ئەرێ عەکل ئەم قەوچە قەوچەت لە چییە! یەکێکی نابەڵەد بڵێ خۆی پەروینی حاجی شێخ سمایلە! مەکە توخوا دەست لە خۆت مەدە.... قسەکەم لە دەمی باوکم سەندەوە، وتم ئەرێ باوکە ئێوە باسی چی دەکەن ئێستا کاتی ئەم قسەو باسانەیە بۆ خاتری خودا بیبڕنەوە، بەم جۆرە بچێتە پێشێ، فرەی پێ ناچێ گەلەی بەستەزمانیش دەبێ بێتە نێوانجیتان. ماڵتان بە قوڕ نەگیرێ ئەو ڕێی جوانڕۆی وەبەر داوە بۆ ئەوەی ئێوە چارەی ئەم دەردەی بۆ بکەن! ئێوەش تازە خەریکن قاڵێکی تر دەم دەدەن ئەوەنەی تر بارەکەی قورس کەن و بە سەرشۆڕی و کزوداماوی بیگەڕێننەوە. ئینجا ڕووم لە مامۆژنم کرد و وتم مامۆژن گەلە تۆ لەگەڵ دایکم جیاوازیەکتان نییە ئەگەر دەکرێت و من بە قابیل دەزانی ناوەڕۆکی گرفتەکەم بۆ باس بکەیت و بۆم ڕوون بکەیتەوە کە ئەم گرفتەی ئێوە لەسەر چییە، ئەوجا من بە نۆرەی خۆم شتێکم پێ کرا بە ڕاستی دریغی ناکەم، جا منیش بڕیمەوە و چاوەڕێم کرد بزانم قسەی چییە، سەری بەرزکردەوە و ڕووی تێکردم و دەستی پێکرد.

- کوڕم دەتەوێت لەسەر چی بێت! ئەم پیاوەی من پیاوێکی گەڕاڵە و ماڵ و منداڵ وەخێوکەر نییە جا وەک شتێک بیەوێت لەسەری نەڕوات، نازانم بەخوا خۆشم نازانم لەسەری چییەتی، نازانم چی بێژم نازانم نا ئاخ خ خ...

- دەی باشە جا کە ئەو کار ناکات شەڕ و قاڵە قاڵەکەی لە چییە؟ ئاخۆ وەها نابێ تۆ دەبێ ڕوونی بکەیتەوە، سەرەتای قاڵەکەتان لە چییەوە دەستی پێکرد؟ دەنا خۆ ناکرێت لەسەر هیچوپووچ پیاو قسە بکات...

لە کەینوبەینی قسەکەمدا بووم کە لە پڕ چریکاندی و

وتی:
کوڕە کاکە تۆ وەرە پێشێ و چاو لێ بکە ئەو پیاوەی من چی بەسەرم هێناوە، دەستی برد و فەقێیانەی کراسەکەی کردەوە و باڵی تا سەر شانەکانی هەڵماڵی شانی وەرچەرخاند و ڕووی لە ئێمە کرد، سەر شانەکانی بە تەواوەتی کەوە بوونەوە و لە بڕێ شوێنیش خوێنی تێدا زابوون، ئەو دیمەنە هەژاندمی و زارم لە گۆ کەوت، هەروا ماق مابووم، یانی لەسەر چ شتێک ئاوەهای لێکردووە؟ ئیدی کەمێ کشامە دواوە و هەروا لەبیردا بووم کە وتی جا تۆ و ناسری کوڕم فەرقتان چییە خۆزگە عەیب نەبایە و ئەو سیپیاڵەم لەبەرداکەندبایەت تا بتزانیایە سەرتاپای لەش و عازای عەنامم وەک گلێمی دۆم و تەونی خەڕاتانی لێهاتووە، دەی برا بێژە نەتگەرەکم بمبە کەلگەی خاوەنم لە کۆڵ خۆتم کەرەوە، دەنا خۆ بەخوا بێ خاوەن نیم و منیش سبەی زەنگ لێ دەدەم یەکێک لە براکانم بێت بزانم لە خوێنی کام برا و کەسوکاری هاتووم کە وەهام بەسەرا دێنێت و تەکلیفی خۆم یەکلایی دەکەمەوە.

من کە ئەمەم بیست، هەستام زەنگێکم بۆ ناسر لێدا و ژمارەکەی مامم لێ وەرگرت و بەرە و دوکان بەڕێ کەوتم کە لەگەڵیا بە قسە بێم و گرفتەکەم بۆ ڕوون ببێتەوە.

گەیشتمە دووکان و دەستم برد و زەنگم بۆ مامم لێدا لە دوای چاکی و چۆنی وتم:

– ئەری مامە لەگەڵ مامۆژنم لەسەر چیتان بووە؟

– لەوێیە، لێی گەڕێ بەخوا چاکم بەسەر هێناوە قەزای ئەو دەستەم، خۆ ئەوە هەر کول نابێت دەمی هەر دەڵێی دەمە قەچییە و بیست و چوار سەعاتەی خوا دەڕوات و دێت، جا با بخوات و حەیای ببێتەوە و بێتە دواجار و دوا کەرەتی.

بڕوام نەدەکرد ئەو قسانە لە زاری ئەو وەدەربێن، دەمێک بوو ئێمە سەردانیمان نەدەکرد، بەڵام پیاوێکی وەها نەبوو لانی کەم بەرانبەر بە خاووخێزانی خۆی وەها نەبوو کەمێ وەستام تا قسەکانی تەواو کرد و جا وتم ئەرێ مامە ئەو قسانەی لە زاری تۆ بەدەر دێت، بە ڕاستی من بڕوا ناکەم یانی تۆ... من بە تەواوەتی ڕام بەرانبەر بە تۆ جیاواز بوو، ئاخۆ چۆن شتی وا دەبێ ئەگەر بە ڕاستی گرفتتان هەیە و دەزانی چارە ناکرێت ببێدە دەستی خاوەنی و بڵێ ئەرێ کاکە ئەو کچەی ئێوە بۆ من نابێ، دەنا ئەو کارەی تۆ کردووتە هیچی لە ڕێگە چارە ناچێت ئەوە نەبێ زیاتر بیشڵەژێنی و زیاتر پەرەی پێ بدەی. وەک شتێک چاوەڕوانی ئەو قسانەی لە من نەبووبێت. وتی کاکە تۆ بێ خەوەری، وتم شتێکە و ڕووی داوە دەبێ عاقڵانە چارەی بکەیت، ئێوارە بێ بزانین چیمان پێ دەکرێت، وتی کاکە تۆ نازانی چی کردووە! تۆیش لێرە بایەیت وا قسەت نەدەکرد. وتم ئێوارە وەرە تا بزانین چی بووە؟ لەسەر چی بووە؟ با شتەکە پەرە نەستێنێ لەمە زیاتر ددانتان لە یەکتر چەرموو نەبێتەوە.

لە دەروونەوە زەوق و خۆشییەک ڕووی تێکردم، لەبەرخۆمەوە دەستم کرد بە ویزە ویز و ورتە ورت، نەمدەزانی ئەو خۆشییەم لە چییەوە دێت؟ ئایا بە ڕاستی بۆ ئەوەیە دەتوانم گرفتێک چارە بکەم؟ یان ئەوەی کە بەشێک لەو پلانەی بۆ جێ خستنی خۆم هەمبوو خەریک بوو باش بەڕێوە دەچوو؟ هەڵبەت بە هەردوو بارا دەشکایەوە، بۆیە ئەم خەیاڵەم لەسەر وەدەرنا و بەرەو ماڵ بەڕێ کەوتمەوە و بە مامۆژنم گوت کێشەکە لە چارەبوون دایە، تۆش دەبێ کۆتایی پێ بهێنی و نابێ لەسەری بڕۆی، من زەنگم لێدا و تێم گەیاند کە بەڕاستی کارێکی هەڵەی کردووە، کێشەکە هەرچی بووە نابێ ئەو دەس بە لێدان و کوشتن و بڕین بکات، ئەویش قەبووڵی کرد کە خەتایەتی وتی شتێک بووە تازە ڕووی داوە و لە دەستم دەرچووە، جا وتی ئەوەەە! وەڵڵا جا باشە قەرزداری نەکردین، دەنا چیمان بکردایە ئەی خوا شوکرم بە کەرەمت، وتم مامۆژن دەبێ ئێوارێ کە هات باش لەگەڵی قسەی خۆتان بکەن و بە ڕاستی ئەگەر دەزانی گرفتەکە چارە کراو و بڕایەوە ئەوجا خۆت دوا بڕیارت بدە. من کە لەکن یەکێک لە ژوورەکانەوە دانیشتبووم ئاگام لە ئاماژەی دەستی دایکم بوو کە منی بۆ لای ژوورەکە بانگهێشت دەکرد هەڵسام و چوومە ئەو دیوە و دایکم دەستی برد و بە هێواشی و هێوری و خۆشییەک کە ڕووی لە سیما و ڕوخساری کردبوو دەرکەی پێوەدا و وتی کوڕم ئێوارێ خوازبێنی دێت بۆ حەلاوی خوشکت خوا من لە دەستی بیرە و بەریدەی ماڵە باوانت دەرناکات تا لە دێهات بووم پیتکە و بەناوی دنیایان وە شوێن خستم، ئێستا کە لە شارم بوومەتە نەخۆشخانە و نیوانجیکەری چەکل و پیکانیان، تا حەسانەوە و خۆشی و بشی و برایەتی و دەست لە ملانێیان بێت، ئاوڕ لە کەس

نادەنەوە، هەر کە نەهاتی و چەرمەسەریان وەبەرکەوت تاقانە برا و کەسوکار و پەناگەیان دەبێتە منی ماڵوێرانی بێ کەس و غەریبی ئەم شارە، نەمدەزانی چی بڵێم! بیرم کردەوە و وتم دایە گرفت نییە چارەی نەکرێت! بەس دەبێ کەمێک عەقڵ و ئاوەزی بۆ وەکار خەین ئەم قاڵ و گرفتانەش حیکمەتێکی تێدایە. دوایی هاتمە دەرێ بە داوای لێبوردنەوە لە مامۆژنم، بەرەو ماڵ بەڕێ کەوتم ئەوەشم بە دەرفەتێکی تر زانی بۆ ئەوەی خۆمی باش تێدا بنوێنم و خەریکی ئامادەکردن و ڕیزکردنی ئەو پرسیارانە بووم کە دەبایە لە کاتی هاتنی کابرای خوازبێنیکەر ڕووبەڕوویم بکردایەتەوە، لە لایەکیشەوە ئاژاوەی مام و مامۆژنم بیر و خەیاڵمی بردبوو، ئەمەم بە تاقیگەیەک چاو لێ دەکرد کە دەبێ بە باشی لێی وەدەربێم. گەیشتمە بەر ماڵی خۆمان و دەرکەکەم کردەوە و سڵاوی خێزانم کرد، وتی چۆن دێر گەڕایتەوە، بە تەواوی بابەتەکەم بۆ باس کرد و جیکوپیکم بۆ لێکدایەوە، دوایی خەریکی ئامادەکردنی خۆم بووم، بۆ ئێواریّ چۆخە و ڕانەکم وەبەر کرد و خێزانم تێگەیاند کە ئەو نەیەت باشترە و بەرەو ماڵی باوکم بەڕێ کەوتم، چووم و دانیشتم ئەوەندە نەبوو کە دانیشتبووم زرەی زەنگی حەسارەکە هەستا! چوون دەرکەکەیان کردەوە، مام و زاواکەیان بوو، کە هاتنە ژوورەوە مامۆژنم چووە دیوێکی تر و ڕووی لە مامم وەرچەرخاند و دانیشتن دوای ئەوەی خواردنیان خوارد و کەمێک حەسانەوە پاڵ کەوتن و چاوەڕێ بوون یەکێک دەمی قسە بکاتەوە و بیبرنەوە و بەرەو ماڵ بەڕێ کەون، من بە مامم گوت ئەرێ مامە ئاژاوە و هەرا و قاڵە قاڵتان لە چییە؟ سەری کە کردبووە خوار بە هێواشی بەرزی کردەوە و بە زەردەخەنەیەکەوە کە تێکەڵەیەک بوو لە شەرم و پێ بەرخواردن وتی بە خوا چووزانم، وتم ئاخۆ وەها نابێ ئێمە بۆیە بانگی تۆمان کرد لێرە بیرێتەوە، مەبەستیش لایەنگری کردنی کەس نییە، هەر کامەتان قسەی خۆتان بکەن خۆتان و خواتان ئیدی بۆیشتان نییە بێ ڕێزی بە یەک بکەن، ئێرەش نە دادگایە و نە بڕیارە کەس تاوانبار بکرێت، بەس مەبەست چارەکردنی گرفتەکەیە، خۆ غەریبەشمان تێدا نییە ئیدی بزانین کێشە لە کوێ دایە؟

وتی شتێک بووە لە دەستم دەرچووە، تازە ڕووی داوە، بێژە تازە ئێستا ڕوو لە حەسانەوەیە و دامودەزگا و نەخۆشخانەکان داخراون، ئەوەنە تاقەت بهێنێت تا نەخۆشخانەکان دەکرێتەوە ئەوجا بۆ هەر کوێ بێت کێشە نییە دەیبەم.

هیچ وەڵامێکمان لە لایەن مامۆژنەوە نەبیست، بۆیە هەر جۆرێک بوو قەناعەتیان پێ هێنا بێتە ئەم دیوو بەرانبەر بە سەمەی شووی قسەی خۆیان بکەن.

نیگا و ڕوانینە پەیتا پەیتاکانی دایکم بێ ئۆقرە و ئارام نەگرتووانە چاوەڕێی دەکرد کەسێک وە گۆ کەوێ ئەم قاڵە ببڕێتەوە، وتی دەی لاوە! دەست پێ بکەن سەرما و سەهۆڵ و یەخ و یەخ وەنە با زوو بڕۆنەوە و موقەدەرێکیشتان نەیەتە ڕێ.

هیچ کامەیان نەیاندەویست قسە بکەن و مامۆم سەری بەرزکردەوە و وتی دەی هاوار گیان بزانە ئێژی چی؟ دێرە بابڕۆینەوە!

مامۆژنیشم وتی وەڵڵا نایەمەوە! جا ڕووم ماوە بێمەوە! دایکم وتی ئەرێ گەلە خاڵۆ بۆ نایبڕیتۆ جا هەر کێ ئاژاوەیەکی بوو وەکو تۆ بکات، ئێستا ئاسمانگ هەسوونی گەرەک بوو! حەلاویش بە خزە خز خۆی گەیاندە مامۆژنم و وتی دەی مامۆژن گیان بۆ ناڕۆیتەوە؟ بابەم ڕووی لە مامۆژن کرد و وتی بەخوا تۆیش بێ تەخسیر نیت ئەگەر تۆ ڕاستت بکردایە قسەی خەڵکیت بخوێندبایەتەوە، نەتدەهێشت کار بکێشێتە ئێرە! ئەویش وتی خاڵۆ ئێوە هەر قسەی قەیمان بخوێننەوە پیاو بای دەرە ژن بای ماڵ، دەی ئەو ئەگەر ڕاست دەکات بۆ سووح تا ئێوارە قنگەوتلوور دەکەوێت و نایەژێ ئەم ژن و ماڵ و منداڵ و خێزانە، خەرج و باجێکیان پێویستە.

مامۆم لەولاوە وتی لاوە فازڵ گیان هەڵسە با بڕۆین دێروەختە با تا نەواریوە بتوانین بگەینە جێ، لەماوە کە هەستن وتم کاکە فازڵ تۆ دانیشە ئینجا دەستی مامم گرت و بردمە حەسارەکە و پێم گوت ڕاست دەکات ئەو ناحەقی نییە تۆ کە چووینە ماڵ کەمێک دڵداری بدە با ئەویش بزانێ کە بۆی گرنگی، دەنا ئەم ڕێیەت وەبەر نەدەدا بۆ ئەوەی بیبەیتەوە.

هەرچیمان کرد نەمانتوانی بیهێنینە سەر ئەو بڕوایە کە بگەڕێتەوە، لە دواییشدا مامم و زاواکەیان هەڵسان کە بڕۆنەوە، منیش بەو هیوایەی کە بتوانم بە شێوەیەک قسەی لەگەڵا بکەم و قەناعەتی پێ بهێنم کە بگەڕێتەوە بانگی مامۆژنم کرد و بردمە ژوورەکەی ترمان و لەوێ پێم

وت مامۆژن تۆ وادەزانی کەس کێشەی نییە وادەزانی ئەوەی کە تۆ دەرگات کردووە و لێرە بووەتە باسوخواس، هەر لە مابەینی تۆ و لەناو خێزانی تۆ روویداوە، ژیان بێ کێشە نابێت، بەڵام هەڵوێست و بەرپەرچی ئێمەیە کە ئاراستەی رووداوەکان دیاری دەکەن، بە دڵنیاییەوە تۆش لەم بەینە بێ تەخسیر نیت و ئەگەریش وابیر بکەیتەوە کە تەنیا کێشە لە ئەوە، با پێت بڵێم کە بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە، ئەویش وتی بەخوا هاوارگیان دڵم لە حەنای تەوسیاوەسۆ و تازە هەرچی دەکەم قۆڵم لە شوێنمۆ نایەت، تۆیش دەستت خۆش بێت، با لەمە زیاتریش قسەی تۆ لە عەرز نەدەم. دایکم کات نا کاتێک دەرکەی ژوورەکەی دەکردەوە و دەیگوت دەی چی بوو، ئەوان لە دەرا وەستاون، برۆن، یان نا، جاروباریش خوشکە گچکەکەم دەرکەکەی دەکردەوە و دەیگوت هاوار مامم ئێژێ دێرە ئێمە دەبێ برۆین، بۆیە هیوا براوانە هاتمەدەرێ و بە مامم گوت نایەت دەڵێ نایەم. لەمەوە کە برواتە دەر کە پیاوێکی پێ لە تەمەن و کورە رەشتاڵەیەکی قەد کۆتای کەم تا کوت سەر رووتاڵە بە پاکەتێک شیرینی و دوو دڵق میوە بە دەستەوە کردیانە ماڵا و سەریان هەڵتەقی بە مامم و کابرای خوازبێنیکەر و پیاوەکەی تەکی کەوتنە تارف کردنی یەکتر، لە دوایی مامم گوتی ئێمە بەر لە پێی ئێوە هەستاین، دەمانەوێ برۆین ئێوە برۆنە ماڵ با بە پێوە نەبن، پیاوە پیرەکە وتی دەی لەسەر ئیزنتان. مامم و زاواکەیشی دوای خواحافیزی رێیان وەبەردا و چوونەوە، منیش چوومە ماڵ و بەخێر هاتنیانم کرد و دانیشتم. دوای کەمێک بێ دەنگی پیرە پیاوەکەی تەک خوازبێنیکەر وتی لەوانەیە لە رێی کچەکانمەوە ئاگاداری ئەوە بن کە من و ئەو خێزانەمان چیمان بەسەرهات و چۆن ئاژەمان شێویاو ماڵ و زندەگیم بە تالان چوو، شوکور بۆ خوا ئەوە ئێستا چوونە سەری زندەگی خۆیان و خوا نە پەکی ئەوانی خست نە منیشی لە کەرەمی خۆی بێ بەش کرد، یەکە یەکە دەنکی تەسبیحەکەی دەدا بەسەر یەکا و تاک تاک چاوی لە کۆی دانیشتوانی ناو ماڵەکە دەکرد و وەک شتێک بیەوەی یەکێک بۆی بسێنێتەوە تا پشتی شەوگار بە قسە و بیرەوەری بشکێنن و قسەکەیان بەو شوێنە بگەیەنن کە مەبەستی ئەم دانیشتن و خڕبوونەوەی ئەو شەو بوو. دایکم وتی ئەرێ کاکە حەسەن وەڵڵا راستە، بەخوا خاڵۆ خوا هەڵناگرێ خێزانێکی پاک و پوختە و وەئەدەبت هەبوو، ئەو ماوەیە کە هاوسێی ئێمە بوون خوا نەکا، ئێژی کەس لەو ماڵە نەدەژیا. جا خاڵۆ حەسەنیش سەری بەرزکردەوە و وتی ئەوەیش، خوا دەیزانی!! باوکم وتی بەخوا خاڵۆ ژیانی ئەم رۆژگارە ئەوەندە سەخت بووە، پیاو هەر دوعا بکات خوا خاووخێزان و منداڵی ساڵحانی بداتێ، بێ وەی و بێ مزەرەت ژیانیان بۆ بچواتە سەر. خاڵۆ حەسەنیش وتی خوا لە زارت بیبیستێ. جا دووبارە بێ دەنگییەکی تر بەسەر کۆرەکە سەپا.

خاڵۆ حەسەن سەری بەرز کردەوە و وتی مەبەست لەم زەحمەتەی ئەم شەومان کارێکی خەیر بوو کە ئەگەر رەزای خوا و خاوەن ماڵ و لە دواییش کچ و کورەکەی لەسەر بێت بە خەیر و خۆشی برواتە سەر. داواکارەکە سەری کردبووە خوار و هیچی نەدەگوت، لەم لاوە بابەم رووی تێکرد وتی سەر بە کام بنەماڵەن؟

– عەولا، عەولای قۆبخا ئەورەحمان

– ئێستا کاروباری باوکت چییە؟

– بزگیرە، بەڵام ماوەیەکە کەوتووەتە کاروباری بازاڕ و کۆڵ و کۆڵکێشی سەر سنووران دەکات.

نەمهێشت بابەم دووبارە دەست پێ بکات وتم خۆتان، لە خۆتان بێژن؟ وتی منیش هەروا لەگەڵ باوکما دێین و دەچین، خولاسە خەریکین. بەرە بەرە نۆرەی چای هێنانی حەلاو گەیشت، هەر بۆیە بە سینییە چاکەوە هات چووە بەردەمی خاڵۆ حەسەن و چایەکەی دانا، گەلە کە بۆی دەروانی، لێی ورد بوویەوە و منیش کە بۆ ئەوم دەروانی زەردەخەنەیەکی کرد و سەری داخست.


ئای لەم بەینە ئەوەی منی وەرەس دەکرد دایکم و باوکم بوون کە بەردەوام نەیاندەهێشت پیاو بیرێک بە مێشکیدا بێت و قسەیەکی رێکوپێک بکات، ئەوە بوو خاڵۆ حەسەن وتی کاکە هەڵسە بابرۆین، جا بابەمی کێشایە لایەکەوە بە چرپە قەیرێ قسەیان پێکەوە کرد.

هاتینەدەر و بەخێر هاتنیانمان کرد و بابەم وتی ئەگەر خوا رێکی خستبێت، ئەوە جۆر بووە و ئەگەریش نا خوا نە ئەو پەکی دەکەوێت و نە کچەکەی ئێمەش. خاڵۆ حەسەن وتی دەی ئەوە ئێمە چاوەڕێین.

دوای رەوانەکردنیان گشتمان هاتینە ماڵ و بابەم وتی حەلاو گیان ئەوە کورەکە بوو بە قسەی من مەکە، ئەوەی خۆت بە باشی دەزانی ئەوە بکە ئیدی شەوسوو قالێ

قوویەک بوو من نەکەنە تاوانبار. لە سبەینێدا کە گەلەیش چوو بۆ ماڵی یەکێک لە خوشکەکانی کە لە جوانرۆ دەژیا، باوکم لە نیوەڕۆدا لە بازاڕ گەڕایەوە و ڕووی دەمی لە حەلاو کرد و وتی من تا ئێستا چووم لە چەند ناسیاوێکی خۆمم پرسیوە ئێژن ئەم کوڕە تازە لە زیندان ئازاد کراوە و بە تاوانی ئەوەی ژنی پێشووی خۆی خنکاندووە، گوایە حەزی بە قەیافەی نەکردووە و بەردەوام تۆراوە تا دەستی دوا ئاخر باوکی تەلاقی لێ دەخات و پێی دەڵێت بڕۆیتە ئاسمانگ و بێیتە زەوی بوون و نەبوونت بەم کوڕەوە بەستراوەتەوە و تازە پێوەنێکە و لێی جودا نابیتەوە، بۆیە ئەویش دوای گەڕانەوەی دەیکاتە هاتوهاوار و شووەکەیشی دەست دەنێتە بانی دەمی تا ساردی دەکاتەوە و دەیخنکێنێت، منیش خوا هەڵناگرێ لە یەک و دوویەترم پرسی دەیانگوت خێزانێکی باشن و لەوەتەی لەم شارەن خراپەیەکیان بۆ کەس نەبووە و ئەمەیش موقەدەرێک بووە ئەو کوڕە بەستەزمانەیان تێی کەوتووە و بووەتە ئیزراییلی گیانی ئەو دەڵە شڕەیە.

حەلاو کەمێ حەپەساو، دوایی وتی باوکە ئێوە ئێژن چی؟ دایکم دەرپەڕی و وتی هەر لێرە کپی بکەنەوە با بڕواتە ژێری عەرز و کەس نەزانێ. ئەم پیاوە قەوچیلە کە ئەمەی زانی بۆ ئەم کوڕەی داوە بەر خۆی و هێنایە ماڵ، خوا بیزانێ ئەم خەڵکە سەیرن، لاوە جواوی بکەن بێژە هەر باسی مەکەن. باوکیشم وتی خۆتان، خۆتان دەزانن، وەک شتێ بیەوێت ڕێیەکی تێ بهێڵێتەوە وتی ئەگەریش بە سەلاحەتی دەزانن تا بچم و زیاتر هەواڵپرسی بکەم، دایکم وتی کوڕە پیاوەکە ئەو کوڕە لەگەڵ حەسەن لە زیندانا یەکتریان ناسیوە، دوێنێ شەو لە قسەکانی ئەوەم بۆ دەرکەوت هەبێ و نەبێ لەوێ یەکتریان ناسیوە، ئاخۆ مەگەر هەر ئەوە نەبوو ئەویش لەسەر مەسەلەیەکی ناموسی، کوڕەکەی قەتڵێکی کردە ڕیشییەوە و ماڵەکەی کرماشانیان هەراجی فرۆش کرد، مناڵەکانی هاوردە جوانرۆ و خۆی لە باتی کوڕەکەی چووە زیندان، حەلاویش دۆش داماو و خەمناک هەنگاوەکانی هەڵگرت بۆ ئەو ژوورەی پێشتر دایکم لە هاتنی داواکار بۆحەلاو ئاگاداری کربوومەوە، لە داخستنی دەرکەی ژوورەکە بوو کە تنووکە فرمێسکێک لەسەر گۆنای خلیسکاو کەوتە سەر قاڵییەکە و لەو کاتەدا هەستم کرد قاڵییەکە ڕەنگ و نیگاری گۆڕا و کەوتە جووڵە جووڵ و هەڵقوڵێن و لەو نەخشونیگارەی پێی بەخشرا بوو، وەدەرهات و دەیویست دیمەن و نیگارێک بنووسێتەوە خەمەکانی لەبن نەهاتووی کیژ و جحێڵەکانی ئەم شارە تا ئەو سات و کاتە نەیدرکاندبوو، تەواوی ئەو قۆناغانەی بۆ ئەوەی قاڵییەکی بە تەواوی تایبەتمەندییەکان لێ بەرهەم بێت وەکو دیمەن و نیگارێک بە مێشکمدا هات و چوو، لەپڕ کەوتمە ڕێ و دەست لە پێ شۆڕتر گەڕامەوە و لە نەهامەتیشا پێم هەڵنگووت و سەر و گوێلاکم کێشای بە شڵپاو و قوڕاوی کۆڵانەکە، حەساوی تەوسامەوە، بە خزە خز خۆم گەیاندە دیوارەکە و پاڵم دایەوە، ئاخ خ خ! تازە بیرم چوو بۆ کوڕەکەی ئێوارێمان کە بڕیار بوو لەسەر هەرای شڕ و شەواڵی قوڕاوی ئەم دۆخە ناڵەبارە دەبایە لەگەڵ خێزانم بمبەستبایە.



# دەنگێ کەوان ژی نەما

**بەهلوول زەلال**
**(ئامەد)**

خانییێن سپی، ژ کەڤرێن شەکری پێکهاتی، مینا قەسرێن میران، ژ دوور ڤە خویا دکن. ئەز د ناڤ زەڤییێن بێخوەدی مایی رە، ل بەر دیوارێن هێرڤی  ییێن رێزێن هشکبوویی دچم، بەر ب گوندێ خالی ڤە. ب متالەیەکە مەزن کەڤرەکی دئاڤێژمە هەر چالا کو ئەز دگهمێ. کەڤر ل کێڤر دکەڤە. بنێ چالان چکزوا نە. چال ژ ئاڤێ خالی نە، گوند ژ مرۆڤان.

دیوارێن حەوشان هێرڤینە. ئاڤێ، خوە بەردایە ناڤبەرا دیوارێن بلند ییێن خانییێن بێدەری و بێپەنجەرە کو هەموو ب هۆستەتیا هۆستاییێن سوریانیان ئاڤا بوونە. بێهنا گیانەوەران نایێ. شەرەکی قەومیە. پێلاڤێن کەڤن، پاچکێن رزی. نە شوونا تفکەکێ، نە قوونکا جغارەیەکێ. نە ئەوت ئەوتا سەیەکی، نە پسیکەکا چاڤبترس. نە دەنگێ دیکەکی. نە بارینا مێشنەکێ.

بەهیڤێن هشک د شاخان دە پووچ بوونە، جهێ مێوێن تریێ مەزروونە، بوونە هێلینێن کوندان. تەنێ دارێن هەژیران ل بەر دیوارێن رێز دە، شاخێن خوە ل گۆری خوەستەکە دلێ بایێ زڤستانا زوا، دبنە ڤی ئالی و وی ئالی. نۆلا شێنییێن ڤی گوندی کو ل دەر و دەڤەرێن دوور بەلاڤ بوونە.

من ژ سەری ڤی دیاری، کەڤرەک ئاڤتبوو زارۆکەکی. کەڤر ل نیڤێ سەرێ وی کەتبوو. خوینێ گۆتبوو، تو هەرە و ئەز تێم. چەند شەڤان شێڤەدەر مابووم. هەتا باڤێ من چووبوو گوندێ مالا خالێ من، هێ ژ نوو ڤە چووبوومە مالێ. کو بەرف دباری، ئەم دچوونە سەرێ دیێر، ئەم ل سەر کیسێن نایلۆنی روودنشتن، مە ب هەر دو دەستان سەرێ نایلۆنی دگرت و مە هەر دو لنگێن خوە هلددانە ژۆر، هەتا ب بنێ نەوالێ، ل سەر پشتێ، ب یەک جارێ ئەم دشەمتین. رۆژا کو بەرف دباری، رۆشانا مە زارۆکان بوو، رۆشانا بەرفێ.

دەما هن دهاتن گوند، مرۆڤ دەردکەتن سەرێ بانان، دەڤێ پەنجەرەیان، ل کەسێن هاتی دنهێرین بمتاله، ب چاڤێن پرسیار. ئەز دگهمە ناڤ مالان. نە کەسێن ل سەر بانان و نە ژی چاڤێن پرسیار، من پێشوازی دکن. کراسێ مرنێ ل خوە کربە ڤی گوندی. بێهنا بێدەنگیێ تێ، ژ هەر دەرا گوند. بێدەنگیەکە کو دلێ مرۆڤ دگوهێژە، لاش دلەرزینە.

نۆلا کو شوونا شەرەکی گران بە، نۆلا کو کەروانێن تالانێ د ڤی گـــوندی رە دەرباس بوونە. دەریەک، پەنجەرەیەک نەمایە ل بەر خانیێن بێخوەدی. دەری و پەنجەرەیێن خانیان مینا دەڤێ چێلیکێن حەجحەجیکان ڤەکری نە، تی و برچی نە.

ئەز گۆڕا باپیرێ خوە زوو دبینم. گۆڕا کو بەری بیست سالان من کۆلا بوو و پشتی ب مەهەکێ مە دەڤ ژێ بەردا بوو. گۆڕا مەتا من ئا کو ل ڤێ دەرێ مابوو ب تەنا سەرێ خوە. مەتا من ئا کو ب گولەیێن زالمان هاتە کوشتن، د هندروێ ترمبلەکێ دە، کو کەسی نەوێریبوو بهاتە ئەو بناخ بکرا. ئەز بڕیارێ ددم کو گۆڕا هەری داوی ئەڤە، یێ ل ڤی گوندی هاتیە کۆلان. ئەڤە، گۆڕا نوو. گۆڕا کوشتیا ب تڤنگا زلمێ.

وەکە کو ڕۆژەکە ڕۆژا باتزمیێ(*) یە.وەکە هەر جارێ، مال ب مال، ئەز ل ناڤ گوند دگەڕم. مالێن ڤک و ڤالا کو شێنیێن وان ب دنیایێ کەتنە. شێنیێن کو ژ ئاخا خوە، ژ چیاییێن خوە، ژ مرییێن خوە دوور کەتنە، دوور بەلا وەلا. نە کەسەک شەکرەکی پێشکێشی من دکە، و نە ژی گوشت و برنج تیننە بەر من. نە سفرە ڕاخستی نە، نە بێهنا کولیچەیان بەر ب پۆزێ من ڤە تێ و نە ژی هێکێن نەقشاندی د سالکێن قەسەبی دە ل هێڤیا منن.

تشتەکی بالا من دکشینە، دەما ئەز ژ گوند دوور دکەڤم، ل سەر دیارەکی کو گوند ژ هەمبەر ڤە دبینە. کەو، دەنگێ کەوان ژناڤ ڕەزێن ڤی گوندی کێم نەدبوو. ژ سەرێ دیاران، کەوان بانگی هەڤ دکر. دەنگێ قاقبۆ، ل ناڤ نەوالان ئۆلان ددا. نە داڤکێن ژ دوڤێ هەسپان چێکری و نە ژی تڤنگێن نێچیرڤانان تو جاری کەو ژ ڤان چیایان کێم نەدکربوون.

ژ شڤانێن کۆچەران، کو پشتی ب بێهنەکێ تووشی وان دبم، دپرسم: " ئەڤ دەمەکە درێژە، ئەز ل دەروودۆرا ڤی گوندی دگەڕم، لێ دەنگی کەوەکی نەدهاتە بەر گوهێ من. ئەڤ چیا، ئەڤ نەوال جه و وارێ کەوان بوون. گەلۆ هوون نزانن، چ ب کەوان هاتیە؟"

شڤانەکی ژ وان، خویایە کو مەزنێ هەموویانە. تەمەنێ وی ل دەردۆرا هڤدە سالانە لێ وەکە کالەکی خوەدی تەجووبەیێن سالان تەڤدگرە. ب دەستێ چەپێ، تڤنگا ل ملێ خوە دگرە، ب شڤا د دەستێ ڕاستێ دە، گوندێن هاویردۆر یێن ڤالابوویی نیشان ددە و دئاخینە: " دەنگێ کەوان ژی نەما، ل ڤی وەلاتی. پشتی کو گوند ڤالا بوون، هێک و مریشک ژی نەمان، کیڤرۆشک ژی نەمان، کەڤۆک ژی نەمان. پشتی کو گوند ڤالا بوون، هێک و مریشک ژی نەمان کو قووزک بخوین. کو دبە شەڤ، قووزک دەردکەڤنە نێچیرا هێکێن کەوان. کو ب دەست بخن. کەوان ژی دخون. ژ بەر ڤێ یەکێ، ژ زوو ڤە یە دەنگێ کەوان ل ڤان دەران نایێ بهیستن."


کەو، هێک، قووزک، هێلین، چێلکەو.......

باڤێ من، چەند شەڤان ل بەر کۆزکا مریشکان بووبوو نۆبەدار. خەڤک و ژەهرا کو ل بەر قووزکان داتانی. تڤنگێن کو بەری وان ددا. چەند پۆستێن قووزک و ڕۆڤیان فرۆتبوو خانایێ سوریان..

پشتا خوە ددەمە گوندێ وێران، بەرێ خوە ددەمە وەلاتێن دوور. مرییێن گوند، ب یەک جارێ ڕادبنە ژ پێ. ژ سەرێ دیارێ گوند، ب کەڤرێن هەستەم ئێرشی من دکن. هەموو کەڤر ل سەرێ من دکەڤن. خوینا ژ سەرێ من دحەرکە، چالا د نەوالێ دە تژە دکە. ڕەفەک کەو، ل سەر سەرێ من دفرە. لحێفا ل من پێچایی، ب یەک جارێ دئاڤێژمە هێلا دن. ب قیرینا من رە، هەموو شێنیێن مالێ، ل سەرێ من کۆم دبن. هەڤسەرا من، ب هەر دو دەستان، ملێ من هشک دگرە.

" کەوێن چ حەیران، مرییێن چ؟"

*** باتزمی: ڕۆشانا ئێزیدیان**



# سەرتەتەی بن مافەتە

**هومایوون خوسرەوی دێهکوردی**
**لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**

دەریا شەپۆل دەدا، هاوسەرەکەم لە پاڵ تاقە دارێکی سەر زینووی ڕۆخەکە ڕاوەستاوە و چاوی لە شەپۆلەکانی زەریا بڕیوە. بوومی وێنەکێشانی لەسەر سێپەکێکی بەرز بەرەو ڕووی خۆی داناوە و پەڕەمووچەی بە دەستەوە گرتووە. ڕێکۆردەرێک لە سەر مێزی بن دارەکە دانراوە و سۆناتی ژمارە نۆی بتهۆڤن لەگەڵ هاژەی شەپۆلەکان ئاوێتە دەبێ؛ سۆناتی کرۆڤیتزێر. پیاو بە بیستنی ئەو هەوایە چیرۆکی تۆڵستۆی وەبیر دێتەوە. کەمان و پیانۆ شانبەشانی یەک دەڕۆن و هێندێ جاریش لێک دووردەکەونەوە. برێ جار دەنگی یەکیان دێت و بیسەر بۆ دادوەری بانگهێشتن دەکات و هێندێ جاریش دەنگێکی تر دەناڵێنێ. دیمەنەکە تەواو هونەرییە و من چەند هەنگاو لەولا ترەوە لە سەر عەرزی، لەسەر چۆک بەرەو ڕووی دانیشتووم و سەیری دەکەم.

سالآنێک لەمەوبەر کە ناخم لیپاولیپ لە عەشق و هەزاران لاپەڕە ڕۆمانی سیاسی و هونەری بوو، وەک لاوێکی خەباتگێڕ لە هاوڕێ و هاودەمێکی هاوبیروڕا دەگەڕام تاکو ژیانی هاوبەشی لەگەڵ پێکبێنم. دەمویست لەگەڵ کچێکی هونەرمەندی شۆڕشگێڕ هاوسەرگیری بکەم.

بەهاری ئەو ساڵە هەوایەکی خۆش و سازگاری هەبوو، شەوێک کە ناخم لێوڕێژ بوو لە هەست و نەشە، دیتم ئەو کراسێکی هاورێشمینی تەنگ و لووسی لەبەردا بوو و باسی بێ بەشی و چارەڕەشی گەلانی ستەم لێکراوی دەکرد. هەست و سۆزی لاوی لە دەروونمدا کەڵەکە ببوو و وزەی ئەو خواردنە چەور و شیرینانەی چەند ڕۆژ لەمەوبەر خواردبووم ئاراوقارای لێ هەڵگرتبووم.

کچە بەنازەوە چاوەکانی خوماردەکرد و باسی چەوسانەوەی چینی کرێکار و زەحمەتکێشەکانی دەکرد. لە ژێر تریفەی مانگەشەودا، سواری گەمیە ببووین و بە سەر دەریای مەند و بێ شەپۆلدا بە ئارامی سەوڵمان لێدەدا. لە نزیک یەکتر

دانیشـتبـووین. هەناسە گـەرمەکەی لە دەموچاوم دەدرا. دەتگوت ڕوومـەتم ڕەنگ دەکا... لە ناکـاو هەسـتم کـرد خـەباتگێـڕترین و هونەرمـەندترین کـچی دنیـا بەرەو ڕووم دانیشـتـووە و بە گـیـان و بە دڵ ئاشـقی بووم و کـاتێک دایکی وەبیـــری هێنایەوە کـــە مـــانگەکـــانی پارێز و خواپەرستی نزیک بۆتەوە، زۆر بە پەلە زەمـاوەندەکـەمان ساز کرد.

یەکـەم مـانگەکـانی ژیانی هاوبەشیـمان هەمـوو توانای خۆم بۆ ئەوە خستە کار تاکو تێی بگەم و بزانم چی لە ناخ و مـێشـکیـدایە و زۆری نەخـایاند کـە ئەوی وزە و هێـزی هەمبوو لە کارم کرد و هیچم بە هیچ نەکرد.

ئێسـتـا ئیـتـر بەهار تێپـەڕیبـوو و بەجێی باس کـردنی خـەڵکانی هەژار و چەوسـاوە، بە ڕۆژدا لـەم دوکـانەوە بۆ ئەو دوکان بۆ کڕینی کەلوپەلی ماڵ و مۆبیلیاتی قیـستی دەسـووڕاینەوە، بەڵام من بیـرم لە شکست نەدەکـردەوە و بڕیارم دا ئەو هەر بەو جـۆرە ببـینم کـە لە خـەیاڵـمدا بوو. ئەوم نارد بۆ فێرگەی وێنەگەری تاکو لەلای مامۆستایانی شارەزای هونەری وێنەگـەری، ببێـتە وێنەگـەر. شوکـر بۆ خـودا هەوڵ و زەحـمـەتەکـانم بە زایە نەچوون و بـوو بە وێنەگـەر. ئێـســتـا لە ڕۆخی دەریا، لە سـەر زینووی لێوارەکـە و لە ژێر تاقـە دارێکی پڕ لک و گەڵا خـەریکی وێنەگەرییە.

کەمان و پیانۆ، کۆتایی بە سۆنات دێنن. لە سەر چۆک دانیشتووم و لە ژنە وێنەگەرەکەم دەڕوانم و هەست دەکەم بە ئاوات و کاوی دڵم گەیشتووم.

پەرەمووچەکە لە بۆبە هەڵدەکێشێ و بە وردی سەیری شەپۆلەکان دەکا. لە سەر چۆک بەرەو ڕووی دانیشـتـووم و چاوم لە دەمی بڕیوە. هەمـــوو جـــووڵانێکی لێـــوی و سـووڕاندنی سـەری ژمـارەی لێـدانی دڵم دەباتە سـەرێ. هاوسەرەکەم تەنیا لە دەریا دەڕوانێ و لێوەکانی نابزێوێ. ئەو لێـوانەی ئەگـەر بجـووڵێن، لەڕێوە دەسـتـوور دەدەن. چاوێک کـە هەر کـات لە سـەر مـن دەگـێـرسـێـتـەوە، حوکـمـێکم لێ دەکـات: «چایی... چایی» خـۆزگـە هەر بیگوتبایە چایی، یان چاییەکە دەبێ گەرم و کوڵاتوو بێ، بەڵام دەزانم وەک چەند خـولەک لەمـەوبەر دەنگی بەرز دەکـــــــاتەوە: «ئـایس تـی... ئـایس تـی...» یـانـی پەرداخـێکی گـەورەی پڕ لە چایی کـە سـەهۆڵ لە ناویدا هەڵچێ و داچێ. پێم دەڵێ کـە دەسـتـۆیڤـسکیش ئایس تیی خواردۆتەوە.

هاوسـەرەکـەم لایەنگری ڕێبـازی ڕەسـەنایەتیی ڕەنجە. دەڵێ دەسـتـۆیڤـسکیش لایەنگری ئەو ڕێبـازە بووە. دەڵێ ڕەنج هونەرمـەند دەخـولقێنێ. هەر وەک دەسـتـۆیڤـسکی خـولقاند، بتـهـۆڤنی خولقاند. هەروەها ڤـانکۆخ. گـوایە مـامۆسـتـای وێنەگـەرییـەکـەشی سـەر بەو ڕێبـازەیە. هەر کاتێک چاوم پێی کەوتووە ئاوا ئەم ناوانەی بەدوای یەکا ڕیز کردووە.

هەڵبـەت منیش زۆرم ڕەنج و ئازار چەشـتـووە. شـەو و ڕۆژ ئەوم بردووە بۆ فـێرگـەی وێنەگـەری و هێناومـەتەوە و بە کاروباری ماڵێ ڕاگەیشتووم تاکو ئەو بتـوانێ کاروبارە هونەرییەکانی پەرە پێ بدا.

چاوی لە شەپۆلەکـان بڕیوە. بە قـووڵی دەڕوانێ و چاوی ناترووکـێـنێ. لە خـۆم دەپرسم، بڵـێـی بە دوای چیـــدا بگەڕێ؟ لە ناکاو بانگم دەکا:

– « نارەنج، جگەرەیەکم بۆ داگیرسێنە.»

منیش دەستەونەزەر ڕادەپەڕم و دەڵێم:

– « بە چاوان!»

پاشان چاوێک لە جگەرە کوژاوەکەی پێشوو دەکەم کە لەســـــەر زەوی کــــەوتووە. جگـەرەیەکی دیکـەی بۆ دادەگـیـرسـێـنم و دەینێـمـە بەینی لێـوەکـانی، تاریفی تابلۆکەی دەکەم:

– « زۆر جوان و بێ وێنەیە، تورنجە خۆشەویستەکەم!»

هاوسـەرەکـەم حـەز دەکـا یەکـتـر بەنـاوی نارنج و تورنج بانگ بکەین.

دەڵێ زۆرم حـەز لە ڕەنجی نێـو ئەو دوو وشـەیە هەیە و جـۆرێک حـاڵم دەگـۆڕێ کـە لە ڕەسـەنـایەتی شـتـەکـان تێدەگەم.

ئەو لە خواردنەکانیشدا حەزی لە برنجە و لە ڕەنگیشدا زۆری ڕەنگی نارنجی پێ جوانە.

هەر وا لەسـەر چۆک دانیـشـتـووم و چاوی لێـدەکـەم. هاوسـەرەکـەم دەڵێ بە دوای سـووژەیەکـدا دەگـەڕێ تاکـو ببێتە سەرچاوەی ئیلهامێکی هونەری بۆی، بەڵام مخابن! تەنانەت ماسییەکی مردووش بە سەر ڕووبەری دەریاکەوە دیار نیـیـە. بۆ بەدبەخـتـی منیـش ناتوانم ڕووداوێکی بۆ بخولقێنم تاکو بۆی ببێتە ئیلهامی هونەری.

شـەش سـاڵ مـاڵداریم کردووە تاکـو بچێت بـۆ فـێـرگـەی شێوەکاری و هونەرەکەی گەشە پێ بدا. لە من دەڕوانێ و دەریاکەم نیشان دەدا:

– «نارنج! خـۆشـەویسـتـەکـەم! سـەیری دەریا بکە چۆن

شەپۆل دەدا. ئەگەر ئێستا گەمیی ماسیگرێکی پیر لەگەڵ شەپۆلی دەریا ململانێی بکردبایە، دەبووە مۆدێلێکی باش بۆ تابلۆکەم.»

دەستووری خۆی داوە. لەسەر ڕووبەری دەریا و ڕۆخەکە مووبەموو بە دوای گەمییەک و ماسیگرێکی پیردا دەگەڕێم، بەڵام نە هیچ گەمییەک وەبەر چاو دەکەوێ نە ماسیگرێکی پیر، دەزانم ئیتر ماسیگرە پیرەکان باویان نەماوە و توانای ئەو کارانەیان نییە. ئێستا پیرە پیاوەکان لە ڕۆخی دەریاکە دەسووڕێنەوە و بنێشت و جگەرە دەفرۆشن.

لە سەر چۆک، لە پیرە پیاوێکی پشت چەماوەی جگەرەفرۆش دەچمە پێشێ و بەستەیەک جگەرەی مارلبۆرۆی سووری قوڵەی پاکەت مقەبایی - جگەرەی تایبەتی هاوسەرەکەم - لێدەکڕم، خێرا بۆی دێنم و دەستە ناسک و هونەراوییەکەی ماچباران دەکەم.

پاکەتە جگەرەکە لە نزیک تەپڵەکی لای بوومەکە دادەنێ. دەستەکانی بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕێ. سۆز و هەستێکی شۆڕشگێڕانە لە نێو چاوە هونەرخوڵقێنەکانیدا شەپۆل دەدا. لێوەکانی وەکو ئاڵایەکی سوور دەشەکێتەوە:

- «خۆزگە پاپۆڕە جەنگییەکەی پۆتمکین لەوێ بوایە، لە سەر ڕووبەری دەریاکە، تاکو من تابلۆیەکی هەرمانم لێ بخوڵقاندبایە.»

ئەی خودایە گیان! ئێستا من پاپۆڕی جەنگی پۆتمکین لە کوێ پەیدا بکەم؟

دیسان لەسەر چۆک دەچم بۆ لێوارەکە و وەک چاوئێشەدار بۆ پاپۆڕی جەنگی دەگەڕێم.

بۆم پەیدا نابێ و بە جێی ئەو پەرداخێکی گەورەی چایی بۆ دێنم کە سەهۆڵ لە نێویدا هەڵدەچێت و دادەچێ. فرمێسکی حەسرەت لە چاوی هاوسەرەکەمدا شەپۆل دەدا. چاییەکە لە لای لاقی دادەنێم. خۆم بە شەرمەزار دەزانم کە نەمتوانیوە بۆ دۆزینەوەی ئیلهامە هونەرییەکەی هیچ یارمەتییەکی بدەم، تەنانەت نەمتوانیوە پاپۆڕێکی جەنگی بێ بایەخی بۆ پەیدا بکەم، بۆیە داوای لێبووردنی لێدەکەم.

لەم کاتەدا لە ناکاو هاوسەرەکەم پەڕەمووچەکەی هەڵدەڕێ و بە هەیەجان و دڵخۆشییەوە لە ڕەنگەکانی هەڵدەکێشێ. لەم ڕەنگەوە بۆ ئەو ڕەنگ. خێرا خێرا چاو لە دەریا و بوومی شێوەکارییەکەی دەکات. دڵم لە خۆشیاندا کەوتە کوتەکوت. گوتم ڕەنگە شتێکی پێ ئیلهام کرابێ. پەڕەمووچەکەی لەم لاوە بۆ ئەولا دەکێشا و ڕەنگەکانی لە بوومەکە هەڵدەساوی. چاو لە دەریاکە دەکات و دیسان چاوی لەسەر بوومەکە دەگێرسێتەوە. منیش سەر هەڵدەبڕم و لە دەریاکە دەڕوانم. ژنێک لە لێواری دەریاکە ڕاوەستاوە و هاوار دەکات و دەگری و ڕوومەتی خۆی دەڕنێ.

منداڵێک لە نێوان شەپۆلەکاندا هەڵدەچێ و دادەچێ. ژنە بۆ لای ئێمە دەستی ڕادەتەکێنێ و داوای یارمەتی دەکا.

هاوسەرەکەم بە وردی و خێراخێرا چاوی لە سەر دەریا و منداڵەکە و بوومەکە دەگوێزێتەوە و پەڕمووچەکەی لە بۆیە هەڵدەکێشێ و بە بوومەکەیدا دەساوێ. هاوار و گریانی ژنە بێ ئیختیار لە جێی خۆم ڕاپیەڕاندم. ئەژنۆکانم تەزی بوون و ژانیان دەکرد. ژنە زیاتر دەنگی هەڵدێنێ و زیاتر دەستی بۆ لای ئێمە ڕادەتەکێنێ. بە پرتاو هەڵدێم تاکو بچم بۆ یارمەتی، کەچی دەستی هاوسەرەکەم توند لە شانم دەگرێ و ناهێڵێ بڕۆم. هەنیشکێکی تێدەکوتم و خۆم لە دەستی ڕادەپسکێنم و بەرەو لای دەریاکە ڕادەکەم. لە دوای خۆمەوە گوێم لە دەنگی هاوسەرەکەمە هاوار دەکات و دەقیژێنێ.

بە قەڵافەتێکی ڕاست و بەهێزەوە هەر دوو دەستم لێک بڵاودەکەم و پێ دەنێمە نێو دەریاکەوە، خۆم دەگەیەنمە منداڵەکە و لە چنگ شەپۆلەکانی دەردێنمەوە، لە باوەشی دەگرم و دێمەوە دەرێ.

قیژە و هاواری هاوسەرەکەم هەر وا لە دوورەوە دێتە گوێم و بە تووڕەیی سەر و دەستی ڕادەوەشێنێ:

- «ئەم پیاوە ئیلهامی هونەرییەکەی کوشتم. ئەم پیاوە دەستی لە کاری سروشت وەرداوە. ئەم بۆرە پیاوە نەزانە دوژمنی منە. دوژمنی هونەرە. ئەو ئیلهامی هونەرییەکەی کوشتم...»

**سەرچاوە:**

**«داستانهای پنجشنبه» برگزیدەی بیست داستان کوتاه از یازده نویسنده . گزینش: جمال میر سادقی، چاپ اول ۱۳۷۵ انتشارات مهناز تهران.**



## فەرۆخ نیعمەتپوور:
## ناکرێ ئەدەبیات سیاسی نەبێت، ئەدەبی پۆست مۆدێرنیزمیش بەردەوام قاڵب شکێنە

**ئا: غەمگین بۆڵی**

زۆرن ئەوانەی بە بێ دەنگی و ئارامی و لەوپەڕی پەراوێزی هەندەرانەوە دەنووسن، وەلێ کە دنیای ئەلیکترۆنیات جیهانی بچووک کردۆتەوە، ئەوان بەبەرهەمەکانیان دەهێنێتەوە کوردستان. یەکێک لەوانە (فەرۆخ نیعمەتپوور) ە، کە هەم وەک نووسەرێکی جواننووس و هەمیش وەک چیرۆکنووس تا ئەندازەیەکی باش جێگەی خۆی لە نێوەندی ئەدەبی کوردیدا کردۆتەوە، بە بڕوای بەشێکی توێژەرەوانی بواری ئەدەب لە چیرۆکەکانی فەرۆخ نیعمەتپووردا ئاسۆی جوان بەدی دەکرێن، ئەگەرچی لەم چەند ساڵەی دواییدا بەرهەمەکانی وەک پێویست لە ڕووپەڕی بڵاوکراوەکاندا نابینرێن، وەلێ هەمیشە بەبەرهەمی تازەوە لە ماڵپەڕی (قەڵەم) دەردەکەوێت، لە چیرۆک و ڕۆمانەکانیدا کارەکتەری جیاواز و لە بەشێکی نووسینەکانی تریشی فەلسەفەیەکی جوان بوونیان هەیە. فەرۆخ نیعمەتپوور ئێستا لە وڵاتی نۆرویژ دادەنیشێت و چەند کارێکی وەرگێڕانیشی لە زمانی ئەو وڵاتەوە بۆ کورد کردووە.

ئەم نووسەرە لە ڕووی بەرهەمەوە دەوڵەمەندە و لە زۆر بواری جیاوازدا خاوەن کتێبگەلێکی چاپکراوە. ئێمە لەم هەڤپەیڤینەدا هەوڵمان داوە لەبارەی ئەو بەرهەمانەوە قسەی لەگەڵ بکەین و دواجار هەڵوەستە لەسەر ئەو پرسیارانەدا بکەین کە لە بارەی کارەکانی ئەوەوە هەمانە. هەڵبەتە پرسیارەکانیش بەشێکن لەو خوێندنەوانەی لەبەرانبەر بەرهەمەکانی ناوبراو، هەربۆیە دەشێت چۆنیەتی هەڤپەیڤینەکەش کەمێک جیاوازی پێوە دیار بێت. بەهەرحاڵ لەم هەڤپەیڤینەدا باسم لە پرسگەلێکی ئەدەبی هەستیار دەکەین، سەبارەت بە ئەزموون و بەرهەمە بڵاوکراوەکان و نووسینەکانی ناوبراو، لە تەک باسی ئەدەبیات بەگشتی و ئەدەبی ئەمڕۆی کوردی بەتایبەتی، کە ئەمەی خوارەوە دەقی هەڤپەیڤینەکەمانە.

***** وەک ئەو حاڵەتەی کەوا لە نووسیندا بەرۆکت دەگرێت و نازانی لە چییەوە دەست پێبکەیت، بۆیە منیش ئێستا نازانم لە کوێوە دەست پێبکەم! لەسەرەتای نووسینت، یان سەرەتاکانی خوێندنەوەت، ئایا ئەم دەستپێکەت چۆن بڕی؟

– سەرەتاکانی خوێندندەوەی من بۆ تەمەنی منداڵیم دەگەڕێتەوە، لە بیرم دێت ئەو کاتەی منداڵ بووم و لە قوتابخانەی سەرەتایی دەمخوێند، پوورم دەستی گرتم و بردمی بۆ کتێبخانەی منداڵان لە شارەکەماندا، کە ئەو کات لە ئیمکاناتی یەکجار کەم بەهرەمەند بوو. یەکەم کتێب چیرۆکێکی منداڵانە بوو لە سەر ئاژەڵ و مرۆڤ. پیرێژنێک کە میواندارییی کۆمەڵێک ئاژەڵ دەکا. لەبیرم دێت فەزا و حاڵوهەوای ناو چیرۆکەکە ئەوەندە سیحراوی و سەرنجڕاکێش بوو بۆم، کە هەتا ئێستاش سرپەکەی لە مێشک و دەروونمدا ماوە. ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوەی کە ئێستاش زۆر سەرقاڵی پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ سروشتم، لەم کتێبەوە هاتبێ کە ئێستا ئیدی ناوەکەیم لەبیر نییە (ئەها هاتەوە بیرم، ناوی کتێبەکە "مهمان ناخوانده" بوو!) لە بیرم دێت کە کتێبخانەکە و حاڵوهەوای ناوی، تەواوی سەرنجی ڕاکێشابووم. بە ئێستاشەوە یەکێک لە شوێنە خۆش و سەرنجڕاکێشەکانی دنیا لەلام کتێبخانەیە. شوێنێکی ئارام و بێ دەنگ کە لە بێ دەنگی خۆیدا دنیایەک قسە و ڕازی لە خۆیدا حەشار داوە. بێ دەنگییەک کە هەردەم چاوەڕوانی وشە و ڕستە و قسەی لێدەکەی. شوێنێکی ئارام کە لە دەروونەوە بێ ئۆقرەت دەکا. ئەو شوێنەی وا هەست دەکەی خاڵی دەستپێکی ناسینی دنیا لەوێوەیە. من عادەتی خۆم، هەتا کاتی ئاوارەبوونیشم بە کتێبخانە ڕاگرت، بەڵام کە لە نیشتمان هەڵبڕام، ئیدی بەو شێوەیە دەرفەتی ئەوەم نەبوو کە وەک جاران و وەک ئەوێ بتوانم ئاوێتەی کتێبخانە و دانیشتن لە ژووره سیحراوییەکانیدا بم. هەڵبەت ئەمە منی لە کتێب خوێندنەوە هەڵنەبڕی، بەڵام جۆرێکی تر لە خوێندنەوە لای من دەستی پێکرد کە ئیتر تاموبۆنێکی تری هەبوو. تاموبۆنی ئاوارەیی و ئێرە و ئەوێ. خوێندنەوە لە هەموو شوێنێک، بەڵام ئیدی بەدەگمەن لە کتێبخانە. نازانم هەر لەو کاتەوە ئەو هەستە چی بوو کە لەمندا سەبارەت بە دنیای کتێب و کتێب

**نووسەر نەک تەنیا نابێ منداڵیی خۆی فەرامۆش بکات، بەڵکو دەبێ ئاوڕدانەوەیەکی بەردەوامی لەسەر هەبێت.**

خوێندنەوە پێک هات؟ لەوکاتەوە من بوومە هۆگری کتێب و کتێب بوو بە بەشێکی گرنگ لە ژیانی من، دووانەیەک کە لە وڵاتی ئێمەومانانیدا پڕ مەترسییە!

ئەمە سەرەتای خوێندنەوە بوو، بەڵام وەک خۆت لە پرسیارەکەتدا باسی "سەرەتاکانی خوێندنەوە" دەکەی، ڕەنگە لە ڕاستیدا خوێندنەوە خاوەنی چەندین سەرەتا بێت. من ئەگەر ئیزنم هەبێ ئەم سەرەتایانە تەنیا بۆ یەک زەمەنی دیاریکراو و پێناسە ناگەڕێنمەوە. بە ڕای منیش "سەرەتاکانی خوێندنەوە" هەن، بەڵام ئەو سەرەتایانەی کە بە سەر قۆناغە جۆربەجۆرەکانی تەمەندا دابەش دەکرێن. ئەگەر خوێندنەوەی ئەو کتێبە، سەرەتای خوێندنەوەم لە تەمەنی منداڵیدا بوو، ئەوە لە بیرم دێت کە لە زەمەنی مێرمنداڵیدا سەرەتایەکی تر دەستی پێکرد. سەرەتایەک کە تێیدا بە گۆڕینی جۆری کتێبەکان، ئەزموونێکی تر دەستی پێکرد. لەبیرم دێت کە لەم قۆناغەدا یەکێک لە تایبەتمەندییەکان ئەوە بوو کە ئیتر چیدی کتێبەکان خاوەنی وێنە نەبوون، یان وێنەکان یەکجار کەمیان کردبوو، هەروەها وێنەکان زۆرتر ڕەش و سپی بوون. کە ئەم ڕەش و سپی بوونە جۆرێک لە حەماسەتی لە مندا دەجووڵاند. وێنە ڕەش و سپییەکان شتێک بوون لە نێوان ڕاستی و خەیاڵدا، نە وەک ژیانی ڕاستەقینەبوون و نە وەک فەنتازیایەکی ڕووت. کاتێک بۆ یەکەم جار لەو تەمەنەدا کتێبم بە دەستەوە گرت کە لە قەبارەدا گەورەتر و لە لاپەڕەدا زۆرتر و لە ڕواڵەتدا بۆ جیهانێکی ڕەش و سپی پاشەکشەی کردبوو، هەستێکی غەریبم تێدا دروست بوو. هەستم کرد کە ئیدی تێگەیشتن لەمە دژوارترە و دەبێ خۆم زیاتر ماندوو کەم، ترسام، بەڵام ترسەکە بە خوێندنەوەی پتر ڕژا. سەرەتایەکی تر دەتوانێ ئەو کاتە بێت کە لە تەمەنی پازدەساڵیدا دەستم دایە خوێندنەوەی ڕۆمان، کە ئەویش ڕۆمانەکانی "ڤیکتۆر هۆگۆ" بوون. (بیر لەوە بکەوە کە منداڵێکی پازدە–شازدە ساڵان خەریکی خوێندنەوەی نووسەرێکی ڕۆمانتیکی ئاوا مەزن و بەناوبانگە!) کەواتە لانی کەم من بە گوێرەی قۆناغ سێ سەرەتام هەیە، هەرچەند دەتوانم باس لە سەرەتاکانی دیکەش بە گوێرەی ئەزموونە نوێیەکانی دیکەشم بکەم، بەڵام ئەگەر بمەوێ ئەم سێ

قـۆناغـە هەڵسـەنگێنم، دەبێ بڵـێم کـە لە قـۆناغی دەستپێکردنی خوێندنەوەی ڕۆمان بوو کە یەکجار هەستم بە تەنیـایی کرد، چونکە بابەتەکە قورس بوو و کـەسیش نەبوو یارمـەتیم بدا. لە بیـرم دێت کـە پێشـەکـیـەکی دووردرێژ لە یەکێک لەم ڕۆمانانەدا لە سەر ڕۆمانتیسم نووسـرابوو کـە هەرچیم دەکـرد لێی حـاڵی نەدەبووم، بە ئیحتیاتەوە لە هەندێ کەسم پرسی، بەڵام بێ سوود بوو. ئیدی هەر لەوێوە ئەو هەست و بیـرە لە مێشکی دام کە ڕۆمان دەبێ یەکجار گرنگ بێت!

سەرەتای نووسین لای من لە تەمـەنی پازدە ساڵییەوە دەست پێدەکا، لەو تەمەنەدا لە ژێر کاریگەریی ڤیکتۆر هۆگـۆدا دەسـتم کـرد بە نووسـینی یەکـەم چیـرۆک، کـە هەڵبـەت قـەت بڵاو نەکـرایەوە، هەروەها لـەبیـرم دێت کـە هەمیشە دەفتەرچەیەکم لە گیرفاندا بوو کە تێیدا بیرە کتوپڕییەکانی خۆم تێدا دەنووسی. ئەم نۆت هەڵگرتنانە جاری وابوو تەنیا دوو سێ ڕستە بوون، جاری واش بوو خۆی لە لاپەڕە، یان زیاتر دەدا. کەمتر بۆ کەسی تریشم دەخوێندنەوە. دواتر دەسـتم کـرد بە نووسـینی شیـعـر، هەڵبـەت ئەم نووسینانە لە بەشی هەرە زۆریدا بە زمانی فارسی بوون. ئەوە دواتر لە تەمەنی بیست و سێ ساڵیدا بوو کـە نووسین بە زمـانی کـوردیم بە ڕێکوپێکی دەست پێکرد. نـووسین بـە فـارسی زەینی منی بۆ مـاناکـان ئامـادەکـرد. ڕاهێنانێکی یەکـجـار باش بوو، هەڵبـەت ئێستاش من بە زمانی فارسی هەر دەنووسم. زمانێک کە پێم خوێندووە و لەگەڵی گەورە بووم، بەڵام لە ڕاستیدا من بابەتە ئەدەبییەکانم زۆرتر بە زمانی کوردی دەنووسم. من هەر دووکی ئەم زمـانانە وەک زمـانی دایک سـەیر دەکەم.

* ئەگەر لەبیرت بێت یەکەم کتێب کە خوێندتەوە، چ کتێبێک بوو؟

– وەڵامی ئەم پرسیارەم داویەوە. کـتـێبـەکـە ناوی "مهمان ناخوانده" بوو. واتە میوانی ناوادە، میـوانێک کـە داوەت نەکـراوە و خـۆی کـتـوپڕ بە ژووریدا دەکـا. ئێستا، کە بیردەکەمەوە، دەبینم هەموو تەمـەنی ئێمە و ڕووداوەکانی وەک ئەو کتێبە وابوون، زۆربەی شتەکان بە ناوادەیی خۆیان بە ژووری ژیانی مندا کرد! ڕەنگە منیش وەک پیـرێژنێکی میـهـرەبان تەنیا وشەیەک کە لە زارم هاتە دەر ئەوە بوو کە وتم: "بەخێربێن!"

* ئەی یەکـەم بەرهەمی بڵاوکراوەت چی بوو؟ لە دوای بڵاوبوونەوەی هەستت بە چی کرد؟

– یەکـەم بەرهەمی بڵاوکراوەی مـن وتارێک بوو کـە لە گـۆڤـاری سـروەدا بڵاوکـرایەوە. بابـەتەکـە لە سـەر زمـانی یەکگرتووی کـوردی بـوو. ئەم بـابـەتەم لـە کـۆنگـرەیەکی ئەدەبی لە شاری بانەدا خـوێندەوە کـە تێیـدا لە زۆربەی شوێنەکـانەوە ئەدیب و شـاعیـر و لێکۆڵەر بانگهـێشـت کـرابوون. دوای خـوێندنەوەی بابەتەکـە لە کـۆنگرەکـەدا، یادی بەخـێـر مـارف ئاغـایی کـە لە ڕیزی دووەمـدا دانیشـتبوو، لەبەرم هەسـتا و دەستی لەگەڵ لێدامەوە و داوای لێکردم کە نوسخەیەکی بدەمێ. ئەم بابەتە دواتر لە گۆڤاری سروەدا بڵاوکرایەوە. ئیدی ئەمە دەستپێک بوو، لەوە بەدوا بەردەوام بابەتی من لە سروەدا بڵاودەکرایەوە. بابەتەکـانیـشم زۆرتر وتار و لێکۆڵینەوە و ڕەخنە بوون، لەگەڵ یەک دوو شیعرێکیش.

بڵاوبوونەوەی ئەم بابەتە هەسـتـێکی سـەیری لە چەند ڕوانگەوە لا دروست کـردم: یەکـەم ئەوەی کـە وەکـو گەنجێک بە دیتنی ناوی خۆم لە گۆڤارێکدا یەکجار خەنی بووم. دووەم ئەوەی کە زانیم ئیشێکم کردووە و توانیومە سـەرنجی کـۆمـەڵگای ئەدەبی و ڕۆشنبیـری بۆ لای خـۆم ڕابکێـشم. سـێیـەم زانیم لەمـەبەدوا دەرگـام بە ڕووی ناوەندە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکاندا کراوەتەوە، کە یەکجار بەلامـەوە گـرنگ بوو. چوارەم ئەوەی کـە زانیم ئیـتـر لەمەبەدوا دەبێ هۆشیارتر و ئاگادارتر بم و بە هەستێکی پترەوە لەبابەت بەرهەمەکانم بجووڵێمەوە. لە ڕاستیدا ئەوەی کـە لەسـەردەمی مێـرمنداڵییەوە خـەونم پێوە بینیبـوو، وەدی هاتبوو و ئیدی کەوتمە فاز و قۆناغێکی دیکەوە.

ئەگـەر بمەوێ ئەمـە بکەمـە بیـانوو بۆ باسکردن لە پێوەندییەکی کۆنی دۆستانە، دەبێ بڵێم کە لەوەبەدواوە لەگەڵ مارف ئاغایی پێوەندیمان زۆر خۆش بوو، وەها کە جگە لە پێوەندیی تەلەفۆنی، سەردانی یەکتریشمان دەکرد. دەزانی، هەمیشە هەستم دەکرد مارف لە من گەورەترە، بەڵام دوای پەرپوەبوونم و کۆچی دوایی مارف، زانیم لە یەک تەمەندا بووین! مارف هەمیشە هانی دەدام کە وتار بنووسم و لەم بوارەدا زیاتر خۆم ماندوو بکەم.

* لەبەشـێکی زۆری بەرهەمـەکـانی تۆدا، بەتایبەت چیـرۆک و ڕۆمـانەکـانت، کـارەکـتـەرێکی هێمن و دوورە پەرێز بوونی هەیە، کە هەمیشە حەز لە ژیانێکی ئارامتر دەکـات؟ ئایا ئەمـە تاچەند لەگـەڵ ژیانی ڕاسـتەقـینە و

کەسایەتی تۆدا یەک دەگرنەوە؟

– ئەگەر ئیزنمان هەبێ کە مرۆڤەکان بە سەر کارەکتەرە جۆراوجۆرەکاندا دابەش بکەین، دەبێ بڵێم کە کارەکتەری هێمن و دوورەپەرێز، یەکێک لە کارەکتەرە سەرەکییەکانی مرۆڤە و گەلێک مرۆڤ هەن کە ئەم خەسڵەتەیان وەک خەسڵەتی سەرەکی هەیە. واتە ئەگەر تۆ بتەوێ پێناسەیان بکەیت، دەڵێی ئەو کەسە هێمنە. دوورەپەرێزیش رەنگە بە دوای هێمنیدا بێت، چونکە کەسی هێمن خۆی لە هەندێ کێشە دەپارێزێ، بەڵام لێرەدا قسە لەسەر ئەوەیە کە داخۆ کەسی هێمن خۆی لەهەموو کێشەیەک دەپارێزێ، یان تەنیا خۆی لەو کێشانە دەپارێزێ کە پێوەندی بە توندوتیژییەوە هەیە؟ من پێم وایە کەسی هێمن، دوورەپەرێزە لە توندوتیژی، بەڵام لە خۆ تێکەڵکردن بە کێشە سەرەکییەکان کە پێوەندییان بە بوونی مرۆڤ و دۆخی کۆمەڵگاوە هەیە خۆی ناپارێزێ.

لێرەدا پێم وایە پرسیارەکە کەمێک ئاڵۆزە، هەربۆیە دەبێ کەمێک توخمەکانی لێک جیا بکەینەوە. بۆ وێنە لە رۆماندا چونکە کەسایەتییەکان زۆرن، دەبێ کەسایەتییەکی هێمنیش حوزووری هەبێ. وەک چۆن دەبێ جۆری دیکەش لە کەسایەتی هەبێ، بەڵام ئەگەر مەبەست ئەوەیە کە کەسایەتییە سەرەکییەکەی ناو رۆمانەکە هێمن و دوورەپەرێزە، ئەوە پێم وابێ لەگەڵ کەسایەتی سەرەکی رۆمانی پەرەسێلکەکانی کۆچدا نایەتەوە. لەم رۆمانەدا کەسایەتی سەرەکی هێمنە، بەڵام دوورەپەرێز نییە. لە رۆمانی ساڵەکانی خەونیشدا، کەسایەتی سەرەکی رۆمانەکە کە رەسووڵ باڵابەرزە، هێمنە، بەڵام دوورەپەرێز نییە. ئەو کەسایەتییەکی کۆنسێرڤاتیڤە کە لەم کۆنسێپتەوە خۆی لە قەرەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەدا.

سەبارەت بە چیرۆکەکانیشم دەبێ بڵێم کە کارەکتەری جۆراوجۆر لەم چیرۆکانەدا هەن، هەربۆیە ناکرێ هێمن بوون و دوورەپەرێز بوون بکەین بە دوو خەسڵەتی سەرەکی هەموویان. رەنگە ئەوەی کە سەرنجی تۆی راکێشابێت کە بە وەها بۆچوونێک بگەیت، ئەوەبێت کە کەسایەتییەکانی من لە بەرهەمەکانمدا خەسڵەتێکی رەخنەییشیان هەیە، خەسڵەتێکی رەخنەیی نەک هەر بەرانبەر بە کەسی بەرانبەر، یان دەسەڵات، بەڵکو بەرانبەر بە خۆیشیان و بە جۆری ژیانیان و بەرانبەر بە کۆمەڵگاکەیان. واتە رەخنە لە دوو پانتاییدا دەجووڵێ: جووڵەیەک بەرەو دەسەڵات و جووڵەیەک بەرەو خود. کە من پێم وایە ئەم خەسڵەتە جۆرێک لە هێمنی دروست دەکا، بەڵام دوورەپەرێزی دروست ناکا. بە پێچەوانەوە، کەسایەتی تاک لێرەدا ئاڵۆزتر دەبێ و ئیتر تەنیا لە دنیایەکی رەش و سپیدا خۆی نابینێتەوە و پێناسە ناکرێ. کەسێکی لەم شێوەیە ئیدی تەنیا هۆکارەکان لە دەرەوە نابینێتەوە، بەڵکو بە شوێن هۆکارە دەروونییە ئاڵۆزەکانیشدا دەگەڕێ. دیاردەیەک کە کۆمەڵگای ئێمە بە رای من یەکجار پێویستی پێی هەیە. بە بێ وەها بۆچوونێک من پێم وایە ئێمە لە دنیا سادەکەی جاراندا دەمێنینەوە و هەڵنادەینە دۆخێکی پێچاوپێچتر لە دنیای ئەندێشە و فیکردا. جگە لەوە دەبێ لەبیرمان بێت کە فیکر و دنیاش لەچاو جاران یەکجار ئاڵۆزتر بووە (نەک بەمانا نێگەتیڤییەکەی).

**ئەوانەی خەونی گەورە دەبینن، دەبێ هەر لەگەڵ خەونەکانیان بژین، دەنا پێوەندیی ئاسایییان لەگەڵ دەوروبەر لەدەست دەدەن.**

باس لەوە دەکەی کە ئەم جۆرە کەسایەتییە حەزی لە ژیانی ئارامترە، بەڵێ ئەگەر مەبەست ئەوەیە کە ئەم جۆرە کەسایەتییە چیتر تەنیا خۆی لە پێوەندی ئەوی تردا (کەسێک کە لە دەرەوەیە) پێناسە ناکا و هەربۆیە ئەمە کارێک دەکا کە ئەو خەسڵەتە هێرشبەرانەیەی جارانی نەبێ، ئەمە راستە. ئەم کەسایەتییە لە راستیدا ئارامتر دەبێتەوە (لە پێوەندی لەگەڵ ئەوی دی لە دەرەوەی خۆی)، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە کە حەزی لە ژیانێکی ئارامترە. ئەو تەنیا دۆخەکەی گۆڕانی بەسەردا دێت. بە رای من کەسێک کە دەبێ بە خاوەنی هەڵوێستێکی رەخنەگرانە لە ئاست خۆشی، ئەو جووڵە فیزیکییە کلاسیکییەی نامێنێ، بەڵام جووڵەی دەروونیی پتر دەبێ. نووسینی جددی بە رای من زۆر پێوەندی بە دۆخێکی وەهاوە هەیە، بەڵام با بێینە سەر دەستەواژەی "ژیانی ئارام". باشە تۆ پێت وانییە کە هەموو کەسێک حەزی بە ژیانی ئارامە؟ ئەوانەشی کە تووڕەن و ژیانێکی نائارام هەڵدەبژێرن، ئەو کەسانەن کە ژیانی ئارامیان لێ ستێندراوە، نائارام دەبن بۆ ئەوەی ئارامی بە دەست بێننەوە. کەواتە رەنگە سەرنجراکێشترین کارەکتەر ئەمە

بێت.

من بۆ خۆم هەم ئینسانێکی ئارامم و هەم وەک هەموو ئینسانەکان حەزم بە ژیانێکی ئارامە، ئەوەی کە ئەم جۆرە کەسایەتییانەی ناو بەرهەمەکانم تا چەندە لە من دەچن، دەبێ بڵێم کە نە تەنیا لە من دەچن، بەڵکو لە زۆربەی هەرە زۆری ئینسانەکانی دیکەش دەکەن، بەڵام جۆری ئەم لێکچوونە بە هۆی دۆخی ژیانەوە جیاوازن. هەر کەسێک بە جۆرێک بەرەو ژیانێکی ئارام هەنگاو هەڵدێنێ. یەک تەقەی بۆ دەکا و یەک لە کتێبخانەکاندا بە شوێنیدا وەیلانە، یەک بەرهەڵستکارە و یەک لەگەڵ دۆخدا دەڕوا، بەڵام ئامانج یەکێکە.

* لە ڕۆمانی (پەڕەسێلکەکانی کۆچ)دا ململانێی نێوان ڕەش و سپی و بیرەوەرییە تاڵ و خۆشەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە ئاوێتەبوونی ئەو دۆزە ناهەموارەی کەوا لە کوردستانی باشوور تێی کەوتبووی، لە ڕۆمانەکەدا ڕەنگیان داوەتەوە، ئایا ئەو پرسیارانە لەم ڕۆمانەدا بیانورووژێنی؟

- سەیرکە! دوو شت لەم کتێبەدا بە جۆرێک لە مندا پێکەوە گرێ دەدرێن: ئەزموونی دەسەڵاتداریەتی ئەوانەی وا لە جنسی ئێمە بوون (ئەمەیان ناڕاستەوخۆ لەم کتێبەدا خۆی دەنوێنێتەوە)، لەگەڵ ئەزموونی دوورەوڵاتی. ژیانی ئەوێ فێری کردم کە ئەوانەی لە جنسی خۆمانن دەکرێ ئەوە نەبن کە لەوە پێش خەونمان پێوە دەبینین. سەبارەت بە ئەزموونی دوورەوڵاتیش دەبێ بڵێم هەر کەسێک بە هەر هۆیەکەوە لە نیشتمانی دادەبڕێ، سەرەڕای دژوارییەکان، بەجۆرێک هومێدێک لە ئاییندەدا بەدی دەکا. من ئەم هومێدەم لەوێ مرد. زانیم کە نەدەبا بڕۆین، واتە نیشتمان جێ بێڵێ، چونکە ئەوەی خەونی گەورە بۆ نیشتمانەکەی دەبینێ، تازە ناکرێ دابڕێ. ئەگەریش دابڕێ، لەخۆیشی دادەبڕێ، بە ڕای من ئەوانەی خەونی گەورە دەبینن، دەبێ هەر لەگەڵ خەونەکانیان بژین (یان هەندێ جار مردن قبووڵ بکەن)، ئەگەر نەژین، پێوەندی ئاساییان لەگەڵ دەورووبەر لە دەست دەدەن. قارەمانی سەرەکی پەڕەسێلکەکانی کۆچ بە جۆرێک ئەمەی لە نەستدا هەیە، هەربۆیە ڕێگایشی بەفراوییە!

کەواتە ئەو پرسیارەی کە من دەمەوێ لەم ڕۆمانەدا بیجووڵێنم پێوەندی نێوان سێ کوچکەی (خەون - نیشتمان و کۆچ) ە، هەڵبەت لە سایەی شکستدا، شکستێک کە دوو لایەنی هەیە، شکستێک لەو دیو و شکستێک لەم دیو. شکستی ئەو دیو شکستی هەوڵدانی خەونێکە، شکستی ئەم دیو شکستی خەونێکە کە چیدی هەوڵ نادا.

* تۆ ئەم ڕۆمانەت لە کوردستانی باشووردا نووسیوە، لە شارەدێی (جێژنیکان)، ئایا دەشتاییەکانی جێژنیکان و چیاکانی (پیرمام) و (سەفین) چۆن کاریان بەسەرتەوە هەبووە لە نووسینی ئەم ڕۆمانەدا؟ ئەم حاڵەتانە تا چەند کۆمەکی تۆیان کردووە؟

- دەشتی پانوبەرینی ئەو ناوچەیە بە شاخە دووردەستەکانییەوە و بە شەپۆلانی دەریای گەنمەکانییەوە کە لە بەر باران و دزەی هەتاوی پشت هەورەکانەوە تا دوا سنوورەکان بریقەبریقیان دەدایەوە، ئەو شوێنانە بوون کە خەیاڵ و بیری منیان لەگەڵ خۆیان دەبرد. من کە شەوانە تا بەیانی خەریکی نووسینی پەڕەسێلکەکانی کۆچ بووم، بە دەیان جار ئاسمان و بێ دەنگی ئەو ناوچەیەم لە کاتی شەودا ئەزموون کردووە. ڕەنگە ئەم حاڵەتە ڕوحی و دەروونییانە لە هەر مرۆڤێکدا ڕوودەن و لە مرۆڤی نووسەریشدا ڕەنگە زیاتر. جگە لەوە ڕەنگە کاردانەوەی ئەم جۆرە ئەزموونە ڕوحییانە کە ئاکامی لێک ئاڵانی ڕوح و زەینی مرۆڤ لەگەڵ سروشتە، قووڵبوونەوەی زیاتر بێت لە بوون و هەبووندا، جۆرێک لە میتافیزیای ئەندێشە و ڕوح، کە چێژی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەسڵەن لەبنەڕەتدا من پێم وایە بە بێ حاڵەتێکی لەم چەشنە، هەرچەند مرۆڤ خوێندەواریش بێت، نووسین لە دایک نابێت. ئەم حاڵەتە جۆرێک لە ئەزموونە کە قووڵاییەک لە ڕوحدا دروست دەکا. قووڵاییەک کە وشەکان دەخاتە ناو چوارچێوەیەکی دیکەوە. لێرەدا ئیدی نووسەر ئەزموونێکی تر لەگەڵ بیر و وشە پەیدا دەکا، کە یەکجار پێویستە، بەڵام نایشارمەوە کە ئەم حاڵەتەی من بە توندی لە ژێر کاریگەریی ئەزموونی کۆچیشدا بوو. ئێستا ئیدی ئەم شاخ و دەشتانە وەک بەشێک لە ڕێگا دەهاتنە بەرچاوم، ئەمە لە کاتێکدا بوو کە لەو دیو، کاتێک ئەم حاڵەتەم بەسەردا دەهات، شاخ و کێوەکانم وەک بەشێک لە ڕێگا نەدەهاتە بەرچاو، بەڵکو زیاتر لە شوێنێکیان دەکرد کە خۆیان لە خۆیاندا تەواو دەبوون. ڕەنگە ئەوەی کە پەنجەرەی ئەو خانووەی کە تێیدا بووین زیاتر ڕوو لە دەشتەکان بوو، زیاتر ئەم حاڵەتەی لە مندا بەهێز کردبێت. لە کاتێکدا لە (بانە) تەنیا شاخەکان و

کێوەکانن کە پشتیان بە پشتی یەکترەوە داوە.

* ئایا ئەو نووسەرانەی پێش کاتی نووسینی دەقێکی ئەدەبی، بیر لە کۆدە نهێنییەکان و ئامرازەکان دەکەنەوە، دەتوانن بەرهەمێکی سەرکەوتوو و نایاب بەرهەم بهێنن؟

– نووسین هەم پلانە و هەم پلان نییە. پلانە بەو مانایە کە پێش نووسین (باس لە ڕۆمان دەکەم) دەبێ ڕۆماننووس بیری لە هەندێک شت کردبێتەوە. تێمی داستان، کورتکراوەیەکی ڕووداوە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکەیە، هەروەها جۆری پێوەندیدانی لەگەڵ ئەو دوا بەرهەمانەی کە خوێندوویەتییەوە گرنگن. ئەمانە زۆرتر ئامرازن کە من باسم کردن، بەڵام لە بواری کۆدەکاندا دەبێ بڵێم کە کۆدەکان زۆرتر لە کاتی نووسیندا لە دایک دەبن. کۆدەکان زۆرتر بەرهەمی لێک گرێدانی چەند ڕووداو و چەند وێنەیەکی داستانین. بە ڕای من بەرهەمی سەرکەوتوو، بەرهەمێکە کە ئاکامی لێکگرێدانی ئەم دوو حاڵەتەیە، واتە لێکگرێدانی پلان و ناپلان.

* بابێینە سەر ڕۆمانی (ساڵەکانی خەون) کە لەم ڕۆمانەدا بەرائەتی منداڵی و سەگ و یاری و...تاد بوونیان هەیە، ئایا گەڕانەوە بۆ منداڵی لە ڕۆماندا تاچ ئەندازەیەک جوانیناسی بە ڕۆمان دەبەخشێت؟

– لەم ڕۆمانە نوێیەی مندا، تەنیا بەشێکی تەرخان کراوە بۆ سەردەمی منداڵی. لە ڕۆمانی ساڵەکانی خەوندا من هەوڵ دەدەم قۆناغی گواستنەوە بۆ سەردەمی مودێرن بە گوزەرکردن لە کەسایەتی جۆراجۆرەوە پێناسە بکەم. کە بێ گومان منداڵانیش دەکرێ یەکێک لە پنتە گرنگەکانی کاردانەوەی ئەم ڕەوتە کۆمەڵایەتییە بن. سەبارەت بە جوانناسیش دەبێ بڵێم کە مرۆڤ لە هەر قۆناغێکی تەمەنیدا دەکرێ بابەتێک بێت بۆ خوڵقاندنی جوانناسی. جا ئەوەی کە ئەندازەی ئەم جوانناسییە لە چ ئاستێکدایە، دەگەڕێتەوە بۆ نووسەر و توانای ئەو بۆ خوڵقاندنی دیاردەیەکی لەم چەشنە. ئەگەر چاوێک لە مێژووی ڕۆمان و چیرۆک بکەین دەبینین گەلێک نووسەر بە ئاوڕدانەوە لە منداڵ، یان گەڕانەوە بۆ منداڵی، بەرهەمی باش بخوڵقێنن. گارسیا مارکیز، تۆلستۆی، گورکی، چیخۆف و سەمەدی بیهرەنگی و دەیانی تر دەتوانن نموونەی بەرچاوی ئەم ئاوڕدانەوەیە بن.

من پێم وایە کە سەردەمی منداڵی بە هۆی هەستیاربوونی، یەکێک لە قۆناغە گرنگەکانی تەمەنی مرۆڤە. قۆناغێک کە تێیدا بۆ یەکەم جار، یان "چەندین یەکەم جارەکان" مرۆڤ ئەزموونی جیهان دەکا و هەر بە هۆی تازە بوونی ئەم ئەزموونانەوە سریمەیەکی فەرامۆش نەکراو بە سەر زەین و کەسایەتی مرۆڤەوە بە جێ دەمێنێ. هەڵبەت ئەم کاریگەریانە لە تەمەنی بەرەوسەرتردا دەکرێ خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ بکرێ. ڕووداوێکی منداڵی دەکرێ دواتر خوێندنەوەی بەردەوامی دیکەی بۆ بکرێ. هەستی ئەو سەردەمە لەگەڵ عەقڵی ئێستا کە لێک دەئاڵێن، ئاکامی تری لێ دەکەوێتەوە، ئەمە خەزێنەیەکی گرانبەهایە، کەواتە بە ڕای من نووسەر نەک تەنیا نابێ منداڵیی خۆی فەرامۆش کات، بەڵکو دەبێ ئاوڕدانەوەیەکی بەردەوامی لەسەر هەبێ. بیرکردنەوە لە منداڵی، خۆی لە خۆیدا ئاوێتەیەکە لە سیحر و ڕامان و سەرسوڕمان، ئاوێتەیەکە لە تێکەڵکردنی کات و شوێنە هەنووکەییەکان لەگەڵ کات و شوێنە بزربووەکانی ڕابردوو.

هەندێ شتی منداڵی هەیە کە مرۆڤ لە تەمەنی بەرەوسەرتردا کەشفیان دەکاتەوە. کتوپڕ تۆ لە خەڵوەتی خۆتدا تێدەگەی کە فڵانە ڕووداو لە ژیانی تۆدا کە لەو سەردەمەدا تەنیا لە بازنەیەکی بچووکدا دەبینرا، پێوەندییەکی بەربڵاوی بە ڕووداوەکان و دیاردەکانی دەوروبەرەوە هەبووە، ڕەنگە بە گشت جیهانەوە. کتوپڕ تێدەگەی ئەو باوکەی هەیبەتێکی گەورەی لای تۆ هەبوو، ئەکتەرێکی بێ دەسەڵاتی سەردەمی ژیانی خۆی بووە، وەها حاڵەتێک گۆڕانێکی گەورە لای تۆ دروست دەکا. ئەمە ئەو شوێنەیە کە من ناوی دەنێم "شۆکی گەورەی ژیان". ئەم شۆکە دەتوانێ هەوێنێکی گەورە بێت بۆ پێداچوونەوە بە شێوەی هونەری.

* ئایا ڕۆمانی ترت بە دەستەوەیە، یان هیچ بیرۆکەیەکت هەیە بۆ ڕۆمانی تر؟

– ڕاستییەکەی من ئێستا بەرهەمێکی ترم بە دەستەوەیە، بەڵام لە تەواوکردنی دڵنیا نیم، نازانم هۆکارەکەی چییە. جاری وایە سەرقاڵییەکانی ژیانی ڕۆژانە سەرەداوی بیرە ڕۆمانیاوییەکانت لێ ون دەکەن. جاری واشە ماندوویت و هەست دەکەی تاقەتت نییە بنووسی، ئەگەرچی وێنەکان لە زەینتدا دێن و دەچن. من بەو قەناعەتە گەیشتووم کە نیازی نووسین دەبێ بگاتە ئاستێک کە لە هەر شتێکی تر لە ژیانی تۆدا بە هێزتر بێت. بەهێزییەک کە دەبێ مەودایەکی فراوان لە کاتەکانی تۆ داگیربکا.

تا ئێستا من چەندین جار پلانی نووسینی ڕۆمانم لە زەینی خۆمدا داڕشتووە، بەڵام نەمتوانیوە دەست بە نووسینی بکەم، هەربۆیە دەستنووسەکان لەولاوە لە سەر مێزەکەم کەوتوون و دوای ماوەیەک فەرامۆشم کردوون، بەڵام دواتر پلانی تر هاتوون. کتوپڕ یەکێک لەم پلانانە لە زەینمدا شکڵی تەواوی خۆیان وەردەگرن و ئیدی دەست دەکەم بە نووسینی یەکجارەکی. نووسینی ڕۆمان دەبێ بە ڕای من دوو شتی سەرەکی لە پشت بێت: یەکەم ئەوەی کە تێمە گشتییەکەت لا بە تەواوی ڕوون بێت و دووەم ئەوەی کە لانی کەم چەند دانە لە کەسایەتییەکان ئیدی لات بەرجەستە بووبێتن. ئاوێتەکردنی ئەم دوو لایەنە دواتر دەتوانێ بە ئاسانی قەڵەمت پێ وەگەڕ بخەن.

* بەرای تۆ ڕۆمانی کوردی لە کوێی ڕۆمانی جیهانیدایە؟

– ئەم بەراوردکارییە یەکجار زەحمەتە، هەر کام لە ئێمە دەتوانین باس لە ئەزموونەکانی خۆمان بکەین. لە بەراورد لەگەڵ ڕۆمانەکانی تردا شتێک کە من لە ڕۆمانی کوردیدا ئازارم دەدا، زمانە. زمانی ڕۆمانی کوردی لە ئاستی پێویستدا پوختە و پاراو نییە، هەروەها من هەست دەکەم کە ڕۆماننووسی کورد توانای شۆڕبوونەوەی بە ناو ناخی پاڵەوانەکانی خۆیدا زۆر بە هێز نییە، کە ئەمەش بۆ ئاستی کەمیی زانیاری لە بابەت دەروونناسی و کۆمەڵناسی دەگەڕێتەوە. جگە لەوە بە هۆی لاوازیی ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردیدا ئێمە خاوەن ئەو دەقانە نین کە وەسفێکی ئۆبژێکتیڤی بە هێزی لە دنیای واقیع کردبێ، وەها کە لە سەر ئەمەوە ئێمە بتوانین باز بدەین بۆ جۆرێکی تر لە نووسین، هەروەها لە نووسینی ڕۆماندا ئەوەندی کە خۆ جووتکردن لەگەڵ مۆدەکان لای نووسەر گرنگە، قوڵبوونەوە بە سەر کۆمەڵگای خۆدا گرنگ نییە. وەک بڵێی تەنیا فۆڕمە کە دەتوانێ بەرهەمی سەرکەوتوو بخوڵقێنێ!

* تۆ لە ئاستی جیهانیدا زیاتر چی نووسەرێک دەخوێنیتەوە؟ لەهەمان کاتدا لە نووسەرە کوردەکانیشدا زیاتر حەز لە نووسینی کام نووسەر دەکەیت؟

– من بە گەنجییەتی ڕۆمانی زۆرم خوێندووەتەوە. ڕۆمانەکانی سەدەی نۆزدە، ڕۆمانە ڕووسییەکانی دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر (وەک ڕۆمانی دۆنی ئارام) و ڕۆمانە فارسییەکان. ئێستاش زیاتر هەوڵ دەدەم کە بە نۆرویژی بخوێنمەوە. لە ڕاستیدا زاڵ نەبوونی پێویستم بە سەر زمانی نۆرویژیدا کارێکی کردووە کە خوێنەرێکی ورد نەبم، بەڵام دەخوێنمەوە. لەم خوێندنەوانەشمدا تێگەیشتووم کە لێرەدا هیچ فۆڕمێکی ڕۆمان کۆن نەبووە و کەڵکیان لێ وەردەگیرێ. ماوەیەکیشە فێربوومە کە بەردەوام سەیری ئەو فیلمانە بکەم کە لە سەر بنەمای ڕۆمانە گرنگە جیهانییەکان دروست کراون. ڕەنگە هەمووشی سەیرنەکەم، بەڵام هەندێ گرتە، وەها سەرنجم ڕادەکێشن کە حەز دەکەم دانیشم و بەس بیری لێ بکەمەوە،... چەندین و چەندین جار.

سەبارەت بە ڕۆمانی کوردیش، دەبێ بڵێم کە خوێنەرێکی باشی ڕۆمانی کوردی نیم. کە دەست بە خوێندنەوەیان دەکەم بۆم تەواو ناکرێن. ڕەنگە هۆکارەکەشی ئەوە بێت کە وردەکاری و جوانناسیی زمان لە بەرهەمە بیانییەکاندا وایان لێکردووم، یان ڕەنگە ئاڵۆزیی ڕۆمانی کوردی بێت کە ئازارم دەدات، یان ڕەنگە ئەوەی کە کاریگەریی کولتووری دی بە سەرمەوە کارێکی کردووە کە لە بەرهەمدا بە شوێن فرە کولتووریدا بگەڕێم.

ڕۆمانی کوردی جۆرێک لە ئاڵۆزیی تێدایە کە بەرهەمی زۆرتر بیری پۆست مۆدێرنە. زۆر شتی تێدا چەپێندراوە کە دەکرێ وەها نەبێ. ئەمە کارێکی کردووە کە بازنەی خوێنەری ڕۆمان بەرتەسک بێت و هەڵنەداتە ئاستێکی فراوان.

* تۆ لە بواری فەلسەفە و ڕەخنەی ئەدەبی و وتاری سیاسی و فیکری دەنووسیت، لەکاتێکدا شیعر و چیرۆک و ڕۆمانیش دەنووسیت، ئایا بەبڕوای تۆ ئەم پەرشوبڵاوبوونەی نووسەران بۆچی دەگەڕێتەوە؟

– ڕەنگە هۆکارەکەی خەزنکرانی مێژوویییانەی کۆمەڵێکی فراوان لەو ئازار و دیاردانە بێت کە بە سەر تاکی کوردیدا سەپێندراوە، یان ئەوەی کە لە کۆمەڵگای ئێمەدا هێشتا بە گوێرەی نەریتێکی مودێرن، ئەرکەکان دابەش نەکراون و تاک شوێنی ڕاستەقینەی خۆی نەدۆزیوەتەوە، یان ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت کە مرۆڤ لە بنەڕەتدا لە تاکڕەهەندی بوون بێزارە و وەک بوونێکی چەند ڕەهەند حەزدەکا کە هەموو لایەنەکانی خۆی دەربخا.

من بۆ خۆم دەتوانم لە چەند ڕەهەنددا کار بکەم و بنووسم. هەڵبەت ئەگەرچی بە شیعر دەستم پێکرد، بەڵام

ڕاستییەکی شیعر نانووسم و خۆشم یەکجار کەم لە قەرەی ڕەخنەی ئەدەبی دەدەم. وتاری فیکری و سیاسی و ڕۆمان و چیرۆک بوارە سەرەکییەکانی کاری منن. پێشم وایە کە هەمـــوویان پێکەوە گـــرێ دراون. چیـــرۆکنووس و ڕۆمـــاننووس دەبێ شـــارەزاییـــەکی باشـــیـــان لەمـــەڕ ڕووداوەکـــانی ژیانی ڕۆژانە و فـــیکری ســـەردەم و فەلسەفەدا هەبێ. سیاسەت و فەلسەفە شارەزای دەکا بە سەر شتە ورد و گشتییەکاندا و ئەمە دواتر یارمەتیدەر دەبێ (وەک بنەمایەک) بۆ نووسینی ڕۆمان و چیرۆک.

تۆ ناوی ئەمـــەت ناوە "پەرتەوازە بوون". پەرتەوازە بوون باری نێگەتیڤی هەیە و مانای ئەوەیە کە باڵندەکە نازانێ بەرەو کوێ هەڵفڕێ. ئەو لە ئاسماندا هەروا دێت و دەچێ بە بێ هیچ پلانێک، بەڵام لە پشت ئەم فـــرە ڕەهەندی بوونەی نووسینەوە، دەبێ سەیر بکەین کە داخۆ نووسەر دەرەقەت هاتووە، یان نا. زۆر نووسەر لە دنیادا هەن کـە لە بواری جـۆربەجـۆردا کـار دەکـەن، بۆ وێنە چۆمـسکی. هەڵبـەت لە ئەنجـامـدا ئەوە یەک بـوارە کـە دەبێتە پێناسەی سەرەکی نووسەر.

* ئایا لە ئەدەبی ئەمڕۆی کـوردیماندا ئەدەبێک بـوونی هەیە بەناوی ئەدەبی سیاسی، بە شێوەیەکی تەندروست؟ ئاسۆی ئەدەبی سیاسی چۆن دەبینیت؟

– بە ڕای من ئەدەب ناکرێ سیاسی نەبێت، بەڵام چۆن سیـاسـییـەک؟ سیـاسـەت دەکرێ بەشێک لە ناوەڕۆکی ئەدەب بێت، بەڵام فۆڕمی سەرەکییەکەی نەبێت. ناکرێ نووسـەر بڵـێت دەی باشـە ئەرکی من ئەوەیە کـە ئێـسـتـا دادەنیـشم و چیـرۆکـێک لە سـەر چەوسـاندنەوەی چینی کـرێکار، یان فـلانە نەتەوە دەنووسم. ئەمـە بەرهەمـەکـە دەکا بە بەرهەمێکی کاڵ و ڕیکلامەیی و بە تەواوی لەوە پێش داڕێژراو. لێرەدا ئیـدی شـوێن بۆ گـەمـەی ئازادانەی فـیـکر و وێنە نامـێنێ، هەمـوو شـتـێک لەوە پێش دیاریکراوە کـە چۆن بڕواتە پێش. لێـرەدا ئیـتـر ئێـمـە لە بەردەم ئەدەبی سیـاسیدا نین، بەڵکو لە بەردەم سیاسیی ئەدەبیداین، یان سیاسەتی بە ئەدەبکراو. ئەدەبی سیاسی ڕەنگە لە هەمـوو وڵاتانی جیـهـاندا هەبێ و بەشـێکی گرنگ لە کولتووریان داگیربکا. چرنیشڤسکی لە ڕووسیا و هیـوز لە ئەمریکا نموونەی دیاری ئەم جۆرە ئەدەبەن. لە ناو ئەدەبی کوردیشدا نموونەمان زۆرن، بەڵام ئیدی ئێستا دۆخەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، هەربۆیە ئەدەبی سیاسی ناتوانێ بە شێوەی جاران سەرنجڕاکێش بێت. ئیتر ناکرێ بە زمانی قـانع بنووسرێ، پەیامە سیـاسییـەکان ئێـسـتـا گـەلێک ئاڵۆزتر بوون، هەربۆیە داوای فـۆڕمی دیکەش دەکەن. بە ڕای من تا کێشە سیاسییەکان مابن، ئەدەبی سیاسیش دەمێنێ.

* بەبڕوای تۆ پێـوەندییـە گـشـتگیـرییـەکـانی نێـوان فەلسەفە و ئەدەبیات لە کوێی نووسیندا یەک دەگرنەوە، بەتایبەت لە بواری شیعردا؟

– ســـارتر وەک فـــەیلەســـووفـــێکی گـــرنگی ئیگزیستـیـانسـیـالیـست (وجوودی)، جگە لەوە خاوەن نووسینی فەلسەفییە، لە ڕۆمانە بە ناوبانگەکەی خۆیدا بە ناوی "هێـــڵـنج" هەوڵی داوە بنەمـــای فـــیکرە فـەلسـەفـیـیـەکـانی خۆی بە شـێوەی ئەدەبی لە فـۆڕمی ڕۆماندا بنوێنێتەوە. باشە ئەوە چی بووە کە وای کردووە سـارتر تەنیـا بە نووسـینی فـەلسـەفی ڕازی نەبێت؟ کەسێک ئەگەر بیەوێ لە فەلسەفەی وجوودیانەی سارتر ئاگادار بێت، دەتوانێ کتێبە فەلسەفییەکانی بخوێنێتەوە و ئیـدی لێی شـارەزا بێت. بە ڕای من ئەوەی کە سـارتر هان دەدا فـەلسـەفـەی ئیـگزیسـتـیـانسـیـالیـسم لە بەرگی ڕۆماندا بنوێنێتەوە، کۆنکرێتکردنی باسەکەیە لە فۆڕمی ئەدەبیدا، کە ئەمەش بەشێکی یەکجار گرنگە. سارتر لەم ڕۆمـانەیدا ئیـتـر فـۆرمـولەی بیـری فـەلسـەفی لە فـۆڕمی فەلسـەفەدا ناکا، بەڵکو بە وێنە و بە شێوەی کۆنکرێت نیـشـانمان دەداتەوە. سـارتر پێی وایە کـە بە نووسـینی ڕۆمـان ئەو شـتـەی کـە نەیتـوانیـوە بە تەواوی لە کـتـێـبـە فەلسەفییەکانیدا بیڵێ، باسی لێ کردووە. وەک دەزانین سارتر پێی وایە کە مرۆڤ مەحکووم بە ئازادییە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم ئازادییە قورسە، قورسییەک کە مرۆڤ تووشی هێـڵنج دەکـا. جـا چ لەوە باشـتـر تۆ بـتـوانی لە قـەوارەی کـارەکتـەرێکدا بە کـۆنکرێت باسی ئەم حـاڵەتە فەلسەفییە لە وجوودی مرۆڤدا بکەیت.

* تۆ دوو کۆمەڵە چیرۆکت بەناوەکانی (ئێوارەی شـار) و (خۆشترین ڕۆژی دنیا) بڵاوکردۆتەوە، ئایا بەنیاز نیت چیرۆکەکانی تریشت بەچاپ بگەیەنیت؟

– من ئێـستـا کۆمەڵە چیرۆکێکی ترم ئامادەی چاپە و ئەوەندەی نەماوە کە کۆمەڵێک چیرۆکی دیکەش ئامادەی چاپ بکەم. دووری من لە وڵات بووەتە هۆی کـەمـێک گیروگرفت لە لەچاپدانی بەرهەمەکانم بە شێوەی کتێب. هیوادارم بتوانم بە سەریاندا زاڵ بم.

* ئایا پێوەندییە ئیستێتیکییەکانی زمان لەپرۆسەی

نووسینی ڕۆمان سەختترە، یان لە پرۆسەی نووسینی چیرۆک؟ ئەرکە سەرەکییەکانیان کامانەن؟

– بێ گومان لە ڕۆماندا سەختترە، چونکە هەم زەمەنی زیاتری دەوێ و هەم بە هۆی قەبارەکەیەوە و بە هۆی ڕادەی زیاتری کەسایەتییەکانییەوە و فراوانبوونی دیاردەکان تێیدا، لێکئاڵانی پێوەندە ئیستێتیکییەکانی زمان دژوارترە، بەڵام لە هەمان کاتدا بە هۆی مەودای زۆرتر، دەرفەتی زیاتریشت دەداتێ!

ڕەنگە دژوارترین بەشی ئەم پێوەندییە ئیستێتیکییە، پێکەوە گرێدانی سەرەتا و کۆتایی بەرهەم بێت، چونکە بەڕای من سەرەتا و کۆتایی ئەو دوو بەشەن کە زیاتر لە هەر شوێنێکی تر نووسەر کارتێکەریی ئیستێتیکیانەی خۆی بە سەر زەین و فیکری خوێنەردا بە جێ دێڵێ. سەرەتای بەرهەم دەبێ وەها بێت کە خوێنەر بیەوێ درێژە بە خوێندنەوە بدا و کۆتاییش ئیدی نووسەر دەبێ ڕوحی خوێنەری کردبێ بە بەشێک لە جیهانی خۆی. دواتر، پێکەوە گرێدانی ئەم دوو بەشە، خوێنەر دەخاتە بەردەم بەرهەمێک کە وەک هەر بوونێک سەرەتا و کۆتاییەکی هەیە. دوو بەش کە دەبێ هەر کامیان لە بەر تیشکی ئەوی تردا تا دێت گەشتر و ڕووناکتر بێ.

* بۆ ئەوەی خوێنەری تۆ زیاتر لە کۆد و نهێنی و تەکنیکەکانت نزیک ببێتەوە، چی کۆمەکی دەکات و لە چییەوە دەست پێ بکات بۆ ئەوەی خۆی زیاتر وەک پاڵەوانی چیرۆکەکان ببینێت؟

– یەکێک لە جیاوازییەکانی چیرۆک و ڕۆمان ئەوەیە کە لە چیرۆکدا تۆ زۆرتر لە سەر یەک کەسایەتی یەکانگیری، بەڵام لە ڕۆماندا چەندین و چەندین کارەکتەر بوونیان هەیە کە نووسەر دەبێ بەردەوام لە جیهانیاندا بێت و جگە لەمە بتوانێ بەردەوام لە گەمەیەکی هونەرییدا لە پاڵ یەکتر و لە بەرانبەر یەکتردا دایان بنێ. ناسینی زیاتر لەسەر کەسایەتییەکان بۆ ڕۆماننووس دەتوانێ یەکێک لە سەرەکیترین پێداویستییەکانی خولقاندنی فەزای ڕۆمان بێت، وەها کە بتوانێ سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی ڕابکێشێ. جگە لەمە من لە ڕۆمانی پەڕەسێلکەکانی کۆچدا کارێکم کردووە کە دەتوانی لە ڕێگای هاوچەشن سازی لە وشە، یان ڕستەیەکدا لە کۆتایی هەر بەشێکدا و درێژەدانی هەمان وشە، یان ڕستە لە بەشەکەی تردا خوێنەر بهاوێتە ئەم جیهانی "شۆک"ەوە. ڕەنگە ئەمە یەکێک لە تەکنیکەکان بێت کە دەتوانێ یەکجار یارمەتیدەر بێت. جگە لەمە چڕکردنەوە دەتوانێ ئامرازێکی تر بێت. واتە بە شێوەیەکی بەردەوام فڕێدانی خوێنەر بۆ ناو فەزا سەرەکییەکان. هەڵبەت ئەمە دەتوانێ خوێنەر ماندوو بکات، بەڵام بەردەوام لە پنتی ناوەنددا ڕایدەگرێ و بەردەوام لەگەڵ کاکڵدا خەریکی دەکات، هەروەها ئامرازە کلاسیکییەکانی وەک لێکچواندن و میتافۆریش دەتوانن ئەو شتانە بن کە خوێنەر لە دنیایەکی وێنەییدا ڕابگرێ و مانا چەند ڕەهەندی بکا.

نابێ لەبیرمان بچێت کە نووسەر دەبێ بەردەوام هەموو ڕووداوە گچکەکانی ناو ڕۆمان، یان چیرۆک بە تێمێکی گشتی ترەوە پێوەندی بدا، چونکە ئەم پێوەندییەیە کە سەرئەنجام سەرسوڕمان لە خوێنەردا دروست دەکا. ڕووداوی گچکە نابێ خۆی لە ناو خۆیدا کۆتایی پێ بێت. ڕووداوی گچکە بە پێوەندی گرتن لەگەڵ پرسیارە وجوودییەکان، یان پرسیارە گشتییەکان دەتوانن قووڵایی پێویست پەیدا بکەن، واتە پێوەندی دیالێکتیکیانەی ورد و گشت.

* ئەدەبی پۆست مۆدێرن تاچەند کاریگەریی بەسەر چیرۆکی کوردییەوە دروست کردووە، یان چیرۆکی کوردی چۆن خۆی ئاوێتەی ئەدەبی پۆست مۆدێرن کردووە؟ کە دەزانین بەشێک لەچیرۆکی کوردی پشتی بە گێڕانەوە بەستووە؟ ئایا ئەمە چۆن لە ڕۆمانی کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە؟

– کاکڵی چیرۆک بە ڕای من هەمیشە گێڕانەوە بووە و گێڕانەوە دەبێ، بەڵام جۆر و زمانی گێڕانەوەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت. جاری وایە گێڕانەوە، گێڕانەوەیەکی ڕیالیستییە و دیاردەکانی دەرەوەی زەین دەکا بە بابەتی گێڕانەوە و جاری وایە حاڵەتە دەروونییەکان، جاری واشە لە ڕێگای فەنتازییەکی ڕووتەوە وێنەکان دەکا بە بابەتی گێڕانەوە. لە ئەدەبی پۆست مودێرنیشدا بە ڕای من حاڵەتی گێڕانەوە بەرجەستەیە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەدەبی پۆست مۆدێرن ئەوەیە کە بەردەوام قاڵب شکێنە، یان ئیزن بە خۆی دەدا کە توخمە جۆراوجۆرەکان لە فەزای ڕۆمان و چیرۆکدا تێکەڵ بکات. هەندێ نووسەر ئێستا لە ئەدەبی کوردیدا ئەمە ڕەچاو دەکەن. وەک دەزانین یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پۆست مۆدێرنیزم ئەوەیە کە واز لە حیکایەتە گەورەکان دێنێ، بەڵام پارادۆکسەکە لێرەدا

ئەوەیە کە ڕۆمان خۆی حیکایەتێکی گەورەیە! یانی گشتێتییەک هەیە کە فەزای ڕۆمانەکە بە گشتی پێناسە دەکا. ڕەنگە مرۆڤ وازی لە حیکایەتە گەورە کلاسیکییەکان، یان کۆنەکان (ئەم وشانە باری نێگەتیڤیان لای من نییە) هێنابێ، بەڵام ناچارە بە چێکردنی حیکایەتە نوێیە گەورەکان! ئایا ڕاوەستان لە بەرانبەر حیکایەتە گەورەکاندا خۆی لە خۆیدا حیکایەتێکی گەورە نییە؟ دەزانی، یەکێک لە پارادۆکسەکانی وتە فەلسەفییەکان ئەوەیە کە خۆیان لە سەر هەمان پرەنسیپ ڕاوەستاون کە بۆ خۆیان دەیانەوێ نەفی بکەنەوە. جا پۆست مۆدێرنیش لەم حاڵەتە بێ بەری نییە، بەڵام با کراوە بین و بڵێین کە ئەوانیش بێن خۆیان تاقی بکەنەوە، بەو مەرجە کە بەپارێزەوە بێن و دەست بەجێ خۆمان سەداسەد بە دەستەوە نەدەین.

* ئایا لە فۆڕمی نوێی داستاندا شتێک هەیە بەناوی ڕۆمانی هاوچەرخ؟ ڕۆمانی هاوچەرخ چۆن سەری هەڵدا؟

– هاوچەرخ دەکرێ هاوچەرخ بێت بەو مانایەی کە پێوەندی بە چاخ، یان چەرخی ئێمەوە هەیە، کە هەڵبەت لە سەر زەمەنی دەقیقی ئەم چەرخەش دەکرێ مشتومڕ هەبێ، بەڵام نابێ لە بیرمان بچێ کە بە هۆی خێرایی ئەم سەردەمەوە وتەزای "چەرخ"، یان "چاخ" (لێرەدا چەرخ بە ڕای من هەمان چاخە کە دەیەوێ زەمەنەکە سنووردار بکا) پێناسەکردنەکەی یەکجار دژوار بووە.

هاوچەرخ بەرانبەر بە وشەی "معاصر" ی فارسییە کە لە "عصر" ەوە دێت. لە زمانی فارسیدا (عصر) بۆ زەمەنێکی پانوبەرین بەکار دەبرێ، بۆ وێنە "عصر آهن"، کە زەمەنێکی دوورودرێژی لە مێژووی کۆنی مرۆڤ داگیر کردووە. جا بۆیە وشەیەکی ورد نییە و بە گشتی ناڕوونە، بەڵام لە هەمان کاتدا وەک هەموو وشە و وتەزا ناڕوونەکانی تر بەکار دەبرێ. من نازانم مەبەست لە وشەی هاوچەرخ چییە، بەڵام دەکرێ هەموو ئەو بەرهەمانەی کە لەم سی ساڵەی دواییدا نووسراون بە ڕۆمانی هاوچەرخ ناوبەرین، بە هەموو جۆراوجۆرییەکانی خۆیانەوە. بەس سەیر ئەوەیە کە چونکە ڕۆمانی کوردی مێژوویەکی دوورودرێژی نییە، کەواتە دەکرێ هەموو بەرهەمەکان بخەینە ناو بازنەی ئەم وتەزایەوە، کە ئەمەش غەریب دەنوێنێ، جابۆیە ڕەنگە وا باشتر بێت کە خۆمان لەم دەستەواژەیە دوور ڕابگرین و پەلە نەکەین. ڕەنگە دەبێ زەمەنێک بەسەر ڕۆمانی کوردیدا بگوزەرێ، ئەوکات بتوانرێ لە وتەزای هاوچەرخ کەڵک وەربگرین. وشەی "هاوچەرخ" وەک لە ناوەکەی دیارە پێویستی بە زەمەن هەیە، جا با ئەم زەمەنەی بدەینێ. وشەی هاوچەرخ، پێویستی بە دژ، یان بەرانبەرێک هەیە کە ئەویش زەمانی "کۆن" ە. شتێک کە هێشتا ئێمە نیمانە.

* ئایا چیرۆکنووس و ڕۆماننووس بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ئەکتیف و تەندروست بچێتە ناو ناخی کارەکتەرەکانییەوە، پێویستی بە ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسییانە هەیە؟ ئایا کۆمەڵناسی تا چەند پێویستە؟

– پێشتر ئاماژەم بەم خاڵە داوە. بەس حەز دەکەم لێرەدا تێبینییەک زیاد بکەم، ئەویش ئەوەیە کە خاوەن ڕوانگەیەکی کۆمەڵناسییانە بوون بە مانای ئەوە نییە کە ڕۆماننووس بە مانا ئاکادیمییەکەی دەبێ حەتمەن کۆمەڵناس بێت. کۆمەڵناسی لە بواری ماکرۆ و میکرۆدا کۆمەڵگا وەک فۆڕمی ژیانی مرۆڤ دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە و لە ژێر تیشکیدا هەوڵ دەدا کە بوونەوەرێک بە ناوی مرۆڤ پێناسە بکا. ڕۆماننووس تەنانەت ئەگەر لە ڕێگای دەقە کۆمەڵناسییەکانەوە شارەزای مرۆڤ نەبێ، ئەوە لانی کەم لە ڕێگای ژیان (ئەزموون) و لە ڕێگای خوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی دیکەوە قووڵبوونەوەی پێویست لە مەڕ کۆمەڵگا و مرۆڤ پەیدا دەکا، ئەمانە بەستێنی ئەو ئاگاییە بنەڕەتییەت کە بۆ نووسین پێویستن.

هەموو نووسەرە باشەکان ئەگەر بدوێنی، دەبینی دەتوانن لە سەر کۆمەڵگا و لە سەر مرۆڤ هەندێ باسی گرنگ بورووژێنن. نموونەکانیان دەتوانن مەحموودی دەوڵەت ئابادی و بەختیار عەلی بن.

# فۆرمی بەتاڵ
# «لێکۆڵینەوەیەکی ڕەخنەییە لە یەکێک لە فۆرمەکانی شیعری هاوچەرخ»

د. ئیدریس عەبدوڵڵا
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی زمان)

**پێناسە**

یەکێکە لە فۆرمەکانی شیعری هاوچەرخی کوردی، لە سای فەلسەفەی ئەدەبی مۆدێرنە و بە لاساییکردنەوەی شەپۆلەکانی مۆدێرنە نووسراوەتەوە، لە هۆکارە تەقلیدی و پێوەرە جوانەکانی داهێنانی ئەدەبی خاڵییە، بریتییە لە کورتبوونەوەی شیعر لە وشەیەک، یان ڕستەیەک، یان دێرێکی پێکهاتوو لە ڕستەیەکی لێکدراو، یان شتێکی نزیک لەوە.

**چەند نمونەیەکی فۆرمی بەتاڵ**

ئەنوەر مەسیفی لە شیعرێکیدا دەنووسێ:

**ئەو ژنە**
**کۆنکریتیانە کێن**
**پەلکی گوڵە**
**کەڵەباب... (١)**

دەبینین هەریەکە لە وشەکانی ژن و کۆنکریت و پەلکە گوڵ و کەڵەباب چ واتایەکی ڕاستەوخۆ ناگەیەنن، ئەوەش لەبەر ئەوەی ڕەمزی سیمبولیزمینە، ڕەمزی سیمبولیزمیش جیایە لە ڕەمزی ئاسایی ئەدەبیاتی کۆن و نوێی خۆمان، بۆ نموونە لە ئەدەبیاتی کلاسیکدا:

**چاوەکانم بەسییە غوربەت بێرەوە**
**چۆن بژیم من تۆ لەوێ من لێرەوە... (٢)**

(چاو) ڕەمزێکی نەتەوەیی خۆمانەیە، بە واتای ئەو کەسەی لە خۆشەویستیدا وەکو (چاو)ەکە وایە، لە ڕەوانبێژیدا بەمە دەگوترێ خواستن، ئەوەش بنەمایەکی گشتی هەیە و لای هەمووان ڕوون و ئاشکرایە.. لە شیعری نوێشدا:

**- گورگ بە کراسی سوورەوە**
**دێت و لەسەر کورسییە چۆڵەکەی تەنیشتمان**
**دادەنیشێت... (٣)**

(گورگ) ناتوانێت لە تەنیشتمان دانیشێت، (خواستن)ە، کەواشبێ دیسانەوە (گورگ) ڕەمزێکی نەتەوەیی خۆمانەیە، بە واتای ئەو کەسەی لە خۆشەویستیدا وەکو (ڕوح)ەکە وایە، لە ڕەوانبێژیدا بەمە دەگوترێ خواستن، ئەوەش کەواتە بنەمایەکی گشتی هەیە و لای هەمووان ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام لای سیمبولییەکان، سیمبول (ڕەمز) گوزارشت لە مادده ناکات، بەڵکو گوزارشت لە ئیحاکانی دەروون دەکات، ئەو ئیحایانەی دوای تەواوبوونی شیعرەکە و هاتنەوە خۆی شاعیرەکەی، تەنانەت خودی شاعیرەکەش نازانێ چی گوتووە و ئەو وشە (سیمبول)ەی لە بەرانبەر چی بەکارهێناوە، چونکە لای سیمبولییەکان نووسین لە حاڵەتی ناهۆشیاری و دەربڕین بە شێوەیەکی وڕێنەئاسا، ئەوە حاڵەتی داهێنانی دروستی ئەدەبی سیمبولییە و بەوە شاعیر دەتوانێ، ئەوە بڵێ کە پێش ئەو کەس شتی



لافۆنتین

وەهای نەگوتووەو پاش ئەویش کەس شتی وەها نالێت.

هەرچی (فـەرهاد پیـربال)ە ئەو وێنەی (درەخت)ێکی وشک دەکێشێت و هەمووی لە وشەی (خلود) دروست دەکات: خلود خلود خلود خلود خلود .... دەیان جار ئەو وشەیە دووبارەکراوەتەوە و دارەکەی لە ڕەگەوە تا لک و بەر دروست کردووە.. وەکو لەو وێنەیە دەیبینین(٤):

(سـالار عـوسـمـان) لە شـیـعـرێکیـدا (٤٦) جـار دەنووسێ:

**بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم... (٥)**

عـەباس عـەبدوڵڵا یووسف لە شیـعـری (سی هۆنراوەی تاکـدێڕی)، وەکـو لە ناوونیـشـانەکـەدا هاتووە، (٣٠) هۆنراوە بەم شـێـوە فـۆرمـە بەتاڵە دەنووسێ، هەندێ لەو هۆنراوانەی بریتین لە:

*** لە بابلدا بە زمانی جرناو فرنا قسەم کرد و ئەوانیش زۆر بە باشی لێم تێگەیشتن.**

*** ئۆروپی هەوکە خەون نابینن.**

*** لە بوولێڵ باڵندەیەکی وێڵ لە ڕەوەی خۆی دەگەڕا.**

*** بە کەچە موگناتیز برووسکەی ئاسمانی لاڕێ کرد.**

*** نەڵێن نامـۆیە، خـۆی گـەڵاپۆش کـرد و چووە ناو دارستانەوە... (٦)**

عەبدوڵڵا ئەژی لە (زەنگیـیانە شیـعر)دا، (٤٠) پارچە شـیـعـری لە (٣) لاپەڕەدا تۆمـارکـردووە، هەندێک لەو پارچانەی بریتین لە:

**١- پێناسەکەم،**
**بۆنی باخچەی لێ دێ.**
**٢- ئاسمان و ئەستێرە**
**هەڵەی چاپیان تێدا نییە.**
**٥- دیکتاتۆر،**
**پرسیارێکە، تەرکی دەکەم.**
**١٢- ماسی**
**نازانێ، جل بشوا.**
**٢٤- چوار وەرزە ئاگرێ خۆش دەکەم.**
**٢٥- وای بۆ دڵۆپێک بارانی تر.**
**٢٨- جارێکی تر گەڕامەوە نێو ژیان.**
**٣٠- قەڵەم قەڵەم قەڵەم قەڵەم قەڵەم**
**قەڵەم بنووسە.**
**٣١- بە مەرگ بڵێ**
**ئەوەندە نەکۆکێ.**
**٣٥- لە شتێک دەترسم،**
**زۆر لێمەوە دوورە... (٧)**

**هۆی پەنابردنی شاعیران بۆئەم جۆرە فۆرمە**

١- لاسـاییکردنەوەی ئەوروپا و ڕێبـازە ئەدەبیـیـە مۆدێرنەکانی ئەوێ، بە تایبەت ڕێبازی سیـمبولیزم، کە ئەوان وای دەبیـنن: زمـان بە هۆی زێدەبەکـارهێنانییـەوە وشک بووە، بۆیە ئیـدی توانای ئەوەی نەمـاوە هەسـتـە هاوچەرخـەکـان بخـاتە ڕوو، جگە لەوە زمـان شـتـێکی ئەقـڵـیـیـە و ڕوون و ئاشکرایە، بەڵام قـوڵاییـەکـانی خـود هێمایی و ناڕوونن، بۆیە هەوڵیان دا چارەسەرێک بۆ ئەو بەناو گـرفـتـە بدۆزنەوە، کـە بۆ خـۆیانیـان دروست کـرد، ئیدی ئەوەبوو (بودلێر) ئیستێتیکیەتی شیعری بەستەوە بە توانای بەکارهێنانی شیعر لە وشەی عەیبە و ناشیعری و ناکـۆمـەڵایەتیـیـە دڵـتـەنگکـەر و زەوقکوژەکـانی وەکـو (ئێـسـک و پرووسک و تف و مـیـز و پاشـەڕۆکـان و هەر شتێکی دیکە)، کە مرۆڤ لە باسی ئاساییدا بە ئاشکرا باسیان ناکات و دەیانشارێتەوە.

هەروەها کاریگەریی ڕێبازی سوریالیزمیان لەسەرە، کە ئەوانیش پێیان وایە: نادیاری و تەمومژاوی لە دەربڕینی ئەدەبی جوانی بە دەقی ئەدەبی دەبەخشێ و شیعر دەبێ بە ناڕوونی بنووسرێ، نەک بە زمانی ڕوون، کە ئەمە یەکێکە لە مەبەستە هەرە سەرەکییەکانی سوریالیزمەکان.

٢- بێزاری و ڕەشبینبوون و نائومێدبوون لە ژیان و دوای ئەوە لە نووسینیش خۆی.

٣- ئاسانیی ئەم جۆرە نووسینە، کە بیرو توانایەکی ئەوتۆی ناوێ و بە ماوەیەکی کورت، چەندین شیعری درێژ بە شاعیرەکان دەنووسرێ.

٤- هەندێک دەڵێن: بە هۆی بەتاڵبوونەوەی هەندێک لەو شاعیرە هاوچەرخانە،

٥- نەبوونی مەبەستێک بۆ نووسین و نەبوونی ئامانجێک بۆ بەرەوپێشبردنی داهێنەران.

### بۆچی ئەم فۆرمە بەتاڵە

چونکە لە هەموو بنەما سەرەکییەکانی بەرهەمهێنانی ئەدەبدا خاڵییە و هیچی تێدا بەدی نایەت، لە خوارەوە بە درێژی ئەمە ڕوون دەکەینەوە:

**یەکەم:** ئەدەبیاتی کلاسیزم بە گشتی و شیعرەکەی بە تایبەتی، چەندین تایبەتمەندی گرنگ دەکاتە پێوەر بۆ شایستەبوونی بەرهەم بۆ بڵاوکردنەوە، ئەو فۆرمە بەتاڵە هیچ یەکە لەو تایبەتمەندییانە لەخۆیدا هەڵناگرێت.. لەوانە:

١- لای نووسەرانی کلاسیزم ئەقڵ بە یەک لە بنەما هەرە پێویست و گرنگەکانی کار بە گشتی و بە تایبەت کاری ئەدەبی دادەنرێت، بە لای ئەوانەوە: «بناغەی فەلسەفەی جوانییە لە ئەدەبدا، چونکە ئەقڵ تیشکدانەوەی ڕاستییە» (٨)، بە گشتیش لەو بڕوایەدا بوون، کە (ڕاستی)ش گرنگی تایبەتی خۆی هەیە و ئەگەر بۆ کۆمەڵ و مێژووش بگەڕێینەوە، دەبینین «ڕاستی لە هەموو سەردەم و شوێنێکدا نەگۆڕ و یەکسان و بەردەوام دەمێنێتەوە» (٩)، ئەوەی نرخی گەورەش بە داهێنانی ئەدەبی دەدات، هەر ئەو ئەقڵ و ڕاستییەیە، چونکە لەولاشەوە هەر ئەقڵە «پەیامی کۆمەڵایەتی شاعیر دەستنیشان دەکات و بنەما هونەرییەکانی تر بەهێز دەکات» (١٠)، بۆیە (بوالۆ) کە ئامۆژگاری نووسەران دەکات، پێیان دەڵێت «عەقڵ و لۆژیکتان خۆشبوێ، هەمیشە گەورەترین زینەت و بایەخی بەرهەمەکانتان لە عەقڵەوە وەربگرن» (١١)، هۆی کارتێکراوبوون بە پرەنسیپی ئەقڵانییەت لای نووسەرانی کلاسیزم بۆ «ڕاڤەکردنەکانی ئیتاڵییەکان بۆ ئەرستۆ دەگەڕێتەوە بە پلەی یەک» (١٢)، هەرچەندە «..(دیکارت)یش هۆکارێکی تر بوو بۆ چەسپاندنی یاساکانی ئەقڵ لای کلاسیکییەکان) (١٣)، بەڵام لەم جۆرە فۆرمەدا، کە ناوی دەنێین (فۆرمی بەتاڵ)، ئەقڵ بە هیچ شێوەیەک نرخ و بەهایەکی بۆ دانانرێ و قەت هەست ناکەین، لە کەمترین بایەخیشدا دەربکەوێت، ئەمەش واتە: ئەم فۆرمە بەتاڵە لە ئەقڵ.

٢- بە لای کلاسییەکانەوە شاعیر پەیامی هەیە و بۆ ئەوەی پەیامەکەی بە باشی بگەیەنێت، دەبێت ئەو هۆنراوەیەی دەینووسێت، دوو ئەرک ببینێت، ئەوانیش: « أ - جوان و چەشەبەخش بێت. ب - ئامانجێکی کۆمەڵایەتی و پەیامێکی ڕابەریکەری هەبێت» (١٤)، واتە: لە لایەک جوانی بەخش و لەولاوە ئامانجداریش بێت و گۆڕانێکیش بەرەو باشتر دروست بکات، ئەمەش یەکەمیان پەیامداربوونە، کە ئەمە ڕوحی ئەدەب بە زیندوویی دێڵێتەوە، دووەمیشیان چەشە بەخشینە، ئەویش هەنگاوی یەکەمە بۆ قبوڵکردنی پەیامەکە، بۆیە تیوردانەرانی کلاسیزم پێیان وایە، سەرەتا دەبێت شاعیر لێزانانە هۆنراوەکەی دابڕێژێت، بزانێت خوێنەر لەزەت لە چ دەبات، وەها کارەکەی پێشکەش بکات، بۆ ئەوەی دڵی بەرانبەر بۆ خۆی بکاتەوە، پەیامەکەی خۆی پێبگەیەنێت، بەوەش بیخاتە ژێر کاریگەریەتی خۆی، نەک بە پێچەوانەوە شتێک پێشکەش بکات لەگەڵ زەوقە گشتییەکە نەگونجێت و بەوە کۆتایی بە پەیامەکەی خۆی بێنێت، ئەوەتا ڕەخنەسازی بەناوبانگ (کۆرنیل) لەم ڕووەوە ئامۆژگاری نووسەرانی کلاسیزم دەکات، دەڵێت: «پێویستە لە سەرەتادا بزانین چۆن بە هۆی هۆنراوەوە لەزەت بە تەماشاکەران ببەخشین، بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا بتوانین تێریان بکەین» (١٥)، ئەوەش بەو بنەما و باسە گرنگانە، کە ڕابەریەتی خەڵکان دەکات، بەرەو کامەرانی و ژیانی پڕ لە ئاسوودەیی و ئارام، بەڵام لەو (فۆرمی بەتاڵ)ە، ئەوەی پێشکەش دەکرێت، لەبەر ئەوەی زۆر نادیارەو زۆرجار نەزانراوە، ئەسڵەن باس لە چی دەکات، بۆیە ئەو بنەمایەش وەدی نایەت، بۆیە ئەگەر لە سایەی پەیامداربوونی شاعیر واتا و چێژی گەورە بەرجەستە بن، بەوەش شیعر خەڵکان بەرەو کامەرانی و



ئەنوەر مەسیفی

ژیانی پڕ لە ئاسوودەیی و ئارامی ببات، لێرەدا بە پێچەوانەوە فۆرمی بەتاڵ بەبێ پەیامە و لە هەر پەیامێکی کۆن و نوێ خاڵییە، بۆیە خەڵکی بەرەو بێ ئومێدی و نائارامی و ڕەشبینی دەبات.

٣- لە ئەدەبیاتی کلاسیزمدا نووسەر بە بەرچاوگرتنی یاسا و بنەماکانی ئەو کارانەی پێشتر دەتوانێت داهێنانی گەورە بکات، کارەکەی بە زیندوویی بمێنێتەوە، بۆیە وەکو پرەنسیپێک لای ڕۆمانییەکان، (هۆراس) بە شاعیرانی خۆیان دەڵێت: «شوێن پێی پێشینان هەڵگرن» (١٦)، ئەمەش چونکە: «یەکەم: بابەتە کۆنەکان قەناعەتیان تێدایە.. دووەم: جادووی ڕاستەقینەی ئەدەب لەوەوە سەرهەڵدەدات، کە بتوانی شتە کۆنەکان بە جۆرێکی تازە ببینی» (١٧)، تەنانەت وەکو (هۆراس) جەختی لەسەر دەکاتەوە، دەڵێت: «ئەگەر ئەوان (واتە نووسەرانی یۆنانی کۆن - لێکۆڵەر -) هاتن وێنە و سیمای تایبەتییان بۆ پاڵەوانە خورافی و ئەفسانەییەکانیان دانابێت، ئەوە بۆ بێجگە لە ئەوان چار نییە، دەبێت دەست بەو یاسایانەی ئەوانەوە بگرێت و پارێزگارییان لێ بکات». (١٨)

لە دوای ڕێنیسانسیش، نووسەرانی کلاسیزمی ئەوروپی، بە تایبەت «ئەدیبەکانی پێش سەدەی هەڤدەیەم، بە چاوی ڕێز و گەورەییەوە بۆ نووسەرانی یۆنان و لاتینی کۆنیان دەڕوانی و بە مامۆستای ڕاستەقینەی سەرجەم ڕەگەزە ئەدەبییەکانیان دادەنان» (١٩)، کە ئەمە «..چ (مالیرب) و چ (بەلزاک) و چ سەرجەم گەورە نووسەرانی تراژیدیاش لەسەری ڕێک بوون، تا وای لێهات بە گەورەزانینی ئەوان لای (راسین) و (لاڤۆنتین) و (بوالۆ) گەیشتە بڵندترین ئاستەکانی» (٢٠)، پێیان وابوو، دەبێت لاسایی ئەوان بکرێتەوە و پەیڕەوی دەستوور و شێوازەکانی ئەوان بکرێ.

ئەم ڕایەش لای ئەوان پرەنسیپێکی سەرەکی داهێنان بوو، ئەوەتا کە بۆ تێڕوانینی نووسەرانی ئەو قۆناغەی ئەوروپا دەگەڕێینەوە، دەبینین: « ..(بوالۆ) وای دەبینێت، کە دروستکردنی ئەقڵییەتێک، کە هەمیشە ڕاست و ئامانج بپێکێت، تەنیا بە لێکۆڵینەوە لە کۆنەکان زامن دەبێت» (٢١)، (لاڤۆنتین)یش دەڵێت: «تۆ ئەگەر بە بێجگەی ڕێگەی پێشینان ڕێگەیەکی ترت گرت، سەرت لێ تێکدەچێت». (٢٢)

کەوابێت لە ئەدەبی کلاسیزمی نوێشدا: «پرەنسیپی لاساییکردنەوەی پێشینان لە هەر پرەنسیپێکی تر زیاتر دەبێتە مۆرکی جیاکەرەوە» (٢٣)، ئەوەش کە لاساییکردنەوەی ئەدەبی کۆنە بە لای نووسەرانی کلاسیزم بە هیچ شێوەیەک «ئەسیر بوون نییە، بەڵکو ڕێزگرتنی عورف و عادەت و قانوونە». (٢٤)

بەڵام فۆرمی بەتاڵ هەموو عورف و عادەتێکی نووسین لەبەر ڕۆشنایی ئەدەبیاتی کۆنی نەتەوەیی تێکدەشکێنێ و دەیەوێت لە خوار قەڵای بەرزی ئەوان، لەسەر دوورگەی واق واق و لە ژێر دارێکی بێ ئاسمان، شتێکی عەنتیکەی کەس نەدیت و کەس نەناس پێشکەش بکات، ئەوەش دەقەکە لە هەر پرەنسیپێکی ئەدەبی و یاسایەکی نووسین و داهێنان بەتاڵ دەکاتەوە.

٤- تیوردانەرانی کلاسیزم دەڵێن: دەبێ ئەدەب گوزارشت لە شتی چاک و بەهای ڕەوشتی جوان بکات، لەم ڕووەوە (بوالۆ)ی گەورە ڕابەری کلاسیزمی فەرەنسی دەڵێت: «وریا بە، نەکەی لە بێجگەی وێنە چاکەکانت، کە لە دەروون و ڕەوشتی خۆتدان، گوتەکانت گوزارشت لە شتێکی دیکە بکەن» (٢٥)، جگە لە (بوالۆ)ش «کلاسیکییەکان هەموو لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون، کە بەرهەمی ئەدەبی پێویستە ناوەڕۆک و لایەنێکی ئەخلاقی

هەبێت»(٢٦)، کە «ئەمەش بە تەواوەتی لەگەڵ عەقڵگەرایی و فەلسەفەی ڕاسیۆنالیزم یەکی دەگرتەوە».(٢٧)

فۆرمی بەتاڵ لەم ڕووەشەوە خاڵییە و چ وێنەیەکی جوانی دڵخۆشکەر پیشان نادات، بە هیچ شێوەیەک دەرسێکی ئەخلاقی پێشکەشی خوێنەر ناکات.

٥- شاعیر و نووسەرانی کلاسیزم «سووربوون لەسەر ئەوەی دەربڕینی گشتی لە هۆنراوەکانیاندا بەرجەستە بکەن، لەو دەربڕینانەی وەسفی ئەزموونە گشتییەکانی مرۆڤ دەکات، نەک بچنە ناو ویستە تاکەکەسییەکانەوە»(٢٨)، ئەمەش دیارە بۆ ئەوە بووە، کلاسیزم شتێکی گەورە و بەسوود بۆ هەمووان پێشکەش بکات، نەک خۆی بە شتێکی کەسی بچووکەوە خەریک بکات، کە بە لای زۆرینەوە چەشە و سوودبەخش نەبێت، چونکە وەکو لە پێشتر ئاماژەمان پێیدا، یەک لە تایبەتمەندییە گرنگەکانی ئەو ئەدەبە ئەوە بوو، لە یەک کاتدا سوود و چەشەش ببەخشێت.

بەڵام فۆرمی بەتاڵ ئەوەی پێشکەشی دەکات وڕێنەی سوریالییانەی ناخی شاعیرە و چ سوودێکی تەنانەت گچکەش بە خوێنەر نابەخشێت.

٦- (بوالۆ)ی گەورە ڕەخنەگری کلاسیزمی نوێ، لە (هونەری شیعر)ی خۆیدا دەڵێت: «ئەوەی بە ڕوونی دەرکی پێ دەکرێت، دەبێت بە ڕوونیش گوزارشتی لێبکرێت»(٢٩)، چونکە کلاسیزم لە ئەقڵێ دروست و ساغەوە سەرچاوە دەگرێت، لەسەر ئەو بنەمایەش ئەوان لەو بڕوایەدان، کە ئەگەر مێشکی نووسەر جەنجاڵ نەبێت و خۆی لە خۆی بگات چی پێیە و دەیەوێت چ ببەخشێت؟ ئەوە بابەتەکەی ڕوون و ئاشکرا دەنووسێت، خۆ ئەگەر واشی نەنووسی، ئەوە بێ گومان بیرکردنەوە و بابەتەکەی تەواو نییە، چونکە وەکو ئەوان بۆی دەچن: «هەر تەمومژێک لە ئەددەب ئەوە لەو تەمومژەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە ئەقڵی نووسەرەکەیەتی، دیارە ئەو نووسەرەش بێ دەسەڵاتە لەوەی بەسەر بابەتەکەیدا زاڵبێت و تێیبگات و بینوێنێت و بە ڕوونی دەرکی پێبکات، ئەگەرنا بە ئاسانی دەیتوانی ئەوەی مەبەستیەتی بە ڕوونی بیخاتە ڕوو»(٣٠)، کە زۆر باش دەزانێت: «ئەدەبی کلاسیکی بە ڕوونییەتی دەنووسرێت»(٣١)، زمانی نووسینەکەی دەبێت «ساغ بێت، دەربڕین جوان بێت، ڕستەکان بەهێزەوە داڕێژرابن و ڕەوانبێژبن»(٣٢)، چونکە «بەرهەمی باش ئەوەیە، کە هەم شێواز و هەم بابەت و هەم زمانی دەربڕینی ڕوون و ئاشکرا بێت».(٣٣)

بەڵام فۆرمی بەتاڵ یان ئەوەتا هەم شێواز و هەم بابەت و هەم زمانی دەربڕینی ڕوون و ئاشکرا نییە، کە ئیدی کەس تێی ناگات و بەوە لە سوود و بەها بەتاڵ دەبێتەوە، یانیش ئەوەتا بە زمانێکی هەند سادە نووسراوە، باسی شتێکی هەند سادە دەکات، خوێنەر گومان دەکات، لەوەی ئەو فۆرمە لە ناواخنی خۆیدا ڕاستەوخۆ دەیگەیەنێت، چونکە کە دەڵێین (سادە)، ئەمە جیاوازە لە ڕوونی، چونکە هەموو (سادە)یەک (ڕوون) نییە و هیچ (ڕوون)ێکیش (سادە) نییە.

**دووەم:** لای ڕۆمانسییەکانیش ئەدەبی باش دەبێ چەند تایبەتمەندییەکی هەبێت، هەندێک لە گرنگەکانیان، بریتین لە:

١- ئەوەی لە بەرهەمی ڕۆمانسیزمی ئەورووپی بەرجەستە دەبێت، ئەوەیە کە ئەو ئەدەبە «گرنگی بە تاک دەدات نەک بە کۆمەڵ.. دژی هەموو ئەو کۆتانەیە، کە تاکەکەس دەبەستێتەوە»(٣٤)، ئەوەش بە پێچەوانەی کلاسیزمەکانە، کە بایەخیان بە کۆمەڵ دەدا، پێیان وابوو دەبێت مامەڵە لەگەڵ ئولفەت پێوەگیراوەکان بکەن و ئەوە پێشکەش بکەن، کە زەوقی گشتی پەسندییەتی، بەڵام نووسەرانی ڕۆمانسیزم هاتن ئەوە پێشکەش بکەن، کە تاک پەسندیەتی، لێرەوەبوو ئێش و ئازاری جووتیارێک، یان کرێکارێک، یان هەر ستەملێکراو و چەوساوەیەکی تر، خرایە دووتوێی بەرهەمێکی ڕۆمانسیزم و بەو شێوەیە پێشکەش کرا، کە پشتگیری بۆ پەیدابکرێت و ئێش و ئازارەکەی دەربخرێت، لەبەر ئەوەش تاک لەو ڕۆژگاردا لە کۆمەڵگای ئەورووپی بە گشتی زۆر بێ ناز بوو، بۆیە نووسەرانی ڕۆمانسیزم «هێرشیان کردە سەر کۆمەڵگا و بە زۆردار و ستەمکار تاوانباریان کرد، چونکە پێیان وابوو یاساکانی کۆمەڵگا ژیانی گەندەڵ کردووە و تاکی چەوساندۆتەوە».(٣٥)

بەڵام فۆرمی بەتاڵ بەتاڵە لە هەر نرخدانانێک بۆ مافی تاک و چین و توێژە چەوساوەکانیش و گوزارشت لە ئێش و ئازاری ئەوانیش ناکات.

٢- نووسەرانی ڕۆمانسیزم گوتیان: «شاکار لە هونەردا وەدی نایەت، تەنیا لە ڕێی ئەزموونی کەسی وەڵامدەرەوە بۆ سۆزەکەی نەبێت»(٣٦)، بۆیە نووسەرانی ڕۆمانسیزم

«بە سۆزەوە گوزارشتیان لە شتەکان دەکرد» (٣٧)، ئەمەش وای دەکرد «ڕۆڵی عەقڵ لاوازبێت، کە بە ساردی لە شیعری ڕۆمانسییەکان دەردەکەوێت». (٣٨)

بەڵام لە فۆرمی بەتاڵدا (سۆز)یش وەکو ڕەگەزێکی هونەری بنیادنەر لە پێکهاتەی دەقدا چ ڕۆڵێکی پێ نەدراوە و چ دەرکەوتنێکی ئەوتۆی نییە، ئەوەتا هەرگیز دەقێکی فۆرمی بەتاڵ بەدی ناکەین وەکو هەر شیعرێکی سۆزئامێز خەڵکی بسووتێنێت و لە ناخدا ڕاییچڵەکێنێت.

٣- زمانی نووسینی شیعری ڕۆمانسیزم لەگەڵ زمانی پەخشان یەکسانە و زمانی قسەکردنی خەڵکانی سادە و ئاساییە، وەکو لە پێشەکی چاپی دووەمی (Syrical Ballads چیرۆکە شیعرییە ویژدانییەکان)ی (وۆردز وۆرس) ئەو ڕاستییە ئاماژەی بۆکراوە و نووسیویەتی: «شیعر گوزارشتە لە هەڵچوونەکان، بۆیە ئەو زمانەی لەگەڵی دەگونجێت، ئەو زمانە ئاساییەیە، کە لە سەر زاری خەڵکانی چینی خوارووە، لەوانەی شارستانیەت نەیشێواندوون، بە تایبەت لە قسە و ئاخاوتنە ئاساییەکانی نێوان گوندنشینەکان، کە واش بێت جیاوازی لە نێوان زمانی شیعر و پەخشاندا نییە». (٣٩)

بەڵام فۆرمی بەتاڵ زۆرجار زمانەکەی سادەش نییە، یان ئەگەر سادەش بێ، وەکو لە خاڵێکی پێشووتردا تیشکمان خستە سەر، لە بارێکی وەها هاتووە، گوزارشت لە شتێکی هێندە ناڕوون دەکات، خوێنەر ناتوانێ وەکو واتا ڕاستەوخۆکەی وشەکان، لەو زمانە سادەیەی تێبگات.

٤- مێژوو هەمیشە گرنگی خۆی هەیە، بۆیە لای نووسەرانی ڕۆمانسیزمیش «ڕوانینە مێژوو یەک لە تایبەتمەندی و داهێنراوە سەرەکییەکانیان بوو» (٤٠)، بەڵام ئەو مێژووەی لای ئەمانە گرنگبوو، مێژووی نەتەوەییە، نەک مێژووی دێرینی یۆنان و ڕۆمان، کە بەلای کلاسیکەوە مێژووی کۆنی یۆنان و ڕۆمان و پاڵەوانەکانی ئەوان گرنگ بوون، چونکە ڕۆمانسیزمەکان بە هۆی زۆرداری و خوێنڕێژی جەنگەکانی ناپلیۆنەوە و بە هۆی ئەو شکستە دەروونییەی تێی کەوتن، کەوتنە بڵندکردنەوەی سۆز و هەستی نەتەوایەتی(٤١)، ئەمە وای کرد بۆ مێژووی نەتەوەییان بگەڕێنەوە، خاڵە گەش و بەهێزەکانیان و پاڵەوانە دیارەکانیانی تێدا بدۆزنەوە، تا بەمە هەست بەو سەروەری و سەرفرازییەیان بکەن، کە لە مێژووی نوێدا بەدییان نەدەکرد و خەویان پێوەی دەبینی.

لە کلاسیزمی کوردیش پێشتر باس لە پاڵەوانە ئاینییەکان بوو، وەکو خەلیفە ڕاشیدییەکان و ئیمامەکان و حەسەن و حوسەین و هاوشێوەکانیان (ڕەزای خوایان لێ بێ)، گەلێک لەوانە شیعری جوانیان بۆ نووسراوە، لە ڕۆمانسیزمی کوردیشدا ئەوە هەر وەهایە و لە سەدەی بیستەم شاعیران شیعریان بۆ خانزاد و بەدرخان و سەلاحەدین وەکو پاڵەوانی نەتەوەیی نووسی، ئەو ناوانە زەقکرانەوە و شتیان بۆ نووسرا.

بەڵام فۆرمی بەتاڵ لە زەقکردنەوەی هەموو ڕەمزە مێژووییە نەتەوەیی، یان نێو نەتەوەییەکان بەرییە و خۆی خاڵی دەکات لە گرنگیدان بە هیچ یەک لەو کەسایەتییە گەورانە، کە بە هۆیانەوە ئەدەب خزمەت و وانەی جۆراوجۆر پێشکەش دەکات.

٥- گەڕانەوە بۆ سروشت.. یەکێکی تر بوو لە بنەما بیرییەکانی نووسەرانی ڕۆمانسیزم، ئەوان کە لە واقیع و ژیانی شاری سای تەکنۆلۆژیا وەڕس ببوون، چونکە پێیان وابوو ئەم واقیعە، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی تێکشکاندووە و ژیانی ناخۆش کردووە، بەجۆرێک کە ئیتر گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی تازە «شتێک نییە ژیانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی، بە بارێکی باشتر و خۆشتردا بگۆڕێت» (٤٢)، بۆیە زۆرجار ئازاریان دەچەشت و دەکەوتنە بارێکی دەروونی ناڕەحەتەوە، لێرەوە بیری ئەوەیان بۆ دروست دەبوو، کە «سروشت پەناگەیەکە بۆ خۆدەربازکردن، لە خراپییەکانی کۆمەڵگای مرۆڤ» (٤٣)، ئەوەش لەبەر ئەوەی «کەسی ڕۆمانسی وا هەست دەکات، کە چەندین هۆکاری بەهێز بە سروشتی دەبەستنەوە، بۆیە لەو کۆمەڵە قەرەباڵغە ڕادەکات، کە کۆت دەخاتە دەوری ڕوحی و بە خراپ تێی دەگات، لەبەر ئەوە پەنا بۆ سروشت دەبات» (٤٤)، چونکە بە بڕوای ئەو «ئەو کۆمەڵگایەی شارستانیەت لە دوای خۆی پێکەوەی ناوە، کۆمەڵگایەکی ساختەیە» (٤٥)، بەڵام سروشت هەمیشە پاکە، هەمیشە ئەو شوێنەیە، کە دەروون تێیدا بە پاکی دەمێنێتەوە، مرۆڤ پشکی خۆی لە ئاسوودەیی لێ بە دەست دێنێت، بۆیە لای نووسەرانی ڕۆمانسیزم «سروشت وەکو بابەتێکی شیعر جێگیر دەبێت». (٤٦)

بەڵام فۆرمی بەتاڵ لە (سروشت)یش بێزارە و تاقەتی نییە چێژ لە دیمەنە جوانەکانی وەربگرێ، بۆیە قەت لە

تێکستێکی خۆیدا ئەو (سروشت)ە دڵگیرە جێناکاتەوە، بێت بە شێوەیەکی وەها بیخاتە ڕوو، دڵانی پێ شادمان بکات.

٦- گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و سەردەمی منداڵی یەکێکی دیکەیە لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانسیزم، ئەمەش حاڵەتێکە هەر بە هۆی بێزاری شاعیر لە واقیعەکەی بۆی دروست دەبێت، بۆیە شاعیری ئەو ڕێبازە زۆر بیر لە مردن دەکاتەوە، دەزانێت سەرەنجام بەوە لەم ژینەی دنیای دەردەچێت، ئیدی سۆزێکی غەریبی دایدەگرێت، «ئەو ژیانەی تێیدایە، کە پڕیەتی لە ئازاری سەخت» (٤٧)، ئەوە جێدەهێڵێ و لە ژینگەیەکی ئارامتر دەگەڕێت، تێیدا هەناسەیەک هەڵمژێت، ئیتر با ئەوە بە خەیاڵیش وەدی بێت، بۆیە «بە خەیاڵ بەرەو ڕابردوو دەگەڕێتەوە، لەم یادەوەرییەی چەندین وێنەی جوانی ژیانی خۆی دێتەوە بەرچاو، کە دەزانێت لە دەستی دەرچوونە و چی دیکە بۆی ناگەڕێنەوە» (٤٨)، لەوەش زیاتر شاعیری ڕۆمانسیزم هەر کاتێک دەیەوێت لە دەست واقیعی پڕ لە غەم و ئازاراوی دوورکەوێتەوە، «بە سۆز و خەیاڵەکەی بەرەو قۆناغی منداڵی دەگەڕێتەوە، وێنە و دیمەنە وردەکانی بیر خۆی دێنێتەوە، لە نێویاندا دەژی و دەبینێ ئەوان زۆر لەسەر دڵی خۆشەویستترن، چونکە لە هەموو بیر و هەستێک خاڵین، کە لە ڕۆژی ئێستایدا باری قورس دەکەن» (٤٩)، چونکە «لە سەردەمانێکدا کە هەرا و پاشاگەردانی کۆمەڵایەتی، نایەکسانی ئابووری، شێواوی ڕوح، تاریکی بیر و نامۆیی و حەسرەت و تەنیایی، سێبەری بەسەر هەموو شتێکدا کێشابێت، ڕابردوو باشترین هۆیە بۆ هەڵاتن لە غەمی ئەمڕۆ و سبەینێ». (٥٠)

بەڵام شاعیری فۆرمی بەتاڵ ئەگەر لە واقیع و لە ئێستاش بێزار بێ، بەڵام هەر گوزارشتکردن لە حاڵەتی بێزارییەکەی دەزانێ و دەتوانێ چل پەنجا شێست حەفتا جار، یان سەدجار، یان لەوەش زیاتر لەسەر یەک بڵێ: (بێزارم)، یان بڵێ: (ماندووم)، یان بڵێ: (قورمان بەسەر)!! ئەگینا نە دەتوانێ لە هەناسەیەکدا بۆ ڕابردوو بگەڕێتەوە و بە دیمەنێکی جوانی ماندوویی و مردوویەتی ئێستای چارەسەر بکات، نە دەشتوانێ خەونێک بە ئایندەوە ببینێت و لە سای باغەکانی بەهەشت، هەناسەیەک بدات و ماندووبوون و بێزارییەکانی بسڕێتەوە، جا بەهەشت ئەو بەهەشتە بێ، کە ئیمانداران

بڕوایان پێی هەیە و لە دوای حەشر و حیساب پێیان دەدرێ، یان هەر شتێکی دیکە بێ، کە خەڵکان خەونی پێوە دەبینن و دەیانەوێ لە ئایندەدا تێیدا بژین و بچن و لە سای خۆشییەکانییەوە ئاسوودە بن. بەم شێوەیە فۆرمی بەتاڵ خۆی لە هەموو جیهانبینییەکی ئومێدبەخشیش بەتاڵ دەکاتەوە و لەو چاڵەی دروستی دەکات، خۆی و خوێنەرانی دەهێڵێتەوە.

٧- لای شاعیر و نووسەری ڕۆمانسیزم ئەدەب دەبێت لە خزمەتی ئەمڕۆدا بێت، چونکە ئەوان «بڕوایان بە ڕەسەنایەتی و داهێنان هەیە» (٥١)، بۆیە، وەکو لە بەرهەمەکانیاندا دەبینرێت «لە زۆربەی کاتەکانیشدا لایان وایە گرنگیدان بە ناوەڕۆک باشترە لە گرنگیدان بە فۆرم» (٥٢)، ئەگەرچی فۆرمیشیان فەرامۆش نەکردووە، بەڵکو یەک لە سیما سەرەکییەکانیان «پێشخستنی داهێنانە بەسەر شێوازی باوو لاساییکردنەوە، لە بابەتی ئەدەبی و فۆرم و شێوازیشدا». (٥٣)

بەڵام لە ڕاستیدا فۆرمی بەتاڵ نە فۆرمی هەیە و نە ناوەڕۆک، نە خزمەتی ئەمڕۆ دەکات و نە خزمەتی بەیانی، بەڵکو لە هەموو ئەو بەهایانە خاڵییە و تا ڕادەی سفر بەتاڵە.

**سێیەم:** لە ئەدەبیاتی نوێی جیهانیشدا، کە شاعیرانی دنیای پێشکەوتووی ئەوڕۆ شیعر دەنووسن، چەند بنەمایەکی گرنگ هەنە، بۆ کاری داهێنان، هەریەکە و بە شێوازی خۆی لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی شیعرییەتی خۆی ڕەچاویان دەکات، بەڵام فۆرمی بەتاڵ لە هەموو ئەوانەش بەتاڵە، بۆ نموونە:

١- لە ئەدەبیاتی نوێدا شیعر واتە وێنە، واتە شاعیر قەڵەمی دەستی بباتە پایەی فڵچەی هونەرمەندەکە و تابلۆی ڕەنگینی جوانمان بۆ بکێشێ، ئەوەتا پیرەمێرد وێنەی سینەمایی جووڵاومان بۆ دەکێشێت و دەنووسێت:

**سبەینێ بوو لە خەو هەڵسام کە ڕووانیم بەفرە باریوە**
**سلێمانی دەڵێی بەلقیسە تارای زیوی پۆشیوە**
**دەمێ بوو چاوەڕێی بەفرێکی وا بووم موژدە بێ باری**
**سەرم بەفرە کەچی هێشتا شەڕە تۆپەڵمە بۆ یاری**
**لە بیرمە شێرە بەفرینەم دەکرد سواری دەبووم بێ زین**
**نسێ بوو جێگەکەی دەیبەست، دەما تاکو دەمی هاوین.. (٥٤)**

(گۆران)یش لەسەر هەمان ڕەوت بەردەوام دەبێت و داهێنانی گەورە تۆمار دەکات و چەندین وێنەی دڵگیر

دەکێشێت:

**- ئەڵڵاهو ئەکبەر مەلا بانگدانە**

**تاریک و لێڵی بەری بەیانە**

**- مانگی بەجێماو لە سەفەری شەو**

**زەردە لە ترسی قاسپە قاسپی کەو**

**- جۆگەی ئاوەکان تیایا قەتیس ماو**

**هەر ئەڕۆن ناکەن پێچی شاخ تەواو... (٥٥)**

کەچی ئەم تێکستانەی فۆرمی بەتاڵ قەت وێنەیەکت بۆ دروست ناکەن، کە مەبەستم لە وێنە ئەو وێنەی هونەرییەیە، کە لەو نموونانەی سەرەوە شاعیرەکان بە وشە بەرهەمیان هێنابوو و لەگەڵ بیستنی شیعرەکان بە ڕاستەوخۆیی و یەکسەر و یەک جۆر وێنەمان لە خەیاڵ بۆ دروست دەبێت، دەنا دەشێ هەندێک جار بە هەندێک لەو نووسراوانەی فۆرمی بەتاڵ وێنەیەکت لە خەیاڵدا بۆ دروست بێت، بەڵام وێنەکەیان، یان زۆر ناهونەرییە و زۆر نامەئلووفە، خوێنەر ئاشنایەتی لەگەڵیان نییە، ئەوەتا ئاخر: (لە بوولێڵ باڵندەیەکی وێڵ لە ڕەوەی خۆی دەگەڕا)، (بە کەچە موگناتیز برووسکەی ئاسمانی لاڕێ کرد).. هەریەکە لەم شیعرانە دەبێ چ وێنەیەک لە بیردا دروست بکەن، کە هەندێک وشە و دەربڕینیان ئەسڵەن واتایەکی دروست ناگەیەنن و وەکو هێمای سیمبولی هاتوون!

(بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم بێزارم) دەبێ چ وێنەیەک دروست بکات، کە کەس تێناگات، ئەسڵەن شاعیر لە چی بێزارە، ئایا لە شتە خراپەکان، یان لە شتە باشەکان، ئایا لە کولتوور، یان لە ڕۆشنبیری نوێ، یان لە هەردووکیان، ئایا لە ئایین، یان لە ئایدۆلۆژیا، یان لە هەردووکیان، ئایا لە خزموکەس و دۆست و برادەرەکان، یان لە بێگانە و خەڵکە نەناسراوەکان، یان لە هەردووکیان، ئایا لە شەڕ و لە ئاژاوە و لە ماڵوێرانی و لە خراپی باری گوزەران و لە بێ جادەیی و لە بێ بەرنامەیی و لە سیاسەتی چەوتی نێو دەوڵەتی و لە خاکوخۆڵ و بەردودار و لە گەورە و بچووکی نەتەوە و لە دەسەڵات و لە دامەزراوە پڕ لە کەموکورییەکان، یان لە موعارەزە و لە بەرنامە تایبەتەکانیان، لە چی و لە چی!!

لە ڕاستیدا کەس نازانێ، چونکە ڕستەکە (بەرکار)ێکی پێویستە لە ڕووی سینتاکسی و واتاسازییەوە، ئەو بەرکارە لابراوە و شاعیر نەیهێناوە، ئیدی چۆن دەکرێ (بێزارم)ەکەی، نەک ئەگەر (٤٦) جار، بەڵکو ئەگەر دەیان جار لەوەش زیاتر دووبارە بکاتەوە، وێنەیەک دروست بکات.

٢- شیعر واتە زمان و شێوازی بەهێز، واتە گەمەی زمانی و هەموو ئەو لادانە هونەرییانەی لە هەردوو ئاستی واتا و دارشتندا دەشێ ئەنجام بدرێ و تێکستەکەی پێ بەهێز بکرێ، کەچی ئەم فۆرمە بەتاڵە لە هەموو ئەوە بێ بەشە و وای لێهاتووە خاڵی بووە لە تەواوی ئەو لادانانە و چ جوانییەکی هونەری لە زمان و شێوازی ئەو تێکستانە بەدی ناکەین، بەوەش هەرچی شیعرییەتە لەو شیعرانە دادەماڵرێ و چ بەهایەکی ئیستێتیکی ئەدەبیەت و شیعرییەتیان نابێ.

ئاخر ئەوە لە کوێ نالی بنووسێ:

**وەی کە ڕوو زەردی مەدینە و ڕوو سییاهی مەککە خۆم**

**دەرکراو و دەربەدەر یا ڕەب دەخیلی عەفووی تۆم..(٥٦)**

لە کوێ ئەحمەد هەردی بنووسێ:

**باغەوان بۆ ئەو مەبەستە گوڵ دەلاوێنێتەوە**

**تاوەکو گەورەی بکا و بۆ پارە بیگۆڕێتەوە**

**بیفرۆشێ بەو کەسەی خەڵکی دەڕووتێنێتەوە**

**تاوەکو مێزی شەرابی پێ برازێنێتەوە**

**کچ لە لای ئێمەش گوڵێکە بۆیە پەروەردەی دەکەن**

**تا برازێنێتەوە مێزی شەرابی دەوڵەمەند... (٥٧)**

کە ئەم دێرانە پڕن لە هونەرکاری و ڕەوانبێژی و لادانی شێوازی دروستکەر.. ئەدی کوا ئەوەی فۆرمی بەتاڵ دەیڵێ: خلود خلود خلود خلود خلود خلود خلود خلود.....

٣- شیعر واتە مۆسیقا و ئاوازی خۆش، بەڵام ئەم دەقانەی فۆرمی بەتاڵ زۆر لەوە هەژارترن، تەنیا کورتە شەپۆلێکی بچووکی مۆسیقیش بە گوێی خوێنەردا بگەیەنن، قسەی زۆر ئاسایین و تەنانەت جاری وا هەیە نەک هەر مۆسیقا خۆشەکە پێشکەش ناکەن، بەڵکو بە پێچەوانەوە میزاجی کوردەواریش لە دەربڕینی هەندەسی دەشێوێنن.

٤- شیعر واتە پێشەنگ و ئاراستەکردن، ئەمەش واتا لەخۆگرتنی واتایەکی قووڵی فەلسەفی و ئەخلاقی باڵا،

کە خوێنەر وا هەست بکات، ئەو شیعرە پێویستی قۆناغەکەیەتی و قووتێکی ڕوحییە بۆ هاندان و بەرەوپێشبردنی، بەڵام لەو شیعرانەدا بە هیچ شێوەیەک نابێ بە دوای ئەو واتایانەدا بگەڕێی و نابێ بە تەمای ئەوە بیت شتێکت فێر بکەن.

٥- شیعر واتە تۆپۆگرافیایەکی ئاشکرا، ئەم تێکستانە چ تۆپۆگرافیایەکیان نییە.

٦- تێکست شیعر بێ، یان پەخشان، دەبێ بابەتێک لە بابەتەکانی واقیعی کۆمەڵگا چارەسەر بکات، بەڵام ئەو تێکستانەی فۆرمی بەتاڵ ئەو بابەتانە لەبیری خۆیان دەبەنەوە.

٧- شیعر واتا ئەو تێکستەی واتا بە خوێنەر دەبەخشێ، بەڵام ئەم تێکستانەی فۆرمی بەتاڵ هیچ پێشکەش ناکەن و چاویان لەوەیە خوێنەر واتایان پێببەخشێ، واتە ئەدەب لە جیاتی ڕۆڵی پێشەنگی خۆی ببینێ و ئاراستەکەر بێ، ئێستاکە دەبێتە ئاراستەکراو و هەرکەسە و بە ئارەزووی خۆی بۆ لایەکی دەبات، کە ئەو لایە نە شاعیر لە بیری بووە و نە لە دوورو نزیکیشەوە پێوەندی بە شیعرەکەوە هەیە.

٨- شیعر دەبێ باسی بابەتە زیندووەکان بکات، بەڵام دەقەکانی فۆرمی بەتاڵ لە بابەتە زیندووەکان هەڵدێن و ناتوانن خۆیان لە بەرانبەر زەحمەت و ناخۆشییەکاندا بگرن، بۆیە لە خستنەڕوو و زەقکردنەوەی هەر بابەتێکی گرنگ و زیندوو خاڵی دەبنەوە.

## شوێنەوارەکانی فۆرمی بەتاڵ

دیارە فۆرمی بەتاڵ بەو شێوازەی بۆ خۆی هەڵیبژاردووە، گەلێ شوێنەواری خراپی لە سەر ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئەدەبی و دەروونی بەجێهێشتووە، بە هەموویانەوە زیانی گەورەیان لە نەتەوە داوە، لەوانە گرنگترینیان:

١- بووەتە هۆی بەتاڵ کردنەوەی ئەدەب لە هەموو بەها جوانییەکانی ناوەوە و دەرەوەی.

٢- بووەتە هۆی کوشتنی ئارەزوو و حەزی خوێنەر لە خوێندنەوە و بەردەوامبوون.

٣- بووەتە هۆی بەرهەمهێنانی وەستان و دواکەوتن، چونکە جووڵە ناهێڵێ و پێشکەوتن ڕوونادات، بەڵکو بە پێچەوانەوە گەڕانەوە بۆ دواوە و دواکەوتن بەرهەم دێنێ.

٤- ئەم فۆرمە جاڕی ئیفلاسی ئەدەب دەدات، بەوەش ڕۆڵی پێشەنگیی لە ئەدەب وەردەگیرێتەوە و چی دیکە ئەو توانا ڕوحییە گەورەیەی بەسەر خوێنەر و کۆمەڵگاوە نابێ.

٥- ئەم فۆرمە دابڕان لە نێوان خوێنەر و شاعیران دروست دەکات، بەوەش زیانی گەورە بەر هەردوو لا دەکەوێت.

٦- ئەم فۆرمە لێک خوێندن و یەکدی ناشیرینکردن و گاڵتەکردن بە توانای یەک دەخاتە نێو ڕیزی نووسەران و خودی شاعیران خۆیان، هەروەها ناکۆکی دەخاتە نێوان شیعر و خوێنەرانیشی، بەوەش شیرازەی ئارامی کۆمەڵگا لەبار دەچێت و ئاژاوە و لێک تێنەگەیشتن و لێک خوێندن دروست دەبێت.

**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**

(١) ئەنوەر مەسیفی، شەیتان، هەولێر، ٢٠٠٣. هەروەها: کتێبی شین، ژ: (١٥)، تشرینی دووەمی ٢٠٠٥، دەزگای ئاراس، ل ٩٥.
(٢) هێدی (خالیدی حیسامی)، کاروانی خەیاڵ، چاپی یەکەم.
(٣) سەباح ڕەنجدەر، شەڕی چل ساڵە، ئاراس، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل٥٢.
(٤) فەرهاد پیربال، پێنج کتێب و نیو، هەولێر، دەزگای ئاراس.
(٥) یەک لە شیعرەکانی سالار عوسمان.
(٦) عەباس عەبدوڵڵا یووسف، گۆڤاری واتە، حوزەیرانی ٢٠٠٨، ل ٩٨.
(٧) عەبدوڵڵا ئەژی، گۆڤاری کاروان، ژ: ٢٠٦، مانگی ٥ی ساڵی ٢٠٠٦، ل ٨٤.
(٨) د. سالم احمد الحمداني، مذاهب الأدب الغربي ومظاهرها في الادب العربي الحديث، مطبعة التعليم العالي، الموصل، ١٩٨٩، ص ٦٢.
(٩) د. فەرهاد پیربال، کلاسیزم و سەردەمی ڕێنسانس، گۆڤاری ڕامان، ناوەندی ڕۆشنبیری گوڵان، ژ (٨٠)، ١ی شوباتی ٢٠٠٣.
(١٠) د. سالم احمد الحمداني، مذاهب الأدب الغربي ومظاهرها في الادب العربي الحديث، ص٦٢.
(١١) د. فەرهاد پیربال، ڕامان، ژ (٨٠)، ل ٧٩.
(١٢) د. محمد غنيمي هلال، الادب المقارن، الطبعة الثالثة، دار العودة، بيروت، ١٩٨١، ص ٣٧٧.
(١٣) سەرچاوەی پێشوو.

(١٤) د. كامل حەسەن عەزيز بەصير، ڕەخنەسازى .. مێژوو و پەيڕەوكردن، چاپخانەى كۆڕى زانيارى عيراق، بەغداد، ١٩٨٣، ل٥٦.

(١٥) سەرچاوە و لاپەڕەى پێشوو.

(١٦) هۆراس، هونەرى شيعر، وەرگێڕانى: حەميد عەزيز، بەغدا، ١٩٧٩، ل٢١.

(١٧) كەمال مەمەند، ڕەخنە ئەدەبى و گيروگرفتى ناساندنى، گۆڤارى نووسەرى كورد، خولى دووەم، ژمارە (٥)، تشرينى دووەمى ١٩٨٠، چاپخانەى الحوادث، بەغداد، ل ١٧٦.

(١٨) صالح مهدي الشريدة، المذهب الكلاسيكي وأثره في الشعر الأنكليزي، مطبعة الزهراء، بغداد، ١٩٥٢، ص (ز).

(١٩) عبدالرزاق الأصفر، المذاهب الأدبية لدى الغرب – مع ترجمات ونصوص لابرز أعلامها، www.awu-dam.com

(٢٠) سەرچاوەى پێشوو.

(٢١) سەرچاوەى پێشوو

(٢٢) سەرچاوەى پێشوو.

(٢٣) د. عبدالكريم أحسان، مذاهب الادب في أوروبا، دراسة تطبيقية مقارنة الكلاسيكية، الطبعة الثانية، مطبعة سجل العرب، ١٩٧٩، القاهرة، ص ١٦٥.

(٢٤) د. فەرهاد پيربالّ، ڕامان، ژ (٨٠)، ل ٧٩.

(٢٥) صالح مهدي الشريدة، المذهب الكلاسيكي وأثره في الشعر الانكليزي، ص (ك).

(٢٦) د. فەرهاد پيربالّ، ڕێبازە ئەدەبييەكان، ل٣٢.

(٢٧) سەرچاوەى پێشوو.

(٢٨) س. مۆريس ببورا، الخيال الرومانسي، ترجمة: جابر احمد عصفور، مجلة (الأقلام)، بغداد، وزارة الأعلام، العدد ١٢، السنة الحادية عشرة، ايلول ١٩٧٦، ص ٢٩.

(٢٩) د. محمد مندور، الكلاسيكية والاصول الفنية للدراما، دار نهضة مصر للطباعة والنشر، القاهرة، مطبعة نهضة مصر، دون سنة الطبع، ص ١٨.

(٣٠) سەرچاوەى پێشوو.

(٣١) سەرچاوەى پێشوو.

(٣٢) سەرچاوەى پێشوو.

(٣٣) د. فەرهاد پيربالّ، ڕێبازە ئەدەبييەكان، ل٣٢.

(34) The Secrets of Studying, P: 63.

(٣٥) د. سالم أحمد الحمداني، مذاهب الأدب الغربي ومظاهرها في الأدب العربي الحديث، ص ١٠٣.

(٣٦) د. محمد زكي العشماوي، قضايا النقد الأدبي بين القديم والحديث، ص٥١.

(37) The Secrets of Studying, P: 63.

(٣٨) د. سالم أحمد الحمداني، مذاهب الأدب الغربي ومظاهرها في الأدب العربي الحديث، ص ١٠٢.

(٣٩) كولريدج، النظرية الرومانتيكية في الشعر، سيرة أدبية لكولريدج، ترجمة: د. عبدالحكيم حسان، دار المعارف، مصر، القاهرة،١٩٧١، ص (ح).

(٤٠) د. عبدالله الدباغ، الردة ضد الرومانسية في النقد الحديث، مجلة افاق عربية، العدد (١٠)، السنة الثالثة عشر، تشرين الأول ١٩٨٨، ص ٦٨.

(٤١) ئەحمەد سالار، ڕێبازە سەرەكييەكانى ئەدەب و هونەر، ل ١٧٨.

(٤٢) فوئاد مەجيد ميسرى، ئەدەب و لێكدانەوەى ڕۆمانسييانە، گۆڤارى بەيان، ژ ٦٤، تەموزى ١٩٨٠، ل٢٣.

(43) The Secrets of Studying, P: 63.

(٤٥) امية حمدان، الرمزية والرومانتيكية في الشعر اللبناني، الدار الوطنية للتوزيع والاعلان، بغداد، ١٩٨١، ص ٢٠.

(٤٥) سەرچاوەى پێشوو.

(46) A Glossary of Literary Terms, M.H.Abrams, Sixth edition, c 1993, ttolt , Rinehart and Winston,Ins. Brinted in USA. P:128.

(٤٧) طلعت أبو العزم، الرؤية الرومانسية للمصير الأنساني، مطابع دار الناشر الجامعي، القاهرة، ١٩٨١، ص ٢١٣.

(٤٨) سەرچاوەى پێشوو.

(٤٩) سەرچاوەى پێشوو.

(٥٠) ئەنتى ڕياليزم ئەفسوونى ڕۆمانتيزم، و: لە فارسييەوە: حەمەكەريم عارف، گۆڤارى ڕامان، ژ (٦٥)، ل ٦٤.

(٥١) د. سالم أحمد الحمداني، مذاهب الأدب الغربي ومظاهرها في الأدب العربي الحديث، ص ١٠٧.

(٥٢) سەرچاوەى پێشوو.

(53) A Glossary of Literary Terms, P:127.

(٥٤) محەمەد ڕەسول هاوار، ديوانى پيرەمێرد، چاپى يەكەم، بەغداد، ١٩٦٨.

(٥٥) گۆران، سەرجەمى بەرهەمى گۆران، بەرگى يەكەم، بەغداد ١٩٨٠.

(٥٦) عەبدولكەريمى مودەڕيس و فاتح عەبدولكەريم، ديوانى نالى، چاپى يەكەم، بەغدا، ١٩٨٠.

(٥٧) ئەحمەد هەردى، ڕازى تەنيايى، چاپى دووەم، هەولێر، ١٩٨٤.

# چەند وانەیەکی بەراوردی ئەدەبی

## (١) بوارەکانی بەراوردی ئەدەبی

**د. عادل گەرمیانی**
**(زانکۆی کۆیە - کۆلێژی زمان)**

بەراوردی ئەدەبی: جۆرە پرۆسەیەکی مەعریفییە لەنێوان دەقە زمان جیاوازەکاندا دەکرێت، بە مەبەستی خستنەڕووی کاریگەریی نووسەرێک بەسەر نووسەرێکی دیکەوە، یان بە مەبەستی خستنەڕووی ئاستی داهێنان و ئیستێتیکای (جوانکاری) دەقە بەراورد کراوەکان ، ئەمەش لە ڕێی خستنەڕووی لایەنە جیاواز و لێکچوونەکانی نێوان دەقە بەراورد کراوەکانەوە دەبێت. ئامانجی سەرەکی بەراوردی ئەدەبی زیاتر خزمەتی ئەدەبی جیهانییە لەڕێی هەڵبژاردنی دەقی جیهانیی بەناوبانگەوە، کە لەئەنجامدا بەراوردی ئەدەبی دەبێتە ئەڵقەیەکی بەستنەوەی نێوان ئەدەب و ڕۆشنبیری گەلانی جیهان.

دەبێت لێکۆڵەری بەراوردی ئەدەبی شارەزاییەکی باشی لە زمانی دەقە بەراورد کراوەکانەوە هەبێت لە ڕووی گۆکردن - تلفظ -ی زمانەوانی ئەم جۆرە زمانانەوە، هەروەها لەڕووی خوێندنەوەی ڕێنووسی دەقە بەراورد کراوەکانەوە، لەگەڵ شارەزابوونی لێکۆڵەر لە لایەنەکانی ڕستەسازی و ڕەوانبێژی زمانی دەقە بەراورد کراوەکان. بەم شێوەیە کارێکی شیاو نییە، ئەگەر لێکۆڵەری بەراوردی ئەدەبی پەنابەرێتە بەر زمانێکی ناوەند بۆ تێگەیشتن لە دەقی زمانە بیانییەکە.

لەوانەیە هەندێ کەس لەو باوەڕەدا بن بەراوردی ئەدەبی، کارێکی ئاسان بێت و تەنیا بریتی بێت لەبەرانبەرکردنی دوو دەقی ئەدەبی کە تاڕادەیەک لێکچووبن، بەڵام لە ڕاستیدا بەراوردی ئەدەبی پرۆسەیەکی مەعریفی زۆر گرنگە بۆ بەستنەوەی داهێنانی نێو کەڵچەری وڵاتانی جیهان ، ئەم کارەش پێویستی بە جۆرە لێهاتوویی و شارەزاییەک هەیە کە دەبێ لای لێکۆڵەری بەراورد هەبێت تا لە دەرئەنجامدا هەندێک زانیاریی بەسوود پێشکەش بەخوێنەرەکەی بکات. لەڕاستیدا بەراوردی ئەدەبی تەنیا بەراوردکردنی دەقە ئەدەبییەکان نییە، بەڵکو چەندین بواری بەراوردی ئەدەبی هەیە لێکۆڵەری بەراورد دەتوانێ کاری بەراوردی خۆی تێدا بکات، وەک:

### ١-بەراوردی دەقە ئەدەبییەکان:

دەقی ئەدەبی جەستەیەکی مەعریفییە لەڕووی ڕەگەزی ئەدەبییەوە خاوەن سەربەخۆیی خۆیەتی، هەروەها خاوەن چەندین بنەمای تایبەتمەندی هونەریی خۆیەتی، بەهۆیەوە لە دەقێکی دیکەی سەر بە ڕەگەزێکی ئەدەبی دیکە جیا دەبێتەوە. زۆربەی لێکۆڵەرانی بەراوردی ئەدەبی لە بواری بەراوردی دەقی ئەدەبیدا کار و کردەوەی خۆیان ئەنجام داوە، هەندێکیان بەراوردەکەیان چوارچێوەیەکی گشتی هەیە، واتە بەراوردی سەرجەم بنەما هونەرییەکانی دوو دەقی ئەدەبی زمان جیاواز کراوە، یان هەندێکی دیکەیان لەنێو دوو دەقی ئەدەبی زمان جیاوازدا گۆشەنیگایەک وەردەگرێت، بۆ ئەوەی زیاتر تیشک بخاتە سەر سروشتی



**حافز**

بنەمـا هونەرییـەکـەی نێـو ئەو گـۆشـەنیگایە. وەک بەراوردکـردنی زمـانی شـیـعـری لای دوو شـاعـیـر، یان بەراوردکـردنی ڕووداوی نێـو چیـرۆکی دوو چیـرۆکنووس، یان بەراوردکــردنی کــەســایەتی نێــو ڕۆمــانی دوو ڕۆماننووس.

بێ گومان لێکۆڵەرانی جۆری دووەم زۆرترە لەوەی لای جـۆری یەکـەم دەبێ هەبێت، چونکە وەکــو وتمان ئەرکی سەرشانی لێکۆڵەری جۆری دووەم ئاسانترە، بە حوکمی ئەوەی لەسـەر گـۆشـەنیگایەک کـار دەکـات، هەروەها لەڕووی وردەکاری ئەنجامییەوە لێکۆڵەری جۆری دووەم سەرکەوتووتر دەبێ، چونکە مەودا و بواری کارکردنەکەی خـاوەن بازنەیەکی بچـووکـتـرە لەوەی لێکۆڵەری جـۆری یەکـەم دەبێ کـاری لەسـەر بکات، بەحـوکـمی ئەوەی پێویستی بە پێشکەشکردنی زانیاری زۆرە لە بارەی هەر بنەمـایەک لە بنەمــا هونەرییــەکــانی بنیــادی دەقــە بەراوردکراوەکە، چونکە لێکۆڵەری جۆری یەکەم دەبێت توانایەکی باش و شارەزایی باشی هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی پرۆسەی بەراوردەکەی و کات و زانیاری زیاتری دەوێت. لێکۆڵەری جۆری یەکـەم (بەگشـتی کـار دەکـات) زیاتر مـاندوو دەبێ، بەڵام لێکۆڵەری جـۆری دووەم (بەتایبـەت کار دەکات) کەمتر ماندوو دەبێ و کاتی کەمتری دەوێت و زانیاری کەمتریش پێشکەش دەکات.

**٢-بەراوردی ڕێباز، یان قوتابخانە ئەدەبییەکان:**

گـەورەترین جیـاوازی لەنێـوان قـوتابخـانە و ڕێبـازی ئەدەبی لەوەدایە: تەمـەنی قـوتابخـانە زیاترە لە تەمـەنی ڕێبـاز، هەروەها هەمـوو قـوتابخـانەیەک خـاوەن بنەمـا هونەرییـە تایبەتییـەکانی خۆیەتی و دەبێ لایەنگرانی بە وردی پێـڕەوی بکەن، بەڵام لە ڕێبـازی ئەدەبیـدا جـۆرە تەمومژییەک لە بواری بنەما هونەری و تایبەتییەکانیدا بەرچاو دەکەوێت.

هەمـوو ڕێبـازێکی ئەدەبی سـەرەتا لەنێـو منداڵدانی ڕێبازەکەی پێشووی خۆی نەشونما دەکات، پاشتر لە دایک دەبێ و دەبێتە کاردانەوەیەک بۆ ڕێبازەکەی پێشووی.

هەبوونی دیاردەی ڕێبازی ئەدەبی لە ئەدەبی گەلاندا بۆ هۆکـاری سـەرهەڵدانی پێـویسـتیی دەگـەڕێتـەوە، بەڵام هەمان ڕێبازی ئەدەبی لەنێو ئەدەبی گەلاندا سەد لە سەد بە هەمان شێوە نابێ، بەڵکو هەندێک تایبەتمەندی خۆی وەردەگرێ، بەڵام چوارچێوە گشتییەکەی ڕێبازە ئەدەبییەکە وەکو خۆی دەمێنێتەوە.

لێکۆڵەری بەراورد دەتوانێ لەبواری قوتابخانە و ڕێبازە ئەدەبییـەکـاندا لێکۆڵینەوەی ئەدەبی پێشکەش بکات، ئەگەر شارەزاییەکی باشی لەبواری ڕێبازە ئەدەبییەکان و زمانی دەقی بەراوردکراوەکان هەبوو. بۆ نموونە:

* بابەتێکی وەکـو کـلاسـیـزم لە شـیـعـری کـوردی و فـارسـیـدا پێـویسـتی بەوەیە لێکۆڵەر شارەزایی باشی لە مێژووی شـەنگسـتـەکـانی (بنەمـا) قـوتابخانەی ئەدەبی کلاسیـزم لەلایەک هەبێ، هەروەها پێـویستە لێکۆڵەر لە هەڵبـژاردنی دەقی گـونجـاو و شـیـاو بۆ بەراوردەکـەی سەرکەوتوو بێ: وەکـو هەڵبژاردنی شیـعرەکـانی حافـزی شیـرازی و سـەعـدی شـیـرازی و فـیـردەوسی و نیـزامی گەنجەوی لەگەڵ هەڵبژاردنی شیعرەکانی مەلای جەزیری و نالی و سـالم ، مـەحـوی.. تاد. لەئەنجـامی ئەم جـۆرە بەراوردە لێکۆڵەر بۆی دەردەکـەوێ عـەرووزی شـیـعـری لە عـەرەبییـەوە بۆ نێـو شـیـعـری فـارسی گـوێزراوەتەوە و پاشـتریش بۆ نێو شـیـعری کـوردی گوێزراوەتە، هەروەها لێکۆڵەر بۆی دەردەکـەوێ هەمـوو دەریاکـانی عـەرووزی عەرەبی نەهاتوونەتە نێو شیعری کوردییەوە بۆ نموونە: لە شـیـعـری کـلاسـیـزمی کـوردیدا زیاتر دەریاکـانی ڕەمـەل، هەزەج، تەویل، بەسیت لەنێو شیعری کلاسیزمی کوردیدا بەکارهاتوون، هەروەها بۆی دەردەکەوێ لە هەردوو شیعری کوردی و فارسیدا مەبەستەکانی شیعر تارادەیەکی زۆر بەهەمان شێوە بەکارهاتوون. وەکو ستایش و پیاهەڵدان و داشۆرین و غەزەل..

* ئەگەر لێکۆڵەری بەراورد بابەتێکی وەکو ڕۆمانتیک لە شــیـعـری ئینگلیـزی و کـوردی هەڵبـژارد، ئەوە بۆ ڕۆمـانتـیک لە شـیـعـری ئینگلیـزیدا دەبێ شـیـعـرەکـانی

بایرۆن، شیلی، وردز وۆرس، کیتس.. تاد هەڵبژێرێت. هەروەها لە شیعری ڕۆمانتیکی کوردیدا دەبێ لێکۆڵەر شیعرەکانی گۆران و پیرەمێرد، ئەحمەد هەردی.. تاد هەڵبژێرێت. لەئەنجامی ئەم جۆرە بەراوردەدا لێکۆڵەر بۆی دەردەکەوێ ڕۆمانتیک لە شیعری ئینگلیزیدا پێش شیعری کوردی سەری هەڵداوە، هەروەها بۆی دەردەکەوێ شاعیرانی کورد لەڕێی وەرگێڕانەوە، یان خوێندنەوەی دەقەکە بە زمانی خۆی کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی شاعیرانی ئینگلیزەوە، بە تایبەتی گۆران کە تا ڕادەیەکی باش زمانی ئینگلیزی زانیوە، هەروەها بۆی دەردەکەوێ بنەماکانی ڕۆمانتیک لە هەردوو شیعری ئینگلیزی و کوردیدا تاڕادەیەکی زۆر وەکو یەکن، بەتایبەتی باسکردنی جوانی سروشت و جوانی ئافرەت و لایەنەکانی سۆز و ئەندێشەی شیعری.

* ئەگەر لێکۆڵەر بابەتێکی وەکو سوریالیزم لە شیعری ئەندرێ بریتۆن و فەرهاد پیربال، یان لەتیف هەڵمەتی وەرگرت ئەوە بۆی دەردەکەوێ فەرهاد پیربال لەژێر کاریگەریی ئەندرێ بریتۆن و ڕابەرانی دیکەی سوریالیزم لە شیعر و ئەدەبی فەرەنسیدا ئەو جۆرە هۆنراوانەی نووسیوە، چ لەو کاتەی کە لە فەرەنسا دکتۆرای دەخوێند، یان پاش گەڕانەوەی بۆ هەولێر لە ساڵی ١٩٩٤دا، هەروەها لێکۆڵەری بەراوردی ئەم جۆرە بابەتە بۆی دەردەکەوێ فەرهاد پیربال بە تەنیا هەوڵێکی بێ وچانی داوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە، بەحوکمی ئەوەی بارودۆخی کۆمەڵی کوردەواری، بە تایبەتی لە شاری هەولێر زۆر لەبار نەبووە بۆ لە ئامێزگرتنی ڕێبازی سوریالیزم، هەرچەندە لە هەردوو شیعری ئەندرێ بریتۆن و فەرهاد پیربالدا چەندین لایەنی هاوبەش هەیە لە ڕەنگدانەوەی بنەماکانی سوریالیزم لەم دوو جۆرە شیعرە بەراوردکراوەدا.

**٣- بەراوردی خودنامە (ژیاننامە)ی نووسەران:**

بەراوردکردنی ژیاننامەی شاعیران، یان نووسەران جۆرێکی دیکەی بەراوردە و سوودی خۆی هەیە لەڕووی پێشکەشکردنی هەندێک زانیاری تایبەتەوە بە خوێنەر، بۆ نموونە ئەگەر لێکۆڵەر بەراوردێکی لەنێوان خودنامەی گۆران و سەیبابدا کرد، بۆی دەردەکەوێت: هەردوو شاعیر لە لادێ لە دایکبوونە.. گۆران لە ساڵی ١٩٠٤ لە هەڵەبجە لە دایکبووە و سەیباب ساڵی ١٩٢٦ لە گوندی جەیکۆر لە دایکبووە، هەروەها هەردوو شاعیر کێشەی بە هەتیوی گەورە بوونیان هەیە.. گۆران لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا باوکی کۆچی دوایی کردووە و سەیباب دایکی لە کاتی لەدایکبوونی سەیاب کۆچی دوایی کردووە.

هەروەها هەردوو شاعیر خوێندەوارییان هەبووە.. گۆران تا ئامادەیی خوێندووە، بەڵام سەیباب دەرچووی پەیمانگەی مامۆستایان بووە. هەردوو شاعیر ئینگلیزییان زانیوە، گۆران لەڕێی فێربوونەوە خۆی فێری ئینگلیزی کردووە، بەڵام سەیباب دەرچووی بەشی ئینگلیزی بووە، هەروەها شیلی و بایرۆن و کیتس کاریگەرییان بەسەر هەردوو شاعیرەوە هەبووە، هەروەها هەردوو شاعیر ئەندامی حزبی شیوعی بوون.. گۆران لە ساڵانی ١٩٥١-١٩٦٢ ئەندامی حزبی شیووعی عیراقی بووە ، بەڵام سەیباب لە ساڵانی ١٩٤٦-١٩٥٣ ئەندامی ئەو حزبە بووە. لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە گۆران هەتا مردن شیووعی بوو، بەڵام سەیباب دوای ٦ ساڵ لەو حزبە هەڵگەڕایەوە. کەواتە خاڵی هاوبەشیان ئەوەیە هەردووکیان مارکسی بوونە و خاڵی جیاوازیشیان ئەوەیە کە گۆران بەردەوام بوو لەسەر ئەندامێتی لەو حزبەدا، بەڵام سەیباب هەڵگەڕایەوە، هەروەها هەردوو شاعیر بە نەخۆشی کوشندە کۆچی دواییان کردووە: گۆران بە نەخۆشی شێرپەنجەی گەدە کۆچی کردووە، بەڵام سەیباب بە نەخۆشی خاوبوونەوەی ئێسک کۆچی کرد. هەروەها هەردوو شاعیر لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا کاریان کردووە: گۆران لە ساڵی ١٩٥٢ دەبێتە سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ژین) و لە ساڵی ١٩٥٨دا دوای ئەوەی کە شۆڕشی ١٤ی تەمموز سەردەکەوێ حزبی شیووعی ڕۆژنامەیەک بە ناوی ( ئازادی ) دەردەکات. سەیبابیش لەو ڕۆژنامەیەدا کە جەواهیری دەری دەکرد کاری دەکرد. گۆران تاڕادەیەک گەشبین بووە، بەڵام سەیباب ڕەشبین بووە، گۆران باسی ژیانی خەڵکی لادێ دەکات و دڵی بە ژیان خۆش بووە، بەڵام سەیباب بەهۆی نەخۆشی و دەستکورتییەوە زیاتر ڕەشبین بووە، هەروەها کێشەی سەیباب لەوەدایە کە وەفای نەبووە بۆ عەبدولکەریم قاسم کە لە کاتی نەخۆشییەکەیدا لە دەرەوەی وڵات یارمەتی داوە، بەڵام کە دەگەڕێتەوە شیعرێک بە خراپی لەسەر عەبدولکەریم قاسم دەنووسێ. گۆران وانەبووە سێ شیعری لەسەر عەبدولکەریم قاسم هەیە و ستایشی دەکات، تەنیا شیعریکی ڕەخنەیی هەبوو، بەڵام نایگەیەنێتە ئەوەی وەک سەیباب بە سەگی بەردەرکی جەهەننەم لە قەڵەمی بدات، هەروەها هەردوو شاعیر بە ڕۆمانسییەت دەچنە جیهانی شیعرەوە وەک باسی جوانی ئافرەت و باسی سروشت.. سەیباب باسی ئافرەت و کاریگەریی ئافرەتی لە شیعرەکانیدا لەسەر هەبووە، ژمارەی ئەو شیعرانەی کە سەیباب بۆ ئافرەتی نووسیوە زیاترە لە شیعرەکانی گۆران، هەرچەندە گۆران دوو ژنی هێناوە، بەڵام سەیباب



**مەلای جزیری**

یەک ژنی هێناوە. گۆران شیعری لاواندنەوەی بۆ هیوا و گوڵاڵەی کچی هەیە، بەڵام سەبیاب شیعری لاواندنەوەی بۆ غیلانی کوڕی هەیە و دەچێتە خانەی شیعری ڕۆمانسییەوە. گۆران ژنی دووەمی لە پەنجاکان هێناوە و هەندێک دەڵێن ژنی دووەمی عەرەبە، بەڵام وانییە ئەو ژنەی قەرەداغییە.

ئەگەر لێکۆڵەری بەراورد لەبارەی خودنامەی کەژاڵ ئەحمەد و فەروغی فەروخزاد لێکۆڵنەوەی نووسی ئەوە پێشوەخت دەبێ بزانێ ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە دەرئەنجامەکەی چی دەبێت و لەپێناوی چی دەنووسێ، چونکە لێکۆڵەر بۆی دەردەکەوێ: هەردوو شاعیر کەژاڵ ئەحمەد و فروغی فەروخزاد خاوەن ناودەنگی تایبەتی خۆیانن لە شیعری کوردی و فارسیدا، هەروەها فێمینیزم ( هەستی مێینە) لەنێو هۆنراوەکانی ئەم دوو شاعیرەدا بە زەقی بەرچاو دەکەوێت. هەردوو شاعیر خاوەنی بۆچوونی تایبەتی خۆیانن لە ڕەتکردنەوەی جۆرەکانی پیاوسالاری و چەوساندنەوەی ئافرەتان. هەردوو شاعیر بە ئەزموونی شووکردندا ڕۆیشتوونە و هەردوو شاعیریش بەم ئەزموونە سەرنەکەوتوو بوونە، هەروەها حاڵەتی هەڵچوونی دەروونی لای فروغی فروخزاد گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی بۆ چارەسەرکردنی کێشە تایبەتیەکانی خۆی بکوژێت، بەڵام ئەم جۆرە هەڵچوونە لەلای کەژاڵ ئەحمەد نەگەیشتووەتە حاڵەتی خۆ کوشتن، هەروەها هەردووکیان خاوەن جۆرە جورئەتێکن لە ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکانی نێو کۆمەڵی خۆیاندا، هەرچەندە هەردوو شاعیر لە کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتیدا دەژیان، هەروەها ڕاستگۆیی دەربڕین لەنێو هۆنراوەکانی ئەم دوو شاعیرەدا بەرچاودەکەوێت، هەردوو شاعیر خاوەن ئاستێکی بەرزی ڕۆشنبیرین. هەردووکیان خاوەن پلەیەکی خوێندنن و شارەزاییەکی باشیان لە شیعری خۆماڵی خۆیان و شیعری بیانیدا هەیە، بۆیە شیعریان کردووەتە بواری بەرجەستەکردنی سروشتی کەسایەتی خۆیان.

**٤-بەراوردی ڕەگەزە ئەدەبییەکان:**

ئەدەب بریتییە لە شیعر و پەخشان و ئەم دوو ژانرە لە ئەدەبی هەموو گەلاندا هەیە، بۆیە لێکۆڵەری بەراورد دەتوانێ لەم بوارەدا لێکۆڵینەوەی سوودبەخش و سەرکەوتوو پێشکەش بکات لەبواری مێژووی سەرهەڵدان و سروشتی ڕەگەزە ئەدەبییەکان کە لەنێو ئەدەبی گەلاندا خاوەنی هەندێک تایبەتمەندی خۆیانن. بۆ نموونە بەراوردکردنی بابەتێکی وەکو شیعر لە هەردوو ئەدەبی کوردی و عەرەبیدا پێویستی بەوەیە لەم دوو ئەدەبە لێکۆڵەر ئاگادار و شارەزایی سروشتی شیعری هەبێت، کە لەڕووی لێکچوونەوە شیعر کۆنتر سەری هەڵداوە، هەروەها شیعر پانتاییەکی زۆری نێو ئەم دوو ئەدەبەی داگیرکردووە. جگە لەوەی لەم دوو ئەدەبەدا شیعری فۆلکلۆری و شیعری هونەری هەیە، هەر یەکەیان تایبەتمەندی هونەریی خۆی هەیە، هەروەهاش شیعری لیریکی پێش هەموو جۆرەکانی شیعر لەنێو ئەم دوو ئەدەبەدا سەری هەڵداوە. لە ڕووی جیاوازیشەوە دەکرێ بڵێین عەرەب زیاتر لە کورد شانازی بە شیعری خۆیەوە کردووە، چونکە وەک دەڵێن (الشعر دیوان العرب)، واتە شیعر تۆمارکەری مێژووی کۆن و نوێی عەرەبە، هەروەها شاعیر، یان شاعیر لە سەردەمی پێش ئیسلامدا بەهای تایبەتی خۆی هەبووە، چونکە عەرەبی ئەو سەردەمە شانازی بە لەدایکبوونی شاعیرێکەوە دەکرد لەنێو هۆزەکەدا، چونکە دەبووە دەمڕاستی ڕاگەیاندن و نیشاندانی ئازایەتی و ناوبانگی سەرۆک هۆز و پیاوانی لەشکرەکەی، هەرچەندە پاشتر بە شێوەیەکی ڕوون لەنێو سورەتی (یاسین)دا هاتووە «الشعراء یتبعهم الغاوون، إنهم یقولون ما لا یفعلون» واتە شاعیران بە پیاوانی ناڕاستگۆ خراونەتەڕوو، یان شتێک دەڵێن و کردەوەیەکی دیکە دەکەن. بەم جۆرە بەهای شیعر و پلەوپایەی شاعیر بە هەمان شێوە لەنێو میللەت و ئەدەبی کوردیدا بەدی ناکرێت، چونکە میرنشینە کوردەکان کەسیان بیری لەوە نەکردبووەوە شاعیران لە دەرباری میرنشینەکەیان نزیک

بکەنەوە و بیانکەن بە دەمڕاستی ڕاگەیاندن و خستنەڕووی ئازایەتی سەرۆک هۆز و پیاوانی لەشکرەکەیان، هەروەها کورد وەک عەرەب شانازی بە لەدایکبوون و پەیدابوونی شاعیرێکی باش لەنێو هۆزەکەدا نەکردووە، هەروەها شیعریان نەکردووە بە تۆمارگەی مێژووی کۆن و نوێی خۆیان، بۆیە کورد نەبۆتە خاوەن شانامەی تایبەتی خۆی. لەڕووی جیاوازیشەوە شیعری عەرەبی لەڕووی داڕشتنەوە بە شێوەی عەرووزی نووسراوە و شیعری خۆماڵییان نییە، بە پێچەوانەی شیعری کوردییەوە کە بەشێوەی داڕشتنی چوارینە دەستی پێکردووە و لە سەدەکانی پاشتر لەژێر کاریگەریی شیعری فارسیدا، شیعری عەرووزی هاتووەتە نێو شیعری کلاسیزمی کوردییەوە.

هەروەها لەڕووی بەرهەمی شیعرییەوە عەرەب خاوەن بەرهەمێکی شیعری زیاترن، چونکە هۆزە عەرەبییەکان هاندەرێکی باش بوون بۆ زۆربوونی ژمارەی شاعیران، تەنانەت پیرۆزیی شیعر لای عەرەب لە پێش ئیسلامدا گەیشتبووە ڕادەی ڕێگادان بە شاعیرە ناودارەکانیان چامە شیعرەکانیان بەسەر دیواری کەعبەی پیرۆزەوە لە وەرزی حەجکردندا هەڵبواسرێت بۆ ئەوەی حاجییەکان لەگەڵ سووڕانەوەیان بە دەوری چوار دیوارەکەی کەعبەدا ئەم جۆرە شیعرانە بخوێننەوە، هەروەها پیرۆزیی شیعر لای عەرەب گەیشتبووە ڕادەی ئەوەی ساڵانە لە بازاری عوکازدا لە نزیک شاری مەککە ساڵانە فیستیڤاڵی شیعری ساز بکەن و شاعیرێکی بە ناوبانگی وەک (النابغة الذبياني) بکەنە دادوەری هەڵبژاردنی ئەو هۆنراوانەی لەو فیستیڤاڵە ساڵانەیەدا پێشکەش بکرێت. کەچی کوردی خۆمان بە هیچ شێوەیەک بیری بۆ ئەم جۆرە دیاردە و کردەوانە نەچووە بۆ نیشاندانی بایەخدان بە شیعری کوردی کە مێژووەکەی بۆ سەدەی (١٠)ی زایینی دەگەڕێتەوە و بابە تاهیری عوریان دەکرێتە سەردەستەی کاروانی شیعری کوردی و بەم شێوەیە بۆمان دەردەکەوێ عەرەب بە (٦) سەدە پێش کورد خاوەن ڕەوتی شیعری خۆیەتی، هەروەها عەرووزی شیعری عەرەبی کاری کردووەتە سەر شیعری فارسی و کوردی، هەرچەندە لەنێو شیعری کلاسیزمی کوردیدا چوار دەریای عەرووزی وەکو هەزەج، ڕەمەل و تەویل و بەسیت زیاتر هاتوونەتە نێو دنیای شیعری کلاسیزمی کوردییەوە، بە حوکمی ئەوەی بڕگەکاری (تەفعیلات)ی ئەم چوار دەریا عەرووزییە لەگەڵ سروشتی دەنگسازی کوردیدا باشتر گونجاوە، هەروەها کورد لەپێش عەرەب دەستی بۆ نوێکردنەوەی شیعر بردووە، ئەویش بە کۆششی گرووپی شاعیرانی وەک گۆران و شێخ نووری و ڕەشید نەجیب و عەبدولڕەحیم ڕەحمی هەکاری، کە ئەمانە لەڕێی شیعری نوێی تورکییەوە بە تایبەتی گرووپی گزینگی داهاتوو (الفجر الآتي) سوودیان لە نوێکردنەوەی شیعری فەڕەنسی لەسەر دەستی بۆدلێر و ڕامبۆ بینیوە و لەم بوارەدا گۆران لە ١٩٣٢دا لە گۆڤاری (هاوار)ی شامدا هۆنراوەیەکی بە ناوویشانی (ئاواتی دووری) بڵاوکردۆتەوە، کە خودی گۆران لەم بارەیەوە دەڵێت: «بۆ یەکەم جار شێوەی فەقەرەم بەکارهێناوە و تێیدا لە یەکێتی کێش و سەروا و نەبوونی یەکێتی بابەتی نێو شیعری کلاسیزمی کوردی دەرباز بووە»، بەڵام نوێکردنەوەی شیعری عەرەبی لە ساڵی ١٩٤٦دا بوو لەسەر دەستی بەدر شاکر سەییاب، کە بۆ یەکەم جار هۆنراوەیەکی بە شێوازی نوێ داڕشتووە بە ناوونیشانی (ئایا خۆشەویستی بوو- هل كان حبا) پاشتر لەنێو کۆمەڵە شیعری (گوڵە سیس بووەکان - أزهار ذابلة) لە ساڵی ١٩٤٧ لە قاهیرە چاپکراو پاشتر کێشەی ڕابەرایەتی شیعری نوێی عەرەبی لەنێوان (سەییاب) و (نازک الملائكة) سەری هەڵدا، چونکە نازک الملائكة لە ١٩٤٦دا هۆنراوەی (کۆلێرا)ی بڵاوکردبووەوە لەسەر شێوەی داڕشتنی نوێی شیعری عەرەبی نوسیبووی. عەرەب لە ساڵی ١٩٦٩دا خاوەنی دەستپێشخەری خۆیان بوون و جارێکی دیکە نوێکردنەوەی شیعری عەرەبییان نواند، ئەوەش بەهۆی گرووپی ٦٩ کە گۆڤاری (٦٩)یان دەردەکرد و تێیدا بەیاننامەی لەدایکبوونی ئەو گرووپەیان ڕاگەیاند، کە لەم شاعیرانە پێکهاتبوو (فازڵ عەزاوی، سامی مەهدی، خالید عەلی مستەفا) و چەند شاعیرێکی دیکە. ئەم گرووپە کاریگەری خۆی هەبوو بەسەر گرووپی ڕوانگەی کوردی خۆمان لە ساڵی ١٩٧١دا کە لە چوار نووسەر پێکهاتبوون ئەمانەن: شێرکۆ بێکەس، جەلال میرزا کەریم، حسێن عارف، کاکەمەم بۆتانی. ئەم گرووپە توانییان گۆمی مەنگی ئەدەبی کوردی ئەو ڕۆژگارە بشڵەقێنن و ڕۆڵی تایبەتی خۆیان لە جارێکی دیکەی نوێکردنەوەی شیعر و چیرۆکی کوردیدا هەبوو.

# ڕوانینێکی سایکۆلۆژیانە لە دیاردەی
## جیاوازی و پێچەوانەیی لە شیعری کوردیدا

ئیحسان سابیر سەعید

**پێشەکی و پێناساندن**

دیارە ئێمە هەمیشە پێویستمان بە گفتوگۆ و ئاڵوویرکردنی بیروبۆچوون هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی کولتووری ئەدەبیمان بە گشتی و شیعر و پەند بەتایبەتی. بۆ ئەو مەبەستەش دۆزینەوەی میتودێکی دروست و تۆکمە، کە هەتا دوێنی لێکۆڵەر و نووسەر و ڕەخنەگر بیریان لێ نەدەکردەوە، ئەمڕۆ بووەتە پێویستییەک نەخوازەڵا لەوەتەی ڕێبازی بەکارهێنانی بەڵگە هێنانەوە، یان لێوەرگرتن (استشهاد -quota tion)بە شیعر و پەند لە بوارە جیاجیاکانی ژیانماندا سەری هەڵداوە. بەڵێ ئیمڕۆ میتودێکمان گەرەکە بۆ هەموان بەکەڵک بێ، لەبەر ئەوەی ئەو بابەتانەی کاتی خۆی نادروست بوون، یان گەردی کینەی جیاوازی بیر و باوەڕ، یان دەروونییان پێوە دیار بوو، ئەمڕۆ جیاوازن، لەبەر ئەوەی زانای سەردەم لە لێکدانەوەی مێژوو، یان لە دەروونناسی و هونەری نوێی ڕەخنەی ئەدەبیدا، هەڵسەنگاندن و ناسینەوەی بەهرەمەندان باشتر لە ئەستۆ دەگرێ.

ئەوەی لە نێو ئەم بابەتەدا شایستەی هەڵوێستەکردنە دیاردەی جیاوازی و پێچەوانەیە (enantiodromia) لەنێو شیعری شاعیرێک، یان شاعیرانی کورددا لە دەربڕینی هەست و نەست و جۆشو خرۆشی ویژدانیان بەرانبەر بە ڕووداوەکان و وردەکاری سەردەمی ژیانیان کە هەڵبەتە لە ئەنجامدا لە نێو بەرهەمەکانیاندا ڕەنگیان داوەتەوە. خاڵی سەرەکی مەبەستیشمان لێرەدا ڕەهەندە سایکۆلۆژییەکەیە، چونکە بیرۆکەی بابەتەکەمان لەو دەستەواژەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە پێی دەوترێت (دیاردەناسی phynomenon)، واتە هەر شتێک شیاوی وەسفکردن و شرۆڤەکردنی زانستییانە نەبێت، بەڵکو بە هەست و دەروونمان درکی پێ بکەین. لەمەڕ ئەم بۆچوونەش نووسەر و شاعیر عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا دەڵێت: فۆلکلۆر لە دیدی کوردیدا دەخرێتە دەرەوەی عەقڵ و مەعریفەوە.. لەبەر ئەوەی بنیادی شیعری کوردی بە هەستەوە بەندە، نەک بە بیرکردنەوەی مەعریفییەوە؛ هەر بۆیە بە بۆچوونی منیش تێکڕای جیاوازی و پێچەوانەکان دەکەونە نێو بازنەی (هەست پێکراوەکان)ەوە، واتە بواری (دەروونی)یەوە.

(دیاردە) ی پێچەوانە و جیاوازی بەرانبەر ڕووداوێک، یان کردارێک لەنێوان دوو شاعیردا بەدی دەکرێت، هەندێ جاریش لە دوو بارودۆخی جیاوازدا لە لایەن یەک شاعیرەوە لە دووکات و شوێنی جیاوازدا دێتە ئاراوە، بۆیە لەم وتارەدا گەمەی پێچەوانەکان لە پانتایی



**نالی**

گـۆڕەپانی سـایکۆلۆژیاوە خـۆی نمایش دەکـات. لەم بارەیەوەش زانای بەناوبانگ (یۆنگ) لە تیـورەکـەیدا دەڵێت: "هەر شـتـێک کـە ئەمـڕۆ لە لایەن کـەسـێکەوە دەوترێت دەشێ لە ئاییندەدا هەرخـــودی خـــۆی بە (پێچەوانە) ڕووبەڕووی ببێتەوە، یانیش پێچەوانەی پێش خۆی بێت". شاعیر بەر لەوەی هەر شتێک بێت، مرۆڤە، پێویستییە دەروونییەکان و جەستەییەکانی لە هاوشێوەکانی لای شاعیرانی دیکە جیاناکرێنەوە لەبارودۆخی ئاساییدا و پێچەوانەشیان نین، بەڵام هەڵبەتە ئاستی هەستکردنی بەرانبەر بە هەریەک لەو پێویستییانە جیاوازە و دەشێ هەستیارتریش بێ، دەرەنجامەکەش دەیگەیەنێتە پلەی داهێنان و نەمری.

بێ گـومـان مـرۆڤ لە ئەزەلەوە و خـۆرسکانە تۆوی (من)ی لە دەروونـدا چەکـەرە کـردووە و تۆوی (ئەو)ی بەلاوە نەزۆک بووە، یان هەر نەبووە. لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاستییەشدا شاعیر هەر لە دێرزەمانەوە بڕوای پتەوی بەوە هەبووە کـە تەنیـا ئەوەی ئەو وتوویەتی هەر ئەوە نموونەی پەند و وێردی سەر زمـانە و جگە لەو هەمـووی بەرەو نەمـان چوونە. لەبەر هەندێش لە هەڵبژاردن و کارو بیـروڕاکـەیدا بڕوایەکی بەتینی بە (ئازادی ئیـرادە)ەوە هەبووە، بۆیە دەبینین تا دوا هەناسەی لە هەوڵی ئەوەدا بووە بە جـوانتـرین و ڕازاوەترین و بە سـۆزترین هۆنراوە مۆریلەی ناخی دڵی بەرانبەر بە وردەکاری ژیانی ڕۆژانەی و ئێش و ئازارەکـــــانی ئـازادانە دەربڕێـت، واتە هەڵویستێک هەڵبژێرێت ڕێک لەگەڵ بڕیاری خودی خۆی بگونجێت و لە نێو کۆمەڵەی شاعیران و خەڵکاندا ڕای بگەیەنێت. جا هی وا هەیە پێی سەرسام دەبێت و بڕوای پێدێت و دەیکات بە بەڵگە و نموونە (استشهاد)، هەیشە ڕەخنەی لێدەگرێت و پێچەوانەی دەوەستێتەوە، بەڵام مخابن هەندێ کەس بەتایبەتی لە ڕەخنەنووسان کە ڕقیان لە نووسـەرێک دەبێـتـەوە دەکـەونە سـەروپۆتەڵاکی بەرهەمەکانی، یانیش فەرامۆشیان دەکەن. لەم بارەیەوە وەرگێڕ و چیرۆکنووس ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل دەڵێت: من سـروشت و خـووی جـووتیـارێکی بێ دەنگم هەیە، جووتیاریش هەرگیز بە شان و باڵا و ڕەنجی خۆیدا هەڵنادا مەگەر بەدەگمەن نەبێ، بە پێچەوانەی بازرگان، هونەریش کـوتاڵ نیـیـە (های) بۆ بکەی. ئاشکرایە خوێندنەوەی دەق هەمیشە بەندە بە بۆچوون و میتودی جیـاجیـاوە. بەم پێـیـەش هیچ خوێندنەوەیەک بە تاکە خوێندنەوە ناژمێردرێت، بەڵکو دەبێتە جێی مشتومڕ و جەدەل و وروژاندنی پرسیـار و سۆراخ و بیروڕا، ئەویش پێـوەندی بە ئاسـتی هۆشـیـاری خـوێنەر و حـاڵەتە دەروونییـەکـەیەوە هەیە، لەسـەر ئەو بنچینەیەی کـەوا سەرتاپای جیهانی گیانداران هێندە شتی سەیروسەمەرە، بگرە ئەفسووناوی لە خۆ گرتووە کە بە ڕادەیەک کاری لە سۆز و هۆشمان کردووە و شرۆڤەکردنی زۆر ئەستەمە.

## نمایش و شیکردنەوە

خوێنەر دەبێ ڕێبازی هونەریی شاعیر لەبەرچاو بگرێ و بیر لەوە بکاتەوە کە شاعیر دەتوانێت هەندێ جار گەمەی ئەوتۆ بە وشەکانی بکات مـەگـەر هەرخـۆی بزانێ لە چ بزمارێک دەدات و چ مەبەستێک دەپێکێت. ئەوەش لە هونەری (تەوریە) و (درکە)دا بەدی دەکرێت ؛ ئەو ڕێبازە هونەرییـە جـۆرێکە لە (سـەرلێشـێـواندن). بۆ نموونە سـەیرکـەن شـێخ ڕەزای تاڵەبانی شـاعـیـر لەو بەیتـە شیعرەیدا چۆن یاری بە وشەی (کەر) کردووە : دوور و نزیک، مانا دوورەکە شێخ حەسەنی ئامۆزای دەگرێتەوە کـە سەرشـێتـانە کـردوویە بە هەڵلا بەسـەریدا، چونکە کەرەکەی شێخ ڕەزا بەرەڵڵا کراوەتە نێو ڕەزو باخەکەیەوە.

نزیکەکەیش ئاماژەیە بۆ کەرەکەی خۆی کە ئەو ئاژاوەیەی هێناوەتە ئاراوە:

**بۆ کەرێ ئیعلانی حەربی لە گەڵما کرد شێخ حەسەن**
**سەیری کەن یاران چ گۆبەندێکی گێڕا ئەم کـەرە**

پرسیار دەکەین لەبەرچی شێخ ڕەزا لێرەدا ئەو شێوازە هونەرییەی گرتۆتەبەر؟

وای بۆ دەچم کــە هەرچەندە شــێخ ڕەزا تەمـــەن بچووکێک، یان ڕوونەرمێک و بەستەزمانێک نەبووە و نەیهێشتووە حەقی بەقەد تۆزقاڵێک لە کیسی کەس بێنێتەوە، وەلێ لەبەر ئەوەی شێخ حەسەن چەند ساڵێک لەو گەورەتر بووە، نەیویستووە سنووری دابونەریتی کۆمەڵایەتی و خزمایەتی ببەزێنێ، بەڵکو لایەنی شەرم و حەیای ڕەچاو کردووە، بەڵام نەشیهێشتووە لە دڵیدا بمێنێتەوە و پەلارێکی ناڕاستەوخۆی تێگرتووە. بەم شێوەیە لە ڕووی دەروونییەوە دڵی حەساوەتەوە کە (تنفیس) دەگرێتەوە.

شاعیری گەورەمان نالی دێت بە بەکارهێنانی هەمان شێواز، واتە تەوریە لە وشەی (ڕیا) زاهیدی سۆفی بە دووڕوویی وەسف دەکات و ڕیشەکەشی وەکو حەسیر بە درێژاییدا دەخاتە ژێر پێی خەڵکەکەوە؛ هەروەها لەبەر دووڕوویییەکەشی خەڵکی بەهەردوو لایەکیدا دەڕبن:

**ڕیشەکەت پان و درێژە بۆ ڕیا خزمەت ئەکا**
**ظاهیرە هەرکەس بە طوول و عەرضی ڕیشیدا ڕییا**

دیسان دەڵێ:

**بنواڕە وشکە صۆفی یو ڕەقصی بەهەلهەلە**
**دیسان لە بەحری وشکی هەوا کەوتە پێ مەلە**
**شێخم چ گەرمە حەڵقەی ذیکرت بە ڕەشبەڵەک**
**حاڵی ئەمانە خۆ بە جەنابت موحەووەلە**

ئایا چ وای کردووە کــە دانوولەکــەی نالی لەگــەڵ دانوولەی سۆفی و دەروێشــان لە ناو یەک مــەنجــەڵدا نەکوڵێ و خۆی بە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمانەوە سەرقاڵ بکات؟

نالی ویستوویەتی ئەو دەرفەتە ئازادەی بەدەستییەوە بووە لە سەردەمی بابانەکانەوە بقۆزێتەوە بۆ یاریکردن بە سۆفی و دەروێش و شێخایەتی، چونکە ئەو هەمیشە ئەڵقەی ئەوانی بە جەهالەت و توندڕەوی ئایینی لە قەڵەم داوە و نەیویستووە خۆی بخاتە نێو ئەو ئەڵقەیەوە و هەمیشە توندڕەوی ئایینی ڕەت کردۆتەوە، بەڵکو مەیلی دنیاگەرایی زۆر زاڵتر بووە و ڕێگای خۆی بۆ دیوەخانی بابانەکان کردۆتەوە و بووەتە پیاوی دنیا نەوەک دین. لە لایەکی دیکەوە نالی هەر لەسەردەمی فەقێیەتیدا کە هەڕەتی هەرزەکاری بووە خۆی لە دڵداری نەپاراستووە و یارێکی هەبووە بە ناو (حەبیبە)، یان (مەحبووبە) و شیعری خۆشەویستی (love)، یان لە دەروونناسیدا (فیلیا)ی بۆ وتووە:

**زاهید ئینصافت ببێ (نالی) وەلێستاش هەر دەڵێ**
**هەرکەسێ عاشق نەبێ هەر کەر بووە و هەر کەر دەبێ**

هەروەها دەڵێ:

**ئاسمانی حوسنی مەحبووبەم لە ئەبرۆ و زوڵف و ڕوو**
**دوو هیلال و دوو شەو و دوو ماهی تابانی هەیە**

لە ژێرکاری (جوانپەرستی)شدا بەو شێوەیە وەسفی غوڵامەکانی بەردەرگای ئەحمەد پاشای بابان دەکات:

**نەرگس نیگاه و ساق تەمەن، کورتە بەنەفشەن**
**موو سونبول و ڕوومەت گوڵ و هەم لالە کولاهن**

شیعری نالی بە بالای نێرینەشی هەڵداوە:

**کوڕ تازە و تەڕ، مادام سادە وەکو خوشکی بێ**
**ئەمما کە ڕوا سەبزە، دیبا کوڕ و زیبا کچ**

بەڵام لەم دێرەی خــوارەوەدا مـــەیلی گـــۆڕاوە و پێچەوانەکەی هەڵبژاردووە بۆیە دەڵێت:

**عیشقت کە مەجازی بێ خواهیش مەکە ئیللا کچ**
**شیرین کچ و لەیلا کچ و سەلما کچ و عەذرا کچ**

ئینجا دەڵێ:

**کوڕ وەک گوڵی گوڵزارە، ئەمما ئەمەری خارە**
**وەک هەنگی چزوودارە، هەنگوینی موصەففا کچ**

جوانترین نموونەی پێچەوانە لەو چەند دێرە شیعرەی (حەریق)دا بەرجەستە دەبێت کە وەڵامی نالی داوەتەوە و ڕەخنەی لێ گرتووە لە هەڵبژاردنەکەیدا کە (کچە) و هانی دەدات عیشقەکەی هەر بۆ کوڕ بێ:

**عیشقت کە حەقیقی بێ تالیب مەبە ئیللا کوڕ**
**هەم حەزرەتی لەولا کوڕ، هەم یووسفی والا کوڕ**
**عیشقێ کە بەقووەت بێ، مایل بە مورووەت بێ**
**نەمدیوە کە تالیب بێ ئیللا کە تەلەب کا کوڕ**



شێخ ڕەزای تاڵەبانی

**سەد حەیفە کە تۆ (نالی) بەو پیرییە منداڵی**
**بەم تەرزە لە عیشق ئەدویی زیبا کچ و دیبا کوڕ**

نالی کە لە ڕۆژگارێکدا دوای ڕووخانی بابانەکان دەبینێ هەموو شتێ لە کۆمەڵگاکەیدا بە خواروخێچی بە پێچەوانەی ژیانی پێشووی دەڕوات، بێزاری خۆی دەردەبڕێ و نائومێد دەبێ وخەمۆکی دایدەگرێ:

**کونجی ڕاحەت، تاجی عیززەت خاریجی مەعموورییە**
**کوندبووە هەر بانگە بانگ و هود هودیش هاوارییە**

سەرباری ئەوەش نرخ و پایەی هونەرەکەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لەلای خەڵک دادەبەزێ، وەک بڵێی نالی گوێزیان بۆ بژمێرێ

**مووددیەکە بە میزانی ئەدەب توحفە فرۆشم**
**زۆرم وت و کەس تێ نەگەیی، ئێستە خەمۆشم**

وێڕای ئەو هەموو دنیاگەراییە بە غەزەلیات و شیعری خۆشەویستی، لەبارەی ئاینەوەش نالی پاڕانەوە و نزا کردن لە یەزدان و ستایشکردنی پێغەمبەری لەنێو شیعرەکانیدا لەبیر نەکردووە، بە تایبەتی دوای ئەوەی کەوتە نێو تەمەنی پیرییەوە. نالی ترس و هەیبەت لە نێو دڵ و دەروونیدا بەرانبەر بە ئاینێ کەلەکەی کردبوو کە لە دەروونناسیدا پێی دەوترێت ترسی ئاینی:

**خەوفی من لێرە لەبەر زۆری گوناهە یەک بە صەد**
**گەرچی عاصی و موذنیبم ئەمما موقیرڕ و بێ درۆم**

ئینجا دەڵێ:

**ئەو کەسە تەحدیثی نیعمەت بێ موراد و مەطڵەبی**
**مثلی (نالی) ئیمتیثالی ئەمری یەزدانی دەکا**

لێرەدا ئەو بەهرە و توانای بە شان و باڵی خۆهەڵدانەی بە نیعمەتێکی خودا دادەنێ و باسکردنی ئەو نیعمەتەش پێویستییەکی موسڵمانانەیە، ئینجا شانازی بە زمانەکەی خۆیەوە دەکات کە شیعری لەسەر پێغەمبەر پێ وتووە:

**مورادم ذیللەت و پاڕانەوەی حاڵە، نەوەک نەعتە**
**بەچەند بەیتێکی کوردانە، کە قورئانت پەنا خوانە**

لە نێو دوو قەسیدەی (نالی)دا بە ڕوونی جیاوازی بەدی دەکرێت، لە یەکەمدا باس لە خەو بینینی بە مەستوورەی ئەردەڵانییەوە دەکات.

**بۆ توند و ڕەقی مەتنی مەتینی حوکەما بێ**
**تەدقیقی ئەمیش سیرڕە دەبێ خوفیە ئەدا بێ**

"مەتنی مەتین" مەبەستی چوارشانەیی و بە تینییەکەی بووە، ئەم خۆ بە شۆخ و بەتین زانینە جۆرێکە لە (نەرجسییەت) لە فەرهەنگی سایکۆلۆژیادا.

ساغکردنەوەی ڕاستیی ئەم"مەتنی مەتینە"یش دەبێ بەدزی بێ، چونکە ئەوە (سیرێکە) بە ئاشکرا ئەنجام نادرێت، بەڵام کە تەمەنەکەی بەسەر دەچێ و پیریی زەفەری پێ دەبات، شیعرەکەی پێچەوانە دەبێت و دەست بە پاڕانەوە دەکات لە پێغەمبەر:

**ئەی تازە جەوان، پیرم و ئوفتادە و و کەوتووم تاماوە حەیاتم**
**دەستێ بدەرە دەستی شکەستم، کە بەسەرچووم قوربانی وەفاتم**

تەنانەت لە نێو یەکێک بەیتیشدا نالی بۆ دەربڕینی مەرامی خۆی پێچەوانە و جیاوازی بەکار دەهێنێ. هەڵبەتە ئەمەیش بە یەکێک لە ڕەهەندەکانی هونەری شیعر هەژمار دەکرێت. دەبا لەو بەیتە شیعرە جوانەی وردبینەوە و بزانین ئەم (نالی)یە چەند دانایەکی بەهرەدار و بە بڕشتە:

**ئەشکم کە دەگەڵ عەشقمە تیفلێکی فەهیمە**
**هۆشم کە دەگەڵ خۆشمە پیرێکی نەزانە**

لەم دوو بەیتەدا کە پێکهاتووە لە دوازدە وشە، هەشتیانی پێچەوانەی یەکتری کردووە بۆ ئەوەی بڵێین،

ئەوە چ تەرزە عەشقێکی مندالانەی فرمێسک ڕێژی نەفامە ئەو پیرە (نالی) یە وا لە تاویدا هۆشی خۆی لەدەستداوە.

هەر لە بواری پێچەوانە لە نێو شیعری نالیدا قەسیدەیەکی بۆ لاواندنەوەی یارەکەی وتووە بە بۆنەی کۆچی دوایی باوکی:

**ماتەم، وەکو زولفەینی سییەهـ، گرتی سەراپات**
**تۆخۆش بی، صەدەف بوو بە فیدات، دوور بێ لە ئافات**

کەچی لەلایەکی ترەوە بە دەرگای خێر لێکرانەوە لە خۆی، یان خۆی و یارەکەی دادەنێ و وێنەکە پێچەوانە دەکات و دەڵێ:

**بێ بابیی تۆ موریشە بۆ وەصل و مولاقات**
**بێ با بیی تۆ بۆ من و تۆ بابی فوتووحە**

ئەم دوو هەڵوێستە جۆرێکە لە پێچەوانە، لە ڕووی سایکۆلۆژیاوە پێی دەوترێت (دوو هەڵوێستی جیاواز).

لە سەفەری یەکەمیدا بۆ مەککە و مەدینە کە زۆر بە پەرۆشەوە بووە بەم شێوەی خوارەوە شیعری وتووە کە جۆرێکە لە عەودالی:

**بەسەر هاتوومە ئەو خاکەی کە هەر مثقالە ذەڕڕێکی**
**بە میزانی شەفاعەت کێوی حیلم و بەحری غوفرانە**

کەچی دوای مانەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ لە مەککەدا، تووشی بێزاری و دڵتەنگی دەبێ، لەبەر هەندێ دیاردەی کۆمەڵایەتی نابەجێ وەکو سواڵکردن، یان ژیان بەسەر بردن بەخێر و سەدەقەی موسڵمانان، چونکە ویستوویەتی بە ڕەنجی شانی خۆی بژی. دەرەنجام بڕیار دەدا مەککە بەجێ بهێڵێ. بەم دیاردەیەش دەوترێ (بێزاری).

**من لە بەیتەڵڵا ئینشەڵڵا بەبێ ئیذنوڵڵا دەڕۆم**
**لێم حەرامە دانە و ئاوی حەماماتی حەرەم**

نالی لەم دوو بەیتە پێچەوانەیەشدا دیاردەی واتە پەرشوبڵاوی هزر و ڕەوشت دەردەبڕێ؛ لە یەکەمدا لە تاو دوورکەوتنەوە لە خۆشەویستەکەی خۆزگەی مردنی بۆ دەخوازێ:

**هەموو ڕۆژێ لە تاو هیجرانی ئەمساڵ**
**تەمەننای مردنی پێراره بێ تۆ**

واتە زۆر عەودالی دیدەنی خۆشەویستەکەیەتی، کەچی لە بەیتی دووەمدا دەڵێ:

**لە وەصلی تۆ زیاتر خەوفناکم نەک لە هیجرانت**
**بە مثلی شەمع و پەروانە بەڵێ عاشق دەبێ وا بێ**

غەزەل لەنێو شیعری نالیدا لە ترۆپکدایە، بە تایبەتی لەبەر شان و باڵی خۆهەڵداندا. مافی خۆشی بووە خۆی لە سەرووی شاعیرانی دیکەوە بزانێ، چونکە خۆی زۆر باش سەنگاندووە بە بەراورد لە گەڵیاندا شیعری خۆی هەمیشە بە هەودا (داو) زانیوە و هی خەڵکیش بە پەتک و خۆ بە گەورە زانینەکەی لە خەیاڵاتی بەتاڵەوە نەهاتووە، واتە بە خۆ بە زل زانین (أوهام العظمة) ناژمێردرێت:

**شیعری خەڵکی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی**
**کەی لە دیققەتدا پەتک دەعوا لەگەڵ هەودا دەکا**

پێچەوانەی خۆ بەزل زانین، بێ فیزی و خۆ بە بچووک زانینە بۆ نموونە هونەرمەندی بەتوانای شانۆ (عومەری کەریم ئاغا) کاتێ ڕێزی لێ گیرا لەسەر شانۆدا زۆر زیرەکانە و لە شوێنی شیاوی خۆیدا ئەم بەیتە شیعرەی خوێندەوە، جا ئەگەر شیعرەکە هی خۆی بێ، یان هی خۆی نەبێ، بەڵام شایەنی دەستخۆشی لێکردنە:

**چەندە بڵێن لە لووتکەدایت**
**لە کەناردا خۆم دەبینمەوە**
**چەندە بڵێن تۆ شتی و هەیت**
**ئینجا بە خۆمدا دەچمەوە**

پاساوهێنانەوە ڕوویەکی دیکەی دیاردەیە و لایەکی ژیانی هەندێ لە شاعیران و شیعرەکانیانە لە گۆشەی (تۆبە --- داوای لێبووردن)ەوە لە دوا ڕۆژەکانی تەمەندا، یان لەوپەڕی کەنەفتیدا خۆی دەبینێتەوە، کە (تۆبە) دەکرێتە نموونەی (پاساوهێنانەوە) لەبەر ئەوەیە کتومت دەکەوێتە خانەی پێچەوانەوە لەگەڵ ڕەوشتی شاعیر لە دوو بارودۆخی جیاوازدا، واتە ڕابردوو و ڕانەبردووی ژیاندا. شێخ ڕەزای تاڵەبانی شێتی و شەیدایی و عەودالی خۆی بۆ (کاک ئەحمەدی شێخ)ی سلێمانی دەربڕیوە، ئەوەش هەڵبەتە بەڵگەیە بۆ ڕەنگدانەوەی ترسی ئایینی لە ناخی دڵییەوە و تۆبەکردن

و پەشیمان بوونەوەیە، بەتایبەتی ئەگەر زانیمان ئەو شیعرەی لە تەمەنی پیریدا هۆنیوەتەوە:

**مەربووتە حەیاتم بە سولەیانی و خاکی**
**خۆزگەم بەسەگی قاپییەکەی ئەحمەدی کاکی**

لێرەدا ئەو پرسیارە خۆی دەسەپێنێ: ئاخۆ شێخ دەبێ چ بەدکاری و خەتا و تاوانێکی ئەوتۆی هەبووبێ خۆی دەخالەتی کاک ئەحمەدی شێخ بکات و خۆزگە بخوازێت ببوایە بە سەگی پێش دەرگای ئارامگاکەی. ئەو پیاوەی کە نەک هەر تەنیا شاعیران، بەڵکو دەسەڵاتدارانی کۆمەڵگاش خۆیان لە قەرەی ئەو نەداوە لەبەر دوو هۆ: یەکەمیان زۆر زیرەک و هۆشیار و بیر چوست و قسەسوار بووە و دووەمیشیان خووی (حەنەکبازی)ی پێوە دیار بووە، بە تایبەتی لە سەردەمی لاوێتیدا کە خۆش مەشرەب و دڵ بە دنیا و ڕابواردن و خۆش و گاڵتە و لاقرتێ خۆش بووە. ئەو دوو بەیتەش کە بە نموونە هێناومەتەوە مشتێکە لە خەروارێکی بەرهەمی شێخ ڕەزا:

**قوونە قیرنەت گەر وەجۆش نییە**
**ئەم هاتوهاوارەی تۆ لە پای چییە**

هەروەها دەڵێ:

**دەزانم ئەم شیعرەی بە تۆدا چریم**
**تێری نەکردووی هەی لە دەمت ڕیم**

ئینتیما دیاردەیەکی ترە لە نێو شیعری کوردیدا. دیارە ئەو ئینتیمایەش بە گشتی بۆ خاک و گەل و وڵات و کۆمەڵ و شۆڕش...تاد دەگەڕێتەوە. بەهەرحاڵ لە نێو هەندێ شیعردا، بە تایبەتی شیعری سەردەم، ئەو ئینتیمایە لاواز بۆتەوە و لە ناو گرێوگۆڵ و تەمومژدا خنکاوە، یانیش بەهۆی بێ نەوایی شاعیر و کەوتنی (احباط) نەفرەتی لێکراوە.

هەرگیز لە ئەنجامی تەنیا (تووڕەبوون) نییە، مەگەر (ڕق و کینە) نەبێ، یانیش لە ئەنجامی نامۆبوون و لە کۆمەڵ دابڕان نەبێ، بەڵام ئەگەر ئینتیماش بوونی نەبێ، خۆ (وەفا) خەسڵەتێکی تری پیرۆزی ئینسانە بۆ خاک و نەتەوەکەی، هەرچەندە وەفاش شتێکی ڕەها نییە، بەڵکو دەچێتە خانەی (ڕێژەیی)یەوە، واتە هەرتاکێک لە کۆمەڵگادا بە پلەی جیاواز وەفای دەبێ. ئەگەریش بێ ئومێدی بێ، ئەوە کەس نییە لە ژیانیدا دووچاری نەبووبێ، بەڵام هەرکەسە و بە پلەی جیاواز.

با ئەو قسانەمان لەگەڵ ئەو کۆپلە شیعرەی کەریم دەشتی بەراورد بکەین بە ناوی"تاوەری بەرلین" بەو مەبەستەی (پێچەوانە) بخەینە ڕوو:

**تاوەری بەرلین**
**لە بڵندترین بورجی بەرلیندا**
**سەیری هەولێرم دەکرد**
**بەڵام هێندە بەرز و جوان بوو**
**زانیم من لە شوێنێکی چەند نزمم**

واتە سەربەرزی شارەکەی خۆی لە هەر شوێنێکەوە بێ هەر لەبەرچاو گرتووە.

شاعیری مەزنی کورد، گۆران بەدەر نەبووە لە حاڵەتی نائومێدیی، یان ڕەشبینیی لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانیدا. بە گەواهی مێژوو ڕۆژانی ئەوتۆی دیوە کە لە دەست بوختانکەران و دڵڕەشان هەراسان بووە، وەک لە شیعرەکەی (لە بەندیخانەدا) هاتووە:

**بولبولێ بووم ئامادەبووم هەتا بمێنم**
**بە نانی وشک بەرگی پەڵاس بۆ گەل بخوێنم**
**بەڵام گەلی بە شرینقە خەو لێخراوم**
**گوێی نەدامێ هەتا کەوتم چڵکن بوو ناوم**
**ئەی تریفەی مانگی سپی دەرکی دەلاقە**

**با پیس نەبی قەت خۆت مەدە لەم کوردی عیراقە**

ڕەنگە هەندێ کەس ڕۆمانسییەتی گۆران بە ڕۆمانسییەتی کلاسیکی لە قەڵەم بدەن کە گوزارشت لە ئاخ و ناڵە و حەسرەت و فرمێسک ڕشتن بۆ ڕابردوو بکات، بەڵام ئەوە ڕاست نییە، بەڵکو ڕۆمانسییەتەکەی ئەو گوزارشت لە نەهامەتی و جەور و ستەم و سەختیی سەردەمەکەی دەکات، بە تایبەتی دوای ئەوەی بەرچاوی ڕووناکتر دەبێ و ئاسۆی بیرکردنەوەی هێندە لێڵ نامێنێ و ڕەوتی نوێی بۆ ژیان و نەتەوە و ئازادی و خۆشەویستی و پاککردنەوەی دەروون لە ژەنگ و نائومێدی و ڕەشبینی دەگرێتەبەر. لە شیعرەکەیدا "سەوزە گیای پاییز" دا دەڵێ:

**منیش لەمەو پاش وایە بڕیارم**
**تیشکی خۆر بێ لام نازخەندەی یارم**

**تا گەرمایی ژین ماوە شادی کەم**
**ئیتر واز بێنم لە ئاشنایی خەم**

بەگوڕوتینەوە شیعری ڕۆمانسی شۆڕشگێڕیش نەک هەر لەسەر پەڕی کاغەزدا، بەڵکو بە هەموو توانایەوە لەبەردەم مایکرۆفۆنی وێسگەوە هاوار دەکات و دەچڕێ:

**دەمی ڕاپەڕینە، دەمی ڕاپەڕین**
**هەتا کەی بە سستی و بە پەستی بژین**
**پەلاماریێ، ئەی کورد عەرەق ڕشتنێ**
**لە دڵ کرمی ناکۆکی دەرکردنێ !**

ئا بەم شێوەیە گۆران لە ڕەشبینییەوە چووەتە نێو گەشبینی.

گۆران لە چامەیەکیشدا بە ناوی (پاییز) دەڵێ:

**پایز! پایز!**
**بووکی پرچ زەرد**
**من مات تۆ زیز**
**هەردوو هاودەرد**

شاعیر ئەحمەد دلزاریش لە ڕووی کێشەوە نەک ناوەرۆکەوە هاتۆتە پاڵ گۆران و دەڵێ:

**بولبول ! بولبول !**
**لە ناو گوڵزار**
**ئەتۆ بۆ گوڵ**
**من بۆ نازدار**
**بگرین بە کوڵ**
**بگرین بە زار**

واتە لە ڕووی بەراوردکارییەوە ئەو دوو شیعرە هاوکێش و جیاوازن لە ناوەرۆک. بۆ زیاتر زانیاریش هەردوو شاعیر جگە لە ئاشنابوونیان بە یەکتر هاوبیر و هاوڕا و هاوسۆز بوونە. دلزار زۆر بە وردی شیعرەکانی گۆرانی خوێندووەتەوە و چێژی لێ وەرگرتووە و کاری لێکردووە.

(هێدی) شاعیریش بەو شێوەیە ورەبەرزی و ئازادی ئیرادە و چاونەترسیی خۆی بە شیعر دەردەبڕێ:

**ئەوەی تێک نەشکێ هەر هێزی گەلە**
**ڕقی گەل دوژمنی خستۆتە پەلە**

تەنانەت ئەگەر شاعیر دووچاری بێ ئومێدیش بێت، ئەوە هۆکارەکەی بێگومان، یان دەرەکییە، یانیش خودی خۆیەتی. لە حاڵەتی یەکەمدا نەک تەنیا دەشێت، بەڵکو مەرجە بۆ شاعیر ئەنگوست لە چاوان ڕابکات، یانیش هۆکار دەستنیشان بکات بە پێی تێگەیشتنی، نەک تەڕ و وشک بە یەکەوە بسووتێنێ. بۆ نموونە ئەو پارچە شیعرەی (هەردی) بخوێنینەوە و بزانین چۆن و کێی دەستنیشان کردووە:

**چەند ساڵە لە ڕێی ئەم گەلەدا من کە ئەسووتێم**
**کەس نرخی نەزانیم و هەتا تێنەگەیی لێم.. !**
**سا شەرتە کە میللەت ئەمە بێ بیخەمە ژێر پێم**

لێرەدا هەردی هۆکاری نائومێدییەکەی خستۆتە ئەستۆی میللەتەوە و دیارە ئەوپەڕی بێزاری خۆی دەربڕیوە، بەڵام دەسبەجێ پەشیمانییەکی (بە سەرزاریش بێت) لە "بیخەمە ژێر پێم"دا دەربڕیوە:

**هەر چەندە بە سەر زاری ئەبێ گەل مەبەسم بێ**
**بۆ شوێنەونی بەرزیی ئەو گورزی دەسم بێ**

بەڵام بە هەر حاڵ نەیتوانیوە گۆران ئاسا سروودی ڕاپەڕینێکی سەرلەنوێ "دەمی ڕاپەڕینە" بە گوڕوتینی نوێ و بە تێگەیشتنی شۆڕشگێڕانەوە بچڕێ؛ وەلێ نەیهێشتووە سەرزەنشتکردنەکەی بگاتە پلەی تاوانبارکردنی و سەرتاپای میللەتەکەی. دیاریشە پەنجەی تۆمەتبارکردن بۆ کەس درێژ ناکات جگە لە پایە پەرستان و هەلپەرستان نەبێت:

**پاکانە ئەکەیت بۆ : هەوەسی نەوسن و برسیت؟**
**گوایا کە لەبەر خزمەتی گەل، عاشقی کورسیت؟**
**کورسیت کە هەبێ دادی گەلی لێوە ئەپرسیت؟**

کەچی سەردەمانێک خودی هەردی ئاڵای ئازادی هەڵکردبوو و پڕ بە دەمی هاواری دەکرد:

**ئازادی خوای کوردین ئێمە**
**شوورەی پۆلا و بەردین ئێمە**
**پشتی جوتیاری زەبوونین**
**ئاڵای بەرزی چۆن یەک بوونین**

پیرەمێردی شاعیریش دیارە ترسی دڵی خۆی لە زۆردار نەشاردۆتەوە، ئەو ترسەش (فۆبیا)ی لە فەرهەنگی

دەروونناسیدا پێی دەگوترێت، بۆیە دەڵێت:

**کە دەرەقەتی زۆرداریێ نایەی**
**بیشیەتە سەر ڕێت ئەبێ لێی لادەی**

ئەم جارەیان ترس و حەزەری خۆی لە سیاسەتکاریدا دەردەبڕێ:

**سیاسەت بازی لە ئێمە نایە**
**سەد هەزار چاڵی نەدیدەی تیایە**

ئینجا دەڵێت:

**ئەم شەڕە لەسەر کورسی دوو کەسە**
**من بۆچ بکوژرێم بێ هۆشی بەسە**
**هەر ئەمەندەیە گەییە سەر کورسی**
**لە دەردەدار و برسی ناپرسی**

تەنانەت ڕێگای ملکەچبوونیشمان پێ ڕەوا دەبینێ:

**دەستێ نەتوانی بە زۆر بیبڕی**
**ئەبێ ماچیکەی بە چاو بیسڕی**

هەروەها دەڵێ:

**کە دووکەڵ دەرکەوت ئاگری لە شوێنە**
**خۆت بپارێزە دڵ مەڕەنجێنە**

دەرحەق بەوانەی خوێن گەرم و شۆڕشگێڕن دەڵێ:

**ئەوەی بە توندی لە جێی خۆی هەستا**
**کاتێکت ڕوانی ماندوو بوو وەستا**

وێڕای ئەو خۆ دوورەپەرێز گرتنە، پیرەمێرد ویژدانی دەبزوێ و دەیەوێ هاوسۆزی خۆی لەگەڵ هاوڕێ و هاووڵاتیانی دەربڕێ؛ ئەوەش لە سایکۆلۆژیادا پێی دەوترێت واتا خۆسازدان:

**هەر دەڵێم ناوی کوردیەتی نابەم**
**چیبکەم تێنوومە بێ ئاو دەرنابەم**

شێرکۆ بێکەسیش لەو شیعرەیدا (ئاوی دیجلە) هێشتا ورەی بەرنەداوە و پشت ئەستوورە بە ڕووباری دیجلە و دۆستە مەردەکانی. گەشبینە بە دیجلەوە و بڕوای وایە هەرچەند شپرزە و ماندووشە وەک (سەیاب) و (حوسێن مەردان) و (جەواهیری)، بەڵام هێشتا بایی ئەوەندە هێزی تێدا ماوە سەر هەڵبڕێتەوە و تف و نەفرەت لە شاعیری خۆفرۆش و نیشتمانفرۆش بکات.

**ئاوی دیجلە**

**با شپرزە و با ماندووش بێ**
**چۆن نامەکانی "سەیاب" و**
**"شەناشیل" ی چاوەڕوان و**
**گیرفانەکانی "مەردان" و**
**کڵاوەکەی "جەواهیری"**
**بەڵام ئەوسایش.. ئاوی دیجلە**
**هێشتا بەشی**
**ئەو تفانەی پێ ئەمێنێ**
**لە ناو دەمیا کۆی کاتەوە**
**لە کەمەری برینداری کەرخەوە بێ**
**یان ڕەسافە**
**سەری قوڕاوی دەربێنێ و**
**چاو هەڵبڕێ و**
**هەمو ڕۆژێ**
**بۆ شاعیرێکی پۆلیس و**
**بۆ پۆلیسێکی شاعیری بهاوێژێ**
**ئاوی دیجلە هەر ئەوەندەی پێ ئەمێنێ**
**ئاوی دیجلە !**

شێرکۆ بێکەس هێندە گەشبینە و ورەبەرزە ئەگەر هەورەکانی ئاسمان پڕیش بن لە ژان و ژار، ئەو ئامادەیە بباریێ و زەمین لە پێناو بەختەوەری نیشتمانەکەی و هەژاراندا تەڕ بکات. ئەوە نەک هەر ئینتیمایە، بەڵکو پەرستنیشە کاری لە شێرکۆ بێکەس کردووە تینووی کردووە ببێتە دەنگی (گڤەی) بایەکی سوور:

**فڕین**

**ئەی هەورە بە ژان و ژارەکە**
**لەتۆدا وشەم پڕ وشە ئەکات**
**هێندەش نابا کلوو کلوو ئەبارێم.**
**دێمە خواریێ و دەمی وشکی زەمین تەڕ ئەکەم**

*   *   *

**ئەی ئاواتە دوورەکە:**
**بە پیرتەوە هاتووم و دەنگم گڤەی (با) یەکی سوورە**
**لە مەڵبەندی خوێنەوە هەڵی کردووە.**
**بە پیرتەوە هاتووم و باوەشێ تیشکم بۆ هێناوی**

**لە باخی بێ پەرژینی هەژاراندا چنیومە**
**ئەی ئاواتە دوورەکە**

بەڵام فـایەق بێکەسی باوکی شـێرکـۆ لە دوا ڕۆژانی تەمـەنیـدا زۆر هەست بە بێ نازکەوتوویی دەکـات و بە شێوازی دیالۆگ سەرزەنشتی زەمانە دەکات و داخی ناو دڵی هەڵدەڕێژێتـە نێـو شـیـعـرەکـەیەوە دەرحـەق بەو ڕۆژگارەی کە هەمیشە بووەتە کۆسپ و تەگەرە لە پێشیدا و دووچاری خەمۆکی کردووە؛ بۆیە ئێسـتاش بە توندی سەرزەنشتی دەکات:

**ئەی زەمانەی بێ وەفا تا کەی لەگەڵما خائینی**
**دائیمەن ناڕێک و چەوت و عەکسی ئامالی منی**
**مودەتێ لای خۆت لەگەڵما وەک برا بووین ئەی زەمان**
**حاڵی حازر لێم بەری بووی، ناحەز و هەم دوژمنی**

(هێـمن)ی گـەورە شـاعـیـر لە مـیـانەی شـیـوەن و گریانەکەی بۆ گەلەکەی دڵنەوایی شی دەکات و دڵنیاشی دەکـاتەوە بە هەبوونی و لە بەین نەچوونی وێڕای بەش خوراوی:

**بۆیە ناڵەم تێکەڵی نەی کردووە**
**شیوەنێکم پێیە نەی نەیکردووە**
**شیوەنی من شینی کوردی بێ بەشە**
**ئەو گەلەی حاشا دەکەن لێی و هەشە**

پیـرەمـێـرد بە پێـچەوانەی هێـمن نەک هەر بێـزاری و ڕەشبـینی دەردەبڕێ، بەڵکو ڕەخنە لە گـەلەکەی دەگـرێ و بگرە هەجوویشی دەکات:

**کە دێینە مەیدان خۆ هەڵدەکێشین**
**لە هەموو قەومێ زیاتر بە کێشین**
**کەچی بە هیچە هەموو مل کەچین**
**بۆ سواغی قەسری ئاغا وەک گەچین**

شـێخ حـەسـیـب قـەرەداغـیـش دۆست و دەسـتـەی سـەرکـردەکـەی بە بێ وەفـایی و هەلپـەرست لە قـەڵەم دەدات:

**کـە تۆ هەبووی ئەمـان هەمـوو دەسـتـەونەزەر چاوەڕێت بوون**
**دەرویشەکانی دوێنێی خۆت، چی قەوماوە وەها شێت بوون؟**

کـەچی پیـرەمـێـرد بە پێـچـەوانەوە ئەو دیاردەیەی بە خۆشباوەڕی و بێ ئیرادەیی دادەنێ:

**خۆ نەخوازەڵا ئێمەی خۆش باوەڕ**
**کە بۆ گەورەکان بووینە بارەبەر**
**چۆنمان لێ خوڕن ئەو ڕێیە ئەگرین**
**دوایی هەر خۆمان بۆ خۆمان ئەگرین**

وەلێ لەلایەکی دیکەوە هەر خـۆی دان بە بوونی بێ وەفایی دەنێ و دەڵێ:

**شوان کە بزن ئەلەوەڕێنێ**
**لەگەڵ تێری خوارد قۆچ ئەوەشێنێ**

لە هەمـان کـاتدا دەربارەی بێ وەفـایی سـەرکـردەش دەڵێت:

**کە گەییە ڕیزی ئەلی وەیس پاشا**
**لە دۆست و دەستەی خۆی ئەکا حاشا**

(عـەبدوڵڵا پەشـێـو) یش تووڕەیی خـۆی لە گـەنجـانی نیشـتمـانەکەی دەردەبڕێ، بەڵام کـام گەنج ؟ تووڕەیە لەو گەنجەی کە کەوتۆتە ژێر کاریگەری نەرجسییەتەوە، دۆن جـوان ئاسـا هەمـوو هەست و نەسـتی لای بەژن و باڵا و جوانی و غـەریزەکـەیەتی و گـەل و نیـشـتـمـانیش چش. پەشێو ئا لەم جۆرە گەنجە تووڕەیە و دەڵێ:

**دۆن جوان**
**تف لە جوانی ئەم دوو چاوە**
**کە بۆ چاوبازی خوڵقاوە**
**نابینێ نیشتمانەکەی**
**ئازاری خاکە جوانەکەی**

نازانم چ تێـبـینیـیـەک بدەم شـیـاوی ئەو جـۆرە شـیـعـرە بێت؛ هەرچەندە شاعـیریش بیانوو و پاساوی خۆی هەیە بۆ تێپەڕاندنی شیعرەکەی کە ئەویش تووڕەبوونە، بەڵام هەر لە چوارچێوەی دەروونییـەوە ئەو جۆرە تووڕەبوونە بە نائاسایی دەژمێردرێت. لەوانەیە شاعیر پرسیار بکات و بڵـێـت: کـام سنوور؟ لە وەڵامـدا دەڵێین: سنووری کۆمەڵگە.

**سایکۆلۆژیا و شیعر**

گرفتی سایکۆلۆژیا لەگەڵ شاعیراندا لە ئەنجامی یاریکردنیان بە زمانی شیعرەکانیانەوە دێتە ئاراوە، واتە شاعیران بە پێی نیازیان زمانەکانیان دەگونجێنن. هەڵبەتە شاعیریش هەمیشە وەکو لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێدا شتێک دەڵێ بە دیدی ئەو دەبێ هەر ئەو ڕاست بێ بەرانبەر بە وردەکاری ژیانەوە، هەر بۆیە زەروورەتی شیعریی هەندێ جار زیان دەبەخشێت نەک تەنیا لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە، بەڵکو لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوەش ئەگەر هات و وتەی شاعیر لەم زار بۆ ئەو زار گوێزرایەوە بە مەبەستی ئەوەی بکرێتە ڕەفتارێک دوور بێ لە پێوەری ڕاست و دروست. کەواتە ڕێژەیی سایکۆلۆژی لە نێو زۆربەی شیعری کوردیدا ئامادەیی ئەوتۆی نییە و دەشێ بەو شێوەیە پێناسەی بکەین : کە ئەو پرەنسیپەیە دەڵێت هیچ تاقیکردنەوەیەک بە تەنیا بەبێ پشتبەستن بە تاقیکردنەوەی دیکە نایەتە کایەوە.

لە ژێر ڕۆشنایی ڕێژەیی سایکۆلۆژی، ڕێژەیی (ئەنشتاین)یش دێتە ئاراوە، ئەویش دەشێ بەو شێوەیە کورت بکرێتەوە : کات لەبەر چاومان درێژ دیاردەبێت، لە سەروبەندی چاوەڕوانیمان بۆ خۆشەویستەکەمان، بۆ نموونە شاعیر دەڵێ :

**شەو بۆچی وەها درێژە لەم عەردە**

**کوا یارم بکات دەوای ئەم دەردە ؟**

بەڵام زۆر کورتتر دیار دەبێ ئەگەر لە دیداری خۆشەویستماندابین هەر وەکو شاعیرێکی دی وای دەبینێ :

**یاخوا هەر شەو بێت گیانە**

**دەستم هەڵنەگرم لەناو ملانا**

سەرەنجام هەر بەڵگە هێنانەوەیەک (استشهاد) بەو شیعرەی بڕوای بە ڕەهایی و گشتگیری و گشتاندن هەبێ، لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە سەرکەوتوو نابێت. بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە با هەڵوێستەیەک لە مەڕ شیعری ئەختەر خانەوە بکەین کە لەسەر گۆڕی هاوسەرەکەی ڕاوەستاوە و شیوەن دەگێڕێ:

**شین و گریانم گەیشتە ئاسمان**

**ئەشکی تیا نەما پێڵووی چاوەکان**

**گوتم چاوەکەم دووبارەی کەوە**

**بە خوێنی جگەر خۆت پڕکەرەوە**

**ئارامم نابێ بەبێ تۆ ڕوحم**

**هەتا بمێنێ چاوم و جەستەم**

**گەر ترسی خودام لە لا نەبوایە**

**بە دەست خۆم نەفسم دەکوشت بەو خوایە**

بە پێی ئەو شیعرە دەبێ بڵێین هەر تەنیا ئافرەتە بۆ هاوسەرەکەی فیداکارە، یان خۆشەویستەکەی بە پێچەوانەی شیعرەکەی نالی کە سەرزەنشتی (حەبیبە) دەکات :

**عادەتێکی هەیە هەرگیز لە کەسێ ناپرسێ**

**زاڵمێکی وەیە قەت خەوفی خوداوەندی نییە**

یان ئەو شاعیرەی کە دەڵێت :

**زەمانە لێی نەگەڕام تا خستمییە تەل**

**کەچی دڵی من بۆی نەکردم لەل**

یان (بێباک) ناوێک کە لە نەخۆشخانە کەوتووە و لەوپەڕی بێ ئومێدیدایە:

**من کە دڵی خۆم بۆی نەکردم ڕۆ**

**سا کێ شک دەبەی دڵسۆز بێ ئەمڕۆ**

بە پێی ئەو سێ شیعرانەی سەرەوە، دیارە ئافرەت زۆر لە دڵسۆزی و وەفاداری دوورە. وەلێ بەرانبەر ئەوانیش وەفادارییەکەی ئەختەر خانیش نەک هەر بۆ هاوسەر، بەڵکو بۆ برا و باوک و نیشتمانیش لە واقیعدا دەگمەنە و ناکرێت گشتاندنی پێ بکەین و سەیری سەرتاپای ئافرەتان بکەین نە بە چاوی ئەختەر خان و نە بە چاوی پێچەوانەکانی ئەختەر خانەوە وەکو نالی و بێباک.

بەڵام بەرانبەر بە دایک، بێ گومان هەڵوێستمان جیاوازە، چونکە دایک بە پێوەری ڕاست و دروست و بێ خەوش حسێبی بۆ دەکرێت و لە پاش و پێشیدا هێڵی سوور کێشراوە و هەرگیز بۆ شێواندنی پیرۆزییەکەی نابەزێنرێت بە هەر بیانوویەک بێت و لە هەر کات و شوێنێکدا بێت. ئەو ڕاستییەش تەنیا بە گەلی کوردەوە تایبەت نییە، بەڵکو هەموو گەلانی دنیا دەگرێتەوە بە شاعیر و نا شاعیریشەوە، بۆیە لە فەرموودەی پێغەمبەردا هاتووە دەڵێ "الجنة تحت اقدام الامهات" یان لە قەسیدەیەکی (ڕەسافی)دا هاتووە:

**الأم مدرسة اذا اعددتها**

**اعددت شعباً طيب الاعراق**

لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕاستییەدا نەک هەر جێگای خۆیەتی، بەڵکو زۆر ڕەوایە ئەم جۆرە پەند و شیعرانە

بکرێن بە گەواهی و گەواهییان پێ بدرێت.

هەندێ جار شاعیر کە تووشی بێ ئومێدی، یان کەوتن (احبـاط) دێت، دەست بە تێـوەگلاندنی کەسێکی دی دەکات؛ ئەوەش پێی دەوترێت (اسقاط) کە هەجووکردن، یان هەر جۆرە ناو زڕاندنێک دەگرێتەخۆ.

## دوا وتە

بێ گومان دەروونی شاعیر کە هۆکاری سەرەکییە بۆ داهێنانی شێواز و گوزارشتکردن لە ناوەڕۆک، بەشێکە لە دەروونی کـۆمـەڵ، ئەویش (واتە دەروونی کـۆمـەڵ) سەرچاوەی قبـوولکردن، یان ڕەتکردنەوەی دەقـە، بەڵام مخابن ڕۆشنبیریی دەروونزانی (سایکۆلۆژیا)ی ئەدەب کە لە هۆکار و ئەنجام دەکۆڵێتەوە، هێشتا لای ئێمە نەگەیشتۆتە ئاستی پێویست.

پێـچـەوانە، یان جیـاوازیی (دەروونی - ئەدەبی) لە شیعردا دەشێ بەو شێوەیە کورت بکرێتەوە : شاعیری دوێنێ دەقەکەی بە خوێندنەوە (بە دەنگ) لە نێو خەڵکدا بڵاودەکردەوە بە مەبەستی ئەوەی کاردانەوەی کارای بۆ خرۆشاندنی گوێگران هەبێ لە کاتی شیـاودا وەکو بارودۆخی جەنگ و ڕاپەڕین و شۆڕش و...تاد هەڵبەتە شیعری پەند و هاوشێوەی پەند خێراتر بڵاودەبێتەوە و زیاتر بەردەوام دەبێت، بەڵکو دەکرێتە گەواهیش بە واتا ئیجابییەکەیەوە، بەڵام شاعیری ئیمڕۆ دەقەکەی بە نووسین بڵاودەکاتەوە نەک بە خوێندنەوە، ئەویش بە هۆی کەمیی کۆمەڵی گوێگران و لەبەر گەشەکردنی شێوازی بنیادی شیعر و جۆراوجۆربوونیەتی کە کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر کۆمەڵانی خەڵکی نابێ، مەگەر لای چەند تاکێک نەبێت.

هەڵبژاردنی دەقی شیعر، بە تایبەتی شیعری پەند و پەندکاری گرنگی خۆی هەیە، نەخوازەڵا ئەگەر دیاردەی جیاوازی و پێچەوانەی تێدا فەرامۆش نەکرێت، چونکە کاردانەوەی لەسەر هزر و بیر و ڕا و تەنانەت ڕەوشتی گوێگریش بەهێزتر دەبێت.

خـاڵێکی گـرنگی تر ئەوەیە گـەواهی هێنانەوە (استشهاد) بە شیعر بۆ پشتگیریکردن لە هەڵوێستێک، بە شێوەیەکی نەگۆڕ و بەردەوام، دوور نییە دووچاری هەڵەمان بکات، بە تایبەتی ئەگەر لایەنی ڕەوانبێژی و جوانکاری دەقەکە وا سەرسامان بکات لە ئەنجامدا بمانگەیەنێتە جۆرە ڕەفتارێک کە چەسپاوبێت لەسەر بنەمای چەوت بە هۆی کاری (ڕێژەیی و بارودۆخ) کە شیعر بە گشتی بەدەر نییە لێیەوە، بۆیە گەواهی هێنانەوە ئەوە نییە بکرێتە (ئامانج)ی کارێکی (پیرۆز) کە هیچ گومانێک هەڵنەگرێ. ئومێدەوارم لە چەقی بابەتەکە زۆر دوور نەکەوتبمەوە.

**سەرچاوە:**


**(١) کتێبی "نالی لە کلاوڕۆژنەی شیعرەکانییەوە" محەمەدی مەلا کەریم، دەزگای ئاراس، هەولێر- چاپی دووەم ٢٠٠٩.**

**(٢) گۆڤاری کاروان، ژ ١٧٧ی ساڵی ٢٠٠٣.**

**(٣) هەڵبژاردە لە شیعرەکانی هەردی "لەنێو دیوانی (ڕازی تەنیایی) چاپی دووەم- ١٩٨٤، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.**

**(٤) گۆڤاری ڕامان ژ١٥١، کانوونی یەکەم، ٢٠٠٩.**

**(٥) گۆڤاری ڕامان ژ١٦٤، کانوونی دووەم ٢٠١١.**

**(٦) دیوانی عەبدوڵلا پەشێو، پشت لە نەواو ڕوو لە کرێوە، کۆشیعری ١٩٦٥- ١٩٧٩، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.**

# دەلاقەیەک بەرەوجیهانی کورتەچیرۆک

هادی حەبیبی
(بۆکان)

جیهانی پڕ ڕەمز و ڕازی خەیاڵی مرۆڤ، هەروەها زەینی پڕ لە پرسیار و بێ ئۆقرەی، چ لە چاخی پێشوو و چ لە چاخی ئێستادا، بەردەوام ئەو بۆشاییەی تێدا بەدی کراوە کە بەرهەمی خەیاڵکرد و لە هەمان حاڵیشدا جۆراوجۆر لە خۆیدا جێ بکاتەوە. هیچ ڕووداوێکی گرنگ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وەبەرچاو ناکەوێ کە ڕوحی مرۆڤی بە خۆیەوە نەهەژاندبێ و سەرنجی ڕانەکێشابێ. هەر وەک دەبینین مرۆڤ تەنیا بوونەوەرێکە کە بە هۆی تێگەیشتن و بیرکردنەوە، بەرەنگاری سروشت و دیاردەکانی دەبێتەوە و بەرانبەر بە ڕووداوە نائاساییەکان، نارەزایەتی لە خۆی پیشان دەدا. کەوابوو سەرەتا، بیرکردنەوە تا دەگاتە دەربڕینی بابەت، لە خۆیدا سەرەتایەکی مەزنترە بۆ شۆڕشێکی فیکری و ئەدەبی لەنێو نەتەوە جۆراوجۆرەکانی دنیادا.

کورتە چیرۆک وەک ژانرێکی ئەدەبی، یەکێکە لەو بەرهەمە خەیاڵکردانەی مرۆڤ و لە ڕاستیدا شۆڕشێکی فیکرییە کە بە پێناسەی تایبەتی خۆیەوە، دەسپێکەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی نۆزدە و تا هەنووکەش بنەمایەکی بەهێز و کاروانێکی پڕ خوێنەری لە ئەدەبی جیهانی بۆ خۆی پێکهێناوە. بۆ ڕوانینێکی بەرفراوانتر لە پێناسە و مێژووی کورتە چیرۆک، بەر لە هەموو شتێک دەبێ ئەم ڕاستەقینەیە بسەلمێنین کە کورتەچیرۆک بەهرەیەکی زۆری لە سەرچاوەگەلێک بە ناوی چیرۆکی ڕەشۆک (folk tale)ی و ئەفسانە (Legend) وەرگرتووە. نکوڵی لێ ناکرێ کە ئەم ژانرە ئەدەبییەش وەکو ڕۆمان، دەسکەوتی فیکری کۆمەڵگای ڕۆژئاوا و بەوتەیەکی تر، دیاردەیەکی خۆرئاواییە کە لە چاو تەمەنی کەمی، زۆر زوو توانی سەرانسەر وڵاتانی ئەورووپا و بە گشتی ڕۆژئاوا لە خۆ بگرێ. دواتریش لەگەڵ هاتنە ئارای هەقیقەتگەرایی مۆدێرنەوە، بەرەوپێشچوونی خۆی بە

ئەسـپـایی دەست پێ دەکـات. ڕەنگە خـوێنەری ئەو ژانرە ئەدەبییـە لە هەر گۆشـەیەکی ئەو جیـهـانەدا بە بیـسـتنی نـاوی کـــورتەچیـــرۆک، بەرهەمی گـــەورە نـووسـەرانی ئەمـریکای لاتینی وەبیـربێـتـەوە. ئەمریکای لاتین وەکـو زێدی کورتە چیرۆک، بە هۆی بارودۆخی گرنگی ناوچەیی وەک فرەنەتەوەیی بوون، هەروەها بە هۆی فـەرهەنگگەلی ناوخـۆی جـۆراوجـۆر، وەک بۆشـاییـەک پێـویسـتی بە زمانێکی هاوبەش بووە، سروشتییە کورتەچیرۆکیش ئەو دەسـەڵاتە هونەری و فـیـکرییـەی تێـدا بووە کـە وەکـو زمانێکی هاوبەش بتوانێ سەرجەمی ئەو فەرهەنگانە لە دەوری یەک کـۆبکاتەوە و پێکیـان بناسـێنێ، یان لانی کـەم دەکـرێ بڵـێین پردێک لە نێـوان فـەرهەنگگەلی جیاوازی ئەمریکای لاتین هەڵبەستێ. بە ئاوڕێکی خێرا لە ڕابردووی کـورتە چیـرۆکی ئەم ناوچەیە، بۆمـان ڕوون دەبێـتـەوە کـە ـ وەک لە سـەرەتاوە ئامـاژەی پێکرا ـ سەرچاوەی بنەڕەتی و هەرەگرنگی سەرجەمی ئەو کورتە چیرۆکانە، چیرۆکی ڕەشۆکی ئەم ناوچەیەن کە لە زمانی پاپۆڕەوان و ئەفسـانەوێژەکـانەوە بەیان کـراون، تەنانەت پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ ئوستوورەدا بووە.

ئوسـتـووره (myth) چیـرۆکـێکە کـە ناکـرێ سـەرچاوەیەکی ڕوونی مێـژوویی بۆ دەستنیـشـان بکرێ، بەڵکو بە وتەی کارل یۆنگ؛ بابەتی ئوستوورە ڕیشەی لە ڕابردووی هەمـوو نەتەوەیەکـدا هەیە و وێکچـوونی سەرجەمی ئەو ئوستوورانە بە یەکتر، لەڕاستیدا نیشانەی وێکچـوونی ڕابردووی نەتەوەکـانە کـە دەیسـەلمێنێ هەمـوویان خـاوەن ڕیشـەیەکی هاوبەشی مـێـژوویین. لە هەرحاڵدا گرنگ ئەوەیە کورتەچیرۆک لە ئەمریکای لاتین زۆر زوو قـۆناغی سـوننەتی خـۆی تێـپـەڕ دەکـات و بە تێکەڵ بوون لەگەڵ تەکنۆلۆژی دنیای مۆدێرن، تەنانەت لە سـەر زانسـتگەلێکی وەک کـۆمـەڵناسی، دەروونناسی و مـرۆڤناسی و...تادیش، بە پێی پێـویست کـاریگەریی خـۆی دادەنێت. نە تەنیا چیرۆکی ڕەشۆکی و ئەفسـانە، سەرچاوەیەکی حـاشاهەڵنەگری کورتەچیرۆکن، بەڵکو لە بنەڕەتدا ئەو دوو سـەرچاوەیە ئامـاژە پێکراوە، هەروەها مـەسەل و حـەکایەتی گـوێی ئاگـردانیش هەر لە کـۆنەوە، بەهرەکـیـان لە کـورتەچیـرۆک تێـدا بـووە، بەڵام بەو پێناسەیەی کە ئێمە ئەورۆ لە کورتە چیرۆکمان هەیە، بە تایبـەت بەو پێکهـاتە هونەرییـە کـە بۆی دیاریکراوە، دەکـرێ بڵـێین نموونە سـەرەتاییـەکـانی دەگـەڕێتـەوە بۆ ئاسەواری ئێدگارئالان پۆ لە ئەمریکا، هەروەها ڤاسیلی گۆگۆل لە ڕووسیا. ئێدگارئالان پۆ کە خۆی لە کاریگەریی ڕۆمانتیزمی وڵاتانی ئەوروپایی وەک ئەڵمانیا و ئینگلیز بێ بەهرە نەبوو، توانی کـورتە چیـرۆک وەک شکڵـێکی سەربەخۆ بە جیـهـانی ئەدەبی وڵاتانی ڕۆژئاوا و ئەوروپا بسـەلمێنێ. ئالان پۆ بۆ یەکـەم جـار پێـوەری هونەری تایبەتی بۆ کورتە چیرۆک دەستنیشان کرد و بەو بۆنەیەوە کـاریگەریی بە هێـز و بەربڵاوی لەسـەر ڕەوتی چیرۆکنووسی دانا.

گەورەترین ڕازی مانەوەی ئالان پۆ لەو ژانرە ئەدەبییەدا ئەوە بوو کە ئەو ئەسلانەی وەک تایبەتمەندییەکی پێویست بۆ جـیـهـانی کـورتە چیـرۆک باسی دەکـرد، لە ئاسەوارەکانیشیدا کەڵکی لێ وەردەگرت و لەو ڕێگەیەوە وەک ڕچەشکێنێک توانی تەکنیکی تایبەت بۆ جیهـانی کورتە چیرۆک دابڕێژێ. ئالان پۆ لەو دەگمەن نووسەرانەیە کـە لەدواییـدا کـەشـوهەوای کـورتە چیـرۆک، هەروەها سەرجەم تەکنیکەکانی، کاریگەریی زۆر بەرچاوی لەسەر بەرەی داهاتووی چیـرۆکنووسیی وڵاتی ئەمـریکای لاتین دانا، تەنانەت ئەو کـاریگەرییـانە بە سنوورەکـانی وڵاتی ئەمـریکاوە نەبەسـتـراو لە فـەرەنسـە. ش بۆ یەکەم جار بە هەوڵی شارل بۆدلێر کە لە ڕێی وەرگێڕانەوە ئاسەواری ئالان پۆی هێنا وڵاتی فـەرەنسـەوە، سـێبـەری ئەو کاریگەرییە بە تایبەت فەرەنسە و بە گشتی ئەوروپاشی گرتەوە.

ئەگـەر لە هەق لانەدەین، ئالان پۆ خـۆی لە دنیـای چیـرۆکـەکـانیـدا زیاتر هەوڵی دەدا بۆ ئەوەی زۆرترین کاریگەریی لەسەر بەردەنگ دابنێ و ئەم هەوڵەش زۆرجار دەبووە هۆی دوورکـەوتنەوەی نووسـەر لە هەقـیـقـەت. بە وتەیەکی تر ئالان پۆ گـوتنی هەقـیـقـەتی زۆر بۆ گـرنگ نەبوو، بەڵکو زیاتر بە دوای گوڕوتین دان بە ڕووداوگەلی ناو چیـرۆکەکانییـەوە بوو، هەر بۆیە پێم وایە زێدەڕەویی (hyperbole) لەسـەرجەم بەرهەمی ئالان پۆدا، دەتوانێ وەک سـەرەکـیـترین تایبـەتمەندی، سـەرەکـیـترین ڕۆڵـیش بگێـڕێ، بەڵام لە بەرانبـەر ئالان پۆدا، بە پێـچـەوانە بەرهەمی گـۆگـۆڵ چیـرۆکنووسی ڕووسی، بە تەواوی لەوپەڕی ڕاسـتەقـینە و هەقـیـقەتخـوازیدان. بە زێدەڕەوی نازانم ئەگـەر بڵـێم سـەرچاوەی ڕوونی هەقـیـقـەتخـوازی ڕووسی، هەمـان کـورتە چیـرۆکـەکـانی گـۆگـۆڵ بووە کـە قـۆناغـێکی لە ڕەوانناسی بە دەروونناسی کـردنی ڕوحی پاڵـەوانانی چیـرۆک، هێنایە ناو مـێـژووی ئینسـانی ڕووسییـەوە. هەڵبـەت ڕۆماننووسی وەک "تۆلستـۆی" و

"دەستۆیڤسکی"ش لە بەرهەمەکانی خۆیاندا لەو سەرچاوە ڕوونە بێ بەهرە نەبوون، بەڵام دواتر لە جیهانی کورتە چیرۆکدا، چیخۆف هاوکات لەگەڵ گی دۆ مۆپاسان لە فەرەنسە، هەقیقەتگەرایی ڕووسی گەیاندە لووتکە. کە وابوو لە دوای ئالان پۆ و گۆگۆل وەک شوێن دانەرترین چیرۆکنووسانی جیهان، چیخۆف لە ڕووسیا و مۆپاسان لە فەرەنسە، پەرە بە ڕەوتی چیرۆکنووسی لە ئەدەبی چیرۆکنووسی جیهانی دەدەن و ڕیالیزم دەبێتە سنووری هاوبەشیان. پێویستە ئاماژە بەوەش بکرێ کە چیرۆکەکانی چیخۆف زۆربەی زۆریان لەو پەڕی سادە بووندان و نووسراوەیەکی بە تەواوی ئاساییین، هەر بۆیە لەو ڕوانگەیەوە چیخۆف ـ وەک نووسەرێکی سادە نووس کە لە هیچ تەکنیکێک لە جیهانی کورتە چیرۆکەکانیدا کەڵک وەرناگرێ ـ بە هوێ سادە نووسییەوە، شۆڕشێکی نوێ لە کورتە چیرۆکدا پێک دێنێ، تەنانەت بۆ قوتاغێکیش بێ، شوێن لەسەر نووسراوەی چیرۆکنووسانی ئەمریکا و ئینگلیز دادەنێ. نموونەی هەرە بەرچاوی ئەو شوێن دانانەش، کاریگەریی حاشاهەڵنەگری چیخۆف لەسەر خاتوو مانسفیلد (Mansfield) لە ئینگلیز، هەروەها ئاندرسن لە ئەمریکایە. ڕەخنەگرانی بواری ئەدەب و بەتایبەت ئەدەبی چیرۆکنووسی ڕۆژئاوایی بەتێکڕایی لەسەر ئەو باوەڕەن کە مانسفیلد لە ژێر کاریگەریی توندی نووسراوەکانی چیخۆف-دا بوو. سۆمرست مۆم دەڵێ: «ڕاستە نووسەربوون بەشێک لە سروشتی مانسفیلد بوو، بەڵام بێ گومان ئەگەر نووسراوەکانی چیخۆف نەبوایە، چیرۆکەکانی مانسفیلد لەگەڵ ئەوەی کە ئێستا لە پێش چاومانن، زۆریان جیاوازی دەبوو.» لە لایەکی ترەوە ئاندرسن بە ئیلهام لە چیخۆف، سادەنووسینی بە شێوەیەکی بەرچاوتر درێژە پێدا و بە دوای ئەویشدا ئێرنست هەمینگوای بە هێنانە ئارای دیالۆگ لە کورتە چیرۆکدا، سادە نووسینی وەک ڕەگەزێکی چیرۆک گەیاندە لووتکە.

کەوابوو دوای ئیدگار ئالان پۆ و گۆگۆل، بێجگە لە بەرەی ڕیالیست و لە هەمان حاڵ سادەنووس کە بە چیخۆف دەست پێدەکات و وێڕای کاریگەریی لەسەر مانسفیلد و ئاندرسن، بە هەمینگوای کۆتایی دێت، ئێمە شاهیدی بەرەیەکی تری ڕیالیستین، بەڵام بە وتەی سۆمرست مۆم بە تەواوی دراماتیک ـ ین کە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ مۆپاسان لە فەرەنسە. مۆپاسان وەک پێشڕەوی ئەو بەرەیە، یەکێکە لە پێشڕەوانی ڕیالیزم و پێناسەشی لەو مەکتەبە ئەدەبییە ئەوەیە کە: «ڕیالیزم یانی کەشف و باسکردنی ئەو بارودۆخەی کە مرۆڤی هاوچەرخ تێیدا دەژی».

ئەوەی جێی سەرنجە، ئەوەیە کە ئەگەرچی مۆپاسان ماوەیەکی زۆر لە قوتابخانەی گوستاڤ فلۆبێر-دا بوو، بەڵام هەرگیز بڕوای مامۆستاکەی کە پێی وابوو دەبێ هەوێنی ڕاستەقینەی بەرهەمی هەر نووسەرێک، ژیان بێ، نەسەلماند، بەڵکو خوێندنەوە خۆی لە ڕیالیزم، کەشفی بارودۆخی مرۆڤ، هەروەها ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی بوو. مۆپاسان لە زۆربەی زۆری چیرۆکەکانیدا، وێڕای پاراستنی ڕوانینێکی ڕیالیستی بە دیاردەکانی هەستی، ڕاوێژێکی پڕ لە تەوس دەکاتە ئەسڵێکی بنەڕەتی بۆ سەرجەم چیرۆکەکانی. لە هەرحاڵدا بە ڕاشکاوی دەکرێ بڵێین مۆپاسان لە جیهانی کورتەچیرۆکدا خاوەنی تەکنیکی تایبەت بە خۆیەتی کە دواتر دەبێتە پێشەکی بۆ ئاڵوگۆڕی زیاتر لە جیهانی ئەم ژانرە ئەدەبییەدا. ئۆ.هێنری، بێرت هارت و... لەو نووسەرانەن کە لە دنیای نووسینی خۆیاندا، بەهرەی زۆریان لە تەکنیکی مۆپاسان وەرگرتووە. بێجگە لەوانەش دواتر چیرۆکنووسانێکی وەک ویلیام فۆکنەر، جێمزجۆیس و... هەرکام بە شێوەیەک هونەری چیرۆکنووسیی بەرەو پێش دەبەن و لە ڕاستیدا کورتە چیرۆک بەو لایەنگرانەوە، بە ڕەنگ و بۆنی جۆراوجۆر، هەروەها بە پێزتر پێ دەنێتە نێو سەدەی بیستەمەوە. سەدەی بیستەمیش لە خۆیدا سەدەی لێکۆڵینەوەی زیاتری فیکری و لە دایکبوونی ڕوانگەی جیاوازی تێکەڵ بە فەلسەفە بەرانبەر بە پێگەی سیاسی و کومەڵایەتی مرۆڤە. سروشتییە لەو سەدەیەدا ئەرکی کورتە چیرۆک سەختتر دەبێ و ناچارە بۆشاییەکانی مرۆڤی سەردەمی خۆی بە پێی پێویست پڕ بکاتەوە. ئەوی گرنگایەتی هەیە باسی لێ بکرێ ئەوەیە کە هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئێمە شاهیدی هاتنە ئارای دوو ڕووداوی بە تەواوی جیاواز و دژ بە یەک لە جیهانی کورتە چیرۆکی مۆدێرن داین کە هەوەڵ ڕووداو لەو دوو ڕووداوانە ئاماژە پێکراوە، زۆرترین بایەخ بە ڕواڵەتی کورتە چیرۆک دەدا و بە شوێن ئەزموونکردنی فۆرم، یان قاڵبەوەیە. بە پێچەوانەی ڕووداوی دووەم، دەچێتە ناخی بزووتنەوەی ڕامیارییەوە. لە ئاکامدا کۆنتاکتی ئەم دوو ڕووداوە – بەتایبەت لە ئەمریکایەک کە بە زمانی ئیسپانیا دیالۆگی لێ دەکرێ – دەبێتە هۆی پێکهاتنی مەکتەبی ڕیالیزمی

جادوویی. هەر چەند بە هیچ کلۆجێ ناکرێ ئەم مەکتەبە، تەنیا بە سنوورەکانی وڵاتی ئەمریکای لاتین ببەسترێتەوە، بەڵام بێ گومان نووسەرانێکی کە بۆ یەکەم جار ناوی ڕیالیزمی جادوویی بۆ بەرهەمەکانیان بە کار هێنرا، زۆرتریان تایبەت بە ئەمریکای لاتین بوون. بۆ نموونە دەکرێ ئاماژە بکەین بە "ئەستۆریاس" لە گواتیمالا و "گارسیا مارکیز" لە کۆلۆمبیا و "کارلۆس فۆئێنتیس" لە مەکسیک. لە هەر حاڵدا یەکێک لە گەورە چیرۆکنووسانی جیهان لە سەدەی بیستەمدا، "لویس بۆرخیس" شوێندانەرترین چیرۆکنووسی ئەمریکای لاتینە کە بە ڕوانینێکی فەلسەفی و لەحنێکی پڕ لە تەوسەوە، جیهانێکی نوێ لە کورتە چیرۆک ئەزموون دەکات. بۆرخیس لە بنەڕەتدا لە جیهانی هەستی بە گومانە و بەرهەمەکانیشی سەرانسەر گرفتن، یان باشترە بڵێیم گرفتی چارەنووسی مرۆڤ لە دنیای هەستین. بۆرخیس هیچ نەبێ لە نێوەرۆکی کورتەچیرۆکدا توانی نوێخوازییەکی فیکریی بێنێتە ئاراوە و بە چەشنێک، لە ناواخنی کورتە چیرۆکی بەر لە خۆی یاخی بێت. بێ گومان ڕوانینی فەلسەفی بۆرخیس، یان بە وتەیەکی تر تێکەڵ بوونی زیاتری فەلسەفە لەگەڵ جیهانی کورتە چیرۆک، جار لەگەڵ جار نێوەرۆکی ئەم ژانرە ئەدەبییە دەوڵەمەندتر دەکات. جیاوازی نییە ئەو فەلسەفەیە، فەلسەفەی پڕ لە شەک و گومانی خودی بۆرخیس، یان ڕوانینی نێهلیستی و بێهوودە ژیانی ئەلبێر کامو و هەر چەشنە فەلسەفەیەکی تر بێ. لە هەر حاڵدا لەو هەڵکشانەی ڕەوتی چیرۆکنووسی جیهانیدا، هەنگاو بە هەنگاو کە بە سەرجەمی چیرۆکەکانی ڕێمۆند کاروێر و هاوچەرخانی، هەروەها ژیانی خەڵکی ئەم ڕۆژگارە نزیک دەبینەوە، دەبینین کورتە چیرۆک هەم لە ڕواڵەت و هەم لە نێوەرۆکدا تیشکی هاویشتۆتە سەر ڕووداوگەلی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری ژیانی خەڵک و بۆتە زمانی حاڵی فەرهەنگگەلی جۆراوجۆر لە هونەری هاوچەرخدا. نەتەوەی کورد کە بەداخەوە سەبارەت بە هۆگەلی جۆراوجۆر، بەشێکی ڕیشەدار و گرنگی لە ئەدەبی زارەکی لێ فەوتاوە، هەر لە بنەڕەتیشدا پێشینەی ئەدەبیاتی نووسراوەیی بەگشتی و پەخشاننووسی وەک ڕۆمان و کورتە چیرۆک و شانۆنامەنووسی و لەو چەشنەی بە تایبەتی زۆر کەمە. هەر بەو پێیە چیرۆکنووسیی کوردی لە خۆیدا هونەرێکی کەم تەمەن و لاوە. دیارە مەبەست لەو نووسراوەیەش، ڕۆڵی مامۆستا حەسەنی قزڵجی چیرۆکنووسی مەزن و هەڵکەوتەی کورد لە ڕەوتی هونەری چیرۆکنووسی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستانە. حەسەنی قزڵجی لە ڕاستیدا جووڵانەوەیەکی فیکریی بەربڵاوی بەرانبەر بە ڕووداوگەلی زۆر باوی کۆمەڵگای کوردەواری دەست پێکرد و وەستایانەش تێیدا سەرکەوتوو بوو. ئەلبێر کامو دەڵێ: «چیرۆک فەلسەفەیەکە کە دەکرێ وەک وێنە بکێشرێتەوە. لەو ڕوانگەیەوە ئەگەر بێتو چیروکێک خاوەن جیهانبینییەکی تایبەت نەبێ، ناکرێ ناوی چیرۆکی لێ بنێی.»

چیرۆکەکانی حەسەنی قزڵجی بە پێی ئەو پێناسەیەی ئەلبێر کامۆ بە تەواوی چیرۆک و خاوەن جیهانبینییەکی بەربڵاو و درێژخایەنن. ئەگەر بمەوێ هەندێک بەرفراوانتر بڕوانمە بابەتەکە، دەبێ ئاماژە بەو ڕاستەقینەیە بکەم کە چیرۆکەکانی حەسەنی قزڵجی بەو جۆرە شێواز و زمان و دارشتنەوە، بە تێکڕایی چێژێکی مرۆڤانەیان تێدا پارێزراوە کە ئەو بابەتەش خۆی دیسان هەڵگری شیکردنەوەی زیاترە. زۆرجار لە کاک فەتاح ئەمیری-م بیستووە کە دەیکوت: «ئینسان کاتێک مەتڵەبێک دەنووسێ، لە ڕستەیەکرا بگرە هەتا پەڕەگراف و کورتە چیرۆک و ڕۆمان و هەرچی و هەرچۆنێک بابەت پێک بێنێ، هەست و چێژی ئەو نووسراوە لە ژیانی خۆیرا کەوتۆتە مێشکی. من پێم وایە چێژی چیرۆک لە مامۆستا حەسەنی قزڵجیدا هەر لە زەمانی زۆر منداڵییەوە، لە دایکی، یان لە کەسانی زۆر نیزیکی وەرگرتووە و دەمێشکیدا ماوەتەوە» بە پێێ ئەو بۆچوونە وەک سەرەتا دەبێ ئەوە بسەلمێنین کە وڵاتی کوردەواری خۆی وڵاتێکی پڕ لە بەیت و باو و ئەفسانە و فۆلکلۆر و چیرۆک و حەکایەتی جۆراوجۆر بووە کە وەک ئەدەبی زارەکی و بەگشتی وەک ئەدەبیاتی ڕەسەنی کوردی، زۆرترین کاریگەریی لە سەر ئەدەبیاتی نووسراوەیی ئێمە بە هەموو لقەکانییەوە داناوە. کە وا بوو فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی کوردی، ئەدەبێکی بنەڕەتییە کە خاوەن، یان تەمەنێکی ڕوونی نییە، بەڵکو هەر لە کۆنەوە سنگاوسنگ لە پیرێژن و پیرە پیاوانی کوردەوە، ڕاگوێزراوەتە نێو بەرەی داهاتوو. گرنگ ئەوەیە لە ڕۆمانی هاوچەرخی کوردی لە ڕۆژهەلاتی کوردستاندا، نموونەی ئەو خاوەن ئەدەبیاتە لەگەڵ ئەوەی ناوی بۆ دیاری کراوە، وەک پێشەنگی بابەتەکە، بە تەواوی ڕێزی لێ گیراوە، هەروەها پێگەی لە سەراسەری ڕۆماندا پارێزراوە. بۆ نموونە "خاڵە نایەر" لە گولّی شۆڕانی عەتا

نەهاییدا، پیرەپیاوێکی بەساڵاچووە کە بەیتی لاس و خەزاڵ بۆ لاسی کوڕی وسووئاغا دەگێڕێتەوە. خاڵە نایەر کەسایەتییەکی بەیت وێژی ڕۆمانە کە پێوەندی نەپچڕاوەی لەگەڵ سەرجەمی ڕووداوەکانی گوڵی شۆڕاندا هەیە. ڕۆمانی گوڵی شۆڕان تەواوی پرسیارە. پرسیار لە ژیان، پرسیار لە چارەنووسێکی ون بوو. پرسیار لە هەموو ئەو شتانەی کە ئاوات و داخوازییەکانی مرۆڤی تێدا پێدەگەن، بەڵام بە ناکامی پێشێل دەبن و هەڵدەوەرن. "دایە گوڵێ"ش دیسان کەسایەتییەکی مەزنە کە تاڕادەیەکی زۆر چەق تەوەری (محوریت) بە ڕووداوە نەپچڕاوەکانی نێو ڕۆمانەکە دەدا. دایە گوڵێ نەمادی هەموو ئەو چەوسانەوە و هەژارییانەیە کە بە درێژایی تەمەنی خۆی بە سەر کەسوکار و لە پێوانەیەکی بەربڵاو و جیاوازتردا بە سەر خاک و نیشتمان و نەتەوەکەیدا هاتوون. دایە گوڵێ ڕەمزی فیداکاری و ژیانە. ڕەمزی بەرپەرچدانەوەی هەموو ئەو بێ کەسییانەیە کە گەمارۆیان داوە، بەڵام هەرگیز نەیانتوانیوە بە چۆکیدا بێنن. نموونەیەکی بەرچاوتر لەو چەشنە، "دایە خەیاڵ" یەکێک لە کەسایەتییە سەرەکییەکانی ڕۆمانی بەرزی زیندەخەو، نووسراوەی فەتاح ئەمیری-یە. وتەکانی دایە خەیاڵ لە ڕۆمانی زیندەخەودا، بێجگە لەوەی لە ڕاستیدا چەشنێک ئوستوورەن، لە ململانێ لەگەڵ وتەکانی ئازادیشدا، نیشان لە چەشنێک ناتەبایی نێوان سوننەت و مودێرنیتەن. شتێکی کە وەک جیاوازی نێوان ئەو دوو چەشنە کەسایەتییە لە دوو ڕۆمانی گوڵی شۆڕان و زیندەخەودا پێویستە باسی لێ بکەم ئەوەیە کە لە گوڵی شۆڕاندا، خاڵە نایەری بەساڵاچوو، بێژەری بەیتی لاس و خەزاڵە، کەچی لە زیندەخەودا، ئەوە مەلی ئەو کچە هەڵکەوتە و ڕوشنبیرەی کوردە کە وەک نوێنەری بەرەی ئەوڕۆی کۆمەڵگای کوردی، بێژەری بەیتی خەج و سیامەند و دەروەست بوون بە جیهانی بەرزی ئەو بەیتەیە. بێجگە لەوە، نووسەری زیندەخەو ناتەباییەکی ئاشقانەی زۆر شاعیرانە و ناسک لە نێوان ئەشقی مەلی بەرانبەر بە ئازاد دەخاتە پێش چاو. دوودڵییەکانی مەلی لە خۆشەویستی ئازاد بەرانبەر بە نەشمیل و فەوزیەی ئامۆزای و ئەشرەف خانمی جیرانی، نموونەیەکی ئاشکران کە لە ڕاستیدا چەشنێک ناتەبایی نێوان سوننەت و مۆدێرنیتەن. ڕۆمانی زیندەخەو پێناسەی پاراستنی سوننەتی بە کەڵک و لەگەڵ ئەوەشدا، هەڵکشان بەرەو دنیای مودێرن و پێشکەوتووە. خەم و ئازار و خولیاکانی مرۆڤی هاوچەرخە کە گەلێک جار بە زمانێکی ڕەشۆک (عامیانە) و بە شێوەی دەربڕینی ئەدەبی فۆلکلۆری، تەنانەت ئوستوورەوێژی، بە ناخی هەقیقەتەکانی ئەم چاخەدا ڕۆدەچێ. لە هەرحاڵدا باس لەوە کرا کە فۆلکلۆر و ئەدەبی زارەکی کوردی، زۆرترین کاریگەریی لە سەر بەرهەمی ئەدەبیاتی نووسراوەیی ئێمە داناوە. هەڵبەت نکوڵی لەوەش ناکرێ کە شاعیر و نووسەری کورد لەگەڵ دروستبوونی فەهمی ئەدەبی کوردیدا، کاریگەریی زۆری لە ئەدەبیاتی وڵاتانی فارس و تورک و عەرەب، بە تایبەت و لە وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە گشتی وەرگرتووە. بۆ نموونە شاعیرانی کلاسیکی کوردی وەک خانی و مەلای جزیری و نالی و سالم و کوردی و... بە شوێن وەرگرتن لە ئەدەبی عەرەبی و فارسی و... شیعریان گوتووە، یان گۆران شاعیری نوێخوازی کورد، بە وەرگێڕانی هەندێک لە ئاسەواری شیعری فارسی و تورکی و عەرەبی و ناسیاری لەگەڵ ئەدەبیاتی ئینگلیزی، شیعری کوردی نوێ کردەوە. مامۆستا حەسەنی قزڵجیش وەک پێشڕەوی ئەدەبی چیرۆکنووسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و وەک هەر نووسەرێکی تری کورد، وێڕای ئەوەی لە ئەدەبی فۆلکلۆر و زارەکی کوردی بێ بەهرە نەبووە، بۆ پێکهاتەی هونەری چیرۆکەکانیشی کەڵکی لە ئەدەبی بیانی وەرگرتووە. وەک دەزانین مامۆستا قزڵجی وەک ئەندامێکی کۆمەڵەی ژ.ک، چالاکێکی فەرهەنگی و سیاسی ئەو بزووتنەوەیە بووە و لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، لە ڕۆژنامە و گۆڤاری ئەو وەخت وەک کوردستان و هەڵاڵە و... چالاکی بەرچاوی لە بواری ڕۆژنامەنووسی و فەرهەنگی لە خۆی نیشان داوە.

دەیجا سروشتییە کەسایەتییەکی وەها ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووس، لە مەڕ سەرجەم ئاسەواری چیرۆکنووسانی گەورەی فارس وەک جەمالزادە ـ ڕچە شکێنی کورتە چیرۆکی فارسی لە ساڵی (١٣٠١)ی هەتاویدا ـ بە تەواوی زانیاری بووبێ، یان بە وتەیەکی تر کاریگەریی لە ئاسەواری ئەو نووسەرە و بەرەی نووسەرانی دوای ئەو وەک سادق هیدایەت، عەلەوی، چووبەک، ئالی ئەحمەد، ئەحمەد مەحموود و... وەرگرتبێ، یان بە هۆی ئەوەی کە قزڵجی ماوەیەکی زۆر پەرەوازەی بەغدا بووە، دوور نییە لەگەڵ چیرۆکنووسانی گەورەی جیهانی عەرەب وەک مەحموود تەیموور (١٩٧٣ - ١٨٩٤) ڕچەشکێنی میسری کورتە چیرۆکی عەرەبی، یان مەحموود تاهیر لاشین و دواتر بەرەی نووسەرانی دوایی میسری وەک

یەحیا حەقی و نەجیب مەحفووز کە ئەو بەرەیە زۆرتر بە سەبکی ریالیزم دەنووسن، هەروەها عەباس مەحموود عەقاد و تەها حوسێن وەک نوێنەرانی سەبکی رۆمانتیک، ئاشنا بووبێ، یان تەنانەت لە خودی بەغدا، کورتە چیرۆک نووسانێکی وەک ئەنوەر شائوول، مەحموود ئەحمەد سەیید، زوننون ئەیووب، جبرا ئیبراهیم جبرا کە لە بنەڕەتدا نووسەرێکی پەرەوازەی فەلەستینییە، هەروەها لە لبنان تەوفیق یووسف عەوواد، میخائیل نەعیمە و... هەرکام خاوەن بەرهەمی جیاوازی کورتە چیرۆکن کە گومانی ئەوە دەکرێ حەسەنی قزڵجی کەم، یان زۆر ئەو بەرهەمانەی خوێندبێتەوە و لانی کەم لە داڕشتنی کەشوهەوا و پێکهاتەی چیرۆکەکانیدا، کەڵک و کاریگەری لێ وەرگرتبێتن. لە هەر حاڵدا کاریگەریی وەرگرتن، یان شوێن دانان لە ئەدەبیاتدا، شتێکی بەتەواوی سروشتییە و هیچ نەتەوەیەک نابینین کە کاریگەریی لە ئەدەبی نەتەوەکانی تر وەرنەگرتبێ، یان بە پێچەوانە شوێنی لەسەر ئەدەبی وڵاتانی دیکە دانەنابێ. حەسەنی قزڵجی چیرۆکنووسی مەزن و پایەبەرز، لەو بلیمەتە ئەدەبییانەی گەلی کوردە کە دەکرێ بڵێین سەرچاوەی کورتە چیرۆکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و زۆرترین کاریگەری لەسەر نەوەی دوای خۆی داناوە. ئەگەر لە هەق لانەدەین چیرۆکەکانی قزڵجی ئێستاش بنەمای خەسارناسی ئازارەکانی کۆمەڵگای کوردین کە دەسەلمێنێ نووسەر بە ڕوانگەیەکی تەواو کۆمەڵناسانەوە، چۆتە ناخی تانوپۆی دەردەکانی کۆمەڵگاوە. ڕێمۆند کارویر (چیرۆکنووسی ئەمریکایی) دەڵێ: «هەر نووسەرێکی مەزن، یان تەنانەت هەر نووسەرێکی باش، جیهان بە پێی تایبەتمەندییەکانی خۆی دەسازێنێتەوە.» بێ گومان تایبەتمەندییەکانی "پێکەنینی گەدا"، تایبەتمەندییەکانی خودی ژیانی حەسەنی قزڵجین، یان بە وتەیەکی تر کەشوهەوای چیرۆکەکانی پێکەنینی گەدا لە ژیانی ڕاستەقینەی خودی نووسەر جودا نین. قزڵجی لە زۆربەی دەستپێک (opening)ی چیرۆکەکانیدا زۆر بە هێمنی، بەردەنگ دەباتە نێو ڕووداوی چیرۆکەکانییەوە. بە چەشنێک کە خوێنەر لە سەرجەم دەستپێکەکانی پێکەنینی گەدا-دا هەست بە جۆرێک دیالۆگ لەگەڵ نووسەردا دەکات. سەرنج بدەنە ئەم دەستپێکانە لە پێکەنینی گەدا-دا: «بێ گومان پێت سەیرە، ڕەنگە لات وابێ هێلکە لەسەر واتەی خۆی نییە، یان هادی خان وەک جادووگەر هێلکەی کردووە...» یان: «دیسان ئەو ڕۆژەش بردبوویانە بێگار، مەودایان پێ نەدابوو. هەر لە تاوکەوتنەوە تا ئێوارە، بە درێژایی ڕۆژگاری بەهار ڕەتاندبوویان. کابرای گزیر سەری زمان و بنی زمانی جنێو بوو. زمانی دەتگوت چەقەنەی ئاشە پەیتا پەیتا دەینەڕاند و دەیگوڕاند...» یان: «ساڵێک لە ساڵان دێوی قات و قڕی و گرانی، باڵی ڕەشی بەسەر ناوچەی ژاوەرۆدا کێشا» و... وێڕای ئەوەی سەرجەمی ئەو دەستپێکانە لە ڕاستیدا ڕستەیەکی خەبەرین، زمانێکی ئەدەبی - تەنزاویشان بەسەردا زاڵە کە پیشاندەری توانایی نووسەر لە داڕشتنی سەرەتایی بابەتی چیرۆکن. هەڵبەت تەنز هەوێنی سەرەکی زۆربەی زۆری چیرۆکەکانی پێکەنینی گەدا-یە. دواتر حەسەنی قزڵجی لە چیرۆکەکانیدا و هەرکام بە چەشنێک، بە هێنانی ڕستەیەکی خەیاڵی (پێکەنینی گەدا)، وەسفی (عادەتی بازاڕ - بیهێنە، ئەمما ناوی مەبە و...) دیالۆگ (کەشکۆڵی جادوویی)، پرسیاری (شەهیدی زوڵمە، کفن و شۆردنی ناوێ و...) بابەتی کورتە چیرۆکەکەی درێژە پێدەدا، تەنانەت هەندێک ئیبهام و پرسیاری جۆراوجۆر لە زەینی خوێنەردا دەئەفرێنێ کە خوێنەر خۆی دەبێ بە وەڵامی سەرجەمی ئەو پرسیارانە بگات. جا چ پرسیار لە مرۆڤ، فەلسەفەی ژیان، ستەمی ئاشکرا، چارە نووس و هەر پرسیارێکی تر بێ. هیچ کام لە چیرۆکەکانی پێکەنینی گەدا لە ڕوانگەی بابەتەوە، بە بێ لووتکە (نقطه اوج) نین و بێ گومان چاوی هیچ خوێنەرێکی وردبین لەو لووتکە ئەدەبییە بەرزانە، خافڵ نابێ. پێکەنینی گەدا بەگشتی ناسنامەی نەتەوەیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە لە ئەدەبی چیرۆکنووسیی کوردیدا جێی شانازی نەتەوایەتییە و تاقانە یادگارەکەی حەسەنی قزڵجی، دوای تێپەڕبوونی پتر لە نیو سەدە بە سەر مێژووی نووسینیدا، ئێستاش ئاوێنەیەکی باڵانوێن لە فەرهەنگی نەتەوەیی و مرۆڤی ڕۆژگاری ئێمەیە.


# ڕەهەندە هەمەڕەنگییەکانی فەلسەفەی مێژوو

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)
(٢ - ٢)

**رابەر و داهێنەرانی فەلسەفەی مێژوو**

بەتەواوەتی ساغ نەبۆتەوە و بە لایەکدا نەخراوە کەی و لە چ سەردەمێکدا بابەتی فەلسەفەی مێژوو پەیدا بووە، هەروەها ڕوون نەکراوەتەوە چ هزرمەندێک داهێنەر و ڕابەرەکەیەتی.

ئەوی دەکرێ لێرەدا بگوترێ، لەلایەن سیاسەتمەدار و فەیلەسووفانەوە چ هۆکارێک بووەتە مایەی بایەخدان بەو کەرەسەیە. بایەخدانەکە بە تایبەتی لە دوای ڕینێسانسەوە سەری هەڵداوە. لەو قۆناغەدا لاهووت لەبەردەم فەلسەفە و زانستی ئەو سەردەمەدا پاشەکشەی کردووە. سنووری جوگرافی ئەوسای ئەوروپای مەسیحی فراوانتر بووە. داهێنانەکان، دۆزینەوە جوگرافی و گەشتوگوزارەکان، ئاسۆی وردبوونەوە و ڕامانی هزرمەندانی ئەوسای فراوانتر کردووە، بۆیان دەرکەوتووە کە جگە لە ئەوروپاییەکان وڵات و نەتەوەی دیکە هەن ئایین و کولتوور و شارستانیەت و مێژووی تایبەتی خۆیانیان هەیە. لایەنە ئابوورییەکەش لەخۆیدا ڕۆڵێکی بەرچاوی لێرەدا گێڕاوە. بایەخدان بە کاروباری دنیا و ژیانی ڕۆژانە و مرۆڤ، سەرئاوکەوتنی کێشەی بەڕێوەبردن و فەرمانڕەوایی و ورووژانی هەستی نەتەوەیی و دەرهێنانی جڵەوی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات و میرنشین و دەوڵەتان لەژێر دەستی پیاوانی کڵێسە گەرموگوڕییەکی بە بەر بابەتی فەلسەفەی مێژوودا کردووە. ئیتر لەو باوەڕەیە لە بەرهەمی هزرمەنداندا چەند بیروبۆچوون و قسە و ڕای جۆراوجۆری جیاواز بەپێی قۆناغ و هەلومەرجی سەردەمی خۆیان بەرچاو دەکەون و سەرنج ڕادەکێشن. ئەو بۆچوونانە جگە لەوەی نەیانتوانیوە خۆیان لەژێر باری سەختی ئایین و لاهووتەکە بهێننە دەرەوە جۆرە ناڕوونی و فرە ڕەنگییەکی نیشانەی



**ماکیاڤیلی**

بێ پێزیبیان پێوە دیارە. بێ گومان ئەمەش بەرجەستەکردنی ئاستی پەرەسەندنی کۆمەڵگا و زانست و فەلسەفەی ئەو سەردەمەی دەربڕیوە. لەو بابەتانەدا هەوڵ دراوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە:

– ئایا مێژوو بەگشتی، مێژووی کولتوور و شارستانیەت و فەرهەنگی گەل و میللەتان بێ، بەبێ جیاوازی ئایین و زمان و ڕەگەز، یان هی سەرکردە و گەورە پیاوانی ئایین و میر و شا و مەلیکەکانە؟!. لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەدا هەندێک بەلای سیاسەت و ئەوانی دیکە بەلای فەلسەفەیاندا شکاندووەتەوە.

ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەی بەلای کولتوور و شارستانیەتدا بردووە، چۆتە نێو خانەی فەلسەفەوە، ئەوەی گوتوویەتی، مێژوو لە مێژووی ڕابەر و داهێنەرە ئایینی، سیاسی، سەربازییەکان بەولاوە نەبووە، بەلای سیاسەتدا شکاندوویەتی، وەڵامەکە بە هەر لایەکدا بچێ، کولتوور بەبێ کەسانی ڕابەری سەردەمی خۆیان خەتوخاڵ نادات و تاکە کەسانیش لەنێو منداڵدانی ئەو کولتوورەدا گۆش کراون و پێگەیشتوون. جیاکردنەوەی لایەنێک لەوی تر هاوکێشەکە لاسەنگ دەکات و لایەنێکی گرینگ لەو ڕۆڵە گرینگ و سەرەکییەی گێڕاویەتی بێ ماف و بێ بەش دەکات.

ئەو بۆچوونە لەو ڕاستییە کاڵ ناکاتەوە کە قۆناغەکانی پەرەسەندنی مێژوو لە ناوەڕۆک و ڕوخساردا لە یەکتری جیاوازن و ئەو جیاوازییەش:

– کارەکتەر و سروشتی تایبەتی ئەو قۆناغەی دیار و دەستنیشان کردووە و لەچاو پێش و دوای خۆی ڕۆڵی سەردەمی خۆی بەپێی ئەو هەلومەرجە ڕەنگ ڕشتووە و ئامرازی گەیشتن بە ئامانجە هەوڵ بۆ دراوەکەی داوەتە دەست.

– لایەکی بەهەند دانراوە و لای تەرازووی هاوکێشەکانی بەلادا لاسەنگ کردووە. ئەگەر لە قۆناغێکدا تاکەکەس، ڕابەری سیاسی، سەربازیی، سەرکردەی لەشکر بووبێ، ڕۆڵی بەرچاوی هەبووبێ، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا لە سێبەری ڕێژیمی فەرمانڕەوایی هەردوو ئایینە جیهانییەکەدا (مەسیحی و ئیسلام) کولتووری ئایین بە هەموو فرەڕەنگییەکەیەوە بەشی شێری بەرکەوتووە و هەڵسووڕێنەری چەرخ و ڕەوڕەوەی مەکینەی پرۆسەی مێژوو بووە، تەنانەت ئەگەر سەرکردەیەک، ڕابەرێک دەرکەوتبێ و سنووری ئاسایی لە ئارادابووی هەڵکەوتی بەشێوەیەک لە شێوەکان بەزاندبێ، ئەوە هەر لە چوارچێوەی ئەو کولتوورە ئایینییە گۆش کراوە و پێگەیشتووە، خۆ ئەگەر دروشمەکەشی لەگەڵ ئایینەکە بە تەواوەتی نەهاتبێتەوە، خۆشی لە سێبەر و لە سایەی ئایینەکەدا کاری کردووە سوودی لە هێز و دەسەڵاتی ئایینەکە خۆی پێ براوە.

## نیکۆلای ماکیاڤیلی

١- لە ناوچەی فلۆڕەنسەی ئیتاڵیا لە دایک بووە (١٤٦٧- ١٥٢٧ز)، لە هەلومەرجێکدا ژیاوە بە تەواوی کولتووری درێژخایەنی سەدەکانی ناوەڕاست دەستبەرداری هێز و توانای خۆی نەبووە، کولتووری نوێ، کە بەهۆی ڕێنێسانسەوە سەرەتاتکەی کردووە، بە تەواوەتی جێگیر نەبووە. ئەو ڕەوشە بەشێوەیەکی بەرچاو لە بەرهەمی هزرمەندانی ئەو قۆناغەدا دەرکەوتووە، بە تایبەتی لە بەرهەمەکانی ماکیاڤیلیدا بە ڕەخنەگرێکی ئەو سەردەمە دانراوە. ماکیاڤیلی Niccolo Machaivelli دیپلومات و سیاسەتمەداری سەردەمی خۆی بووە، چەند بەرهەمی بڵاوکردۆتەوە کە دەچنە نێو خانەی سیاسەت، فەلسەفەی سیاسییەوە، شاکاری (میر) ئەو بۆچوونە پشت ڕاست دەکاتەوە. جگە لەوە بیروبۆچوونەکانی ئەگەرچی لە کاڵای ڕێوشوێن و ڕاسپاردە و ئامۆژگاری سیاسیدا دێنە بەرچاو دەکرێ وەک بابەتێکی فەلسەفەی مێژوو سەرنج بدرێن.

شاکاری میر لە ٢٦ بەش پێکهاتووە، لە هەر بەشەدا بیرۆکەیەک، بۆچوونێکی خستۆتە بەرچاو. گوایە تێزی دکتۆرای دیکتاتۆری ئیتالیا بینیتۆ مۆسولینی بووە، پێشەکییەکی پوخت و چڕوپڕی بۆ نووسیوە.

لە سەرەتادا ماکیاڤیلی وای بۆچووە کە ئەو ڕێژیمانەی جڵەوی فرمانڕەوایی و دەسەڵاتیان لە کۆمەڵگادا بەدەست بووە دوو جۆر بوون:

- شێوەی کۆماری.
- شێوەی پاشایەتی (مەلیک) (٢٨)

هەندێک جار ڕیژێمی پاشایەتی دەبێتە مایەی دیکتاتۆری و زۆر و جەور و داد پێ شێل دەکرێ، ئاژاوە دەکەوێتەوە و جۆرە شۆڕش و یاخی بوونێک بەرپا دەبێ و لە شوێنی ئەو ڕیژێمە ڕیژێمێکی فەرمانڕەوایی ئەریستۆکراتی Aristokratie دێتە کایەوە، بەڵام ڕابەرانی ئەو جۆرە ڕیژێمە توانای تەواوەتی و ڕێکوپێکی بەڕێوەبردن و فەرمانڕەوایی کردنیان نییە بۆیە تاقمێکی کەم لەژێر ناوونیشانی شایەتیدا جڵەوی دەوڵەت دەگرنە دەست، کەچی ئەوانیش بە مەرەی هەمان چارەنووس دەچن و بە ناچاری دەبێ دیموکراتیەت جێگیر ببێ، ئەو دیموکراتییەتە لەلای خۆیەوە لەوانی تر باشتر نابێ و بەرەڵایی و بێ سەروبەری و ئاژاوە بڵاودەبێتەوە، بۆیە باشتر وایە، بۆ ڕزگارکردنی میللەت لەو بێ سەروبەری و ئاژاوەیە، پاشایەکی گورجوگۆڵ و توندڕەو بڕیاردەر، بە لایەکدا خەر، بە دەسەڵات هەیە. ڕاستە کۆماری و شایەتی دوو ڕیژێمی لە یەکتری جیاوازن، لە کۆماریدا یەکسانی دەستەبەر دەبێ و لە سایەی فەرمانڕەوایی پاشایەتیدا یەکسانی نییە (٢٩)، بەردەوام گەندەڵی و بێ دادی و ئاژاوە بڵاودەبنەوە، بۆیە دەبێ میر کە دەسەڵاتی دەوڵەت و کۆمەڵگا بگرێتە دەست، پابەندی چەند ڕێسا و بنەمایەک بێت، پەیرەوی سیاسەتێکی ڕەنگ بۆڕێژراو بکات، سەرەڕای ئەوەی کە دەبێ چەند خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی کەسێتی تێدا بێت ڕێگایەکی دیار و دەستنیشانکراوی بەچەند بنەمایەک پشت ئەستوور بگرێتەبەر.

٢- میر ئەگەر بیەوێ سەرکەوتووبێ، ئەگەرچی سەرکەوتن لە ژیانی کاروباری بەڕێوەبردنی سیاسی دەوڵەت و کۆمەڵگادا بە هەردوو بنەمای (توانا و لێهاتوویی و شایستەیی) و (چانسەوە) بەندە، ئەوە ئەو خاڵە بنەمایانە یارمەتیدەر و دەستەبەری سەرکەوتن و درێژەدان بە تەمەنی دەسەڵاتەکەی دەدەن.

- میر دەبێ، لە ژیانی ڕۆژانەی جێبەجێ کردنی ئەرکی سەر شانیدا هەردوو تایبەتمەندی:

- شێر و ڕێوی (٣٠) تێدابێ، لە هەندێ ڕەوش و دۆخدا وەک شێر لە هیچ شتێک نەپرینگێتەوە و نەسڵەمێتەوە و دەست نەپارێزێ و سڵ نەکاتەوە! لە کایە و هەڵوێستی تردا دەبێ پەنا بەرێتە بەر فێڵ و چاوبەستەکێ!. بەپێی پێویست و ئەوەندەی کاروباری دەسەڵات و هەلومەرجەکە هەڵدەگرێ چاکەکار و بەدکار بێ.

شێر شارەزای تەڵە و داو نییە و دوور نییە بە سووک و ئاسانی بکەوێتە داوی ناحەز و ڕکەبەرانییەوە، بەڵام ڕێوی لەبەر فێڵبازییەکەی بە سڵ و پارێزە و بەسووک و ئاسانی ناکەوێتە نێو تەڵە و داوەوە، بەڵام ناتوانێ ڕووبەڕووی گورگ بێتەوە، بۆیە پێویستە میر، کارمەندی گەورەی دەوڵەت، پاشا، فێڵبازیی ڕێوی تێدابێ بۆ ئەوەی نەکەوێتە نێو ئەو تەڵە و داوەی بۆی دەنرێتەوە و لە هەندێک کرداریشیدا شێر بێ بۆ ئەوەی گورگەکان لێی بتۆقن و ناحەزانی بڕەوێنێتەوە، هەر بۆیە تەنیا لە کاتی پێویستدا و بەپێی پێویست کە ڕەوشەکە بیەوێ و هەڵبگرێ بەڵێن و گفتەکانی بهێنێتەدی و لە کایە و دۆخی تردا پاشگەز بێتەوە (٣١)، سپڵەیی و بێ سفەتی لەکاتی خۆیدا پێویستە و دەبێ هەبێ. قسەی سەر زمان و کردار لە ڕەوشی خۆیدا دەبێ لە یەکتری جیاواز بن. بەڵێنی شتێک بە قسە بدەی و بە کردەوە شتێکی دیکە بکەی، بەڵام ڕەوشێک، هەلومەرجێک بڕەخسێنرێ وا هەست بکرێت کە کردارەکە لەو بارودۆخەدا بەرجەستەی ئەو بەڵێنە دەکات کە دراوە.

٣- زەبروزەنگ و زۆر و جەوری سنووربەزێن و لە ڕادەبەدەر لەکاتی خۆیدا نەک هەر گرینگە، بەڵکو ڕەوشەکە خۆی دەیکات بە ناچاری:

ئەگەر میر دەڤەرێک داگیر بکات، یان میللەتی خۆی لێی هەڵبگەڕێنەوە نابێ بەهیچ جۆرێک بیر لە نەرمونیانی و بەزەیی بکاتەوە. چەندە لە دەستی بێ دەبێ ئەوەندە توندوتیژ و بەزەبروزەنگ بێ. لێرەدا دوو ڕێگای لەبەردەمدایە و دەبێ یەکێکیان پەیڕەو بکات، چونکە دوو ئەنجامی لە یەکتری جیاوازیان لێدەکەوێتەوە:

- بەزەیی پێیاندا بێتەوە و نەرمونیان بێ. ئەوکاتە خەڵکەکە پتر یاخی دەبن و تۆڵەی لێدەستێننەوە.

– یان بێ زەییـــانە دەســـتی جـــەرگـــبـــڕیان لێ بوەشێنێ(٣٢) و تەفروتونایان بکات، چونکە قڕکردن و لەناوبردنی بە کۆمەڵ خەڵک دەتۆقێنێ و نەدەتوانن و نە بیر لە تۆڵەکردنەوە دەکەنەوە.

میر ئەرکی گەورە و گرانی لەسەر شانە، لەو ئەرکەیدا بەرانبەر بە خۆی و گەلەکەی و مێژوو ئۆباڵی ئەنجامی کارەکانی دەکەوێتە ئەستۆ. دەبێ بەوپەڕی ئامادەیی و بێ پەروا بچێتە ژێر ئەو بارەوە کە ئەو ڕەوشە مێژووییە خستوویەتییە سەرشانی، بۆیە ئەو دەبێ لە هەڵبژاردنی ئامرازی گەیشتنە ئەو ئامانجانەی هەوڵیان بۆ دەدات سڵ نەکاتەوە. گەیشتنە ئامانج پێویستی بە پەیڕەوکردنی ڕێسا و بنەما و گرتنەبەری ڕێگا و بەکارهێنانی ئامرازی دیار و دەستنیشانکراو هەیە. دوور نییە هەندێک ئامراز ڕەوا نەبن، بەڵام ئەو ناڕەوا و ناشایستەیە ئەوە کاڵ ناکاتەوە کە دەبێ ئامانجەکان پێیان بگەیشترێ و ناچار دەبێ ئەو ئامـــرازانە پەنایان بۆ ببـــردرێ، چونکە بێ چەندوچۆن، ئامانج ئامراز ڕەوا دەکات!

– پاشا، میر، لە ژیانی دەستبەکاربوون و دەسەڵاتیدا، یان دەبێ خۆشەویست بێ و میللەتەکەی خۆشیان بوێ و ڕێزی لێ بگرن، یان دەبێ خەڵک لێی بترسن و چاوەڕێی سزا و ئازاردانی لێ بکەن.

٤– خۆشەویستی کاتێک لە ئارادا دەبێ کە سوود و قازانجی لەگەڵدا بێت. میللەت خۆشی دەوێ ئەگەر سوود و قازانجت پێ گەیاند. ئەگەر ئەو سوود و قازانجە بەردەوام نەبوو خۆشویستنەکەش نامێنێ. ئەو میرەی سوود و قازانج بە گەل و دەست و پێوەندەکانی دەگەیەنێ و لە بەرانبەریدا خەڵک خۆشیان دەوێ، دەبێ چاوەڕێی ئەوە بێ ڕۆژێک لە ڕۆژان لێی هەڵدەگەڕێنەوە، چونکە ناکرێ و لە توانادا نییە ئەو سوود پێ گەیاندنە هەتا سەر بەردەوام بێ. بە پێچەوانەوە، ترس دەستەبەری ملکەچی کۆمەڵانی خەڵک و دەست و پێوەندەکان دەبێ، چونکە ئەو خەڵکە دەترسن و هەمیشە چاوەڕێی سزادان دەکەن. ترسیش بەردەوام دەبێ، بۆیە میرێک خەڵک لێی بترسێ باشترە لەوەی بەهۆی سوود و قازانجەکەیەوە خۆشەویست بێ!!

– هیچ کەسێک لە ژیاندا دۆستی هەمیشەیی نییە، دۆستایەتی هەمیشەیی بە سوود و قازانجەوە بەندە. هەر کاتێک بەرژەوەندی لە ئارادابوو لەلای خۆیەوە چاوەڕێی دۆستایەتی دەکرێت، بۆیە مرۆڤ کە کاری بەڕێوەبردنی دەوڵەتی بەدەست بوو، نابێ چاوەڕێی دۆســتــایەتی هەمیشەیی و بەردەوام بکات، بەڵکو دەبێ ئەوەی لەبیر بێ چۆن و لە کوێ سوود و قازانج هەیە!

– لەو ڕۆژەوە کـــۆمـــەڵگا و دەوڵەت پەیدا بوون، ململانێ و ڕکەبەری لەنێوان میللەت و گەورە پیاوانی دەوڵەتدا هەبووە و هەیە. گـــەل چاوی لە ئاســـایش و ئاسوودەیی و ئارامییە. گەورە پیاوان چاویان بڕیوەتە کـۆنتـرۆڵکردن و دەسـەڵات و هێـز و توانا. ڕاسـتـە سەرکەوتنی سەرۆک، میر، سەرکردە، بە دوو خاڵەوە بەندە: توانا و لێهاتوویی لەگەڵ شانس و ناوچاوان، بەڵام لەگەڵ ئەو ڕەوشـەدا دەبێ لەلایەن پیاوە گـەورە کاربەدەستانەوە، لەلایەن میر و سەرکردەکانەوە ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگیرێ:

بۆ گـەیشـتنە نیـاز و مـرازی، دەبێ مـیـر لە کـاتی پێـویسـتـدا دەسـتـبـەرداری نزیکتـرین و بە ئەمـەک و وەفـاترین کـەسێک ببێ. هەمـوو مـیـرێک، شـایەک، کۆمەڵێک کاربەدەست و فەرمانبەری لەبەردەستدایە و دەکرێ بە پردی پێوەندی نێوان پاشا و میللەت دابنرێن. مـیـری سـەرکـەوتوو ئەو کـەسـەیە کـە لە کـاتی خـۆیدا دەستبەرداری ئەو کاربەدەستانەی دەوروبەری بێت و بۆ هێـورکـردنەوەی هەڵچـوون و تووڕەبوونی هاووڵاتیـان لەناویان بەرێ و لە سـێدارەیان بدات ئاسـاییـە! ئینجـا ئۆباڵی بەدکاریی و بێ دادی و گەندەڵییەکەشیان بخاتە ئەسـتـۆ و خـۆی وەک بەرزەکی بانان لە تەنگژەکە قـوتار بێ.

مـاکیـاڤیلی بنەمـاکاری ئاکار و ڕێسـاکانی سیاسەتی خسـتـۆتە نێـو دوو تای تەرازووەوە و تای تەرازووەکەی بەلای سیاسەتدا لاسەنگ کردووە. لە سەرەتادا لایەک لە ئایینی مـەسـیـحی دەکـاتەوە و لەگەڵ ڕەوشی سـەردەمی پێشتردا بەراوردی دەکات و وای دادەنێ پێشینان شەیدا و سەرگەرمی پارە و پووڵ و سامان وماڵی دنیا و لەش ساغی بوون، ئایینەکەشیان بە چاوێک تەماشای سەرکردە و پاڵەوان و یاسـادانەرەکـانی کـردووە کـە پیـرۆزن و خەسڵەتێکی خواوەندێتیان هەیە، کەچی مەسیحییەت بە پێچەوانەوە دنیا و ژیانی سەر زەوی لەبەر چاوی مرۆڤان سووک دەکات و داوایان لێ دەکات و هانیان دەدا پشت بکەنە خێر و خۆشییەکانی ژیان و پارەوپووڵ و ماڵ و سـامـانی دنیـا بخـەنە لاوە. ئەو ئایینە تەنیـا هەر بۆ مـیللەت دەست دەدات و ئاکـارەکـەشی هەروایە، چونکە

دەبێ میللەت گوێڕایەڵ و ملکەچ بێت(٣٣)، کاروباری ڕابەری و سەرکردایەتی کردنیش بۆ سەرکردە خورت و دەستڕۆیشتوو و ئازاکان دەمێنێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، ژیان خۆی چۆنە و چۆن بە ئاسایی بەڕێوەدەچێ، جیاوازە لەوەی مرۆڤ پێویستە چۆن بژی و ژیان چۆن بێ و چۆن بەڕێوە بچێ، ئەوی دەستبەرداری شێواز و جۆری یەکەمیان ببێ و دەست بە دامێنی دووەمیانەوە بگرێ لەناودەچێ، مرۆڤ ئەگەر بیەوێ چاکەخواز و پیاوچاک بێ، دووچاری خەم و پەژارە دەبێ و لە ناودەچێ کاتێک خۆی لەنێو ئەو خەڵکە بەدکارانەدا دەبینێ، بۆیە هەر سەرکردەیەک، هەر میرێک بیەوێ درێژە بە ژیان و دەسەڵاتی خۆی بدات، دەبێ بزانێ چۆن لەچاکەکاری خۆی بەدوور(٣٤) دەگرێ و بەپێی پێویست ئەو زانینەی بەکاربهێنێ و لە کاتی خۆیدا ئەو هەڵوێستی دوورکەوتنەوە، یان پابەندبوون بەچاکەکاری بنوێنێ. میر جگە لەوانە کە خۆی سەرکردەی یەکەمی وڵاتەکەیەتی، دەبێ ڕێگای شیاوی پاراستنی وڵات و سەربەخۆیی نەتەوە لەناوەوەدا و دەسەڵات و دەست ڕۆیشتوو بێ لە دەرەوە، بۆیە دەبێ لە چاکەکاریی دوور بکەوێتەوە و پشت بکاتە بنەماکانی ئاکار، چونکە ئەو ئەرکەی پێی سپێردراوە، دەبێتە مایەی ئەو دەستبەرداربییە. هەندێ کردار و بڕیار وا دێنە بەرچاو کە چاکەکاری بن، کەچی کە مرۆڤ کردنی لە ناودەچێ. بە هەمان شێواز شتی تر هەیە لە بەدکاری دەچن، یان وەها دێنە بەرچاو، ئەگەر پەیڕەوکران، بە پێچەوانەوە دەبنە مایەی بەختەوەری و دڵنیایی و ئاسوودەییان لێ دەکەوێتەوە(٣٥).

٥- ماکیاڤیلی دیاردەیەکی کاریگەر و سەرنج ڕاکێشی سەردەمی خۆی بووە کە لەسەرچاوەکاندا بە سەردەم و قۆناغی ڕێنێسانس ناسراوە، ئەگەرچی زۆربەی بابەتی جیهاندیدەکەی بوون بە بەشێکی مێژوو، لە چوارچێوەی جیهاندیدی مۆدێرندا جێگایان نابێتەوە، جگە لەوەی هەوڵەکەی لەوە بەولاوە نەبووە کە چەمکە باوەکانی سیاسەت و فەلسەفە و فەلسەفەی مێژوو بە جۆرێکی دیکە پێناسە کردووە کە لەگەڵ ڕەوشی گۆڕانە سەرتاپاگیرەکانی کۆمەڵگای ئەو دەڤەرەی ئیتالیا بێتەوە کە ئەو تێیدا ژیاوە و چالاک و دەستبەکاربووە. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ بگوترێ:

- ئەگەر لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کۆشش کرابێ لاهووت و فەلسەفە لە یەکتری جیا بکرێنەوە و شۆڕشی فەڕەنسای (١٧٨٩ز) بنەمای جیاکردنەوەی سیاسەتی لە ئایین دانابێ، ئەوە ماکیاڤیلی کۆششێکی فەرهادانەی کردووە بۆ ئەوەی بنەما و بنەڕەتەکانی ئاکار لە ڕێسا و بنچینەکانی سیاسەت داببڕێ و لەیەکتریان جیا بکاتەوە. بەلایەوە جێبەجێکردنی سیاسەتێکی سەرکەوتوو لە دەرەوە و ناوەوەی وڵاتدا واپێویست دەکات بیر لە بنەماکانی ئاکار نەکرێتەوە! چونکە پێوەندییەکی ناچاری لەنێوان ئاکار و سیاسەتدا نییە! دوور نییە لێرەدا پرسیارێک بە مێشکدا بێ کە وەڵامەکەی لەگەڵ ئەو هەڵوێستە سەرنج ڕاکێشەی ماکیاڤیلیدا بێتەوە: ئایا هەردوو پێناسەکەی سیاسەت هیچ جۆرە پێوەندییەکی دەستیاوی نێوان سیاسەت و ئاکار دووپات دەکەنەوە؟! ئەو دوو پێناسەیەی سیاسەت کە پتر باون بەو جۆرەن:

- سیاسەت تەکنیک و هونەری بەدی هێنانی ئەوەیە کە شیاوەکییە و لە دەست بێت: Kunst des Moglischen.

- پێناسەی دووەم هی (کارڵ شمیدت)ـە لە شاکاری Der Bagriff Politik داهاتووە کە ساڵی (١٩٣٤ز) بڵاوکراوەتەوە. لەوێدا سیاسەت وا پێناسە کراوە کە بریتییە لە هونەری ناسین و جیاکردنەوەی دۆست لە دوژمن، ئینجا تێکڕای ئەو ئامرازانە دەگرێتەوە کە بۆ دابینکردنی دەسەڵات و کۆنتڕۆڵکردن و پاراستنی بەردەوامی ئەو کۆنترۆڵ و دەسەڵاتە پەنایان دەبرێتە بەر و بەکاردەهێنرێن.

لە هەردووک پێناسەدا ڕۆڵی ئاکار بە ئاشکرا کاڵ کراوەتەوە. ئەگەر کۆمەڵگا لە دوو تاقم و چین پێکهاتبێ، تاقمێک کە دەسەڵاتدارن و تاقمێکیش کۆنتڕۆڵ دەکرێن و لەژێر دەسەڵاتی تاقمی یەکەمدان. بەردەوامکردنی ئەو دەسەڵات و کۆنتڕۆڵە پێویستی بە تەکنیک و ئامرازی دیاریکراو هەیە کە بەدەگمەن نەبێ لەگەڵ بنەماکانی ئاکاردا نایەنەوە، بۆیە سەیر نییە بگوترێ، ئەوی بیەوێ سیاسەتمەدارێکی سەرکەوتوو بێت و پابەندی بنەماکانی ئاکار بێت، لەو دنیا و سەردەمەدا بیانییە!

شان بە شانی هەنگاوی بوێرانەی جیاکردنەوەی ئاکار لە سیاسەت، دروشمی جەنجاڵ ئامێزی فرە کێشە لەسەری «ئامانج ئامراز ڕەوا دەکات»ی ماکیاڤیلی، دەسترەنگینی داهێنەرەکەی دووپات دەکاتەوە.

## ڤیکۆ

گیوڤانی باتیستا ڤیکۆ Vico مێژوونووس و هزرمەند و سیاسەتمەدارێکی گرینگی ئیتاڵییاییە ساڵی (١٦٦٨ز) لە ناپۆلی لەدایک بووە و ساڵی (١٧٤٤ز) کۆچی دوایی کردووە. شارەزاییەکی چاکی لە فەلسەفەی دیکارت و کولتووری سەردەمی خۆی هەبووە.

یەکەم هزرمەندە هەوڵی داوە بنەمای بابەتی فەلسەفەی مێژوو دابنێ لەوەدا کە لە جیاتی ئەوەی مێژوو بە نووسین و شرۆڤەکردنێکی سادە و ساکاری دیاردە و ڕووداوەکان دابنێ، کۆشاوە لەو پێوەندی و قانوونانە بکۆڵێتەوە کە لەنێو ڕووداوەکاندا بەدی دەکرێن و دەبنە مایەی کەوتنەوەیان و چ ئامانجێکی دیاریکراو لە پشت ئەو ڕووداوانە هەیە.

باوەڕی بەوە هەبووە کە لەپشت هەردوو دیاردەی سەرسوڕهێنەری ژیان و مردندا کە یەکەمیان سەرەتا و دەستپێکێکی دڵخۆشکار و ئەوی تریان دڵتەزێنە، مەبەستێکی نادیار و شاراوە هەیە کە پتر بەلای چاکەکاریدا دەچێ و لەخۆیدا جۆرە ڕاستی و ڕاستەقینەیەک بەرجەستە دەکات.

ویستوویەتی ساغی بکاتەوە کە لە ڕەوتی پرۆسەی بەرەوپێشچوونی مێژوودا بەهرەی ڕەببانی کاریگەر و دەستبەکارە(٣٦). ئەو بەهرەیە لە ئامانجی کار و کردار و چالاکی مرۆڤدا خۆی دەنوێنێ و مرۆڤیش هەست بەو بوونە ناکات. ئەو بەهرەیە ئەو بنەما و پاڵنەر و قانوونەیە کە دەبێتە مایەی ئەوەی خەڵک، گەل، میللەت و کولتوور و شارستانیەت و کۆمەڵگا پێک بهێنن و دابمەزرێنن. گەڕان بەدوای ئەو قانوونانە و دۆزینەوەیان ئەرکی سەرەکی فەلسەفەی مێژووە.

– ڕووداوەکانی مێژوو بازنەیی بەدوای یەکتریدا دێن، لەو خاڵەی دەستیان پێکردووە جارێکی دی، بەبێ ئەوەی دووبارەبوونەوە هەبێ، دەگەڕێنەوە سەری و ڕوودەدەن و دەقەومێنەوە.

شارستانیەت و کولتووری مرۆڤ لە چوار دیاردە-بابەت پێکهاتوون کە لە ئەنجامی تێکەڵ بوون و کار لە یەکتری کردنی هۆکاری ماددی و دەرەکی و پێداویستییە سروشتییە زگماکییەکانی خودی مرۆڤەوە کەوتوونەتەوە:

١- ئایین.

٢- هاوسەرگیری (ژن و مێرد و خێزان)

٣- جێگای حەوانەوە و نیشتەجێ بوون.

٤- قانوون و بنەماکانی کشتوکاڵ(٣٧).

بەلای ڤیکۆوە ئایین بنەمایەکی ئەفسانەیی هەیە کە یەکەم هەڵوێستی مرۆڤی سادە و ساکاری لە بەرانبەر دیاردەکانی سروشتدا دیار و دەستنیشان کردووە. ئەو ئەفسانانەی ناوەرۆکەکەیان باسی بابەتی مردن و ژین و بوون و گەردوونی کردووە، بەهۆی گۆڕان و پەرەسەندنی هەلومەرجی دەوروبەر و ژیانەوە جۆرە باوەڕ و پەرستن و پاڕانەوەیەک جێگایان بە ترس و دڵەڕاوکێ لەبەرانبەر دیاردە سروشتییە تەمومژاوییەکاندا لەق کردووە. دەکرێ ئەو جۆرە شرۆڤەکردنەی باوەڕ لەلای ئەو هزرمەندە بە سەرەتای لێکدانەوەی ئەنترۆپۆلۆژی ئایین دابنرێت. ئەو جۆرە شرۆڤەکردن و لێکدانەوەیە ئەگەر بشێ پەسند بکرێت، تەنیا هەر ئەو باوەڕ و ئایینانە دەگرێتەوە کە پتر ناوچەیین و لۆکاڵین و لە بابەتی سرووش (وەحی) و کتێبی ئاسمانی بێ ئاگابوون، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو دیاردەیەش ساغ و پشت ڕاست دەکاتەوە کە سروشتی مرۆڤ لەوکات و ساتەوە هەستی بە بوونی خۆی کردووە و هۆش و ئاگای لە دەوروبەر و سروشتی (نامن) هەبووە، واپێویست بووە، بەپێی توانای هزری و پەی پێ بردنی ئەوسای خۆی و هەلومەرجی لە ئارادابوودا لەچوارچێوەی جیهاندیدێکی لەنێو دەفری نیمچە ئەفسانە داڕێژراودا هەست و نەست و ڕاز و نیاز و مەرام و هەڵوێستی خۆی دەرببڕێ و بنوێنێ، لەبەر ئەوەی ژیری مرۆڤ هەمیشە دەکۆشێ و کۆشاوە ئەنجامی ڕووداوی بیانی و تەمومژاوی و نەزانراو و پێشووتر نەبیستراو بەچەند هۆکارێک کە لە خودی ناخ و سروشتی تایبەتی خۆی دەکەونەوە، لێک بداتەوە و شرۆڤەیان بکات، دوو هەڵوێست بەرانبەر بە (ناخۆی و خۆی) تۆمار کراون:

– هێز و توانا و دەسەڵاتێکی لە ڕادەبەدەر و سنووربەزێنی بە (ناخۆی) بەخشیوە. لەوەدا کە مرۆڤ لە دوو بەش پێکهاتووە، لەش و ناخی دەروون ئەو دوو ڕەنگییەشی کاڵائاسا بە بەر (ناخۆدای) بڕیوە، هەر لە دەوروبەرەوە تاوەکو سروشت و سەرووسروشت.

– بەناوی باوەڕ و ئایینەوە سنوورێکی بۆ کردار و بڕیار و کردەوە و هزری خۆی داناوە، هەندێکیانی بەڕێگادراو (حەڵاڵ – چاکە) و هەندێکی دیکەی بەڕێگانەدراو قەدەغە (بەد- حەرام) داناوە و ناوبردووە. گریمانەکردنی بوونی ئایین خۆی لەخۆیدا سنووردارکردنی بوونی

بوونەوەری مــرۆڤ بووە لە هەمــوو لایەک و بوارەکــانی ژیاندا. ئەوی لێی ترســاوە و بۆی لێک نەدراوەتەوە و دەسەڵاتی بەسەریدا نەشکاوە، پلەوپایەی پیرۆز و سەروو سروشتی پێ بەخشیوە. خۆی لە بەرانبەر رووداو و دیاردە سروشتییەکانی دەروبەردا بەلاواز و بێ هێز و دەسەڵات زانیــوە، بۆیە جــۆرە رەفــتــار و کــردارێکی بەسـەر خــودی خــۆیدا سـەپاندووە، ئەو جــۆرە رەفــتــارە لە چوارچێــوەی ناوبراو بە (باوەڕ) دانراوە، لەدواییـــدا ناوی بابەتی ئاکاری بەسەردا براوە. بنەماکانی ئاکار ئەو رێوشوێن و رێسایانە بوون کە توانا و دەسەڵات و کرداری مرۆڤیان دیار و دەســتنیــشــان کــردووە و رەنگی سنووریان بۆ رشتــووە. ئەوەش لەو سـەردەمـەدا شـتـێکی سروشـتی و ئاسایی بووە، چونکە بەپێی ئەو قۆناغە خواست و هیوا و ئاوات و هەست و نەستی مرۆڤی لە سەرەتادا پتر بوون لە هێز و توانای بەدیهێنان و جێبەجێکردنیان، ئارەزوو و ئامــانجــەکــانیــشی لەو سنوورەیان تێپــەڕاندبوو کــە بتـوانرابایە بەو ئامـرازانەی ئەو کـاتە لەبەردەسـتـدا بوون جێبەجێ کرابانایە.

- بەلای ڤیکۆوە، تا ئەو سەردەمەی ئەو تێیدا ژیاوە، مێژووی شارستانیەتی مرۆڤ بە سێ قۆناغدا تێپەڕیوە و هەر قۆناغەی جگە لەوەی تایبەتمەندی و خەسڵەتی خۆی هەبووە، رێگا خۆشکەری قۆناغی دوای خۆشی بووە. ئەو سێ قــۆناغــە ســروشت و خــەســڵــەتی سێ ســەردەم و میللەتیان بەرجەستە کردووە؛ دووریش نییە نەتەوەیەک بە هەر سێک قـۆناغدا تێپەڕیبێ تاوەکو گەیشتـۆتە ئەو سەردەمەی ئێستای.

**یەکەم:** قـۆناغی ئایین: قـۆناغـێک بـووە رۆڵی سەرەکی خــواوەندەکــان گــێــڕاویانە. لەو ســەردەمــەدا رێژیمی کـاربەدەست لەلایەن پیـاوانی ئایینەوە پیـرۆزییـەکی بە بەردا کـراوە و وا لێکدراوەتەوە گـوایە قـانوون و رێسـا و دابونەریتـەکانی بەهرەو فـرمایـشتی خـواوەند بەرجەسـتـە دەکەن. (رۆژهەڵات ئەو رەوشەی بەرجەستە کردووە)

**دووەم:** قـۆناغی پاڵەوان و گـەورە پیـاوان: کـاروباری دەوڵەت و کۆمەڵگا لەو سەردەمەدا بە دەست سوار چاک و پاڵەوان و جـەنگاوەرانەوە بووە. ئەو قـۆناغـە رێگای دەرکــەوتنی ســوارچاکــانی Kavalier ســەدەکــانی ناوەڕاستی خـۆش کـردووە. (سـەردەمی کـۆنی یۆنان ئەو قۆناغە بووە.)

**سـێـیـەم:** قـۆناغی مـرۆڤـپـەروەریی: بەلای ڤــیـکۆوە مەبەست لە رۆژئاوای ئەوروپایە، کە تێیدا رێبازی مرۆڤ دۆستی دەرکـەوتووە و بیـرۆکـەی یەکسانی مـرۆڤ هاتۆتە کایەوە و رێگای دامەزراندنی بۆ رێژیمی دیموکراتی خـۆش کراوە(٣٨).

- لە قۆناغی یەکەمدا زانین لە چوارچێوەی ئەندێشـەدا خەتوخاڵی داوە، بۆیە شیـعـر بابەتی سـەرەکی کـولتـوور بووە.

لە قــۆناغی دووەمــدا کــۆمــەڵگا بە جــۆرێک پەرەی سەندووە چین و توێژ و دەسـتـەی جۆراوجۆر پەیدابوون، تاقمی خانەدان و هەڵبـژاردەی دەست رۆیشـتـوو و گەورە پیاو و پاڵەوانان لەو سەردەمەدا پێویست بووە دەزگایەک دابهێنرێ دەسەڵاتی خانەدان و موڵک و سامان و ماڵیان بپارێزێ، ئەو دەزگایە دەوڵەت بووە کە ئەرکی دابینکردنی ئارامی و ئاسایشیشی پێ سپێردراوە.

لە قـۆناغی سـێـیـەمـدا گـۆڕان بەسـەر مـرۆڤ و ژیان و کــۆمــەڵگا و رێژیمی فــەرمــانڕەواییــدا دێت. کــۆمــاری دیموکراتی جێگای رێژێمەکانی پێشتر دەگرێتەوە. ئەو سێ قــۆناغــە بەدوای یەکــتــری دادێن و بەشــێــوەی بازنە لە قــۆناغی ســێــیــەمــدا مــرۆڤــایەتی دووچاری هەڵدێر و پاشەکشێ و تێکچوونی بنەمای کولتوور و شارسـتـانی دەبێ و جـــــارێـکی دیـکە مـــــێـــــژوو بە رووداو و قەوماوەکانییەوە لە سەرەتاوە بە شێوازی جۆرە دووبارە بوونەوەیەک دەست پێدەکـاتەوە و بە سێ قـۆناغـەکـەدا تێدەپەڕێتەوە. بەو پێیە بەردەوام دەبێت. خول و سەرەتای دەست پێکردنێکی نوێ و کۆتایی هاتن و ئینجا جارێکی تر لە سەرەتاوە دیسانەوە پرۆسەکە دەست پێدەکاتەوە.

ئەگــەر مــرۆڤ لەو پرۆســەی بەرەو پێــشــچــوونە سێ قۆناغـیـیـەی ڤیکۆ ورد بێـتەوە، دوور نییە پرسـیـارێکی بەبیـردا بێت: دەبێ تا چ رادەیەک ئۆگۆست کـۆنت لە سێ قـۆناغـەکـەیدا و هیـگڵ لە فـەلسـەفـەی مـێـژووەکـەیدا سوودیان لەو هزرمەندە ئیتاڵییایە وەرگرتبێ؟!

### ڤۆلتێر

ئەگەر بێتو فەلسەفەی مێژوو لە روخسار و ناوەرۆکدا وەک بابەتێکی سەربەخۆ تەماشا بکرێت، دەکرێ بگوترێ لە ســەدەی هەژدە- لە قــۆناغی رۆشنگەریدا Aufk-Larung خـەتوخـاڵی داوە. ئەو بابەتە پێـشـتـر پتـر سەرگەرمی شرۆڤەکردنی بابەتی کۆسمۆلۆژی (گەردوون) و داهێنان و پەیدابوونی جـیــهــان و ژیان بووە و رۆڵی

ئایین لە کاروباری دنیادا تاووتو کردووە و دەرخستووە. پەرەسەندنی مێژوو و ڕووداوەکانی وا لێکداوەتەوە بە پابەندی بەهرەی ڕەببانیە و هیچ شتێک ناکرێ و نابێ لەو بەهرە ئاسمانییە- سەروو سروشتییە بێ بەش بێت. بۆچوونێک دەربارەی ژیان لە چوارچێوەی ڕەشبینی و بێ ئومێدیدا ڕەنگڕێژراوە. لەسەردەمی ئادەمەوە باری سەرشان و ئۆباڵی ئەستۆی مرۆڤی سادە گران و سەخت کراوە. وا نیشان دراوە کە ڕزگاربوون لەو تەنگژەیە کە بە میرات بۆ مرۆڤ ماوەتەوە تەنیا بەهۆی ئایین و دامودەزگا و دامەزراوەکانی دەبێ. یەسووعی مەسیح کراوە بەو ناوبژیکارەی ئەو ئەرکەی پێ سپێردراوە، کڵێسەش ڕێکخستنی کاروباری ڕزگاربوونەکەی گرتۆتە ئەستۆ! بۆیە سەیر نییە هەندێک هزرمەند گوتبێتیان، جگە لە جەنگ، ئایین کۆسپی سەرەکی بەرەوپێشچوونی مرۆڤایەتی و کولتوور و شارستانیەت بووە.

فرانسۆ ماری دو ڤۆلتێر (١٦٩٤- ١٧٧٨ز) بە دامەزرێنەر و ڕابەری ڕاستەقینەی بابەتی فەلسەفەی مێژوو دادەنرێ. بە ناحەز و ڕکەبەری سەرسەختی ئایین و کڵێسەی مەسیحی سەردەمی ناوخۆی ناسراوە. لەو باوەڕەدا بووە کە بیرۆکەی بەهرەی ڕەببانی زیانێکی گەورەی لە پرۆسەی پێشکەوتنی سەربەخۆییانەی مێژوو داوە.

ئەگەرچی بەدەگمەن نەبێ ڤۆلتێر نەخراوەتە نێو خانەی فەلسەفە و فەیلەسووفانەوە، بەڵام سەرکەوتووانە توانیویەتی لە بەرهەمەکانیدا پوختە و گیانی بزووتنەوەی ڕۆشنگەریی فەڕەنسایی بەرجەستە بکات(٣٩)، بەوەی کە ڕێبازی ژیرەکی و ڕێبازی ئەزموونی پێکەوە کۆکردۆتەوە و ئاوێتەی یەکتری کردوون و لەپێناوی گۆڕینی ڕەوش و هەلومەرجی ئەوسای ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی وەک ئامرازی ڕەخنەیەکی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە. لەلایەکی دیکەوە بە شاکارە بەپێزە ئەدەبییەکانی، بەو شانۆیانەوە کە نووسیونی بابەتی فەلسەفەی لەنێو خوێنەرانی سەردەمی خۆی خۆش کردووە. ئیتر لەو سۆنگەیەوە لە بەرهەمەکانیدا میتافیزیک، سیاسەت، هونەر، ئایین، فەلسەفە بەگشتی بەدی دەکرێ.

ئەوەندەی پێوەندی بەو بابەتەوە هەیە، جیهاندیدی ڤۆلتێر دەکرێ بە دوو مەڵۆ دابەش بکرێت:

- لایەنێکی نالەبار (نێگەتیڤ) کە بریتییە لە ڕەخنەکردنی توندوتۆڵی ئایین بەگشتی و جوولەکە و مەسیحی بە تایبەتی، ئینجا تاووتوکردنی فەلسەفەی دیکارت و هێرش بردنە سەر بیروبۆچوونەکانی ڕۆسۆ.

- لایەنێکی لەبار (پۆزەتیڤ) لێرەدا بیروبۆچوونی خۆی دەربارەی مێژووی پەرەسەندن و بۆچوونی کولتوور و شارستانیەت و مرۆڤ دەخاتە ڕوو:

بەلای ڤۆلتێرەوە، دوو دیاردە بوونە مایەی بەدبەختی گەلانی ئەورووپا هەردوو دیاردەی ئایینی مەسیحی و جەنگ.

ئایینی مەسیحی بە هەردوو مەزهەب و کڵێسەی کاتۆلیک و پرۆتستانت بەقسە و گوفتار باسی برایەتی و لێبووردەیی دەکەن، کەچی بەکردەوە ڕق و کینە و دووبەرەکی بڵاودەکەنەوە، دەبێ چاوەڕێی چی لە ئایینێک بکرێت کە باوەڕ و (ئیمان) بخاتە سەروو ژیرەوە؟ تێکستەکانی تەوراتی مووسا و ئینجیلی مەسیحی پڕن لە بابەتی ئەوتۆ کە بەهیچ ژیرێک پاساو نادرێنەوە و بە پێچەوانەی زانستەوەن. چۆن دەکرێ تەورات فەرمایشتی ڕەب بێت و بۆ مووسا هاتبێ، کەچی دوای مردنی مووسا تێیدا باسی مردنەکەی بکرێت؟ بۆیە بە دڵنیاییەوە دەگوترێ ئەو دوو کتێبە نە پیرۆزی و سروشتێکی ئاسمانییان هەیە و نە ئەو بایەخە مێژووییەیان پێ براوە کە کڵێسە پێی بەخشیون(٤٠)

لە هەمان کاتدا بەهیچ جۆرێک ئەو قسەیەی دەڵێ تەوراتی جوولەکە مێژووی دروست کردووە بێ بنەمایە. ڕەب بە هیچ جۆرێک دەست لە کاروباری کۆمەڵگا و ژیانی مرۆڤ وەرنادات و لە بەرانبەر یاساکانی سروشتدا بێ خەمە. پرۆسەی گۆڕان و بەرەو پێشچوونی مێژوو بە هیچ جۆرێک پابەندی بەهرەی ڕەببانی نین. مێژوو کەسانێکی سەر زەوی بەپێی سوود و قازانج و پاڵنەری دیار و دەستنیشانکراوی مرۆڤانە دروستیان کردووە.

مێژوو زنجیرەیەکی توندوتۆڵی ئەڵقە بەیەکەوە گرێدراون، ئەوی ئەمڕۆ ڕوودەدات لە ڕووداوێکی ڕابردووە و لە ڕابردوو کەوتۆتەوە و دوارۆژیش هەر لەو دەکەوێتەوە، پێوەندی نەپساوەی سەرمەدی شتەکان پێکەوە بەدرێژایی مێژوو دابڕانیان بەخۆیانەوە نەدیوە و گۆڕانیان بەسەردا نایەت. سروشتیش لەلای خۆیەوە پابەندی چەند قانوونێکە لادان لێیان لە کردن نایەت(٤١). ئەو بڕیارە لەو ڕاستییە ناگۆڕێ و هیچی لێ کەم ناکاتەوە کە مێژوو بریتییە لە پرۆسەیەکی

هەمیشـەیی گۆڕانی فرە ڕەنگ و بەرەوپێش چوون، هیچ شتێک نییە نەگۆڕێ و لە دەستی گۆڕان و قانوونەکانی دەربازی ببێ، بەڵام ئەو گۆڕانانە پاڵنەر و هۆکاری مرۆڤی سروشتیان هەیە و هیچ جۆرە دەست و بەهرەیەکی سەروو سروشت لەو کایەیەدا بوونی نییە.

– لەلایەنی لەباردا، ڤـۆلتـێـر باوەڕی بە پێشکەوتنی بەردەوام و مـاندوونەناسی مـرۆڤـایەتی هەبووە. جـا ئەو پێشکەوتنە ژیریی بێ، یان کۆمەڵایەتی، یان ئایدیۆلۆژی و قانوونی و کولتووری بووبێ بە دوو قۆناغدا تێپەڕیوە:

**یەکەم:** قـۆناغی سـروشـتی، لەو سـەردەمـەدا مـرۆڤی ئاسایی بەپێی دابونەریتی کۆمەڵایەتی سروشتی سادە و سـاکـار ژیاوە، ڕێز لە مـافی مـرۆڤ نـراوە، ئەگـەرچی کـەشـوهەوای ژینگە و دەوروبەر، ڕێژیمی فـەرمـانڕەوا و ئایین کـارێکی بەرچاویان لە داڕشتنی چوارچێوەی هزری مرۆڤ و کولتوور و شارستانیەت کردووە، بەڵام مێژوو بە هەموو مەڵۆ و لایەنەکانییەوە نەسرەوت بەرەوپێش چووە و ئەو بەرەوپێشـچوونە بەپێی فراوان بوونی ئاسۆی ژیری مـرۆڤ و پەرەسـەندنی زانسـتی و هونەری و سیـاسی و ئاکاریی کـە لەگـەڵ پێـداویسـتـیـیـەکانی ژیانی ڕۆژانەدا گونجا بێ بەردەوام بووە(٤٢).

**دووەم:** بەهۆی گۆڕانـە نەپساوەکانی ژیان و پێـوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو کارەی لەسەرجەمی لایەنەکانی کـۆمـەڵگا کـردوویەتی، قـۆناغی دووەم هاتۆتە کـایەوە قـۆنـاغـێک و ڕیـژێمـێـک دانراوە و ڕەنگی ڕێژراوە کـە میللەت خۆی لەسەر بنەمای دروشمی ئازادی و یەکسانی دایمەزراندووە.

بە دوور ناگیـرێ کە لە ڕەوت و چوارچێوەی ئەو پرۆسە فــرەڕەنگیــیـەدا جـۆرە لە ڕێگا لادانێک بێـتــە ئاراوە، جیـاوازی تویژ و چینەکـان، چەوسـاندنەوەی سیـاسی و ئایینی لەگەڵدا بێت، بەڵام مرۆڤ خۆی لەخۆیدا توانای بەلایەکدا خسـتنی ئەو ڕەوشـە نالەبارەی هەیە و دەکـرێ پرۆسەکە ڕەوتی ئاسایی خۆی بگرێتە بەر.

ئەو بۆچوونـانەی ئەنجــامی گــەورە و گــرانیـــان لێکەوتۆتەوە، دەکرێ بگوترێ کە دروشمەکانی شۆڕشی (١٧٨٩ز)ی فەڕەنسا لە شاری پاریس و ئەو گۆڕانانەی بەسەر ڕەوشی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئایینی فەڕەنسا و سەرانسەری ئەوروپای ئەوسادا هێنا، هەر لە لاوازکردنی سستمی دەرەبەگایەتی و دەرکەوتنی گوڵی بەهار و کاروانی چینی سەرمایەداری (کەپیتالیزم) کە سەرتاپای ژیان و دنیای گۆڕی، بەرجەستە بوون.

**شپێنگلەر**

لە سەدەی نۆزدەدا دوای شۆڕشی سەرتاپاگیری فەڕەنسا (١٧٨٩ز) بورجی پیرێژنەی زستـانی قۆناغی فـیـودالیـزم کـــۆچ و کــــۆچبــــاری لێکناوە، بەهاری چینێکی نوێ (سەرمایەداری– کەپیتالیزم) لە ئەوروپا بەدەرکەوتووە.

ئەو چینە نوێیە، دوای شۆڕشی سنعات (پیشەسازی) ئینگلیـز لە سـەدەی حەڤـدە بەدواوە، گـەشەی کـردووە، جێگیر بووە، گۆڕانی ئەوتۆی بەسـەر کۆمەڵگادا هێناوە ئەنجامەکانیان لە دەرکەوتەکانی هەردوو شۆڕشی سنعاتی ئینگلیـز و فـەڕەنسـا ئەگـەر گـەورە و مـەزنتـر نەبووبن، بەهیچ جۆرێک کەمتر نەبوون.

مرۆڤ، کۆمەڵگا بەروبوومی ئەو دوو شۆڕشە و هاتنی چینە نوێیەکەیان لە دوو لاوە چاوەڕێی کردووە:

– بەرپا بوون و هاتنەکایەوەی چەند نەزم و سستمێکی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی کە ڕاز و نیاز و مراز و ئاوات و ئامـانجی لەمـێـژینەی مـرۆڤ بە تاک و بە کـۆ بهێننەدی، هەلومەرجی ژیان خۆش بکات.

– بە شـێـواز و ڕێگای جیـاواز ئازادی و یەکسـانی و دادپەروەریی لەنێوان میللەتدا جێبەجێ و جێگیر بکرێن.

ئەوی هاتۆتە کایەوە و ڕووی داوە تاڕادەیەکی بەرچاو و سـەرنج ڕاکـێش، بە جـۆرێکی دیکە بووە و لەگــەڵ چاوەڕوانکردن و بۆچوونەکاندا نەهاتۆتەوە!

کـۆمـەڵگا بەوە شپـرزە بووە کـە بۆ دوو چین و تـوێژی لەگـەڵ یەکـتـری ناتەبا دابەش بـووە، چینی زۆرینە کـە پرۆلیـــتــێــر ناوبراون و بریتی بوون لەو کـــرێکار و کارگـەرانەی کـە لە فـابریقـە و کـۆمپـانیـا و دامـەزراوە پیشـەسـازیـیـەکاندا کـاریان کردووە و لە هێـزی بازوو و توانای کارکردن بەولاوە شتێکی تریان شک نەبردووە. لە بەرانبـــەر ئەو چینە فـــرە و زۆرینەدا چینی کـــەمــــینە سـەرمـایەداری خـاوەن ئامـرازەکـانی بەرهەمـهـێنان و بە دەسەڵات و دەست ڕۆیشـتـوو کاربەدەست و چەوسێنەر لە ئارادا بووە و کـاروباری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی بەڕێوەبردنی کـۆمـەڵگا و دەوڵەتی لەژێر دەسـتـدابووە. ئەو ڕەوشە بەهۆی پەرەسەندنییەوە، چینی یەکەم پتر هەژار و دووەمیـان پتر دەوڵەمەندتر بووە و لە دەرەوەی وڵاتیشـدا بۆ پەیداکـردنی کـەرەسـەی خـاو و بازاڕی فـرۆشـتـنی کـەلوپەلی بەرهەمـهـێنراوە بووە بەئیـمـپـریالیـزم و وڵاتی

دیکەی داگیرکردووە، بۆیە لە وڵاتانی ئەوسای ئەوروپا بە تایبــەتی فــەڕەنســا و ئەڵمــانیــا، دوو بزووتنەوەی بەرهەڵستی کردن و ڕکەبەر پەیدابوون:

– بزووتنەوەی چینی پرۆلیـتـێـر (کـرێکار) کـە لێی خــوازراوە و چاوەڕوانی لێکراوە لە ســـــتم و ڕێژیمی سیاسـیدا ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕێ، هەر لە بەرپاکـردنی خـەباتی توندوتۆڵی چینایەتی تاوەکو هاتنەسەر کـار و گۆڕینی شێـوازی ڕێژیمی حوکمـڕانی و پێـوەندییـەکـانی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگادا.

– بزووتـنـەوەی دووەم بزووتـنـەوەی نەتەوایـەتی(٤٣) بووە کـە بەو جـۆرە نەبوو کـە پێـشـبـینی لێکراوە و بە ئاراسـتـەیەکی دیکەدا هەنگاوی ناوە و تەکـانی داوە و ئەنجـامی وای لێکەوتۆتەوە بەبیـری سیـاسـەتمەداراندا نەهاتووە. ئەو ڕەوشە دەکرێ بەو جۆرە پوخت بکرێتەوە:

١- بە پێـچـەوانەی بۆچوونی مـارکـسـەوە، شـۆڕشی بەڵشـەفی لینین بەناوی پرۆلیـتـێر و مـارکـسیـزمـەوە لە ڕوسیای قەیسەری ڕووی دا، وڵاتێک کە تارادەیەکی زۆر شۆڕشی سنعات (پیشەسازی) نەدیبوو، پرولتێر بە واتا مـارکـسیـەتەکـەی کـارا و کـاریگەر نەبووە، وڵاتێک کـە خۆی لە قۆناغی نیمچە دەرەبەگیدا بووە و چینی جووتیار زۆرینە بووە، بۆیە بە ئەنجامی هەڵکەوتی خۆی گەیشت: (دەرکـەوتنی سـتـالینیـزم) چ وەک ئایدیۆلۆژی و چ وەک سـەرکـردایەتی کـردنی ڕێژیمی فـەرمـانڕەوا. ئەو ڕەوشـە سیـاسـەتمەدارە پێشـکـەوتنخـوازە چەپەکـانی نائومـێـد کردووە.

لە ئەڵەمانیا کە تاڕادەیەک ڕەوشەکەی لەبارتر بووە بۆ شۆڕشی پرۆلیـتێر، کەچی (کۆمـاری- ڕێتە) کە بە (ڕێتە ڕیپۆبلیک) ناسراوە و سـوودی لە جیـهـادیدی مـارکـسی وەرگــــرتووە، هەرەسی هێـناوە. لە زۆربـەی هەرە زۆری خـۆرئاوای ئەوروپا بزووتنەوە سـۆسـیـالیـسـتـیـیــە- ڕادیکاڵیـیـەکـان سـەرنەکـەوتوون، ڕێژیمی زەبروزەنگی سـتـالینی بەناوی کـرێکار و جـووتیـار و هەژارانەوە حوکمڕانی کردووە، دوای جەنگی یەکەمی جیهان (سەفەر بەرلک) کـە لەکـاولکردندا- بەپێی ڕەوشی سـەردەمی خۆی- سنووری بەزاندووە، ڕێژیمە سەرمایەدارییەکان پتر جێگیر بوون و لە جاران پتر کاروباری ئابووری و سیاسی و کۆمـەڵایەتییـان گرتۆتە دەست و کـۆنتـرۆڵیـان کردووە. چەوسـانـدنەوە و هەژاری و زۆر و جـەور لە جـاران پتـر بووە، بەڵام لەژێر پەردەی جیاوازتر لە جاران.

لەلایـەکی دیـکـەوە، گـــــڵــــــۆڵەی بزووتـنـەوە پێـشـکەوتنخــوازەکــان کــەوتۆتە لێــژی و نەک هەر نەیانتــوانیــوە بچنە ژێر باری ئەرکی ئەو دروشــمـانەی هەڵیـانگرتوون، بەڵکو پاشەکشەیان کردووە و بزووتنەوە نەتەوەییــەکـان کـە دەبوو پتـر پێـشکـەوتنخـواز بن، لە هەردوو بزووتنەوەی فـاشـیـزم لە ئیـتـاڵیا و نازییـەت بە سەرۆکـایەتی ئەدۆلف هیـتلەر لە ئەڵەمـانیادا بەرجەسـتە بوون. بەرپابوونی جەنگی کاولکاری دووەم لە ئەوروپا کە ئاگرەکـەی لە بەرلینەوە کـڵـپـەی کـردووە و سـەرانسـەری ئەوروپای گرتۆتەوە، سەر دەستەی ئەو ئاکامانە بووە کە چاوەڕوان نەدەکران.

ئەو ڕەوشـە گـەلانی ئەوروپا و هزرمـەندانیـان پەشێـو و نیگەران کردووە، ڕەشبینی، نائومێدی ئەو دیاردە بووە کە لە بەرهەمــە بڵاوکـراوەکـاندا دەبینرێن. بەرهەمــەکـانی هزرمـەند و فـەیلەسـووفی مـێـژوو لە ئەڵەمـانیـا ئۆزڤـالد شـپـــێنگلەر (١٨٨٠- ١٩٣٦ز) Oswald Spengler ڕاستی ئەو بۆچوونە پشت ڕاست دەکاتەوە.

٢- لە دوو بەرگی شـاکـاری (هەرەسـهـێنانی ڕۆژئاوا- ١٩٢٢ز)دا ڕەنگی جـیــهـــاندیدێکی شـــرۆڤــەکـــردنی شـارسـتـانی- مـێـژووی ڕشـتـووە، تێـیـدا مـێـژوو بە دیـاردەیەکی بـەرچاو و ئـاشـکـرای ژیـان دانـراوە(٤٤) و لەگـەڵ ژیانـدا بەراورد کـراوە و جـۆرە فـۆرمــێکی پێ بەخشراوە. ژیان خۆی بریتییە لە هاتنە دنیاوە (لەدایک بوون)، لاوێتی، پیربوون، ئینجا لەناوچوون. ئەو ڕەوتەی مـێـژوو لە پرۆسـەیەک دەچێ کە لەچوارچێـوەی جـوغـز و بازنەیەکی بێ دەروازەدا بخولێتەوە و گیری خواردبێ.

ئەو جـیــهــانـدیدە ئەگـەرچی ڕەشـبـینی و نائومـێـدی (پیـربوون و لەناوچوون) نیـشـان دەدات، بەڵام دوو خـاڵ دوویات دەکاتەوە:

– واپێدەچێ جۆرە ناچارییەکی پشت ئەستوور بە بنەما و ڕێسـا و قـانوون گـرێمانە کـرابێ کە ڕابەری تێـپـەڕینی مێژووی شارستانیەت بەچوار قۆناغە کەوا بکات.

– لێکدانەوەی ڕابردوو، کـۆنتـرۆڵکردنی ئێـســتـا، سەردەم ڕێگای پێشبینی کردنی دوارۆژ خۆش دەکات.

شـپــێنگلەر باسی چەند جـۆرێکی کـولتــوور و شـارسـتـانیـەتی کـردووە و لەو باوەڕەدا بووە کـە ئەو کولتوورانە دەکرێ وەک وەرزی ساڵ چوار ڕەوشیان تێدا بەدی بکرێت: بەهار، هاوین، پاییز، زستان. کولتووری یۆنان- ڕۆمـان، کـولتـووری دۆڵی نیل، کـولتـووری دۆڵی

ديجله و فورات (ميسۆپۆتاميا)، كولتووری هيند و چين، كولتووری ڕۆژئاوا.

ئەگەر شارستانيەت، كولتوور لەگەڵ مرۆڤ و وەرزی ساڵدا بەراورد بكرێن، پەيدا دەبن و لەناودەچن، دەبێ ئەو پەيدابوونەيان هۆكاری هەبێ، يان نا؟ چۆن دەكرێ مرۆڤ باسی لەناوچوونی كولتوور بكرێت و ئەو بڕيارە پشت بە چ بنەمايەک دەبەستێ؟!

ئەگەر ڕەوشی سەرەتای سەدەی بيستەم كە جۆرە نائوميدييەكی پێوە ديار بووە، بخەينە لاوە، شپێنگلەر لەو باوەڕەدابووە كە هۆكاری بزوێنەر و پەيداكاری كولتوور و شارستانيەت و مێژوو «هێزی ژيانە» Vi-taLitat، ژيان خۆی پرۆسەی مێژوو دەبزوێنێ و بەرەو پێشی دەبات، لە مێژوودا ژيان هەيە و بابەتەكە خۆی لەو پرۆسەيەدا لە ژيان بەولاوە شتێكی ديكە نييە، ڕەگەز و نەتەوايەتی Rasse، خواستی سەرگەرمی هێز و دەسەڵات، ڕاستی و ڕاستەقينە، داهێنان و پووڵ و پارە هيچ پێوەندييەكی ڕاستەوخۆيان بەو پرۆسەيەوە نييە، مێژووی جيهان لە دادگای گەردوونی و جيهانی دەچێ، هەميشە بەلای بەهێز و بەتوانا و لێهاتوودا دەشكێنێ و مافی بوونی پێدەبەخشێ(٤٥).

٣- ئەگەر ئەو بۆچوونەی ئەو فەيلەسووفەی مێژوو دروست بێ، دەبێ ميللەت ڕاستی و دادپەروەريی و كردار بخرێنە چ خانەيەكی ئەو كولتوورەی كە بەلايەوە كاكڵە و پوختەی مێژوو پێكدەهێنێ؟!

- ئەو هزرمەندە، كولتوور، شارستانيەتی سەردەمی خۆی لەگەڵ هی پێشتردا كە لەناوچووە، بەراورد كردووە و گەيشتۆتە ئەو ئەنجامەی بڕيار بدات كە ئەو كولتوورەی ئەو لە سەردەمەكەيدا ژياوە بە هەمان مەرە بچێ و خۆرەكەی لە كەلەوە ئاوابێ و نەمێنێ؛ بەڵگەكەی دوای بەراوردكردنەكە بەو جۆرەيە كە هۆكارەكانی كەوتنی كولتووری پێشتر لەهی ڕۆژئاواشدا لەبەرچاون و سەرنج ڕادەكێشن كە بريتين لە شكاندنی تای تەرازوو بەلای ڕێبازی ژيرەكيدا (Rationalismus)، بڵاوبوونەوەی تەكنيک، لە هەموو كولتوورێكدا بڵاوبوونەوە و جێگير بوونی تەكنيک(٤٦) لە كۆتايی و سەرە مەرگی كولتوور و شارستانيەتدا بووە، ڕێبازی مرۆڤ پەروەريی و ديموكراتيش، سەرەڕای گەورەبوونی شار و باژێرەكان و كەوتنەوەی ئاراستەی كۆسمۆپۆليتی (هاووڵاتی گەردوونی) ئەو دياردانەن كە دەستەبەری ئەو لەناوچوونەی شارستانيەتەكە دەبن.

ئەو ميتۆدەی بەراوردكارييەی ئەو هزرمەندە پەيڕەوی كردووە و بەكاری هێناوە ئەوە دەگەيەنێ كە كولتوور بەوە بچوێنرێ كە دامەزراوێكە دەكرێ لە سۆنگەی زيندەوەرزانييەوە (بيۆلۆژی) سەرنجی بدرێت. ئەو گريمانەيە لەخۆيدا جێگای گومانە و بەهيچ بنەمايەک بە تەواوەتی پشت ڕاست ناكرێتەوە. لە يەكچوونی دياردە لە دوو قۆناغ و سەردەمی جياوازدا مەرج نييە بەهەمان مەرە بچن و دووچاری هەمان چارەنووس بن، يان هەمان ئەنجاميان لێی بكەوێتەوە. هەلومەرج پێويستە لەبەرچاو بگيرێ، بەڵام ناكرێ كارەكتەر و تايبەتمەندی كات و جێگای ئەو دياردانە كە هەلومەرجەكەی لێوە پەيدابوون پشتگوێ بخرێن. هيچ هزرمەندێكی شارەزا و زانست پەروەر لاری لەوە نييە كە شارستانيەتی سەردەم و هاوچەرخی ئەو دەڤەرانەی بە ئەوروپا ناودەبرێن لەسەر بنچينە و بنەمای ئايينی مەسيحی و قانوون و سياسەتی ڕۆمانی و فەلسەفەی ئەوسای يۆنانی كۆن دامەزراوە، بەڵام لە ناوەرۆک و ڕوخساردا، بە تەواوەتی لەسەرچاوە و بناوانەكانەوە جياوازە و دووچاری هەمان چارەنووسيش نەبووە.

لەلايەكی ديكەوە، بە هەمان پێودانگ، دەكرێ بگوترێ، ئايينی مووسا (جوولەكە)، عيسايی (مەسيحی) و ئيسلام، فەلسەفەی ئەفلاتۆنيزمی نوێ چەند بەشێكن لە كولتووری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام ئاسمان و زەوی لەيەكتری جياوازن.

مەسيحييەت بەشداری لەو كولتوورەدا كردووە كە شارستانيەتی ئێستای ڕۆژئاوای ئەوروپای لێ پێكهاتووە، ئايينی مووسا ئەو ميللەت و دەوڵەتەی ئيسرائيلی پێک هێناوە كە دۆست و دوژمنانی بەمۆديرنترين و پێشكەوتووترين وڵاتی دنيای دادەنێن، بۆيە بە باوەڕی من، چارەنووسی لەناوچوون بە بەشی كولتوور بزانرێ لە جێگای خۆيدا نييە و هەتا دنيا بە دنيا بێت و ژيانيش بمێنێ ئايين هەر هەوار و پەنای بێ ئوميدان دەبێ! ئەو بێ ئوميدانەی لە ئايين بەولاوە هيوای لە دەرگادانی هيچ جێگايەكيان نەماوە و دەستيان لە هەموو شتێک شتووە و داماون!

٤- جيهانديدی شپێنگلەر ئەگەر لە هەندێ بەشيدا نائاسايی بێتە بەرچاو، لاری لەوە نييە كە كۆرپەی هەلومەرجی سەردەمی خۆيەتی. چوار قۆناغی پەرەسەندن

و گۆڕانی مێژوو تیوری پەرەسەندنی ئۆرگانی چارلس داروین بەبیردا دەهێنێتەوە، کە بوونەوەر، لە دایک دەبێ، پێدەگات (لاوێتی)، پیربوون ئینجا مردنی بەدوادا دێت و ئەو چوار قۆناغە بەرانبەر بە چوار وەرزی ساڵە. ئەو بۆچوونە پتر لە ئەندێشەی شایەر دەچێ، چونکە هەموو مرۆڤێکی ژیر دەزانێ ئەوەی دەمرێ و لەناودەچێ تاکەکانی جۆر و ڕەگەزی مرۆڤ هەتا هەتایە هەردەمێنێ و لەناوناچێ. ئەوی مرد دنیای لێ خەراپ دەبێ. خۆ ئەگەر شارستانیەتێک لە هەلومەرجێکی دیاردا بەهۆی هۆکاری تایبەتییەوە دووچاری نشوستی و هەڵدێر ببێ، ئەوە تێکڕای مرۆڤایەتی کە بەرجەستەی سەرجەمی شارستانیەتییەکانی کردووە و دەکات هەردەمێنێ و ڕەشەبای مردن دەرەقەتی نایەت.

## تایبەتمەندی فەلسەفەی مێژوو

فەلسەفەی مێژوو بابەتێکە لەو بابەتانەی وەک زانستی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆژی) لەدوای شۆڕشی مەزنی فەرەنساوە لە کۆتایی سەدەی هەژدە بەدواوە گەشەی کردووە و خەتوخاڵی داوە و ئەو ڕوخسار و ناوەرۆکەی ئێستای پێ براوە. ئەوەندەی بابەتەکە پێوەندی بە فەلسەفەوە هەیە، لە سێ گۆشەوە سەرنجی فەلسەفەی مێژوو دەدرێ:

١- جۆر و شێوازی شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی ڕووداوەکانی مێژوو ئەو پرۆسەی بەرەوپێش چوونەی لە چوارچێوەی کولتوور و شارستانیدا بە چ شێوەیەک تاووتو بکرێت؟

٢- بە چیدا توێژینەوە مێژووییەکان لە جۆرەکانی دیکەی بابەتی زانینی مرۆڤ جیا دەکرێنەوە؟

٣- ئەو پرسیارانە کامانەن کە فەلسەفەی مێژوو دەربارەی بابەتەکە دەیانکات و کۆششی وەڵامدانەوەیان دەکات.

١- ئەگەر سەرنجی ئەو تیورییانە بدرێت کە دەربارەی لێکدانەوەی ڕووداوەکانی مێژوو لە سۆنگەیەکی هزری-فەلسەفەییەوە دانراون، دەردەکەوێ کە دوو جۆرە شێوازی شرۆڤەکردن و لێکدانەوە لە ئارادا بوون و پەیرەو کراون:

**یەکەم:** لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی ئامانجەکی:

ئەو میتودەی تاووتوکردنەی مێژوو، لەلایەکەوە هەموو جۆرە هەڕەمەکییەک و بێ سەروبەری لە ڕوودان و قەومانی ڕووداوەکان و پرۆسەی بەرەوپێشچوونی مێژوو بە دوور دەگرێ و لەلایەکی دیکەوە پتر بایەخ بە دوارۆژ دەدا و ئەوەی لەبەرچاوە کە ئەگەر هۆکارەکە ئێستا و لەسەردەمدا بێ ئامانجەکە لەدوارۆژدا بەدەردەکەوێ. هەر شتێک بقەومێ، هەر ڕووداوێکی مێژوویی سەرئاو بکەوێ و ڕووبدات مەبەست و ئامانجێکی تایبەتی- دیار و چاوەڕوانکراو لە پشتیەوەیەتی، لە هەمان کاتدا دەری دەخات کە مێژوو بە پرۆسە و ڕووداوەکانییەوە لەوە دەچێ ئەرکی دیاریکراوی لە ئەستۆ بێ و فەرمانی تایبەتی پێ کرابێ، ئامانجێکی دەستنیشان کراو بەدی بهێنێ، لەپێناوی گەیشتن بە ئامانجی دیاریکراو هەنگاو بەرەو پێشەوە، بەرەو ئاسۆی دوارۆژ بنێ.

ئەو بۆچوونە بە ئاشکرا لە دۆگمەکانی ئایینی مەسیحی و فەلسەفەی هیگڵی گەورە و مەزندا دەردەکەوێ کە مێژوو ناسرەوێ تاوەکو بە ئامانج نەگات، ئەو ئامانجەش جێگیرکردنی مەلەکوتی ڕەببە لەسەر زەوی.

**دووەم:** لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی هۆیەکی:

هۆیەکی لێرەدا بە واتای پێوەندی نێوان هۆکار و ئەنجام بەکارهێنراوە. لە دابونەریتی ژیانی ڕۆژانەدا وا باوە کە هەموو شتێک کە ڕوودەدا و دەقەومێ، دەبێ هۆکارێکی هەبێ. هۆکارەکە لەپێش ئەنجامەکەیەوە دێت و دەکرێ ئەنجام تایبەت بەسەردەم و هۆکاری پێشووتر بێت، بەڵام ناکرێ لاری لەوەدا هەبێ کە لە هەلومەرجی وەک یەکدا هەمیشە لە هۆکارێک هەمان ئەنجام دەکەوێتەوە.

هۆکار ئەوەیە کە شتێکی لێ پەیدا دەبێ و دەکەوێتەوە، ئەو شتە دەکرێ ئەنجام، بزووتنەوە، یان گۆڕان بێت، گۆڕان خۆی لەخۆیدا بریتییە لە بەدوای یەکتریدا هاتنی ڕووداو لە کاتی دیاریکراودا. هەندێک جار بەتایبەتی لە بابەتی هزریدا هۆکار بەو ڕەوشە دادەنرێ کە بە ناچاریی لەپێش ئەنجامەکەوە دێت، بە جۆرێک، بەدوایەکتریدا هاتنی ڕووداو و ئەنجام دیار و دەستنیشان کراوە و پابەندی پێوەندی نێوان هۆکاری ڕوودان و ئەنجامی ڕووداوەکەن. ئەو جۆرە پێوەندییەی نێوان ئەو دوو چەمکە وای دەردەخات و پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە هیچ ڕووداوێک هەڕەمەکییانە ڕوونادات و ڕێککەوت بوونی نییە، ئەوی هەیە پەیوەست و بەیەکەوە هاوبەندیی دەستیاوی نێوان هەردوو چەمکەکەیە کە هەر کاتێک یەکێکیان بەدەرکەوت بەناچاری ئەوی دیکەی بەدوادا دێت. بەو پێیە و بەپێی بەکارهێنانی ئەو میتودەیە، ڕووداو و دیاردەکانی مێژوو بە پرۆسەکەیەوە

هۆکاری دیار و دەستنیشانکراویان هەیە و هەرچی ڕووی دا و دەقەومێ بەبێ هۆکار نەبێ.

بۆ نموونە بەلای کـارل مـارکـسـەوە، ئابووری، بە هەلومـەرج و ڕەوش و پێـوەندی و شـێـوازەکـانی بەرهەمهێنانەوە هۆکاری سەرەکی پەرەسەندنی کۆمەڵگا و کەوتنەوەی ڕووداوەکـانی مـێـژووە، ئەو گۆڕانەش بەهۆی خەباتی چینایەتی نێو چینە ڕکەبەرەکانەوە بەرجەستە دەبێ، کەچی مـێـژوونووس و هزرمـەند توینبی بەلایەوە هۆکـاری ئایینی ئەو هۆکـارەی گـۆڕان و پەرەسـەندنی کولتوور و شارستانی و مێژوو بووە.

٢- لە دوو لاوە فەلسەفەی مێژوو لە بابەتەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە:

- ئەو مـیـتـودەی بەکـاری دەهێنێ، کـە بریتـیـیـە لەو ڕێگایەی لە توێژینەوە و چالاکـیـیـە زانسـتـیـیـەکـەیدا دەیگرێتەبەر.

- بـابـەتی توێژینـەوەکـە، ئەو کـەرەسـەیەی کـە هەڵیدەبژێرێ و دەیکات بەو بابەتەی جیهاندیدەکەی کە بە فەلسەفەی مێژوو ناودەبرێ، ڕەنگ دەڕێژێ.

ئەو میتودەیەی لە چالاکییە زانستییەکانی فەلسەفەی مـێـژوودا بەکـاردەهێنرێ، داتا و زانیـارییـەکـان کـۆ دەکاتەوە، شیـیان دەکاتەوە، لەگەڵ یەکتریدا بەراوردیان دەکات بەرەو ڕۆنان و داڕشتنی چەند گریمانە و تیـۆرییەک کە دیاردە و ڕووداوەکانی پرۆسەی مێژووەکە شرۆڤە بکەن و پاساویان بدەنەوە. ئەو میتودە مێژووییە، شیکارییە، بەراوردکارییە دەستەبەری ئەوە دەبێ کە کارەکە بابەتی بێت و لە کـاریگەری خـود و هەست و سـۆزی توێژەر بە دوور بێ، ئەو هەلومـەرجـە ئابووری و سـیـاسـی و کـۆمـەڵایەتی و هزرییـانە لەبەرچاو بگرێت کـە دیاردە و ڕووداوەکـان تێـیـاندا ڕوویان داوە و سـەرئاوکـەوتوون. لەمـەوە توێژەر دەتوانێ گـریمانەکـانی دوای پشت ڕاست کـردنەوە و سـاغ بوونەوەیان بەشـێـوەی تیـۆرییـە دابڕێژێ بەهۆیەوە بتـوانێ بابەتەکـەی لێک بداتەوە و شـرۆڤـە بکـات. بـۆ نموونە بۆی دەردەکـەوێ کـە توێـژینـەوە مێژووییەکان تایبەتمەندی خۆیان هەیە و لە لقەکانی تری زانین و مرۆڤایەتی جیایان دەکاتەوە و تیشک دەخاتە سەر ئەو لایەنە تا چ ڕادەیەک هزر، سیاسەت، هاندەرە فرەڕەنگییە ناوەڕۆک جیاوازەکان لەچوارچێوەی پرۆسەی ڕووداوەکـانی مـێـژوودا ڕۆڵ دەگـێـڕن و کـاریگەریی بەجێ دەهێڵن.

٣- ئەو پرسـیـارانەی لەچوارچێـوەی توێژینەوەی فەلسـەفەی مێژوودا دەکرێن، دەبن بە سێ بەشەوە بەپێی ئەو بەشانەی ئەو بابەتانەیان لێ پێکهاتووە:

- پرسیاری مێژوویی:

مەبەست لەو پرسیـارانەیە کە وەڵامدانەوەیان پشت بە داتا و سەرچاوە هەمە ڕەنگییەکانی مێژوو دەبەستێ و ئەرکێکی شیکارییانە دەخاتە ئەستۆی مێژوونووس. ئیتر مـێـژوو بە مێژووی کردار و چالاکی تاکەکەس و ڕابەر و سـەرکـردەکـان دابنرێ، یان بە مـێـژووی کـولتـوور و شـارسـتـانیـەتی تێکڕای کـۆمـەڵگا لێک بدرێتـەوە، پرسـیـارەکـان لەو چوارچێـوەیەدا دادەڕێژرێن و ئەو سروشتەیان پێ دەبڕێ:

**یەکەم:** هۆکاری چوار پارچەکردنی کوردستان کامانەن و چی بوون؟

**دووەم:** چ کـەسـێک لە جـەنگی خـاچ پەرسـتـاندا سەرکەوتووە؟

پرسـیـاری یەکـەم لەبارەی چەند هۆکـارێکەوە کـراون سنووری تاکەکـەسان دەبەزێنن، بە پێـچەوانەوەی ئەوی دیکەیان لە بارەی کەسانی مـێـژوویی و ئەو کردارانەیان کە کردوویانە و هۆکارەکـانیـان دەپرسێ. ئەو پرسیـارانە تایبەتن بە بابەتی مێژووی بێگەردەوە و ناچنە خانەیەکی دیکەوە:

- پرسیاری لۆژیک و میتودەی مێژوو:

**یەکەم:** بۆ هەڵـبـژاردنی داتا و ڕاستـیـیـەکـانی مـێـژوو پێویستە مێژوونووسان پشت بە چ پێودانگێک ببەستن و چۆن ئەو داتایانە هەڵدەبژێرن و لێکیان دەدەنەوە؟!

**دووەم:** ئەو بەڵگانە چین و کامانەن کە توێژەران لێرەدا بۆ پشت ڕاسـتـکردنەوەی ڕاسـتی و دروسـتی ئەو ئەنجامانەی پێیان دەگەن پشتیان پێدەبەستن؟

**سێیەم:** ئەو بڕیارانەی (حوکم) مێژوونووسان دەیدەن، چی دەگەیەنن و بە چ بنەمایەک ئەو بڕیارانە پشت ڕاست دەکەنەوە؟

لەو پرسیـارانەوە بەدەردەکەوێ کە مێژوو بەوە تەماشا ناکرێت کە زنجیرە ئەڵقەیەکی بەیەکەوە بەستراوی چەند ڕووداوێک بێت، بەڵکو لێـرەدا پشت بە کـۆشش و جـیـهـاندیدی مـێـژوونووسـان دەبەسـترێ لەپێناوی شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی ڕووداوە مـێژووییـەکـان. ئەو لایەنە لە فەلسـەفەی مێژوودا بە میتودە و لۆژیکی مـێژوو ناودەبرێ.

- پرسیاری پرۆسەی مێژوویی:

لێرەدا نە دەربارەی ڕووداو و دیاردەکانی مێژوو، نە دەربارەی میتودەکەی پرسیار دەکرێ، بەڵکو پرسیارەکان پرۆسەی مێژوو خۆی بەگشتی دەکەن بە بابەتی خۆیان(٤٧). بۆ نموونە دەپرسرێ:

ئایا مێژوو لە پرۆسەی بەرەوپێشچوونیدا، بەهۆی ڕووداو و دیاردە هەمەڕەنگە جیاوازەکانەوە کۆششی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو دەکات؟.

ئایا چەند قانوونێکی گشتی- هەمەکی هەن کە کۆنترۆڵی پەرەسەندن و ئاراستەی پرۆسەی مێژوو دەکەن؟

ئەو سێ بابەتە ئەگەر لە لایەنی وردەکاری و هەندەکیدا تاڕادەیەک لەیەکتری جیاوازبن و تایبەتمەندی خۆیان بەرجەستە بکەن، ئەوە لە چوارچێوە گشتییەکەدا یەکەیەکی کلۆمی یەکڕەنگی پێکدەهێنن کە بە تیوری فەلسەفەی مێژوو ناودەبرێت.


**سەرچاوە و پەراوێز:**

**1- Wahrig, Gerhard.: Deutsches Worterbuch. Mosaik VerLag. Munchen. 1980. S.1523. ff.**

**2- Dr. Rudolf Eisler.: Einfuhrung in die Erkenntnistheorie. Leipziq 1907. S.201.ff.**

**3- Duden.: Das Fremdworterbuch Bd.5. Mannheim-wien. 1982. S.326.**

**4- G.W.F. Hegel.: werke in zwanzig Banden. 12 Vorlesungen uber die Philosophie der Geschichte. Suhrkamp Verlag Frankfurt am Main 1973. S.11. ff.**

**5- G.W.F. Hegel.: Ebenda. S.12. ff.**

**6- G.W.F. Hegel.: Ebenda. S.14. ff.**

**7- G.W.F. Hegel.: Ebenda. S.18. ff.**

**8- G.W.F. Hegel.: Ebenda. S.20. ff.**

**٩- د. إمام عبدالفتاح إمام: المنهج الجدلي عند هيجل. ضمن المكتبة الهيجلية- الدراسات- المجلد الاول. مكتبة مدبولي ١٩٩٦- ص٢٩ وفي أماكن مختلفة.**

**10- G.W.F. Hegel.: Ebenda. S.30. ff.**

**11- Herbert Marcuse.: Vernunft und Revolution. Luchterhand- Darmstadt 1972. S.203. ff.**

**12- G.W.F. Hegel.: Ebenda. S.42-43. ff.**

**هەروەها بڕوانە:**

**- دكتور احمد محمود صبحي: في فلسفة التأريخ. دارالنهضة العربية، بيروت ١٩٩٤. ص٢٠٦ وفي أماكن أخرى.**

**13- G.W.F. Hegel.: Ebenda. S.35.**

**14- F. ALb. Lange.: Geschichte des Materialismus. Bd. I. Stw. 70. Frankfurt am Main 1974. S.7.ff.**

**15- Harmut Rosa und David Strecker,: Sozilogische Theorien. UTB. Konstanz 2007. S.36. ff.**

**16- Karl Marx und Friedrich Engles.: Ausgewahlte Schriften in Zwei Banden. Bd. I. Dietz Verlay Berlin (ost) 1955. S.23. ff.**

**١٧- ف. أفاناسيف.: اسس الفلسفة الماركسية، ترجمة: عبدالرزاق الصافي. منشورات الطريق الجديد. الطبعة الثالثة. بدون تأريخ، ص ١٧٤ فما بعد وفي أماكن اخرى.**

**١٨- ف. أفاناسيف: سەرچاوەکە خۆی. ل١٧٥.**

**١٩- ف. أفاناسيف: سەرچاوەکە خۆی. ل١٧٦.**

**20- K. Marx und F. Engels.: Ebenda. S.34.**

**21- K. Marx und F. Engels.: Ebenda. S.28. ff.**

**22- K. Marx und F. Engels.: Ebenda. S.33. ff.**

**٢٣- د. احمد محمود صبحي: فلسفة التأريخ. ص١٣١-١٣٢.**

**- د. صائب عبدالحميد: فلسفة التأريخ. دارالهادي. ط١ بيروت ٢٠٠٧، ص٨١ فما بعد.**

**24- Hans Joachim Storig.: Kleine Weltgeschichte der Philosophie. Stuttgart 1961. S.264.**

**25- Johannes Hirschberger.: Geschichte der Philosophie. Bd. I. Komet. 1980. S.374.**

**٢٦- د. صائب عبدالحميد: المصدر نفسه. ص٨٥.**

**27- Johann Gottlieb Fichte.: Reden an**

die deutsche Nation. Berlin 1808. S.58.

٢٨- لەبەر ئەوەی لە کوردستان- هەولێر وەرگێڕانی ئەڵمانی میرم لەلا نییە و لەماڵەوە (لە هانۆڤەری ئەڵمانیایە) ناچار بووم پەنا بەرمە بەر وەرگێڕانە عەرەبییەکەی بڕوانە:

- نيقولو مكياڤللى: الامير. تعليق: بنيتو موسوليني. مقدمة: كريستيان غاوس ترجمة: خيري حماد. تعقيب: د. فاروق سعد. دارالافاق بيروت- ٢٠٠٢، ص٥٤.

٢٩- ماكس هوركهايمر: بدايات فلسفة التأريخ البرجوازية. ترجمة: محمد علي اليوسفى. دارالفارابي بيروت- لبنان ٢٠٠٦، ص١٧ وفي أماكن متعددة.

٣٠- نيقولو مكياڤللى، المصدر نفسه. ص١٤٧.

31- Bertrand Russell.: Philosophie des AbendLandes. Europaverlag. Munchen. 2000. S.515. ff.

٣٢- نيقولو مكياڤيللى: المصدر نفسه. ص٦٣ فيما بعد وفي أماكن متعددة.

33- Dr. Harald Hoffding.: Geschichte der neueren Philosophie. Leipzig. 1921. S.22.

٣٤- نيقولو مكياڤيللى: المصدر نفسه. ف١٥، ص١٣٥. هەروەها:

- Dr. Harald Hoffding.: Ebenda. S.19.

٣٥- نيقولو مكياڤيللى: المصدر نفسه. ص١٣٧.

٣٦- ماكس هوركهايمر: المصدر السابق، ص٧٨.

٣٧- ماكس هوركهايمر: المصدر السابق نفسه، ص٨٥ وفي أماكن اخرى.

٣٨- د. حسن حنفي: علم الاستغراب. بيروت ٢٠٠٠، ص٢٣١. هەروەها بڕوانە: د. احمد محمود صبحي: في فلسفة التأريخ. ص١٦٠.

39- Johannes Hirschberger.: Ebernda. S.250.

٤٠- أندريه كريسون: فولتير، حياته، اثاره، فلسفته. ترجمة: د. صباح محي الدين بيروت ١٩٨٤، ص٤٨ فما بعد.

٤١- ف. فولغين: فلسفة الأنوار. ترجمة هنرييت عبودي. مراجعة: جورج طرابيشي، بيروت ٢٠٠٦، ص٤٠ وفي أماكن مختلفة.

٤٢- أندريه كريسون: المصدر السابق نفسه. ص٨٢.

٤٣- أنطونى جدنز: الرأسمالية والنظرية الاجتماعية الحديثة. ترجمة: أديب يوسف شيش. دمشق ٢٠٠٨، ص١٥ فما بعد.

44- Johannes Hirschberger.: Ebenda. S.587. ff.

45- Johannes Hirschberger.: Ebenda. S.589.

46- Johannes Hirschberger.: Ebenda. S.588.

٤٧- پ. إيل گاردنر: الميتافيزيقا والتأريخ، ضمن كتاب: طبيعة الميتافيزيقا. ترجمة د. كريم متي. مراجعة د. كامل الشيبي. بغداد بدون تأريخ. ص٨١ فما بعد.

* دەمەوێ خوێنەری خۆشەویست لێرەدا لە دوو خاڵ ئاگادار بکەمەوە:

یەکەم: ئەو بابەتە پوختەی چەند وانەیەک (محازەرەیەکە) بە قوتابی و خوێندکاری بەشی فەلسەفەی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر گوتراوەتەوە.

دووەم: ئەو سەرچاوانەی دەبوو من بۆ نووسینی ئەو بابەتە پشتیان پێ ببەستم ئەڵمانی بن، بەڵام لەبەر ئەوەی من لێرە لە کوردستان- هەولێر زۆربەی ئەو سەرچاوانەم لەبەردەستدا نەبووە، هەموویان لەماڵەوەمانن لە باژێری (هانۆڤەر- ئەڵمانیا)، بۆیە ناچار بووم ئاماژە بە هەندێک کتێبی عەرەبی زمان بکەم، ئەگەر بەنابەدڵیش بووبێ!!

# جیهان و شتەکان
# «خوێندنەوەیەک بۆ فەلسەفەی مارتن هایدگەر»

**کلاوس هیلد**
**لە عەرەبییەوە: هاوار محەمەد**

(وەرگــێــڕانی ئەم دەقــە وەک هــەوڵێکی خــاکی، پێشکەشە بە "عیرفان مستەفا")

خستنەڕووی دەقەکە و نووسەرەکەی:
ئەم وتارە کە لە زمانی ئەڵمانییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی (ئێمەش وەرمان گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی)، بریتییە لە دەقی دەرسگوتارێک کە ماموستا Klaus Held ساڵی ١٩٩٠ لە چەند کۆڕێکدا پێشکەشی کردووە و لە چوارچێوەی کتێبێکی بە کۆمەڵیشدا بڵاوبۆتەوە کە Christoph Jamme و Karsten Harries بە ناوونیشانی "مارتن هایدگەر، هونەر- سیاسەت- تەکنۆلۆژیا"، لە خانەی بڵاوکردنەوەی Wihelm Fink لە میونیخ ساڵی ١٩٩٢، لاپەڕە ٣١٩-٣٣٣، دەریانکردووە.

ئەم دەرسگوتارە هەوڵی ئەوە دەدات تێڕوانینێکی گشتی لەبارەی فەلسەفەی هایدگەرەوە بخاتەڕوو. وێڕای ئەوەش کە ئاراستەی جەماوەرێکی بەرفراوانی ڕۆشنبیران کراوە، کەچی بەهایەکی زانستی و فەلسەفی گەورەش دەستەبەر دەکات، بەتایبەتی کاردەکات بۆ دانانی فەلسەفەی هایدگەر لە پەرێز (سیاق)ێکدا کە بە ڕوون و ڕۆشنی بایەخەکەی و وابەستەییەکەی بە پرسەکانی سەردەمەوە، زەق دەبێتەوە. دەکرێت ئەم دەقە بە دەروازەیەکی بەسوود دابنرێت کە کۆمەک بە خوێنەر دەکات بۆئەوەی بە شێوەیەکی تەندروست ڕووبکاتە خوێندنەوەی کتێبەکانی هایدگەر. کلاوس هیلد لە شیکارییەکانی هایدگەرەوە لە دانراوە سەرەکییەکەیدا "بوون و زەمان"، دەست پێدەکات و ئەو پێوەندی و هێڵە وردانەی کە بەیەکیانەوە دەگەیەنێت، زەق دەکاتەوە، کە ئەستەمە خوێنەرێکی ئاسایی بتوانێت بیانناسێتەوە و وەچنگیان بخات. لەسەرووی ئەوەشەوە، کار دەکات بۆ دەرخستنی ئەو ڕایەڵە قووڵ و شاراوانەی کە

شيكارييەكانى "بوون و زەمان" بە فەلسەفەى قۆناغەكانى دواترى هايدگەرەوە، گرێدەدەنەوە. لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم تێڕوانينە لە كەوتنە ناو پيشاندانێكى وێنەيى خۆى كەلا دەخات كە قوربانى بەو ناوەڕۆكە فينۆمينۆلۆژييە دەدات كە كلاوس هيلّد بە توندى خۆى پێوە دەلكێنێت.

Klaus Held ساڵى ١٩٣٦ لەدايك بووە، فەلسەفەى فيلۆلۆژياى كلاسيكى لە زانكۆكانى ميونيخ و فرايبۆرگ و بۆن و كۆلۆنيا، خوێندووە. ساڵى ١٩٦٢ بە سەرپەرشتى Ladwig Landgrebeى يەكێك لە قوتابييەكانى هۆسرەڵ و هاوكارە ديارەكانى، تێزى دكتۆراكەى پێشكەش كردووە. لە ساڵى ١٩٧٤ەوە بەپلەى مامۆستاى فەلسەفە لە زانكۆىWuppertal كاردەكات، توێژينەوەكانى خۆى لە ژمارەيەك بواردا ئەنجام داوە، گرنگترينيان فەلسەفەى يۆنانى، فەلسەفەى سياسى و فينۆمينۆلۆژيا. يەكێك بووە لە بەشدارانى دەركەرى زنجيرەى كۆى بەرهەمەكانى هايدگەر. لە پۆستى سەرۆكى كۆمەڵەى ئەڵمانى بۆ توێژينەوەى فينۆمينۆلۆژى لە ساڵى ١٩٨٧-١٩٩٤ دامەزرا. ئێستا كار بۆ دارشتنى پرۆژەيەكى فينۆمينۆلۆژيايى دەكات بۆ جيهانى سياسى كە بنچينەكانى شيكاريى فينۆمينۆلۆژى لە هەريەكە لە هۆسرەڵ و هايدگەر وەردەگرێت. لێكۆڵينەوە و توێژينەوەكانى بۆ ژمارەيەك زمان وەرگێڕدراون.

### وەرگێڕدراوى دەقەكە(*)

لە ساڵى ڕابردوودا، لە هەموو جيهاندا يادى سەد ساڵەى لەدايكبوونى مارتن هايدگەر بەڕێوە چوو، كە زۆرێك بە گەورەترين بيرمەندى ئەم سەدەيەى ئێمەى دادەدنێن(**). هايدگەر كۆمەڵێك كارى قەبەى لە بەردەم خوێنەردا جێهێشتووە، كە تا ئێستا، پەنجا كتێبى لێدەرچووە، بۆيە خستنەرووى تێڕوانينێكى گشتى سەبارەت بەم هەموو بەرهەمە لە يەك كاتژمێردا دەبێتە هەوڵێكى بێ سوود و بێزاركەر، وەلێ ڕەنگە بتوانم تەقەللاى ئەوە بدەم شتێكى زيندوو لە ڕوحى فەلسەفاندنى هايدگەرى ئامادە بكەم، ئەوەش بە دەستپێكردن لە كێشەيەكەوە، كە بەشێوەيەكى تايبەت، لەمڕۆدا جێمان پێ لێژ دەكات، مەبەستيشم لە كێشەى وێرانكردنى ژينگەكانە(١) بەهۆى تەكنۆلۆژيا و پيشەسازييەوە.

لە تاووتوكردنى ئەم كێشەيەدا، دوو هەڵوێستى سەرەكى هەيە كە بەشێوەيەكى ڕيشەيى بەيەك ناكۆكن. لايەنى يەكەم مكوورە لەسەرئەوەى كە، لەڕووى پرەنسيپەوە، مرۆڤ مافى خۆيەتى جيهان بگۆڕێ بەو شێوەيەى كە دەيەوێت، بەڵام تەنيا ئەوەى لەسەرە كە بە ئاگاتر و بە وريايى زياترەوە، لەوەى تا ئێستا كردوويەتى، كار بكات، بۆ وەلانانى ئەو شوێنەوارە زيانمەندانەى كە دەچنە ناو ژينگەوە. مرۆڤ لەپێوەنديدا بەم هەڵوێستەوە، بريتييە لە سەنتەر و خاوەنى ئەو جيهانەى كە دەيقۆزێتەوە، بەڵام دژە بۆچوونى ئەمە، ڕێك بەرەنگارى ئەم سەنتەريبوونەى مرۆڤ دەبێتەوە؛ ئەم هەڵوێستە بانگەشەى ئەوە دەكات كە با ئيتر مرۆڤ واز لەو پروپاگەندەيە بهێنێت كە ئەو سەنتەرى جيهان دەنوێنێ و لەبرى ئەوە، فێر ببێت كە چۆن لە سووڕە ئيكۆلۆژييەكاندا پلەبەند ببێت و چۆنيش ملكەچى ببێت. ئەوە مرۆڤ نييە كە دەبێت باڵادەست بێت، بەڵكو سروشتە. بەم جۆرە خۆمان لەبەردەم سروشتگەراييەكدا دەبينينەوە كە دژايەتى سەنتەريزمى مرۆڤ دەكات.

بەگوێرەى بۆچوونى هايدگەر، لەمڕۆدا مرۆڤايەتى لەبەردەم مەترسييەكدايە كە مەودايەكى جيهانى هەيە: مرۆڤ لەسەرەڕێى ئەوەدايە كە، بەهۆى وێرانكردنى هەموو ئەو شتانەى كە لە جيهاندا لەسروشت دەكەونەوە، ببێتە بوونەوەرێكى بێ نيشتمان(٢). لەبەرئەمە بۆ كەسێك كە لە بازنەى سروشتگەراييدايە، باشتر وايە هايدگەر بكاتە سەرچاوەى خۆى، بەڵام لێرەدا بابەتەكە پێوەندى بە بەدحاڵيبوونەوە هەيە، چونكە مرۆڤسەنتەريزم و سروشتگەرايى لە چوارچێوەى تاووتوكردنى كێشەى ژينگەدا هيچ نين جگە لە مۆركێكى نوێى گفتوگۆيەك كە بۆ ماوەيەكى درێژە فەلسەفەى سەردەمى نوێ و كولتورەكەى بەخۆيەوە خەريك كردووە.

دروستبوونى سەردەمى نوێ بۆ شتانێك دەگەڕێتەوە لەوانە ئەوەيە كە مرۆڤ، لە ئاخروئۆخرى سەدەكانى ناوەڕاستدا، متمانەى بە ڕژێمى سروشت وەك ئەوەى كە خودا ئەفراندوويەتى، لەدەست دا و بەم هۆيەشەوە دەستى دايە گەڕان بەدواى پنتێكى نوێى دڵنياييدا. فەلسەفە ئەم پنتە دڵنياييەى لەو يەقينەدا دۆزييەوە كە دەشێت مرۆڤ گومان لە هەموو شتێك بكات تەنيا لە بوونى ئەو



**هایدیگەر**

خودئاگاییەی نەبێت کە گومان دەکات. بەهۆی گەڕانەوە بۆ ناوەوەی ئاگایی، جیهان لای مرۆڤ، دەبێتە بابەتێک کە لە سەرەتاوە وەک شتێکی نامۆ دەرگیری دەبێت. وەلێ ئاگایی هێزی تێگەیشتنی بابەتەکە و خاوەندارێتییەکەی دابین دەکات. بەم جۆرەش مرۆڤ شوێنگەی خود داگیر دەکات، واتە جەمسەری مەرجەعی دەرهەق بە جیهان. لە رووی بنەماوە، فەلسەفییانە دەکرێت وێنای دوو گریمانە بکەین بۆ پەڕینەوە لەو خەرەندەی کە خود لەجیهان بەو پێیەی بابەتێکە، جیا دەکاتەوە. گریمانەی یەکەم لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە جیهان وەک مەیدانی چالاکییەک دابنرێت کە مرۆڤ بۆ خۆی دروستی کردووە، لەپێناو ئەوەی هێزی خۆی تێدا بچەسپێنێت؛ ئەم هەڵوێستە سەرەکییە خودگەرایی دەیگرێتەبەر، کە مرۆڤسەنتەریزم، لە چوارچێوەی تاووتوکردنی کێشەی ژینگەدا، بە میراتگری نوێی دادەنرێت، هەرچی گریمانەکەی تریانە بریتییە لەوەی کە خود خۆی وەک پارچەیەک لە سروشت، لە بابەتەکە، دابنێت؛ ئەم سروشتگەراییەش بۆ سەرلەنوێ دەرکەوتنەوە لە چوارچێوەی کێشەی ژینگەدا دەگەڕێتەوە.

ئەم دوو هەڵوێستە پێکەوە دەکەونە ناو دووانەکی خود و بابەتەوە، کە بە سەردەمی نوێوە پەیوەستە. ناکرێت ڕێی تێبچێت کە هایدگەر پشتگیری هیچ یەکێک لەم دوو هەڵوێستەی کردبێت، ئەوەش کتومت لەبەر ئەوەی ئەو لەودیوی ئەم دووانەکییەوە بیری دەکردەوە. هەر بەوەش کتێبە سەرەکییەکەی "بوون و زەمان"(٣)، کە ساڵی ١٩٢٧ بڵاوی کردۆتەوە و بەسایەیەوە ناوبانگێکی گەورەی بەدەستهێنا، دەست پێدەکات. وابەستەیی ئاگایی خود بە (سروشت وەک بابەتێک)ەوە، بریتی نییە لە پێوەندی ڕەسەنی مرۆڤ بە جیهانەوە، ئەم وابەستەبوونە هیچ نییە جگە لە نەوەیەکی ئەم دواییانەی پێوەندییەکی ڕەسەنتر. ئەم پێوەندییە لەکوێدا خۆی مەڵاس داوە؟

دەمەوێ ئەم پرسیارە بە چەند هەنگاوێک، بە دەستپێکردن لە (بوون و زەمان)ەوە بۆ بیرکردنەوەی هایدگەر لە قۆناغی کۆتایی خۆیدا، چارەسەر بکەم. لەو میانەیەشەوە ئەوە روون دەبێتەوە کە هایدگەر بە چ واتایەک لەبارەی ئەوەوە دەدوێت کە مرۆڤ لە جیهاندا نیشتمانی ون کردووە، ئایا ئەو توانایەک دەبینێت بۆ ئەوەی کە جیهان سەرلەنوێ مرۆڤە نیشتمانییەکەی بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە؟

زۆرجاران چەمکی (جیهان) بۆ ئاماژەدان بە هەمەکیبوونی شتەکان بەکاردەهێنین، جیهان لە شتەکان پێکدێت. خۆ ئەگەر لەو ناکۆکییەوە بڕوانین کە هزری نوێ لەنێوان جەمسەری ئاگاییمان و جەمسەری جیهاندا بەرپای دەکات، ئەوە ئێمە ئەم وێنەیەمان لەبارەی شتەکانەوە دەبێت: لەسەرەتاوە من لەوە دڵنیام کە خۆم هەم، لەبەر ئەوە ناتوانم گومان لە خودی ئاگایی بکەم، وەلێ گەڕانم بەدوای دڵنیاییدا دەمباتە دەرەوەی بواری ئاگایی خۆم. بۆ نموونە لەوێدا کورسییەک هەیە. هەموو جارێک لەویش دڵنیام، هەستەوەرەکانم (حواس) ئەو هەستەم بۆ دەگوێزنەوە کە کورسییەکە هەیە، لەو ڕووەوە کە دەتوانم ببینم و دەستی لێبدەم، کورسییەکە هەیە، ئەمە واتە: ئەو ئامادەیە(٤) وەک بابەتێکی پەی پێ بردن.

خۆ ئەگەر لەمە دڵنیابوومەوە، ئەوە دەتوانم حوکم لە بارەی بابەتەکەوە بدەم، وەکو ئەوەی بڵێم: "کورسییەکە لەسووچەکەدا دانراوە"، یان "کورسییەکە دەلەقێ". حوکمگەلێکی وەها لە ژیانی ڕۆژانەدا دەبینینەوە، بەڵام لە ئاستێکی بەرزتردا، لە جیهانیشدا هەمان حاڵەت بەرچاو دەکەوێت، ئەوەش کاتێک بۆ نموونە کە

ڕووەکناسـێک جـۆری ئەو گـوڵەی کـە بەم دواییـانە دۆزراوەتەوە، دیاریدەکات. ئەو گوڵەکە وەک بابەتێک کە لە بەردەمیدا دانراوە، ئامادەیە، دەبینێت، پاشان دەڵێ: ئەم ڕووەکە سەر بە پۆلی گیاساڵەکانە". یان ئەم تێبینییە تۆمـار دەکـات: "درێژی ئەم جـۆرە نوێیـەی گـیـاسـاڵەکـان دەگـاتە دە سـانـتـیـمـەتر". بابەتەکە لە نموونەی یەکەمدا پەیوەستە بە پۆلێنی گوڵەکەوە، لە نموونەی دووەمیشدا بە وەسفکردنییەوە. لە بنەماوە دەردەکەوێت کـە مـرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا بە چۆنیەتییـەکی جیـاواز لەمە مـامـەڵە لەگەڵ شتـەکاندا ناکـات. مرۆڤ ئەوە تۆمـار دەکـات کە ئامادەیە و پۆلێنی دەکات، بۆ نموونە: "کورسییەکە لەوێدا دادەنرێت"، ئەوەش واتە: "ئەو پارچەیە لە شـتـومەک کـە لەوێدایە سەر بە پۆلی کـورسـییـەکـانە"؛ یان وا وەسفی دەکات، بۆ نموونە: "کورسییەکە دەلەقێت".

بەڵام ئایا شتە ڕاستەقینەکان لە ژیانی ڕۆژانەماندا بەم جۆرە تووشـمـان دەبن، واتە وەک بابەتانێکی ئامـادە کـە قـابیـلی پۆلێنکردن و وەسـفکردنن؟ ئایا ڕاسـتـە کـە، لەڕووی پرەنسـیـپـەوە هیچ جیـاوازییـەک نـیـیـە لەنێـوان جیـهـانی ژیانی ڕۆژانە و جیـهان بەو پێیـەی کە بابەتێکە بۆ زانست، وەک چۆن پێویستە بۆچوونمان بەو جۆرە بێت ئەگەر بێـتـو لە دووانەکی خـود و بابەتەوە ڕوانیـمـان؟ ئا لێرەدایە کە شیکارییە ڕەخنەییە نایابەکەی هایدگەر کە لە "بوون و زەمـان"دا ئەنجـامی دەدات، دێتـەگـۆڕێ. ئەو پێوەندییە چییـە کـە لە ژیانی ڕۆژانەدا بە شتـەکـانمانەوە گرێدەدات، ئەگەر بە بێ حوکمدانی پێشوەختە وەسفمان کردن؟

وا دەردەکەوێت کە ئەم پێوەندییە هەمیشە لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە ئێمە شتەکان بۆ مەبەستێک لە مەبەستەکان بەکاردەهێنین. بۆ نموونە ئێمە کورسییـەکە بۆ دانیـشتن بەکـاردەهێنین و کـاتێکیش دەڵێین: "کـورسـیـیـەکـە دەلەقێت"، ئەوە ئەمە حوکمێکی وەسفی نییـە، بەڵکو ئێـمـە دەمـانەوێت بڵـێین: "کـورسـیـیـەکـە بە کـەڵکی بەکـارهێنان نایەت"، ئەوەش لەبەر ئەوەی لەقین لەکـاتی دانیـشـتندا بێزارمـان دەکـات. بەم جۆرە ئێـمە لە ژیانی ڕۆژانەمـاندا لە کـورسـیـیـەکـە تێـدەگـەین، نەک وەک بابەتێک کـە دەمانەوێت حوکمگەلێکی بەسەردا بدەین، هەر وەک ئەوەی سروشـتـناسـێک دەیکات، بەڵکو ئێـمـە تەنیا لە سۆنگەی بەکارهێنانەوە تێی دەگەین. بۆ نموونە ئێـوە پێـویسـتـتـان بە شـتـێکە تا لە مـاوەی ئەم دەرسگوتارەدا بتـوانن لە سـەری دابنیـشن، ئا لەم بواری بەکـارهێنانەشدایە کورسـییـەکە لە بواری بینینی ئێوەدا دەردەکـەوێت. بواری بەکـارهێنان بریتـیـیـە لەوەی بڕیاردەدات کـە کورسییەکـە لای ئێمـە دەبێتـە چی، ئەو بوونـی کـورسـیـیـەکـە دیاریدەکـات. ئەم بوونە بوونی ئامـادەگیـانە بۆ پۆلێنکردن و وەسفکردن نییـە، بەڵکو بوونێکە لەپێناو بەکـارهێناندا. بەم جـۆرەش دەکـرێت کورسییەکە وەها دەرکەوێت بۆمان کە زۆر، یان کەم باشە بۆ بەکارهێنان. ئەگەر بەجۆرێکی هەستـەکی گوزارشـتی لێبکەین، باش، یان خراپە (بۆ دەست)، هەروەک ئەوەی بەنیسبەت دەستمانەوە دەبێتە ئامێرێکی دەستەکی زۆر یان کەم باش. لەبەر ئەمە هایدگەر دەڵێ: بوونی شتەکان لە ژیانی ڕۆژانەماندا بوونی ئامادەگی (حضور) نییـە، بەڵکو بریتییە لە بوون – بۆ دەست(٥).

ئەوەی جیهانە بە تێڕوانین لە تێگەیشتنی ئەو شتانەوە کە لێیـان پێکدێت، دیاریدەکرێت. کەواتە جیهان دەبێتە چی، ئەگـەر بزانین بوونی شـتـەکـان هەر لە سـەرەتاوە و هەمیشە مۆرکی بوون بۆ دەستیان هەیە؟ پەرێز (سیاق)ی بەکـارهێنان کـە بوونی ڕۆژانەی شـتـەکـان دیاریدەکـات بریتـیـیـە لە تۆڕێک لە مـەبەسـتە زۆر و زەوەندەکـان کـە نـاکـرێت گـەمـارۆ بدرێن و یەخـسـیـر بکرێن و بۆ بەدەسـتـهـێنـانیـشیـان پێـویسـتـمـان بە شـتـانێکی زۆر جـۆراوجـۆر هەیە. هەر شـتـێک لەم شـتـانە، بەچەند شـێـوەیەکی جیـاواز لەم تۆڕەدا قـایم کـراون. هەمـوو مـرۆڤـێک لە پەرێزی بەکـارهێناندا دەژی، ئەمـەشـە کـە کایەی مومارەسەکردنی، واتە ئاسۆکەی، ڕەنگڕێژ دەکات. ئاسۆی فەرمانبەرێک جیـاوازە لە ئاسۆی وەرزشوانێک، یان قـوتابییـەک، یان کـەسانی تر. هەر لەبەر ئەمەیە کە لەبارەی جـیـهـانـی کـارگـێـڕی و وەرزشی و قـوتابخـانە و زۆرێکی ترەوە، دەدوێین. ئەو شـتـانـەی کـە ئێـمـە پێویستـمان پێیانە و ئەو مەبەستانەی کە لەپێناویاندا بەکـاریان دەهێنین جیـاوازن، بەگـوێرەی جیـاوازی ئەو جیـهـانەی کـە تێیدا دەژین. بەتێڕوانین لە جیـهـان وەک ئاسۆیەک بۆ پەرێزی بەکارهێنانی تایبەت بە ئێمە، ئەوە تێـدەگـەین کـە چۆن چۆنی بەلای ئێـمـەوە شـتـەکـان دەبنە شـتـانێک بۆ دەست. کـەواتە ئاسۆ بریتـییـە لە جیـهـانی ڕۆژانەمان.

جیهان بەگوێرەی دووانەکی خود و بابەت بریتییە لە هەمەکیبوونی بابەتە ئامادەکان کە قابیلی پۆلێنکردن و وەسفکردنن. هەر بە هەمان شێوەش، مرۆڤ وا دادەنێ کە جیهانی ڕۆژانەش هەمەکییە، واتە سەرجەم ئەو شتانەیە کە بۆ دەستن، لەپێناو بەکارهێناندا. وەلێ کتومت ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە جیهانی ڕۆژانە مۆرکی چەپکێک لە شتەکانی نییە، بەڵکو مۆرکی ئاسۆی هەیە، واتە مۆرکی پەرێزێکی گشتی کە لەناویدا ئاراستە و دەرگیری شتەکان دەبین. ئەوەش لەبەر ئەوەی لەوە تێدەگەین کە چۆن چۆنی بە تێڕوانین لە پەرێزەکەوە بەکاریان بهێنین. بەم جۆرەش ئەم پەرێزە (سیاق) بە ئێمە ئاشنایە، بەر لە ناسینی شتە تاکەکە؛ بەنیسبەت ئێمەوە پەرێزەکە بەرایییە، هەرچی شتەکانە ئەوە پێکدەهێنن کە لاوەکییە. ئەگەر جیهانی ڕۆژانە تەنیا کۆی شتەکان بووایە، ئەوە هەلومەرجەکە بە پێچەوانەی ئەمەوە دەبوو؛ چەپکێک لە شتەکان، یان کۆی شتەکان هیچ نییە جگە لە شتێک لە پلەی دووەمدا، شتێکی داتاشراو، چونکە لەسەر ئەو بەشانەوە بەندە کە لێیان پێکدێت.

دەکرێت جیهان وەک ئاسۆیەک بە ڕووناکی بەراورد بکرێت. بەبێ ڕووناکی ناتوانین هیچ بابەتێک ببینین و بەبێ ئاسۆی بەکارهێنانیش شتە ڕۆژانەییەکان، لای ئێمە، بێ ئاماژە دەمێننەوە. تەنیا لە ڕووناکی ئاسۆدایە کە شتەکان وەک ئەوەی لە ژیانی ڕۆژانەدا هەن، بۆمان دەردەکەون، واتە وەک شتانێک بۆ دەست. جیهان وەک ئاسۆیەک ڕووناکی پەخش دەکاتەوە بۆ دەرکەوتنی ئەوەی بۆ دەستە، ئەو ڕەهەندە کراوە ڕۆشنەیە کە تێیدا شتەکان دەتوانن خۆیانمان بۆ دەربخەن. کاتێک شتێک دەبینین زۆرجاران سەرنجی ئەو ڕووناکییە نادەین کە توانای بینینی شتەکانمان پێدەدات، بەڵکو سەرنجی شتەکان دەدەین کە بەهۆی ئەو ڕووناکییەوە ڕۆشن دەبنەوە و دەبینرێن. بە هەمان شێوەش، سەرنجمان لە ژیانی ڕۆژانەدا زۆرجاران ناخرێتە سەر ئەو ڕەهەندەی کە ڕێگە بە دەرکەوتنەکە دەدات، ناخرێتە سەر ئاسۆی بەکارهێنان، بەڵکو دەخرێتە سەر شتەکان بۆ دەست کە لەبەر ڕۆشناییەکەی ئاسۆدا دەردەکەون.

لەسەرووی ئەوەشەوە، ئەم ئاگاداربوونە لە شتەکان بۆ دەست، لە جۆری بایەخدانی زانایەک بە بابەتە ئامادەکان جیاواز دەبێت. ڕووەکناس گوڵەکە وشک دەکاتەوە هەتا هەموو کات بتوانێت سەرلەنوێ تەماشای بکاتەوە، هەرچی مرۆڤی ڕۆژانەیە هیچ گرنگییەک بەم تەماشاکردنەوەیە نادات. ئەو بەپێچەوانەی ئەمەوە دەیەوێت، بەبێ دەردەسەری و کێشە شتەکان بۆ دەست بەکاربهێنێت تا لایەک بەلای ئەوەدا نەکاتەوە کە دەتوانێت بەشێوەیەکی تایبەت لێی بڕوانێت. ئێمە کاتێک سەرنج لەو شتە دەدەین کە بۆ دەستەکە کۆسپێک دەکەوێتە بەکارهێنانییەوە، بۆ نموونە ئەوکاتەی بێزارمان دەکات. تەنیا کاتێک کورسییەکە دەلەقێت، یان پێڵاوەکانم قاچم دەگرێت، سەرنجی تایبەتی من بەرەو خۆیان کێش دەکەن. لەو کاتەدا لەوانەیە خۆم ناچار ببینم بۆ ئەوەی سەیری بکەم و بیپشکنم، بە جۆرێک کە وەک بابەتێکی ئامادە گوزارشتی لێبکەم، بەم جۆرەش سەرەنجامی دۆخەکە دەمگەیەنێتە حوکمگەلێکی پۆلێنبەندی، یان وەسفی لەبارەی بابەتەکەوە. لێرەوە لە بوون- بۆ دەستەوە دەبێتە بوون - بۆ ئامادەگی. ئەمەش لای خۆیەوە، کاتێک بەجۆرێکی سیستماتیک مومارەسەی دەکەین، دەتوانێت بگاتە ڕادەیەک کە هەموو شتەکانمان وەها بۆ دەربخات کە شتانێکی ئامادەن. بەرمەبنای ئەم میتودە کەواتە دەکرێت جیهانیش بە سیفەتی گشتێک، واتە وەک ئەوەی هەموو بابەتە ئامادەکانە، ببێتە وێستگە و چەقی سەرنجدانمان. وەلێ بەوەش ئەو خۆیمان وا بۆ دەردەخات وەک ئەوەی بابەتێکی لەڕادەبەدەر گەورەیە، واتە بەو پێیەی بابەتێکە کە هەموو بابەتەکانی تری لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە مرۆڤ بەم شێوەیە دەتوانێت جیهان بە بابەت بکات، ئەوە فەلسەفەی مۆدێرن توانیویەتی جیهان بکاتە بابەتێک لە بەرانبەر ئاگایی مرۆییدا. وەلێ ئەم بەبابەتکردنە پێوەندییە سەرەکییەکەی مرۆڤ بە جیهانەوە دەخوازێت. ئەم پێوەندییە سەرەکییە پێوەندییەک نییە بە مانای وشە، ئەگەر هاتو لەم (پێوەندی)یە وەک وابەستەیی بە بابەتەوە تێبگەیشتین، بەڵکو لەوەدا خۆی مەڵاسداوە کە ئێمە لە کاتی تێگەیشتنماندا لە شتەکان لە هۆگرییەکی پێش- بابەتیدایین(٦) لەگەڵ ئاسۆدا و بەم واتایەش ئێمە لە ڕەهەندی ڕۆشنی دەرکەوتندا کە جیهانە بارگە دەخەین، بۆیە هایدگەر لە "بوون و زەمان"دا باسی پێوەندی ڕەسەنی مرۆڤ بە جیهانەوە وەک "بوون- لە -

جیهاندا"، دەکات.

بەبابەتکردنی جیهان لە فەلسەفەی مۆدێرندا، بریتییە لە نامۆبوون لە هۆگرییە ڕەسەنەکە بە ڕەهەندی پێش- بابەتییەوە بۆ بوون - لە - جیهاندا، ئەی ڕیشە قوولەکەی ئەم نامۆبوونە لە کوێدایە؟ بۆ ئەوەی جیهان وەک بابەتێک شتێکی شیاو بێت، پێویستە ئەوە فەرامۆش بکەین کە جیهان لە بنەڕەتدا بابەتێک بێت، بەڵکو ڕەهەندی پێش- بابەتی دەرکەوتنە، بەڵام ئەم فەرامۆشکردنە کارێکی دوورە دەست نییە لێمانەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی لەبەرچاوگرتنی جیهان وەک ڕەهەندێک بۆ دەرکەوتن، کار لە بایەخدانی ئێمە لە ژیانی ڕۆژانەدا ناکات. ئەوە هەموو جارێک ئەوە بە هۆشماندا ناهێنێت کە بەتەنگ ڕەهەندی دەرکەوتنەوە بین، چونکە ئێمە بە تەواوی بە هەڵسووڕاندنی کاروبارەکانی خۆمانەوە سەرقاڵین کە لە ڕەوشەکانی ژیانماندا، بە بەردەوامی تووشمان دەبن.

هەموو ڕەوشێک کۆمەڵێک ئەگەری زۆری هەڵسوکەوتکردنمان بۆ دەرەخسێنێت و بەناچاری دەمانخاتە بەردەم ئەرکی هەڵبژاردنی ئەگەرەکان کە لە هەناویدایە. کاتێک کۆمەڵە ئەگەرێک هەڵدەبژێرین و ساغیان دەکەینەوە، ئەمە واتای ئەوە نییە ئێمە لەو کاتەوە لە ناچاریتی هەڵبژرادن لەنێوان ئەگەرەکاندا ڕزگار بووین، هەموو ساغکردنەوەیەکی ئەگەرەکان ڕەوشگەلێکی هاوپێچ بە ئەگەرگەلێکی نوێ لەگەڵ خۆیدا پەلکێش دەکات، بەم جۆرە ئێمە لە دڵنیاییدا پاڵی لێنادەینەوە، چونکە ژیانمان لە هەموو کات و شوێنێکدا بۆ ئەگەرەکان دۆش داماوە. بوونی ئێمەی مرۆڤ هەرگیز بوونێکی وەدەستهێنراوی ئامادە نییە، بەڵکو بەردەوام بریتییە لە بوونی- شیاو(٧).

دوای ئەوەی لەپێشتر دوو جۆری بوونی شتەکانمان لێک جیاکردەوە، بوون- بۆ دەست و بوون- بۆ ئامادەگی، ئێستا خۆمان لەبەردەم بوونێکی تایبەت بە بوونی مرۆییماندا دەبینینەوە. جۆری ئەو بوونە تایبەتەی وجوودی مرۆییمان بریتییە لە بوونی شیاو. بابەتەکە لە هەموو شیکارییەکانی "بوون و زەماندا" پەیوەستە بە جۆرەکانی بوونەوە، هەر لەبەر ئەم هۆبەشە کە چەمکی (بوون) لە ناوونیشانەکەدا هاتووە.

لە ڕەوشەکان و ئەگەرەکانیاندا بە شێوەیەکی دەستنیشانکراو لە بوونی- شیاوەکیدا دەژین کە بوونی ئێمە دەکاتە بوونێکی تایبەت. هەموو ڕەوشەکانی ژیانی ڕۆژانە بە پەرێزی بەکارهێنان ئاشنامان دەکەن، واتە ئەو ئاسۆیەی کە لە سۆنگەیەوە لە شتەکان تێدەگەین. بەم جۆرەش جیهان بەنیسبەت ئێمەوە لە هەموو ڕەوشەکاندا دەنوێنرێتەوە. جیهان لە هەموو بارودۆخە جیاوازەکاندا ئەگەرگەلێک بۆ هەڵسوکەوتمان پێشکەش دەکات. بارودۆخەکان دەلاقەی ئێمەن بەڕووی جیهاندا، بەڵام جیهانیشمان لێ دەشارنەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی دەستەپاچەی ئەو ئەگەرانەمان دەکەن کە هەموو جارێک پێویستە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین. بوونمان بەهۆی فرەیی ڕەوشەکانەوە لە ئەگەرە زۆروزەبەندەکاندا پەرشوبڵاودەبێتەوە و بەهۆی ئەم پەرشوبڵاوییەشەوە لێوردبوونەوە و ئۆقرەگرتنی پێویستمان نوقسان دەبێت تا سەرنجی ئەوە بدەین کە بوونی ئێمە تەنیا کۆمەڵە ئەگەرێکی لێکتر جیاواز نییە، بەڵکو ئەم ئەگەرانە لە ناوەوەڕا پێکەوە بەستراون، چونکە بەگشتی هیچ نین جگە لە شێوە هەمەڕەنگەکانی تاکە بوونی- شیاوەکی، کە بوونمان بەگوێرەی ئەو دێتە ئاراوە.

ئەگەر بێتو خۆمان کۆبکەینەوە و لە بوونمان تێبگەین و وەک گشتێک وەدەستی بخەین وەک ئەوەی بوونێکی- شیاوی تەواوە، ئەوە بەوە ئاسۆی بوونی- شیاوەکیشمان وەک گشتێک بۆ دەکرێتەوە، ئەم ئاسۆیە بریتییە لە جیهان. ڕاستە جیهان لای ئێمە لە بوون- لە- جیهاندا بە چۆنیەتییەکی پێش- بابەتیبوون باو و ئاشنایە، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا لە ژیانی ڕۆژانەدا کۆمەڵە شتێک هەر لێمان شاراوە دەمێننەوە. بوونمان کراوەیە بەسەر ڕەهەندی دەرکەوتنی "جیهان"دا، چونکە ئێمە خۆمان لە دەوری تاکە بوونی- شیاوەکیمان و هەمەکییەکەی خڕ دەکەینەوە. بەڵام ئایا دەتوانین هەمیشە بەم واتەیە خۆمان کۆ بکەینەوە؟ ئایا دەتوانین ئەزموونێک بژین وامان لێبکات ئەوە ببینین کە بوونمان لە هەمەکیبوونیدا بریتییە لە بوونی- شیاوەکی؟

ئەوە بەکرداری شیاوە، چونکە بوونمان لە هەمەکیبوونیدا، لەلایەن ئەگەری مردنەوە لەژێر هەڕەشەدایە. لە ناو ئەو ئەگەرانەی کە لەبەردەمماندان، هەمیشە ئەگەرێکی دوورتریش لە کایەدایە، واتە: مەرگ؛ ئەویش ئەگەرێکی گەورەیە، چونکە هەڕەشە لەوە

دەکات کە هەموو ئەگەرەکانی تر بکاتە نا ئەگەر، واتە نەشیاو، بەم شێوەیەش وامان لێدەکات کە هەست بەوە بکەین بوونمان لە هەمەکیبوونیدا بریتییە لە بوونی- شیاوەکی. ئەو مەترسییە هەمیشەییەی کە مەرگ دەینوێنێت دەتوانێت لەوە ئاگادارمان بکاتەوە کە خۆمان لە ڕەوشە زۆرەکانی ژیانماندا کۆبکەینەوە، ئەگینا لەوە هەڵدێین کە بە ئارامی و خۆڕاگرییەوە ڕووبەڕووی تووشبوونمان بە مەرگ ببینەوە(٨)و لەبەرئەمەش ئێمە دەکەوینە ڕەوشەکانەوە، واتە خۆمان دەدەینە دەستیانەوە وەک چۆن ئالوودەبوویەک بە ماددە هۆشبەرەکان، یان خواردنەوە کهولییەکان خۆی دەداتە دەست قومێک، یان پێکێکی دیکە کە ڕێک لەم چرکەساتەدا پێویستی پێیەتی.

لە دڕدۆنگیدا (قلق) هەست بەوە دەکەین کە بوونمان لەلایەن ئەگەری گەورەی مردنەوە لەژێر هەڕەشەدایە، دڕدۆنگیش بارودۆخێکی دەروونی (ویژدانی)یە، لەمیانەیەوە، بە شێوەی پێش- بابەتیبوون، خۆمان لەبەردەم بوونمان- لە - جیهاندا وەک گشتێک، دەبینینەوە. ئەو جیهانە ڕۆژانەییەی کە تێیدا بە هۆگرییەوە هەستی پێدەکەین، بەیەک گورز بەلای ئێمەوە دەبێتە جیهانێکی پڕ لە ترس و بەم جۆرەش ئەو هەستەمان تێدەگەڕێ کە زەمین لەژێر پێیەکانماندا لێژ دەبێتەوە و جیهانیش لەدەستمان دەردەچێت. ئەم دۆخە ویژدانییە شاراوەیی بوونمان لە هەموو کاتێکدا دەنەخشێنێت، ئەگینا نامانەوێت هیچ کات لێیگەڕێین بەرەو ڕووکارەکە (السطح) هەڵکشێت.. پێویستە لەسەرمان بوێرییەک پیشان بدەین کە خۆمان ڕووبەڕووی ئەو هەڕەشەیە ببینەوە کە دڕدۆنگی دروستی دەکات، تا بوونمان لە کەوتن کۆبکەینەوە(٩). کاتێکیش لەسەر ئەمە مکوڕین، کە خۆمان بەجۆرێک گوزراشتی لێبکرێت، بەسەر جیهان لە هەمەکییەکەیدا دەکەینەوە، بەبێ بەبابەتکردنی. خۆڕاگریی(١٠) چەمکێکە بەم جۆرە ڕزگارمان دەکات تا بەسەر جیهاندا کراوە بین.

هیچ کەسێک ناتوانێت لە مەرگدا جێم بگرێتەوە، لێرەدا من دەبمە خودی خۆم، بەجۆرێک کە کەسێکی تر ناتوانێت قەرەبووم بکاتەوە، هەموو ئەوانەی بە من نامۆن لێم دەبنەوە و دەکەون بۆ ئەوەی ئەوانەی بە من تایبەتن، ئەوانەی لە مندا ڕەسەنن و ناکرێت ئاڵوگۆڕ بکرێن، زەق ببنەوە، کاتێکیش هەڵنایەم لەوەی بە من تایبەتە، واتە لەوەی لە مندا، لە بوونی خودی خۆمدا ڕەسەنە، ڕاناکەم، بوونم دەبێتە "بوونێکی ڕەسەن"(١١). لەگەڵ خۆڕاگریدا، واتە لەگەڵ بوێریی دڕدۆنگیدا "ڕەسەنایەتیم" ساغ دەبێتەوە. ئەوەی کۆسپ دێنێتە سەر ڕێی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا کە ئەگەر بتوانین گوزارشتی لێبکەین، بۆ جیهان وەک ڕەهەندی پێش- بابەتیانەی دەرکەوتن بکرێتەوە، بریتییە لە لەناوبردنی ڕەسەنایەتی، واتە بریتییە لە ساختەیی(١٢) یان کەوتن.

ئەو چەمکانەی کە لە کۆتاییدا خۆمان لە بەردەمیدا بینییەوە، تا ئەمڕۆ لای توێژەرانی هزری هایدگەر، بۆتە هۆی ترسناکترین شێوەکانی بەدحاڵیبوون. ئێمە دەستمان دەگات بە ڕەسەنایەتی بوون بە سایەی خۆڕاگرییەوە، واتە ئامادەگی بە هۆشیارییەوە بۆ هەڵگرتنی دڕدۆنگی لەهەمبەر مەرگەوە، ئەوەش ئەو بۆچوونە دێنێت بە بیردا کە هایدگەر مرۆڤ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بێهوودەیی مەرگ بانگهێشت دەکات، بەوەی دان بەخۆیدا بگرێت و بە مەردایەتییەوە حەوسەڵەی بکات. لەبەرئەمە "بوون و زەمان" بۆ ماوەی چەند دەیەیەک وەک کەڵکەڵەیەکی بوونگەرایی پاڵەوانبازی تێیگەیشتراوە، ئەو مرۆڤەی کە بەشێوەیەکی مەردانە بایەخی خۆی لەسەر تاکە ئەرکێک، کە ئەویش حەوسەڵەکردنی تووشهاتنیەتی بە مەرگ، چڕ دەکاتەوە، بێ دەروەستە لە ئاست ئەو کاروبار و شتانەدا کە خەڵکی لە ژیانی ڕۆژانەیاندا پێداگرییان لەسەر دەکەن. ژیانی ڕۆژانە وابەستەی جیهانە، چونکە لە ڕەوشەکاندا قایم کراوە. لێرەوە دەردەکەوێت ئەم وابەستەییە بە جیهانەوە هەموو بایەخێک بەنیسبەت خۆڕاگریی پاڵەوانییانەوە لەدەست دەدات. بەرمەبنای ئەمە دەردەکەوێت کە خۆڕاگری، بە پێچەوانەی بانگەشەی هایدگەرەوە، بوون بەسەر جیهاندا ناکاتەوە، بەڵکو لێی جیا دەکاتەوە.

جگە لەوەش ئەم لێکدانەوەیە ئەوە فەرامۆش دەکات کە مەرگ بەلای ئەو بوونەوە کە خۆڕاگریی هەڵبژاردووە واتای چییە، کە ئەوە گوڕوتینی ئەوەی پێدەدا خودی خۆی وەک بوونێکی- شیاوەکی کۆبکاتەوە. لەگەڵ ئەم کۆکردنەوەیەدا ئەگەرەکانی بوونی ڕۆژانەی گرێدراوی ڕەوشە دیاریکراوەکان بایەخی خۆیان لەدەست نادەن، بەڵکو بەپێچەوانەی ئەمەوە، ئاماژەیەکی دوو هێندەبوو

وەدەست دەخەن، چونکە ئێستا بەشێوەیەکی گوزارشت لێکراو، بە تێڕوانین لە گشتەوە تێدەگات. بە سایەی خۆڕاگرییەوە تیشکی ڕووناکییەکی نوێ دەکەوێتە سەر هەموو ڕەوشەکانی ڕۆژانە، ئەوە ڕووناکیی دوای دەرکەوتنی(جیهان)ـە.

تێگەیشتنی هەڵە لە "بوون و زەمان" وەک گوزارشتێک لە بوونگەرایی پاڵەوانبازی لەم ماوانەی دواییدا بووە مایەی دەرکەوتنی لێکدانەوەیەک کە بە توندی بەرهەڵستی ئەم تێگەیشتنەی دەکرد. بەم جۆرەش هەندێک بانگەشە دەکەن بۆ کەمکردنەوەی بایەخدان بە تیوری خۆڕاگری و بوونی ڕەسەن، کە وای پیشان دەدەن تیورێکی ناکۆکە و بۆ کورتبوونەوە لە شیکاریی بوون- لە- جیهانی ڕۆژانەدا. وا دەردەکەوێت ئەم شیکارییە فەزیلەتێکی گەورە دەرەخسێنیت، کە لەوەدا ڕوون دەبێتەوە ڕێک وەسفی پێوەندی ئەمرۆی مرۆڤ بە جیهانەوە دەکات، جیهان لە سەدەی بیستەمدا بووە هاوتای تاکە پەرێزی بەکارهێنان و هیچ شتێک نەمایەوە کە جێی بایەخی مرۆڤ بێت تەنیا ئەوە نەبێت کە وەزیفەیەک لە وەدەستهێنانی خۆشگوزەرانیدا، جێبەجێ بکات.

بەپێی ئەم ئاراستەی لێکدانەوەیە، هایدگەر وەک بیرمەندێک دەردەکەوێت کە فەلسەفیانە ئەم وەزیفەیە پیرۆز دەکات؛ ئەو ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە تێگەیشتنی وەزیفی بە تەواوترین شێوە شیاوی بوونی شتەکانە، لەبەرئەوەی بوونیان لە بنەڕەتدا لە بوون- بۆ دەست زیاتر هیچی دیکە نییە. لەسەرووی ئەمەشەوە دانانی جیهان تەنیا بە کۆگای بابەتە شیاوەکان بۆ بەکارهێنان نە دەبێتە گوزارشتێک بۆ خراپ بەکارهێنانی شتەکان و نە پەرەسەندنی مێژوویی نیگەتیڤ، بەڵکو ئەوە هیچ نییە جگە لە بەرەنجامێک کە وابەستەی ئەوەیە لە بنەڕەتدا گشت واتای خۆی لە تێڕوانین لە بەکارهێنانەوە وەردەگرێت. لەم دیدگایەوە، سەرباری ئەوانە، هایدگەر لە ڕێگایەکدا نییە جیاواز لە ڕێگای فەیلەسووفەکانی پراگماتیزم لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا، کە پێشتر لە کاتێکی زوودا، ئەوەیان ڕوونکردبووەوە ئاماژەکانی شتەکان تەنیا پراگماتیکیانە نەبێت، ناکرێت لێیان تێبگەیشترێ، واتە بە تێڕوانین لە چۆنیەتی بەکارهێنانیانەوە. بەم جۆرە کاتێک هایدگەر لە بارگرانیی بوونگەرایی پاڵەوانبازیی ڕەسەنایەتی ڕزگار دەکرێت، وەک وەزیفەگەرا، یان پراگماتییەکی ئەم دواییانە دەردەکەوێت.

بەڵام ئەم جۆرە خوێندنەوەیەی "بوون و زەمان" ڕاستی نەپێکاوە، هایدگەر هەرگیز بانگەشەی ئەوەی نەکردووە کە تەنیا یەک چۆنێتی بۆ بوونی شتەکان هەیە، ئەویش بریتییە لە بوونیان- بۆ دەست لە پەرێزی وەزیفیی بەکارهێناندا و جیهانیش هیچ نییە جگە لەم پەرێزی بەکارهێنانە. جیهان و شتەکان بەم جۆرە دەرناکەون تەنیا لەلای بوونێکی ساختەی ژیانی ڕۆژانەدا نەبێت، وەلێ خۆ ئەگەر بەسایەی خۆڕاگری لەسەر ڕەسەنایەتییەوە، کرانەوەیەکی نوێ بەسەر جیهاندا بەدی بکرێت، ئەوە بەو هۆیەوە بوونی جیهان و شتەکان بەشێوەیەکی تەواو نوێ دەردەکەون. بەم جۆرە تیوری ڕەسەنایەتی لەپێناو تێگەیشتنێکی دروستی "بوون و زەمان"دا، ناچارییە و دەربازبوون لێی نەشیاوە.

ئەم بە هەڵە تێگەیشتنانە دەگەڕێنەوە بۆ هۆکارگەلێک، لەوانە هایدگەر هێشتا لەم کتێبەیدا، بەشێوەیەکی باش چۆنیەتی دەرکەوتنی جیهان و شتەکانی لەلای بوونی ڕەسەن، نەخستۆتەڕوو. ئەو نەیتوانی ئەمە بکات، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە لەمیانەی پەرەسەندنی دوای "بوون و زەمان"یەوە و لە چوارچێوەی هەوڵێکی نوێیدا، بایەخدانی خۆی ئاراستەی ئەو پرسیارە کرد: چۆن چۆنی پێوەندی مرۆڤ بە جیهانەوە لەو سەردەمانەدا کە لە مێژووی ئێمەدا جیاواز بوون، گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە؟ تێگەیشتنی ڕۆژانە لە جیهان کە تێیدا جیهان وەک پەرێزێک بۆ ئەوەی بۆ دەستە، دەردەکەوێت، لەم سەروبەندەی ئێمەدا قەبە دەبێت، بەهۆی ئەوەی کە شێوەی مامەڵەکردنی وەزیفی لەگەڵ ژینگەدا وەردەگرێت. خۆ ئەگەر بمانەوێت بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ ئەوە دیاری بکەین کە جیهان لەلای بوونی ڕەسەن چۆن تێیدەگەیشترێ، ئەوە لێرەوە ئێمە ئەرکی گەڕان بەدوای دەرچەیەکی مێژوویی بۆ دەرچوون لە وەزیفەخوازی، دەخەینە ئەستۆی خۆمان. ئێمە پێوەندی وەزیفەخوازی بە جیهانەوە وەک ساختەیی تەواوی سەردەمەکە، واتە ئەم زەمەنەی کە تێیدا دەژین، دادەنێین، بەوەش خۆڕاگری دەبێتە ئامادەکارییەک بۆ زەمەنێک کە تێیدا سەردەمی ڕەسەنایەتی دێتەدی.

لەمەوە سێ پرسیار لەدایک دەبێت: **یەکەم:** لەکوێدا ساختەیی سەردەمەکەمان خۆی حەشارداوە ئەگەر لە نزیکەوە سەرنجمان دا؟ واتای چییە کە جیهان و شتەکان تەنیا و تەنیا ببنە "سامانێک" بۆ بەکارهێنانی وەزیفی؟ **دووەم:** لەکوێدا پشتگوێخستنی ئەم پێوەندییە بە جیهانەوە لە جوغزی ڕەسەنایەتییەکی نوێدا، دەرکەوت دەکات؟ **سێیەم:** ئەگەر بێتو زەمەنی ئایندە بۆ سەردەمی ڕەسەنایەتی جێی ئومێد بێت و شیاو بێت، کەواتە لە وەها سەردەمێکدا جیهان چۆن دەردەکەوێت و شتەکان چۆن بەشێوەیەکی پۆزەتیڤ دەردەکەون؟

لە پرسیاری یەکەمەوە دەست پێدەکەم: بە چ شێوەیەک شتەکان دەردەکەون کاتێک بەشێوەیەکی وەزیفی لە جیهان تێدەگەین؟ پێشتر وتم کە بوون- بۆ دەست دەبێتە تاکە چۆنییەتییەک بۆ هەموو ئەوانەی لە جیهاندا ڕێکەوتیان دەکەین. ئەمەش واتە: ئێمە دان بەوەدا نانێین کە بوونی شتەکان دەتوانێت لە بەکارهێنانمان ڕزگاری ببێت و بواری بۆ هەر جۆرێک لە سەربەستی خودی بۆ بهێڵرێتەوە، لەبەرانبەر بەدەستەوەگرتنی ئاراستەکراوی خاپوورکەرماندا. ئەمە بۆ ئەو شتانەش کە ئێمە خۆمان بەرهەمیان دێنین، یان ئەوانەی کە لە سروشتدا نەشونما دەکەن، وەک یەک ڕاستە. هەر بۆ نموونەی ئەم پۆلەی دواییان درەخت لە مامەڵەی وەزیفی لەگەڵ جیهاندا، هیچ بایەخێکی نامێنێتەوە و نییە تەنیا وەک بابەتانێک نەبێت، بۆ بەدەستهێنانی نیازێکی بەکارهێنان، بۆ نموونە کاتێک وەک دارستانێک بەشداریی لە حەسانەوەی سەیرانکەران و گەشتیاراندا دەکات، یان کاتێک وەک ڕووەکێکی جوانکاری چێژێکی جوانناسیمان پێدەدا، یان کاتێک وەک تەختە بۆ پیشەسازی کەلوپەل دەقۆزرێتەوە.

لەسەرووی ئەمەشەوە جوانی درەختێک، یان توندوتۆڵی پارچە کەلوپەلێک لە درەخت گرێدراوی ئەوەن کە وەها شتانێک (زێدەبەهایی)ـەکیش لەخۆ دەگرن، کە دەیانکاتە شتێکی (زیاتر) لەوەی تەنیا شتێک بن لەڕووی وەزیفییەوە لەژێر هەڵسوکەوتی ئێمەدا بوونیان هەبێت. ئەم (زێدەبەهایی)ـە بریتییە لەوەی کە بۆ نموونە شتەکە، یان درەختەکە، یان تەختەکە، لە خۆیدا سەربەخۆیە(١٣)، ئەم لەخۆدا سەربەخۆبوونە بابەتێکی تایبەتە و مامەڵەی وەزیفی لەگەڵ شتەکاندا نایگرێتەوە. بەدڵنیاییەوە درەختەکە لە بەردەستماندا دەبێت کاتێک لەسەر شانۆی جیهان دەردەکەوێت، واتە لە ڕووناکی ڕەهەندی دەرکەوتندا. وەلێ ئەمە واتای ئەوە نییە بە دەرکەوتنەکەی بە تەواوی خودی خۆیمان ڕادەست دەکات. دەرکەوتنی درەختەکە ئەوەشی لەگەڵدایە کە لەمیانەی ئەم دەرکەوتنەوە بە جۆرێکی تەمومژاویش بەسەر خۆیدا دەشکێتەوە. بەم هۆیەشەوە لەخۆیدا سەربەست دەبێت و دارای سەربەخۆیی و جێگیریی ناوەکی خۆی دەبێت و بوونی خۆی لە بواری قەڵەمڕەوی وەزیفیمان دەکشێنێتەوە. لەبەر ئەم هۆیە هەمیشە تا ئەو ڕادەیە خۆی پتەو دەکات، کە کەسێکی هەست ناسک ناتوانێت درەختێکی کۆن ببڕێتەوە.

هەموو ئەمانە بۆ ئەو شتانەش کە خۆمان بەرهەمیان دێنین دروستن، لە ڕاستیدا ئەوانە نابنە مایەی خۆشحاڵیمان تەنیا ئەوکاتە نەبێت کە بەکارهێنان سەرتاپا بوونیانی نەگرتۆتەوە. بۆ نموونە ئەمە لە شکۆ(١٤)دا دەردەکەوێت کە ڕێگریمان لێدەکات لە ڕووخاندنی خانوویەکی کۆن. ئەم شکۆیە لەهەمبەر بوونی شتەکە لە خۆیدا، ون دەبێت کاتێک هەموو ئەو شتانەی کە دروستیان دەکەین، بەرهەمهێنراوێکن ئاراستەی "بەکاربردنێکی دەستوبرد" دەکرێن. جیاوازی نێوان بەکارهێنان و بەکاربردن هەمیشە زیاتر و زیاتر، لە کۆمەڵگەی ئێستادا، کە تێیدا بە خێرایی لە شتە بەکارهێنراوەکان ڕزگاردەبین و فڕێ دەدرێن، کەم دەبێتەوە(١٥).

ئەو پارێزگاریکردنە میهرەبانانە لە شتەکان لەمیانەی بەکارهێناندا دەگۆڕێت بۆ بەکاربردنێکی پەتی، کە وێرانی دەکات و وای لێدەکات زوو، یان درەنگ بگۆڕێت بۆ خاشاکێک. کاتێک بێ کێشە هەڵسوکەوت بە شتەکانەوە دەکرێت، ئەوەی کە ناتوانین تێیدا بیگرین و ئەوەی بە سایەیەوە لە خۆیدا ئۆقرە دەگرێت، لەناودەچێت، واتە بەسەر خۆدا شکاندنەوەکەی، کە بە سایەیەوە لە بەدەستەوە گرتنمان خۆی دەکشێنێتەوە، لەدەست دەدات. ئەم کشانەوەیە لە بوونی شتەکاندا شکۆیەک بە ئاگا دێنێت کە لە مامەڵەکردنی وەزیفی لەگەڵ شتەکاندا، لەناودەچێت.

ئەمە بەشێوەیەکی دیاریکراو لەوەدا دەردەکەوێت کە ئێمە لە میانەی ئەم مامەڵەوە لە ئاست شتەکاندا ناوەستین. ئەمە دیاردەیەکە کە پێشتر لە بەکارهێنانی

ڕۆژانە بۆ دەستدا، سەرنجمان دا. ئێمە ئاگامان لەو شتانە نابێت کە بۆ دەستن، مادام لە بەرکارهێناندا چاکن، ئەمەش واتە بایەخدانمان پێی زوو تێپەڕ و کورتخایەنە. شت سەرنجی لێنادرێت تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە ئاستەنگێک دەکەوێتە بەکارهێنانییەوە. ئەم پێوەندییە بەو شتانەوە کە بۆ دەستن، لەمڕۆدا تا ئەو ڕادەیە درێژ بۆتەوە کە هەموو ئەو شتانەش بگرێتەوە کە بەگشتی لە جیهاندا ڕێکەوتمان دەکەن. گشت لە ڕووناکی وەزیفەیەکدا دەردەکەوێت، وەلێ ئەم دەرکەوتنە لەوەدا خۆی حەشارنەداوە کە خۆی و لە خۆیدا خاوەنی قەوارەیەکی سارده، بەڵکو لەوەدایە کە لە بەکارهێنان خۆی بدزێتەوە. بەکارهێنانی شتەکان واتای ئەوەیە کە هیچ هەلێکیان پێنادەین تا وەک ئەوەی شتانێکی دامەزراو و سەربەخۆ لە خۆیاندا لێیان بڕوانین کە تێیدا تێڕامانێکی پێوانەکاری بۆ پاڵپشتکردنیان دەبینرێتەوە. ئەوەی لە میانەی مامەڵەی وەزیفیدا سەرنج ڕادەکێشێ بریتییە لەوەی کە پێویستە چاکسازی تێدا بکرێت، یان قەرەبوو بکرێتەوە، بەڵام واتای ئەم ڕێوشوێنانە ڕێک لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە سەرلەنوێ شتەکان وا لێبکرێنەوە نەبنە جێی سەرنج، واتە لەمیانەی بەکارهێنانەوە دووبارە نائامادەگییان بەرهەم بهێنرێتەوە.

ئەو کشانەوەیە کە سیمای بوونی شتەکانە دەیانکاتە شتانێکی دامەزراو لە جێگیرییە ناوەکییەکانی خۆیاندا، بەوەش بەرهەڵستی ئامادەگی تەواوەتییان لە بەکارهێناندا دەکەن. ئەم کشانەوەیە هەمیشە دەرکی پێناکرێت و دەرناکەوێت، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا مومارەسەی جۆرێک لە کاریگەری دەکات لە ڕێگەی شتێک لەو شکۆیەوە کە مرۆڤ لەهەمبەر شتەکاندا هەستی پێدەکات و بەتەواویش ناکەوێتە ناو خانەی لەبیرکردنەوە، تەنیا لەچوارچێوەی مامەڵەیەکی وەزیفیدا نەبێت لەگەڵ شتەکاندا. لە ڕاستیدا ئەوەی لەگەڵ نائامادەگی کۆی شتەکان لە بەکارهێنانی سەراپاگیری وەزیفیدا غیابی دەبێت بریتییە لە خودی کشانەوە. دەرنەکەوتنی کشانەوە زیاتر دەبێت و دەبێتە شاراوەبوونی سەراپایی. لە دەرنەکەوتنیدا، هەر لە سەرەتاوە کشانەوە بەرەو ئەوە دەڕوات بەرەو ئەم شاراوەییە بکشێتەوە. کشانەوەی کشانەوە لەخۆیدا لە مامەڵەی وەزیفی لەگەڵ شتەکاندا دەگاتە ئەوپەڕی خۆی، بەجۆرێک کە خەڵکی هەر بیرۆکەیەکیش لەو بارەیەوە لەدەست دەدەن کە شتێکی وەک کشانەوە بوونی هەیە. لەبەر ئەمە ئەوەی لەبارەی کشانەوەوە بدوێت دەشێ ڕووبەڕووی ئەو تۆمەتە ببێتەوە کە تارمایی بینیوە.

شتەکان دەلاقەمانن بەسەر جیهاندا. بەهۆی شاراوەبوونی ڕیشەیی کشانەوەوە لەمیانەی مامەڵەی وەزیفییەوە لەگەڵ شتەکاندا، شتەکان جێگرییە ناوەکییەکەی خۆیان، کە دەکرێت لە ئاستیدا هەڵوەستە بکەین، لەکیس دەچێت و بەوەش جیهانیش جێگیریی خۆی کە بە سایەیەوە زامنی بە بوونمان دەدات، لەدەست دەدات. بەم جۆرەش بنچینە توندوتۆڵەکەی جیهان دەبێتە خەرەندێک(١٦) کە لە هەمبەریدا هەست بە دڵتەنگی دەکەین. سڵەمینەوە لەم دۆخە دڕدۆنگیمان تێدا دەوروژێنێت، بەڵام ئەمە دڕدۆنگییەکە ناتوانین سەرچاوەکەی دەربخەین، چونکە ڕیشە ڕاستەقینەکەی، کە بریتییە لە نائامادەگی کشانەوە لە شاراوەییەکی تەواودایە، ڕێک بەهۆی ئەم شاراوەییەشەوە لای ئێمە، بە نادیاری دەمێنێتەوە.

ئەم دڕدۆنگییە کە لە ڕاڤەکردن و لەسەرووی وەسفکردنەوەیە دوورە، لەم سەدەیەماندا بەهۆی زمانەوە دەگوێزرێتەوە و زۆرجاریش لە بەرهەمە ئەدەبییەکانی ئەم سەردەمەماندا گوزارشتی لێکراوە. ئەوە دڕدۆنگییەکە بۆ لەکیسچوونی ئەو نیشتیمانەی کە پەیوەستە بە مرۆڤەوە بەگشتی، واتە جیهان وەک ڕەهەندی دەرکەوتنی پەیوەند بە بوون- لە- جیهاندا، بەڵام ئێمە هەمیشە لە هێماکانی ئەو تەنگەبەرییە تێناگەین کە بەهۆی ئەم لەدەستدانەی نیشتمانەوە، بەم واتایە، تێی کەوتووین، چونکە ئەوەی پێوەندیی وەزیفی بەجیهانەوە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە لە بنەڕەتدا ئەم هێمایانە وەک کۆمەڵە خەوشێک (خلل) لێکدەداتەوە. بەم جۆرە ئێمە بۆ نموونە، نیشانەکانی وێرانکردنی ژینگە تەنیا وەک خراپکارییەک دادەنێین کە لەسەرمان پێویستە لەداهاتوودا، لەڕێگەی باشکردنی پێشبینییەکانمانەوە، چاکی بکەینەوە و نەیهێڵین، ئەمەش واتە وەک خەوشگەلێکی وەزیفی بۆمان دەردەکەون کە تەنیا بۆ ئەوە بوونیان هەیە وەلابنرێن و بسڕدرێنەوە. بەوەش لە ڕووی بنەماییەوە دەرچوون لە ئاستی تێگەیشتنی وەزیفی لە جیهان، نایەتەدی.

لەدەستدانی جیهان بەشێوەیەکی تێبینی نەکراو

ڕوودەدات بەڕادەیەک هاوارەکانی ئاگادارکردنەوە، کە لە گەرووی خەڵکانێکەوە دێتە دەرێ کە ترسێکی زۆریان لێنیشتووە، لەبەردەم هەمووواندا وەک کەڵکەڵەیەکی هستیری دەردەکەوێت. ئیدی لەسایەی ئەم هەلومەرجەدا، چۆن دەتوانرێت ئەو تەنگەبەرییەی کە لەو لەکیسچوونە نوێیەی نیشتمانەوە کەوتۆتەوە، ببێتە بابەتێکی تێبینیکراو، ئەمە یەکەم، دووەمیش ببێتە پاڵنەرێک بۆ گەڕان بەدوای دەرچەیەکدا بۆ دەرچوون لە پێوەندی وزیفی بە شتەکانەوە؟ لێرەشەوە دەگەینە پرسیاری دووەم کە کەمێک پێشتر خستمەڕوو: لەکوێدا دەربازبوون لە ساختەیی ئەم پێوەندییە لە چوارچێوەی ڕەسەنایەتییەکی نوێدا، خۆی دەنوێنێت؟

ئێمە بەسایەی خۆڕاگرییەوە دەستمان بە ڕەسەنایەتی دەگات، واتە بوێری بۆ دڕدۆنگی و جوامێریی دڕدۆنگبوون. لە دڕدۆنگیدا هەست بەوە دەکەین کە چۆن بوون- لە- جیهاندا لە ئێمە دەترازێ بۆ عەدەم. ئەم ترازانە هەموو زامنییەک لە بوونمان دەکشێنێتەوە. عەدەم بەم شێوەیە وامان لێدەکات لە دۆخی دڕدۆنگیدا بین، چونکە ناتوانین دەستی پێوە بگرین وەک چۆن دەست بە بابەتەوە دەگرین. عەدەم لە تەوژمێکی نەبینراو دەچێت کە لە گێژاوێکدا هەموو ئەو شتانەی لەسەر ڕووی ئاوەکە دەردەکەون بەرەو چاڵەپێچییەکە بەکێش دەکات. هەر بەم جۆرەش عەدەم شتەکانمان لێدەکێشێتەوە و لەمیانەی ئەوەشەوە وەک ڕاکێشەرێکی نەبینراو، شاراوە، دەمێنێتەوە. ئەمەش جگە لەو کشانەوەیەی کە خۆی بۆ شاراوەیی دەکشێنێتەوە، شتێکی دیکە نییە. عەدەم کە هەموو بوونمان- لە- جیهاندا دەهەژێنێت هیچ نییە جگە لە ناوێکی تری ئەو کشانەوەیەی کە خۆی دەکشێنێتەوە. هەروەک ئەوەی پیشاندانی بوێری بۆ دڕدۆنگی لەهەمبەر عەدەمەوە واتای هیچ شتێکی دیکە نییە جگە لە ئامادەکارییەک بۆ قەبووڵکردنی کشانەوە.

پێشتر بینیمان حەوسەڵەکردنی دڕدۆنگی لەچوارچێوەی خۆڕاگریدا بوونمان بەسەر جیهاندا دەکاتەوە و ئێستاش ئەوە ڕوون دەبێتەوە لە کوێدا ئەم کرانەوەیە، بە پۆزەتیڤی خۆی دەنوێنێت. ئەمەیە وامان لێدەکات بتوانین سەرنجدانمان لە شتەکان بەجۆرێک بگۆڕین کە لەسەریان هەڵوەستە بکەین. ئەم سەرنجدانە بریتییە لە شکۆ لەهەمبەر ئۆقرەگرتوویی شتەکان لە خۆیاندا، کە لەوەی دەپارێزێت لە بەکارهێنانی وەزیفیدا گوم بن. ئەم شکۆیە بەسایەی ئامادەییەوە بۆ قەبووڵکردنی کشانەوە، شیاو دەبێت، ئەم ئامادەییە لەگەڵ بوێریی بۆ دڕدۆنگیدا، هەماهەنگ دەبێت. بەم جۆرە دووپاتی پێوەندی نێوان خۆڕاگری و کرانەوە بۆ جیهان دەکرێتەوە، ئەمەش ئەو پێوەندییەیە کە ئاراستەی لێکدانەوەی "بوون و زەمان" وەک بوونگەرایی پاڵەوانبازی، نکوڵی لێدەکرد.

بەڵام ئەوە چییە ڕێمان پێدەدات ئەو حەقە بە خۆمان بدەین کە نێوان کشانەوە کە توندوتۆڵی سەربەخۆیی شتەکان لە خۆیاندا بۆ شتەکان مسۆگەر دەکات و عەدەم کە لەمیانەی دڕدۆنگییەوە لە هەموو زامنییەکی جێگیر ڕووتمان دەکاتەوە، یەک بخەین؟ ئەم تەوژمی عەدەمە، کە وا لە جیهان و شتەکان دەکات بەشێوەیەکی تۆقێنەر لێمان بترازێن، چۆن دەتوانێت، وەک کشانەوە، ڕێک و ڕەوان ببێتە ئەوەی کە شتەکان لە پێوەندی وەزیفیدا بە جیهانەوە لە لەناوچوون دەپارێزێت و وایان لێدەکات وەها دەرکەون کە لەخۆیاندا سەربەخۆن؟ ئایا لێرەدا بابەتەکە لە ناکۆکیدا نییە؟

ئەم ڕەوشە بەو ڕادەیەش نامۆ نییە کە لە یەکەم سەرنجداندا دەرکەوێت. با وێنای خواحافیزی میوانێکی ئازیز بکەین لە وێستگەدا کە لە شەمەندەفەرە جووڵاوەکەوە بۆ ماڵئاوایی هەر دەستمان بۆ هەڵدەبڕێت، تا وای لێدێ لە بەرچاومان دەکشێتەوە و ون دەبێت. لەم خۆکێشانەوەی پەیوەست بە ماڵئاواییدا، لە غیابیدا دوور لە ئێمە، دەکرێت بەشێوەیەکی ڕوونتر و جێگیرتر ئەم کەسەمان بۆ دەرکەوێت وەک لەوەی لە نزیکمانەوە دەردەکەوت. زۆرجار ڕوودەدات کە مرۆڤێک بەلای ئێمەوە لە شێوە ناوەکی و دەرەکییەکەیدا مۆرکێکی ڕەگداکوتاو وەرناگرێت تەنیا لە کاتی مردووییدا نەبێت، واتە ئەو کاتەی کە بەتەواوی خۆی لە نزیک ئێمە دەکشێنێتەوە. گریکەکان، لە ماوەی سەردەمی کلاسیکی ئەسینادا، بەشێوەیەکی ڕوون گوزارشتیان لەم پێوەندییە بەیەک ناکۆکەی نێوان کشانەوە و دەرکەوتن کردووە لە گەواهییەکانی گۆڕەکانیاندا کە لێکچوو نین. عەدەم لە دەرکەوتندا، ئەو کشانەوەیەیە کە دەبێتە مایەی دڕدۆنگیمان و لە هەموو ئەزموونەکانی ماڵئاوایی و لەدەستداندا دەمانهەژێنێت، بە لێسەندنی ئەوەی لە نزیکمانە واز ناهێنێت، بەڵکو دەشتوانێت شتێکمان

بداتێ: عەدەم ئەو لێ کشێنراوەمان بە جۆرێکی زیادەوە بۆ دەردەخات. ئەم زێدە دەرخستنە بریتیشە لە چاوگێکی جوان لە هونەری باڵادا.

بەمەش دەتوانین بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری سێیەم ڕاگوزەرێین: چۆن جیهان و شتەکان لە زەمەنی ئایندەدا دەردەکەون کە تێیدا سەردەمی ڕەسانەیەتی لە ئارادابێت؟ چۆن خۆیان پیشان دەدەن کاتێک بە زیادەوە، بەسایەی ئامادەییەکی نوێوە بۆ قەبووڵکردنی کشانەوە، دەردەکەون؟ دەمەوێ بە دەرکەوتنی جیهان دەست پێبکەم تا دوای ئەوە بۆ دەرکەوتنی شتەکان ڕابگوزەرێم.

جیهان بریتییە لەو ڕەهەندە کراوە ڕۆشنەی کە ڕێگە بە دەرکەوتن دەدات. ئەگەر بێتو بەراوردی کرانەوە ڕۆشنەکەی ئەم ڕەهەندەمان بە ڕووناکی کرد، ئەوە عەدەم دەبێتە ئەو تاریکاییە داخراوەی کە بوونمان تاریک دەکات و لەمیانەی دڕدۆنگییەوە دەیکاتە شەوەزەنگ. مرۆڤ دەتوانێت وادانێت کشانەوە، تەوژمی عەدەم، پێویستە ڕووناکی جیهان هەڵمژێت، هەروەک چۆن کونەڕەشە لە گەردووندا(١٧) هەموو ڕووناکی هەڵدەمژێت. وەلێ لێرەدا ئێمە بەر ئەم بابەتە سەرسوڕهێنەرەی پەیوەست بە بوونی بەشەری، دەکەوین. ئەوەش وەک بوون- لە- جیهاندا لە هەڵهاتنی ڕووناکی دوای دەرکەوتنی: (جیهان)دا، خۆی حەشارداوە. لەگەڵ لەدایکبوونی هەر مرۆڤێکدا ئەو بابەتە سەرسوڕهێنەرە ڕوودەدات کە لەوەدا خۆی دەنوێنێت ئەو تاریکاییە داخراوەی کشانەوە ڕێگە دەکاتەوە بۆ ڕەهەندە کراوە ڕۆشنەکە کە پێی دەڵێین جیهان. کشانەوە دەکشێتەوە دواوە لەپێناو هەڵهاتنی جیهاندا. ئەمە ڕواڵەتێکی دیکەی شاراوەیی کشانەوەیە. کشانەوە خودی خۆی دەکشێنێتەوە، لە زوڵمەتی تایبەت بەخۆیدا خۆی دەشارێتەوە تا ڕێگە بە دەرکەوتنی شتەکان، واتە بە هەڵهاتنیان لە ڕۆشنایی کراوەی جیهاندا، بدات.

ئەم ڕەوشە بەر لە هەموو فەلسەفەیەک، لای ئێمە بەشێوەیەکی تەواو لە گەشەی ڕووەکەکاندا و لە سەرووی ئەوەشەوە لە بەدیارکەوتنی هەر زیندەوەرێک لە جیهاندا ئاشنایە، ئەوە لێکەوتنەوەی زیندەوەرە لە زەمینەوە. زەمین ئەو داخراوییەیە کە لە پەناگە تاریکەکەی خۆیەوە ڕێگە بۆ دەرکەوتنی زیندەوەر و گەشەکردنی زیندەوەر دەکاتەوە، بەجۆرێک کە دەتوانێت بەرەو باڵاتر ئاراستەی بکات، واتە بەرەو ناو ئەو فەزا کراوەیەی بواری ڕووناکی کە ناوی دەنێین ئاسمان.

لە پێوەندی ئاسمان و زەمیندا بەشێوەیەکی دیاریکراو ئەزموونی ڕێگاخۆشکردن بۆ ڕەهەندی دەرکەوتن، ژیان دەکەین، واتە ڕەهەندی دەرکەوتنی: جیهان بە دەست پێکردن لە کشانەوەوە. نابێ لەم دوو لایەنە(١٨) وەک دوو بابەتی گەورە تێبگەین، بەڵکو لەبەرچاوگرتنیان وەک دوو ڕەهەندی بنەڕەتییانەی بەیەکگەیشتنی دەرکەوتن. ئەو بوارەی، ڕەهەندەی، کە بەسایەی ئەم بەیەکگەیشتنەوە دروست دەبێت، جگە لە جیهان شتێکی دیکە نییە. جیهان خۆی وەک کارلێکی نێوان ئاسمان و زەمین لەخۆیدا ئەو پێوەندییە ناکۆکیئامێزەی نێوان کشانەوە کە دەپارێزرێت و ڕێگەکردنەوە بۆ ڕەهەندی دەرکەوتن بەدەست پێکردن لە کشانەوەوە، لەخۆ دەگرێت.

لە بوونی ساختەی ڕۆژانەدا ئەوە لە ئێمە بە شاراوەیی دەمێنێتەوە کە جیهان وەک کارلێکی ئاسمان و زەمین بریتییە لە دەرکەوتنی ئەو پێوەندییە، ئەوە دەرناکەوێت تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە لە چوارچێوەی ڕەسەنایەتیدا، تووشهاتنمان بە مەرگ دەخەینە ئەستۆی خۆمان و بەسایەی بوێری بۆ دڕدۆنگییەوە ئامادەی قەبووڵکردنی کشانەوە دەبین. جیهان وەک بەیەکگەیشتنی ئاسمان و زەمین دەرناکەوێت تەنیا لەلای ئەو کەسانە نەبێت کە دەرگیری مەرگ دەبن، ئەوانەی کە لە خۆیان، بە گوزارشت لێکراوی، وەک دەرگیرانی مەرگ، تێدەگەن، ئەوانەی کە بەوە توانای ئەوەیان دەبێت لە بەرکارهێنانی وەزیفی سانای شتەکان دەستهەڵگرن و خۆیان تێیاندا کۆبکەنەوە، واتە تەنیا لەلای خەڵکانی تووشهاتووی مەرگ نەبێت، بەم واتا پڕاوپڕەی وشەکە، ئەو پێوەندییە دەرناکەوێت. لەبەرئەمە ئەوەی گریکە کۆنەکان، ئەوانەی خەڵکانیان بە دەرگیرانی مەرگ ناوزەد دەکرد، جیادەکاتەوە ئەوەیە کە ئەوان لە هەموو شتەکان بە تێڕوانین لە کارلێکی ئاسمان و زەمین تێگەیشتوون.

بەوە ئەوە ڕوون بۆتەوە کە تەنیا ئاسمان و زەمین وابەستەی ئەزموونی ڕەسەنی جیهان نین، بەڵکو خەڵکیش وەک دەرگیرانی مەرگ، کە بەلایانەوە کارلێکی نێوان ئاسمان و زەمین ڕوودەدات، دەگرێتەوە. کاتێک دەرگیرانی مەرگ تووشبوونیان بە مردن لە دەمی ئەوەدایە ببێتە ڕاستەقینە، ئەوە دەزانن کە بوونیان- لە-

جیهاندا شتێکی سەرسوڕهێنەرە. کشانەوە وابەستەی باڵادەستی ئێمە نییە، چونکە ئەوە ئەو خۆیەتی کە خۆی دەکشێنێتەوە. لەبەر ئەمە تووشهاتووانی مەرگ لە سەرسەرهێنەریی ڕێگاکردنەوە بۆ ڕەهەندی کرانەوەی جیهان لە تێڕوانینی کشانەوەوە وەک دیارییەک تێدەگەن، واتە وەک خەڵاتێکی خۆکرد(١٩) کە بۆ ژماردن، یان بەرهەمهێنانەوە بەهۆی شتێکەوە، دەستنادات.

ئەم خەڵاتە ڕاستەقینەیە بەوە جیادەکرێتەوە بەخشەری بەخششێکە کە لە نکوڵیکردنی خوددا دەدرێت، ئەو نایەوێت خودی خۆی دەرکەوێت، بەڵکو دەیەوێت دیار نەبێت، ئەوەش بۆ ئەوەی بتوانێت بەبێ وەرزبوون خەڵاتە پێ بەخشراوەکە قەبووڵ بکات. هەرچەندەی خەڵاتەکە لە خۆکردییەکی گەورەترەوە بدرێت، واتە هەرچەندەی بەجۆرێک لە جۆرەکان کەمتر شایەنی ژماردن بێت، ئەوەندەش بەخشەرەکە لەپشت خەڵاتەکەوە دەشاردرێتەوە. خەڵاتی خۆکردتر بریتییە لە ڕێگاکردنەوە بۆ جیهان وەک ڕەهەندی دەرکەوتن لەتێڕوانینی کشانەوەوە، لەبەرئەمە، لەباشترین حاڵەتدا، تەنیا دەکرێت مەزەندەی ئەوە بکرێت کە کێ بەخشەری خەڵاتەکەیە.

لەلایەکی دیکەشەوە ئەم مەزەندەکردنە پێویستە ناو لە بەخشەری خەڵاتەکە بنێت، لەبەرئەوە وەڵامێکی لەبار ئەویش سوپاسکردنە وابەستەی خەڵاتەکەیە. لەبەر ئەمەیە کە شارستانییە جیاوازەکانی مرۆڤایەتی لەبارەی خودا، یان خوداوەندەکانەوە دواون، بەڵام هەموو ناونانەکانی خودا جا ئیتر (زیۆس) بێت، یان (یەهوا)، یان (باوک)، یان هەر شتێکی تری بانگکراو و بانگ نەکراو بێت، بەو پێیەی مەزەندەگەلێکی بیروهۆشن، هیچ نین جگە لە شتێکی تێپەڕ لەڕووی مێژووییەوە. وێڕای ئەمەش دەکرێت بڵێین: ئەو بوونەوەرانەی کە دەرگیرانی مەرگ بە خودایی ستایشیان دەکەن، بەکورتی خوداوەندییەکان، ئەوانیش هەر جیهانن، چونکە ئەوە جیهانە کە تووشهاتووانی مەرگ سوپاسی دەکەن، بەم جۆرە چوار گرووپ سەر بە جیهانن: خوداوەندەکان، دەرگیرانی مەرگ، ئاسمان و زەمین. هایدگەر لە دوایین کتێبەکانیدا ئەمە ناودەنێت چوارینە. ئەگەر بۆمان هەبێت ئەزموونی ڕەسەنی جیهان ژیان بکەین، بە بەرهەڵستیکردنی ئاراستەی مامەڵەی وەزیفی لەگەڵ شتەکاندا، ئەوە ئەمە وەک چوارینەیەک دەردەکەوێت.

ناکرێت جیهان و شتەکان لەیەکتر دابڕین هەروەک چەند جارێک ئەمەمان ڕوون کردەوە، لەبەر ئەوە ئێستا پرسیارێک دەمێنێتەوە: چۆن چۆنی شکۆ لەهەمبەر کشانەوەدا لە شتەکاندا لەگەڵ ئەزموونی چوارینەدا گرێدراوی یەکتر دەبن؟ شتەکان تەنانەت کاتێکیش وەک شتانێک بۆ دەست لەپێناو بەکارهێناندا مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، نابنە شتانێکی دوورەپەرێز و گۆشەگیر، بەڵکو لە پەرێزی بەکارهێناندا دەردەکەون و واتا و بوونی خۆیان تەنیا و تەنیا لەم پەرێزەوە وەردەگرن. تەریب بەمە، شتەکان، لە ئەزموونە ڕەسەنە وابەستەکەیاندا بە شکۆوە، لە هەمبەر کشانەوەدا، پێویستە واتا و بوونی خۆیان لە چوارینەکەوە وەدەست بخەن.

دەتوانین بەدیاریکراوتر ئەمە پیشان بدەین. نموونەی خودی هایدگەر بریتییە لە پرد. پرد لە ژیانی ڕۆژانەدا وەک شتێک بۆ دەست ڕێکەوتمان دەکات، ئەوەش واتە ئێمە بەبێ ئەوەی زۆر بیری لێبکەینەوە بەکاری دەهێنین، کاتێکیش لە جووڵەی هاتوچۆدا لەنگییەکی تێدەکەوێ تا لەتوانادا بێت بە خێرایی بە زووترین کات چاک دەکرێتەوە. وەلێ تەماشاکردنی ئەو خەرەندەی کە لەژێر پردەکەوە نادیارە ڕەنگە بتوانێت ترسێکی زۆر لە ئێمەدا بورووژێنێت و بمانتۆقێنێت و وامان لێبکات بۆ چرکەساتێک لە ماوەی جووڵەی بەکارهێنانی پردەکە، بووەستین. لە مەترسی بەردەم خەرەندەکەدا عەدەم ئاوەڵا دەبێت، کە تووشبوونمان بە مەرگ، دەخاتە پێش چاو. خەرەندەکە وا لە پردەکە دەکات وەک شتێک دەرکەوێت کە تێیدا زەمین و ئاسمان بەیەک دەگەن. پردەکە بەسەر خەرەندەکەوە هەڵواسراوە و قایم کراوە، چونکە لەهەردوو سەرەکەیەوە شان دەداتە سەر زەمینێکی پتەو، بەم جۆرەش هەر هەمووی لەلایەن زەمینەوە هەڵگیراوە، ئەویش لای خۆیەوە زەمینی هەڵگرتووە، چونکە هەڵگرتنی زەمین تێیدا درێژ بووەتەوە و لەسەر پردەکە زەمین ئامادەیە. ئەو زەمینەی لە هەڵگرتنی پردەکەدا ئامادەیە لە خەرەندەکە دەمانپارێزێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە پردەکە لەسەر خەرەندەکەوە هەڵواسراوە، ئەوە باڵا دەبێت و بەرز دەبێتەوە تا کرانەوەی ئاسمان. ئەو لە ئاسماندا جێگیرمان دەکات، وەک ئەوەی بەسەر گوریسێکەوە خەریکی سەما کردن بین، بەم جۆرەش

ئاسمان بۆ زەمین ڕادەکێشرێت.

بەڵام ئەمە تەنیا بۆ ئەو کەسانە نەبێت کە دەرگیرانی مەرگن ڕاست نییە، ئەوانەی کە حەوسەڵەی ئەوە دەکەن بوونیان ببێتە سەمایەک لەسەر گوریسی سەر خەرەندەکە، واتە ئەوانەی لەوە هەڵنایەن بوونیان شیاوی تووشهاتنی مەرگ بێت. ئەو مەترسییەی بەسەرمان هات، کە لەوەدا خۆی دەنوێنێ هەموو پردێک تێپەڕاندنی خەرەندەکەیە، ڕێکەوتی ئەو دەرگیرانەی مەرگ دەکات کە خودی خۆیان تووشی مەرگ دێن. ئەوان ژیانی تووشهاتوویان بە مەرگ وەک خەڵاتێک دەبینن، هەر لەبەر ئەمەش بووە خەڵکی لە ڕابردوودا کۆمەڵێک شکڵ و شێوەیان لە پردەکاندا دروست کردووە کە نوێنەرەوەی پیاوانی پیرۆز و فریشتەکان بوون کە ئەوەی بیر دەهێنانەوە خوداوەندەکان و خوداوەندییەکان –گوتەزای Engle: واتە فریشتە Bote: پێغەمبەر– لەگەڵیاندان و دەستیان بە باڵیانەوەیە. نەک تەنیا پرد، بەڵکو هەموو شتە ئاراستەکراوەکان بۆ بەکارهێنان، کاتێک ئێمە ڕام دەبین و لە ڕەسەنایەتیدا تێیان دەگەین، لەو کاتەدا کە خەریکی کۆکردنەوەی خۆمانین، دەکرێت وەک شوێنێک کە تێیدا چوارینەکە کۆدەبنەوە، دەردەکەون. ئەو گوتەزا ئەڵمانییە کۆنەی کە لەسەرووی ئەوەشەوە، ئاماژە بە کۆبوونەوە دەکات، بریتییە لە Thing، کەواتە Ding: شت.

بەڵام ئایا ئەم جۆرە ئەزموونکردنەی شتەکان تەنیا پەرۆشییەکی شیعری نییە؟ ئایا ئەمە هەمووی تەنیا بۆ ئومێدی ئایندەیەک ڕاست نییە کە تێیدا سەردەمی ڕەسەنایەتی دێتە ئاراوە؟ هەرچەندی سەردەمەکەمان زیاتر بەرەو پێشەوە بڕوات، هەرچەندی بەشێوەیەکی کەمتر، بە چوارینە، باس لە جیهان بکەین، ئەوەندەش زۆر ناخایەنێت کە جیهان دەردەکەوێت تەنیا وەک کۆگایەکی (سامان)ی شیاو بۆ هەڵسوڕاندن و ئاراستەکردنی توندوتۆڵ لەپێناو ئامادەکردنی بەرهەمانێکی لەبار بۆ بەکارهێنان. لەگەڵ ئەوەشدا، هایدگەر هەڵگری ئومێدێکی بنیادنەرانەیە لە دۆزینەوەی مێژوویی دەرچەیەک بۆ دەرچوون لەم دۆخە. ئەم ئومێدە ڕێک لەوەدا خۆی بنیاد دەنێت کە خودی کشانەوە لەمڕۆدا خۆی بۆ شاراوەییەکی تەواو دەکشێنێتەوە. لەلایەکەوە، وەک مەتەڵێک دەردەکەوێت کە چۆن دەکرێت ئامادەبین بۆ قەبووڵکردنی کشانەوەیەک کە تەنانەت ناشتوانین مەزەندەی بکەین، چونکە ئەویش ڕیشەییانە خودی خۆی دەکشێنێتەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە، ئەم کشانەوەیەی خود هیچ نییە جگە لە ئەوپەڕی هەڵکشانی کشانەوە. بە بۆچوونی هایدگەر هەلی ئێمە لێرەدا خۆی مەڵاس داوە: بۆ یەکەم جارە لە تەقلیدی مێژووییماندا کتومت لەوە تێبگەین کە جیهان و شتەکان لە تێڕوانینی کشانەوەوە کە خۆی دەکشێنێتەوە، پێمان دەبەخشرێن. وەلێ ڕوودانی ئەوە بە هەرحاڵ لەسەر توانایی ئێمە نەوەستاوە، چونکە ئەوەی ڕێک و ڕەوان کشانەوە جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە ئێمە دەستمان بەسەریدا ناشکێت، چونکە خۆی دەکشێنێتەوە. ئێمە بەدوای ئەو چۆنییەتییەوەین کە بەهۆیەوە ڕێگە بۆ دەرکەوتن دەکاتەوە. بەڵام لەمیانەی تێڕامانی فەلسەفییەوە دەتوانین ئامادەبین بۆ تێگەیشتن لەوەی کە کشانەوە، بە گەیشتنی بە ئەوپەڕی ڕادەی خۆی، وا لە مرۆڤ دەکات کە سەرلەنوێ ئامادەی قەبووڵکردنی ئەوە بێت کە بوونی ئەو شیاوی تووشهاتنی مەرگە و بەوەش بەسەر چوارینەدا کراوەیە.

ئەم تێڕامان و ئامادەییە فەلسەفییە، بەشێوەیەکی بنەڕەتی جیاواز دەبێت لەو نەخشەسازییەی لە خودەوە دەکەوێتەوە و داوەری ئەوە دەکات کە لە ئێستاوە بە جۆرێکی باشتر کاربکەین بۆ وەلانانی ئەو زیانانەی کە لە دەستوەردانمان لە ژینگەوە کەوتوونەتەوە، ئەمە هیچ نییە جگە لە ڕاستکردنەوەیەکی خودی بۆ قۆستنەوەی وەزیفییانەی ژینگە. لە سەرەتادا بەرەنگاری ئەم هەڵوێستە بوومەوە کە بە سروشتگەرایی ئیکۆلۆجی بەرگری لە سەنتەربوونی مرۆڤ دەکات. وەلێ ئەم ڕێبازەش ڕێگای هایدگەر نییە، لەبەر ئەوەی هاندان بۆ ملکەچی تەواوەتیمان بۆ سوورەکانی سروشت پێگەی مرۆڤ لە جیهاندا فەرامۆش دەکات. دەرگیرانی مەرگ وابەستەی جیهانن وەک چوارینەیەک. چوارینەیەکیش بوونی نییە تەنیا لەلای مرۆڤێک نەبێت کە لە بوونی ڕەسەنیدا خودی خۆی بۆ دەکاتەوە. جیهان بۆ ئەوەی دەرکەوێت پێویستی بە مرۆڤە. ئەوەشی دەیەوێت مرۆڤ بکاتە تەنیا هەڵەشەیەکی بچووک لە سستمێکی هەمەکی ئیکۆلۆجی سروشتدا، ئەوە زۆر لە پێگەی مرۆڤ دێنێتە خوارەوە. ئەوە سەرناگرێت تەنیا بە قڵپکردنەوەی سەرەوژێری وەزیفەگەرایی خودی نەبێت کە لە بریدا

وەزیفەخوازیی بابەتیانەی سروشت بکرێتە جێگرەوە. لە ڕاستیدا لە وشەی نهێنی (سروشت)دا مەزەندەکردنێک هەیە ئاماژە بە ئەو دیوی وەزیفەخوازی ئاراستەی ئیکۆلۆجی دەدات. سروشت (Natur)وەرگێڕدراوی لاتینی گوتەزای یۆنانی (physis)ـە، یەکێک لە گەورەترین فەیلەسووفانی بەرایی مێژووی فەلسەفەش، هیراکلیتس لەبارەی (physis)ـەوە دەڵێت بریتییە لەوەی ئارەزووی گومبوونی هەیە. هایدگەر لە گوێڕادێرانیدا لەم وشەیە مەزەندکردنێکی زووکات (مبکر)ی لەبارەی کشانەوەوە بیستووە؛ لە شکۆ لەهەمبەر کشانەوەشدا هەموو شتێک دەوەستێت.

**پەراوێزەکان:**

(*) من و وەرگێڕی عەرەبیش کۆمەڵێک تێبینیمان لەسەر وەرگێڕانی ئەم دەقە هەیە. لە ڕاستیدا ئەم وەرگێڕانە کۆمەڵێک گرفتی تووشهاتووە کە بوونەتە خەوش تێیدا. لەبەر ئەم هۆکارانە:

١- لە ڕاستیدا وەرگێڕی عەرەبی خۆی سکاڵای ئەوە دەکات کە نەیتوانیوە بە باشی بەرانبەری گونجاو بۆ وەرگێڕانی چەمکەکان بدۆزێتەوە، ئێمەش دەستوپەنجەمان لەگەڵ هەمان کێشەدا نەرم کردووە.

٢- نا ئاشنایی بە هزر و چەمکە سەرەکییەکانی هایدگەر لە ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردیدا، کە بووە هۆی ئەوەی وەرگێڕانی دەقێکی لەم جۆرە، هەم ڕیسکێک بێت و هەم سەرگەردانییەک. ڕیسک لەو ڕووەوە کە خۆمان لە قەرەی هزری فەیلەسووفێک داوە کە تا ئێستا لای ئێمە چەمک و هزرە سەرەکییەکانی جێی خۆیان نەگرتووە و یەک کتێبیشی بۆ زمانی کوردی وەرنەگێڕدراوە، جگە لە چەند وتارێکی نەبێت، یەک دوو هەوڵیش کە لەبارەیەوە نووسراون، زمانی کوردیش نەیتوانیوە حەقی پێبدات. سەرگەردانیشە لەو لایەنەوە کە لە کەشێکی ئاوەها بێ ئاشناییدا بە هایدگەر دەشێ هەوڵێکی لەم جۆرە جگە لە کارێکی پڕ کەم و کورتی و مایەپووچی هیچی دیکە نەبێت.

٣- سروشتی دەقەکە کە دەقێکی گشتگیر و هەمەلایەنەیە لەبارەی هزری هایدگەرەوە، ئەگەرچی دەقێکی دەروازەییە بۆ هزریی هایدگەر، بەڵام لە ڕاستیدا لە ئاڵۆزی بەدەر نەبووە، بۆیە لەم دەقەدا زۆرێک لە چەمک و زاراوەکانی هزری ئەو بیرمەندە بەکارهاتووە کە ئەرکی وەرگێڕانەکەی سەختتر کردووە. وەرگێڕی عەرەبی چەندین پەراوێزی بۆ ئەم دەقە داناوە کە منیش بە گرنگم زانیون، بۆیە وەرمگێڕاون و خستوومنەتەڕوو. (و. ک)

(**) واتە سەدەی بیستەم. (و. ک)

(١) Umwelt: کاتێک لە پەرێزی ئیکۆلۆجیدا دێت بە گوتەزای (ژینگە) وەردەگێڕدرێت، بەڵام لە توێژینەوە فینۆمینۆلۆژییەکاندا واتە (جیهانی دەوروبەر). ئێمە لە دەقەکەدا پێمان باش بوو هەمووی بە (ژینگە) وەربگێڕین، وەلێ پێویستە خوێنەر بەردەوام ئەوەی لە مێشکدا بێت کە ژینگە جیهانی دەوروبەرە، کە تەنیا بەوە پێوەندی نێوان کێشەی ژینگە و پەرێزی دەقەکە کە کێشەی جیهان دەخاتە ڕوو، دەردەکەوێت.

(٢) Heimat: نیشتمان، وڵات، بەشێک لە وڵات، یان جێگەیەک کە مرۆڤ هەست بەوە دەکات هۆگریەتی، چونکە لەوێدا لەدایک بووە و پێگەیشتووە، یان بۆ ماوەیەکی درێژ تێیدا ماوەتەوە و بەزۆریی بە شێوەیەکی سۆزداریی وابەستەی دەبێت. ئەم وشەیەمان بە نزیکەیی بە گوتەزای (نیشتمان) وەرگێڕاوە.

Heimatlosigkeit: بە زۆری واتە حاڵەتی دەربەدەری لە نیشتمان، ئەوەی بەبێ نیشتمان و ڕەگەزنامەیە؛ لە پەرێزی ئەم دەقەدا حاڵەتی ئەو کەسەیە کە بێ نیشتمانە. هایدگەر وای دەبینێ کە مرۆڤی ئەم سەردەمە، بەهۆی ڕامکردنی هەموو ئەوەی هەیە و گۆڕینی هەموو ئەوەی پێیدراوە لە سروشتدا بۆ کایەی دیسپلینی زانستیی- تەکنیکی، تا ئەو ڕادەیە ڕۆیشتووە کە دەبێتە مرۆڤێک بێ نیشتمانێکی بنچینەیی.

(٣) وەرگێڕی عەرەبی لەم پەراوێزەدا دەڵێت: "وەرگێڕانی existence / Existenz بە گوتەزای (بوون/ وجود) بە باشتر زانی و بۆ وەرگێڕانی Seineter گوتەزای (هەبوون/ کون)مان بەکارهێناوە وەک چاوگی کرداری (بوو/کان)، وا دەردەکەوێت ئەمەیان گونجاوترە، چونکە دەتوانین دوو واتای سەرەکی تێدا بدۆزینەوە: کرداری بوو/کان ئاماژە دەکات بۆ بارودۆخ (بۆ نموونە: ئێوە باشترین نەتەوەیەک بوون کە لە ناو خەڵکیدا هەڵبژێردراون)، لە هەمان کاتیشدا ئاماژە بە بوون/ وجود دەکات (بۆ نموونە: ماشەڵڵا لەمەبێ)." وەرگێڕی عەرەبی ناوونیشانی کتێبەکەی هایدگەری بە (الکون و الزمان) وەرگێڕاوە. ئەگەر بەم پێیە بێت دەبێت ئێمەش لەم دەقەدا (کون/کان)ـەکان بە (هەبوون) و (وجود)ـەکان بە (بوون) وەربگێڕین، ئەوکات (الکون و الزمان) دەبێتە (هەبوون و زەمان)، بەڵام ئێمە لە سەرجەمی ئەم دەقەدا ئەو ئیشکالییەتەی وەرگێڕانە عەرەبییەکە وەلادەنێین و هەر وشەی (بوون)ی بۆ بەکاردەهێنین. (و. ک)

(٤) là-devant/ Vorhanden: وەسفێکە زۆرجار

بەکاردەهێنرێت بۆ ئاماژەکردن بەوەی کە هەیە، بوونی هەیە، لەبەردەستە؛ هایدگەر بۆ وەسفکردنی بوونەوەرێک، یان شتێک لەو ڕووەوە کە لە بەردەممانەوەیە، ئامادەیە، بەکاری دەهێنێت. ئێمە لە وەرگێڕانەکەدا گوتەزاکەی کۆتاییمان، بەکارهێناوە.

L’étant là-devant/ Das Vor handene: ئەو شتەی، یان بوونەوەرەکە کە لەپێشمانەوە هەیە، یان ئامادەیە، ئەوەی ئامادەیە.

L’être-là-devant/ Das Vorhandenein: چۆنیەتی هەبوونی تایبەت بەوەی لەپێشمانەوە هەیە، بەوەی ئامادەیە. بۆ وەرگێڕانی ئەمە بوونی ئامادەی شتێک، یان بوونی- ئامادەگیمان بەکارهێناوە.

(٥)Zuhanden /en utilization à utliser: وەسفێکە بەکاردەهێنرێت بۆ وەسفکردنی ئەوەی بۆ دەستە، لە بەردەستدایە، لەپێناو بەکارهێناندا. هایدگەر بۆ وەسفکردنی شتەکان، یان بوونەوەرەکان لەو ڕووەوە کە لە پەرێزی بەکارهێناندا تێدەگەیشترێن، بەکاری دەهێنێت، واتە لەو ڕووەوە کە وەردەگیرێن، نەک وەک بابەتێک بۆ پەیپێبردن و تێڕوانین، بەڵکو وەک ئامرازێک بۆ وەدیهێنانی نیازگەلێکی کرداریی پەیوەست بە ژیانی ڕۆژانەوە.

L’utilisabile/ Das Zuhandene: ئەوەی بۆ دەستە، یان ئەو شتەی کە بۆ دەستە، هەر پێدراوێک لە پەرێزی بەکارهێناندا.

L’utilisabilité/ Das Zuhandensein: بوون- بۆ دەست، چۆنییەتی بوونی شتە پێدراوەکان لە پەرێزی بەکارهێناندا.

جیاکردنەوەی نێوان ئەوەی ئامادەیە و ئەوەی بۆ دەستە جیاکردنەوەیەک نییە لە نێوان دوو پۆل لە بوونەوەرەکاندا، بەڵکو جیاکردنەوەیەکی ئۆنتۆلۆژییە لەنێوان دوو چۆنیەتی بوونی شتەکاندا. شتەکان بە ئامادە دادەنێین ئەو کاتەی وەک بابەتێک لەبەردەممانەوە بوونیان هەیە، کاتێک پێدراوێکن بۆ تێڕوانینی هەستەکی و ژیرەکی، واتە وەک بابەتێک بایەخی خۆمانی ئاراستە دەکەین و کار بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییەکانی دەکەین. هەرچی شت بۆ دەستە بریتییە لەو شتەی کە لە چوارچێوەی پەرێزی بەکارهێناندا مامەڵەی لەگەڵ دەکەین، واتە دانانی بە ئامرازێک بۆ گەیشتن بە مەبەستێک. کاتێک لەگەڵ شتدا وەک شتێک بۆ دەست مامەڵە دەکەین، ئەوە بایەخدانمان لەسەر شتەکە خەست نابێتەوە، شتەکە لەبەردەممانەوە ئامادە نابێت بە واتای وشەکە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، ئەو بۆ ئەوەی وەزیفەی خۆی بە شێوەیەکی ڕەزامەندانە ببینێت پێویستە نەبێتە مایەی سەرنج ڕاکێشانمان، بەڵکو لەمەوە ڕەوانەی لای بوونەوەرێکی دیکەمان بکات لە پەرێزی بەکارهێناندا، بەم شێوەیە لە کتێبی (بوون و زەماندا) هایدگەر ئیش لەسەر دەرخستنی ئەوە دەکات کە ئۆنتۆلۆژیای تەقلیدی هەر هەمووی لەسەر جیهانبینییەکەوە بەندە کە نێوان بوون و بوونی- ئامادەگی هەماهەنگ دەکاتەوە و جووت دەکات، واتە وا دادەنێت کە بوونی- ئامادەگی بریتییە لە تاکە چۆنیەتی بوون و هایدگەر لە هەمان کتێبدا تەقەللای ئەوە دەدات کە ڕەگوڕیشەکانی ئەم جیهانبینییە لە بونیادی وجوودیی مرۆڤدا بدۆزێتەوە. بەوەش ئۆنتۆلۆژیای تەقلیدی دەکەوێتە هەڵەیەکی بنچینەییەوە، کە لەلایەکەوە ئەوە فەرامۆش دەکات شتەکان لە بنەڕەتدا وەک شتانێکی ئامادە پێدراو نابن لە بەردەمماندا، بەڵکو شتانێکن بۆ دەست، لەلایەکی دیکەشەوە کار لەسەر پراکتیزەکردنی ئەم چەمکەی بوون دەکات، تەنانەت لە تێگەیشتنی بوونی جیهانیشدا (کە بە هەمەکی شتە ئامادەکان، یان سروشتی درێژکراوە، بۆ نموونە، دایدەنێت) و بوونی مرۆڤ (کە بۆ نموونە بە جەوهەرێکی بیرکەرەوەی دەزانێت).

(٦) Vorgegenstand lich: پێش- بابەتی. پێوەندی مرۆڤ بە جیهانەوە، بەلای هایدگەرەوە، پێوندییەکی پەڕگیر نییە کە لە بابەتێک لە دەرەوەی پێکهاتبێت و لەبەردەمیدا ئامادە کە ناو بە ناو بڕیار بدات، مامەڵەی لەگەڵدا بکات. مرۆڤ بە بڕوای هایدگەر، بەهەمیشەیی و بەشێوەیەکی پێشوەخت بوونە- لە- جیهاندا، واتە مرۆڤ لە پێوەندییەکی هۆگرێتیدایە لەگەڵ جیهاندا، ئەم پێوەندییە بە بڕیارێک لەلای مرۆڤ بەرقەرار نابێت، بەڵکو دەستنیشانکەری بنچینەییشە بۆ بوونەکەی؛ ئەم پێوەندییە هۆگرێتییە بریتییە لەوەی کە ڕێگە دەدات زۆرکات لە جیهاندا بە هەر ئاراستەیەکدا بمانەوێت بڕۆین، بەبێ و پێش ئەوەی وەک بابەتێک لێی بڕوانین.

(٧)l’être possible/ das Moglichsein: بوونی- شیاو، بریتییە لە چۆنیەتی بوونی تایبەت بە مرۆڤ.

(٨) Mortel/ sterblich: فانی، شیاوی تووشهاتن بە مەرگ، دەرگیری مەرگ.

Mortalité / sterblichkeit: فەنابوون، تووشهاتن بە مەرگ، تووشبوون بە مەرگ. بەکارهێنانی "شیاوی تووشهاتن بە مەرگ، دەرگیری مەرگ" و "تووشهاتن بە مەرگ، تووشبوون بە مەرگ"مان بە باشزانی، ئەوەش لەپێناو زەقکردنەوەی (مەرگ)دا کە ئاماژەگەلێکی سەرەکی لە شیکارییەکانی هایدگەردا هەیە.

(٩) Dévalement/ verfallen: کەوتن. پێویستە بە واتا ئایینی، یان ئەخلاقییەکەی تێی نەگەین. کەوتن بەبۆچوونی

هایدگەر بریتییە لە شێوەی بوونی مرۆڤ لە جیهاندا، کەوتن واتە ملدان بۆ ڕەوشە بەشەکی و ئەگەرە نزیکەکان و بریتییە لە لەبیرکردنی خود و ڕاکردن بۆ ناو جەنجاڵی ژیانی ڕۆژانە و نغرۆبوون لە ئەرکە یەک لەدوای یەکەکانیدا کە هەریەکێکیان دەمانداتە دەست ئەوی تریان، بەجۆرێک کە لەمەوە پەرشوبلاوی بوونی مرۆڤ و کەمدەستییەکەی لە کۆکردنەوەی خودی خۆی و دەرککردنی بوونی خۆی وەک یەک بوونی شیاو، دەکەوێتەوە.

(١٠) Réso/ entschlossenhcit: شکۆ.

(١١) Propre/ eigentlich: ڕەسەن.

Propriété/ eingenrlichkcit: ڕەسەنایەتی.

(١٢) Impropre/ uneigentlich: ساختە.

Impropriété/ uneigentlichkcit: ساختەیی.

تێگەیشتنی هایدگەر بۆ ڕەسەنایەتی و ساختەیی بە واتای ئەخلاقی نییە، بەڵکو بە واتای ئۆنتۆلۆژییە، ڕەسەنایەتی کاتێک دێتەدی کە مرۆڤ بوونی خۆی وەدەست دەخات، بە واتای ڕاستەقینەی وشەکە، واتە بە جۆرێکی ڕاشکاوانە و بێ گرێوگۆڵ، واتە کاتێک کە پرۆژەکانی و هەڵبژاردەکانی لە خودی خۆیەوە، لەوەی تایبەتە پێوەی، لەوەی ڕەسەنە تێیدا، هەڵدەقوڵێن و کاتێک کە لەبوونی خۆی وەک تاکە بوونی شیاو و دوا بوونی شیاو تێدەگات. وەلێ کاتێک مرۆڤ ڕادەستی ڕەوشە بەشەکییەکان دەبێت و بوونی تێیاندا پەرشوبلاو دەبێتەوە و دەبێتە قوربانی ئەو شتانەی کە شتەکان بەسەریدا دەیسەپێنن، یان ئەو کارە دەکات کە (خەڵکی) دەیکەن، ئەوە ئەو مرۆڤە بوونی خۆی وەدەستناخات بە واتای ڕاستەقینەی وشەکە، واتە بوونی دەبێتە بوونێکی ساختە.

(١٣) In sich: لەخۆیدا، ئەم گوزارشتە لەم دەقەدا چەند جارێک هاتووە. پێویستە تێکەڵ بە واتا کانتییەکەی شت لەخۆیدا/ نۆمینا an sich نەکرێت. بوونی شت جێگیر لە خۆیدا، یان سەربەست لە خۆیدا واتای ئەوەیە کە ئەو شتە دامەزراو و سەربەخۆیە لەخۆیدا، واتە ئەو شتە قەوارەیەک، یان بەدەنێکی خۆی هەیە کە وای لێدەکات بۆ تەفروتوناکردن و تواندنەوەی تەواوەتی لە وەزیفە بەکارهێنانییەکەیدا نەشیاو بێت. ئەمەش ڕێگری لەوە ناکات کە دەکرێت لە سەربەخۆیی شت لەخۆیدا، یان جێگیریی لەخۆیدا، لە چوارچێوەی ئەزموونێکی ڕەسەندا، تێبگەین، هەروەک دواتر ئەمە ڕوون دەکرێتەوە.

(١٤) Die schen: دۆخێکی ویژدانییە کە گوزارشت لە ترسێکی تێکەڵ بە ڕێز، یان سڵەمینەوە و شەرم دەکات. وا دیارە گوتەزای (شکۆ) نزیکترین وشەیە بۆ گوزارشت کردن لەم دۆخەدا.

(١٥) Consummation/ verbranch: بەکاربردن. شتەکە بەکاربرا، واتە فەوتاندی و لەناوی برد. بۆ پەی بردن بەو دیاردەیەی کە نووسەرەکە بە دیاریکراوی لەسەری هەڵوەستە دەکات، ئەوەندە بەسە کە جیاوازی بکەین لەنێوان ئەو دەستەسڕی گیرفانەی کە لە خوری دروستکراوە و سوورین لەسەر پارێزگاری کردنی لەکاتی بەکارهێنانیدا، لەگەڵ ئەو دەستەسڕەی کە لە کاغەز، تەنیا بۆ یەک جار بەکارهێنان، دروستکراوە، واتە بۆ بەکاربردن. لە ژیانی ڕۆژانەماندا زۆر نموونە هەن کە دووپاتی هەمان دیاردە دەکەنەوە.

(١٦) Grund: بنچینە. Abgrund: خەرەند، کەند.

(١٧) لێرەدا (الکون) بە واتای گەردوون/universum univers هاتووە.

(١٨) زەمین و ئاسمان دوولایەن نین بە واتای شوێنەکی، بەڵکو بەو واتایەن کە دوو ڕەهەندی ڕووبەڕوون بۆ دەرکەوتن، یان دوو چۆنیەتین کە بەهۆیانەوە جیهان وەک ناکۆکییەک لەنێوان داخران و کرانەوەدا ڕوودەدات؛ ئەوانە دوو ڕووداون، زەمین گوزارشتە لە ڕوودانی داخران و ئاسمانیش گوزارشتە لە ڕوودانی کرانەوە.

(١٩) Jrei: زۆرجار واتە ئازاد، لێرەدا وەرگێڕانیمان بە گوتەزای (خۆکرد) بە باشزانی، چونکە زیاتر نزیکە لە واتای ویستراوەوە. خەڵاتی خۆکرد، واتا بریتییە لەوەی کە ناکرێت بەگوێرەی مەرجگەلێکی دیاریکراو بەرهەم بهێنرێت و دابهێنرێت، ناشتوانرێت بژمێردرێت و پێشبینی بکرێت. بەواتایەکی دیکە، خەڵاتی خۆکرد بۆ بەدیهێنانی مەبەستێک کە لەپشتییەوە خواسترابێت، دەست نادات.

**سەرچاوە:**

**ئینتەرنێت. لە ماڵپەڕی محمد عابد الجابری-یەوە وەرگیراوە. www.aljabri.150.com. لە بنەڕەتدا دەقی وەرگێردراوی ئەم وتارە سەرەتا لە ژمارەی یەکەمی گۆڤاری (فکر و نقد)دا بلاوکراوەتەوە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئەو گۆڤارە وەک خۆی لەسەر ماڵپەڕی ئینتەرنێت دانەنراوە، ئێمە نەمانتوانی بەتەواوی ناوی گۆڤارەکە لە ماڵپەڕەکەی جابریدا وەک سەرچاوە بنووسین، کە ماڵپەڕی سەرەکی دابەزاندنی گۆڤارەکەیە، تەنیا بابەتەکان و ژمارەکانی گۆڤارەکە ئاشکرایە.**

# حوزنی

حوسێن شێربەگی
(بۆکان)

**بۆ یادی ڕۆحی هەرمـــان ســـەوزی "حـوســێن حــوزنی موکریانی"**

کتێب؟ لە یادتان ماوە بە چییان دەوت کتێب؟ ئەوەی لە قوتابخانەدا «وانە»ی تێدا دەخوێنن نا!... ئەو قودووە جادووبازییەی باسی شەڕوهەڵڵا و پاڵەوانی و ئەویندارى و دەیان کـەسـانی گـەورە و بچـووک و سـەدان ڕووداوی سەیروسەمەرەی تێدا دەنووسرا...

یادی بەخێـر، سـەردەمـانێکی سـەیر بوو، جەمـاوەر بە دڵئـاوایی و سەرخۆشییەوە پووڵ و پارەی نـاو گیـرفـانیـان دەدا بە کـتـێب. یادی بەخێـر لە سـووچێکی مـاڵەوەدا، پشـتیـان لە منداڵی ناو مـاڵ دەکـرد و بەردەبوونە کـتـێب خوێندنەوە. کـارێکی عـاجبـاتی و سـەیروسـەمـەرە نەبوو؟ ئێـسـتـا، یانی لەمڕۆدا، خـەڵک ئەم پووڵ و پـارەیە و ئەم کـات و سـاتانەی خـۆیان تەرخـانی بینینی سـەتەلایت و کـۆمـپـیـوتەر و ئینتـەرنێت و تەلەڤـزیۆن و... شـتـی لەم چەشنە دەکەن.

بەڵام... من نا. کـتێب و کـتێبخانە و کـتێبفرۆشی و ئەو کـەسانەی هاتوچۆی ئەو جۆرە شـوێنانەیان دەکـرد، بە لای منەوە زۆر عـاجبـاتی و سـەیروسـەمـەرە بوون و هەن. ئاخــە من هەر زۆر لە منداڵیــمــەوە، لە پێش چوونم بۆ قوتابخانە، کتێبم لەلا شتێکی گرینگ بوو، یانی عەوداڵ و گیـرۆدەی کـتـێب بووم و ئێـسـتـاکـەش ئەم ئەوینە هەر بەردەوامە، بەڵام سەیر لەوەدایە تا تەمەنی پازدە ساڵان و بگرە چەند ساڵێک لە پاش ئەم تەمەنەش ببڕای ببڕ زات و ورەی ئەوەم نەبوو بچـمـە ناو ئەو شـوێنانە و مـەزندەی کـتـێب بکەم، یان بکڕم. کـاتێکیـش ئاشـقی کـتـێـبێک دەبووم، جا، یان لە پۆلدا مامۆستاکانمان باسیان کردبوو،



**حوسێن حوزنی موکریانی**

یان له ڕادیۆوه بیستبووم، یان له پشت جامی کتێبفرۆشیدا بینیبووم، تکام له دۆستێک، دیوناسێک، یان خزم و کەسێک دەکرد و پووڵ و پارەم دەدایە تا بچێتە ناو کتێبفرۆشییەکان و بۆمی بکڕێ.

هەمیشە لام وابوو ئەو کەسانەی دەچنە ئەو شوێنانە، یان لەو شوێنانە دادەنیشن، یان کتێب بە دەستەوە لەو شوێنانە، یان لە شەقامدا دەبیندرێن، دەبێ کەسانێکی هەڵکەوتە و پرۆفیسۆر و زانایانی زۆر گەورە بن! ببڕای ببڕ ئەو پلەوپایە و مافەم بە خۆم ڕەوا نەدەبینی هاموشۆی ئەو شوێنانە بکەم!

کاتێک لە یانەکەماندا مامۆستا باسی کتێب و جیهانی کتێب و کتێبێکی دەکرد، ئێوارە کە لە قوتابخانە بەرەو ماڵ دەبوومەوە، یان دەگەڵ هاوەڵاندا، یان خۆم لەوان دەدزییەوە و دەچوومە پشت جامی کتێبفرۆشەکان و لە کتێبی پشت جامەکە مۆڕ دەبوومەوە، چاوم پێیاندا دەگێڕا، لەو کتێبە دەگەڕام کە مامۆستا باسی بۆ کردبووین. جا کە دەمدۆزییەوە، دەگەشامەوە، دەتوت هەڤاڵێک، دۆستێک، یان خزم و کەسێکم چاو پێکەوتووە!

زۆر جاریش لە بەر جامی دووکانەکەدا، یان لەو دەوروبەرە، دوور و نزیک ڕادەوێستام و سەرنجی ئەو جەماوەرەم دەدا کە هاتوچۆی ئەم شوێنانەیان دەکرد. ئەوی ڕاست بێ، وتم... ئەم کەسانەم پێ کەسانێکی هەڵکەوتە و مەزن بوون. لە ڕاستیشدا جەماوەرێکی دژواز و هەمە چەشنە بوون. تاقمێکیان تەڕپۆش و ڕازاوە. باوک و خاڵ و مام و مامۆستاکانی قوتابخانەکەمان هەرگیز ئەمەندە تەڕپۆش و ڕازاوە نەبوون. تاقمێکی دیکەیان زۆر سەر و پۆتراک و جلوبەرگ شێواو و نائاسایی بوون، بەڵام هەر هەموویان کردە و ڕوانین و گفتولفت و هاتوچۆکەیان جیاواز بوو. یانی وەکی ئەو کەسانە نەبوون کە من بینیبوومن و دەمناسین. لە ڕاستیشدا تا منداڵ بووم لەم کەسانە دەترسام! خۆشم دەویستن، زۆرم پێ خۆش بوو لە گەڵیاندا بدوێم، لە ناخ و دەروونیان بگەم و بزانم ئەمانە چۆن مرۆڤێکن.

ئاخری ئەم ئاواتەم هاتە دی، یانی ڕۆژێ لە ڕۆژان لە پشت جامی کتێبفرۆشییەک چەقیبووم و دەمڕوانییە کتێبەکانی پشت جامەکە. کابرایەکی زۆر سەروڕوو خۆشی بەساڵاچوو کە لەمەوبەریش زۆرم بینیبوو، لە دوورەوە بە ویرەویر دەهات، هەر بزەی سمێڵی دەهات و هاکا گەیشتە بەردەم ئەو کتێبفرۆشییەی کە منی لێ وێستابووم، بە ڕوویەکی خۆشەوە وتی: چۆنی کوڕە باشەکە؟ ئەوە ئیمڕۆش لێرەی؟ بە خوا پێم خۆشە...

پڕی کرد بە پەنجەکانمدا و بە دوای خۆیدا ڕاکێشی کردمە ناو دوکانەکە و هەر گەیشتینە ناوەوە وتی: کوڕە باشەکە، جوان سەرنج بدەرە ئەم گشت کتێبەیە، بە کەیفی دڵی خۆت، کتێبێکی خۆشەویست و جوان هەڵبژێرە، پارەکەی لە باڵای من... ئاخە ئیمڕۆ ڕۆژی کتێبی منداڵە و من دەمەوێ لەم ڕۆژەدا منداڵێک خەڵات کەم...

لە پاشان دەستی بەرەو لای چەپی دوکانەکە هەڵدا و وتی: ئەم لایە تایبەت بە کتێبی منداڵە. هەرخۆت یەکی باش و جوانی بە دڵی خۆت بدۆزەوە...

من حەپەسابووم، وەک بی ناو ئاو دەلەرزیم، ترسابووم. شەرمم بوو. هاتم تەماشای کتێبەکان بکەم، یان ڕاکەم! لە پڕ بینیم خاوەن دوکانەکە ڕوو بە من برۆی هەڵتەکاند یانی : (نا ، نەکەی، هەڵێ برۆ دەرەوە...)

کابرای میهرەبان کە منی ڕاکێشی ئەم ناوە کردبوو، ئەمەی بینی و بە خاوەن شوێنەکەی وت: بۆ برۆ

هەڵدەتەکێنی؟ پێت وایە پارەت نادەمێ؟

خاوەن شوێنەکە وتی: کوا پووڵ و پارەت؟ تۆ چەنێکی دیکەشم پێ قەرزاری...

کابرا میهرەبانەکە وتی: ئا.. وایە.، بەڵام ئەمە ڕەسمی نێوان من و تۆ بووە و هەمـوو سـەری بورجێک قـەرزی خۆتت پێ گەیشتووە...

لە پاشان دەستی کرد بە ناو گیرفانی پاڵتۆکەیدا و بڕێکی پارە دەرهانی و دایە دەست خـاوەن دوکـانەکـە. ئەویش لە قـاقـای دا و وتی: جـا خـۆ ئەمـە پارەی ئەم کتێبەی ئەمڕۆ هیچ، هەر بڕی قەرزەکەت نییە.

من هەروا حەپەسابووم. کابرا میهرەبانەکە چاوێکی بە کـتێبەکـاندا گێڕا. کـتێبێکی دایە دەستی من و پێمی وت: تۆ بڕۆ کارت نەبێ... تۆ بڕۆ.

من هێـــشـــتـــا هەر حـــەپەســـابووم و دەلەرزیم و لە هەردووکــیــانم دەڕوانی. ئەوانیش بەرە بەرە دەنگیــان هەڵبڕی و بوو بە شەڕە قسە و هەراوهەنگامە. لە پڕ کابرا میهرەبانەکە بە منی وت: تۆ بڕۆ، تۆ بڕۆ...

منیش لە ناکاو بەرەو دەرگاکە ڕام کرد و لە شوێنەکە دەرپەڕیم و تا مــاڵەوە هەر ڕام کــرد و ڕام کــرد. هاکــا گەیشتمە ماڵەوە و خۆم بە دیوەخانەکەماندا کرد، باوکم لە لای سەرەوە دانیشتبوو، جگەرەی دەکێشا و چای لە بەر دەم بوو. هەر وتم: سڵاو...

باوکم وتی: عـــلەینا وەعـــەلیکە زەلام،... ئەوە تا ئێستا لە کوێ بووی؟

ـ قوتابخانە

ـ بە درۆ... کـاتژمـێرێک زیاتر لە کـاتی گـەڕانەوەتان تێپەڕیوە.

ـ لە پشت جـامی کـتێبفرۆشەکە بووم، لە کـتێبەکـانم دەنواڕی...

ـ ئەی ئەم کتێبە چییە بە دەستتەوە؟

ئەو کتێبەی کابرا میهرەبانەکە پێمی دابوو، هەروا بە دەسـتـمـەوە بوو. هەر نەشـمـدەزانی ئەو کـتـێبـەم ها بە دەستەوە. قسەکەم بۆ گێڕاوە. باوکم تێکچوو. هەستا سەر پێ. هاتە پێشەوە. دەستمی گرت و بە دوای خۆیدا ڕاکــێش ڕاکــێش بۆ دەرەوە، ڕاکــێـــشـــمی کـــرد. لە شەقامـەکەدا بەرەو شوێنی کـتێبفرۆشییـەکە دەچووین، تووشی کابرا میـهرەبانەکە بووم، بەرەو ڕوومان دەهات. خێرا وتم باوکە کابراکە ئەمە بوو، کتێبەکەی پێم دا. هەر ئەمـەم وت پەشـیمـان بوومـەوە و ترسێ دامی گـرت: ئای خـوایە ئەوە چ هەڵەیەکم کـرد. باوکم لەم شـەقـامـە بەم کـابرایەدا هەڵنەشاخێ و گـشت عـالەممان لێ وەکـۆ بێت! هەر لە شـوێنی خـۆم وەسـتـام و وەک فـێـدارێک، یان نەخۆشێک حەپەسام و چەقیم.

بەڵام بە پێـچـەوانەی پێـشـبـینی و چاوەنواڕی من، کـابراکـە هەر چاوی بە من و باوکم کـەوت هاتە بەرەوە، لەگەڵ باوکمدا بە گەرموگوڕی تەوقە و هەواڵپرسی کرد. باوکم ڕووی کردە من، دەستمی بەردا و وتی: تۆ بڕۆ، تۆ بڕۆرەوە.

جا وەرە من تێی تەقێنم. دوو قاچم بوو، دووشم قەرز کرد و بەرەو ماڵەوە بوومەوە.

دەمـەو ئێـوارە باوکم تەلەفـۆنی بۆ مـاڵەوە کـرد و وتی دەگەڵ هەڤاڵێک دێینەوە، شتێکی باش ساز کەن.

نیـو کـاتژمـێرێک پاش بانگی شێـوان، باوکم و کـابرا میهرەبانەکە هاتنەوە بۆ ماڵێ. سەیر لەوەدا بوو دایکیشم کابرای دەناسی و بە ناوی "ئابرا گیان" بەخێرهاتنی کرد و زۆر گەرموگوڕ هەواڵپرسی یەکتربیان کرد. سەیرتر ئەوە بوو، بۆ شێو کردن تاقە کەوڵەنانێک ڕاخرا و "ئابرا گیان" و دایکم و خوشکم و هەمـوومـان لە سەر ئەم تاقە کەوڵە وەکۆ بووین و شێومان کرد.

پاش شـێـو کـردن من و باوکم و "ئابراگـیـان" چووینە دیوەخان. باوکم بە منی وت: مامۆستا ناناسی؟

منیش وتم: چۆنی ناناسم، ئەی ئەمڕۆ کتێبێکی خەڵاتم نەکرد؟

باوکم وتی: ئێـمـە برای گـیـانی بەگـیـانین. پێـشـینەی دۆستـایەتی و هەڤاڵ بوون و برایەتی چل ساڵەمـان هەیە! ئەوە چەند سـاڵێکە ڕۆژگـار بڵێم، مەکری ڕۆژگار بڵێم؟ شەیتان و شۆفار و دووزبان بڵێم؟ یان نازانم چی بڵێم، لێکی کـردووین. ئەگـینا برایەتی ئێـمـە وەک برایەتیش نیـیـــە، یانی لە برایەتیش باڵاترە... دا هەسـتــە، ئەو کتێبەی خەڵاتی کردووی بیهێنە با بیرەوەرییەکی لە سەر بنووسێ، ئاخە نووسەرەکەی خۆیەتی!!

من نەمزانی بۆ؛ نەمزانی چۆن لە خۆڕا قیژاندم و هەڵاتم خۆم هاویشتە باخەڵی باوکمەوە و پرسیارم کرد:

ـ بابە، جا چۆن! بۆ شاعیر و نووسەری زیندووش هەیە؟

ـ ئەی ڕۆڵە، خـۆ دنیـا کـۆتایی نەهاتووە، لە ڕابردوودا بووە، ئێستاش هەیە، لە داهاتووشدا هەر دەبێ!

من رووم کرده مامۆستا و پرسیارم کرد: چەند کتێبت نووسیوە؟ باسی چیت کردووە؟ ناوت چییە؟

ـ با لە پێشدا پێت بڵێم ناوم "حوزنی"یە، کتێبم نووسیوە، نازانم چەند! بە زۆر و کەمی نییە. لە کتێب و وتارەکانی ناو ڕۆژنامە و گۆڤاراندا باسم لە زۆر شت کردووە. ئەوی بۆ کورد پێویست بێ. ئەو کابرا تووڕەیەی ئەمرۆت بینی؟ ئەوە هەڤاڵمە. ویستوویانە پێکماندا دەن. دووزبانییان لە نێوانماندا کردووە.

دوایە کتێبەکەم هەڵگرت و لێی چوومە پێشەوە. لە بەرانبەریدا چۆکم دادا و کتێبەکەم بۆ ڕاداشت بۆمی بنووسێ. دەستی هێنایە پێشێ. خێراییەکی زۆر خێرا دەستیم گرت و ماچم کرد. زۆرم ماچ کرد. مامۆستاش ماچمی کرد و چاوەکانی فرمێسکیان تێزا. دەنکە فرمێسکێک هەر دەتکوت دەنکە هەنارە، یا دەنکە یاقووتە، بە سەر ڕیشە ماش و برنجییەکەیدا دەهاتە خوارێ. وەڵڵا ئەو دەنکە فرمێسکە لە هەموو شتێک جوانتر بوو. لە پاش نووسینی کتێبەکە وتی:

– کوڕێکی بێ وێنەت هەیە هەڤاڵ!

دەگەڵ باوکمی بوو، ئەمجار دەستی بە سەرمدا هێنا و وتی:

«– قەت لە کتێب خوێندنەوە نەکشێیەوە، مرۆڤ هەوجێی زۆری بە کتێب و کتێب خوێن و سەنعاتکارە، ئەویش کۆمەڵگا و جەماوەری خۆمان. من هەمیشە ڕۆژی منداڵ، ڕۆژی کتێب، یان ڕۆژی کرێکار و گەنج کەسێک خەڵات دەکەم. تەنیا بە خەڵات کردنی کتێب، بەڵام ئەمساڵ، بڵێین ئەمرۆ، خەڵاتێکی گچکەم بەخشی و خەڵاتێکی زۆر مەزنم وەرگرت. برایەتی دووبارەی باوکت و دۆستایەتی تۆ...»

ئیدی باوکم باوەشی پێدا کرد و زۆریان یەکدی ماچ کرد، بەڵام لەم بەینەدا قازانجی مەزنتر بە من بڕا، دۆستێکی بێ وێنە و ئەویندار بوونی هەمیشەییم بە کتێب. دوایە تا درەنگانی شەو، من و باوکم و مامۆستا حوزنی باسوخواسی کتێبمان کرد. یانی من سەرقاڵی وانە خوێندنەوە و ئەزبەر کردن و مەشق نووسین بووم، بەڵام هۆش و دڵم هەر لە لای قسەکانی ئەوان بوو. ئەوانیش جاروبارە منیان لە باسەکەدا بەشداری دەدا.

درەنگانی شەو مامۆستا ڕۆشتەوە بۆ ماڵە خۆیان. لە کاتی ڕۆشتنا دیسانەکە بە منی وت لە کتێب نەکشێیەوە. هەموو ساڵێکیش ڕۆژی کتێب و ڕۆژی منداڵ و گەنج وەرە و خەڵاتی خۆتم لێ بستێنە.

لە پاشان کە دەگەڵ باوکم دوو بە دوو بووین، باوکم وتی: ئاگات لێ بوو مامۆستا حوزنی ئابڕووی ناحەز و نەیاری خۆشی دەپارێزێ و تەنانەت بۆ بەرگری لە خۆیشی زەم و لۆمەی دیتران ناکا؟! ئەو کابرا کتێبفرۆشە، ئالکۆلییە و هەر ڕۆژەی بە مەستی دەگەڵ کەسێکدا دایدەبەستێ. ئەمڕۆش ئەم شەڕەی بە مامۆستای خۆمان فرۆشت...

ئیدی ئەوینی کتێب و ئەوینداریی ئەم ڕێبازە و ئەم کەسانە لە مندا بنجێکی داکوتا بۆ هەتا هەتایە و ئەوە ئێستاش هەر بەم جیهانە سەیروسەمەرەیە موعجیب و سەرسامم.

بەڵام نازانم بۆچی لەمڕۆدا کتێب خەریکە غەریب دەکەوێ و غەریب دەمێنێتەوە؟ بەڕاستی کتێب خوێندنەوە و ئەو خووخدەیە بەرهەمی ڕەنج و خۆبەخت کردنی سەدان و بگرە هەزاران "حوزنی" بووە. ئەوان بوون و نەبوونی خۆیان فیدای خوێندەواری و موتاڵای مرۆڤی کۆمەڵگای ئێمە کرد و ئێمەش زۆر ئەمەک نەناسانە ڕەنج و زۆر و زەحمەتی ئەو بەڕێزانە، یان ناپارێزین، یان بە ئاویدا دەدەین. نە بەداخەوەین و نە پرسیارێک ئێخەی گرتووین، بەڵام بەڕاستی بۆ؟

# چەمکەکانی بەستانداردکردنی زمانی کوردی

د. عەلی مەحموود جوکل
(زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی زمان)

(١ - ٢)

* لەبەر ڕۆشنایی گوتەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕێزدار مەسعوود بارزانی سەبارەت بە ستانداردکردنی زمانی کوردی و ئەو هەوڵ و کۆششانەی لەم بارەیەوە دەیدات لە پێناو بەدی هێنانی زمانێکی ستانداردی کوردی ئەم لێکۆڵینەوەیە بڵاودەکەینەوە.

* ئەم لێکۆڵینەوەیە دەروازەیەکە بۆ هەموو خەمخۆرێکی زمانی کوردی تا بە ڕاوبۆچوونەکانیان دەوڵەمەندی بکەن لەپێناو گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی زانستی و بەدی هێنانی زمانێکی ستانداردی کوردی.

* بەشە زانستییەکانی زمانی کوردی دەتوانن لە بواری کۆزمانەوانی (زانستی زمان و کۆمەڵایەتی) سوودی لێ وەربگرن، چونکە بەڕای ئێمە هەر بابەتێک و بڕگەیەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەکرێ بکرێت بە بابەتی زانستی چەندین نامەی ماستەر و تێزی دکتۆرا.

* دەزگا کولتووری و زانستییەکانی وەک ئەکادیمیای کوردی و وەزارەتی ڕۆشنبیری و کتێبخانە گشتییەکانی کوردستان ئەوانیش دەتوانن چەندین کتێب و نامیلکە لەسەر ئەو ئامارانە دەربکەن کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتووە، چونکە ئامارەکان تا ساڵانی ٢٠٠٢ کراون و دەکرێت بەردەوامی هەبێت هەتا ڕۆژی ئێستا.

* بنەمای ئەم کتێبە تێزێکی دکتۆرای نووسەرە کە بە زمانی ئینگلیزییە بەناوونیشانی:

The Process of Standardizafion with Refernce English and Kurdish Languags

ئێمەش لێرەدا بەزمانی کوردی و بەدەستکاری کردن و دەوڵەمەند کردنەوە، گۆڤاری ڕامان بڵاوی دەکاتەوە.

«ڕامان»

سەرەتا هەوڵ دەدەین چەمکە سەرەکییەکان کە پێوەندییان بە پرۆسەی بەستانداردکردنی زمانەوە هەیە، باس لێوە بکەین، ئەمەش بە پێداچوونەوەی ئەو سەرنج و بۆچوونانەی پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە پرۆسەکەوە هەیە، لە هەمان کاتدا جەخت لەسەر نموونەکانی پرۆسەی بەستانداردکردنی دەکەینەوە، بەتایبەتی نموونەکانی هۆگن و گارفن، سەرەڕای بارە کولتوورییەکانی زمانی ستاندارد کە لەلایەن گلاردۆوە دەستنیشان کراون، هەروەها هەندێ لایەنی پەیوەست بە تیۆرییەکانی کێشەی بەستانداردکردن دەخەینە ڕوو.

**لایەنە سەرەکییەکانی پرۆسەی بەستانداردکردنی زمان:**

لە ڕاستیدا بە تەواوی ناتوانین پێناسەی پرۆسەی بەستانداردکردن بکەین، چونکە تائێستا پێناسەیەکی وانییە، کە پڕاوپڕ لەگەڵ پرۆسەکەدا بگونجێت، بەڵام بۆ تێگەیشتن و زانینی چۆنیەتی پرۆسەکە، دەتوانین ئەو سەرنج و بۆچوونانەی لەلایەن زانایان و پسپۆڕانی کۆزمانەوانییەوە لە بارەی پرۆسەکە و زمانی ستانداردەوە دەربڕاون بخەینە ڕوو؛ لەمانە:

هۆل (١٤٤؛ ١٩٧٢ Hall) دەڵێت، مەرجەکانی پرۆسەی بەستانداردکردنی زمان جۆراوجۆرن، بەڵام هیچ کاتێک وا ڕێک نەکەوتووە کە دوو نەتەوە، یان وڵات ڕووبەڕووی هەمان کێشەی وەک یەک بووبنەوە، بەڵام زۆربەیان ڕووبەڕووی کێشەیەک بوونەتەوە، ئەویش هەڵبژاردنی شێوەزار (دیالێکت)ی بنەما بووە بۆ سەقامگیرکردنی زمانی ستاندارد، نموونە زۆرە لەسەر ئەوەی کە ئەوانەی لە پرۆسەکەدا سەرکەوتوون و بوونەتە خاوەنی زمانی ستاندارد ئەوە بووە کە لە هەڵبژاردندا شێوەزاری مەڵبەندی کارگێڕی و بازرگانی هەرێمەکەیان هەڵبژاردووە، چونکە بمانەوێت و نەمانەوێت ئەو شێوەزارە ڕۆڵی خۆی لە زمانی ستاندارددا دەبینێت، ئەگەر ئەو شێوەزارە لە سەرەتادا باڵاش نەبووبێت.

- لای هۆگن (Huagen 1966, Pride& Holms 1972; 97) پرۆسەی بەستانداردکردنی ئەوەیە کە گەشە بەشێوەزارێک بدرێت تا ببێتە زمانی ستاندارد، ئەمەش بە تەواوەتی پەیوەستە بە گەشەسەندنی شێوەزارەکە لە نووسیندا، هەروەها سەرهەڵدانی خواستەکانی نەتەوایەتی، پرۆسەکەش لە هەڵبژاردنی شێوەزارێک وەک بنەما پێک دێت، تۆمارکردن و توێژینەوە لەسەری، فراوانکردنی ئەرکەکان و پێ ڕازی بوونی وەک نموونەی زمانەوانی. (Bolinger 1975; 575)

کەچی بۆلینجەر (١٩٧٥؛ ٥٧٥) پرۆسەی بەستانداردکردنی زمان بە هەوڵێکی فەرمی دادەنێت بۆ سەپاندنی شێوەزارێک وەک زمانی ستاندارد بەسەر هەموو قسەکەرانی زمانێکدا، کەچی ئەم کارە پێویست نییە، چونکە هەندێ مەرجی دی هەیە، کە بەهۆیەوە شێوەزارێک ئارەزوومەند بێت بۆ لێک تێگەیشتن، ئەویش پێوەندییە نزیکەکانن لەگەڵ یەکتر و بنەمایەکی گەورەی ئابووری و سەربەخۆیی سیاسی، کە بە هەموویان بەشێوەیەکی نافەرمی کاردەکەن، بۆ ئەوەی جۆرێک لە پرۆسەی بەستانداردکردنی زمان بهێننە ئاراوە؛ Rojer (Bell 1976; 148

- بەڵام ڕوجەر بێل (148 ;1976) ڕای وایە کە بوونی تۆماری هەر زمانێک مەرجێکی بنچینەییە، بەڵام مەرجێکی قەناعەتکەریش نییە لە پرۆسەی بەستانداردکردنی زماندا، بەڵام لە ڕاستیدا مەرجێکە دەبێت لەگەڵ مەرجی پێ ڕازیبوون هەبێت، کە هەردوو مەرج پێکەوە هەبوون، ئەوکاتە دەتوانین بڵێین زمانەکە زمانی ستانداردی هەیە.

- کەچی هیدسن (Hudson 1980; 32) بۆچوونی وایە کە پرۆسەی بەستانداردکردنی زمان لەوەدا بەرجەستەیە، کە زمانەکان لە ئاکامی دەست تێوەردانێکی ڕاستەوخۆ و ئەنقەستی کۆمەڵگاوەن. ئەم دەست تێوەردانە پێی دەگوترێت بە «ستانداردکردن»، ئەنجامەکەشی زمانێکی ستانداردە، کە پێشتر تەنیا شێوەزارێک بووە.

- بەڵام وۆردۆ (Wardaugh 1986; 31) دەڵێت کە پرۆسەی بەستانداردکردن خۆی لەخۆیدا بەچەند ئەرکێکی جۆراوجۆر دەبێت، لەوانە ئەرکی یەکخستنی قسەکەرانی زمانێکی تایبەت لە کۆمەڵگایەکی گەورەتر دەبینێت، کەچی لە هەمان کاتدا ئەو کۆمەڵگایەی لە ئەنجامی بەستانداردکردنی زمانەکەوە پەیدا دەبێت، دەبێتە کۆمەڵگایەکی جیاواز و لە کۆمەڵگاکانی ئاخاوتنی دی جیا دەبێتەوە.

- کەچی جانسۆن (Janson 1997; 106) پرۆسەکە بەوە دادەنێت زمانی ستاندارد شتێک نییە کە دژایەتی لەگەڵ شێوەزارێکی تایبەت هەبێت، بەڵکو

زمانێکی باوە و شێوەیەکیشە لە ئاخاوتن، کە هەموو توخمە باوەکان و ڕەگەزەکانی هەموو شێوەزارەکان بەخۆوە دەگرێت بەبێ ئەوەی توخمەکانی لە شێوەزارێکی تایبەت وەرگرتبێت (Bussman 1996; 45).

- بەڵام لای بوسمان (1966؛ ٤٥) پرۆسەی بەستانداردکردنی زمان ئەو پرۆسەیە کە پێوەندییەکی تایبەتە و زمان و کۆمەڵگا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، هەروەها لای ئەو زمانی ستاندارد شێوەیەکی ئاخاوتنە، وەک هۆیەکی باو ئەرکی پێوەندییەکان لە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی تایبەت جێبەجێ دەکات و لە ڕێگەی میدیا و هەندێک بارودۆخی تایبەت و زیاتریش بەهۆی سستمی فەرمی پەروەردە و فێرکردن، لە ڕادەبەدەر بۆ هەموان بۆتە شێوە ئاخاوتنی ئاسایی و قسەکەرانی هەموو شێوەزارەکانی زمانەکە دەیزانن و تێی دەگەن.

ئاشکرایە ئەم سەرنجانەی باسمان کردن، زیاتر پرۆسەکە بەوە دادەنێن، کە هەوڵدانێکە بۆ هەڵبژاردنی شێوەزارێک، یان چەندین ئاخاوتنی تێکەڵ وەک نموونە، ببێتە بنەما و گەشەی پێ بدرێت، تا ببێتە زمانی ستاندارد، ئەمەش لە ڕێگەی ئەوەی ئەرکەکەی فراوان بکرێت، بە بەکارهێنانی زمانی نووسین و زمانی ڕاگەیاندن و ناوەندێکی فێرکردن بێت، سەرەڕای ئەوەی شێوەکە تۆمار بکرێت، واتە تۆێژینەوە و لێکۆڵینەوە لە بارەی دەنگسازی و وشەسازی، ڕۆنانی ڕستە و واتاسازی و ئەرکی پراگماتیکی بکرێت تا بەشێوەیەکی فراوان ڕەزامەندی هەموو قسەکەرانی کۆمەڵگاکە بەدەست بهێنێت، هەرچەندە پرۆسەکە دەبێت بەم قۆناغانەدا ڕەت بێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشەوە بۆچوونی جیاواز لەسەر گرنگیی هەریەک لە قۆناغەکاندا هەیە، هەر بۆ نموونە، لەم سەرنجانەی سەرەوەدا یەکێکیان زیاتر بایەخی بە ڕەزامەندیی کۆمەڵگای ئاخاوتن دەدا، کەچی سەرنجێکی تر گرنگی بە تۆمارکردن و یەکخستنی شێوەکە دەدا.

هەندێکیشیان گرنگی بە ئاکامی پرۆسەکە دەدەن وەک یەکخستنی قسەکەرانی شێوەزارە جیاجیاکان لە کۆمەڵگایەکی ئاخاوتنی گەورە، هەروەها ناساندنی کۆمەڵگاکە وەک کۆمەڵگایەکی جیاواز و خاوەن شوناسنامەی تایبەتی خۆی، کە ئەویش زمانەکەیە، کەچی لەلایەکی ترەوە هەندێکیان بایەخ بە سیما و تایبەتمەندییەکانی زمانی ستاندارد دەدەن. ئەوەی ئاماژەمان پێ دا، ئەوە دەردەخات کە ناتوانین پێناسەیەکی ڕوون و ئاشکرای پرۆسەی بەستانداردکردن بکەین، بۆیە زۆر هەوڵ درا زاراوەی زمانی ستاندارد لە شێوەزار و شێوە ئاخاوتنەکانی تری زمانەکە جیابکرێتەوە، کە لە هەندێک لە سیماکانی هاوبەشن، هەر بۆ نموونە، بێل (Bell 1974; 147) ئاماژە بە پێوەرەکانی ستیوارت و هایمز دەدات، کە حەوت پێوەرن بۆ دیاریکردنی جۆرەکانی زمان لە ڕووی کۆزمانەوانییەوە، کە بەو هۆیەوە هەریەک لە جۆرەکان دەتوانرێت پێناسە بکەرێت و هەڵوێستی کۆمەڵایەتیشیان بەرانبەر دیاری بکرێت.

**II- پێوەرەکانی ستیوارت و هایمزیش ئەمانەن:**

**١- پرۆسەی بەستانداردکردن:** بەلای ستیوارتەوە تەنیا تۆمارکردن بەس نییە، بەڵکو دەبێت ڕەزامەندیی کۆمەڵگاش لەسەر ئەو زمانە هەبێت هەتا پێی بگوترێت زمانی ستاندارد، بەلای ئەوەوە پرۆسەی بەستانداردکردن، سیمایەکە بەسەر ئەوانی تردا دەسەپێنرێت زیاتر لەوەی مۆرکێکی خۆرسک بێت لە خودی زمانەکە، بۆیە پرۆسەی بەستانداردکردن لە هەموو کاتێکدا دەکرێت ڕووبدات.

**٢- زیندوویەتی:** ئەمەش پێوەرێکە دەتوانرێت جۆرەکانی زمانی پێ لێک هاوێر بکرێت، بە تایبەتی زمانی یەکەم، دووەم. ئەم پێوەرە زیاتر لەسەر ئەو بنەمایەیە، ئایا کۆمەڵگایەکی ئاخاوتنی زیندوو قسەکەری زگماکی هەیە، یان نا؟ هەر زمانێک لەوانەیە زیندوویەتی خۆی لەدەست بدات کاتێک کۆمەڵگای ئاخاوتن قسەکەری نەما.

**٣- مێژوویەتی:** ئەمەش پێوەرێکە بەهۆیەوە دەتوانرێت زمان بۆ زمانی یەکەم و دووەم دابەش بکرێت، بەتایبەتی لە بارودۆخی زمانی پگن (Pidgin Language) کە لە بنەڕەتدا بە واتایەک بە زمانی دروستکراو دادەنرێت، بەڵام دەتوانێت گەشە بستێنێ هەرکاتێ کۆمەڵگای ئاخاوتنی بۆ پەیدا بوو، بە تایبەتی بۆ ئەوانەی کە زمانی یەکەمیان نییە، بەڵکو ئەرکی زمانی لێک تێگەیشتن (Lingua Franca) دەبینێت.

**٤- هاوتوخمیەتی:** بەلای ستیوارتەوە ئایا ڕێزمانە بنەڕەتییەکە و وشەسازییەکەی زمانەکە لە هەمان قۆناغەکانی پێشتری خۆی هەڵێنجاوە، یان نا، بۆیەش دەبینین زۆربەی زمانەکانی جیهان خاوەنی

هاوتوخمیەتین، چونکە بنەماکەیان قۆناغەکانی زمانی پێش خۆیانن، بەڵام هەندێک لە زمان هاوتوخمیەتییان نییە.

لە ساڵی ١٩٦٨، هەندێک کێشە و گیروگرفت دەربارەی جۆراوجۆری زمانەکان رووی دا، بە تایبەتی کە نەدەتوانرا «گۆڤەر» و «شێوەزار» لێک جیا بکرێتەوە، بۆیە ستیوارت پێوەری «هاوتوخمیەتی» بەلاوە ناو پێوەرێکی نوێی بەناوی (ئۆتۆنۆمی) دارشت.

**٥- ئۆتۆنۆمی:** ئەم پێوەرە زیاتر پێوەندی بەوەوەیە ئایا ئەوانەی زمانەکە بەکاردەهێنن پێی رازین، یان نا؟ لەوەی کە زمانێکی جیاوازە و جیاوازی لەگەڵ زمان و شێوە ئاخاوتنەکانیدا هەیە، هیچ کێشەیەک لەسەر «ئۆتۆنۆمی» دوو زمان، یان دوو گۆڤەر روونادات، کە جیاوازییەکی دیار و بەرچاویان لەنێواندا هەبێت، بەڵام کێشە رووەدەدات، کاتێک لێکچوونێکی بەرچاو لەنێوان زمانی ستاندارد و شێوەزاری هەرێمی، یان کۆمەڵایەتیدا هەبێت، بەتایبەتی لەلایەن ئەوانەی ئۆتۆنۆمییان بۆ گۆڤەرەکە دەوێت.

چەندین کێشە لە بارەی پێوەرەکانی ستیوارت رووی داوە، بە تایبەتی لەسەر پێوەری «ئۆتۆنۆمی»، کە بەلای نیتشەوە بەستانداردکردنە، واتە بوونی تۆمارکردن، بەهۆی نەبوونی رەزامەندیی لەلایەن ئەوانەی بەکاری دەهێنن. هەر لەبەر ئەمە هایمز سێ پێوەری نوێی زیاد کرد و بە پێوەری «مێژوویەتی»شدا چۆوە.

لەم پێداچوونەوەیەدا هایمز پشتی بە بۆچوونەکانی فیشمان (١٩٧١) بەستووە، لەوەی کە ئایا کۆمەڵگا پەیوەستە، یان نا بەوەی مێژوویەک بۆ زمانەکە بدۆزێتەوە، بە بۆچوونی ئەو لە رابردوودا باووباپیران هەوڵیان داوە ئەفسانە بخوڵقێنن، تا بنەچەکە و گەشەسەندن و مێژووی زمانە ستاندارەکە دیاری بکەن.

**٦- تێکەڵی:** ئەم زاراوەیە ئەوە دەگرێتەوە کە ئایا زمانەکە لە بنەرەتدا یەکە و رۆنانی خوازراوی وای تێدایە، یان نا، کە لە دەرەوەی سەرچاوەکانی خۆی بێت؛ بە مانای ئەوەی ئایا زمانەکە وشە و زاراوە و رۆنانی بێگانەی تێکەڵ بووە، یان نا، بەڵام لە راستیدا هیچ زمانێک نییە، کە بە تەواوی پەتی بێت، چونکە زۆربەی زمانەکان لە گەشەسەندندا کەم، یان زۆر ئارەزوومەندی خواستنەوەی یەکە و زاراوە دەبن، بێ گومان لە زمانەکانی تر دەیخوازن.

**٧- کەمبوونەوە و لەنێوچوون:** ئەم پێوەرە ئەمە دەگرێتەوە، ئایا زمانەکە کەمترین توخمەکانی دەنگسازی و رۆنانە پێوەندیدارەکان و کەمترین وشە و زاراوە بەکاردەهێنێت، یان لەوەی کە پەیوەستە بە شێوەی ئاخاوتنی زمانەکە؛ واتە دەنگەکان و رۆنانەکان تووشی سوانەوە و کەمبوونەوە بوونە، یان نا، هەروەها وشە و زارەکانی کەم بوونەتەوە لەوەی زمانەکە لە بنەرەتدا هەیەتی.

**٨- دی فاکتۆی نموونەکان:** ئەم پێوەرە ئەوە دەگرێتەوە ئایا نموونە بەکارهاتووەکان لە زمانەکە هەرچەندە تۆماریش نەکرابن، بەڵام کۆمەڵگای ئاخاوتن پێی رازین.

٩- ئەم پێوەرانەی سەرەوە کە بەپێوەری نموونەناسی دادەنرێن بۆ ئەوەی رۆنانەکانی زمان و شێوەکانی ناوەوە لێک هاوێر بکەن، بەڵام پێوەرە کۆزمانەوانییەکان کاریگەرییان لەسەر ئەرکەکان و پێوەرەکانی کۆمەڵایەتیدا هەیە.

## III- جۆرەکانی زمانی کوردی

هەر لەسەر بنەمای ئەو پێوەرە کۆزمانەوانیانەی پێشتر باسمان کردن، دەتوانین زمانی کوردی بۆ چەند جۆرێک دابەش بکەین:

**١- ستانداردی کوردی:** بەم جۆرەی کە هایمز باس لە ستانداردی زمانی ئینگلیزی دەکات، هەر بەم پێوەرانە ئێمەش باس لەو شێوەزارەی کە لە هەرێمی کوردستان باوە تارادەیەک بە زمانی ستانداردی کوردی دابنێین، ئەویش شێوەزاری کرمانجی ناوەراستە، چونکە بە هەمان پرۆسەی بەستانداردکردندا تێپەریوە، لە هەمان کاتدا بەپێی پێوەرەکان هەمان سیمای زمانی ستانداردی هەیە، لەوانە؛ ئۆتۆنۆمی، زیادبوون و کەم بوونەوە و لەنێوچوونی نییە، تارادەیەک تێکەڵە؛ واتە رۆنان و وشە و زاراوەی هەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردی لەخۆ گرتووە، بۆ کاتی پێویست دی فاکتۆی نموونەکانە، زمانی زگماکی زۆربەی خەڵکی هەرێمی کوردستانی عێراق و کوردستانی ئێرانە، لە رووی دەنگسازی (فۆنۆلۆژی)، مۆرفۆلۆژی، لێکسیکی، سێنتاکس و سیمانتیک و پراگماتیکەوە تۆمار کراوە و لێکۆڵینەوە و تۆێژینەوەی زۆری لەسەر کراوە، تارادەیەکیش ئەرکێکی فراوانیش لە میدیا و لەدامودەزگای رەسمی و لە رادیۆ و ئینتەرنێت دەبینیت، ناوەندێکی فێرکردنە لە سستمی قوتابخانە

فەرمییەکاندا.

**٢- زمانی کلاسیکی کوردی:** لەوانەیە زمانی ئەدەبی کلاسیکی بە زمانی کلاسیکی کوردی دابنرێت، ئەگەر شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست وەرگرین. دەکرێت ئەو زمانەی سێ کوچکەی بابان (نالی، سالم و کوردی) بە زمانی کلاسیک دابنێین، بەڵام ئەگەر زمانی کوردی بە هەموو شێوەزارەکانییەوە وەرگرین، ئەوە ئەو زمانەی تا سەرەتای سەدەی بیستەم، کە ئەدەبی پێ نووسراوەتەوە بە زمانێکی کلاسیکی کوردی دابنێین، جیاوازی زمانی کلاسیک لەگەڵ زمانی نووسینی ئێستا لەوەدایە، کە پێوەری زیندوویەتی نەماوە؛ واتە وەک پێویست بەم شێوە ئاخاوتنە قسەکەری نییە.

**٣- زمانی خۆماڵی (Vernacular) کوردی:** پێناسەی زمانی خۆماڵی (Vernacular) لەلایەن یونیسکۆوە پێشنیارکراوە، وەک زمانی زگماکی کۆمەڵێک کە لە ڕووی سیاسییەوە کۆمەڵێکی تر خۆیان بەسەردا سەپاندوون، کە بە زمانێکی جیاواز دەدوێن(١)

ئەم پێناسەیە لە ڕووی یاساییەوە لە «شێوەزار»، یان «دیالێکت» جیای دەکاتەوە، بەوەی کە پێوەری ئۆتۆنۆمی هەیە، کەچی شێوەزار نییەتی.

**٤- دیالێکتی (شێوەزاری) کوردی:** (Trask 1993P; 82) پێناسەی دیالێکت (شێوەزار) وا دەکات؛ شێوەزارێکی دیاری زمانێکە، کە لە هەرێمێکی جوگرافی، یان گرووپێکی کۆمەڵگا قسەی پێ دەکەن زۆربەی شێوەزارەنەکان لەسەر ئەوە ڕێکن، کە شێوەزارەکان جۆراوجۆرن و لێک تێگەیشتن دەیانخاتە چوارچێوەی یەک زمانەوە (Bell 1976; 154)، بەڵام چەمک و پێناسەی لێک تێک گەیشتن زۆر ورد نییە، بە پێچەوانەوە دەکرێت زمان وەک فۆرمێکی ئاخاوتن پێناسە بکرێت، ئەوەش ئەوەیە کە قسەکەرانی زمانەکانی دی بە تەواوەتی لەم زمانە نەگەن. سەبارەت بە زمانی کوردی کە چوار شێوەزاری سەرەکی هەیە، لە ڕووی لێک تێگەیشتنەوەش زمانی کوردی تایبەتمەندی خۆی هەیە، کە دواتر بە درێژی باسی لێوە دەکەین.

**٥- زمانی پگن (Pidgin)ی کوردی:** ئەو جۆرە زمانە زیاتر لە ئەنجامی پێوەندییەکانی بازرگانی و کاروکاسبییەوە پەیدا دەبێت و سیمایەکانی ئەو زمانە پێوەری زیندوویەتی نییە، چونکە ئەو جۆرە زمانە وەک زمانی (Creol) و زمانی سروشتی نییە، کە کۆمەڵگای ئاخاوتنی زمانی یەکەمی هەبێت، بەڵام نموونەکانی دی فاکتۆ و بەکارهێنانی هەیە، ئەو جۆرە زمانە ئەگەر گەشە بکات، دەبێتە زمانی کرویل و لەوانەشە بە خێرایی پێش بکەوێت و ببێتە ستاندارد.

**٦- زمانی (Creol) کوردی:** جیاوازی زمانی کرویل لەگەڵ زمانی خۆماڵی و شێوەزار لەوەدایە کە لە ڕووی ڕۆنان و وشە و زاراوە، پێوەری تێکەڵی و کەمبوونەوە و لەنێوچوونی پێوە دیارە، لەبەر ئەوەی تا ئەم دواییە قسەکەرانی زمانی کوردی خاوەن قەوارەی سیاسیی خۆیان نەبوون، زمانەکەشیان باڵا نەبووە، تارادەیەک وەک پێویست ئەم زمانە دروست نەبووە، بەڵام دوای ڕاپەڕین و بە تایبەتی لەم دواییەدا لە هەرێمی کوردستان زمانی کوردی باڵایە، هەروەها ئارامی و سەقامگیری ناوچەکە وای کردووە خەڵکێکی زۆر، لەوانەی کورد نین، ڕوویان تێکردووە؛ پرۆسەی دروستبوونی زمانی (Pidgin) پیگن لە ئارادایە، بە تایبەتی بۆ مەسیحی و عەرەب و تورکمان، هەر پیگنە کە دواتر گەشە دەستێنێ و دەبێتە زمانی کرویل (Croel)ی کوردی، سروشت و سیمای ئەو زمانەش ئەوەیە کە شێوە ڕۆنانەکانی لە ڕووی ڕێزمانەوە، دەنگەکانی لە ڕووی دەنگسازییەوە وشە و زاراوەکانی لە ڕووی لێکسیکەوە ژمارەیان کەمترە لە چاو زمانی سروشتی، بەڵام لە هەمان کاتدا لە ڕووی ڕۆنانەوە زوو گەشە دەکات، تا شوێنی خۆی وەک شێوەزار بەدەست دەهێنێت و داوای ئۆتۆنۆمی دەکات و دەیەوێت ببێتە زمانی خۆماڵی (Vernacular).

**٧- زمانی دروستکراوی کوردی (Artificial):** زمانی دروست کراو، گۆڤەرێکی زمانە، دەبێت کۆمەڵگای ئاخاوتنی زمانی یەکە و پێوەری مێژوویی نەبێت، هەرچەندە لە کوردیدا هەوڵ نەدراوە زمانی دروست کراو هەبێت، تا ئەم دواییانە، کە وەزارەتی پەروەردە هەوڵ دەدات زمانێک بە تێکەڵکردنی هەردوو شێوەزاری سەرەکی کرمانجی ناوەڕاست و کرمانجی ژووروو دروست بکات، یان ئەوەی کە خەڵکانێک هەوڵی بۆ دەدەن بەناوی «سۆرمانجی» گۆڤەرێک دروست بکەن وەک ناوەندێکی فێرکردن لە سستمی پەروەردە و فێرکردندا، ئەمە وەک ئەوە وایە کە لە ئەورووپا هەوڵ دەدرا زمانی ئەسپرانتۆ دروست بکەن، سیما و تایبەتمەندیی ئەم زمانە ئەوەیە نموونەی بەکارهێنانی لە

ئاستێکی بەرزدا تۆمار دەکرێت، تاڕادەیەک کەمبوونەوە و لەنێوچوونی زۆری تێدا دەبێت، ئەم شێوەزارەیان گۆڤەر بەپێچەوانەی پیگنە (Pidgin) لە پێوەرەکانی تێکەڵی و ئۆتۆنۆمی، واتە زیاتر پەتی دەبێت، خۆی لە دەستەواژەی دوورودرێژ دەپارێزێت، زیاتر فرەیزی فەرمان، واتە فەرمانی لێکدراوی تێدا بەکاردێت، بە تایبەتی لە کوردیدا کەم بوونەوەکە لە بکەردا دیار دەبێت و ڕستەکانی بەپێی سروشتی لێکچوونی هەردوو شێوەزار بکەر نادیار دەبێت، بەڵام لە تێکەڵبووندا وشە و زاراوەی شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاستی زۆر دەبێت، ئەمەش لە ئەنجامی گەشەسەندن و زۆربی زاراوەی ئەم شێوەزارەیە.

**٨- زمانی ئێکسایزد (Xized):** ئەم زمانە کوردییە تێکەڵە، بەڵام کەم بوونەوە و لەنێوچوونی کەمە، نموونەش بۆ ئەو زمانە کوردییە کە عەرەب و کریستیان و تورکمانەکان قسەی پێ دەکەن، زمانەکە پڕە لە زۆر جۆرە وشە و زاراوەی هەموو شێوەزارەکانی کوردی بە تێکەڵی لەگەڵ سستم و ڕۆنانی زگماکی خۆیان، هەرچەندە ئەگەری ئەوە هەیە، کە داوای پێوەری ئۆتۆنۆمی بۆ ئەم جۆرە زمانە بکرێت، یان نا، بەڵام سیمایەکی زمانی کوردی باوە وەک زمانی دووەم لەلایەن بەکارهێنەرەکانییەوە، لە زۆر هەڵوێست و شوێندا بۆیان بە زمانی دووەم دادەنرێت، چونکە کورداندنەکەی شێوەی زمانی دووەمی وەرگرتووە.

**٩- زمانی کوردی لای قسەکەری بێگانە:** ئەو جۆرە زمانەیە کە بێگانەکان لە ڕێگەی خوێندنی ڕێزمان و خوێندنەوە و نووسینەوە فێری دەبن، سیمای تایبەتی ئەم زمانە بگرە خاوەنی شەش پێوەرە، لەوانەیە پێوەری حەوتەمیشی هەبێت، یەکێک لەژێر کاریگەریی زمانی زگماکی خۆیان لە ڕووی دەنگسازی و ڕۆنانەوە تێکەڵە، زۆرجاریش بیرکردنەوەی زمانی زگماکی خۆیانی تێدا زاڵە، گریمانەی ئەوەش دەکەین کە ئەم جۆرە زمانە لە پرۆسەی پگینازەیشن (Pidginization) بێت.

**١٠- زمانی کوردی لەژێر کاریگەریی زمانی بێگانە:** ئەم شێوەزمانە تاڕادەیەک زمانی ئیکسایزد (xized)ی کوردییە لەوەی کە هەردووکیان بەستاندارد دانانرێن. پێوەری مێژوو و زیندوویەتی کەمە، هەردووکیان سیمای پێوەری تێکەڵ بوونی زۆرە، قسەکەری ئەو زمانانە زوو زوو شێوەی ئاخاوتنیان لە زمانی بێگانە بۆ زمانی کوردی، یان بە پێچەوانە دەگۆڕێت، کە ئەم دیاردەیەش پێی دەگوترێت (Code-Switching) «زارگۆڕین»، ئەمەش بەپێی هەڵوێست ڕوودەدات، نموونەی ئەو زمانەش زمانی ئەو کوردانەیە کە ڕاستەوخۆ لەژێر کاریگەریی زمانی بێگانەن وەک ئەو کوردانەی کە لە تورکیا و ئێران و ئەوانەی لەناوچە عەرەبییەکاندا دەژین، یان ئەوانەی وەک ڕەوەندی کوردی لە وڵاتە بێگانەکان دەژین، کە زۆرجار کاتێ بە کوردی قسەدەکەن، بیرکردنەوەیان بیرکردنەوەی زمانی بێگانەیە و لە ڕۆنانی زمانی کوردی لادەدەن.

## IV- جۆرەکانی زمانی کوردی لە ڕووی ئەرکەوە

زمانی کوردیش وەک هەر زمانێکی سروشتی سەر ڕووی ئەم زەمینە، کە کیان و قەوارەی سیاسییان هەیە، لە ڕووی ئەرکەوە دەتوانرێت بکرێت بە چەندین جۆرەوە، لەمانە:

١- زمانی نەتەوەیی، یان زمانی ئەدەبی: زمانی کوردیش ئەرکی زمانی نەتەوەیی، یان ئەدەبی دەبینێت، بێ گومان زمانی نەتەوایەتی جۆرە زمانێکە تایبەتمەندی خۆی هەیە و زمانی ئەدەبە، زمانی کوردیش وەک زۆربەی زمانان لە هەموو بوارەکانی ئەدەبی بەکارهاتووە، وەک شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و شانۆ و لایەنە هونەرییەکانی تری ئەدەبی، کە هەریەک لەم هونەرە ئەدەبییانە زمانی تایبەتی خۆی هەیە.

٢- زمانی ستاندارد: ئەو شێوە زمانە پاراو و پەتییەیە، کە بەها و ڕێزی پەیدا کردووە، زمانی ئیلیتە و خاوەن بەهایە (Prestige)، ڕۆژبەڕۆژیش لە ڕووی قەبارەوە قسەکەری زیاد دەبێت.

٣- زمانی فەرمی «official Language»: هەر زمانێک قەوارەی سیاسی هەبێت، بێ گومان زمانێکی تایبەت دەبێت کە ئەرکی فەرمی دەبینێت ئەویش زمانی سیاسی قەوارەکەیە، سەرەڕای ئەوەی ئەو زمانەی لە دامودەزگا فەرمییەکانی وەک پەرلەمان، دادگا و دامودەزگای جێبەجێ کردنی فەرمی بەکاردێت، لە ڕووی فەرمییەوە لەکوردیدا شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست تا ئێستا پێشکەوتووترین شێوەزارە و ئەرکی زمانی سیاسی و فەرمی دەبینێت.

٤- زمانی زانست: بێ گومان زمانی زانستی لە زمانی ئاخاوتن جیایە و زیاتر پێویستی زۆری بە زاراوە

زانستییەکان و زمانەوانییە، وەک ناوەندێکی فێرکردن لە سستمی قوتابخانە فەرمییەکان، بگرە خوێندنی بالآ لە ئاست پەیمانگا و زانکۆکـــاندا بەکـــاردێت، هەرزمانێکیش لە ئاستی خوێندنی بالآدا بەکاربێت، گەشەسەندن و پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێت، بەلآم ئەگەر تەنیا لە قۆناغەکانی سەرەتایی بەکاربێت، ئەوە بە زمانێکی پاشکەوتوو دادەنرێت و بەرەو پێش ناچێت.

٥- زمانی ئایین و خواپەرستی: بێ گومان زمانی ئایین و خواپەرستی هەر نەتەوەیەک تایبەتمەندی خۆی هەیە، زیاتر زاراوە و وشەکانی هەلّدەبژێردرێت، کە زیاتر شـــەرمندەن و خـــۆ لە وشـــە و زاراوەی (Taboo) دەپارێزن، لەبەر ئەوەی زۆربەی کورد موسلّمانە، زمانی ئایینەکەش زمانی عەرەبی بووە، رێگەش نەدراوە قورئان بۆ سەر زمانی کوردی وەربگێردرێت و زۆربەی ئەدەبیاتی ئایینی ئیسلامیش بە زمانی عەرەبی بووە، هەر بۆیەش هەتا دوای شەڕی چالّدێران کە هزری نەتەوەیی سەری هەلّدا، زمانی کوردی لە سستمی خوێندنی حوجرە و فەقێ زۆر باوی نەبوو، هەربۆیەش دەبینین زۆر وشە و زاراوە لە زمانی ئایینی و خواپەرستی کوردی بەکاردێن عەرەبین، بەلآم مۆرکی زمانی کوردییان وەرگرتووە، تاکە زمانی ئایینی بە کوردی (مەسحەفی رەش)ی ئایینی ئێزیدی بە کوردییە و عیبادەتیشیان هەر بە کوردی بووە، بەلآم لەسەدەی بیستەم لە ڕووی زمانی ئایینی، زمانی کوردی گەشەسەندن و پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە دیت، زمانی ئایینی و خواپەرستی کوردیش تایبەتمەندیی خۆی پەیدا کردووە.

٦- زمانی ڕاگەیاندن: بێ گومان ڕاگەیاندنیش تایبەتمەندی خۆی هەیە، لە ڕاگەیاندندا زمان دەخرێتە ئەرکەوە بۆ ئەوەی ئامانج و سیاسەتی ڕاگەیاندن جێبەجێ بکرێت، بۆیە پێویستی بە ڕۆنانی تایبەت و هەلّبژاردنی وشە و زاراوەی کاریگەر دەبێت، بێ گومان زمانەکەش بەپێی مەبەست و هەلّوێست دەگۆڕێت، بگرە هەر لە دووبارە نەکردنەوەی وشەگۆڕینی پێکهاتە و نەرمە هەوالّ و ئابووری کـــردن لە وشـــە و زاراوە و بەکـــارهێنانی دەستەواژەی تایبەت...تاد ئەمانە هەمووی لە خانەی زمانی ڕاگەیاندندا دەبێت، زمانی ڕاگەیاندنی کوردی پێشکەوتنی بەخۆوە دیوە و ئاشکرا و ڕوونیی پێـوە دیارە، هەرچەندە زۆرجـــار بەلای زمـــانی ئەدەبیـــدا دەشکێتەوە، یان جارجارەش شێوە ئازادییەکی لە ڕادەبەدەری پێـــوەدیارە کـــە لەگـــەلّ دابونەریت دژایەتی دروست دەکات، بەلآم ئەوەی ڕاستی بێت کوردیش زمانی ڕاگەیاندنی تایبەت بەخۆی هەیە.

٧- زمانی دیبلۆماسیەت:

بێ گومان زمانی کوردی تایبەت بە دیبلۆماسیەت لە ئارادابووە، بگرە هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەم و کاتی شەڕی یەکەمی جیهانی و سەردەمی حکومەتی شێخ مەحموودی نەمر و شۆڕشەکانی بارزان و حکومەتی کوردستان لە مەهاباد و شۆڕشی ئەیلوولی مەزن زمانی دیبلۆماسیمان هەبووە، بەلآم پێویستی بە تۆمارکردن و تۆژینەوەیە، تا بە وردی تایبـــەتمەندییـــەکـــانی زمـــانی دیبلۆماسیەتی کوردی دیاری بکرێت.

٨- زمانی باو:

ئەو شـــێـــوەزارەیە کـــە توخم و ڕۆنانی هەمـــوو شێوەزارەکانی زمانەکەی تێدایە، ئەمەش لە ئەنجامی تێکەلّی و پێوەندییەکانی زۆر جۆرە قسەکەرانی زمانەکە دروست بووە، ئەو جۆرە زمانە زمانی سەنتەری بازرگانی مەلّبەندی کارگێڕی هەرێم و پایتەختە و زۆربەی قسەکەرانی شێوەزارە جیاجیاکانی زمانەکە تێی دەگەن و لەکاتی پێویستدا وەک زمانی لێک گەیشتن «Lingua Franca» بەکاری دەهێنن، هەرچەندە نەتەوەی کورد تا دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ کیان و قەوارەی سیاسیی نەبووە، مەلّبەندی کارگێڕیی هەرێمی نەبووە، بگرە هەتا لە ڕووی ئابووریشەوە هەرێمی کوردستانی عیراق دابەش کرابوو، کە شاری سلەیمانی و کەرکووک بەسترابۆوە بە شاری بەغداوە، شاری هەولێر و بادینانیش بەشاری مووسلّ، واتە سەنتەرێکی بازرگانی لە کوردستاندا نەبووە تا زوو بە زوو ئەم زمانە باوە بێتە ئاراوە، بەلآم لەگەلّ شۆڕشی ئەیلوولی مەزن و هەتا کۆمەلّگا زۆرە ملێیەکان، کە ڕژێم بە نیازی خراپ و دەست بەسەرداگرتن دروستی کردبوون، کاریگەریی خۆیان هەبوو بۆ لێک تێک گەیشتن و دروست بوونی بنەمای ئەم زمانە باوە، بەلآم دوای ڕاپەڕین، کە هەولێر بووە پایتەختی هەرێم، نیازیشە ببێتە سەنتەری بازرگانی هەرێم، هەر لە ئێستاوە پەیدابوونی ئەو زمانەباوە لە ئارادایە و بواری بوونی بە زمانی ستاندارد لە هەموو شێوەزارەکانی دی بۆ هەلّکەوتووە، لە هەموو دنیاش هەرواوبووە کە بۆ بنەمای زمانی ستاندارد زمانی باو هەلّبژێردراوە.

## V- مۆدیلەکانی پرۆسەی بەستانداردکردنی زمان:

لە پرۆسەی بەستانداردکردنی زمان زۆر جۆرە مۆدیلی سەرەکی هەن، لەوانە مۆدیلی هۆگن (Haugen) و گارڤن (Garven)، مۆدیلی هۆگن بۆ پرۆسەی بەستانداردکردنی زمان لەوانەیە لە هەموویان زیاتر لەبەرچاو بگیرێت، چونکە بەشێوەیەکی گشتی زۆربەی کۆزمانزانەکان لەسەری ڕێکن و بەچاکترین مۆدیلی دادەنێن، کەچی مۆدیلی (گارڤن)یان پێ سەرکەوتوو نییە، چونکە هەندێ سیما و تایبەتمەندی بەسەر زمانی ستانداردا سەپێنراوە، کە بێ هاوتابن و بەردەست نەبن و لەئاستی بەراوردکردندا نەبن، هەربۆیەش سیماکانی ئەم مۆدیلە لەبەرچاو ناگیرێت، بەڵام هەرچۆنێک بێت، تایبەتمەندیی هەردوو مۆدیل بە کورتی دەخەینە بەرچاو: هۆگن (Haugen 1972; 97) گوتارێکی بەناوی (دیالێکت و زمان و نەتەوە) لە ساڵی ١٩٦٦ بڵاوکردۆتەوە، تێیدا مۆدیلێکی بەستانداردکردنی پێشنیار کردووە و ڕوونیشی کردۆتەوە کە هەر گۆڕانکارییەک بەسەر شێوەزار (دیالێکت)دا دێت تایبێتە زمان، زیاتر بە پرۆسەی تۆمارکردن و گەشەسەندنی هزری نەتەوایەتییەوە پەیوەستە. پرۆسەی بەستانداردکردنی بەچوار قۆناغدا ڕەت دەبێت:

١- لەم قۆناغەدا شێوەزارێک، یان جۆرێکی زمان هەڵدەبژێردرێت وەک بنەمای ستانداردی زمان. لەوانەیە ئەم شێوەزارە، زمانی باوبێت، واتە زمانی سەنتەری بازرگانی، یان زمانی مەڵبەندی کارگێڕی هەرێمەکەیە، یان شێوەزارێکی تێکەڵە لە هەموو شێوەزارەکانی زمانەکە، یان شێوەزاری بنەماڵەی دەسەڵاتە (Hudson 1980: 33)، هەرچەندە لەهەڵبژاردنی زمان، یان شێوەزار چەندین کێشە و گرفت سەرهەڵدەدا، چونکە ئەم لایەنە زیاتر بە هەڵوێستی کۆمەڵگای ئاخاوتنەوە پەیوەستە ئەمەش بۆ ئەوەیە ئایا بەسەر کێشەی هەڵبژاردندا زاڵ بن، یان هەر هیچ نەبێت خۆ بەدەستەوەدان بێت، هەتا بۆ کێشەکی بچووکیش بێت (Wardaaugh 1986: 31).

٢- تۆمارکردنی فۆڕم: (Cadification of form) بۆ چەسپاندنی شێوەزارێک، دەبێت هەندێک فەرهەنگ و کتێبی ڕێزمان بنووسرێتەوە، کەوا لە ئەندامانی کۆمەڵگای ئاخاوتن دەکات ڕێک و ڕازی بن لەسەر ئەوەی چی ڕاستە.

بەلای کەم تۆمارکردن پێویستی بە چەندان جۆری فۆڕم و واتا هەیە، پێویستیشە ئەندامانی کۆمەڵگەکە فێری ڕاستترین فۆڕم بن و لە نووسینیشدا شێوە ناڕاستەکان بەکارنەهێنن، هەرچەندە لەوانەیە ئەم شێوانە لە ئاخاوتنی شێوەزاری زگماکیدا هەبێت (Hudson 1980: 33) لەوانەیە هەر ئەمەش بێت یەکێک لە هۆیەکان، کە وای کردووە چەندین ئەکادیمیای نەتەوایەتی (کۆڕی زانیاری) لە کارەکانیاندا چارەسەری ئەو کێشە و گرفتانە لە ئەستۆی خۆیان بگرن، لە ڕاستیدا ئەو ئەکادیمیانە لە بارودۆخێکی پۆزەتیڤدا نین، چونکە هەردەم ڕووبەڕووی ئەو گۆڕانکارییە بەردەوامە دەبنەوە، کە لە زماندا ڕوودەدات، بۆیە ناچاردەبن کە توێژینەوە لەسەر زمانی هەنووکەییدا، لە لایەنە نوێیەکانی بابەتە زمانەوانییەکاندا بکەن.

دیارکردنی نێوان تۆمارکردن و بەستانداردکردن لە ڕووی تیۆرییەوە زۆر گرنگە، چونکە تۆمارکردنی هەر زمانێک لە جۆرە بارودۆخێکی کۆمەڵایەتی و ئابووریدا ڕوودەدات و جۆر و مەودا و پلەی تۆمارکردنەکە پشت بەوە دەبەستێت کە تا چ ڕادەیەک کۆمەڵ زمانی تۆمارکراو بەکاردێنێت و تا چ مەودایەک ئەم بەکارهێنانە پەرەدەستێنێ، کە زمانەکە بووە ناوەندی فێرکردن و پەروەردەیی جەماوەری و زمانی خوێندەواری و خوێندنەوەی گشتی و یەکێک لە هۆیەکانی هێزی بەربڵاو و زمانی چینی ناوەندی کۆمەڵ و توێژی ڕووناکبیر بێت، ئەوکات دەتوانین بڵێین زمانەکە زمانی ستانداردە.

٣- فراوانکردنی ئەرکی زمان: بە زۆری فۆڕمی تۆمارکراو دەبێتە ناوەندی زۆر جۆرە ئەرک و زمانی ڕاپەڕاندنی کارەکانی نووسینگە و دامودەزگای حکومەت، دوکیۆمێنت و بەڵگە زانستییەکان و جۆرە جیاجیاکانی سستمی فێرکردن. وەک زمانی فێرکردن و ناوەندی سستمی خوێندن دەبێت لە وەزارەتی فێرکردن و خوێندنی باڵا و وەزارەتی پەروەردە یاسای بۆ دەرچووبێت، یان هەندێک جار بەپێی دەستووری وڵات دەکرێت بە زمانی فەرمی، هەروەها ئەو بەهایەی وەرگرتبێت کە وەک زمانی نەتەوەیی لە زۆر جۆرە بوارەکانی ئەدەب بەکاربێت، کە بووە زمانی سیاسەت و کۆمەڵایەتی و قەوارە کولتوورییەکان پێویستی بە یەکەی زمانەوانی و کولتووری دەبێت، بە تایبەتی زاراوە تەکنیکی و زانستییەکان، سەرەڕای ئەمەش پێویستی بە

دەستــەواژە و ڕۆنانی فــۆڕمی نوێ دەبێت، تا گەشــە بستێنێ و پێویستی گۆڕانکارییە کولتوورییەکانی کۆمەڵ بهێنێتەدی.

٤- کۆمەڵگای ئاخاوتن پێی ڕازی بێت: شێوەزارەکە دەبێت کۆمەڵگای ئاخاوتن وەک زمانی نەتەوایەتی پێی ڕازی بن، کە ئەمە رووی دا، زمانی ستاندارد چالاک دەکرێت تابیێت بە هێزێک و فاکتەری یەکخستن و یەکگرتوویی وڵاتی نەتەوەیی، هەروەها دەبێتە هێما و ڕەمزی سەربەخۆیی وڵات و نەتەوە لە نەتەوەکانی دی دەبێتە نیشانە و پلەوپایەی جیاکەرەوە وەردەگرێت، کە هەر ئەم ئەرکەشە وادەکات وڵات و نەتەوە پێش بکەوێت و گەشە بستێنێ (Wardaugh 1986: 30) هۆگن لە پرۆسەکەدا دووی یەکەمی هەنگاوەکانی بەستۆتەوە بە فۆڕم، بەڵام دووەکەی کۆتایی بە ئەرکی زمان، کە یەکەم و ئەوەی کۆتایی بەکۆمەڵگاوە پەیوەستە، کەچی دووەم و سێیەم بە خودی زمانەکەوە پەیوەستە. (Haugen 1972: 110).

مۆدیلی هۆگن: لە پێکهێنانی پێوەندییەکان لەنێوان پرۆسە سەرەکییەکانی بەستاندارکردنی زمان و تێگەیشتنیان تارادەیەکی زۆر سوودمەندە، بەڵام بگرە و بەردە و پیلەیەکی زۆر لە بارەیەوە هەیە، کەچی لایەنێک و قۆناغێک پرۆسەی بەستانداردکردنی زمان و ئارەزوومەند لە ئارادایە، هەر بۆ نموونە، لای هەندێک مەرج نییە کە پرۆسەی بەستانداردکردن، بابەتەکانی نووسین و گۆکردن بگرێتەوە (Macually 1973)، یان مەرج نییە کە زمانی ستاندارد تەنیا سەرکەوتووترین شێوەزاربێت (Hudson 1980: 34).

**مۆدیلی گارڤن:**

مۆدیلی گارڤن لەسەر دوو بنەمای باری ڕۆنان گوزارش لە بەستانداردکردنی زمان دەکات، کە سەقامگیری نەرم (Stability Flexible) و ڕووناکبیریەتی (Intellectualization)، کە هەردووکیان وەڵامدانەوەی ئەو هەرەشەیەیە کە لە ئەنجامی گۆڕانکاری کولتووری لە کۆمەڵگای ئاخاوتندا ڕوودەدات (Sharrab 1984: 211)

١- سەقامگیری نەرم (Flexible Stability): بە بۆچوونی گارڤن، زمانی ستاندارد دەبێت نموونە گونجاوەکانی نەرم و سەقامگیربێت، بەهۆیەوە دەبێت بە ئاسایی ئەرک جێبەجێ بکات و ڕێگەی بە پێوەندییە نوێیەکان و پێشکەوتنی بدات و وەڵامدانەوەیەک بێت بۆ ئەو گۆڕانە کولتوورییەی کە لە کۆمەڵگای ئاخاوتن ڕوودەدات، ئەمەش بە دەست دێت کاتێ زمانەکە ڕێنمایی و ڕێسای وا لەخۆ بگرێت کە شوێن بۆ هەموارە نوێیەکانی نموونەکان بکاتەوە، کە تووشی مەرجەکانی گۆڕانکاری دەبن. ئەو گۆڕانانەش بەخێرایی ڕوونادەن، بەڵکو بە تێپەڕبوونی کات ڕوودەدەن. زمانی ستاندارد دەبێت ئەو ئامادەکارییەی هەبێت بۆ بەخۆوە گرتنی هەر گۆڕانێک کە ڕوودەدات، ئەمەش لە ڕێگای کەڵەکەکردنی جۆرەکانی لێکسیکی دێتەدی کە کراوە بێت بۆ وەرگرتنی هەموو وشە و زاراوەیەکی نوێ لە داهێنانی شێوازێکی نوێ ڕێکی بخات، واتە کە لە کۆمەڵگا هەر ڕووداوێکی نوێ ڕوودەدات، چەمک و بیری نوێ سەرهەڵدەدەن و ئەو چەمک و بیرە نوێیانە پێویستیان بە وشە و زاراوەی نوێ دەبێت، زمانەکەش دەبێت ئەو یاساوڕێسایەی هەبێت کە وشە و زاراوەی نوێ بۆ چەمک و بیری نوێ دابڕیژێت، لە هەمان کاتدا کە هەر وشە و زاراوەیەکی نوێ لە زمانەکانی دی وەردەگرێت، دەبێت زمانەکە ئەو پێوەر و ڕێسایەی هەبێت کە لە ڕووی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژییەوە گۆڕانکاری بەسەردا بهێنێت، کە لەگەڵ سروشتی خۆی بگونجێنێت. واتە زمانەکە توانای گۆڕان و بەردەوامی هەیە، ئەمەش زیاتر بەزمانی ستانداردەوە پەیوەستە، دڵنیا بوون لەبەردەوامییەکەشی بەهۆی تۆمارکردنی دەبێت، کە تێیدا ڕێسا ڕێزمانییەکان و ئامرازەکان و شێوازەکانی زمان دیار دەکرێن و سەپاندنەکەشی لەلایەن دامودەزگای ئەکادیمی و کۆڕی زانیارییەوە دەبێت، کە ئەو دەزگایانە دەسەڵاتی یاساییان وەرگرتووە، ئەم دەسەڵاتەش بە ئەنجامی گەشەسەندنی زمانی ستانداردەوە بەستراوە لە بواری وشە و زاراوەی نوێ، کە لە زمانەکانی دی خوازراوە، یان لە بنەمای لێکسیکۆنی زمانەکەی خۆی داڕێژراوە بۆ گۆڕانەکانی شێواز، کە لەوانەیە زمانەکە پێویستی پێ بێت. ئا لەم ڕووداوە نوێیانەدا دەسەڵات بە دەزگا ئەکادیمییەکان دراوە چەمک و وشە پێشنیار بکەن بۆ بەگژداچوونی ئەو کارانەی لە ئاکامی ڕووداوە نوێیەکان ڕوودەدەن و لە هەمان کاتدا لەسەر بنەمای ئەو گۆڕانانەی بۆ سیستەمی فێرکردن و خوێندنەوە، هەروەها بۆ خوێندەواران بڕیار لەسەر ئەو چەمک و زاراوانە دەدرێت.

٢- ڕووناکبیریەتی: دەکرێت ڕووناکبیریەتی زمانی

ستاندارد وا لێک بدرێتەوە، کە پەیڕەوکردنی ئامانجێکە کەوا لە زمانەکە بکات، چڕ و بەهێز بێت، ئەگەر پێویستیش بێت، دەستەواژە و دەربڕینەکانی پوختەبن، ئەم گۆڕانکارییەی لەزماندا بەشێوەیەکی سەرەکی کاردەکاتە سەر پێکهاتەکانی وشەسازی، هەروەها لایەنێکی ڕێزمانی (Garrin 1975; 4).

وشەسازی لە زمانی ستانداردا بەرەو چڕی و ڕوونی دەکشێت، ئەمە دەکرێت بە خوڵقاندنی وشەی پوخت و نوێ، کە چەمک و بیرە نوێیەکان لەخۆ بگرێت. لەمەدا هاوواتاکان زۆر دەبن و چەند بارە دەبنەوە- هاوواتا «Syonymy» لە زمانێکی دیاردا بوارێکی گەورە دەگرێت، کە ناتوانرێت دەرکی پێ بکەن، چونکە بڕێکی زۆری وشەکان هەمان مانا دەبەخشن. لە ئەنجامدا بەکارهێنەرەکانی دەتوانن دڵنیابن کە دەتوانن وشەکان بەچڕی بەکاربهێنن بەبێ ئەوەی پێویستیان بە وشەی خوازراوی زمانە بێگانەکان بێت.

لە هەر ڕێزمانێکدا زمانەکە دەبێت ئامرازی شێوازەکانی دیار بێت، کە چەمکە چڕ و نوێیەکان لەخۆ بگرێت، ئەو ئامانجەش بەهۆی بەکارهێنانێکی نەرمی سستمی ڕستەکان لە زماندا دەبێت، بەتایبەتی بە ڕاهێنان و داهێنانی ڕستەکان ئەم ئامانجەش دێتە دی، لۆژیکی ئەم چەمکانە لەزماندا چڕ و پوختە کردنە.

لای گارڤن نەرمی لە ڕێزماندا و وشەسازی کارێکی گونجاوە، چونکە ئەو وای لێک دەداتەوە کە ڕێزمانی زمانی ستاندارد دەکرێت چڕ و نەرم بێت تا شوێنی ئەو گۆڕانانە ببێتەوە کە لە ئاییندەدا ڕوودەدات، هەر چۆنێک بێت نەرمی ڕێزمان لەوانەیە بنەڕەتی نەبێت، بەڵکو ئارەزوومەندانە بێت.

ئەوەی پێوەندی بە کەمایەسییەکانی مۆدیلی گارڤنەوە هەیە، دەکرێت بەهۆی بارە کولتوورییەکانی زمانی ستانداردەوە، کە گەلاردۆ پێشنیاری کردوون، قەرەبوویان بکاتەوە، کە ئەوانیش ڕەگوریشەی شارنشینیەتییە. (Gallardo 1979. 32).

**بارە کولتوورییەکانی گەلاردۆ:**

١- ڕەگوریشە Rootedness: لەمەدا زمانی ستاندارد دەبێت ڕەگوریشەی مێژوویی هەبێت، تا کۆمەڵگای ئاخاوتن پێی ڕازی بن، چونکە گرووپێکی دیار لە خەڵک لە ڕێگای بەکارهێنانی زمانێکی تایبەت شوناسنامەی خۆیان بەدەست دەهێنن. سیماکانی ئایین و کۆمەڵایەتی و ڕەگەز لەوانەیە بۆ گرووپەکە گرنگ بێت، بەڵام گرنگترین و بەهێزترین پێوەندی بۆ هەمووان لەوانە خۆبەستنەوە (ئینتیما) بێت، کە ئەویش لە ڕێگای زمانی باو و مێژوویەکی دوورودرێژەوە پەیدا دەبێت، بەتایبەتی لەنێو ئەو گەلانەی، کە لەوانەشە زمانی باو هێزێکی پشتگیریکەر بێت بۆ گرووپەکە. (Wardaugh 1986: 34-5).

٢- شارنشینیەتی (Urbanicity): زاراوەی شارنشینیەتی لێرەدا ئەوەیە کە زمانی ستاندارد گۆڕانکاری دیوە و لە زمانی لادێ و گوندایەتییەوە بووەتە زمانێکی نموونەیی شار، تا پێویستییەکانی کۆمەڵگا دابین بکات، شارنشینیەتی پەیوەستە بەو گەشەسەندنە لە ڕادەبەدەرەی زمان، کە بەهۆیەوە زمانی نووسین بەکاردێت و خوێندەواری پەرەی سەندووە و زمانەکە ناوەندی پەروەردە و فێرکردنە، ئەمەش لە ئەنجامی کۆمەڵگای پیشەسازییەوە سەری هەڵداوە و تاڕادەیەکی زۆر تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی و گەشبێنی پێوەندییەکانی بەخۆوە گرتووە، نکوڵی لەمە ناکرێت کە شار و شارۆچکەکان باشترین ناوەندی بۆ گەشەسەندنی هەموو جۆرە ڕووناکبیرییەک لەوەی کە لەلادێ و گوند ڕوودەدات، ئەمەش ڕاستییە بەتایبەتی کە زمان بە بواری ئەدەب و زانست و فەلسەفە و ئایینەوە پەیوەستە، چونکە ئەو زمانەی کە لەم بوارانەدا بەکاردێت زیاتر پەتییە و زاراوەکانیشی جۆراوجۆرە، هەر بۆیەش شارە پیشەسازییەکان بە مەڵبەندی خوڵقاندنی پرۆسەی بەستانداردکردنی زمان دادەنرێن.

لە هەموو لایەنەکانی ژیان، دەتوانرێت شارە پیشەسازییەکان لەشارە بەر لە پیشەسازییەکان هاوێر بکرێت، جۆراوجۆری و یەکخستن دوو بەرهەمی دیارن، کە بەکاریگەریی شاری پیشەسازی پەیدا بووە.

هەرچەندە چەند جارەی گەشەسەندنی ئابووری لە پیشەسازی کردن پەیدا دەبێت، بەرهەم و ئاڵوگۆڕی ئابووری بەپێی بە ستانداردکردن لاواز و بێ هێز دەبێت.

کەچی لە شارە بەر لە پیشەسازییەکان، تایبەتمەندی و سیماکانی ئابووری بەلای پێوەری هەموو جۆرەکانی بەستاندارد نەکردندا دەشکێتەوە، ئەم بارە بە هەمان پرۆسە لە بەکارهێنانی زمانیش ڕوودەدات، واتە بە ستانداردکردنەوە پەیوەست نین.

پلەی بەستانداردکردنی زمان بە ڕێژەی شارنشینیەتی کولتووری قسەکەرەکان دەپێورێت (Garvind Ma-thio 1960- 783)، (Hadson 1980- 31). لە ڕاستیدا لەلای قوتابخانەی پراگ Prague زمانی ستاندارد وەک دیاردەیەکی گەورەی زمانەوانی هاوشانی کولتووری شارە.

بوونی ستانداردی زمان لەگەڵ بوونی کولتووری شارە، هەتا لە شارەکانی بەر لە پیشەسازی، کاریگەریی لە ستانداردکردندا لەسەر شارنشینیەتی، دەکرێت بە تەواوی دەرکی پێ بکرێت.

**ئەرکەکانی زمانی ستاندەرد:**

گارڤن دەڵێت «زمانی ستاندرد بۆ ئەوەیە تا ئەرکی تایبەتی و بابەتی جێبەجێ بکات».

I: ئەرکە تایبەتییەکانی زمانی ستاندارد: لە ڕێگەی زمانی ستانداردەوە سێ ئەرکی تایبەتی هەیە دەبێ جێبەجێ بکرێت؛ لەوانە:

أ- ئەرکی یەکخستن: Unification Function

زمانی ستاندارد وەک شوناسنامە، ڕۆڵی خۆی لە یەکخستنی جۆرەکانی زمانە خۆماڵییەکان (Vernaculars) دەبینێت، تایبەتمەندییەکانی دەداتێ و دەیانکاتە یەک نموونەی ئاخاوتن، کە لە ڕێگەیەوە کۆمەڵگای ئاخاوتن چڕ دەکاتەوە و قسەکەران لەیەکتر نزیک دەکاتەوە. بە بەرکارهێنانی زمانی ستاندارد، چەندین کۆمەڵگای ئاخاوتن یەک دەگرن، هەر لەمەدا دەکرێت ئەم زمانە وەک شوناسنامەی یەکێتی نەتەوەیی و نیشتیمانی سەیر بکرێت، چونکە بەهۆیەوە ئەندامانی کۆمەڵگای ئاخاوتنەکان پێوەندی لەگەڵ یەکتری بەهێز دەکەن و دەبێتە فاکتەرێکیش بۆ ئەندامان کە شێوەزارە جۆراوجۆرەکانیان یەک بخەن زیاتر لەوەی کە چەندین شێوەی ئاخاوتن بەکاربهێنین، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە شێوەزار و شێوەی ئاخاوتن و چەندیەتی گۆڤەرەکانی تاک و کۆمەڵ لە پێوەندیکردنی تاکەکان بە یەکتری دەسڕێتەوە و لەناوی دەبات.

ب- ئەرکی جیاکەرەوە Separartist Function

زمانی ستانداردی کۆمەڵگای ئاخاوتن، کۆمەڵگاکە، لە کۆمەڵگاکانی تر جیا دەکاتەوە و هەر زمانێکی ستانداردی هەر کۆمەڵگایەک لە هی کۆمەڵگایەکی تر جیاواز دەبێت، کە لە ئاکامدا زمانی ستاندارد دەبێتە هێما و ڕەمزی شوناسنامەی نەتەوایەتی، کە هۆیەکی بنەڕەتیشە بۆ سەرهەڵدانی خواستی بەرزی نەتەوایەتی، بەم شێوەیە ستاندارد بووەتە ڕێبازێکی عەلمانییەت (secular) لە بواری نەتەوایەتیدا، زمان بە هزری نەتەوایەتییەوە پەیوەستە، هەر بۆیەش ڕۆڵێکی گرنگ لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەییدا دەبینێت، ئەو بزووتنەوانە لە داخوازییەکانیدا جەخت لەسەر مافی زمان دەکەنەوە وەک فاکتەرێک لە خەباتدا بۆ سەربەخۆیی نەتەوایەتی.

ج- ئەرکی بەها و پایە بەرزی Prestige Function:

زمانی ستاندارد هۆکارێکی بەها و پایەبەرزییە بۆ کۆمەڵگای ئاخاوتن کە دەتوانێت ڕێز و بەها بۆ تاک و گرووپ پەیدا بکات. هەرچەندە بە بۆچوونی هۆگن (Haugen 1966: 103) زمانەوانەکان لایەنی پایەبەرزی و نزمی زمان فەرامۆش دەکەن، بەڵام مەودای بەها و پایەبەرزی زمانی ستاندارد خەڵک بڕیاری لەسەر دەدات، و ئەمەش بیر و چەمکێکی ڕوونە و پشت بەوە دەبەستێت کە ئایا زمانەکە لە تۆمارکردندا بەکارهاتووە، واتا توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە و فەرهەنگی بۆ کراوە و ڕێزمانەکەی نووسراوەتەوە (Hudson 1980;32)، کەچی کۆ زمانەوانەکان وەک بەشێکی سەرەکی لە ئەرکەکانیان، خەڵکیان بۆ لایەنەکانی ئەرکی کۆمەڵایەتییان ڕاکێشاوە، هەرچەندە ئەم ئەرکەی زمانەوانان ئەرکێکی تایبەت و ئاڵۆزە، کە ئەرکەکانی کۆمەڵایەتی هەر زمانێک لەبەرچاو بگرێت. لەوانەیە هەندێکیان ئەو ئەرکە قورسەیان نەگرتبێتە ئەستۆی خۆیان، کە بەها و پایە بەرزیی زمانی ستاندارد و خۆماڵی دەستنیشان بکەن.

# ڕاڤەی شیعری
# (خۆر لەناو پەرداخێکی شکاو)دا

**هاوژین صلّیوە**
**(زانکۆی کۆیە – کۆلێژی زمان)**

ئەمە ناوونیشانی شیعرێکە لە گۆڤاری ئایندەی ژمارە (٨٠)ی ساڵی (٢٠٠٨)، لەلاپەڕە (٧١- ٧٢) بڵاوبۆتەوە، ئێستاش دیوانێکی شیعریی قوبادی جەلی زادە بەم ناوە چاپکراوە، دیارە هەر ناوونیشانی ئەو شیعرەشی بۆ دیوانەکە هەڵبژاردووە، بەڵام ئێمە تەنیا لێکدانەوە بۆ ئەو شیعرە دەکەین کە لە گۆڤاری ئایندەدا بڵاوکراوەتەوە. ئەم شیعرە لە حەوت کۆپلە پێک هاتووە، هەریەک لە کۆپلەکان دیمەنێکی خۆرئاوابوون پیشان دەدەن لەگەڵ ئاوێتەکردنی وێنە و وەسفی ورد و جوان. سەرەتا هەر لە ناوونیشانەکەیەوە دەست پێبکەین بەناوی (خۆر لەناو پەرداخێکی شکاو)دا کە ناوونیشانێکی سەرنجڕاکێشە، چونکە خۆر شلەمەنی نییە بچێتە ناو پەرداخ، یان لە پەرداخ بکرێت، بەڵکو تیشکە و بارستاییەک نیشان نادات، بەڵام شاعیر بەهۆی شێوازی بەتەن کردن بارستاییەک بۆ تیشکی خۆر دروست دەکات کە لەناو پەرداخێکدایە، بەڵام پەرداخەکەش شکاوە، کەواتە ئەم تیشکە چۆن لەناو ئەو پەرداخە شکاوەدا جێگیر دەبێت. ناوونیشانی شیعرەکە زۆر سەرنج ڕاکێشە و وێنەیەکی جوانیشە کە لە کاتی نووسینی کۆپلەکانیش سستمی (أ- ب- ج) تێکدراوە و بە شێوازی تر کۆپلەکانی ڕیز کردووە ئەمەش ئاوەژووکردنەوەیە و لە ڕووی ڕوخسارەوە جوانییەک بە شیعرەکە دەبەخشێت، چونکە ئەو شتەی بۆ بابەت و زانستەکانی تر نابێت، بۆ شیعر دەبێت، کۆپلەکانی بەم شێوەیە ڕیزکردووە: (ی، ە، ر، ی، ڤ، أ، ن) دەبینین ڕیزبەندەکەی تێک شکاندووە و بە ئارەزووی خۆی لە (ی) ئەوە دەستی پێ کردووە پیتی (أ) ئەلفی خستۆتە شەشەمین کۆپلە. ئێمە کۆپلە کۆپلە شیعرەکە شی دەکەینەوە:

**کۆپلەی یەکەم (ی)**
**بەر لە ئاوابوون...**
**خۆر،**
**نارنجێک پاکژ دەکات و**
**پەلکەکانی فڕێ دەداتە،**
**لێواری تاریکییەوە!**

شاعیر وەسفێکی جوانی دیمەنی ئاوابوونی خۆرمان بۆ

دەکێشێت، وێنەکەشی بە شێوازی ئاڵوگۆڕ پێکردنی درک پێکراو، بە شێوازی بە کەس کردن (تشخیص) دروست کراوە، تیشکی خۆر وەک مرۆڤێک پیشاندراوە، کە نارنجێک پاکژ دەکاتەوە، نارنج خواستراوە بۆ تیشکی سووری ئێوارە کە خۆر دوا تیشکی خۆی دەپرژێنێ، لە شێوەی گۆیەک خۆی نیشان دەدات و وەک نارنجێک دێتە بەرچاو، وردە وردە بەرەو ئاوابوون دەچێت و تاریکی باڵ بەسەر تیشکە سوورەکاندا دەکێشێت، ئەم نارنجە کە تەواو پاک کرایەوە، پەلکەکانی فڕێدران، کە دوا تیشکە ئیتر تەواو نارنجەکە پاکژ دەبێتەوە و دێوەزمەی تاریکی نارنجەکە دەخوات و خۆرئاوا دەبێت، کەواتە ئەم دیمەنە بە شێوازی بەکەس کردن و بە شێوازی وەسف بنیاد نراوە.



قوبادی جەلی زادە

**کۆپلەی دووەم (٥)**
**باخ،**
**تیشکە شکاوەکانی خۆرئاوابوون**
**دەکاتە بەلەمێکی نارنجی و**
**پێی دەپەڕێتەوە**
**بەر سێبەر!**

لە کۆپلەی دووەم کە بەشێوازی بە کەس کردن دروست بووە، باخ لە شێوەی کەسێک نیشان دەدات، تیشکە شکاوەکانی خۆرئاوابوون دەبێت بە بەلەمێکی نارنجی بۆ بەر سێبەر پێی دەپەڕێتەوە، ئەمەش پرسیارێکمان لا دروست دەکات، کە خۆر بەرەو ئاوابوون بچێت و کۆتایی بێت، ئیتر خۆرێکی نییە تاوەکو خۆرەتاو بێت و باخ بڕواتە بەر سێبەر، بێ گومان دەبێت خۆرەتاو هەبێت بۆ ئەوەی سێبەر دروست ببێت، کەواتە باخ بەرەو کام سێبەر دەڕوات لە گوتەی (خۆر ئاوابوون دەبێتە بەلەمێکی نارنجی) وێنەکە بە شێوازی بەتەن کردن دروست دەبێت، ئەم وێنەیە بە هەستی بینین وەردەگیرێت و وێنەیەکی جووڵاوە، چونکە وێنەکە جووڵە و بەردەوامیی تێدا ماوە، شێوازی وەسفی ڕاستەوخۆ باڵی بەسەردا کێشاوە.

**کۆپلەی سێیەم (أ)**
**خۆر،**
**بێ ئەوەی گۆچانێکمان**
**لە حەیزەرانی ڕووناکی بداتێ،**
**ئاودیو بوو!!**

لەم وێنەیەدا بە شێوازی بە کەس کردن دروست بووە و خۆریش کە ئاوابوو، ئیتر دوا تیشکی دەبڕێت و تا دوا ڕۆژ هیچ ئاسەوارێکی ڕووناکی نامێنێت و لەبەرچاو گوم دەبێت، لە گوتەی (حەیزەرانی ڕووناکی) وێنەی بەتەن کردن هەیە و بە هەستی بینین وەردەگیرێت. لە گوتەی (ئاودیو بوو) وێنەیەکی وەستاوە و لەوەندە زیاتر تیشکی لێنابێتەوە.

**کۆپلەی چوارەم (ی)**
**هەوڵ دەدەم پرچی نیگەرانی خۆر**
**بە قردێلەی ئارامی پەپوولەیەک،**
**گرێ بدەم**

لەم وێنەیەدا وەسفێکی چڕو وردی لەخۆ گرتووە، وێنەیەکی لێکدراوە، هێشووە وێنەی دروست کردووە و تێک ئاڵۆسکاوە. لە گوتەی (پرچی... خۆر) وێنەیەکە بە شێوازی بە کەس کردن دروست کراوە، لێرەدا خۆر بە ئافرەتێکی قژ زەرد، یان سووری ئارگۆنی چوێنراوە، لە گوتەی (پرچی نیگەرانی خۆر) نیگەرانی بەتەن کراوە لە شێوەی بارستاییەک نیشانمان دەدات، شاعیر هەوڵ دەدات ئەم پرچە پەرشوبڵاوەی نیگەرانی خۆر، کە لەتاو ئاوابوون سوور هەڵگەڕاوە بە قردێلەی ئارامی پەپوولەیەک گرێ بدات، پەپوولە کاتێ لەسەر گوڵ دەنیشێتەوە دوو پەڕەیە و لە شێوەی قردێلە دێتە بەرچاو، شاعیر پرچی خۆر بە پەپوولەیەک گرێ دەدات، لە گوتەی (قردێلەی ئارامی) وێنەی بەتەن کردنە، لە گوتەی (قردێلەی ئارامی پەپوولەیەک) وێنەیەکی بەرجەستەکراوە، وێنەکان بە هەستی بینین وەردەگیرێن، لە گوتەی (هەوڵ دەدەم... گرێ بدەم) وێنەیەکی جووڵاوی دروست کردووە.

**کۆپلەی پێنجەم (ڤ)**
**هەوڵدەدەم چلێک ڕووناکی**
**لە لقی خۆر بکەمەوە و**
**بیخەمە بەر،**
**پەنجەرەی شەو!**

شاعیر هەر وەسفی ساتەوەختی خۆرئاوابوون دەکات، بەڵام بە کامێرای زووم، تیژبی خەیاڵی خۆی لە زۆر، گۆشە و لە زۆر ڕوانگەوە وێنەی ئەم خۆر ئاوابوونە دەگرێت، هەر وێنەیەکیش دیمەنێکی جیا نیشان دەدات و بە باکگراوندێکی سەرنج ڕاکێش کۆمەڵە وێنەیەکی جوانی کێشاوە، لەم وێنەیەدا شاعیر هەوڵ دەدات چلێک ڕووناکی لە لقی خۆر بکاتەوە، شاعیر خۆرەتاوی بە درەختێکی گەورە و پڕ لە چڕ و پڕژاڵ چواندووە و هەر تیشکێکی ئەم خۆرەتاوەشی بە چلێکی ئەم درەختەی چواندووە، لێکردنەوەی ئەم چڵە ڕووناکییەش بۆ ئەوەیە لەبەردەم پەنجەرەی شەوی دابنێت و ڕووناکی پێ ببەخشێت.

لە گوتەی (چلێک ڕووناکی) وێنەیەکی دووسەرەیە، چونکە ڕووناکی بەچاو دەبینرێت، بەڵام لە گوتەی (چلێک ڕووناکی) ڕووناکی بەتەن کراوە کە لە شێوەی چڵ نیشان دراوە، کەواتە چلێش بەر هەستی دەست لێدان دەکەوێت،

بۆیە لە تێکەڵکردنی ئەم وێنانە وێنەیەک دروست دەبێت کە وێنەی تاکـە و بە شـێـوازی هەست کـۆرگێ دروست بووە، چونکە ڕووناکی بەچاو دەبینرێت، بەڵام لەم وێنەیەدا بە هەسـتی دەست لێـدان هەسـتی پێـدەکـرێت و بەچاویش دەبینرێت.

لە گـوتەی (پەنجـەرەی شـەو) وێنەی بەتەن کـردن هەیە، شەوی لە شێوەی خانوویەک نیشان داوە کە پەنجەرەی هەیە، لە هەمان کاتیشدا وێنەیەکی جووڵاوە و شێوازی وەسفکردن باڵی بەسەر هەموو وێنەکاندا کێشاوە.

**کۆپلەی شەشەم (أ)**

**هەوڵدەدەم...**

**خۆری گەرما بردووی هاوینە،**

**قایل کەم،**

**بێتە ژێر سێبەری کەپرێک!**

لە خـوێندنەوەی ئەم کـۆپلەیەدا تووشی تێـڕامـان دەبین، فەنتازیایەکی جوانی لەخۆ گرتووە و وێنەی جوانی دروست کردووە، شاعیر هەوڵەکانی بەردەوامە، ئەم جارەیان واز لە ئاوابوونی خۆر دەهێنێت و ڕووی وێنەکەی بە دیوێکی تردا وەردەچەرخـێنێت، باس لە خـۆری گـەرمـا بردەی هاوینە دەکات، هەوڵی لەگەڵ دەدات ڕازی بکات بێتە ژێر سێبەری کەپرێک، خۆر خۆبەتی گەرما بەرپا دەکات و گڕ و ئاگر لە هاوینان بلاودەکـاتەوە، شـاعـیـر ئەو هەوڵەش دەدات خـۆر ڕازی بکات بێـتـە ژێر سێـبـەری کـەپرێک، کـە خـۆر خـۆی خولقێنەری گـەرما و سێـبـەر بێت، ئیـتر کە هاتە بن کـەپر خـۆرەتاو نامـێنێ، خـۆرێکی تر نیـیـە تیـشـک و گـەرمـا بلاوبکاتەوە، خـۆر کـە خـۆی تاقـانەیە، ئەمـە تێـڕامـان و وێنەیەکی خـەیاڵاوییـە تێکەڵ بە بیـرێکی قـووڵ و هەست و نەست بووە، ئەم وێنەیە بە شـێـوازی بە کـەس کردن دروست بووە، وێنەیەکی جووڵاویشە.

**کۆپلەی حەوتەم (ن)**

**خۆر،**

**لەناو پەرداخێکی شکاودا..**

**- بە چلێک تریفە-**

**قژی هەڵڕژاوی**


**خڕ دەکاتەوە.**

دوا کـۆپلەش وێنەیەکـە خـەیاڵێکی زۆر فـراوان و قـووڵی لەخۆ گرتووە، کە خۆر لەناو پەرداخێکی شکاودا بە چلێک تریفە قژی هەڵڕژاوی خڕ دەکاتەوە، کە پەرداخ شکابێ چۆن شتی لەناو کۆدەبێـتەوە (خـۆر) وێنەیەکی بە کـەس کراوە و ئافرەتێکە قژێکی زۆری هەیە.

لە گـوتەی (چلـێک تریفـە) وێنەی بەتەن کـراوە، چونکە تیـشـکە ڕووناکی و تریفــەیەکی مــانگی بە چیلکەیەک چواندووە، کـە بە دەست دەگـیـرێت و لەمس دەکـرێت و قـژە هەڵڕژاوەکەی خڕ دەکاتەوە.

لە کۆی کۆپلەکانی ئەم شیعرەدا شێوازی وەسف و وێنەی بەتەن کردن زاڵە بەسەر شیعرەکە و هەر وێنەیەکیش تێڕامان و هەڵوەسـتەی دەوێت، وێنەکان بە هەستێکی قـووڵ نمایش کراون، داهێنان و جوانکارییەکی باش لەم شیعـرەدا هەیە، کە دیمەنی خۆر ئاوابوون و خۆرەتاو بەو جۆرە نیشـان دراوە، وێنەکـانیش خودین و لە ناخ و هزری شاعیرەوە هەڵقوڵاون و وێنەی نوێن، چونکە پێشتر لە شیعری زۆر شاعیردا خۆرەتاو بە زۆر جۆرە شت چوێندراوە، یان زۆر جۆرە شت بە خۆرەتاو چوێندراوە لە چەند وێنەیەکدا، بەڵام لەم شیـعـرەی قـوبادی جەلی زادەدا، وێنەکان شێوە و شکڵ و بیچمی خۆیان هەیە، دیمەنی خـۆرئاوابوون بە چەندان وێنەی نوێ و سـەرنجـڕاکـێش پیـشـان دراوە، لە هەمـان کـاتیـشـدا ئەم شـیـعـرە وێنەیەکی گـشـتـیـیـە و بەشـێـوازی کـۆپلەیی داڕێژراوە، هەریەک لە کـۆپلەکـانیش وێنەیەکی (واژۆیی)ە و پۆسـتـەرە شـیـعـرێکی سـەربەخـۆیە و دیمەنێک لە دیمەنەکـانی خـۆرئاوابوون پیـشـان دەدات، بە هەمـوو وێنەکـانیش وێنەیەکی گـشـتی دروست دەبێت، کـە وەک ئەڵقـە و زنجـیـر وێنەکـانی بە یەکـتـری پەیوەست دەبن. ناوی (خۆر) پێوەندییەک دروست دەکات بۆ پەیوەست کـردنی کـۆپلەکـان بە یەکـتـری و لە هەمـوویاندا دووبارە دەبێتەوە، بەڵام هەر جارە و بەدەنگ و ڕەنگێک.

بروانە هێڵکاری ئەم شیعرە کۆپلەییە:




# یاداشتی مەلا قادری کانی دەربەندی

عەبدولڕەقیب یووسف
(سلێمانی)

ڕۆژی (٢٠٠٨/١٢/١٤) بەڕێز تاهیر مەلا قادر دانەیەکی کۆپی کراوی لە یاداشتی باوکی بۆ ناردم. یاداشتەکە (٥٣) لاپەڕەی دەستنووسە. مەلا قادر لە کۆتاییەکانی ژیانیدا نووسیویەتی، لەبەر ئەوەی نەخۆش بووە بەڕێزان محیەدینی کوڕەزای و ئازاد نادر بۆیان نووسیوەتەوە. مەلا قادر قسەی کردووە و ئەوان بۆیان نووسیوەتەوە، مەلا عەبدولقادر حاجی باپیری کوڕی عەبدوڵڵا خەڵکی گوندی کانی دەربەندی ناوچەی کۆیە بووە و ناسراویشە بە مەلا قادری گۆپتەپە. لە ساڵی (١٩٠٩) لە دایک بووە و لە (٢٠٠٦/٦/٢٦)دا کۆچی دوایی کردووە و لە کۆیە لە قەبرستانی گردی (کەکون)دا نێژراوە. مەلا قادر مەلایەکی زانا بووە، پاش وەرگرتنی ئیجازەی مەلایەتی لە مەلای گەورەی کۆیە، ماوەیەکی زۆر دەرسی بە فەقێیان وتووەتەوە.

مامۆستا مەلا عەبدوڵڵا فەرهادی لە هەولێر کورتە ژیانێکی مەلا قادری لە کتێبە بەنرخەکەیدا (الاكليل فی محاسن أربيل) لا٣٦٨ نووسیوە. مامۆستا فەرهادی تەمەنی درێژ بێت، لەم کتێبەیدا باسی ژیانی (٤٥٨) زانای کوردی نووسیوە.

خوالێخۆشبوو مەلا قادر لە یاداشتەکەیدا نووسیویەتی عەشیرەتمان (کەلّووی) لەکاتی عەبدولڕەحمان پاشای باباندا لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ناوچەی کۆیە هاتووە و باسی هەندێ عەشیرەتی دیکەشی کردووە، هەروەها باسی ڕۆژگیرانی ساڵی ١٩١٤ کردووە و نووسیویەتی ئێوارەی ڕۆژی جەژنی ڕەمەزانی (١٣٣٣ک) بوو (کە دەکاتە ١٩١٤/٨/١١). لەبەر ئەوەی ئەم ڕووداوە گەورەیە و لە کوردستان وەک مێژوو بەکارهاتووە و لەو لیستانەی ڕووداوە بەربڵاوەکان کە



مەلا قادری کانی دەربەندی

لەلام هەیە نارێکی لەم بارەوە لەنێوانیاندا هەیە و تائێستا دڵنیا نیم لە ڕاستیی ئەو ڕۆژی ڕۆژگیرانە.

لە بارەی گرانیی گەورەوە نووسیویەتی لە (١٩١٨) دابووە و هۆیەکانی نووسیوە، وەک ئاوارەبوونی کوردێکی زۆری کوردستانی باکوور و کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ کوردستانی باشوور، لەبەر شاڵاوی رووس بۆ ئەو ناوچانە لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانی و نەبارینی باران تەنیا لەکاتی پەڵەکەوتنی (پایزی ١٩١٧) نەبێت و داگیرکردنی ئازووقەی خەڵک لەلایەن هێزی چەکداری دەوڵەتی عوسمانییەوە. لە ڕاستیدا گرانی لە پاییزی ١٩١٧دا دەستی پێ کرد و هەزاران خەڵک لەو گرانیەدا لە برسان مردن، دەبێ وشک بوونی ڕووباری (زێی بچووک)یش هەر لە ساڵی ١٩١٨ بێ، یان ساڵی ١٩١٧.

لە ل١١ و ١٢ باسی داگیرکردنی مەهاباد و ڕەواندزی لەلایەن لەشکری ڕووسەوە کردووە و بەشداری کردنی عەشایری کورد لەو شەڕەدا باس دەکات. هەروەها لە ل١٥-٢٤دا زانیارییەکی باشی لە بارەی مەلایانی ناوچەی کۆیە و هەولێر و کەرکووک و لە بارەی شێخ مەحمودی نەمر و شێخانی بارزانەوە نووسیوە. لە ل٢٨-٣١ لە بارەی گەڕانەوەی مەلا مستەفای بارزانی لە ڕووسیا و سەرهەڵدانی شۆڕشی کوردەوەیە. لە ل٢٣-٢٤دا باسی ئەوەی کردووە کە چۆن (لەسەر کوردایەتی) بۆ (سەماوە) لە باشووری عیراق دوور خراوەتەوە و باسی حکومەتی عەبدولسەلام عارف و حکومەتی عیراقی کردووە. لە ل٣٦-٣٩ باسی هەندێ لە کوێخاکانی ناوچەی کۆیەی کردووە. لە ل٣٩-٤٣ باسی حکومەتی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و موفاوەزاتی لەگەڵ شۆڕشی کورد کردووە. لە ل٤٣-٥٣ باسی مەلای گەورەی کۆیەی کردووە (مەلا محەمەدی مەلا عەبدوڵڵای جەلی زادە) و مەلا محەمەدی کۆنە فلووسە و مەلا ئەفەندی هەولێری و چوونەوەی مەلای گەورە بۆ مووسڵ لە سەردەمی عوسمانیدا، هەروەها باسی خوالێخۆشبوو مەسعود محەمەدی کردووە کە مرۆڤێکی زانا و لێهاتوو بووە و نووسیویەتی کاتێ مەسعود محەمەد و شێخ حوسەینی سەید ئەحمەدی خانەقای کەرکووکی ئەندامی پەرلەمانی عیراق بوون لە سەردەمی مەلەکیدا، ئەندام پەرلەمانێکی ناوچەی هەولێر ڕقی لە مەسعود بووە و شێخ حوسەینیش پێی وتووە: کاتێ مەسعود محەمەد دێتە کۆبوونەوەی پەرلەمان، سەرۆکی پەرلەمان جەرگی لە ترسی مەسعود دەلەرزێ و سەرۆک وەزیرانیش چۆکی دەلەرزێ. لە پاشکۆی ئەم یاداشتەدا دە لاپەڕەی دیکە هەیە، لەوانە هەندێ لە نووسینی کاک تاهیری مەلا قادرە و هەندێ پرسەنامەن بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا مەلا قادرەوە.

ئەم یاداشتە شایانی ئەوەیە ڕۆشنبیرێکی کورد هەندێ پەراوێزی بۆ بکات و بڵاوی بکاتەوە، هەروەها یاداشتە دەستنووسەکەی ئیسماعیل ئاغای مەلا ئەحمەد ئاغای ئیسماعیل غەفووری کۆیە کە لە ساڵی (١٩٣١)دا بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگەسەری سەر بە قەزای ڕانیە بووە و ڕۆژانەی خۆی لەو ساڵەدا نووسیوە شایانی بڵاوکردنەوەیە و پازدە لاپەڕەیە بە دەستخەتی برازای ئەو مام مراد محەمەد ئەمین مەلا ئەحمەد ئاغا نووسراوە کە باسی ژیانی ئیسماعیل ئاغاشی نووسیوە، مام مراد لە خانووە کەلەپوورییەکەی ئەم بنەماڵەیەدا لەکۆیە دادەنیشێ و لە (٢٠٠٧/٦/١٧)دا دانەیەکی کۆپی کراوی یاداشتەکەی لەگەڵ هەندێ بەڵگەنامەی ئەم بنەماڵە ناودارەی کۆیەی بۆ هێنام، زۆر سوپاسی مام مراد محەمەد ئەمین و کاک تاهیری مەلا قادر دەکەم.


# وەڵامێک بۆ شێرکۆ هەژار

کەریم دافیعی (ک.د. ئازاد)
(بانە)

١- تا ئێستا کەسێک بەناوی شێرکۆ هەژار چالاکی ئەدەبی نەبووە و پێشینەیەکی ئەدەبی تۆمار نەکردووە تا بە بەرهەمەکانییەوە بناسرێ! ئەو کتێبەش کە سەبارەت بە هەژار چاپی کردووە بە شێوەیەک نووسراوە کە گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەشێوەیەکی نائاسایی و دوور لە واقیع، تەنانەت زەینین! ئەو کەسایەتییانەش کە کەوتوونەتە بەر ڕەخنە و لە باری ئەخلاقییەوە تۆمەتبارکراون بەداخەوە زیندوو نین تا بتوانن دیفاع لەخۆیان بکەن، یان بەرهەڵستی نووسەرێک ببنەوە کە کورد گوتەنی بە کونی خۆی دەوەڕێ!

٢- میللەتی کورد بە درێژایی مێژوو کەوتۆتە بەر شاڵاوی بە ناحەقی نەیاران و نەویستانی و بە هەزار شێوە، لەناو چووە و کوژراوە و تیرۆر کراوە! پێتان سەیر نەبێ ئەم جارەیان لەلایەن کەسانێک کە مۆرک و مارکی خۆییان پێوەیە تیرۆری کەسایەتی بکرێ! ئەم نموونانە تازە نین! مێژووی وڵاتانی تریش پڕە لەم جۆرە تیرۆرانە! ئەم جارە دەرکەزێیەکانی خۆماڵی قۆڵیان هەڵماڵیوە تا بەخۆش ڕەقسی و خزمەت بە دوژمنان، هێرش بەرنە سەر کەسایەتی ئەدەبی و ماقووڵانی وڵاتەکەمان!

٣- مامۆستا هەژار مرۆڤێکی ئەدیب و تێگەیشتوو و زانا بوو لە بواری سیاسیدا! باشتر لە هەر کەس کورەکانی خۆی ناسیوە و زانیویەتی کامەیان ئاڵای شۆڕشی ئەدەبی و سیاسی دوای خۆی شەکاوە ڕادەگرێ! وەک هەموومان دەزانین ئەو ئاماژەی بەخانی کوڕی کردووە، ئاوڕی وە شێرکۆ نەداوە! ئێستا شێرکۆ، کە لە کاتی ژیانی مامۆستا هەژار قرخەی لەخۆی بڕیبوو و نەیدەوێرا فزەی لێوە بێ، کەوتۆتە خۆ و بۆ پاساو دانەوەش ناوونووتکە لە هەژاری کورد و هاوڕێییانی دەنێ!



**هەژار موکریانی**

ئەگەر میللەتی کورد هەر تۆزێک ئاوڕ وە مێژوو داتەوە، بۆی دەردەکەوێ کە چەشنی ئەم پەلامارانەمان کەم نەبوون! وەک لە مێژووی ئایینیشدا کوڕەکەی نووحیش سەبارەت بە دابونەریت و ئایینی باوکی هەر ئەو کارەی کرد و ناوی دزێوی لە مێژوودا تۆمار کرد!

٤- کورد زۆر ئەزموونی بە نرختری لەدەستدا هەیە!

جێگای ئەم جۆرە کتێبانە دیارە کوێیە! ئەگەر کورد دادگاییەکی سەربەخۆی ببایە کە لەسەر مافی زانا و نووسەران هەڵقرابایە، بێ شک ملی شێرکۆی بە تاوانی بێ حورمەتی بە ئەدەب و کەسایەتییەکانی میللی بە پەتەوە دەکرد تا کەسانێکی تریش لەو ترخێنە نەخۆن و هەرچی بە مێشکی پووچەڵ و بیری گەندەڵیاندا هات نەیخەنە سەر قاقەز! ئەو بێ بەڵگە زۆر شتی داوەتە پاڵ هەژار و کەسایەتییەکانی کورد! وەک بەرزەکی بانانیش دەی هەوێ دەرباز بێ!

٥- شێرکۆ ویستوویەتی بەم شێوە نووسینانە، گرێ و رقی خۆی بەرانبەر بە باوکی دەرببڕێ! کە بۆچی متمانەی پێ نەکردووە و وەک خانی و منداڵەکانی تری چاو لێ نەکردووە! شێرکۆ پەروەردەی ئەوروپایە و لەوێش بەداخەوە زۆرجار ئەخلاق وشە و وتەیەکی بێ مانایە و هەرکەس هەرچی بەزەین و مێشک و دەمی دادێ، دەیخاتە سەر کاغەز و زووش بڵاودەبێتەوە! هەرشتێکیش لەوێ بڵاوبۆتەوە بایەخی نییە! جاری وایە بۆ سەرۆک کۆمار، پیاوانی ئایینی، زانایان و پسپۆڕانی خۆشیان لەو حەللەق مەللەقانە دەنووسن و بڕواشیان پێی نییە! فەرهەنگی ئەوان وایە! ئەوە ئێمەین بەم جۆرە نووسینانە حەساسین و لێی هەڵدەبەزینەوە! شێرکۆ، بەداخەوە، پێش ئەوەی دابونەریت و ئەخلاقیاتی وڵاتەکەمان بیهەژێنێ، چۆتە سەر ڕەوشت و ئەخلاقی کۆمەڵگای ئەوروپا و زۆریش گۆڕاوە! هەربۆیە دۆڕاوە!

٦- ئەوەی لە هەموو نووسینەکاندا دەردەکەوێ، ڕقێکی کۆنەی حاشا هەڵنەگرە کە شێرکۆ دژی باوکی و هەموو ئەوانەی پێوەندییان بە باوکییەوە هەیە! جا با ئەو لایەنە میللەتێکیش بێ!

من دەروونناسیم خوێندووە، هەربۆیە ئەوانەی بە ڕواڵەت خۆیان بە ڕاستگۆ و شیکاری ژیانی ئەم و ئەو دادەنێن، فارس گوتەنی «ریگی در کفش دارند» واتە: خۆیان بە شتێکەوە دەتلێنەوە!

لە هیچ نووسراوە- بەسەرهاتی مامۆستا هەژار و نووسەرانی کورد دا باسی نێربازی و...تاد نەکراوە، بەڵام شێرکۆ خۆی، هەرچەند بەڵگەی دادگاهیشی پێ نییە! ئەوان بەو کارە تاوانبار دەکات! دەردەکەوێ کە شێرکۆ خۆی ئەو مەسەلەی تاووتوکردووە و حەزی لێیە! خۆ ئەگەر من لێرەدا بڵێم شێرکۆ نێرباز، یان مێ باز، یان نەخۆشی جنسییە، ئەوە نابێتە بەڵگە لەسەری! بەڵکو وەک قسەکەی خۆی دەردەچێ!

شێرکۆ ماوەی پتر لە سی ساڵ لە باوکی دوور بووە! لەو ساڵانەشدا کە هەژار زیندوو بوو، کەی شێرکۆ دەیتوانی ئەو شەکرانە بخوا؟! ئەی بۆ ڕاوەستا تا هەژار نەما!؟

نووکی قەڵەمی هەژار لە نەقیزەی دێوەرە خۆولاتییەکانمان، تیژتر بوو! هەربۆیە شێرکۆ نەیوێرا توخنی کەوێ و ڕاوەستا تا خاوەن خامە سەری نایەوە! بەڵام دەبێ ئەوەش بزانێ وەجاخی ئەدەبی کوردی هەروا دەگرێ و شێرکۆ و هەموو ئەوانەی وەک ئەو وڕێنە دەکەن، ناتوانن بێ پەروایانە عوقدەکانیان بنووسن و لە ئەوروپا بیگوزەرێنن! میللەتی کوردیش بێ دەنگ بێ! شێرکۆ ناتوانێ بێ ئارەقە لەو بوارە وەپەڕێ!

**ئەوانەی بە مانگ دەوەڕن**

**لە عاست لۆمەی ویجدان کەڕن!**

٧- ئەوانەی لە نزیکەوە شێرکۆ دەناسن، دەزانن کەوا نییە! بەڵگەی هەرە ڕوون خانەوادەی هەژارە! کە خۆزیا لەجیاتی یەکێکی وەک من، خانی قەڵەمی بە دەستەوە گرتبایە! کە ئەوسا زۆر پەردەی لەسەر ژیانی شێرکۆ ڕادەماڵی و خەڵکی ساویلکەش بەخوێندنەوەی وڕێنەکانی شێرکۆ فریویان نەدەخوارد! نووسراوەکانی شێرکۆ وەک نووسراوەی نەخۆشێکی ڕەوانین کە لە خەیاڵدا دەژی و زەینیاتی خۆی بە عەینیات دەزانێ و پێی وایە ئەوەی بە خەیاڵی دادێ ڕاستە! ئەو وڕێنانە مەحکەمە پەسەند نین و قسەیەکی بێ بەڵگە و بێ پشتیوانەن! لەلایەکی تریشەوە با هەموو خەڵکی کورد بزانن چ کەسانێک بە پشتی شێرکۆوەن و پشتگیری لێ دەکەن! ڕاوێژکارەکانی شێرکۆ کە ئەو کەتنەیان پێ کردووە، لەوپەڕی ئاگاهییەوە دەزانن چ دەکەن! بەڵام مەخابن!!!

٨- سەیرتر لە هەموو ئەوانە، کەمیی زانیارییە کە خوێنەرەکانی کتێبی شێرکۆ لەسەر نووسەرەکەیان هەیانە!

شێرکۆ، فڕی بەسەر کوردەوە نەماوە! نەک هەر ڕێبازی باوکی، زمانی زگماکی و کولتووری کوردیشی پێ وەک تووڕێک نایە!

بۆ ناچن لە ئەوروپا بزانن شێرکۆ دەگەڵ کێ دەژی؟ ڕۆژانە و شەوانە چۆن ڕا دەبوێرێ؟ دەگەڵ چ کەسانێک حەشرونەشری هەیە؟

هەرکەس ئەوانە بزانێ، تێدەگا کە باوەڕەکانی شێرکۆ چین؟ خۆی بەوە ماندوو ناکا، کە ئایا هەژار جوانی عاملاندووە، یان نا؟

شێرکۆ بەدرێژایی هەموو ساڵانی دووری لە باوک و کەسوکاری چاو و دڵ و مێشکی ماندوو نەکردووە تا زمانی کوردی و کوردی لەبیر نەچێتەوە!

ڕەنگە شێرکۆ لەوەی کوڕی هەژاری کوردە شەرمی بە خۆیدا بێ! بەلای منەوە هەروا کە نەریت و نەتەوەکەی وەلاناوە، ناوی خۆشی بگۆڕێ، با میللەتی کورد لەسەر ئەو ئەمەک نەناسی و ناسپاسییە ڕا، ڕقیان لەناوی شێرکۆ (وەک سەددام) هەڵنەستێ و بێزیان بێ کوڕەکانیان ناونێن شێرکۆ!

شێرکۆ، باوک و کورد و هەموو دابونەریتی گەلەکەی خستۆتە خانەی فەرامۆشی! جاری وایە هێند سەرخۆشە، خۆشی فەرامۆش دەکا، چ بگا بە زمان و نەتەوەکەی!

**٢٠١٠/٧/٩**

# پەرستنی خواوەندی دایک لە کوردستانی دێرین

محەمەد سلێمان عەباس

پاش بەسەربردنی هەزاران ساڵ لە ژیانی سەرەتایی و ڕاوکردن و کۆکردنەوەی خۆراک، مرۆڤ نەک هەر فێری ماڵیکردن و بەخێوکردنی ئاژەڵی کێوی بوو، بەڵکو کشتوکاڵکردن و نیشتەجێبوون و دروستکردنی گوند و کوخی سەرەتاییشی بە دواداهات، دیارە دابەزین لە ئەشکەوتەکانەوە بۆ پێدەشتەکان و دروستکردنی گوندی بچووک بچووک لەسەر کەناری ڕووبارەکان، وردە وردە شارستانی بەدواوە بنیاد نا، ئەم ڕووداو و وەچەرخانە گەورە و گرنگانە لە کوردستاندا لە هەزارەی ٨ تا هەزارەی ٦ ی پ. ز ڕوویانداوە، ئەم گۆڕانکارییەش هەموو ڕوویەکی ژیانی مرۆڤایەتی (ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئایینی) گۆڕی، هەر لە جۆری بەرهەم هێنانەوە بگرە تا دەگاتە شێوەی بیرکردنەوە و ئایین و پەرستن، هەمووی بەسەر یەکەوە بەرەو پێشەوە چوون.

زاناکان لەسەر ئەوە کۆکن، کە لە چاخی نوێی بەردین لە کوردستاندا بەر لە هەموو شوێنێکی تری ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناوەڕاست، شۆڕشێکی گەورەی کشتوکاڵی ڕوویداوە و دەرئەنجام کاریگەرییەکانی پەڕیونەتە ناوچەکانی دەوروبەر، بەڵام ئەو خەسڵەتەی لێرەدا جێگای سەرنجە ئەوەیە کە بە درێژایی ئەم سەردەمە ئافرەت لە جیاتی پیاو دەسەڵاتی تەواوی بەسەر کۆمەڵگادا هەبووە و سیستمی دایکسالاری باڵادەست بووە، ئەوەش لەوەوە هاتووە کە پیاوان زۆربەی کاتی خۆیان لە ڕاوکردن و لەوەڕاندنی ئاژەڵ لە دەشتودەرەکان بەسەر دەبرد و هێشتا پیاو لە نێچیروانیەتی خۆی نەکەوتبوو، ئەوەش لە کاروباری تری غافڵگیر کردوون، بە پێچەوانەشەوە ئافرەت جگە لەوەی بە بەخێوکردنی منداڵەوە خەریک دەبوون، ئامادەکردنی پێویستییەکانی ژیان و خۆراک و جلوبەرگ و دوورین و کەوش و پێڵاو ئامادەکردن بۆ منداڵان، لەبەر ئەم هەموو ئەرکە دایک بووە یەکەم ڕێکخەری خانەوادە و چێشت لێنان و سوود وەرگرتن لە ئاگر، هەروەها ببوو بە داهێنەری پیشەسازی قاپوقاچاغی گڵینەی سەرەتایی. لەلایەکی دیکەوە دایک خەمخۆری تەندروستی منداڵەکانی خۆی بووە، لەبەر ئەم هەموو کارە گەورانە ، دایکی ئەندازیار هەوڵیداوە لە شوێنێکدا جێگیربێت، هەر ئافرەتیش بووە ئاژەڵی بەخێوکردووە و کشتوکاڵی داهێناوە و دەفر و ئامانیشیان لە قوڕ دروست دەکرد و موو و خوری ئاژەڵەکانیان دەچنییەوە و دەیانڕست و جلوبەرگ و پۆشاکیان لێ دروست دەکرد، هەروەها لە دەوروبەری گوندیش شێوە کشتوکاڵییەکی سەرەتاییان دەکرد، ئەمەش وایکرد شارەزایی و پسپۆڕی لەم کارانەدا پەیدا بکەن، وەک ئارکۆلۆژیا بۆمان دەردەخەن کە لەم دەوروزەمانەدا لە کوردستانی کۆندا بۆ ماوەیەکی زۆر ئافرەت باڵادەستیی

بەسەر پیاودا هەبووە و ڕۆڵێکی سەرەکی لەناو کۆمەڵگادا هەبووە و پیاو هۆیەک بووە بە دەست ئافرەتانەوە بۆ کارئاسانکردن و ڕاپەڕاندنی ئەرک و کارەکان. بۆ سەلماندنی ئەم قسانە دۆکیومێنتمان لەبەردەستدایە، ئەوەتا لەگەڵ پشکنین و هەڵکۆڵین لە گوندی (چەرموو) زۆر بەڵگەی ئەوتۆمان کەوتە دەست کە شاهیدی وتەکانی سەرەوەن، شوێنەوارناسی ئەمریکی (برید وود) لەم گوندەدا چەندین چینی جیاجیای دۆزییەوە، کە لە چینی ژێرەوەدا شوێنەواری بناغەی ٢٥ خانووی تێدا بەدی کرد و هەر خانوویەک لەمانە چەند ژوورێکی تێدا هەبووە، هەروەها کۆمەڵێک قاپوقاچاغ و گڵینە و دەفر و داس و تەندور و خشڵی دۆزیوەتەوە، بەڵام لەوانە گرنگتر دۆزینەوەی ئەو بووکەشووشانە بوو کە لە قوڕ دروستکرابوون کە شێوە وێنەی ئافرەتن و ئەندامەکانی وەک سمت و ناوگەڵ و مەمکەکانیان گەورە و نارێک دروستکراون، ئەم دیاردەیەش وای لە زانایان کردووە کە ئەو بووکەشووشانە بە دایکە خواوەند لە قەڵەم بدەن کە گوزارشت لە بە پیتی و بەرەکەتی ئافرەت دەکات، بەو مانایەی ئافرەت وەک ڕەگەزی مێینە بە سەرچاوەی پیت و بەرەکەت لە زاووزێ و زیادکردن دادەنرێت، بەوەی کە ٩ مانگ جارێک منداڵێک بەرهەم دێنێ و ناهێڵێ کۆمەڵی مرۆڤایەتی ببڕێتەوە، بۆیە دەبینین سمت و ناوگەڵ (کە سەرچاوەی زانە) و مەمک (کە سەرچاوەی شیر و بەخێوکردنە) بووکەشووشەی ئافرەتەکان بە گەورە دروست کراون. ئەم جۆرە خواوەندە دانیشتوانی گوندی چەرموو پەرستوویانە کە هێمای پیت و بەرەکەت بووە، ئەم بووکەڵانە، یان پەیکەرانەش لە خاکی ناو ماڵەکانیاندا دۆزراوەتەوە، کە دەتوانین لەمەوە جۆری ئایینی خەڵکی چەرموو بزانین، کەواتە بیری بە پیتی و بەرەکەتیان پەرستووە، هەموو شتێکیش هەر لەوەوە لە دایک بووە کە هێمای بەشێکیان بووە کە بووکەشووشەی قوڕینە و لە شێوەی ئافرەتێکی سکپڕدا وێنەکراوە، لە ڕوخساریدا بە پێی باوەڕیان هێمای تازەبوونەوەی ژیان و زۆربوونی بەروبووم دێت، کە لە ناو ڕەگەزی مرۆییدا بە شێوەیەکی بەردەوام گوزارشت لە دیاردەی دایک و بە پیت و فەڕیی زەوی و هێنانە بەرهەمی بەروبووم دەکات، کە بە خواوەندی دایک ناسراوە و ئەندامەکانی لەدایکبوونی تێدا گەورەکراوە، بۆیە دەتوانین ئەوە لەبەرچاوبگرین کە دانیشتوانی چەرموو بایەخێکی تەواویان بە خواوەندی دایک داوە، چونکە هێمای بەپیت و بەرەکەتی و زۆربوونە، هەروەها هێمای وزە و جووڵەن، بۆیە پەرستنی(خواوەندی دایک) لەو باوەڕ و بیرە سەرەتاییە گرنگانەیە کە لە ژیانی کۆمەڵگەی (چەرموو)دا هەبووە، هەروەها پێویستە ئەوە بزانین کە دۆزینەوەی ئەم پەیکەرانە نیشانەی کۆنترین پەرستنە کە مرۆڤی چەرموو پەرستوویەتی، بێ گومان پەرستنی (خواوەندی دایک) لە وڵاتی کورداندا بە کۆنترین پەرستن دادەنرێت و پاشماوەکانی گوندی چەرموو، بەڵگەی ئەم جۆرە پەرستنەیە، ئەم دایک پەرستن و دایکسالارییە تەنیا لە یەک ناوچەی کوردستاندا نەبووە، بەڵکو لە هەندێک شوێنی دیکەشدا هەبووە و لە زۆر ناوچەی کوردستاندا پەیکەری خواوەندی دایک دۆزراوەتەوە، بۆ نموونە لە (گردی ڕەیحان = ڕۆژئاوای بەنداوی حەمرین) و (نمریکێ، نزیک فەییدێ لە دهۆک) و (تەپە گۆرانی لوڕستان) (چایۆنۆی، نزیک ئامەد)، هەروەها لە (تەپە سەراب) ی کوردستانی ئێران پەیکەرێکی ئەم خواوەندە دۆزراوەتەوە، کە هی سەردەمی (نیولیتیک ٦٠٠٠ پ ز) ە و بەشێوەیەکی هونەری و لە قوڕ دروست کراوە و سوورکراوەتەوە، هەروەها لە ئەوروپا سەدان شێوەی پەیکەری دۆزراوەی سەردەمی بەردینی نوێ دەرکەوتوون، هەموویان شێوە پەیکەری خودای مێینەن، هیچ شێوە نموونەیەکی نێرانە لەو دۆزینەوانەدا بەدی ناکرێت، لەو زەمەنەدا خواوەندی دایک تاکە بوونەوەرێکە بە شێوەی بوونەوەرێکی پیرۆز و ئاسمانی وێنە کێشراوە. ئەم دیاردەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەو سستمە ئابووری و کۆمەڵایەتییەی ئەودەم لە زۆربەی شوێنەکانی کوردستان خۆی لە پەرستنی خواوەندی دایک دەبینییەوە و بۆ ماوەیەکی مێژوویی درێژ لە ناوچەیەکی فراواندا بەردەوام بووە.

دۆزینەوەی ئەو پەیکەرە بچووکانە لەو ناوچە نێوبراوانەدا کە بە خواوەندی دایک، یان بە خواوەندی (پیت و بەرەکەت) ناسراون، بە سەرەتایەکی بەرجەستەکردنی خواوەند و بیروباوەڕە ئایینییەکان لەو پەیکەرە بچووکانەدا دادەنرێت، دۆزینەوەی ئەم پەیکەرانە بە هەمان شێوە لە ناوچەکانی وڵاتی سۆمەردا، پێوەندی گیانی و ئایینی لە نێوان گەلانی چیای زاگرۆس و سۆمەرییەکاندا دەردەخات.

سۆمەرییەکان بەم پەیکەرە بچووکانەیان گوتووە

(نەنخورساگ)، واتە خواوەندی دایک، کە ژمارەیەکی زۆریان لە ناوچە سۆمەرییەکان دۆزراونەتەوە، هەروەها ئەوەی زێتر پێوەندی سۆمەرییەکان بە کوردستانەوە پتەوتر دەکات، واتای زاراوەی (نەنخورساگ)ە کە واتای (سەرەوەی چیا)ش دەگەیەنێت. لەیەکچوونی ئەم پەیکەرۆکانە کە لە کاروباری پەرستگاکان و مەبەستی ئاییندا بەکارهێنراون، ئەوە دەسەلمێنن کە پێوەندییەکی گیانی و پتەو لە نێوان دانیشتوانی گوندی چەرموو و ناوچەکانی تری کوردستان و فوراتە کۆنەکان هەبووبێت و لەوێوە بەرەو ناوچەی حەوزی رووباری فورات کۆچیان کردبێت. ئەم یەک خواوەندپەرستن و پێوەندییە ئایینییە بەردەوام بووە و لە زۆر رووەوە رەنگی داوەتەوە، ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزی ئەو پێوەندییەی نێوان باکوور و خوارووی میزۆپۆتامیایە، هەروەها وێکچوونی بنەما و شێوەی سرووتە ئایینییەکان لە هەزارەی پێنجەمی پ. ز کە خواوەندی یەکتریان دەپەرست و لێکیان دەخواستنەوە.

یەکێکی تر لە خواوەندە ناودارەکانی کوردستان (عەشتار)ە کە لە زۆر سەردەم و لە زۆر ناوچەدا پەرستراوە، بە تایبەتی لە شاری نەینەوا و هەولێر، کە هەریەکەیان نێوەندێکی پەرستنی ئەو خواوەندە بووە، ئەم خواوەندە ژنە، زۆر بە گەرمی تێکەڵی ژیانی رۆژانەی خەڵکەکە ببوو، ساڵانە شا و حکومەت و خەڵک رێورەسمیان بۆ دەگێرا. لە کولتووری دانیشتوانی زاگرۆس و میزۆپۆتامیا و سستەمی کولتووری کشتوکاڵی، شێوەی خواوەندی باو لە مێینەدا بەرجەستەکرابوو.

لە تێکستێکی (خوری)دا ئەوەمان بەرچاومان دەکەوێت کە نووسەر ناوی خواوەندی هەوروتریشقەی نێر (تیشۆپ) و ناوی خواوەندی دایک (شاووشکا)ی پێکەوە تۆمار کردووە، شاووشکا لای خورییەکان گیای گەنم و دانەوێڵە بووە و نهێنی رۆشنایی شەوانی سەر زەمین بووە، هەروەها ئاشورییەکانیش بەرێزەوە سەیری شاری (ئۆربیلۆم) یان دەکرد، چونکە بە مەزنترین مەڵبەندی پەرستنی عەشتار (شاووشکا)یان زانیوە. بە پێی بەڵگە مێژووییەکان و داستانە میتۆلۆژییەکان هەموو ئایینەکانی جیهان شاووشکانە (دایکانە) دەستی پێکردووە، بۆیە ئافرەت لە مێژووی شارستانیەتدا یەکەم مامۆستای پیاو بووە، هەروەها سەبارەت بە دیاردە نهێنییەکان لە پیاو هەستدارتر بووە.

یەکێکی تر لە خواوەندە ژنەکانی کوردستان (ئاناهیتا)یە و پەرستگای گەورەی ئاناهیتا لە کوردستاندا لە شاری (کەنگاور)ە، وشەی (کەنگاور)یش بە مانای (کچی گاور) دێت، هەندێ لە لێکۆڵەران عەشتار و ئاناهیتا بە یەک خواوەند دەزانن.

بە داهاتنی سستەمی باوکانە، ئەو ئاسوودەیی و خۆشەویستی و جوانپەرستییەی سستەمی دایکسالاری لەناو برا، بەڵام وەکو خەونێک پایە بڵند و پیرۆزەکەی خواوەندی دایک بۆ هەزاران ساڵ لە هزری میتۆلۆژی گەلاندا جێی خۆی گرتبوو و مرۆڤی چاخی بەردینی نوێ هەوڵیدابوو، بە رێی دروستکردنی سەدان بت و پەیکەر، هەستە جوان و باوەڕە پتەوەکەی و رێزلێنانەکەی خۆی بەرانبەر بە دایک دەربخات، کە نازانین ناوی ئەو دایە گەورەیە چی بووە، بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی نووسین لە وڵاتی نزمی سۆمەردا بە شێوەی(ئینانا) تۆمارکراوە و لە وڵاتە بڵند و فراوانەکەی کوردەواریشدا بەم سێ ناوەی خوارەوە دەناسرا: یەکەم بە "نەنە " کە لە ناوچەی دێر و مەندەلی و گەرمیان و سوبارتۆدا، پەرستگەی بۆ دروست کرابوو و مەزنترین پەرستگەی ئەم خواوەندە پێش چاخی ئاشووری لە شاری (نینەوا) دروست کرابوو.

دووەم: لە ناوچەی نوزی لە نزیک لەیلاندا و لە کەرکووک و هەولێردا ئەم خواوەندی دایکە بە "شاووشکا" ناوبانگی دەرکردبوو، کە لە ناوچەی سوموخای باشووری رۆژهەڵاتی ئامەد، شاووشکا بە خواوەندی جەنگیش دەناسرا.

سێیەم: بە "حیپات یان حەوات" کە لە ناوچەی ئامێدی و زاخۆ و قامیشلی و سەرکانیدا پەرستراوە.

لەم کات و چاخەشدا لەگەڵ پەیدابوونی هۆزانی هیند و ئاری لە کوردستاندا، خواوەندی دایک بە "ناساتیا" ناوبانگی دەرکردووە، کە لای هۆزە ئێرانییەکان بە (ئاناهیتا- ناهاتیا- ناهیدە) بڵاوبۆتەوە، لە راستیدا ئەم ناوانە لای دانیشتوانی کوردستانی کۆن هەر هەمان چەمکی میتۆلۆژییان هەبووە. بەپێی دەقە کۆنەکان (ناساتیا) وەک خواوەندی بەڵێن و پەیمان لای پاشاکانی میتانی و حیتییەکان، هەروەها لای چینەکانی دی کوردستان و ئەنادۆل هێژ لە ناوەڕاستی هەزارەی دووی پێش زاییندا لە پلەی خواوەندە نێرینەکان کەمتر نەبووە، هەر بۆیە بە جێگیربوونی هۆزە ئێرانییەکان لە چیاکانی

زاگرۆس و کوردستان ئاناهیتا ببوو بە خواوەندی چینی پاشایان و جەنگاوەران و نیشانەی پیت و بەرەکەت، لە ناوچەی بابەگوڕگوڕی کەرکووک بە پێی گوتەکانی مێژوونووسی هیلینی (یۆنانی) پلۆتارخۆس، گەورەترین پەرستگەی ئاناهیتا لەلایەن مادەکانەوە تێدا دروست کراوە، هەروەها " ئەردەشیری دووەم ٤٣٦- ٣٥٨ پ. ز" لە شارەکانی بابل و سووسە و هەمەدان پەرستگەی بۆ ئاناهیتا دروست کردبوو. لە کتێبی ئاڤێستادا ئەم خواوەندە بە ناوی (ئەردەڤی سورا ئەناهیتا "واتە زۆر تەڕ و شێدار و بێ خەوش") ناسرابوو.

پێویستە ئەوە بزانین، کە خودا بە درێژایی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نزیک خواوەندی دایک بووە تا دەگاتە دۆڵی ئیندۆس لە هیندستان، هەر لە دەریای ئیجەوە تا ئیندۆس دایک خودا بووە، لە هیندستان بەم خواوەندە گوتراوە "مایا"، یان "شەکری" ئەو خواژنەی کە ژیان دەبەخشێ و دایکی هەموو شێوەکانە، هەر لە ئوپانیشادا، ئەو ئافرەتەی کە خودایە دەردەکەوێت و وانە بە خوایەکانی ڤیدا دەڵێتەوە.

## بۆچی مرۆڤ یەکەم جار ژنی پەرستووە

یەکێک لەو مەسەلانەی کە هەر لە سەرەتای ژیانەوە مرۆڤی خستۆتە سەر ئەندێشە و بیرکردنەوەوە، دیاردەی دووگیانی و پەیدابوونی منداڵە، ئەم دیاردەیە بەلای مرۆڤی سەرەتاییەوە زۆر سەیر بووە و پرسیاری بۆ دروست کردووە: منداڵ چۆن پەیدا دەبێت؟ بۆچی بە تەنیا ژن منداڵی دەبێت؟ لەو سەردەمەدا خێزانی بە کۆمەڵ لە ئارادابووە، پێوەندی سێکسی نێوان نێر و مێ هیچ سنوورێکی بۆ نەبووە، کە ئەمەش ئەوەندەی تر چۆنیەتی پەیدابوونی منداڵ ئاڵۆزتر دەکات، وەک مەسەلەیەکی پەیوەست بە کاری سێکسی نێوان نێر و مێ، ئەمانە ئەندێشەی مرۆڤی بەراییان خستۆتە سەر ئەو باوەڕەی کە ژن خاوەن هێزێکی نادیار و شاراوەیە، کە ئەو هێزە هۆکارە بۆ پەیدابوونی منداڵ، کەواتە ژن منداڵ دێنێتە دنیاوە، بەتەواوی وەک زەوی کە بەروبووم و گژوگیا بەرهەم دێنێ، دایک شیر و خواردن بە منداڵ دەدات، بۆیە سیحری ژن و زەوی وەک یەکە، هەردووکیان پێوەندییان بەیەکەوە هەیە. بەرجەستەکردنی ئەو هێزەی وێنەیان دێنێتە دنیاوە، هەروەها تێریان دەکات بە تەواوی هێزێکی مێینەیە، هەروەها بەراییەکان بڕوایان وابوو کە ژن بنەما و سەرچاوەی هێزێکی گیانی و چاکە و خراپەیە، لە هەمان کاتدا سەرچاوەی ژیانە، ئەمە وای لە مرۆڤی سەرەتایی کرد ژن، یان دایک بپەرستێ. بێ گومان منداڵ زۆری و هێنانی منداڵی زۆر بۆ ژنان مایەی ڕێز و بەرزی پایەیان بووە لە لای پیاو کە بۆ دنیای کۆن منداڵ پێویستییەکی گرنگ بووە. ئافرەت لەبەرچاو پیاوی ئەم چەرخە کۆنەدا جێی ئارامی و خۆشەویستی و ئاوات و ترس و سەرسوڕهێنەر بووە و بە دیدی مرۆڤی ئەو کاتە، ژیان لە لەشی ئافرەتدا نوێ دەبۆوە و لە سینگ و مەمکەکانی شیری ژیان هەڵدەقوڵا. کاتێ خواوەندی دایک تاکە خوڵقێنەر بێت، کەواتە جەستەی مێینە کە گەردوون پێکدێنێ، ئەو لەگەڵ بوونەوەرەکاندا یەکدەگرێ و هێمایە بۆ هەموو ئەو بوارانەی کە دەوری ژیانیان داوە. کەواتە لەم جۆرە ژیانە سەرەتاییەدا، پیاو بە سەرکردایەتی ژن قایل بوو، لەبەر هەڵسەنگاندنی تایبەتییەکانی ئافرەت و هێزە داهێنەرە گیانییەکەی و شێوە دڵگیرەکەی جەستەی کە لەگەڵ دیاردەکانی سروشتدا ڕێک دەکەوێت، بۆیە بەلای پیاوی چاخی بەردینەوە، ئافرەت هێزێکی خواوەندی تێدایە و توانیویەتی جیهانی ئادەمیزاد بە جیهانی ئاسمان ببەستێتەوە، بۆیە ئافرەت توانیویەتی یەکەم ڕەبەنی پەرستگەکان بێت و لێپرسراویەتی کۆمەڵایەتی و ئایینی و سیاسی بە دەستەوە بگرێت. لە سەرەتای ئەم سستمدا ژن هێژ دەسەڵاتداری دایکانەی خۆی پاراستبوو و لە مافی خاوەنیەتی منداڵانی خۆی نەکەوتبوو. بە پێشکەوتنی جۆری ژیان لە کۆمەڵانی کشتوکاڵیدا و دەستخستنی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان و ئامێرەکانی لەلایەن باوکانەوە، پلەبەپلە وای لێهات پیاو بتوانێت مافە سەرەتاییەکانی ئافرەت بقۆزێتەوە و باوکایەتی خۆی سەبارەت بە منداڵەکانی بسەلمێنێت، لەگەڵ ئەمەشدا باوەڕی کۆن بە خواوەندی دایک و ڕێزنان لە ئافرەت کە بناغەی خۆشەویستی بوو، لە کۆمەڵانی دوا پلەی چاخی نیولیتیدا هەر بەردەوام بوو، کەچی خواوەندی نێر لە بیری میتۆلۆژی ئەم کۆمەڵانەدا لە ژێر سێبەری ترس و زۆرداری باوکاندا پلەبەپلە پەیدابوون، ئا بەم جۆرە کۆمەڵگەی ژنسالاری دەستی بە بەخشینی جێگای خۆی بە پیاو کرد، هەر بۆیەش لە وڵاتی سۆمەردا لەگەڵ هاتنی چەرخی مێژووییدا (٣٥٠٠ پ. ز) خواوەندی نێری ئاسمان (ئان) وەک نیشانەی سیستمی کۆمەڵایەتی باوکانەی دەسەڵاتدار پەیدا دەبێت، بەڵام سروود و

نزاکانی خەڵکی سادە لە پەرستگەکاندا هێشتا بەرانبەر خواوەندی دایک (ئینانا) هەروەکو خۆی مابۆوە و هیچ خواوەندێکیش بەلای ئەمانەدا نەدەگەیشتە پلەی ئەو.

ئەوەی شایانی باسە تا ئێستاش پێوەندی سروشتی نێوان نێر و مێ لە هەندێک جێگای دنیادا هەر بە ئاڵۆزی ماوەتەوە.

## زەوی دایک

کاتێک مرۆڤ بیری لە دروستبوون و پێکهاتەی لەشی خۆی کردۆتەوە، هزر و بیری پێوە ئاڵۆزبووە، ئاسانترین وەڵامیش کە لەگەڵ زەین و هۆشی ئەودا بێتەوە ئەوەیە کە هێزێکی نادیار و پەنهانی مرۆڤی دروست کردووە، لە مادەیەک کە بینیویەتی و لە دەوروبەری خۆیدا هەبووە، کە ئەویش دار و بەرد و گڵ و قوڕ و ئاوە، بەڵام چونکە شێوەی لەشی مرۆڤ لە گڵ و قوڕ نزیکترە، بۆیە بیری زیاتر بۆ گڵ و قوڕ چووە کە لەشی مرۆڤی لێ پێکهاتبێ، هەروەها بەرهەمی لەشی ئافرەت وەک بەری دارودرەخت و گوڵەگەنم و فەری گیای سەوزی بەهارانی سەر زەوی بەلای پیاو دەهاتە پێش چاو، هەر بۆیەش زەوی بەلای جووتیارانی چاخی بەردینی نوێوە نیشانەی دایکی هەموو مرۆڤەکان بووە، بەم جۆرە دایەگەورەی چاخی بەردینی نوێ لەسەر کۆشکی خواوەندی ئاسماندا جێگیر بوو، بۆ سەردەمێکی زۆر دوورودرێژ تەنیا خواوەند بووە.

کەواتە ئەم خواوەندە ژنانە، هەموویان لایەنگری زەماوەند و پەرەدان بە زاووزێ و فراوانی نازونیعمەتن و لە نوێکردنەوەی هەر ساڵەی دنیا و سروشتدا دەورێکی سەرەکییان هەبووە، ئەم خواوەندە ژنانە ئەگەرچی لە سەردەمی نێرسالاریدا ئەو برەوەی خۆیان لەدەست دەدەن و بە خواوەندانی پلەی دووەم و سێیەم دەگۆڕێن، بەڵام بەردەوام ئەرکی خۆیان بەجێ دێنن و بە جوانی لە شەڕ و کێشە و بارهێنانی منداڵ و یارمەتیدانی هەژاران و باوەڕی سروشت و گوڵ و گیادا دەوری خۆیان دەگێڕن.

بەم شێوەیە مرۆڤی کۆن هزر و لێکدانەوەکانی، لەگەڵ ئاستی پەرەسەندن و شێوەی ژیانی خۆیەوە ڕێک دێتەوە، ئەو گۆڕانە گورج و تیژڕەوەی بەسەر دیمەنی ئەم زەوییەدا دێت، وا لە مرۆڤ دەکات هەڵوێستەیەک بکات و ئاوڕێک لە خۆی و دیاردەکانی بداتەوە کە لەسەر ڕووی زەوی هەن و ڕوودەدەن و بیری لەوە کردۆتەوە کە ئەمانە هێزێکی گەورە، یان دەسەڵاتێکی گەورە دەیانبزوێنێ، دواتر وردە وردە مرۆڤ گەیشتە ئەو ئاستەی کە لە پشت ئەم دیاردانەوە، هێز و دەسەڵاتێک هەن پێیان دەوترێ: خواوەند، ئەم خواوەندانە ژن و مێرد دەکەن و زاوزێ دەکەن، کەواتە مرۆڤی بەرایی، ئاسمان و زەوی وەک دوو بونەوەر و زیندەوەر، وەک دووهێز کە توانای ژیان و هەستکردنیان هەیە لێکداوەتەوە و پێیان وابووە خواوەندن و چاودێری مرۆڤ دەکەن، وەک مرۆڤی نێر و مێ پێوەندی لە نێوانیاندا ڕوودەدات، لە ئەنجامی جووت بوونیانەوە بە وێنەی مرۆڤ منداڵیان دەبێت.

جووتیارەکان بڕوایان وابووە کە خواوەند، پیت و فەڕ و بەرەکەتی زەوی لەدەستدایە، هەر ئەویش هێزی بەرهەمهێنانی گەنم و ترێ و هەنجیر و برنج و...تاد هەیە، سەرەڕای ئەمەش هەر خواوەندەکان دەتوانن ڕووەک ببوژێننەوە و زاووزێ بە ئاژەڵ و مارومێرووەوە بکەن، هەموو ئەم شتانەش لە دواییدا پێوەندییان بە پیتی زەوییەوە هەیە، هەر لەبەر ئەوەش کە نەیانتوانیوە بەشەکانی ژیان جیابکەنەوە، بۆیە هەر وایان زانیوە، کە ئاژەڵ وەک ڕووەک لە خاک دەردێ و ڕەگوڕیشەی لە خاکدایە، کەواتە لای ئەوان (زەوی) دایکی هەموو شتەکانە و ژیانی مرۆڤیش وەک ژیانی درەخت وایە، بۆیە مرۆڤی کۆن لە ئەفسانە و شیعرەکانیاندا ڕێز و نەوازشیان بۆ خواوەندی زەوی دایک هەبووە بەرانبەر بەو بەرهەمە زۆرەی دەیانداتێ. تێکڕای ئەم بەڵگانە ئەوەمان پیشان ئەدەن کە لای زاگرۆزنشینەکان و نەتەوەکانی تری ئاسیای نزیک، خواوەندێکی گەورە پەرستراوە کە ڕەمزی (دایکایەتی و فەڕ) بووە و نموونەی زاووزێی هەموو شتێکی سروشت بووە، ئەم ڕەمزە بە پێی جێگاکان ناوی هەمە جۆری هەبووە، تەنانەت لای هیندییە سوورەکانیش زەوی دایک پیرۆز بووە و نابێت زەوی بکێڵێن، هەر وەک "ئیسمۆهۆلا" پێغەمبەری هۆزی ئۆماتیا، کشتوکاڵکردنی بە کارێکی پێچەوانەی نەریت دادەنا، چونکە بڕوای وابوو بە کشتوکاڵکردن زەوی-دایک- بریندار دەبێت و سەبارەت بە زەوی کێڵان گوتوویەتی: گوناح نییە دایکمان بریندار بکەین؟ تۆ داوام لێ بکەیت زەوی بکێڵم، وەک ئەوە وایە، چەقۆیەک هەڵگرم و سینگی دایکمی پێ هەڵدڕم! تۆ داوام لێ بکەیت بەرد لە زەوی دەربهێنم، وەک ئەوە وایە پێم بڵێیت: دایکت پارچە پارچە بکە و ئێسقانەکانی دەربهێنە! تۆ داوام لێ بکەیت - گیا- برنم و وشکی بکەمەوە و بیکەم بە -کا- و بیفرۆشم! ئەمە وەک ئەوە وایە قژی دایکم دەسکەنە

بکەم!!

مــیــرســیــا ئەلیــاد لەم بارەیەوە دەڵێ: لە کــاتی سەرهەڵدانی کشتوکاڵ، وێناندنی ژن بە شێوەی زەوی، چەمکی زەوی دایک کە سەرچاوەی تەواوی هەستییە و بە باوەڕی خودایانی ئاسمانی، پێوەندی بە زەین و هزری مــرۆڤــەوە هەیە. کــەواتە مــرۆڤ لە ســەرەتای چاخی کشــتــوکــاڵدا کــاتێ لەگــەڵ خــەلەوخــەرمــان ئاشنابوو، بەردەوام بڕوای بە ژنبــوونی زەوی هێناوە، چونکە ئەو کــارکردەی کــە نەکــەی دەیکرد لە زەویشــدا دەیبــینیــیــەوە (مــەبەست زاووزێ و بارهێنانە کــە وەک کــارکــردەی هاوبەش لە نێــوان ژن و زەمــیــندا خــۆدەنوێنێ). چ پێوەندییەکی نێوان خواوەندەکانی زاووزێ و کشــتوکاڵ لەگەڵ زەمــیندا هەیە، پێــویســتــە ئاماژە بەوە بکەین کــە هەبوونی ژنە خــواوەندە جــۆربەجــۆرەکــان لە دەورانی سەرهەڵدانی کشتوکاڵدا وەک "ئاناهیتا" و "ئافرۆدیت" و "عەشتار" نیشانەی ئەو پێوەندییەیە لە نێوان کشتوکاڵ و زەویدا، جــودا لەمــانەش هەبوونی ئەم خــواوەندە دایکانە نیــشـــانەی دەســەڵاتداری ژنان لە کــۆمــەڵگای ئەو ســەردەمــانەدا بووە، بە جــۆرێک کــە دەســەڵاتی تەواوی زەوییــەکــان لە ژێر دەستی ژناندا بووە، بە ڕوونی بۆمــان دەردەکەوێ کە ئەو دەورانە دەوری (دایکسالاری) مرۆڤ بووە، هەبوونی ئەم جــۆرە بنکە پیــرۆز و بڵندەی ژن لە کــۆمــەڵگادا بەڵگە و نیــشــانەی پیــرۆزایەتی ئەو لەو سەردەمەدا پیــشــان دەدات، ژن لەم جۆرە کۆمــەڵگایەدا بنکەی ئایینی هەبووە.

زەوی لە ئایینی زەردەشتیدا پیرۆزە و بەناوی سێیەمین هێــزی ئەهورامــزدا دێتــە ئەژمــار، پیــرۆزایەتی زەوی لە کۆنترین دەورانەوە باوی هەبووە، بە جۆرێک مرۆڤی ئەو ســەردەمــانە لە گــڵاوکــردنی زەوی دووریان دەخســتــەوە، بەتایبەت لە ئــایینی مــیــهری، زەوی جێگەی ڕاز و نیــاز بووە، لەم ڕووەوە تێدەکۆشان خۆیان لە پیسبوونی زەوی بپــارێزن، بە تایبــەتی لە ئــایینی زەردەشــتــیــدا، مــردوویان نەدەنایە گــۆڕ، چونکە بڕوایان وابوو کــە زەوی پاکــە و لەشی مرۆڤەکان ناپاکن.

پیــرۆزایەتی دایکانەی زەوی لە ئەفــســـانەگـــەلی جۆراوجۆردا هاتووە و بۆ وێنە ئەرمەنییەکان بڕوایان وایە کە زەوی دایکێکە و مرۆڤی لێ بە دنیا هاتووە، هەروەها لە "ریگ ڤــیــدا دا هاتووە، ئەی مــرۆڤ بگەڕێوە داوێنی زەوی دایکت، ئەی ئەو کەسەی لە خاکیت و دەبیتەوە بە خاک، ئەم ئەندێشە جیهان ڕەمەکییە کە لە ئەفسانەکان و باوەڕەکانی فــۆلکلۆری کوردیدا ڕەنگی داوەتەوە، بۆ وێنە لە باوەڕەکــانی خــەڵکیــدا هۆی پەیدابوونی بڕێک لە کــانیــاوەکــان بە ژنانەوە نیــســبــەت دەدەن، دابینکەری بەردەوامی ژین و هەوێنی گــیــا و گــیــاندارانەکــە لە ئایینگەلی زەوی و کشتوکاڵیدا بەدی دەکرێت، بۆ وێنە لە ســرووتی "بووکــە بە بارانێ" ی کــوردی، کــە یەکــێکە لە ئایینگەلی کۆنی (دایک- زەمینییە) ئەم نیشانەی پیت و بەرەکــەتە بە ڕوونی دەبینرێ. لە ئەفســانەکــانی کــۆندا دایک بە (درەخــتــی ژیان) دادەنرا، هەروەها لە زۆربەی ئەفسانە و ئایینە کۆنەکاندا خواوەندی پیت و فەڕ و باران و وەچە خستنەوە خواوەندی مێینە بووە.

لە نێو نەتەوەکانی کۆنی چیانشینەکانی زاگرۆس بڕوا بە خودایانی باوبۆران و زەوی و ئاسمان هەبووە و هێشتا لە دابونەریتــە کــۆنەکــانی ئەمــڕۆی کــوردەوارییمان چیــرۆکــە فۆلکلۆرییەکان، بڕێک لە نیشانەکان و ڕەمزەکانی ئەو باوەڕانە لە فۆلکلۆر و بڕوای خەڵکی ماونەتەوە، یەکێک لە بڕوا دێرینەکــانی کــوردان ئەوەیە کــە زەوی بە " مێ" و ئاسمان بە نێر دەزانن.


**سەرچاوەکان:**

**(١) گــەڕان بە دوای نەمــریدا، مــەولوود ئیــبــراهیم حــەســەن، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ٦٧.**

**(٢) کوردستان نیشــتمانی یەکەمــینی سۆمەرییەکانە، هاوڕێ باخەوان، هەولێر، ٢٠٠٣، ل ٣٦.**

**(٣) ئیسلام و دنیای هاوچەرخ، ئارام ڕەشید، ٢٠٠٢، ل ٣٤.**

**(٤) دەسەڵاتی ئەفسانە، وەرگێڕانی سەلاح حەسەن، ل ٣٠٨.**

**(٥) ئەفسانەی ئەدۆنیس، جیمز فریزەر- محەمەد حەمە باقی، ل٨٠.**

**(٦) گ. شاووشکا، ٢٠٠١، ژ ١، ل١١ و ١٢.**

**(٧)**

**(٨) گ. (ڕامان)، ژ ١٥، ل ١٤١، ١٤٢.**

**(٩) گ. (ڕامان) ژ٤٤، ل ٢٢٨، ٢٢٩.**

**(١٠) الاساطیر والاحلام و الاسرار، میرسیا الیاد، حسیب کاسوحة، سوریا ٢٠٠٤، ل ٢٤٢، ٢٤٣.**

**(١١) الزلع الاعــوج، ابراهیم مــحــمــود، لبنان ٢٠٠٤، ل٥٣ و ٤٥.**

# ئۆپەریت وەک پێویستییەک بۆ پەروەردە

سەعدوڵڵا محەمەد

هونەری ئۆپەریت پانتاییەکی گەلێ گەورەی هەیە کە وەک دەشتێکی پانوبەرین و بە پیت و بەرەکەت و ئاودار وایە تەنیا دەستی ئیشکردن و لێزانینی دەوێت تا سوود بە هەموو لایەک بگەیەنێ. بچووکترین جووڵەی جوان تا ئەکرۆپاتیک و وەرزش و نمایشی جەستەیی و هونەری ڕەنگەکان و ڕووناکی و دیکۆر و شێوەکاری ڕەوانبێژی و شیعر و گۆرانی و مەنەلۆژ و ئاواز و مۆسیقا و ئۆپێرا و هارمۆنی و گشت ئیفێکتەکان و دەنگ و دەرهێنان و نواندن و بیرۆکە و ئەفراندن و کولتوور و جوگرافیا و مێژوو، تەکنۆلۆژیا و سیاسەت و ئایین و فەلسەفە لەناو ئۆپەریتدا لە خزمەتی کۆمەڵگا دایە. گەورە و بچووک لە کەسانی دەوروبەری لە بوارەکانی هونەرەکە هاوکاری دەکەن. دەبێ کۆمەڵگاش هۆشیاری و ئارەزوومەندی ئەو هونەرەی هەبێ، چێژوەرگرتن و سەلیقەی بەرەودانی لەم کارەدا بەبێ. کارکردن لە ئۆپەریتدا پێویستی زۆری بە ژمارەیەک کارمەندە و خەرجی و شوێنی پرۆڤەکان و کات و شوێنی نمایش و جۆری بینەر و ئارەزوومەندان گرنگن. لە وڵاتی ئێمەدا گشت هونەرەکان بە نزمی سەیر دەکرێن و بێ بەهابوون، بە درێژایی مێژوو ئارامی و تەبایی و ئاسوودەیی هێندە کورت بوونە کە ئەم هونەرە نەیتوانیوە هەناسەیەک بدات و باڵ ڕابکێشێت، مرۆڤەکانیش نە پەرژاونەتە سەر بەدواداچوون تا ببنە دۆستی ئەو جۆرە هونەرە. ناحەزەکانیش بواریان نەداوە لەو گۆڕەپانەدا سوارچاکێک پەیدا بێت تا بە ئارەزووی خۆی ئەم هەموو هونەرانە لێک گرێ بدات. ئەگەر لە ماوەی سی ساڵ لە شارێکدا هۆشمەندێک، یان شاعیرێک پەیدا بووبێت چۆن ئاوازدانەر و مۆسیقاژەنیش پەیدا دەبن؟ ئەگەر ئەوانەش پەیدابوون، ئەکتەر و کۆمبارس و شوێنی پرۆڤە

و نمایش لەکوێ بێنن؟ تەماشاکەر و هەوادارپان دەبێ کێ بێ؟ هەموو هونەرەکان بەجیا هەبوون، بەلاّم پێکەوە گرێ نەدەدران. لە مزگەوتەکان لە ناو فەقێ و سوختەکاندا بەجۆرێک گالّتە و گەپ بە گۆرانی و شیعر تێکەلّ بە پەند و ئامۆژگاری دەبوون، بە تایبەتی لە ڕۆژانی مۆلّەت وەرگرتنی مەلاکان و بۆنە ئایینییەکاندا گاسنیان لەم زەویە بەبڕشتە دەدا.

لەناو عێل و کۆچبار و ڕەواندا، لە کوێستان و گەرمیانان، لە کاتی ڕەو و مەڕ بڕینەوە و هەلّگرتنی بەروبووم و ژن بەژن و شایی و ناشتنی مردوو و زیکر و حالّگرتنی سۆفی و دەروێشان هەندێ لای لەم هونەرە دەکردەوە. بۆنەکانیان ئۆپەرێت ئامێز دەبوون، بە خۆرسکی و سادەبوون، چونکە هەر تاکێکی کۆمەلّەکە کاری خۆی جێبەجێ دەکرد. لە کۆتایی هەموو کارەکاندا ئامانجێک هەبوو کە بەسەرکەوتوویی ئاکامی باشی دەبوو. لە شارەکانیشدا خان هەبوو بۆ پێشوازی لە میوانی گوندەکان و شارەکانی تر و بۆ ئالّوگۆڕی بەروبووم، بۆیە ئەوانیش بەجیا کاری خۆیان هەبوو، لە ئۆپەرێتی ژیانی کۆمەلّگە..تاد. دارتاش/ بە گۆرانی باسی جوانی کارەکەی خۆی دەکات و لە دەرگا و پەنجەرە و لانک و تیرۆک و...تاد جۆلاّ/ بەسەر بەرەو مافووری نەرم و نایابی ڕەنگاوڕەنگ...تاد.. پینەدۆز/ باسی سۆل و کەوش و ئێمەنی و پاژنە بەرز...تاد دەکات... تا.. نالّبەند و کورتان درووش جێ دەستیان دیار دەبێ. ئاسنگەر/ باسی ئارەقە ڕشتن و گەرمی کوورە و دروستکردنی شیر و قەلّغان و کلیل و قفلّ..تاد خاوەن خان/ باسی کاروانسەرا و میوانی کۆشک و تەلار و پەنجەرە و تاقان... بەرگدروو/ باسی تیژیی دەرزی و کۆکبوونی قوماش و ڕەنگەکانی خەیات و داو و شەونخوونی بۆ دروونی بەرگی میر و ئاغا و نازدار حەیرانێ... بازرگان/ باسی هێنانی کەلوپەلی نایاب لە میسر و شامێ و حەلەبێ و گوارە و مۆری و مەرجان و سەدەفێ. شێت و بێ نەواکان/ باسی جەوری زەمانە و نەبوونی متمانە و خۆ فرۆشتن و میللەت فرۆشتنی خائینان پڕ حیکمەت و فەلسەفەی ژیانە. مندالاّن/ بێزار لە سەرماوسۆلّە و درێژیی شەوی پڕ ترسی زستان و بە حەزێکی زۆرەوە گوێ لە چیرۆکەکان دەگرن و بەهیوای بەهارێکی جوان خەیالّەکانیان دادەڕێژن و ئاواز و گۆرانی بۆ یەکەم ڕۆژی سالّی نوێ دەلّێنەوە و لاوەکانیش لەو بەهارەدا پلانی زەماوەندکردن سازدەکەن. جا لە ئاهەنگی گشتی کێ دلّ بە سۆتر و کارامە و حەکیم و پڕ کولّتر بێ هونەری خۆی بە جوانترین شێوە لە تابلۆی گشتیدا دەردەخات بیرۆکە و پەند و ئامۆژگاری و نەغمەسازی و ڕەوانبێژی لە پەروەردەکردنی مرۆڤەکانی تر لێرە کاریگەریی خۆی دەبێ. لە ئێستادا هونەرەکان گەیشتوونەتە پۆپە و لووتکە، کەچی لە لای ئێمەدا چرۆی دەرنەکردووە و ڕەنگە هەندێک گالّتەجاڕیش بێ لای، بۆیە داوا لە هونەرمەندان و ڕۆشنبیران و دلّسۆزان دەکەم با لەبەرهەم هێنانی ئۆپەرێتدا کاربکەین بۆ خزمەتی زمان و کولتوور و پەروەردە و مێژوومان، با هەموومان بۆ هونەری ئۆپەرێت هەولّ بدەین. هونەری ئۆپەرێت تەمەن گەورە و بە ئەزموونەکان دایدەڕێژن و فێری خەلّکی دیکەی دەکەن، کە بۆ گەورە و بچووک سوودمەندە، بەلاّم مندالاّن زیاتر چێژی لێ وەردەگرن و لە ڕووی زمانەوانی و کێش و سەروای شیعر و نەغمە و ڕیتم و ئاواز و جوولّە و لاساییکردنەوە و ئامۆژگاری لە یادەوەرییەکانیاندا جێگیر دەبێ. ئۆپەرێتە نەتەوایەتییەکانمان زۆرن وەک:

١- بووک گواستنەوە.

٢- بووکانە بووکێ.

٣- دروێنە (هەدروونە دروونە).

٤- ساوار کولاّن و کوتان (یالّلاّ ئەم ساوارە گەنمی پارە).

٥- شەوبەرات (شەوی شەو بەراتێ).

٦- باران بارین (هەیاران و مەیاران).

٧- مەڕ و گورگ (ئاغا ناردی لۆ مەڕەکی).

٨- قەلاّ قەلاّیانێ (ئەوەی خەوی لێ ناکەوێ با بچێتە بەر شەوقی مانگەشەوێ، داوای لێ بکا کەچی دەوێ هەر ئەلەوێ ڕووڕەشی لێ دەردەکەوێ).

٩- سەمەنی دروست کردن و بەشینەوە./ حاجی دەچن بۆ حەجێ/ ئاسکەم بورئاسکەم باشی، ئاوریشم بە قورمیشم)

١٠- حاجی لەقلەق دووپێیە

ئەمانە هەلّقولاّوی ناو میللەتی ئێمەن و زۆر خەست کراوەتەوە، ئەگەر بە ناسکی و هونەری لقوپۆپی جوانی بۆ بکرێ و نەخشێن و پڕ هۆشمەندی و شەقلّ و مۆرکی

جوگرافی و مێژوویی لە ڕوحی کوردانەوە بنۆشێ، ئەوانە بەهای هونەری ڕەسەن دەردەخەن.

ئەمەش نموونەی ئۆپەرێتی شەوبەراتە کە منداڵان بەشەو لە کۆڵانان بۆ قەسپ و شەکرۆکە دەگەڕان.

**درشت و وردی منداڵان    بەو شەوە هاتووینە کۆڵان**
**بۆ نوقڵ و قەسپ و گەزۆ    لە ماڵی مام و خاڵان**
**شەوی شەوبەراتێ    ئامین**
**دوو کوڕ و کچتان داتێ    ئامین**
**ساغ بن هەموو کاتێ    ئامین**
**دووربن لە دەردو بەڵا    ئامین**
**کوڕتان ببێ بە مەلا    ئامین**
**کۆڵەگەی ماڵتان زێڕبێ    ئامین**
**فەقیر لە ماڵتان تێر بێ    ئامین**
**دەمـاندەنێ هەر بە زیادبێ    نامـاندەنێ هەر بەزیادبێ ئامین**
**دەماندەنێ؟**

* * *

**کام کۆڵانەی تاریکە    ئاوەدان و نزیکە**
**کێ ئازا و دەنگی خۆشە  سەردەستەیە و مەلیکە**
**شەوی شەوبەراتێ    ئامین ....  ....**

**با ڕێکخەین وشەی جوان جوان    بۆ نەخۆش و نەداران**
**تا ئاشتی میوانمان بێ    ئاوەدان بێ کوردستان**
**شەوی شەوبەراتێ    ئامین ....  .....**



# گەشتەکەی ئانا کارنینا لە مۆسکۆوە بۆ ڕیگا

دانا ڕەئووف
(سوێد)

ماوەیەک بوو لە مۆسکۆ دەژیام، ئەوە یەکەم جارم بوو سەفەر بۆ دەرەوەی سنووری وڵاتەکەی خۆم بکەم، هەر لەوێشەوە چووم بۆ شاری ڕیگا، تا دەرباز بم و وەک پەنابەرێک خۆم بگەیەنمە ئەورووپا.

هێندە لە مۆسکۆ مابوومەوە بە ئاسانی هەموو شوێنێکم دەدۆزییەوە، بە تایبەتی شانۆکان کە بەسەر شەقام و کۆڵان و پانتاییەکانی شاری مۆسکۆدا بڵاوبوونەتەوە و ژمارەیان ئێجگار زۆرە.

یەکێک لە شەوە ساردەکانی مانگی دوازدە بلیتێکی شانۆی (مخات) دەکرم و دەچمە ژوورەوە، لەناو ڕووسەکاندا و لە یەکێک لە ڕیزەکانی پێشەوەی شانۆکەدا، بە تامەزرۆییەوە لە شوێنەکەی خۆم دادەنیشم.

شانۆی (مخات) شانۆ کۆنەکەی ستانیسلاڤیسکییە و ئەم شەو لە هەوڵێکی هونەریدا ڕۆمانە گەورەکەی تۆڵستۆی (١٨٢٨- ١٩١٠)، ( ئانا کارنینا ) بۆ شانۆ ئامادەکراوە و بەپێی ترادیشۆن و ڕێبازەکەی ستانیسلاڤیسکی نمایش دەکرێت.

نمایشەکە بەپێی ڕۆمانەکە و بە شێوەیەکی وردەکارانە، بەرجەستەی واقیعێکی ئەرستۆکراتی کۆمەڵگەی ڕووسیی سەدەکانی هەژدە دەکات و ئەکتەرەکان بە ڕیتمێکی خاو و ناخۆش و بێزارکەرەوە ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە دەکەنە شانۆنامەیەکی تەقلیدی و وەک فیلمێکی ڕەش و سپی پێشکەشی دەکەن.

هیچ تێناگەم، ڕۆمانەکەشم لەوەوبەر نەخوێندۆتەوە و کارەکتەرەکان ناناسمەوە، کچە جوان و جلوبەرگە دڵگیر و گرانبەهاکانی بەریان، بۆ من و لەم نمایشەدا وەک تارماییەکی نادیار وان. هەندێک لە زمانی ڕووسی فێربووم، دەتوانم ڕستەی کورت، وشە و دەستەواژەی

ڕووسی بەکاربهێنم، کە قسەش دەکەن لێیان تێدەگەم، بەڵام هیچیان لەم نمایشەدا ناناسمەوە و هەموو زمانەکە، مۆسیقای دەنگەکان و ئاخافتنی ئەکتەرەکان بە گوێی من نائاشنان و تێیان ناگەم. خودی شانۆنامەکەش هیچ چێژێکم پێ نابەخشێت.

(ئانا کارنینا) لەم ساتەدا لەسەر زۆربەی شانۆکانی شار و هەرێم و ناوچە جیاوازەکانی ڕووسیادا نمایش دەکرێت، ئەفیشی ئەم نمایشانە و ئانا کارنینا بە قەد دیوار و ڕووکاری شانۆکان و لەسەر ڕووپەڕی ڕۆژنامەکاندا بڵاوبوونەتەوە و لەوە دەچێت هەموو ڕووسیا وەک عاشقێکی ناکام و دڵشکاو بە دوای ئانا کارنینا و عەشقێکی بزربوودا بگەڕێن.

## ریگا/ ١٩٩٢

شەوێکی تاریکی زستان، بە پاسێکی پڕ لە پەنابەر و خێزانی ڕووسی، بە ترس و دڵەخورپێ و چاوەڕوانی و هیوایەکی زۆرەوە، لە مۆسکۆوە دەڕۆم بۆ شاری ریگا.

هەموو شەوەکە نائارام، لە پەنجەرەکانی پاسەکەوە تەماشای تاریکییە ڕەشەکەی دەرەوە دەکەم، وەک ئەوەی لە پشتەوە، لە ناو تاریکییەکەدا نهێنییەک خۆی حەشاردابێت و منیش بمەوێت ئەو نهێنییەم بۆ دەرکەوێت. جار جارە ڕووناکییەکی کزی ئۆتۆمبیلێکی تیژڕۆی ترکە پێچەوانەی ئاراستەی ئێمە و لەوبەری جاددەکەوە دەڕوات، بۆ ساتێک ئەو تاریکییە ئەنگوستەچاوە دەبڕێت.

لەگەڵ کازیوەی بەرەبەیان دەگەینە سنوور و پاسەکەمان ڕادەگرن، سەیری پاسپۆرتە ساختەکانمان دەکەن و بە بزەیەکی گاڵتەئامێزەوە لێمان دەڕوانن.

بە جوولانەوەیەکی خێرا، وەک ئەوەی لە خەونێکی خۆش بەئاگایان هێنابمەوە، تەماشایەکی چواردەوری خۆمان دەکەم و بەبێ بیرکردنەوە و بە شێوەیەکی خۆکردە پەنجا دۆلارێک لە گیرفانم دەردێنم و دەیخەمە دەستی سەربازە سورفلەکەی بەردەمم.

بەبێ دوودڵی و بە خێرایی پەنجا دۆلارەکەم لێ وەردەگرێت، بە سیمایەکی مردووەوە سەیرێکم دەکات، تاوێک بەبێ ئەوەی چاو بترووکێنێت لێم ورد دەبێتەوە، پاشان پاسپۆرتەکەم دەداتەوە دەست و ئاماژەیەکی پاسەکە دەکات. خێرا و بەرلەوەی پەشیمان بێتەوە، یان سەربازەکانی تر بەم دیمەنە شانۆییە بزانن، دەچمەوە ناو پاسەکە و لەسەر جێگەکەی خۆم دادەنیشم، هەست دەکەم جەستەم بچووک بۆتەوە و دەمەوێت تا زووە شۆفێرەکە بڕوات. دەگەینە ریگا و لە تەرمینالی پاسەکان دادەبەزم، جانتاکەم کردووە بە شانمدا و بەبێ هیچ پلانێک چەند هەنگاوێک دەچمە پێشەوە، دەچمە ناو تەرمیناڵەکەوە و یەکەم شت کە چاوم دەکەوێتە سەری، ئەفیشێکی گەورەی شانۆنامەی (ئانا کارنینا)یە، وەک ئەوەی ئانا کارنینا لە چاوەڕوانی ئێمەدا بێت، تا پێکەوە بۆ کەنارێکی نادیار و ئارام هەڵبێین.




شانۆی نەتەوەیی ریگا

*** بیست ساڵ دواتر**
**- گەڕانەوە بۆ ڕیگا/ ٢٠١١**

بە پێچەوانەی بیست ساڵ لەمەوبەرەوە، لە فڕۆکەخانەیەکی گەورە و مۆدێرنەوە دێمە دەرەوە، هەمان کات و هەمان کەشوهەوا و هەمان (من)، بەڵام لە بارودۆخێکی تردا، بە هەنگاوی دڵنیاوە دەچمە ناو ئەو تەکسییەوە کە دەمگەیەنێتە ئوتێلەکەم.

شاری ڕیگای پایتەختی لێتلاند بە گەورەترین وڵاتانی باڵتیک دادەنرێت و لە ناوەڕاستی شارەکەدا، شارێکی دێرین وەک شانەیەکی گرنگی ئەم شارە، لە سەردەمە دێرینەکانی چاخی ناوەڕاستەوە، بە شێوە ئۆرگیناڵییەکەی خۆی ماوەتەوە(١).

شارەکە بریتییە لە کۆمەڵێک کڵێسای کۆن، خانووبەرەی سەردەمە جیاوازەکان، پردی بچووک کە هەندێک لە گەڕەکەکانی ئەم شارە پێکەوە دەبەستێتەوە. ڕیگا و ئەم شارە دێرینەی ناوجەرگەی شار تەنیا لە ڕووی خانووبەرە و کۆڵانە باریک و تەسکەکانییەوە، سیما و بنەماکانی چاخەکانی ناوەڕاستی نەپاراستووە، بەڵکو ئەو ئەتمۆسفیرە گەرم و ئاهەنگئامێز و پشێوییەی سەردەمە دێرینەکانی پێوە دیارە، لە هەمان کاتدا بووەتە شارێکی مۆدێرن، بەشێک لە ئەوروپای یەکگرتوو و کۆسمۆپۆلیتیک(٢).

بە یەکێک لە کۆڵانەکاندا دەڕۆم، لە دوورەوە گوێم لە دەنگی ناڵی ئەسپە، کە بەپێی ڕیتمێکی سەربازی بەسەر ڕێگە بەردینەکەدا دەڕوات، گوێ ڕادەگرم و چاوم دەنووقێنم، وا دەزانم گەڕاومەتەوە چاخەکانی ناوەڕاست. کە لە سەری یەکێک لە کۆڵانەکانەوە دەچمە دەرەوە، دەکەومە نێو هاتوهاواری ئەو خەڵکە زۆرەی کە لە گۆڕەپانەکەی بەردەم یەکێک لە کڵێسا کۆنەکاندا دێن و دەچن. هەر لەم گۆڕەپانەدا هونەرمەندی گەڕۆک، سێرکەوان، گۆرانیبێژ و مۆسیقاژەنی سەرشەقامەکان چەندین نمایشیان خولقاندووە و خەڵکیان لە دەوری خۆیان کۆکردۆتەوە(٣).

لەم ناوچە دێرینەی شاری ڕیگادا چەندین کڵێسای گەورە، بە تاوەری بەرز و ڕازاوەوە بەرزبوونەتەوە، لە هەموو کۆڵان و ناوچە و گۆڕەپانێکدا کڵێسایەک هەیە و مێژووی دروستکردنی هەندێکیان بۆ سەرەتای سەدەی سێزدەم و نوێترینیان لە سەدەی هەژدەمدا دروست کراوە، ئەمەش بە ڕوونی قۆناغەکانی هونەری خانووبەرەمان بۆ دەستنیشان دەکات، هەروەها ئەم کڵێسایانە هێماگەلی دەسەڵاتی ئەم شوێنانەن، وەک ناوەندێکی گەورەی ئایینی و سیاسی، ئەوە دووپات دەکاتەوە کە پیاوە ئایینییەکان لەم شوێنانەوە دەسەڵاتی ڕەهای سیاسی/ ئایینی خۆیان جێبەجێ کردووە.

ڕیگا هەر بە کڵێسا دێرینەکانی بەناوبانگ نییە، بەڵکو ئەم شارە یەکێکە لەو شارە دەگمەنانەی کە چەندین خانووبەرە و کۆشکی دێرینی سەردەم و سەدە جیاوازەکانی تێدایە و بوونەتە سیمایەکی شارستانی و ئاوەدانی(٤).

بەناو حەشاماتەکەدا دەڕۆم، دەچمە کۆڵانەکەی ئەوسەرەوە و بەرەو خوار دەبمەوە، لەپڕ لە سەری ئەوسەری کۆڵانەکەوە دێمە دەرەوە بۆ ناو گۆڕەپانێکی بچووکتر و خۆم لەبەردەم خانووبەرەیەکی ئێجگار جواندا دەبینمەوە، ئەم کۆشکە کە لەلای ڕاستەوە بە ڕووی دەریا گەورەکەی ئەم شارەدا بەرزبۆتەوە، بە ماڵی سەر ڕەشەکان ناوزەد کراوە و لە ساڵی ١٣٣٤دا ڕۆنراوە. ئەم شوێنە بۆ بەزم و کەیفی بازرگانە ئەڵمانەکان تەرخان کراوە و ئەو ئاهەنگانەی لەم کۆشکەدا گێڕدراون، شێوەیەکی ڕەمەکی و کێوییان لەخۆ گرتووە و هەموو جۆرە بەربەستێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و کەسایەتییەکانی بڕیوە و شەووڕۆژ لەنێو قاقای پێکەنین، بادەنۆشی، سەما، جووت بوون و ڕشانەوەدا بزربوون(٥).

دەچمە ئەو هۆڵە گەورەیەوە کە سەردەمانێک شانۆی ئاهەنگە کێوییەکان بووە، هەر لەم هۆڵەدا پێشوازی لە میوانەکان: سەرکردە سەربازییەکان، سیاسەتمەداران، بازرگان و هونەرمەندان کراوە، ڕیشارد ڤاگنەر و فرانس لیزیت چەندین جار سەردانی ئەم خانووبەرەیان کردووە و لەم هۆڵەدا کارە هونەرییەکانیان پێشکەش کردووە.

لە ژێرزەمینە تاریک و شێدارەکەی ئەم کۆشکەدا، کۆمەڵگەیەکی سەدە دێرینەکانی مێژوویان بە هەموو وردەکارییەکانییەوە و بە شێوەیەکی مینیاتوری دروست کردووە. کە بە پێپلیکانەکەدا دەڕۆمە خوارەوە وا هەست دەکەم هەموو خانووبەرەکە هەناسە دەدات، هەست دەکەم هەناسەم تەنگ دەبێت و لەگەڵ ئاهەنگگێڕەکانی ئەو سەردەمە دێرینانەدا هەناسە دەدەم، هەناسە بۆ ئەوان دەدەم و ئەوانیش لە تاریکییەکەوە، لەنێو پەناوپەسار و لە

ژێرزەمینەکەوە، لەو شوێنانەی کە نابینرێن، چاوە زەقە سوورهەڵگەڕاوەکانیان تێبڕیوم، دەمیان نوقاوە و بە بێ دەنگی هاوار دەکەن.

دیوارەکان دەلەقێن، ئەرزەکە جیرە جیری دێت و مرۆڤی پیر و پەککەوتە بە ددانی ڕزیو و پیسەوە، وەک ئەوەی کەفی لالغاوە و مەرگی سەر ڕوخساریان نەسڕی بێت دەردەکەون. بۆنی گڵ و شێداری و کەڕوو دەمباتەوە بۆ سەردەمانێکی دێرین، بۆ بیست ساڵ لەمەوبەر، بۆ ئەو ڕۆژەی لێرەوە، لە ڕیگاوە بە ترس و دڵێکی پڕ لە هیواوە دەرباز بووم.

بە شێوەیەکی بازنەیی دەڕۆم و دوای بەسەرکردنەوەیەکی ئەو کۆمەڵگەیە، دەگەمەوە لای پێپلیکانەکان، بە خێرایی و بەرلەوەی هەوا شێدارەکە، بۆنی بارووت و دیمەنی کەفی لادەمی مردووەکان هەناسەم لێ ببڕن، سەردەکەومە سەرەوە.

تیشکی ڕۆژەکەی دەرەوە لە پەنجەرەکانەوە هاتۆتە ژوورەوە و فیگۆری جیاوازیان لەسەر دیوار و ئەرزەکە دروست کردووە و کەشێکی ئارام و ژوورێکی گەرم و بێ دەنگ باوەشم بۆ دەکاتەوە.

*** سەرلەنوێ ئانا کارنینا**
**- نمایشێکی نوێی ئانا کارنینا لە ڕیگا**

لەم چەند ساڵەی دواییدا ڕۆمانە کلاسیکییە بەناوبانگەکەی نووسەری ڕووسی تۆڵستۆی (ئانا کارنینا) کە لە ساڵەکانی سەدەی هەژدەدا نووسراوە، بە شێوازێکی مۆدێرن و لە دیدێکی دراماتۆرگی تۆکمەدا بە شانۆکراوە و لەسەر زۆربەی شانۆ گرنگەکانی ئەورووپا بە بەردەوامی نمایش دەکرێت. لە ستۆکهۆڵم، لە بەرلین، لە مۆسکۆ و ئێستاش لەسەر شانۆی نەتەوایەتی ڕیگا(٦).

ئانا کارنینا چیرۆکێکی خۆشەویستی، پەیمان، پێوەندی هاوسەرگیری، ناپاکی، بێ وەفایی، ئیرەیی، دڵپیسی، مەرگ، کۆمەڵ و کۆمەڵگەیەکی ئەرستۆکراتی دەخاتە نێو کێشەیەکی ئاکاری و کەسایەتییەکان ڕووبەڕووی هەڵبژاردن، یاخیبوون، چارەنووس و ئاکامەکانیان دەکاتەوە.

ئانا کارنینا ژنێکی شۆخە، بڕوایەکی پتەوی بە کەسایەتی خۆی هەیە، بە سەربەستی لە پانتاییە کۆمەڵایەتییەکاندا دەجووڵێتەوە و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی



**نووسەر لە گۆڕەپانی ئازادی**

گرنگی هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەست بە بێزاری و ناخۆشی ژیانی هاوسەرگیری خۆی و تاکڕەوی مێردەکەی (ئەلێکسی کارنینا) دەکات، بەڵام هەست بە بەختیارییەکی درۆزنانە دەکات و بەو ژیانەی خۆی قایلە.

ئانا کارنینا لە یەکێک لە ئاهەنگی سەماکردنەکانیاندا لەگەڵ (ئەلێکسی فرۆنسکی) کە ئەفسەرێکی پلەبەرز و خاوەن دەسەڵاتە، سەما دەکات، ئەو سەمایە دەبێتە دەسپێکی خۆشەویستی و تەنگژەیەکی دەروونی و گێژاوێکی ئاکاری. ئانا کارنینا لە تاریکییەکانی هەست و سۆزدا بزر دەبێ و هەموو ڕۆمانەکەش، وەک بەرئەنجامێکی ئەو عەشقە بە مەرگی ئانا کارنینا کۆتایی پێدێت.

ئانا کارنینا دەکەوێتە ناو عەشقێکی گەورەوە، هەموو ژیانی خێزانی و منداڵەکەی و بەختیاری و پلەوپایەی خۆی و هاوسەرەکەی وەلا دەنێت و بۆ ئەو خۆشەویستییە دەژی، ئانا کارنینا لە فرۆنسکی- دا ئەو ژیانە ڕۆمانسییە دەبینێت کە خەونیان پێوە دەبینێت.

١- ئانا كـارنينا لە گـەڕان بەدوای بەختــيــاری و عەشقێكی ڕەهادا ناچار دەبێت لەنێوان خۆشەویستی و جگەرگۆشەكەیدا فرۆنسكی هەڵبـژێرێت، بەمەش نەک تەنیـا دڵیــشی و ڕوحـیــشی لەدەست دەدات، بەڵكو بە دەستـبـەرداربوونی مـێردەكـەی و جگەرگـۆشـەكـەی هیچ بەختیـارییـەک و عەشقێكی ڕەهاش لەگەڵ فرۆنسكیدا نادۆزێتەوە.

تۆڵستـۆی ڕۆمـانەكەی بەم وتەیە پێشكەش دەكات ( هەموو خێزانە بەختیـارەكان لەیەک دەچن، بەڵام خێزانە بەدبەخت و چارەڕەشەكان هەریەكە بە شێوەیەک بەدبەخت و چارەڕەشن(٧).

٢- تۆڵسـتـۆی بەچوار ساڵ ڕۆمـانی «ئانا كارنینا»ی نووسیوە، جاری وا هەبووە بە چەندین مانگ نەچووەتەوە ســەری و هەر بیــــری لێكردۆتەوە، لە یەكـــێک لە یاداشـتـەكـانیـدا نووسـیـویەتی (سـەرلەنوێ خـەریكی نووسـینی ئانا كـارنینام، كـە بێـزاركـەر و دووردرێژ و ڕۆژانەیە، لە خوا دەپاڕێمەوە هێز و وزەم پێ ببەخشێت تا بەزووترین كات بتوانم تەواوی بكەم... خۆزگە كەسێكی تر لە بری من هەبووایە تا ئانا كارنینای بنووسیایە).

ئەگەر ئانا كارنینا لەسەر شانۆی مـەكسیم گـۆركی لە بەرلین چەمكێكی ئەزمـــوونكاری و ئەڤـــانگاری لەخۆگرتبێت، ئەوە لە مۆسكۆ دەبێتە ڕیالیزم و وێنەیەكی دەقـاودەقی سەدەی هەژدەمـان بۆ بەرجەسـتـە دەكـات، لە ئۆپسـالای سـوێد زیاتر دەبێـتـە شـێـوازێكی تـەجریدی و فۆرمێكی ساكار، پێوەندییە ئەڤیندارییە بەهێزەكەی ئانا كارنینا و پێوەندییە كۆمەڵایـەتییە ئاڵۆزەكان و كۆمەڵگە ئەرستۆكراتییـەكان بە ساكاری، بەڵام بە تێگەیشـتنێكی قووڵەوە بەرجەستە دەكات.

ڕێژیسۆری لێتلاندی میـخایل گرۆزدۆن لەسەر شانۆی نەتەوایەتی لێــتــلاند پارسـەنگێكی هونەری لەنێـوان چەندین شێوازدا دەدۆزێتەوە و زیاتر دیقەت دەخاتە سەر هونـەری نواندن و دامـــــاڵـینی تـوێژاڵە یـەک لەدوای یەكەكان، بەم شێـوەیەش شانە گرنگ و سەرەكییەكەی ڕۆمـانەكـە، لە زەمـەنێكی تر و بە شـێـوازێكی مـۆدێرن دەدۆزێتەوە. ئەم ڕێژیسۆرە ئەوە دووپات دەكاتەوە كە چۆن شـانۆ دەتوانێت گـوێ لە كـتـێـبـێک بگرێت و ژیانێكی تازەی پێ ببەخشێت(٨).

*** نمایشەكە**

سێ دەرگـا بە تەنیــشت یەكـتــرەوە، لە قــووڵاییــە بەتاڵەكــەی شـانۆكــەدا و بەرانبــەر بە بینەران دانراوە، كـارەكـتـەرە سـەرەكـییـەكـان لە دەرگـاكـانی لای ڕاست و چەپەوە دێنە دەرەوە، دەچنە ژوورەوە و هەندێک جـــار كـارەكـتـەرەكـانی تر لە پشـتـەوە، لە داڵانە تاریكەكـانەوە دەبینرێن، بە خێرایی دەڕۆن و هەر بە خێراییش لەچاو ون دەبن، جـاری واش هەیە كـارەكـتــەرەكـان بەر لە هاتنە ژوورەوەیـان، لە دەرگــــاكــــانەوە دەردەكـــەون و وەک چاودێرێک سەیری ڕووداوەكان دەكەن.

گـۆڕانكاری دیمەنەكـان خـێـرایە، لەچاوتروووكـانێكدا شانۆكە دەبێتە هۆڵی كۆشكی بنەماڵەیەكی ئەرستۆكراتی و لە هەموو دەرگاكانەوە، كەسایەتییەكان دێنە سەر شانۆ، تێكەڵاوی یەكــتــر دەبن، ســەمــایەكی تەقلیــدی، بە شــێـــوازێكی نوێ دەكـــەن و دەروازەیەكی مـــۆدێرن بۆ ڕووداوەكـان دەكەنەوە و ئاهەنگێكی سەما و ڕیتم ئاسا پێوەندییەكانی ئانا كارنینا لە جووڵەیەكی بازنەییەوە بە كارەكتەرەكانی تر و بە ڕووداوەكانیشەوە دەبەستێتەوە.

هەر لەم ئاهەنگەدا و بە جــوولـەیەكی تری تیــژ، ئانا كـارنینا ئاراستەكانی سەماكە دەبڕێت و لە بارودۆخێكی ناڕاستـەوخـۆدا، دەسـپێكی پێـوەندییەكـانی، هەڵوێسـتـە جیاوازەكەی و ڕووكارە پێچەوانەكەی ئاشكرا دەكات.

ڕێژیسـۆری شـانۆنامـەكـە كـارەكـتـەرە سـەربـازەكـان، بە كـورسی وەک هێـمـاگـەلی دەسـەڵاتی سـەربـازی، لە دیدی چەند جــووڵانەوەیەكی دیســـپلین ئـاســا و خــێـــراوە بەكـــاردەهێـنێت: بۆ نموونە دەبنە دەروازەی هەندێک لە ڕووداوەكـانی دوای خـۆیـان، هەر ئەو كـورسـیـیـانە دواتر دەبنە وێنەی شـانۆیی و بە چەندین فــۆرم و شـێــوازی هێـمـاگـەلی جیـاواز، گوزارشت لە پێگەی ئانا كـارنینا و ئەلێكسی فـرۆنسكی دەكـەن. كـورسـیــیـەكـان دەبنە گـەمەیەكی ئیسـتـێـتـیكی و لەهەمـان كـاتدا ئامـرازێكی گـوزارشت ئامـێـز و هێـمـاگـەلێكی بەردەوام و ڕێژیسـۆر دەیانكاتە هێڵێكی كاریگەر و لە سەرەتاوە تا كۆتایی بە شێوازی جیاواز دەبینرێن و دیمەن و ڕووداوەكان بە یەكەوە دەبەستنەوە.

نمایشـەكـە بە دیمەنێكی ئیـسـتـێـتـیكی و تابلۆیەكی شانۆیی بەرجەستەی پێوەندییە سێكسییەكەی نێوان ئانا كـارنینا و ئەلێكسی فـرۆنسكی دەكـات: ئانا كـارنینا

لەسەر کورسییەک قاچی بۆ فرۆنسکی درێژ کردووە کە لەسەر چۆک لەبەردەمیدا دانیشتووە، فرۆنسکی هێدی هێدی بە جوولانەوەیەکی سەمائاسا قەیتانی پووتە درێژەکەی ئانا کارنینا دەکاتەوە، ئانا کارنینا لەگەڵ ڕاکێشانی گرێی هەر قەیتانێکدا، چێژی جووت بوون و چوونە ناوەوەی یەکترمان بۆ دەخوڵقێنێ. دیمەنەکە دەگاتە ترۆپک کە ئانا کارنینا دوای داکەندنی پووتەکانی بە تەنیا و بە جەستەیەکی پڕ لە حەز و شەهوەت و موچڕکەی جووت بوون و ئۆرگازمەوە بەرەو دەرگاکەی ناوەڕاست، بە کۆمەڵێ جووڵەی تێکشکاوەوە دەڕوات.

لە دیمەنێکی ڕاستەوخۆدا و لە چارەسەرێکی دراماتۆرگیانەی شیکاریدا، ڕیژیسۆر پێنج لە کەسایەتییە سەرەکییەکان، بۆ نموونە ئانا کارنینا، ئەلێکسی کارنینا (مێردەکەی)، ئەلێکسی فرۆنسکی .... بەرانبەر بە بینەران و لە پێشەوەی بەردەمی شانۆکەدا بەڕیز دادەنێت، ئەم کارەکتەرانە دیدی خۆیان لە نێو ڕووداوەکانەوە بۆ بینەران دەگێڕنەوە، دیمەنەکەش بە چۆڵکردنی شوێنەکە بۆ ئانا کارنینا و ئەلێکسی فرۆنسکی کۆتایی دێت. بۆ چڕکردنەوەی ئەم ڕۆمانە گەورەیە لەسەر شانۆ و گۆڕینی دیمەنەکان، ڕووداو و شوێنەکان، فۆندێکی ڕەش بە بارستایی پانتایی شانۆکە دێتە خوارەوە و پشتەوە و قووڵایی شانۆکە لە بەشی پێشەوە دادەبڕێت. بەم تەکنیکە ساکارە ئاراستەی ڕووداوەکان دەگۆڕێت و پاڵێکی خێراش بە تەمەنی کارەکتەرەکانەوە دەنێت و بازنەی قووڵبوونەوە و بەرەوپێشەوە چوونەکانیش فراوانتر دەکات.

یەکێک لە دیمەنە جوانەکانی تر ئەوەیە کە ئانا کارنینای ماندووی عیشق و خۆشەویستی، ئانا کارنینای تەنیا و تێکشکاو لەناو کۆمەڵێک سەرینی گەورەی سپیدا کەوتووە، هەندێک جار تەنیا سەری، هەندێک جار نیوەی جەستەی، یان دەستێکی بەدەرەوەیە و دیمەنەکە لەوە دەچێت، ئانا کارنینا بە بەرزاییەوە، لە ئاسمانەوە و لەسەر فەرشی هەورەکاندا، وەک فریشتەیەکی نەخۆش ڕاکشابێت و لەوێوە بڕوانێتە ئەو کۆمەڵگە نایەکسان و بێ بەزەییەی کە ئەوی تێدا دەژی.

ڕیژیسۆری شانۆنامەکە و بەپێی چەمکەکانی هونەری گێڕانەوە و لە چەندین دیمەن و شوێندا، کارەکتەرێک لە کارەکتەرەکان جیادەکاتەوە، دایاندەبڕێت و بۆ ساتێک دەیانکاتە حیکایەتخوان و هێڵە جیاوازەکانی ڕۆمانەکە، لە سۆنگەیەکی دراماتیکیدا کورت دەکاتەوە.

ئانا کارنینا لە سەرەتاکانی دیمەنی یەکەمدا جلی ڕەشی لەبەردایە، لە ناوەڕاستی شانۆکەوە، کە وەک عاشقێکی بێ پەروا و تینوو دەردەکەوێت، جلی سپی لەبەر دەکات و لە دیمەنی بەرەو کۆتاییشدا سەراپای جلەکانی دەبێتە سوورێکی زەق و لە دوا دیمەنیشدا، کە هەموو شتێک لەدەست دەدات و کۆتایی بە سەفەری عیشقەکەی دێت، وەک دیمەنی یەکەم دەچێتەوە ناو جلوبەرگە ڕەشەکەیەوە.

ڕیژیسۆری شانۆنامەکە کە هەر خۆیشی تێکستەکەی لە ڕۆمانەکەوە ئامادەکردووە، دیمەنەکانی سەرەتا و کۆتایی لە دەروازەی هۆڵە گەورەکانی ماڵی ئەرستۆکراتەکانەوە، لەگەڵ ڕیتمی سەما و مۆسیقا و کات بەسەر بردنەکاندا، لە دیدی کارەکتەرەکان و بارودۆخی دوێنێ و ئەمڕۆ و ئاییندەی ڕووداوەکاندا، بە یەکەوە دەبەستێتەوە.

لە دوا دیمەنەکانی نمایشەکەدا ڕیژیسۆر، ئانا کارنینا بە تەنیا لە پێشەوەی شانۆکە دادەنێت و بەهۆی دیوارێکی شورائاسای ڕەشەوە لە تێکڕای ژوورە ئەرستۆکراتییەکان، لە جیهانی ئاهەنگ و سەماکانی دادەبڕێت، لەودیو دیوارەکەوە سەما بەردەوامە و ژیان ڕێچکەی ئاسایی خۆی وەرگرتووە، لەم دیویشەوە ئانا کارنینا وەک ئەوەی لەو جیهانە تووڕ درابێتە دەرەوە، بە تەنیا دانیشتووە، لەم دیمەنەدا لە پشت شورەکەوە تەنیا قاچی سەماکەرەکان دەبینین و گوێمان لە تەپەی پێ و قاقای پێکەنینیانە.

دوا چرکەساتەکانی نمایشەکە و سەفەرەکەی ئانا کارنینا بە تەنیا و لە وێستگەی شەمەندەفەرێکدا کۆتایی پێدێت، ئانا کارنینا هەموو شەمەندەفەرەکان، تەنانەت شەمەندەفەری ژیانیش بەجێیان هێشتووە، لە وێستگەیەکی چۆڵ و بە تەنیا لەسەر کورسییەکی ڕەقوتەق، لە ساتەکانی مەرگدا لەچاو ون دەبێت. ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا کورسییەک و وێستگەیەکی سارد و چۆڵە.

لەگەڵ چەپڵەڕێزانی بینەران و چوونە دەرەوەی خەڵکەکە، دەچمە دەرەوە، لەناو حەشاماتەکەدا بزر دەبم. بە ڕاستە ڕێگاکەدا دەڕۆم و لەژێر ڕووناکی گڵۆپی سەرشەقامەکاندا سەیری ئەو هەموو کچە لێتلاندییە دەکەم و چەندین ئانا کارنینا دەبینم، چپەدوو قسە دەکەن و بە چاوێکی پڕ لە میهرەبانییەوە پێدەکەنن و دەقریوێنن.



تاوەری بارووت (مۆزەخانەی شار)

بەر لە بیست ساڵ، وەک پەنابەرێکی تەنیا لە ڕیگا بووم، بە ترس و دوودڵییەوە هەنگاوەکانم دەنا، تەنیا شوێنێکیش کە ئێستا لە یادم مابێت و ئەوسا بینیبم، گۆڕەپانی ئازادییە.

ئێستا وەک ئەوسا بە تەنیا بەرانبەر پەیکەری ئازادی ڕاوەستاوم، هەست بە بێ دەنگی و تەنیاییەکی ڕەها، تەنیاییەکی بێ دەنگ و کوشندە دەکەم، بەڵام لە تەنیایی ناترسم. هەست ناکەم تەنیام، بەڵکو هەستێکی بەهێزی دەروونیم بۆ تەنیایی هەیە: ترس و گومان لە تەنیایی، تاسە و تامەزرۆیی بۆ بوونی تەنیایی، تووڕەبوون لە تەنیایی، خۆشەویستی بۆ تەنیایی، ڕەهەندی تەنیایی و تەنیایی لەگەڵ خودی تەنیاییدا. زۆر جار بە پەرۆشەوەم بۆ ساتەکانی تەنیایی و خۆم لە سندووقێکی تەنیادا توند دەکەم، دیوارێک لە تەنیایی دروست دەکەم کە کەس نەتوانێت پێیدا سەرکەوێت.

*** مۆنۆمێنتێک بۆ ئازادی/ گۆڕەپانێک بۆ سەربەستی**

گەلی لێتلاند مێژوویەکی خوێناوی و بەرەنگاربوونەوە و شۆڕشی یەک لەدوای یەکی هەیە و ئەم سەربەستییەی ئەمڕۆیان، تەقەللای بەرهەڵستی و جەنگێکی درێژە. ئەم گەلە بەهایەکی گەورەیان بۆ ئازادی، بۆ سەربەخۆیی و بۆ هێماگەلە پیرۆزەکانی خۆیان هەیە و هەموو تەقەللایەک مێژوویەکە، هەموو بەردێک هێماگەلێکە، هەموو یادەوەرییەک پێداگرتنە بۆ سەربەستی و هەموو شەڕێک سووربوونە لەسەر گەیشتن بە مافەکانیان(٩).

گۆڕەپانی ئازادی یەکێکە لەم هێما پیرۆزانەی ئەم وڵاتە و لە هەموو کاتێکدا، شەووڕۆژ خەڵکی چەپکە گوڵی وەفا و سەربەرزی لەم گۆڕەپانەدا و لەبەردەم پەیکەری ئازادیدا دادەنێن.

ئەم پەرستگایەی گۆڕەپانی ئازادی ٤٢ مەتر بەرزە و ئەو پەیکەری ئافرەتەی کە بە شێوەیەکی ئەفسوونی بەسەر تاوەرەکەی ئەم مۆنۆمێنتەوە بەرزبۆتەوە، تاجەگوڵینکەیەکی بەرەو ناکۆتا و پانتاییە نادیارەکانی ئاسمان بەرزکردۆتەوە، ئافرەتەکەش بە میهرەبان، مرۆدۆست و سیمبوڵی ئازادی ئاماژەی بۆ دەکرێت(١٠). ئەم پەیکەرە لە ساڵی **١٩٣٥**دا دروست کراوە و هێندە بە پێناسە و مێژوو و ترادیشۆنی ئەم گەلەدا ڕۆچۆتە خوارەوە، بووەتە شتێک لە سەرووی هەموو شتەکانی ترەوە، تەنانەت دەسەڵاتی توندوتیژی داگیرکەری سۆڤیەتیش نەیویراوە لایبەرێت(١١).

پشت دەکەمە ئافرەتە میهرەبانەکەی ڕیگا و بە بەردەمی پاسەوانەکاندا دەڕۆم، هەنگاوەکانم بەسەر شەقامە بەردینەکەدا دەنگ دەداتەوە، هەروەک ئەوەی بە هۆڵێکی چۆڵوهۆڵدا بڕۆم. لە بەری ئەو بەرەوە قووچکەی تاوەرێک دەبینم کە بە پێوە وەستاوە و زیاتر لە سینۆگرافیای شانۆییەکی بەردەوام دەچێت کە ئەکتەرەکانی بۆ هەتایە بەجێیان هێشتبێت.

*** تاوەری بارووت**

کە دەگەمە بەر تاوەرەکە و دەچمە ژوورەوە بۆم دەردەکەوێت یەکێکە لە گرنگترین و کۆنترین مۆزەخانەکانی ڕیگا و بە مۆزەخانەی شەڕی سەربەخۆیی لێتلاند ئاماژەی بۆ دەکرێت(١٢).

ئەمە تەنیا تاوەرێکە لە کۆی ئەو هەژدە تاوەرەی کە لە سەدەی دوازدەدا بۆ بەرگریکردن لە شارەکە دروستیان کردووە، هەروەها لەم تاوەرانەدا بارووتیان دروست

کردووه و هەر لەبەر ئەوەشە کە بە تاوەری باروت ئاماژەی بۆ دەکرێت(١٣).

لە دوای سەربەخۆیی لیتلاند، ئەم تاوەرە کراوە بە مۆزەخانەی شەڕ، یان شۆڕش و مێژووە دوورودرێژە خوێناوییەکەی ئەم وڵاتە بەرجەستە دەکات. تاوەرەکە لە ناوەوە چەندین نهۆمە، نهۆم لەدوای نهۆم بە شێوەیەکی بازنەیی لە خوارەوە بۆ سەرەوە بەرزدەبێتەوە و ساڵ لەدوای ساڵ لاپەڕەکانی مێژووی ئەم وڵاتە هەڵدەداتەوە. لە یەکەم نهۆمدا جەنگی یەکەمی جیهانییە و لە دوا نهۆمیشدا وێنەیەکی پڕشنگداری سوپای ئەمڕۆی ئەم وڵاتەیە کە بەشێکە لە سوپای ناتۆ و ئەورووپای یەکگرتوو و لە شوێنە جیاوازەکانی دنیا، بۆ نموونە لە ئەفغانستان و عیراق ئامادەییان هەیە(١٤).

لەم مۆزەخانەیەدا ئەو چەکانەی بە درێژایی مێژوو لە شەڕەکاندا بەکارهاتوون، جلوبەرگی سەربازی، جۆرەکانی پێوەندی و لاسکی ئەفیش و وێنەی پڕوپاگەندە، ئامرازەکانی بەرگری و فریاگوزاری، وێنە، دوکیومێنت، نامە، بەڵگەنامە، نەخشە، پێشانگە، جۆری خواردن و کەلوپەلەکانیان، جۆرەکانی بەندیخانە و ئەشکەنجە، ڕەو و ڕاکردن و فیلمی دوکیۆمێنتی کە لە ڕاڕەو و ژوورەکاندا بە بەردەوامی پیشان دەدرێت ... تاد دانراون(١٥).

لە مۆزەخانەی شەڕ دێمە دەرەوە، هەستێکی قووڵی شەڕ گەمارۆی ئەو تەنیاییە چڕەی داوم کە لە ناوەوەمدا دەخووڵێتەوە، بە کۆڵانە باریکەکەی بەردەمی تاوەرەکەدا دەڕۆم، بەلای پەرلەماندا ڕەت دەبم و دەچمە ئەو باخە سەوزەی بە لێواری کەناڵە بچووکەکەی ناوەڕاستی شاردا دەڕوات، خۆی هەڵواسیوە. لەم باخچەیەدا پێنج بەرد بە دیزاینێکی جوان بۆ یادی ئەو پێنج کەسە دانراون کە لە سەرەتای پشێوییە سیاسییەکاندا و لە دەسپێکی بانگەشەی سەربەخۆییدا لە (٢٠) ی مانگی یەکی ساڵی ١٩٩١دا لەلایەن هێزەکانی سۆڤێتەوە دەکوژرێن(١٦).

لەسەر ئەژنۆ بەرانبەر بەم بەردانە دادەنیشم، بە قووڵی لێیان ورد دەبمەوە، مێژوویەکی پڕ لە خوێن، داگیرکردن و شەڕیان تێدا دەبینم، لە هەمان کاتدا هیوایەکی گەورە لە چرکەساتێکدا بووەتە بەرد، وەستاوە و بۆ هەتاهەتایە لە زەمەنی ئازادی و قوربانی و ئایندەیەکی تردا چەقی بەستووە.

**بەدیار لاشەکەی**
**خۆمەوە**
**لە ژوورێکی بەردیندا**
**وەستاوم**
**من لەوێ بە سیمایەکی**
**بەردینەوە**
**مردم(١٧).**

بۆ بەردەم خانووبەرەی پەرلەمان دەگەڕێمەوە، لەوێ پەیکەری قوربانییەکانی ئەو ڕۆژە چاوەڕێم دەکەن. پەیکەرەکان بە ڕیز و بە سیمە بەردینەکانیانەوە لە چاوەڕوانی میوانەکانیاندان(١٨). کە لێیان دەڕوانم، بۆ تاوێک هەست دەکەم لەگەڵم دەدوێن!

- لە کوێوە هاتوویت؟
- ئێمە بووینەتە بەرد، بۆ ئەوەی تا هەتایە بژین.
- زەمەن لە لەپی دەستی مندا وەستاوە.
- زەمەنی تۆ لە کوێوە بۆ کوێ دەڕوات.
- دەزانیت ئێمە ئامادەی هەموو دانیشتنەکان دەبین.
- مەبەستی لە دانیشتنەکانی پەرلەمانە.
- مێژووی ئێمە مێژووی ئەم شارەیە.
- ئەی مێژووی تۆ!
- مێژووی تۆ لە کوێوە دەست پێدەکات؟

ماڵئاوایی لە پەیکەرەکان دەکەم، بەبێ ئەوەی بتوانم وەڵامی تەنیا تاکە یەک پرسیاریشیان بدەمەوە، دەچمە ڕاڕەوەکەوە، لە ئالاکەیان دەڕوانم و لە دەرگای ئەو سەرەوە دێمە دەرەوە، بە هەستێکی خەمناک و بە تەنیاییەکی بێ دەنگ تا هوتێلەکەم دەڕۆم(١٩).

**پەراوێزەکان:**

(١) شاری ڕیگا لە لیستی ئۆرگانی یۆنسکۆی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، وەک شارێکی دێرین و کولتووریی جیهانی تۆمار کراوە.

(٢) وڵاتانی باڵتیک: ئێستلاند، لێتلاند، لیتوان مێژوویەکی هاوبەشیان هەیە و خەڵکی لە ساڵەکانی دوو هەزاری بەر لە لەدایکبوونی مەسیحەوە لەم ناوچانەدا جێگیر بوونە. هەرچەندە ئەم سێ وڵاتە لە ساڵی ١٩٩١دا سەربەخۆ بوون، بەڵام لەڕووی ئەزموونەوە هاوبەش و لە یەکترەوە نزیکن، هەرسێکیان وەک یەک وڵاتەکانیان داگیرکراوە، شارەکانیان خاپوورکراون، خەڵکەکەیان چەوسێنراونەتەوە و ڕاگوێزراون. ئەم سێ وڵاتە پێکەوە و وەک

یەک بۆ سەربەستی و ئازادی هەوڵیان داوە و خەباتی هاوبەشیان کردووە، بەڵام لەگەڵ ئەم هەموو شەڕ و داگیرکردنانەدا، توانیویانە زمان، کولتوور، دابونەریت و پێناسی تایبەتمەند و نەتەوەیی خۆیان بپارێزن.

(٣) هەرچەندە یادەوەرییەکانی شەڕ و داگیرکردن و کۆلۆنیکردنی ئەم وڵاتە بە هەموو شوێنێکییەوە دیارە، بەڵام کۆمەڵگەکە و هەموو وڵاتەکە لە گۆڕانکارییەکی بەردەوامدایە و ئەم نەوە نوێیەی کە بە ئازادی لە دایک بووە و بە سەربەستی گەورە بووە، ڕوحێکی مۆدێرنی بەم وڵاتە بەخشیوە.

(٤) شاری ڕیگا لە ساڵی ١٢٠١دا و لەلایەن قەشەیەکی ئەڵمانییەوە بەناوی (ئەلبێرت) ناوێکەوە دروست کراوە و هەر زوو بووەتە ناوەندێکی گرنگی بازرگانی لەنێوان وڵاتانی باڵتیک و ئەوروپادا.

(٥) هیتلەر ئەم خانووەی لە ساڵی ١٩٤١دا تۆپباران کردووە، کە ڕووسیاش شارەکە داگیر دەکات، پاشماوەکانی ئەم خانووە بە تەواوەتی تەخت دەکەن. لە ساڵی ١٩٩٩دا و لە یادی ٨٠٠ ساڵەی دامەزراندنی ڕیگادا، سەرلەنوێ کۆپییەکی یەکاویەکی ئەم کۆشکە دروست دەکەنەوە و بۆ ئەم کارەش هەموو خەڵکی ڕیگا هاریکارییان کردووە لە بنیادنانەوەی ئەم کۆشکە گەورە مێژووییەدا.

(٦) چەندین شانۆی گرنگ لە ڕیگادا هەن، لەوانە شانۆی لێتلاندی نەتەوایەتی، نمایشەکانیان بە زمانی لێتی کە زمانێکی تایبەتمەند و سەربەخۆیە و بە هیچ شێوەیەک لە زمانی ڕووسییەوە نزیک نییە، پێشکەش دەکەن. شانۆی نەتەوایەتی ڕووسی کە زیاتر بە زمانی ڕووسی نمایشەکانیان پێشکەش دەکەن. شانۆی نوێی ڕیگا و چەندین گرووپی ئەزموونکار و شانۆی سەربەستی دەرەوەی دامودەزگا فەرمییەکان هەن.

(٧) هەرچەندە تۆلستۆی ڕۆمانی (ئانا کارنینا) ی دوای ڕۆمانی (شەڕ و ئاشتی) نووسیوە، بەڵام ئانا کارنینای بە یەکەم ڕۆمانی خۆی ناوزەد کردووە: ئانا کارنینا، کارەکتەرەکانی، ڕووداوەکانی و هەموو ئەتمۆسفیرەکەی زیندووە و لە هەموو کات و شوێنێکدا دەژی و لە بزاڤێکی بەردەوامدایە. ئەو پرسانەی لەم ڕۆمانەدا ورووژاون، تا ئێستاش چاوەڕوانی وەڵامەکانیانین.

(٨) ئەم نمایشەی ئانا کارنینا بۆ یەکەم جار لەسەر شانۆی نەتەوایەتی لێتلاند لە ٢٠١٠/١٢/٢دا نمایش کراوە و من لە گەشتێکی تایبەتمدا بۆ شاری ڕیگا لە ٢٠١١/٣/١١دا نمایشەکەم بینیوە.

(٩) ڕیگا لە سەدەی شازدەدا لەژێر دەسەڵاتی پۆلۆنیادا دەبێت، پۆلۆنییەکان دوای ئەڵمانییەکان دێن و هەموو ناوچەکە دەخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە. لە ساڵی ١٦٢١دا سوێد دوای شەڕێکی درێژخایەن ڕیگا لە پۆلۆنییەکان دەسێنێتەوە و دەبێتە کۆلۆنی سوێد. سوێدییەکان بە جیاوازی لەگەڵ ئەڵمانی و پۆلۆنی و ڕووسەکاندا کە ئەم وڵاتە داگیر دەکەن، قوتابخانە دروست دەکەن، ڕێگەوبانەکان تازە دەکەنەوە، ڕیگا بە بەکارهێنانی زمانەکەیان دەدەن، تەنانەت ئینجیلیشیان بۆ وەردەگێڕنە سەر زمانەکەی خۆیان. لە ساڵی ١٧١٠دا کە دەسەڵاتی سوێد لە ناوچەکەدا بێ هێز دەبێت، سوپای ڕووسیا دێتە ڕیگاوە و شارەکە و وڵاتەکە بە تەواوەتی داگیردەکەن. ساڵی ١٧١٠ دەبێتە دەسپێکی دوو سەد



**خانوویەرە کۆنەکانی شار**

ساڵەی دەسەڵاتی رووسیا لە ناوچەکەدا. لیتلاند دوای شەڕ و پێکدادانێکی زۆر و لە ساڵی ١٩٢١دا سەربەخۆیی خۆیان بەدەست دێن و لە ماوەی نێوان هەردوو جەنگی یەکەم و دووەمی جیهانیدا سەربەخۆ دەبن. لە ساڵی ١٩٤٠دا سوپای یەکێتی سۆڤییەت دێتەوە و ڕێگای پایتەختی لیتلاند داگیر دەکەن، لە ساڵی ١٩٤١دا ئەڵمانیای نازی، سوپای رووسی دەکاتە دەرەوە و خۆیان دەست بەسەر وڵاتەکەدا دەگرن، لە ساڵی ١٩٤٤دا رووسیا سەرلەنوێ ڕیگا داگیر دەکاتەوە. مۆسکۆ بە شێوەیەکی دڕندانە هەموو ئاساری ئەو بیست ساڵ سەربەخۆییەی ئەم وڵاتە دەسڕێتەوە، دەسەڵاتدار و سیاسەتمەدارەکانی حکومەتەکەیان لەسێدارە دەدات، ئاڵاکانیان دادەگرێت، سروودی نیشتمانییەکەیان قەدەغە دەکرێت و بە تەواوەتی زمان و کولتووری ئەم وڵاتە لە زمان و کولتووری رووسیدا دەتوێننەوە.

(١٠) ئەو ئەستێرە سێ کوچکەییەی ئەم ئافرەتە میهرەبانە بەسەر دەستەکانییەوە بەرزی کردۆتەوە، گوزارشت لە سێ ناوچەی مێژوویی ئەم وڵاتە دەکات. پەیکەرەکە لە خوارەوە و بەهەر چوار لادا، پەیکەر و فیگۆری تری پێوەیە، ئەم پەیکەر و فیگۆرانەش هێماگەلی ڕوحیانەت، کار، خێزان و بەرگریکردن لە نیشتمان دەکەن.

(١١) ستالینییەکان بە هەموو شێوەیەک ئەوەیان لە خەڵکی ئەم شارە قەدەغە کردبوو کە چەپکە گوڵ لەسەر ئەم مەزارە دابنێن، هەروەها بۆ کەمکردنەوەی بەهای ئەم مۆنۆمێنتە، پەیکەرێکی گەورەی (لینین)یان لەبەردەمدا دروست کردبوو.

(١٢) ڕیگا مۆزەخانەی زۆری تێدایە و هەموو شتێک مۆزەخانەی تایبەتی خۆی هەیە، هەر بۆ نموونە: موزەخانەی مێژووی ڕیگا، موزەخانەی سەنگەر گرتن، هونەر، ئیشی دەست و دیزاین، فەخفوری، فۆتۆگرافی، مێژووی دەرمان، ماتۆڕ، ئیتنۆگرافی، جوولەکەکانی لیتلاند، کۆلۆنیالیزم، مۆزەخانەی لیتلاند بۆ هێزە داگیرکەرەکان، موزەخانەی نەتەوەیی لیتلاند بۆ هونەر، موزەخانەی ئاژەڵی لیتلاندی..... تاد.

(١٣) بۆ یەکەم جار لە ساڵی ١٩١٦دا ئەم تاوەرە کراوەتە مۆزەخانەی سوپا و بە وێنە و دوکیۆمێنت گوزارشت لە تەقەڵلاکانی شەڕی سەربەخۆیی و ڕووداوەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی کردووە، کە یەکێتی سۆڤییەت لە کاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا ئەم وڵاتە داگیر دەکات، ئەم شوێنە دەکاتە موزەخانەی شۆڕشی رووسی.

(١٤) کۆنترین شتەکانی ناو ئەم مۆزەخانەیە، ئەو تۆپانەیە کە لە سەدەی چواردەدا بەکارهاتوون.

(١٥) زیاتر لە بیست ساڵە سەربەخۆین، حکومەتی خۆمان هەیە و پارە ڕژاوە، بەڵام تا ئێستا نەتوانراوە مۆزەخانەیەک لە کوردستان دروست بکرێت و مێژووی چەوساندنەوە و داگیرکردنی کوردستان بۆ نەوەکانی دوای خۆمان بگیرێتەوە.

(١٦) کە لە ساڵی ١٩٨٥دا گۆرباتشۆف دەسەڵاتی گرتە دەست، دەستەواژەی (پێرێسترۆیکا) واتە کرانەوە، ڕیفۆرم و گۆڕانکاری بووە دروشمی حکومەتەکەی. ئەم دروشمانە کاریگەرییەکی بەهێز و ڕاستەوخۆیان بەسەر وڵاتانی بەڵتیک-ەوە دەبێت. لەپڕ مرۆ دەیتوانی بەبێ ترس باسی ئازادی و سەربەخۆیی، باسی مافی چارەنووسی خۆی بکات و سەرلەنوێ ئاڵا نەتەوەییەکانی خۆیان هەڵبکەن. لە ساڵی ١٩٩٠ دا ئێستلاند، لیتلاند و لیتوان بە ئاشکرا باسی پلانی ئایندەی خۆیان و جیابوونەوەیان لە ڕووسیا و سەربەخۆیی خۆیان دەکرد. ئەو کوودەتا کورتە بێ ئەنجامەی دژی گۆرباتشۆف کرا، بووە هۆی سەربەخۆیی ئەم وڵاتانە و لە مانگی هەشتی ساڵی ١٩٩١دا سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند.

(١٧) پارچە شیعرێکی خۆمە بە سوێدی نووسیومە و لە ساڵی ٢٠٠٦ دا لە ستۆکهۆڵم بڵاوکراوەتەوە.

(١٨) مەبەست لە قوربانییەکانی ساڵی (١٩٩١)ە.


(١٩) خانووبەرەی پەرلەمان کە دەکەوێتە دەرەوەی سنوورەکانی بەشە دێرینەکەی ڕیگا، لەنێوان ساڵانی ١٨٦٣ بۆ ١٨٦٧ دا دروست کراوە و تا ئێستا بۆ چەندین جار نۆژەن کراوەتەوە. لە سەرەتادا ئەم شوێنە بۆ کۆبوونەوەی بازرگانەکانی ناوچە و هەرێمەکان بەکارهێنراوە، لەنێوان ساڵانی ١٩١٩ تا ١٩٣٤ دەبێتە پەرلەمان و لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا، نازییەکان دەیکەن بە بارەگای یەکە سەربازییەکانیان، بە تایبەتی یەکەی هیتلەر کە تایبەت بووە بە قەڵاچۆکردنی قەرەج و جوولەکەکانی ئەم وڵاتە. کە ڕووسەکانیش دێن، دەبێتە بارەگای سەرەکی دەسەڵاتی حزبی کۆمۆنیستی سۆڤییەت لە لیتلاند، لە ساڵی (٢٠٠١) دوە، سەرلەنوێ کراوەتەوە بە پەرلەمانی ئەم وڵاتە.

# کۆلارەباز و سورەیا تاهیری

هاشم سەڕاج

کۆلارەباز ڕۆمانێکی درێژی قەبارە گەورەی «٤٨١» لاپەڕەیە، لە نووسینی ڕۆماننووسی ئەفغانی «خالید حوسەینی»یە و «ئارام سۆفی» ئەم کتێبەی لە فارسییەوە کردووە بە کوردی، وەرگێڕی کوردی لە پێشەکییەکدا بەناوی کورتەیەک دەربارەی کتێبەکە دەڵێ: ڕۆمانی کۆلارەباز بە زمانی ئینگلیزی نووسراوە و تائێستا، بە زمانی کوردییەوە، بۆ سەر زیاتر لە سی زمانی جیهان وەرگێڕدراوە، هەر ئەم ڕۆمانە بە هەمان ناوەوە لە ساڵی (٢٠٠٧)دا لەلایەن دەرهێنەری ئەڵمانی «مارک فۆرستەر»ەوە بە هەمان ناو کراوە بە فیلم.

سەرجەم ڕووداوە جۆراوجۆرەکانی ڕۆمانی کۆلارەباز لە کۆی «٢٥» بەشی درێژ درێژدا بەرجەستە دەکرێن و دەسپێکی نووسینیش بە جێناوی یەکەمین کەسی بگۆ ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە.




«ئەمیر»ی کوڕە دەوڵەمەند و کارەکتەری سەرەکی ڕۆڵی ئەم گێڕانەوەیە دەبینێت، ئەگەر دیسەمبەری ساڵی ٢٠٠١ بە زەمانی ئاسایی و چرکەی ئامادەباشی و دارژانی کردەی نووسین لە قەڵەم بدرێت، ئەوە کاتی ڕووداوەکانی دەق لە ڕێگەی توخمی گێڕانەوەوە بەرەو ڕابردوویەکی دوور دەگەڕێتەوە و زۆرتر لە دەورانی ساڵی «١٩٧٥ بەرەو سەروو» سەرچاوە دەگرێت، واتە ئەوکاتەی «ڕەحیم خان»ی هاوڕێی باوکی لە پاکستانەوە تەلەفۆنی بۆ دەکات ٢٦ ساڵ بەسەر ڕووداوەکاندا تێپەڕیوە، «ئەمیر» ئەوکاتە لە «سانفرانسیسکۆ» دەژیت و ڕەحیم خان داوای لێدەکات بگەڕێتەوە پاکستان تا نهێنییەکی گرنگی بۆ بدرکێنێت و ڕێگەچارەکەشی بۆ دیاری بکات.

خالید حوسەینی لە ڕۆمانی کۆلارەبازدا وێڕای بەکاربردنی ڕەگەزی گێڕانەوە، تەکنیک گەلێکی جۆراوجۆری دیکەی بەکارهێناوە لەوانە، دیالۆگ، شەپۆلی هۆش، نوستالیژیا، خەیاڵ و فەنتازیا، خەون و کابووس، وەسف، هونەری سینەمایی، نامەگۆڕینەوە و فاڵگرتنەوە و فلاشباک، وێڕای مامەڵەکردنی لەگەڵ کتێبی «شانامە»ی فیردەوسی، بە تایبەتی چیرۆکی «ڕۆستەم و سوهراب» و نوکتەکانی مەلای مەزبوورە و بەیتگەلێکی حافزی شیرازی... لەلایەکی

دیکەوە خالید حوسەینی چەشنی «ئورهان پاموک» و «ئەمین مەعلووف» و «عەلاء ئەسوانی» و...تاد بە دید و دنیابینییەکی تایبەتی لە بوونی مێژوویەکدا کاردەکات، مێژووی ٢٦ ساڵی ئەفغانستان، بەڵام مێژوویەک بە تێکڕای ڕەهەندەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییەوە، بەشێوەیەکی فەنتازی و لێوانلێو لە ژیان، لە فەزای تێکستێکدا لە جووڵە و لڤیندایە، هەروەها هونەری سینەما وەک دیمەنی سینەمایی و داتا و زانیاریش، پانتاییەکی زۆری لە کردەی نووسیندا داگیر کردووە، بۆ نموونە لێکچواندنی ڕەفتاری کەسێک لە ڕۆمانەکە بە هەڵسوکەوتی کارەکتەرێک لە فیلمێکدا، پاشان مانای دیار و بەرچاو لە دەقی کۆلارەبازدا ڕاستەوخۆ خوێنەر ڕووبەڕووی ئەو زەبروزەنگ و ستەم و مەرگەساتانە دەکاتەوە کە ئەفغانستان لەماوەی داگیرکردنی سۆڤیەتی و دەسەڵاتی تالیباندا دووچاری هاتووە، چۆن لەشکری سۆڤیەتی دارستانە جوانەکانی شاری کابولیان وێران کرد و درەختەکانیان بڕیوە، یان ئەو سەربازە ڕووسییەی کە لە بازگەکەدا دەیویست ژنە جوانە ئەفغانییەکە لە مێردەکەی بسێنێت و سێکسی لەگەڵ بکات، دواتر تالیبان دێن سەرتاسەری ئەفغانستان دەکەن بە دۆزەخ و تاریکستانێک، سەرەتا کۆلارە بازی قەدەغە دەکەن، ئنجا لە بامیان پەیکەرەکانی «بوودا» تێکدەشکێنن و لەبەرچاوی سوهرابی چکۆلە «حەسەن و فەرزانە»ی دایک و باوکی دەکوژرێن.

لە ڕوویەکی دیکەوە دەقی کۆلارەبازە کێشەی نێوان هەزارەیی و سوننەکان دەخاتە ڕوو، هەزارەجات کە ناوچەیەکی شیعەنشینی فەرامۆش کراوە و خەڵکانی ئەم ناوچەیە بەردەوام دەچەوسێنرێنەوە و بەچاوێکی سووک سەیردەکرێن، وێڕای جەنگ و زەبروزەنگ و تەشەنەکردنی نەخۆشی و هەژاری، برسێتی وا لە مرۆڤە پەککەوتەکان دەکات قاچی دەستکردی خۆیان بفرۆشن، یان ئەو پیرەمێردە سواڵکەرەی کابول کە لە ساڵی ١٩٥٨- ١٩٩٦ دکتۆری زانکۆ بووە و دەقی شیعرەکانی حافز و خەیام و مەولەوی و بێدڵ و جامی و سەعدی گوتووەتەوە و دکتۆر ڕەسووڵ ئێستا لە شەقامەکانی کابول سواڵ دەکات، ئەم بەیتەی حافزی بۆ «ئەمیر» خوێندەوە:

[کە عیشق سەرەتا ئاسان خۆی نواند

بەدوایدا دەکەون کێشەکان]

ئەمیر سەری سوڕما کە دکتۆر ڕەسووڵ وەڵامی دایەوە و گوتی [سۆفیا ئەکرەمی] دایکت بوو، لەگەڵ من مامۆستای زانکۆ بوو، گوتی سۆفیا دەیگوت [کاتێک چارەنووس بیەوێ شتێکت لێوەربگرێت، لێدەگەڕێ ئا بەم جۆرە خۆشحاڵ بیت] ئەمیر گوتی سۆفیای دایکم لەگەڵ هاتنە دنیای من بەهۆی خوێن لەبەر ڕۆیشتنێکی زۆرەوە کۆچی دوایی کرد.

ئەمیر زۆرجار دەنگی حەسەن لە گوێیدا دەزرنگایەوە [تۆ داوای چاوم بکە] ماڵی ئەمیر لە شاری کابول و لە گەڕەکی «وەزیر ئەکبەرخان» بوو، گەڕەکێکی دەوڵەمەندنشین، ئەمیر دەڵێ: نهۆمی سەرەوەی خانووەکەمان ژووری من بوو، بەڵام ژووری خوێندنەوە، یان «ژووری دووکەڵ» هەمیشە بۆنی توتن و دارچینی دەدا، لەوێ لەم ژوورە باوکم لەگەڵ «ڕەحیم خان» دادەنیشتن و پایپەکانیان پڕ دەکرد و لە بارەی سێ بابەت دەدوان سیاسەت، بازرگانی، تۆپی پێ، لە ژوورەکەدا وێنەیەکی باپیرم هەڵواسرابوو کە ساڵی ١٩٣١ لەگەڵ «نادر شا» بەیەکەوە گیرابوو، ڕەحیم خان نزیکترین هاوڕێی باوکم و شەریکی کارەکانی بوو، لە هەمان خانوودا، خانووچکەیەکی گڵێنی بچکۆلە تێیدا خزمەتکارەکان و حەسەن و باوکی دەژیان، حەسەن ساڵی ١٩٦٤ لەو خانووە چاوی بە دنیا هەڵێنا، سنەوبەری دایکی حەسەن ١٩ ساڵ لە عەلی مێردی بچووکتر بوو، سنەوبەریش وەک عەلی هەزارەیی و شیعە بوو، کە حەسەن چاوی بەدنیا هەڵێنا باوکم لە مەشهەدەوە چوارچێوەیەکی «الله اکبر»ی بۆ هێنابوو، سنەوبەر کچە گەورەی مامی عەلی بوو، بەڵام سنەوبەری دایکی حەسەن دوای حەفتەیەک لەگەڵ دەستەیەک گۆرانیبێژ و سەماکەری گەڕۆک هەڵات و «حەسەن»یشی بەجێهێشت.

لێرەدا دەمەوێت لە بابەتێک بدوێم زۆرتر پێوەندی بە بوون و چارەنووسی حەسەنەوە هەیە، هەڵبەتە دەقی کۆلارەباز لە دوایین بەشەکانیدا، یان لە ڕێگەی ڕەحیم خانەوە ئەو نهێنییە دەدرکێنێت، کە حەسەن کوڕی عەلی نییە، بەڵکو ئەو زڕبرای ئەمیرە، چونکە باوکی عەلی بەشێوەیەکی ناشەرعی لەگەڵ سنەوبەر سێکسی کردووە و ئەمیر هەستی دەکرد کە باوکی چوون

خزمەتکارێک سەیری حەسەن ناکات و هەندێک جار بە قەد کوڕێکی خۆی خۆشی دەوێت، ئەم حاڵەتە تارادەیەک هەندێک دیمەنی ڕۆمانی «برایانی کارامازۆف»ی «دەستۆیڤسکی»م بیر دەخاتەوە، بە تایبەتی «سمیردیاکۆف»ی برای «ئیڤان» کە دایکی «ئەلیزابێس»ی سواڵکەر بوو، چونکە باوکی ئیڤان لە چرکەیەکی مەستیدا و لەژێر دیواری کڵێسایەکدا بە ناشەرعی سێکسی لەگەڵ ئەلیزابێس کردبوو، دواتر سمیردیاکۆفی لێ دەبێت، ئیڤان دەیزانی کە سمیردیاکۆفی زڕبرای دایکی سواڵکەرێک بووە، بەڵام ئەمیر بەچاوی خزمەتکارێک سەیری حەسەنی دەکرد و لە ڕاستیشدا حەسەن خزمەتکاری ئەمیر بوو چێشتی بۆ لێدەنا و جلوبەرگی ئوتوو دەکرد.

هاوکات حەسەن خوێنەر و گوێگرێکی باشی چیرۆکەکانی بوو، لێرەدا دەکرێت بڵێم ڕۆمانی کۆلارەباز لە بنیادی قووڵدا نائومێدییەکی شاراوەی هەڵگرتووە، ئەم خەسڵەتەش زۆرتر لە بیرکردنەوەکانی ئەمیردا دەردەکەوێت، کاتێک هەست دەکات ورده ورده کەسانی دەوروبەری سەردەنێنەوە و ماڵاوایی لە ژیان دەکەن، یان زۆربەی خەڵقندەکانی دەوروبەری نەخۆش و دەردەدار و کەم ئەندامن – وەک– جەمیلەی دایکی سورەیا تاهیری، عەلی خزمەتکار کە بە هەزارەیی و لووت پان و شەو لە بان بانگیان دەکرد، هەتا ژەنەڕاڵ ئیقبال تاهیری و باوکی ئەمیریش هەریەک لە مانە دووچاری جۆرێک لە نەخۆشی کوشندە بوون، دواجاریش ڕەحیم خان بە شێوەیەک دەتوێتەوە دەڵێت پەیکەرێکە لە ئێسک، مەبەستم ئەوەیە بڵێم ڕۆمانی کۆلارەباز و زۆربەی ڕۆمانەکانی «ئورهان پاموک»یشی لە بنیادی قووڵدا بێهوودەییەکی شاراوەیان هەڵگرتووە، هەڵبەتە بەشێک لەم بێهوودەییە پێوەندی بە دید و دنیابینی و باکگراوەندی نووسەر «دانەر»ەوە هەیە، ڕەنگە بەشێکی تری ئەم ڕوانینە لە شاکارەکانی «دەستۆیڤسکی»یەوە سەرچاوەی گرتبێت، چونکە هەردوو ڕۆمانووسی ناوبراو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و زۆرتریش بەشێوەی «دەقئاوێزان» کارتێکردنی دەقەکانی «دەستۆیڤسکی»یان پێوە دیارە، بە تایبەتی ڕۆمانی «شەیتانەکان» کە دواجار چارەنووسی سەرجەم کارەکتەرەکان هێدی هێدی ڕووە و نەمان دەچێت.

ڕەنگە خوێنەر لە ڕۆمانی کۆلارەبازدا یەکسەر هەست بەو کێشە و دووبەرەکییەی نێوان پەشتۆنەکان و هەزارەییەکان بکات، واتە کێشەی نێوان سونی و شیعە، بەڵام ئەوە دەسەڵاتە، ستەمکارییەکانی دووبەرەکی ئەنجام دەدات و کێشەکان تۆختر دەکات، «حەسەن»ی هەزارەیی و شیعە مەزهەب بێ ئەوەی بزانێت «ئەمیر»ی سەر بە هۆزی پەشتۆن و خانەوادەیەکی سونی مەزهەب زڕبرایەتی وێڕای خزمەتکردنی پێی دەگوت [تۆ داوای چاوم بکە] یان سنەوبەری هەزارەیی هاوسەری عەلی کە بە جوانی ڕوخسار و لار و لەنجەی باوکی ئەمیری بەم دەردە برد. مەبەستم ئەوەیە کە هەمیشە هێزی عیشق و جوانی و خۆشەویستی لە سەرووی هێزی مەزهەبی و شوناس دایە، بەڵام ئەوە دەسەڵاتە لەپێناو بەرژەوەندی و مانەوەی خۆی کار لەسەر دووبەرەکی نانەوەی مەزهەب دەکات، چونکە بوونی ئایین وەک پەیامێکی ڕوحانی، خۆی لە خۆیدا بەشێوەیەکی بۆماوەیی بۆ مرۆڤ ماوەتەوە، بەتایبەتی لە کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، مرۆڤ ڕۆڵی نەبووە و ناشیبێت لە دیاریکردن و هەڵبژاردنیدا.. ئەمیر و حەسەن لە دەورانی منداڵیدا هاوڕێ بوون و گیرفانیان پڕ لە تووی وشک و گوێز دەکرد و بەدارییەکاندا هەڵدەزنان و بە ئاوێنەیەک تیشکی هەتاویان دەگرتە ماڵە هاوسێکان.. دەقی کۆلارەباز کۆمەڵێک تەوەری جۆراوجۆری ورووژاندووە و زۆربەی بابەتەکانیشی بۆ لێکدانەوەی خوێنەر جێهێشتووە.

دەتوانم بڵێم بەشێکی زۆری کارەکتەرەکانی تێکستی کۆلارەباز لە حاڵەتی شکستی دەروونی و کێشەی چاکە و خراپەکاریدا دەژیت، بۆ نموونە باوکی ئەمیر لە لایەک دەستدرێژی سێکسی دەکاتە سەر سنەوبەری هاوسەری عەلی و لەلایەکی تر هەتیوخانەیەکی دوو نهۆمی لە شەقامی مێوەندی خوارووی ڕووباری کابول دروست دەکات، هەروەها ئەمیر تۆمەتی دزی دەخاتە پاڵ حەسەن و عەلی باوکی و لەکوختەکە وەدەریان دەنێت، وایان لێ دەکات بەرەو ناوچەی هەزارەجات سەرهەڵبگرن، یان ڕەحیم خان تا دوایین چرکەساتی مەرگ لە نیگەرانییەکی ئیستێتیکدا دەژیت، سورەیا تاهیری سەرەتا لەگەڵ گەنجێک ڕادەکات و ئالوودەی ماددە هۆشبەرەکان دەبێت، پاشان باوکی

دەیهێنێتەوە و ئنجا ئەمیر لە ئەمریکا شێت و شەیدای جوانی سورەیا تاهیری دەبێت و هاوسەرگیری دەکەن، یان هەندێک لە کەسایەتییەکان بەدەست نەخۆشی سەیر و کەم ئەندامی جەستەییەوە دەناڵێنن، عەلی قاچێکی ئیفلیجە و بە چەشنێکی سەیر ڕێ دەکات، جەمیلە لایەکی ئێسکی سمتی شکاوە ژەنەڕاڵ ئیقبال تاهیری کاتێک ژانەسەر هوروژمی بۆ دێنێت، دە ڕۆژ لە ژوورێکدا خۆی بەند دەکات و نابێت کەس بیبینێت، «عاسەف» مرۆڤێکی دوو ڕەگە و باوکی سەر بەهۆزی پەشتۆنە و دایکی ئەڵمانی، بەدڕەفتارترین و توندوتیژترین کارەکتەری ڕۆمانی کۆلارەبازە، سەرەتا هەواداری هیتلەرە و دواتر دەچێتە ڕیزی تاڵیبان، عاسەف هەم دەسدرێژی سێکسی دەکاتە سەر حەسەن هەم سوهرابی کوڕی حەسەن، پاشان سوهراب بەدار لاستیکەکەی برغوویەک دەگرێتە چاوی و کوێری دەکات.

کەچی فەرید و وەحید بە پێچەوانەوە هێمای دوو برای بە ئەمەک و ئازا و وەفادارن، فەریدی شوفێر و خاوەن تاکسی سەرەتا وەک نەفەرێکی ئاسایی مامەڵە لەگەڵ ئەمیر دەکات، مەبەستم گەڕانەوەی ئەمیرە لە ئەمریکاوە بۆ پیشاوەر و لە ڕێگەی جەلال ئابادەوە بەرەو ئەفغانستان دەگەڕێتەوە و بۆ ئەوەی سوهراب لە هەتیوخانەکە و لەدەست تاڵیبان ڕزگار بکات، دواتر فەرید تا دوایین چرکە یارمەتی دەدات و لەنێو وێرانەی شاری کابول بەیەکەوە دووچاری چەندین حاڵەتی ترسناک دێن، لەوێ و دوای شەڕوپێکدادانەکەی ئەمیر و ئاسەف و دەربازکردنی سوهراب، ئەمیر لە نەخۆشخانەکە دەبێتە بارستاییەک لە شەپۆلی نائاگایی و سەراپای ڕووداوەکانی ژیانی بەشێوەی فلاشباک دەردەبڕدرێت.

دەقی کۆلارەباز دوای ئەم شەڕە خوێناوییە تەکنیک گەلێکی ئاڵۆزی تر ئاوێزانی جیهانی فلاشباک و گوزارە نائاگاییەکان دەکات، لەوانە خەون و کابووسی ترسناک لە ڕوویەکی ترەوە ڕۆمانی کۆلارەباز لە جەوهەردا کارکردنە لەسەر حاڵەتەکانی دوو فیستیڤاڵ، یەکەمیان فیستیڤاڵی هەڵدانی کۆلارەیە لە ئاسمانی کابول، کە وەرزی زستان دادەهات، ئەمیر شێت و شەیدای هەڵدانی کۆلارە دەبوو، «سایفۆ» پیرەمێردێکی پینەچی تاڕادەیەک نابینا بوو، هاوکات بەناوبانگترین کۆلارە دروستکەری شاری کابول بوو، سایفۆ لەژێرزەمینی کۆلانێکی شەقامی مێوەند لە کابول دوکانێکی چکۆلەی هەبوو، بە چەسپ و حەیزەران و دەزووی شووشەیی کۆلارەی ڕەنگاوڕەنگی دروست دەکرد، کۆلارەی زەردی کلک شین، سووری کلک پڕتەقاڵی ئەمیر دەڵێت... ئەو ڕۆژەی کە لەگەڵ باوکم چووینە دوکانی سایفۆ باوکم بۆ هەر کەسێکمان مەبەستی [خۆی و حەسەنە] سێ کۆلارەی کڕی.. کاتێک پێشبڕکێی کۆلارە هەڵدان لە ئەفغانستان دەستی پێدەکرد، خەڵکی لەسەربانی ماڵەکانیان دادەنیشتن و سەیری فیستیڤاڵی کۆلارەبازیان دەکرد و ئەوەی بیبردایەوە و کۆلارەی حەریفەکانی خۆی بەزاندبایە خەڵاتی وەردەگرت، ئەمیر ئەو ڕۆژە چەندی پێ خۆشبوو کە بەشداری ئەم فیستیڤاڵەی کرد و باوکی لەگەڵ ڕەحیم خان لەسەربانەکە دانیشتبوون و سەیری هەوادانی کۆلارەیان دەکرد.. ئەو ڕۆژە ئەمیر بە یەکەم دەرچوو، حەسەنیش چوو کۆلارە شینەکە بگرێتەوە لە بازاڕی کابول ئاسەف و دارودەستەکەی ڕێیان لێ گرت و ئاسەف هەر لەوێ هەتکی کرد، بەڵام فیستیڤاڵی دووەمی دەقی کۆلارەباز پێوەندی بەگەشە و پەرەسەندن و خۆپێگەیاندنی خود و کردەی نووسینەوە هەیە، چۆن ئەمیر لە دەورانی منداڵی و قۆناغی هەرزەکارییەوە هەڵوەدای نووسینە، ئەو هەمیشە لەبەر دەرگای ژووری دووکەڵ دەوەستاو هەستی بۆ قسەکانی باوکی و ڕەحیم خان ڕادەگرت و لە کتێبەکانی [سۆفیا ئەکرەمی] دایکی ڕادەما و خەفەتی دەخوارد، هەستی بەوە دەکرد کە بووەتە هۆکاری مەرگی دایکی، ئەمیر لەسەر گردۆڵکەکانی دەوروبەری گەڕەکی ئەکبەرخان شانامەی بۆ حەسەن دەخوێندەوە، بەتایبەتی بەشی ڕۆستەم و زۆراب.. حەسەن مرۆڤێکی نەخوێندەوار بوو، کەچی چێژی لە چیرۆکەکان وەردەگرت و ئەمیر جار جارە هەندێک چیرۆکی بە خەیاڵ دروست دەکرد و بۆی دەخوێندەوە، حەسەن هانی دەدا و جار جارەش کۆمەڵێک گوزارەی جوانی لە زار دەردەچوو، خوێنەری دووەمی ئەمیر، ڕەحیم خان بوو، ڕەحیم چیرۆکەکانی ئەمیری دەخوێندەوە و هانیشی دەدا کە بەردەوام بێت، ئەو شەوەی باوکی ئەمیر بە بۆنەی ساڵیادی لە دایکبوونی ئەمیرەوە ئاهەنگێکی

جوانی ڕێک خست، ڕەحیم خان ئەمیری بانگی باخچەکە کرد و لەوێ دەفتەرچەیەکی بەرگ چەرمی بەدیاری پێدان (ئەمە دیاری منە بۆ تۆ)، پاشان لاپەڕەکانی هەمان دەفتەرچەی پڕاوپڕ کرد لە چیرۆک، ئەمیر لە منداڵییەوە خولیای نووسینی هەبوو، بەڵام باوکی حەزی دەکرد ببێتە وەرزشوانێکی بەناوبانگ، کەچی کردەی نووسین لای ئەمیر گەڕان بوو بەدوای جوانیدا، دواجار ئەو جوانییە سەرسوڕمێنەی کە بەدوایدا وێڵ بوو، لە جوانی ڕوخساری (سورەیا تاهیری)دا دۆزییەوە، سورەیای کچی ژەنەڕاڵ ئیقبال تاهیری لەبەرچاوی ئەمیردا لە «تەهمینە»ی ژنی ڕۆستەم و دایکی سوهراب دەچوو، بە تایبەتی خاڵە شێوە داسییەکەی سەر ڕوومەتی سەرنجی ڕادەکێشا و جوانی هەموو دنیای لەم خاڵە دانسقەیەدا دەبینی، شەریفی خاڵی سورەیا، شیعری دەنووسی، لە زەماوەندی ئەمیر و سورەیادا، پارچە شیعرێکی بۆ سورەیا نووسی و خوێندییەوە، بەڵام سورەیا دوای هاوسەرگیری پشکنینێکی زۆری بۆ دەکرێت و دەردەکەوێت کە نەزۆکە، ڕەنگە هێنانەوەی سوهرابی چکۆلە لە ئەفغانستانەوە بۆ ئەمریکا ئارامییەکی گیانیی بە ئەمیر و سورەیا ببەخشێت، چونکە سورەیا بۆی دەرکەوتووە کە منداڵی نابێت و نەخۆشییەکەشی چارەسەر ناکرێت.

تەوەرێکی تری ڕۆمانی کۆلارەباز، ورووژاندنی دیالۆگی نێوان خۆرئاوا و خۆرهەڵاتە، پێویستە ئەم دیالۆگە بوونی هەبێت، ئەگینا خۆرهەڵات هەمیشە لەژێر زەبری دەسەڵاتی ستەمکاری و تۆتالیتارییەکاندا دەناڵێنێت، سوود وەرگرتن لە سیستمی دیموکراسی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و مافی مرۆڤ...تاد، چونکە ئەفغانییەکان بەردەوام باجی دەسەڵاتە ستەمکارەکان دەدەن و وڵاتەکەشیان بووەتە وێرانە، لەبەر ئەمەشە «ئەمیر»ی کارەکتەری سەرەکی دەقی کۆلارەباز هەمیشە لەگەڵ چرکە خۆشەکانی دەورانی منداڵی و شوێنە جوانەکانی «کابول»دا دەژیت و سەراپای ژیانی پارچەیەکە لە نوستالیژیا، ئەمیر کوڕی پیاوێکی بازرگانی خەڵکی کابولە و باوکی ئەمیر لەگەڵ ڕەحیم خان کۆمپانیای فەرشفرۆشییان هەبوو، دوای داگیرکردنی کابول لەلایەن سۆڤێتەوە، ڕوو لە هەندەران دەکەن و دەبنە کۆچبەر، کەچی هەمیشە لەگەڵ جوانییەکانی گەڕەکی «وەزیر ئەکبەرخان» و «خوێندنگەی ناوەندی ئیستقلال» و «سینەما زەینەب» و کەبابخانەکانی شاری «کابول»دا دەژیت و کاتێک لەگەڵ باوکی هاموشۆی ئەو شوێنانەی دەکرد.

ئەمیر دەیگوت ڕەحیم خان یەکەم کەس بوو کە ناوی ئاغا تۆفانی لە باوکم نا، چونکە باوکم لە بلوچستان ورچێکی کوشتبوو، باپیری ئەمیر دادوەرێکی دادپەروەر بووە و دواتر دزێک کوشتوویەتی، بەڵام دزەکە لە ناوچەی قەندۆز دەگیرێ و هەڵیدەواسن، ڕەحیم خان ئەم بەسەرهاتەی بۆ ئەمیر گێڕاوەتەوە، ئەمیر تەمەنی (١١) ساڵ بوو، هەموو شیعرەکانی خەیام و حافز و مەسنەوییەکانی مەولانای لەبەر بوو. لە پۆلدا شەڕە شیعری دەکرد و لە پێشبڕکێ شیعرییەکاندا بەشدار دەبوو. ئەمیر حەفتانە دەچووە «سینەما پارک» و کتێبفرۆشییەکەی تەنیشت سینەما و زۆر جۆرە کتێبی دەکڕی، بەڵام ساڵی ١٩٧٨ کوودەتای کۆمۆنیستەکان و ساڵی ١٩٧٩ زرێپۆش و تانکە ڕووسییەکان بە هەمان ئەو شەقامەی کە من و حەسەن گەمەمان تێدا دەکرد سەر ڕێ کەوتن و کوشتاریان هەڵگیرساند و ڕێگە و بانەکانیان داخست، شەڕوپێکدادان تا ئێستاش بەردەوامە.

دەقی کۆلارەباز بە وردی لەنێو مێژوودا کاردەکات و کێشە و ململانێ جۆراوجۆرەکان دەخاتە ڕوو، ساڵی ١٩٧٣ زاهیر شا پاشای ئەو سەردەمەی ئەفغانستان لە ئیتاڵیا بوو، کوڕەکەی مامی، یان «داودخان» کۆتایی بە ڕژێمی چل ساڵەی پاشایەتی هێنا و کوودەتای لە دژ کرد... ئەمیر هەمیشە نوقمی دنیای نوستالیژیایە.. جوانی دەریاچەی غەرقە، باخەکانی پەغمان، ڕۆژانی جەژنی ڕەمەزان کە منداڵان یارییان بە هێلکەی کوڵاوی ڕەنگاوڕەنگ دەکرد، گەڕەکە جوانەکانی دیکەی ئەفغانستان گەڕەکی کارتەچار، کارتەپەروان، میکرۆرایان، کۆتە سەنگی، ئەمیر هەمیشە لەگەڵ گۆرانییەکانی «ئەحمەد زاهیر»دا دەژیت، کە بەناوبانگترین گۆرانیبێژی شاری کابول بوو، چەندین میلۆدی و ئامێری نوێی هێنایە نێو دنیای مۆسیقای ئەفغانی، دواتر توندڕۆکان لە ڕۆخ ڕووباری کابول فیشەکێکیان بەسەرییەوە نا و کوشتیان.

ئەحمەد زاهیر لە ساڵیادی لەدایکبوونی ئەمیردا گۆرانی گوتووە، ئەمیر دەیگوت ئاخر ئەحمەد زاهیر موزیکی ئەفغانی بە

ئامێرگەلێکی جۆراوجۆر دەوڵەمەند کرد وەک گیتاری کارەبایی، تەپڵ، کەرەنا، دەهۆڵ. تادێ شوێن پانتایی زیاتر داگیر دەکات، وەک مزگەوتی حاجی یەعقووب و کەبابخانەی دادخودا و باخچەی ئاژەڵان لە کابول و سینەما ئاریان لە جەلال ئاباد، بازگەی خەیبەر و تاڤگەی ماهیپەر، زیندانی پۆلیچەرخی ئەمیر هەمیشە لەگەڵ ئەو چرکانەدا دەژیت کە بەر لە جەنگ و داگیرکاری ئاهەنگی ڕەبابە لە چاپخانەکانی «کابول»دا سۆزەی دەهات و خەڵکی بەگیانێکی لیریکی دەژیان، ساڵی ١٩٩٥ سۆڤیەت شکستی خوارد و وڵات کەوتە بەردەستی مەسعوود ڕەبانی و موجاهیدەکان و شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسا، لە ڕوویەکی دیکەوە نووسەری ئەم تێکستە وێڕای بەکاربردنی چەندین جۆر تەکنیکی هونەری، هاوکات مامەڵەی لەگەڵ چەندین جۆر خواردنی دەگمەنی هیندی و ترشیاتی پاکستانی و شیرنەمەنی ئەفغانی کردووە، لەوانە ماقووت و بۆلانی و چوتنی و مەسقەتی پەکۆرا، هەروەها چەندین یاری میللی وەک بزن فڕاندن، کە بە ئەسپسواری و تەقەکردن ئەنجام دەدرێت.

ئەوەی ڕاستی بێت ئەم ڕۆمانە پێویستی بە چەندین خوێندنەوەیە، چونکە کۆمەڵێک تەوەری جۆراوجۆری وروژاندووە، بۆ نموونە ژیانی باوکی ئەمیر و چرکە زۆر بایەکانی لە هوتێلەکەدا پێویستی بە خوێندنەوەیەکی تایبەتە، وێنە هەڵواسراوەکانی ژووری ژەنەراڵ تاهیری وەک وێنەی شایەکانی ئەفغان و شای ئەردەن، یان عیشقی نێوان ڕەحیم خان و حومەیرای دەزگیرانی کە کچێکی جوانی هەزارەیی بوو، یان گەڕانەوەی سنەوبەر بۆ لای حەسەن و بانگکردنی لەلایەن سوهرابەوە بە «ساسا».. سنەوبەر ئەسپەندەری بۆ سوهراب دەسووتاند نەبادا بە چاوەوە ببێ، یان چۆنیەتی گوزەرانی ئەمیر و باوکی لە ئەمەریکا و بازاڕی کۆنەفرۆشی و ژیانی کۆچبەرانی ئەفغانی لەوێ و چۆنیەتی مامەڵەکردنیان لە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و شارستانیدا، یان نەخۆشییەکەی باوکی ئەمیر و دوایین شەوی ماڵاوایی، هەروەها شەڕە کوشندەکەی نێوان ئەمیر و ئاسەف، ئەمیر لە نەخۆشخانەیەکی پیشاوەردا خۆی دەدۆزێتەوە و بەردەوام لەنێو خەون و خەیاڵ و کابووسدا دەژیت و شێوازی فلاشباک بوونی خۆی دەسەپێنێت و خۆ دواندن ئاوێزانی خەون و خەیاڵ دەکرێت «لەهۆش خۆم دەچم... خەون- کابووس»، بەڵام دوایین بەشی ڕۆمانی کۆلارەباز کە کار لەسەر چۆنیەتی گەڕاندنەوەی سوهراب دەکات بۆ ئەمەریکا.. جۆرێک لە بێزاری لای خوێنەر دروست دەکات، بە تایبەتی سەردانی ئەمیر بۆ باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە پاکستان و گفتوگۆی نێوان ئەمیر و ڕیمۆند ئەندۆرز، هەوڵەکانی عومەر فەیسەڵ و.. دکتۆر نەواز و شەریفی خاڵی سورەیا..تاد. خەریکە ڕۆمانی کۆلارەباز لەم بەشەدا مۆرکی زمانی ئەدەبی و شێوازە فەنتازییەکەی لە دەست دەدات و کۆمەڵێک ڕستە و دەستەواژەی فەرمی دەسەپێنرێتە سەر فەزای نووسین، مەبەستی سەرەکیش لێرەدا خستنەڕووی کێشەی کۆچبەرانە، واتە گەیاندنی سوهرابی مێردمنداڵ بۆ ئەمریکا، کارێکی وا ئاسان نییە.

لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم ڕۆمانی کۆلارەباز، لە ڕوویەکەوە دەخوازێت ئاشتی و ئارامی بۆ وڵاتی ئەفغانستان بگەڕێتەوە و خەڵکی بە ئازادی و بەختەوەری بژین و شاری کابول ساڵانە هەمان فیستیڤاڵی کۆلارەبازی تێدا بەردەوام بێت، کەچی لە بنیادی قووڵی هەمان دەقدا هەمیشە دەلالەتێک بە شاراوەیی خۆی دەردەخات و ئاماژە بە ڕۆیشتنی زەمەن دەدات و لە پڕێکدا ئەمیر هەست بە نەمانی یەکە یەکەی دۆست و هاوڕێکانی دەکات، باوکی، ڕەحیم خان، حەسەن،...تاد.

دواجار ئارامی و دڵنیایی گیانی خۆی لە عیشق و جوانی (سورەیا تاهیری)دا دەدۆزێتەوە، چونکە ئەمیر مرۆڤێکە بڕوای بە ژیاندۆستی و لێبوردەیی هەیە و سورەیا تاهیریش بە هەمان شێوە ئافرەتێکی هۆشمەند و بەسۆز و میهرەبانە.

**سەرچاوە:**

**ناوی کتێب: کۆلارەباز**

**نووسەر: خالید حوسەینی**

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ئارام سۆفی**

**چاپخانەی تەوار، چاپی یەکەم: ٢٠١٠**

**لە بلاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان- زنجیرە ٥٣.**

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی شازدەمین ساڵەی تەمەنی (ڕامان)ەوە

# ڕامان خونچەگوڵێکی جوان و بۆن خۆشە لە باخچەی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسیی کوردیدا پشکووتووە

**خەلیل بابە کەریم**

هێشتا خوێنی ئاڵ و گەشی شەهیدان و قوربانیانی شەڕی نەگریسی خۆکوژی بە تەواوەتی وشک نەبۆوە، برینەکان سارێژ نەببوون، تارایەکی ڕەشی نیگەرانی و دوودڵی بەرچاوەکانی گرتبووین، هەورێکی ڕەشی بێهوودەیی ئاسمانی دڵەکانی تەنیبوو، دەمۆکەک بوو باخی ڕۆشنبیریی کوردی پاش ڕاپەڕین گەرەکی بوو گەشە بکات و لقوپۆپ دەربکات، چاپەمەنی و ڕۆژنامەنووسیش لەم گەشەکردنەدا بێ بەش نەبوو، خونچەگوڵێکی جوان و بۆنخۆش لەم باخەدا پشکفت، نە ڕەنگ و نە بۆنیشی وەک گوڵەکانی دی نەبوو، بە هەق گوڵێکی بێ هاوتا و دەگمەن بوو. نەمامێک ڕوا، سێبەرێکی چڕ و بەرێکی بەتام، بەڵێ لەم ئان و ساتەوەختەدا گۆڤاری (ڕامان) لەدایک بوو، کە بە ڕاستی کاتێکی سەخت و دژوار بوو، لە دایکبوونێکی بە ئەستەم، بەڵام کۆرپەیەکی جوان و چاوگەش بوو، ئەو لە دایکبوونەش هەروا بە ئاسانی نەبوو، کەسانێکی خەمخۆری وشەی جوانی لە پشتەوە بوو، هەستیان دەکرد لەناو جەرگە و هەناوی ئەم هەموو چاپەمەنییە لە کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاری فەرمی و ئەهلی هەمەجۆر، کەلێنێک هەیە پێویستە ئەم کەلێنە بە گۆڤارێکی ئاست بەرز و شایستە پڕ بکرێتەوە کە حەز و ئارەزوو و تامەزرۆیی هەموو پێنووسەکان بشکێنێ، هەموو سوارچاکەکان، ئەسپی خۆیان لەم بوارەدا تاودەن، کانییەک بێ، ئاوێکی ڕوون و زوڵاڵ بێ هەموو ڕۆشنبیرێک بۆی هەبێ لێی هەڵێنجێ و لێی بخواتەوە. شتی خاس بە کوڕی خاس دەکرێ، بە ماندوو بوون و شەونخوونی شۆڕەسوارێکی مەیدانی ڕۆشنبیری کوردی کاک ئازاد عەبدولواحید ئەو بەرهەمە هاتەکایەوە، ئەو زاتە هەوڵی داوە ژمارە لە دوو ژمارە ئاستی ئەم گۆڤارە بەرزتر ڕابگرێ، هەموو پێنووسێکی بەتوانا و هەموو خاوەن فیکر و ئەزموونێک لە هەموو بوارەکانی ڕۆشنبیریدا بەشداریی تێدا بکەن، ئەگەر بێتو بە داواداچوونێکی ورد و بە ئینساف بۆ گۆڤاری ڕامان بکرێ، بۆمان دەردەکەوێ چەندین پێنووس لەسەر لاپەڕەکانی ئەم گۆڤارەدا لە هەڵبەزین و دابەزینە، چەندین پێنووس سەمایان لەسەر ئەم لاپەڕە پڕشنگدارانە کردووە و شیلەی هزر و بیری خاوەنەکانیان کراوەتە هەوێنی ئەم گۆڤارە دەوڵەمەندە بە هەموو جۆرە بابەتەکانییەوە، لە شیعر و پەخشان و چیرۆک و ڕەخنە و بابەتەکانی هونەری و توێژینەوە دەربارەی باری شانۆ و موزیک و شێوەکاری و فیلمسازی و بیناسازی...تاد، هەروەها لە بارەی فەلسەفە و بابەتی مێژوویی و چاوپێکەوتنی هونەری و ئەدەبی لەگەڵ سوارچاکانی ئەم بوارانەدا.

ئەگەر بێتو بەراوردێک لەنێوان ڕامان و گۆڤارەکانی دیکە بکەین، ئەوە دەتوانین بڵێین ڕامان مانگە لەناو ئەستێرەکانی ئاسمانی ڕۆشنبیری کوردیدا، داهێنان و ئەفراندنی بەردەوامە، ڕامان وەک فەنەر بەرز و وەک گەوهەر دەدرەوشێتەوە، وەک ئاڵا دەشەکێتەوە و بەبێ جیاوازی باوەشی بۆ هەموو قەڵەمەکان کردۆتەوە، نەک لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستاندا، بەڵکو بۆ قەڵەمەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، بە بەڵگە خۆی سەلماندووە کە گۆڤاری هەموو لایەکە و بەبێ جیاوازی پێشوازی لە هەموو خاوەن هزر و بیرێک دەکات.

ئەگەر کوێتییەکان شانازی بە گۆڤاری «العربي»ەوە بکەن و عێراقییەکان بە «الاقلام» و میسرییەکان بە «الکاتب» و لبنانییەکان بە «الآداب»ەوە، ئێمەش پێویستە شانازی بە گۆڤاری «ڕامان»ەوە بکەین بۆ ئەم ئاستە بەرزەی، هەروەها دەستخۆشی لە کاک ئازاد عەبدولواحید بکەین کە پڕە لە موعانات و شەونخوونی، ئەوەندەی گرینگی بە ڕامان دەدا، بڕوا ناکەم ئەوەندە دەرفەتەی هەبێ خێزان و منداڵەکانی بلاوێنێتەوە، دەستخۆشی لەخۆی و ستافی گۆڤاری ڕامان دەکەم، هیوای سەرکەوتن و بەردەوامییان بۆ دەخوازم.

# لە نامەکانی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریمەوە(١)

**ئا: تاهیر عوسمان**

یەکێک لەو شتە بەنرخانەی کە لە ساڵانی هەشتاکان و لە هەردوو قـۆناغی خـوێندنی ئامـادەیی و زانکۆ بۆم مـابێـتـەوە و شـانازی پێـوە بکەم، ئەو نامـە جـوان و پڕ سـوودانەن کـە نووسـەرە هەڵکەوتووەکـان لە وەڵامی چەند پرسـیـارێکی ئەدەبی و ڕۆشنبـیـریی سـاکـاری ئەوسـای سەردەمی قوتابییەتیم، بە سوپاسەوە بۆیان ناردوومەتەوە و وەڵامـیـان داومـەتەوە کـە ئەو کـاتە و ئێـسـتـاش لای من شتێکی زۆر گرینگ و پڕ بایەخ بوون. هەموو ئەو نامانەشم پاراستوون و وەک ئەوسا، ئێستاش بۆ من سەرچاوەیەکی ئەدەبی و یادگارییەکی شیرینن.

دیارە گرینگی نامەش وەک هونەرێک و کارێکی ئەدەبی هەر لەوەدا نییە دوای مردنی نووسەرەکە بڵاو بکرێتەوە و ببێتە یادگارییەک و کۆچ کردووی پێ یاد بکرێتەوە، بەڵکو ئەو (ژانرە) ئەگەر بشێ ئەو ناوەی لێ بنرێ، هەمان ڕۆڵ و گرینگی هەیە ئەگەر لەو کاتەشدا بڵاوبکرێتەوە کە هەردوو لایەن هێشتا لە ژیاندابن. یەکێک لەو مامۆستا بەڕێزانەی کە چەندین نامەی لای من هەیە و پاراستوومن، مـامۆسـتـا مـحـەمـەدی مـەلا کـەریمە، کـە بۆ من ئەوسا و ئێـسـتـاش گەنجینەیەکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری گەورە بووە و دەبێ و زۆر شـتی لێ فـێـربـووم و ئامـۆژگـاری زۆری کـردووم و ڕێ پیـشـاندەرم بووە بۆ خوێندنەوە و هەڵبـژاردنی سـەرچاوە و کـتـێب و تەنانەت زۆر شـتی دیکەش کـە ئەگـەر پەند و ئامـۆژگـارییـەکـانی ئەو نەبایە دوور نەبوو من ئەوسـا بەلا ڕێیەکی تردا بچوومایە!!

ئەو پێـشـەکـیـیـە درێژەم بۆ ئەوەبوو کـەوا نامـەکـانی مـامـۆسـتـای گـەورەم زۆرن و یەک و دووان نین، بەڵکو بە دروستی (٩) نامەن. بۆ ئەوەشمە کە ئەگەر تەمەن دەرفەت بدا و بۆم بلوێ هەر هەموویان بەپێی مێژووی نووسینیان و وەڵامـدانەوەیان لێـرەدا بڵاوبکەمـەوە بۆ ئەوەی پەرتوبڵاو نەبنەوە و لە هەمـان شـوێن ببنە ئەرشـیـڤ و بپـارێزرێن و مامۆستای بەڕێزیش بیانخوێنێتەوە و یەکێک لە قوتابییە زۆر بە ڕک و بە پرسیارە بێزارکەرەکانی ساڵانی هەشتای بیر بێتەوە.

لەگەڵ هیوای ساغی و سەلامەتی بۆ مامۆستای گەورەم و تەمـــەن درێژی و بەردەوامی خـــزمـــەتکردنی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی.

**نامەکەی محەمەدی مەلا کەریم**


برای خۆشەویست کاک طاهر ڕۆژتان باش!

پاش سلاو و ڕێز و ئاواتی کامەرانی و سەرکەوتن

نامەکەی ١٩٨٢/٢/٢تان هات. خوێندمەوە، بەڵام تێ نەگەیشتم ئاخۆ مەعلوماتی چیت دەوێ لە بارەی کتێبی (تحفە ء مظفریە)وە. ئەوەت ڕوون نەکردبووەوە، بۆیە وا بۆت دەنووسمەوە پرسیارەکەت ڕوون بکەیتەوە و بۆم بنووسی، چی بزانم وەڵامت بۆ دەنووسمەوە. لەگەڵ ئەوەشا با ئێستا ئەوەندەت بۆ باس بکەم کەوا کتێبی (تحفە ء مظفریە) لە چاپی ئەسـڵـیـدا بە لاتینی و ئەڵمـانی بڵاوکـراوەتەوە، موستەشرقێکی ئەڵمانی (ئوسکارمان)هاتووەتە کوردستان، ئەو حیکایەتە فۆلکلۆرییانەی لە زار گۆرانیبێژێکی کورد بیـسـتـووە. چاپی عـێـراقـیش لە ١٩٧٤دا بە دوو بەرگ بڵاوکـراوەتەوە. هێـمن و ئەنوەر قـادر لە لاتینیـیـەوە هێناویانەتە سەر حەرفی عەرەبی بە ئیملای کوردی. هێمن مقدمەیەکیشی بۆ نووسیوە، کوردییەکەی کوردییەکی زۆر ڕەوانە. تحفە مظفریەکە خۆیشی کۆمەڵێ بەیتی فۆلکلۆری وەک مـەم و زین، لاس و خـەزاڵ، برایمۆک، بەیتی قـەڵای دمدم و گـەلێکی کەی لەم شـتانە تێدایە، ئێستا ئەوەندە بەسە.

ئەگەر پرسیارەکەت لەمەندە زیاترە، بۆم بنووسە. وابزانم بەرگی دووهەمیشی لە کتێبخانەی کۆڕ ماوە بۆ فرۆشتن. دەتوانی داوا لە کتێبخانەی تەئمیم بکەی ڕەنگە لای هەبێ بۆ فرۆشتن.

**براتان**
**محەمەدی مەلا کەریم**
**١٩٨٢/٢/١٦**




وەرگێڕان به گشتی پرۆسەیەکی هەستیار و ئاڵۆزە، ئاوێتەیەکە لە چەندین توخمی جیاواز و سەربەخۆ بەسەر یەکەوە کە وەرگێڕان پێکدەهێنن، ئەو توخمانەش بریتییە لە زمان، واتاسازی، ئیدیۆم، کە هەر کامیان چەندین لقوپۆپیان لێ دەبێتەوە و کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنی دەکەنە سەر پێکهاتە سەرەکییەکە، کە بە وەرگێڕان ناوزەد دەکرێت.

ئەگەر پێناسەیەکی کورتی وەرگێڕانی نووسراو بکەین، دەکرێ بڵێین وەرگێڕان بریتییە لە: (گواستنەوەی دەقێکی دیاریکراوی ئەدەبی، یان زانستی، یان کۆمەڵایەتی لە زمانی یەکەمەوە بۆ زمانی مەبەست). دیارە ئەم پرۆسەیەش پەیوەستە بە چەندین لایەنی تری هەردوو زمان، وەک ئیدیۆم و واتاسازی و فۆنۆلۆژی و زۆر شتی تریش.

هەرچەندە وەرگێڕان قسە و باسی زۆری لە بارەوە دەکرێ، بەڵام دەکرێ لە وتارێکی لەم شێوەیەدا لایەنە بنەڕەتی و سەرەکییەکانی وەرگێڕان و جۆرەکان و گرفتەکانی بە کورتی بخرێنە یاد کە ئەوانیش بریتین:

لە پێوەرەکانی وەرگێڕان، کە وەرگێڕانی وشە بە وشەیە، ئەوەش بەو مانایە بەکاردێت کە لە بەرانبەر هەر وشەیەکی زمانی یەکەم، وشەیەکی هاومانا لە زمانی مەبەست دابندرێت، بەڵام لە دەرەنجامدا ئەمەش لە وەرگێڕانی ڕستەدا گرفت دروست دەکات، هەربۆیە وەزیفەی دووەمی وەرگێڕان لێرەدا دێتەگۆڕێ کە مەسەلەی داڕشتنەوەی دەقە بە زمانی مەبەست، کە زۆرجار ئەگەر وەرگێڕ شارەزایی باشی لە زمانی مەبەستدا نەبێت و تەنیا بیەوێت ڕستەکە، یان وشە بە وشە وەری بگێڕێت، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزیدا بۆ پۆشینی کڵاو و گۆرەوی و جلوبەرگ، هەمووی یەک شتی بۆ بەکار دەهێندرێ، ئەویش لەبەرکردنە، بەڵام لە کوردیدا کڵاو لەسەر دەکرێت و گۆرەوی لەپێ دەکرێ و جل لەبەر دەکرێ، بۆیە ئەگەر وەرگێڕ بیەوێت بە ئەمانەتەوە کارەکەی خۆی ئەنجام بدات و لە زمانی مەبەست شارەزا نەبێت، تووشی گرفتێک دەبێت کە بۆ هەموو ئەوانە هەر لەبەر کردن بەکاردێنێت، لە لایەکی تریشەوە زۆرێک لە زمانەکان پێکهاتەی ڕستەسازییان جیاوازە لە ڕێکخستنی وشەکان بۆ دروستکردنی ڕستە، ئەگەر لە ئینگلیزیدا سەیری ئەم ڕستەیە بکەین کە نووسراوە (he gave me a book to read ) کە وشە بە وشە ڕێکی دەخەین دەبێتە (ئەو دای بە من کتێبێک بۆ خوێندنەوە)، بەڵام پێویستە لە کوردیدا بنووسین (کتێبێکی دامێ بۆ خوێندنەوە)، زۆر جار هەندێک لە وەرگێڕەکان تووشی ئەوە دەبن و ناتوانن ڕستەکە بە کوردیی ڕێک بخەنەوە، یان کە ڕێکی دەخەنەوە، واتای تایبەتی خۆی نابەخشێت و سەر لە خوێنەری کورد دەشێوێنێ.



لە وەرگێڕاندا، وەرگێڕ ڕووبەڕووی دوو زمانی دەستپێک و مەبەست دەبێتەوە، پێویستە وەرگێڕی چاک هەوڵ بدات خوێنەر لە وەرگێڕانەکەی تێبگات و لەهەمان کاتدا دەقە سەرەکییەکەشی کە بە زمانی بنەڕەتییەوە نووسراوە نەشێوێنێ، لێرەدایە کە هاوسەنگییەک لە نێوان ئەمانەت و خیانەت دروست دەکرێت و مافی هەردوو لا وەک یەک ڕەچاو دەکرێت و بەم کارە خزمەتێکی شایستە پێشکەشی کتێبخانەی میللەتەکەی دەکات.

# وەرگێڕان

جۆرێکی تر لە وەرگێڕان کە زۆرجار پێی دەگوترێت وەرگێڕانی واتایی، ئەمەش هەموو مەبەستی نووسەر ناگرێتەوە و هەندێ جار تەنیا کرۆکی باسەکە لە لایەن وەرگێڕەوە دەگوازرێتەوە بۆ سەر زمانی مەبەست، ئەمەش کارێکی قورسترە لە جۆرەکانی تر و پێویستی بە پسپۆڕیی و ئەزموونی زیاترە، تەنانەت لە زۆر وڵاتاندا هەندێک لە وەرگێڕەکان هەموو قورسایی خۆیان دەخەنە سەر یەک ژانر، تەنانەت یەک نووسەریش، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەزموونێکی بەرفرەوان لە بوارەکەدا و دەرەنجام وەرگێڕێکی بەتوانا و دەقێکی وەرگێڕدراوی تۆکمە و جوان و تەواوی لێ دەردەچێت.

دڵشاد خۆشناو
(سلێمانی)